شیوعی.. عەبدولسەتار نور عەلی.. و/ ئەحمەد رەجەب

لە گیرفانی شیوعییەك دەگەڕم
بۆ بۆاوکراوەیەکی نهێنی ،
باس لە هەژارانی جیهان
لە کرێکاران ،
حوتیاران ،
هەر کەسێك زەحمەتدەکێشێ بکات ،
بۆ ئەوەی پاروکەی* لە
ئاوێکی خاوێن کە وشك نابێت بخوسێنێت ،
بۆ ئافرەتێك دەگەڕم
لە بێستانێکی سەوزدا بەختەوەر بێت ،
بۆ منداڵان
لە گۆرەپانەکانی گۆڵگەی گواندا ،
لە پێناو نیشتمانێکی ئازادو بەختەوەردا.
بۆ قیرشێکی(1) رەش ،
گۆڵای زەرد (2) ،
کە لە زەلکاوا (3)اتێگلاون (4) مەگەڕ
لە چەقویەك لە پشتی پشتەوە ،
لە نیشتمانێکی پشت ستوونەکانی(5) زیندانەوە!

_____

6/4/2022عەبدولسەتار نور عەلی**
و/ ئەحمەد رەجەب
6/4/2022

** شاعری گەورەوناسراو
تێبینی :
*مەبەست نانە رەقەی هەژارانە.
(1)پارەوپوولی تورکیە لە کاتی سوڵتانەکانی عوسمانلی بەکار هاتووەو، هەروا لە میسریش بە کارهێنراوە.
2) مەبەست لە پروپاگەندەی روو زەردە کە هەمیشە هاشەوهوش دەکات و رووداوەکان گەورە دەکات و،رەنگی زەردیش لە عورف وعادەتی کۆمەڵایەتییەوە، دەستەواژەیەکە بۆ کاری خراپ و شتی بێ قیمەت.

(3) قووەو لیتە وپیسی.
(4) وزە وەردەگرێت
(5) لە دەقە عەربییەکە تەنها ستوونە بەبێ زیندان.

نەمری بۆ شەهیدانی شیوعی.. ئەحمەد رەجەب

لە رۆژی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق تا ئەمڕۆ هەندی سەرلێشێواوو دوژمنانی چینایەتی و هەندی لەو کەسانەی ناوی خۆیان ناوە سیاسەتمەدار بێ وچان هێرشیان کردووەتە سەر شیوعییەکان و حزبە نەبەزەکەیان ، بەڵام شیوعییەکان بەبێ گوێدان بەو جۆرە پروپاگەندە هیچ و پوچانە هەردەم لە ریزی پێشەوەی تێکۆشانی گەل و نیشتمان بوون و، گیانی خۆیان بەختکردووەو بە خوێنی ئاڵیان بەرگریان لە سەربەرزی گەل و نیشتمان کردووە.
لە وێامدانەوەی چەکاوخۆرو دوژمنانی حزبی شیوعی و، بۆ مێژوو ئەم {42} ساڵە بەر لە ئیستاو لە م رۆژەدا، رۆژی (24) ی ئاداری ساڵی (1980) رژێمی لەرزکی بەغدا بۆ تێقاندن و داپڵۆسینی جەماوەرو بە هۆی جەژنی نەورۆزەوە هێزکی گەورەی سەربازو جاشی هێنابووە شاری سلێمانی و لە حاڵەتی ئامادەباش بوو، ێشمەرگە ئازاو دڵرەکانی (حزبی شیوعی عێراق) داستانێکی پر لە قارەمانێتی و خۆبەخت کردنیان تۆمار کرد.
بەڵێ، مەفرەزەیەکی قارەمانی حزب کە لە (16) پێشمەرگە پێك هاتبوو، بەیانی زوو دێی زۆڵی بناری شاخی سەرکەشی پیرەمەگروونی بەجێ هێشت و بەو سەرماو سۆڵەیەو، لە پاش بەفرشکاندن و چوونە سەرشاخ و دابەزین بۆ دامێنی شاخەکە، کەبوونە هێیەکی سەرەکی هیلاك و ماندوو بوونی پێشمەرگەکان ، مەفرەزەکە لە کاتژمێری (11) دا چووە ناو دێی قزلەری سەر بە ناحیەی سەرچنار بۆ حەسانەوەو نانخواردن، بەڵام لە پاش کاتژمێرێك هەڵکۆپتەرەکانی دوژمن هاتنە ئاسمانی دێکە{من و هاورێی تێکۆشەر رەووف رەشید – بێکەس} پاسەوان بووین و، هەڵیکۆپتەرەکان یەکسەر سەربازو جاشیان هەرشت و زوو بە زوو لە هەردوولا دەست کرا بە تەقەکردن و، دوژمن پەیتا پەیتا سەربازو جاشی ئەهێناو ژمارەی هەڵکۆپتەرەکانی گەیاندە 19 و، لەم داستانە

شکۆدارەدا ئەم هاورێیانە شەهید بوون:
1- عومەر حەمە بچکۆل (مەلا حسین) کرێکاری کارگەی تەنقیحی سلێمانی.
2- شەفیق کریم (شاهۆ) مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە سانەوی ڕۆشنبیر – سلێمانی،
3- موعتەسەم عەبدولکەریم (أبو زەهرە) ، هونەرمەندو وێنەکێش {شێوەکار}.
4- حەسەن ڕەشید (فەلاح) – کرێکارو لێپرسراوی هێزی پاراستنی بارەگای کۆمیتەی ناوەندی لە بەغدا..
5- کەمال مام هەمزە (هەژار) کرێکار، سلێمانی.
شایانی باسە ساڵی (1980) بە هۆی باران و تەروتووشییەوە ئاهەنگەکانی نەورۆز خرابوونە ڕۆژی (24) ی مانگ و هێزەکانی دوژمن لە سەرپێ بوون بۆ سەرکوتکردنی هێزە بەرهەستکارەکان.
دوژمنی ترسنۆك بە شێوەیەك هاتبوو، ئەیزانی مەفرەزەکە (16) کەسەو چەکەکانیان زۆر خراپە، بە خەیاڵی خاوی خۆی هاتبوو مەفرەزەکە دەستگیر بکات، لە ڕاستیدا چەکی پێشمەرگەکان چەکی شەر کردن نەبوو، بریتی بوون لە (2) کلاشنکۆف و (8) ژێسێ و (5) ماوو* یەك برنەو، هەموو ئەو چەکانەش کۆن بوون و، لە کاتی تەقە کردندا ئەوەستان، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو کێسپ و تەگەرەیە حەماس و وەرەی بەرزی پێشمەرگەو هاورێیان لە پەرەسەندندا بوو.
پاش ماوەیەك شەر کردن مەفرەزەیەکی دڵێری پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرکایەتی ئیسماعیل گەورەدێی لە قۆڵی چۆخماخەوە خۆی گەیاندە گەرمەی شەرەکەو هاتن بە هانای برا پێشمەرگەکانیانەوەو، شەهاب پێشمەرگەی دڵێری یەکێتی کوردستان لە شەرەکەدا بریندار بوو، لە کاتژمێری (6) ی ئێوارە دوژمن کەوتە پاشەکشێ و کۆکردنەوەی زیانەکانی و بەرووڕەشی بۆ مۆنگاو تەویلەکانی خۆی گەرایەوە.
*** ئەمانەی خوارەوە (مەفرەزە (16) کەسەکەیە کەێ بەشداربووانی داستانی قزلەر:
1- حەمە کەریم قەرەچەتانی (حەمەسالەح) فەرماندەو بەرپرسی عەسکەری، 2- حەسەن ڕەشید{ فەلاح}3- کەمال مام هەمزە {هەژار} 4- عمر حەمە بچکۆل }ملا حسین} 5 معتصم عبدالکریم {أبو زەهرە} 6- مامۆستا شەفیق کەریم {شاهۆ} 7- صلاح حەسەن {مامۆستا خالید} 8- سەرباز مەلا ئەحمەد بانیخۆڵانی {سەرباز} 9- عومەر عەلی { بۆ ڕزو خۆشەویستی عمر میم سەلما} 10- جەمال ئەمین {مامۆستا جەمال} 11- حەمەسالەح سورداشی {مامۆستا سەردار} 12- ڕەووف ڕەشید {بکەس برای شەهید حەسەن ڕەشید} 13- محەمەد مەزلزم {أبو محەمەد} 14- بورهان

ئەحمەد {عەتا} 15 ـ ئەحمەد رەجەب {سیروان} ، (16 ـ عەدنان تاڵەقانی ـــ ئەبو هیمن، خاین لەلایەن ئیستخبارات و بەریوەبەرایەتی ئەمن کرابوو بە چڕکاوخورو سیخور).
{3} هاورێ لەو هاورێیانەی بەشداری شەری قزلەریان کرد لە شوێنی تردا شەهید بوون:
1 – سەرباز ئەحمەد بانیخێڵانی لە داستانەکەی بەکربایفدا بە دەستی جاشەکانی رووڕەش و تاونباری خوێنرێژ تەحسین شاوەیس شەهید کراو شایەنی ئاماژە پێدانە ب ریسوایی و شەرمەزاری تەحسینی جاش بە پلەی بەرز خانەنشینە لە سەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان.
2- عومەر عەلی (عومەری پورە سەلما) لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکێکی حزب و پێشمەرگایەتی لە رووباری چەمی سوورەبان لە نزیك دێی چاڵە خەزێنە خنکاوو شەهید بوو.
3- سەلاحەدین حەسەن (مامۆستا خالید) ئەندامی مەکتەبی محەلی سلیمانی لە کاتی ئەنفالە بەدناو چەپەڵەکەی رژێمی بەعسی ترسنۆکدا 1988 کەوتە داوی چەتەو چڕکاوخۆرەکانی رژێم و شەهید کرا.
سەرکەوێ خەباتی رەوای حزبی شیوعی عێراق لە پێناو ئاواتەکانی گەل و نیشتمان..
مردن و سەرشۆری بۆ دژمنانی شیوعییەت…

کونگرەی لوتکە… شاعیری گەورە: عەبدولسەتار نورعەلی… وەرگێر: ئەحمەد رەجەب

هەناسەیەکی قووڵ هەڵکیشن !
دیموکراتی و دادپەروەری
لە سەر سەبەتەیەکی قسەکردن دێن ،
هەناسەیەکی قووڵ هەڵکیشن !
کونگرەی لوتکە لە پایتەختی ئەلرەشید دەبەسترێت ،
ئەلرەشید سێ هەزار کەنیزو
کوڵەی خەسڕاو
بکوژی پیشەیی هەبوو،

ئەی بەغدا ، توشیان خەساند
ئەی مەنارەکەی وڵات ؟!
شارە عەرەبییەکان کەنیزن
لە تەلاری شازادەکان سەما دەکەن،
هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشن!.
کونگرەی لوتکە لە سەر خوانی بەغدا کودەبێتەوە
هێرشی کوللەیەڵ ،
ئەوە بەغدایە ،
لە سەر شان وباڵت بریننی گەورەو
فڕۆی خڕۆە !،
داشەکانی شترەنج لە نەخشەی نیشتمانی گەورەدا
یەك لە دواییەك… کەوتن.
وتیان :
مەشك دەفرێت و
بەغداش کوڵ دەکاتەوە !
لوتکەکان سەرەنویلکی مێژووە ،
" سەرەکان پێگەیشتوون و
کاتی لێکردنەوەیانە".
سێ نەخێر لە ناو ئەم سێیدا لە
باوەشی بەڕۆ ، بەڕۆ ،بەڕۆ کەوتن !.
هەموویان مەرن و
ئەم لوتکانە
سەرەنوێلکن تەویلەی نەتەوەکان کویان دەکاتەوە
سپییەکانیان، ئاڵتونییەکەیان و،
هەموویان پینەکراون
بە دواياندا وەك
رانە مەر دەڕێن

هەموویان ئامادەن ، بەڕۆ
بو ئاغایانی سپی وەك کوڵەو خزمەتکار!
پێنووس ، پێنووس، پێنووس …
بە پێنووسەکە خەت بە سەر دەسەڵاتەکانیان بێنەو
دەنگ و شەقام و ئاوازو،
ئەم هەمووە ئازارە زورە و ،
پێداکوتاندنە و
هەر کات هەڵات زیاتر بتەو دەبێت.
بت

لە پاش ئەوەش بت
بەڕام لوتکەکان
هیچ نین جگە لە تاقمێکی خوێنمژو
فڕێشیاری مێژوو شەرەف و پەیمان.

17/3/2022

شەهیدی نەمر بەکر حاجی ئەحمەد نەمەی.. ئەحمەد رەجەب

بەکر ڕێبەیەکی بە ئەمەکی خەزانێکی نیشتمانپەروەر بوو لە ساڵی 1958 ی سەدەی ڕابردوو لە گەڕ باوکی و خەزانەکەیان رووبان لەڕ دەربەندیخان کردو، لەوڕ نیشتەجی بوون و دوکانێکیان کردەوەو لەو ساڵانەدا پەیوەندی بە ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە دەکات.
هاورڕ بەکر مرۆڤێکی ڕووخۆش و وریاو چالاك و لە سەرخۆو، ئازاو دڵسۆزو ماندونەناس بوو، لە پاش کودەتا شوومەکەی 8 ی شوباتی 1963 لە وەرزی بەفرو باراندا لە گەڕ ژمارەیەك لە هاورێیان ڕوو دەکەنە کەژوکێوی ناوچەی دەربەندیخان و خانەقین و، هاورڕ بەکری کرێکارو زەحمەتکێش دڵپاك وبێگەرد لە وەرزی گوڵە سورەدا لە بنکەی شاخی بەموی سەرکەش هەڵدەگرسێتەوە.
لە نەورڕزدا کوردان هەلپەرکی وشایی و ڕەشبەڵەك ساز دەکەن کەچی ناحەزان وداخ لە دڵان و دوژمنانی شیوعییەت بە پێچەوانەوە ڕەفتار دەکەن لە مانگی ئازاری 1963 دا دوژمنان و داڵە ڕەشەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان بۆسەیان بڕ ئێوەی مەزن و تێکۆشەر داناو، شەرەکیان دروستکرد، ئەوان چەکدارو، تێو هاوریکانت بڕ چەك و، ژمارەیەکتان شەهید بوون و، ئەوەش دەستگیرکرا کوشتیان و شەهیدیان کردو ئەوەی هەڵهات و نەگیرا کەوتە ناو ڕوباری سیروان و تەقەی لێکرا و خنکاو شەهید بوو.
بەڵی، ئەی شەهیدی نەمر ئەو کارەساتە کە لە ماڕوچن ڕویدا تاوانێکی گەورە بوو هیچ جیاوازییەکی لە نێوان جەللادەکانی 8 شوباتی ڕەش و داڵە ڕەشەکانی بەناو کوردایەتی نەهێشت ، ئەو کردەوە قیزەونە پەڵەیەکی ڕەشە بە ناو چاوانی ئەو تاقمە دڕزە کە دیلەکانیان

گوللەباران کردو، رووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداری لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی بەعسی عەرەبی بەشداری تێدا کرد.
لەمڕۆدا مارچ بووەتە گۆڕستانی شەهیدانی شیوعی.
نەمری بۆ شەهید بەکر حاجی ئەحمەد نەمەڵی و سەرجەم شەهیدانی حزبی شیوعی.
شایانی باسە غنی برای لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان وئیستخباراتی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبی بۆ سەروشوێنەو تا ئێستا نازناوێت چۆن شەهید کراوە.
مردن بۆ دژمنانی شیوعییەت.
لە گۆڤاری هەندین ژمارە 5 ساڵی 1999 وەرگیراوە.
13/2/2022
.

شانۆگەری هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار.. ئەحمەد رەجەب

بە پێی پشکپشکێنە و تایفەگەری لە عێراقی فیدراڵدا پێستی سەرۆك کۆمار بۆ کوردەو لە ناو کوردیشدا بۆ بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانییەو لە ساڵانی پێشوو ئەم پێستە دراوە بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ینك) و لە بری ئەوەش سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت دراوە بە پارتی دیموکراتی کوردستان (پدك) و بەپێی ئەو عەقلییەتە دەگمایە نابێت هیچ کوردێکی سەربەخۆ ببێتە خاوەنی پێستی سەرۆك وەزیرانی وسەرۆکی هەرێم وسەرۆك کۆمار.
هەموو دەزانین جەلال تاڵەبانی دووجار بوە سەرۆك کۆمارو لە پاش نەخوشییەکەی کەڵێنێك وبۆشایەکی لە عێراقدا دروست کردو، فوئاد مەعسوم بوو بە سەرۆك کۆمارو، وەك دەرکەوت سەرۆکێکی بۆ تواناو بۆ هێز بوو زۆر کەس بە سەرۆکە نووستووەکە ناویان دەهێنا بەڵام بۆ خزمەتکردنی خۆی و بنەماڵەکەی وریاو ئەکتیڤ بوو بۆ نموونە کە دەستنیشانکرا بۆ وەرگرتنی پێستی سەرۆك کۆمار یەکسەر بە بۆ یەك و دوو (جوانی) کچی بە ڕاوێژکار بە بری ((تەنها 13 ملیۆن)) دینار دامەزراند، لە کاتێکدا لەلایەن لێژنەی دەستپاکی پەرلەمانەوە داواکراو بوو لە سەر گەندەڵی کاتێك وەزیری گەیاندنی عێراق بوو،

هەروا کۆمپانیای (BMJ Industries) ئیماراتی کە کۆمپانیایەکی گەورەی تایبەت بە تـوتن و جگەرەیە و خـاوەنی چـەندین برانـدی بازرگانییە، فوئاد مەعسوم سەرۆك کۆماری عێراق تەمەتبار کرد بەوەی کە پێستەکەی بەکارهێناوە بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیایەکی عێراقی کە برازایەکـی فوئـاد مەعسـوم و هاوسـەرەکەی خاوەنـدارێتی دەکـەن و، کۆمپانیـاکە نـاوی (خیـرات المنـافع) ە بۆ بازرگـانی گشتـی و گواستنەوە کە خاوەنەکەی (حەیدەر سەباح فەیلی) یە هاوسەری (نەورەز محەمەد مەعسوم) ە.
لەم رۆژانەدا پاڵاوتن بۆ سەرۆك کۆمار گەرمەو ژمارەیەکی زۆر هاتوونەتە مەیدان و، لەناویاندا کەسانی پاك و خاوین و کەسانی دزو گەندەڵ بە پێی دەستی دەستپاکی بەدی دەکرین و تیایاندا هەیە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق متمانەیان لێ سەندراوەتەوەو ، ئیتر ئەوە بەختی عێراقە یەکێکی پاك یان یەکێکی دزو گەندەڵ دەبێتە سەرۆك کۆمار بۆ ئەو مەبەستەش دەستکراوە بە ناردنی شاندو شان ماجکردن و گۆرینەوەی دیاری و کرێن و فرۆش وبانکهێشت کردنی بەرپرسانی هەریم لەلایەن ئەردۆگانی خوێمژی کوردان.
تا ئێستا بەرنامەی هیچ کام لەو زاتانە دیار نییەەو، ئەم پێستە هەرچەندە پێستیکی (سیادییە) ێو پشکی کوردە بەڵام هەموو لایەك دەزانـن پێسـتەکە (تەشریفـاتیە) واتـە دەسـەڵاتەکانی دیـارو سنووردارەو، ئاخۆ کەسانی بوێر لە ناو ئەو ژمارە زۆرەدا هەیە بتوانێت بە هێزی داگیرکەری خاکی عێراق و کوردستان بڵێت بۆ دەرەوە یان هەر بۆدەنگییە.
مادام پێستەکە بۆ کورد دانراوە با بزانین چی لە هەرێمی کوردستان هەیەو نییە. لە هەرێم کارەبا، ئاو، نەوت، غاز، بەنزین بە نرخی گونجاو. کار موچە لە کاتی خۆداو خزمەتگوزاری و رێگاوبان نییەو ، بـە پێچەوانـە خـاك فرۆشی، بێکـاری ، داپڕێسـینی چالاکەوانـان و رۆژنامەنووسان ، گرانی و لافاو هەیە و، راستگۆیی نییە بۆ نموونە : لە سەر لافاوەکەی رۆژی 13/1/202 پارێزگاری هەولێر ئومید خوشناو دەلیت : ئاو لە هەندی شوین کێبووەتەوە (خر بوونەوەی ئاوە) لافاو نەبووە بەلام بە پێی دەزگای راگەیاندنی حزبەکەی ـــ رووداو (200) ماڵ زیانیان بەر کەوتووەو پرسیار ئەوەیە خربوونەوەی ئاو دەتوانیت 200 ماڵ لوول بکات ؟.
لە ئێستادا گەمەو زۆرانبازییەکە لە نێوان زەرد(پدك) و سەوز (ینك) دایەو، بە هێی دوورخستنەوەی هوشیار زێباری لە لایەن دادگای فیدراڵییەوە ، پدك بەنیازە کاندیدێکی تر دابنێت و، چونکە محەمەد حەبوسی سەرکی پەرلەمانی عێراق مەهەتی سێ رۆژی بۆ پاڵاوتن نوێکردەوەو، ئەوەش بە بۆچوونی شارەزایان و پسپۆرانی یاسا دەڵێن

ئەو کارە دستووری نییەو، سکا لە دژی ئەو رەفتارە نا دستوریە دراوە بە دادگای فیدرالی عێراق.
وڵاتانی دەوروبەری عێراق ڕۆی بەرچاویان هەیە هەندێکیان بە چاو سورکردنەوە هەڕەشەو لەولاشەوە بە پارە سەرفکردن و کرینی دەنگ وەك لە موسڵ رووبداو ئەو وڵاتانە دوو بەرەن : یەکەمیان تورکیای رەگەزپەرست و عەرەبستانی سعودی و ئیماراتە ئەمانە پشتکیری لە بەشێکی کوردو سوننەو لە ناویاندا بەعسەکانی سەر بە رەغەدی کچی گڕبەگڕ سەدام حوسەین دەکەن و، ئێرانیش راشکاوانە پشتگیری لە شیعەو بەشەکەی تری کورد دەکات و، ماوەیەکە اسماعیل قائانی سەرقاڵە بە دیداری مەسعود بارزانی سەرکی (پدك) و حزبە شیعەکان و هەروا موقتەدا سەدرو، هەموو چاوەروانین کێی دەبێتە براوەی تەلارەکانی سەدام حوسەین و پارەو پول و گیرفان پرکردن.
9/2/2022

دایك و باوك.. عەبدولسەتار نورعەلی.. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد رەجەب

دایکم کە
لەسەر لێوانم
دڕەوشاوەترین میوەو (1)
مەزنترین وێنەی چاند و (2)
لە سەر دێمدا
بە ئەماس ، بە چاوان ، بە خێر مێری کرد
ئای چەند تامەزروی نانێکم ئەو هەویرەکەی شێلا بێت (3)
بە خوشەویستی بە روح .
هیچ نەماوە بە یەك بگەن
لە سێبەری سێبەر لە سێبەرەکەیدا.

باوکم کەشیدەی (4) لە سەر دەکردو،

قورئان و سونەت وفیقە و،
مژووی هەموو پغەمبەرەکانی لە بەر دەکرد ،
هەموو خەکی خوش دەویست : خواپەرست ولاسارەکان(5)
هەمووخەك خوشیان دەویست
ژیانك ، (6)
ساختەکاری و
فە و، دورویی نازانت
ئەوە باوکمە
لە راستگویدا وەك شەمشر،
هشتا (7) دەچەقتە
سنگی فەبازە خراپەکان .

ئەو روژەی دایکم
لە ناو هەموو ژناندا شانازی دەکرد
کە من یەکەم بووم لە پولدا
لە ناو سنگی
کونسرتی ئاوازەکان
دەستپکرد.

ئەو روژەی باوکم
چووە سەر مینبەری ئایاتەکان
چاوەکانم کرانەوە
پشوازی لە
باە پاکەکان کرد

سوپاس ، خوایە ، من
لە سەر رەی ئەم ئانەم (8)

(نامە) :
روژکیان: " هاور باشەکەمان هەمزاتوش (9)
وتی باشترین تراکتور

لە قوری ئاسایی دروست دەکرێت و
نایابترین هەڵبەستە
لە وشەی سادە پێکدێت ".
ئەی هاوڕێی سادەم و پڕ لە هەستە و
ئەی سرودی دڵی دەرگا کراوەکان و،
ئەی هاوڕێی زەمانی (روناکی) چاوەکانم
ئەستەغفرو اللە.
باسی نایاب بوون لە شیعرەکانماندا ناکەین
چونکە سادەیە وەك سادەیی باوکم و،
پاك و خاوێنە وەك دلسافي دایکم (10) و ،
ئازاکانی دانیشتوی باب ئەلشێخ و ،
سەدرییەو، (11)
خۆوەتێك دارەکانی ئامادەکراون. (12)
تێبینی و روونکردنەوە:
(1) و
(2) خۆشەویستی دایك وباوك کە منبان هیناوەتە ژیان، واتە دربرینی خۆشەویستی بێ بەرهەمەکەیان.
(3) نووساوە بە دەنەکن (پراسووەکانی) شێلواو بێت.
(4) مێژەر یان ئەو پەڕیە لە سەر مەلاکان دەردەکەوێت.
(5) کەسانی دوور لە خواپەرستی.
(6) بێگرافی.
(7) نابڕتەوە، بەردەوام ، بە بێ کۆتاە.
(8) لە سەر ڕێچکەی دایك و باوك.
(9) ڕەسوڵ هەمزاتۆف { 1923 ـــ 2003} ، خاوەنی بەرهەمێکی زۆرەو، براوەی چەندین خەڵاتە و ، باشترین شاعیری سەدەی رابردوو ببوو.
(10) بەو ئافرەتانە دەوترێت کە پاکن یان سێزیان بەلای ئاینەوەیە و، لێرەدا من دایکم بەکارهێناوە.
(11) باب ئەاشیخ و سەدرییە: دوو گەرەکی سەر شەقامی ئەلکیفاحەو، زوربەی دانیشتوانیان کوردن ە، بە ئازایەتی ناسراون.
(12) بێ سوتاندن و پێشوازی کردن.

29/12/2021

لە بوختانەوە بۆ شیوعییەکی قارەمان و ئازاو تێکۆشەر.. ئەحمەد رەجەب

هاوریی خۆشەویستم یادی بەخیر عەلی حامید کتیبێکی بە ناو (بولڵە) لە پاش کۆچکردنی بۆاوکرایەوەو باس لە زۆر بابەت دەکات و بەسەرهاتی خۆی نووسیوەتەوەو پشت بەوە دەبەستێت فۆانەکەس وتی، یەکێکی تر بۆی گیرامەوە یان بیستم وبیستی ئەوش ناورێکی کتێبەکە بەلایدا دەبات و سوودو بەهایەکی وایناموننت و، دەبێتە جێی پرسیارو دروستبوونی بوختان.

خۆزگە هاوری عەلی لە ژیاندا بووایەو ئەم نووسینەی بدیبا.

هاورێ عەلی حامید لە لاپەرە (19) لە بابەتێك بەناو (پیاوە ماتۆرسوارەکە) دەڵێت : وەستا عەزیز حەسەن ناسراو بە عەزەی ئایشێ بۆی گێرامەوەو وتی : لە ساڵانی حەفتادا لە عەربەت لە دروستکردنی باڵەخانەیەکی نوێ بۆ بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی عەربەتی خوارەوە ئیشم دەکرد ، پیاوێك بە سواری ماتۆر لە دەربەندیخانەوە وەکو چاودێر دەهات بۆ سەر ئیشەکە، هەستم دەکرد کە ئەو پیاوە لە لایەن حکومەتەوە چاودێری دەکرا. رۆژانە بەردەوام دەهات چاودێریی ئیشکردنی باڵەخانەکەی دەکرد.
رۆژێکیان هەواڵی ئەوەمان بیست حکومەت کابرای دەستگیر کردووە، دواتر لە ریگای حزبەوە زانیمان کە ماتۆر سوارەکە ئەحمەد رەجەب بوو.
ئەو گێرانەوەیە دوورە لە راستی و هەموو خەڵکی دەربەندیخان دەزانن قەت توخنی ماتۆر نەبووم و خاوەن ماتۆریش نەبووم بۆیە پشتبەستن بە گێرانەوە زۆر جار درۆیەو دەبێتە بوختان. .
بەڵی ئەو کات بەندە، ئەندامی لێژنەی جوتیاران بووم { بەرپرس بووم لە رێکخراوەکانی حزب لە سنووری قەرەداغ وباوەنورو شیخ تەویل و دەربەندیخان و وارماوا} و هەروا لە گەل هاورێیانی دێرینم تێکۆشەران جەلال کەریم { جەلال ئەبو شوارب} و عەلی ئەحمەد خورشید پێکەوە بەرپرس بووین لە رێکخراوی حزبی شیوعی تێکۆشەر لە دەربەندیخان { گەورەترین رێکخراوی حزب لە پاریزگای سلێمانی} ئەو کات و، ناحەزان و دوژمنانی حزب چەندین ناویان بۆ ئێمە دانابوو وەك : بقە ، ئاگرە سوورە، بایەقوش و هتدو… بۆ ئەوەی خەڵك لە ئێمە

دوور بخەنەوەو، هەر لەبەر ئەوەش بوو حکومەت بە هەموو شیوەیەك دژایەتی وچاودێریمانی دەکرد.
لە هەمان لاپەرەدا هاوری عەلی حامید دەنووسی : ئەحمەد رەجەب و حسین نادر کە هەردووکیان خەڵکی خانەقین بوون ، لە دواییدا دەرکەوت کە حسین نادر لە گەڵ شیخ عەلی بەرزنجی و توفیق ئەحمەد بە نهێنی ڕێکخراوەکانی حیزبیان لە کەرکووك سەرپەرشتی دەکردو دەبرد بە ڕێگاوە، ئەوە بوو ناوبراوان پاش ماوەیەك دەستگیرکران بەڵام لە دوای بەڵێنکی کەم ئەحمەد رەجەب ئازاد کراو بە شوێن ئەویشدا حسین نادر و توفیق ئەحمەدیش ئازاد بوون، (توفیق ئەحمەدقەت نەگیراو روخاوو ئازاد بوو) ، بە بەردانەکانیاندا دیار بوو کە هەموویان ئەباڵ و بەرپرسیارێتی هەموو کارو ئەرکەکانی ڕێکخراوە نهێنییەکانی حیزبیان لە کەرکووك خستووەتە ئەستۆی شیخ عەلی.

من هیچ پەیوەندییەکم بە ڕێکخراوەکانی کەرکوك نەبووە.

بۆ زانینی هاورێیان و خەڵکی تر لە مانگی نیسانی 1971 بە نامەیەکی ڕاستوخۆ لە مەکتەبی لێژنەی محەلی سلێمانی (ملمس) ئاگادار کرام بۆ کارێکی تایبەتی و، پیویستە بچم بۆ کەرکوك و، چووم بۆ ماڵێکی حزبی کە لە هەمان کاتدا ماڵی { شیوعی فەوزییەی ڕەجەبی خێشکم وهاوسەرەکەی هاورێ حوسەێن نادر ئەمینی شوانی بوو} و، لەوی چاوم بە هاورێ { عەلی بەرزنجی} کەوت و، پێی وتم : ئێمە تەمان بۆ کارێکی تایبەت هەناوەو وەك ئەرکێکی حزبی و جێری ئەو ئەرکەی بۆم ڕوونکردەوەو ئامادەییم پیشانداو. لەو ڕۆژانەدا لە ساڵی 1971 تەوفیق ئەحمەد (هەژار) ئەندامی کۆمیتە ناوەندی و سکرتێری ناوچەی بەغدا لە لایەن دەزگاکانی ڕژیمی بەعسی خوێنڕێژ گیراو ڕووخاو، هاوکاری دەزگای ئەمنی کردو، ئەو دەزگانە بە هاتووچۆی گەرێك بۆ ماڵە حزبییەکان و ناساندنی هاورێیان لە ماڵان و لە شەقامەکانی بەغدا تەوفیقی ڕووخاویان بە کارهێناو، ڕێکخراوی بەغدایان تەفروتوونا کردو، هەرچی زانیاری هەبوو خستییە بەر دەست بەعسییەکان و گرنگترینیان زانیاری لە سەر ماڵە حزبییەکان بوو لەوانەش ماڵی حوسەین نادرو فەوزیە ڕەجەب و شیخ عەلی بەرزنجی بوو، (تەوفیق کە ڕووخا نەگیراو ئەو بووە هۆێ گرتنی ئێمە بۆ ئاگادری تەوفیق زانیاری تەواوی بە ئەمن دابوو لە بارەی چاپخانەکەو ئۆتۆمبێلێکی شڤرولیت مودیل 58 کە بەناو خودی توفیق بوو). تەنها لە هەرشە چەپەلەکەی ڕژیمی حزبی بەعس کە لە بەهاری 1970 دەستیپێکرد تا هاوینی 1971، هەزاران شیوعی گیران و، درندانە ئەشکەنجە دران و زۆریان لە ژێر ئەشکەنجە یان بە تۆرکردن شەهید

بوون وەك: محەمەد ئەلخەزەری، عەلی بەرزنجی، ماجد ئەلعەبایجی، مشکور مەترود، حوسەین نادر، ئەحمەد رەجەب، عەبدوللا ساڵح، محەمەد حەسەن ئەلدوجەیلی ، عەبدئەلئەمیر رشاد، جواد عەتیە و ، لە پێش ئەو شاڵاوە درندەیە ستار خزەیر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە ژێر ئەشکەنجە کادری کرێکاری عەبدئەلئەمیر سەعید شەهید کران.
ئێبالی گرتن و زانیاری لە سەر شیخ عەلی دەکەوێتە سەر تەوفیق ئەحمەد (هەردووکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون) و، من زوو بەرەڵا نەکرام بەڵکو لە گەڵ هەزاران شیوعی تر لە پاش تشرینی دووەم (نۆڤەمبەر) 1971 ئازاد کرام کاتێك حزبی بەعسی عەرەبی (پرۆژەی کاری نیشتمانی) خستەروو حزبی شیوعی عێراق بەرەو بەرە ملشکێنە پر ریسوایەکە بریاریدا.

لە پاش ئازاد کردنم لە ڕێی سەروچاوەی رانیە بەرەو بەرسەرین و دەرگەڵە کەوتمەڕێ بۆ بارەگای سەرکردایەتی و، لە پاش ماوەیەك چاوم بە هاورێ ئەبو فاروق ئەندامی مەکتەبی سیاسی کەوت و ئیتر گەرامەوە بۆ سلێمانی و دەربەندیخان و، وەك جاران دەستم بەکاری حزبی کردو کاتێك حزبی شیوعی عێراق لە گەڵ حزبی بەعسدا بەرەی نانیشتمانیان مۆرکردو، وەك لە نووسینێکی تردا ئاماژەم پێداوە چەند ئەرکێك بە من ڕاسپێران وەك : تایبەتمەندی (مختصة) کرێکاران، نووسینگەی ڕۆژنامەگەری، کاروباری بارەگاو پەیامنێری ڕۆژنامەکانی حزب { طریق الشعب والفکر الجدید ـــ بیری نوێ } و، بووم بە نوێنەری نووسینگەی ڕۆژنامەوانی هەرێمی کوردستان لە گەڵ هاورێیان و یەکێك لەوانە هاوری (ئەحمەد حامید) برای هاورێ عەلی حامید بوو، بە پێی بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (مجلس قیدة الثورة) گوازرامەوە بۆ پارێزگای میسان (العماره) ئەوە بوو وازم لە کاروبار هێناو و هاوسەرەکەم و پینج منداڵم بەجێهێشت و چوومە شاخ و بوومە پێشمەرگەی حزب و لە زێر بواردا کارم کردو گرنگترینیان لە ڕاگەیاندن و بڵاوکەرەوە لە یەکەمین ئێزکەی حزب و، لە کاتی دامەزراندنی مەکتەبەندەکان بووم بە ئەندامی مەکتەبی بەتالیۆن لە گەڵ هاورێ (عومەر حامید) برای هاورێ عەلی حامیدو، لە کۆتاییدا بووم بە ئیداری مەکتەبەندی سلێمانی وکەرکوك.
کاتێك خەرێکی (موعامەلاتی) زیندانی سیاسی بووم داوای شاهیدیان کردو یەکێك لەوانە هاورێ عەلی حامید بوو لە بەردەم دادوەر بە ئامادە بوونی هاوریی و برایان: مامۆستا کەمال ئەمین بشدەری و کاك ئەورەحمانی حاجی محەمەدو فاتیح فەرەج لە وەڵامی دادوەر هاورێ عەلی حامید وتی : بەڵێ ، ئەمە ئەحمەد رەجەبی قارەمان و ئازاو تێکۆشەری ڕۆژە سەختەکانە و لە ساڵانی حەفتاوە دەیناسم. هەزاران

سڵاو لە یادتان هاورێ عەلی حامیدو رەوانتان شادو ئاسوودە بێت.

لە ساڵانی شەستەکانەوە تا ئەو ڕۆژەی بووم بە پێشمەرگە 4 جار گیراوم و (بێ لە گرتنی سەرە مەقەست وراونان و تێهەڵدانی رژانەی ئەمن و ئیستخبارات) و، و کەس بە هەی منەوە یان هیچ ڕێکخراوێك تووشی زەرەرو زیان نەبووە و، قەت لە حزبیش دانەبراوم و تا ئێستاش بەردەوامم.
نەمری بو شەهیدی قارەمان عەلی بەرزنجی و هاوریيانی و یادی هاوریم عەلی حامید بەخیر.
مردن بێ دوژمنانی شیوعییەت.

6/12/2021

سڵێمانی پێش 43 ساڵ.. ئەحمەد رەجەب

هەموو ئەزانین رژێمی دیکتاتۆر سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبی لە ڕۆژی هاتنیاندا بێ سەر دەسەڵات لە عێراقدا بەردەوام بوون لە گرتنی هاوڵاتیان و تێهەڵدان وئازاردان و کوشتن و خاپورکردنی دێهاتی کوردستان، لەو ساڵانەدا بە تایبت لە حەفتاکان ئەدەب وهونەر لە گەشەسەندن بوو، گەرانەوە بێ ئەو ساڵانەی پێشوو تامو جۆێکی تایبەتی هەیە ، لاوێتی و ئەنجامدانی چاڵاکی جۆراوجۆرو گەران و سەیران و سەردانی هونەرمەندانی شانۆ مۆسیقاو شیوەکارو ڕێ شننبران.
بەڵێ ، لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو چالاکی هونەرو ئەدەب لە ئاستێکی بەرز بوو ژمارەیەکی بەرچاو لەو بوارانەدا ڕێینان هەبوو : حەسیب قەرەداغی، شێرکۆ بێکەس ، مستەفا ساڵح کەریم ، ڕەووف بێگەرد، شیرین ك ، دڵشاد مەریوانی ، فوئاد مەجید میسری ، شوکریە ڕەسوڵ، ئەرخەوان ڕەسوڵ ، حەمەسەعید حەسەن و حەمە فەریق حەسەن ، ئازاد شەوقی ، ئیسماعیل خەیات، لالە عەبدە ، عەلی جۆا، ئەحمەد سالارو تیپی شانۆی پێشرەو ، تەها خەڵل، عوسمان چۆوار، بەدیعە دارتاش، سمکۆ ناکام ” حەمە ڕەشید هەرەس، ولیەم یوحەنا، ئەنوەر

قەرەداغی وتیپی مۆسیقای سلێمانی ، فەردون دارتاش و سەڵاح رەووف و سەدانی تریش.
{ پیشانگای یەکەمی هونەرمەند خالید رەسول سلیمانی هولی سانەوی کوردستانی کچان 1978}
لەو ساڵانەدا لە چالاکییەکانی بەریوبەرایەتی روشنبیری جەماوەر لە سلیمانی لە رۆژانی 16 –24/2/1978 هونەرمەندی لاو خالید رەسول یەکەم پیشانگای خوی کردەوە لە هولی ئامادەیی کوردستانی کچان پیشانگاکە 48 تابلوو قەلەمکاری و کاری دەستکردی تری بەخووە گرتبوو خالید لە گەل دەوروبەری خویدا مامەلە دەکا ئەمەشیان بە رووی لەو خەڵکانەیدا دەردەکەویت کە تیکەلی سروشتی سیحراوی شارەکەی دەبیت وەك تابلوکانی : دیمەنیك لە بەهاردا، سەراوی سوبحان ئاغاو بەفرو چەندتابلۆیەکی تر.
لە { بیری نوی } ژمارە 282 ساڵی شەشەم شەمە 11/3/1978 بۆاوکراوەتەوە و، لەو سەردانەدا لەگەڵ هاورێم سامی سابیر بۆ پیشانگەکەو لە پەرتوکی میوانان نووسیوومە:
پیخوشحال بووین بە بینینی پیشانگاکەو هەمیشە سەرکەوتنت بو دەخوازین، ئەم پیشانگایە هەندی مسائیلی فیکری قوول باس ئەکات ، هونەرمەند زیاتر پیویستی بە پیاچوونەوە ئەکات
ئیمە لە کاتیکدا ئەم ووتەیە ئەنووسین دیارە کامەرانین بە پیشکەوتنی هەموو مروڤیك بە تایبەتی ئەوکەسانە ئەتوانن خواست و هەستی جەماوەر بخەنەروو، دووبارە سەرکەوتن دەخوازین بۆ هونەرمەند
سامی سابیر احمدرجب / پەیامنیری
روژنامەی بیری نوی وطریق الشعب

20/2/1978
بە هۆی شاعیری گەورەو رێزدار خاتو ئەرخەوان رەسول خوشکی هونەرمەند خالد رەسول ئەو یادوەرییەم دەسکەوت و، هیوادارم نموونەیان زۆرتر بێت و هەمیشە سەرکەوتوو بن لە گەل سڵاوو رێزدا.
10/11/2021

هەبژاردن یان فریودانی خەڵك؟.. ئەحمەد رەجەب

لەو رۆژەوە بریاردرا هەڵپژاردنی پێشوەختە لە عێراق بکرێت حزبەکانی دەسەڵات بە پارەو قوتی خەڵکەوە کەوتوونەتە بانگەشەو دابەشکردنی پاداشت وخەڵات لە دەمانچەو لاپتۆپ و کارتۆنە خۆراکی ئێکسپایری وماتان و لە هەمووی سەیرتر کیسە ئاردیش بەبەش نەبووە لەو خەیراتەی دەسەڵات.

بەرپرسانی حزبەکانی دەسەڵات هێزیانداوەتە بەر خۆیان و لە قاوغی ترس دەرباز بوون فڕی تەقلەبازو باڵە فرین بوون لە کێشکەکانیان چوونە دەرەوەو رووبانکردە شارەکان و دەستیانکردە درۆو دەلەسەو هەرچی بکەن جێی متمانەو بەڵین نین چونکە لە رابردوودا بەڵێنی گەورەو قەبەیاندا بەڵام راستگۆ نەبوون و، بۆ لە ئەندامەکانی خۆیان کەس پێشوازی لێنەکردن.

لە رووی راگەیاندنەوە دریغی ناکەن و هەرچیان هەیەو نییە خستوویانەتە گەرو بەوانەی خۆشیان نەوەستاون بەکو دەستیان بە کرینی کەناڵە سەربەخۆو کەمەاییەتییەکان و، کرینی رۆژنامەنووس و کەسانی رۆشنبیری چاوچنۆکی (موستەفید) لە وەرگرتنی ئۆتۆمبیل ، زەوی و خانوو تا ئەگاتە کارتۆنە خۆراکی ئێکسپایەرو، حێی ئاماژەیە حزبەکانی دەسەڵات خاوەنی سەدان ئیزگەی رادیۆ ، ویستگەی تەلەفەزیۆن ، ستەلایت و رۆژنامە وماڵپەرن و ، تا ئێستا دەستەی دەستپاکی هەرەمی کوردستان نەیتوانیوە و ناتوانێت لێپێچینەوە لەوە بکات ئەم حزبانەی دەسەڵات چۆنچۆنی بوونەتە خاوەنی دامەزراوەکانی راگەیاندن و، ئەو پارە زۆرەی بۆیان تەرخانکراوەو، ئەوەی جێی سەرسورمانە سەرۆك هەرەم و سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی خاوەنداریتی بەشێکی زۆری ئەو دەزگانە ئەکەن.

نازانم ئەم بەرپرسانە بەڵێنی چی بە هاوڵاتیان ئەدەن. ؟ بەڵێنی موچە ، موچەی کوردستان هەموو سەری مانگێك فەرمانبەران وپێشمەرگە و خەڵکی تریش تووشی دەراوکی و شۆك ئەکات و، قەوانە سواوەکەی حکومەت لێئەدرێتەو ئایا بەغدا پارە رەوانەی کوردستان ئەکات یان ناکات ! و، ئەمە لە کاتێکدایە پارەی هەرەم گەر نەدزریت بەشی هەموو شتێك ئەکات.

بەڵێنی چە ئەدەن؟ کارەبا ، وا (30) سی ساڵە حکومەت دێش داماوەو هیچی پێ ناکرێت لە درێ زیاترو جێی وەبیرهێنانەوەیە پێش ـ 9 ـ ساڵ بەرپرسێکی گەورە (زۆر زەبەلاح) وتی : لە پاش ساڵێك ئەگەر

کارەبامان بۆ میللەت ئامادە نەکرد واز لە بەرپرسیارێتی ئەهێنم بەڵام کارەبا نەهاتوو کاکی بەرپرس دڕیەکی زلی کردو بۆ چەند ساڵێك لە حزبەکەی تۆراو پاشان بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانی نەفەوتی و بیپارێزێت گەرایەوەو ئیستاش هەر لە پەرپرسە باڵاکانی حزبەکەیەتی.
کاتێك نێچیرڤان بارزانی پێش چەند ساڵێك سەرۆك وەزیرانی حکومەت بوو وتی هەوڵبدەر ئەکەینە دووبەی ! بەڵام هەوڵبدەر بوو بە تکساس و بەبەرچاوی هاوڵاتیانەو لە سەر ترافیك لایت هاوڵاتییەکی بۆ تاوان درایە بەر ڕێژەنەی دەمانچەو، کابرای بکوژ ئازادانە ئەسوڕێتەو چونکە خزمێکی ئەندام سەرکردایەتییە لە حزبێکی گەورە!!!.
بەڵێنی چی ئەدەن؟ هەوڵبدەر پایتەختی کوردستان لە بۆ ئاوی خنکان و، هاواری ژنی بەساڵاچوو منداڵان لە هەموو گەرەکانی هەژاران بەرزئەبووەوە داوای ئاویان ئەکردو، بەرپرسان بڕشەرمانە ئەڵێن ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی خزمەتی هاوڵاتیان بکەین بەڵام هاوڵاتیان لە هەموو قۆناغێکەوە گاڵتە بە بەڵێنەکانیان ئەکەن.
لە عێراق بەرپرسێکی باڵا ئەڵێت : ئەم هەڵپژاردنە کە لە پاش چەند ڕۆژێك بەردەوامە ئەچێت رووداوێکی مێژوویی گرنگەو بارودۆخی عێراق بەرەو چاکسازی ئەبات و، ئەمە لە کاتێکدا محەمەد ئەلحەلبوسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (پەرلەمان) لەباتی ئەوەی داوا بکات تورکیا لە خاکی کوردستان وعێراق بچێتە دەرەوە سەردانی ڕووبەرەشی فاشیست ڕەجەب تەیب ئەردۆکان ئەکات و هەروا بەعسی ڕووبەرەش خەمیش ئەلخەنجەری شەلاتی بە ناوی ئەمیندارێتی پرۆژەی عەرەب ئەڵێت کۆبوونەوەیەکی میژوویمان ئەنجامدا.
هیچ پارتێکی کوردستانی لە بانگەشەکانیاندا ناوێرن داوا بکەن جەندەرمەکانی تورکیا برێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و دەست لە داگیرکردنی کوردستان هەڵگرن و، نازانم هەڵپژاردن لە ژێر چەتری تورکیای ڕەگەزپەرست مانای چییە؟ حکومەتی کوردستان ناوێرێت بە هیچ شێوەیەك سەرکۆنەی دەستدرێژی و بۆردوومانەکانی تورکیا و ئیران بکات.
بەڵێنی چی ئەدەن؟ قوتابخانەکان بوونەتە وێرانە، بە زستان سەرما و بە هاوین لە بەر گەرما هەر قوتابییەك پارچە مەقەبایەکی بەدەستەوەیەو باوەشێن ئەکات و منداڵانی بەرپرسان قەمچان بە دڵارەوە ئەکەن و بەو شێوەیەش قوتابخانەو زانکۆ تەواو ئەکەن و، لە بەر بۆ ئیشی ڕوو لە هەندەران ئەکەن.
بەڵێنی چی ئەدەن؟ ئێوە ناتوانن مامۆستایانی وانەپڕۆژ دابمەزرێنن و، ئەوەندە درۆتان کردووە کەس باوەڕی بە ئێوە نەماوە.
بەڵێن مەدەن وهەوڵبدەرو شارەکان بپارێزن و ، واز لە درۆ بێنن خۆ مەکەنە چاوی خەڵك و، شارەزایانی بواری سەربازی لە هاوپەیمانێتی

وڵاتان دژ بە داعش ئەنجن لە ساڵی 2014 ئەو هێزەی لە شەنگال بوو نەیتوانی ئەزدییەکان بپارێزێت ولە ئێستاشدا مەترسی لە سەر هەرێمی کوردستان زۆرە هەرچەندە خاوەنی هێزێکی زەبەلاحە بەڵام توانای نییە هاوڵاتیان و خاکەکەی بپارێزێت و هێکارەکانی ئەگەرێتەوە بۆ گەندەڵی و دزی و پشتگوێخستنی هێزی پێشمەرگە و، هەر لەو سونگەیەوە لە مانگی رابردوو لە 24/9/2021 لە هەولێر پایتەخت ـ 312 ـ کەس لە بەعسییە خوێڕۆەکانی رژێمەکەی سەدام حوسەین و سەرێك هێزو عەشیرەتەکان کۆنگرەیەك بەستراو لە هەمووی سەیرتر سەرانی هەرێم وتیان ئێمە ئاگامان لێی نییەو ئەوانە لە ئوتێلێك کۆبوونەتەوە و، ئەوەش بووەتە جێی پێکەنین و گاڵتەجاری، 312 کەس لە ئوتێایك خرئەبنەوەو ئاسایش و پۆلیش ئاگایان لێی نییە.
شتێك پیویستە بوترێت حکومەتی هەرێمی کوردستان خەکی سڤیلی بی تاوان کە داوای موچەی خۆیان کردووە ئەداتە بەرشەق و لە زیندانەکان تۆندکردووە بە تووممەتی سیخوری و ئەمەش درێژەکی شاخدارە و، ئەو کەسانە دوورن لەو تومەتە خراوەتە پاڵیان و پیویستە سەرۆەری دادگاکان بپارێزرێت و، حکومەت بۆر بێت گەلی کوردستان ئاگادار بکات و بڵێت ئەو کەسانە پەیوەندی یان سێزیان لە گەل پارتی کرێکارانی کوردستان PKK هەیەو نابێت چیتر خەك چەواشە بکات و، دیارە هەرچی خراپەکاریيەك تورکیا ئەیکات ئەخرێتە ئێباڵی پ.ك.ك .
چیتر درێ مەکەن و بەنجن مەدەن و، ئەوە شایستەی ئەوە نین هەرێمی کوردستان بەرێوە ببەن و گەلی کوردستان لێتان تووڕەیەو گلەیەکانیان کەڵەکەی کردووەو ئەگەر بتەقێتەوە بەبی شك بەرپرسان رائەمالێنێت ، لە وڵاتان حکومەتێك شکست بێنێت دەست لەکارئەکێشیتەوەو لە کۆتاییدا پیویستە بنجن نا بحزبەکانی دەسەڵات ،شەق و تەهەدان و بە ناو دادپەروەری زیندانیکردنی ئازادیخوازان.

7/9/2021

بەچی شۆوەیەك دەستمانپێكردو بووین بەچی؟.. ئەحمەد رەجەب

وانەكانی ژیان :

لە پاش كۆبوونەوەی كۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق لە ئازاری 1978 و داواكردنی هەڵپژاردن ودانانی دەستوریكی هەمیشەیی بۆ وڵات، حزبی بەعسی عەرەبی رژێنامەی ـ الراسدی ـ راسپارد هێرش بكاتە سەر حزبی شیوعی و لە پاش سێدارەدانی كۆمەڵكی پرشنگدار لە هاوڕیان ودۆستانی شیوعی و، بارەگاكانی حزب لە پارێزگاو شارەكاندا كەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی بەعسیان و دەستكرا بە گرتنی شیوعییەكان و ئازادانیان بە شۆوەیەكی وەحشیانەو ، لە بەرامبەر ئەو كارانەی بەعس شیوعییەكان لە شارو لادیكان رووبان لە شاخەكان كردو لە چەند شوێنێك بارەگایان كردەوە.

كاتێك شاڵاوە چەپەڵەكە دژ بە هاوڕیان و بارەگاكان پەرەی سەند سەرەتا هەندێ لە هاوڕیانی شاری سلێمانی و دەوروبەرەی رووبانكردە ناوچەی قەرەداغ و لە بەر نەبوونی چەك وجموجۆڵی سوپای عێراق و جاشە چلكاوخۆرەكانی هاوڕیان بیریان كردەوە شوێنیكی گونجاوو شیاو بدۆزنەوەو، ئەوە بوو دەستنیشانی (بەلەبزان) لە ناو خاكی رژهەڵاتی كوردستان كراو لەوێ بنكە دامەزراو هاوڕیان لە عەرەب و كوردو تورك و ئاسوری سریان و ئەرمەن لە هەموولایەكەوە پەیوندیانكردو ژمارە گەیشتە 120 ـــ 150 هاوری و دۆستی حزب و ژیان زۆر قورس و دژوار بوو ، چەكمان كەم بوو 5 ـ 10 پارچە چەكی كۆن و، خواردنمان : بەیانیان و نیوەڕوان و ئێواران بریتی بوون لە نان و چاو، هیچ راخرەیكمان نەبوو لە سەر زەوی رەق وتەق ئەنووستین و، ئاسان نەبوو هاوڕیان خۆیان لە گەڵ ئەو بارو دۆخە بگونجێنن و حزب بە هیچ شۆوەیەك ئامادەكاری بۆ پێشهاتەیەكی لەو جۆرە نەكردبوو، بۆیە كاتێك سەدام حوسەین لە ساڵی 1979 ئەحمەدحەسەن بەكری لە سەر كورسی دەسەڵات لاداو بوو بە سەرۆك كۆمارو لە پاش قەسابخانەكەی سەدام دەرهەق بە تاقمێك لە سەركردەكانی حزبی بەعس بریاری لیخۆشبوونی گشتی دەركردو، هەڵكی باش بوو بۆ هاوڕیان كە لە گەڵ ئەو بارودۆخدا نەئەگونجان بەرەو ماڵەكانیان و ئەو شوێنانەی لێیهاتوون بگەڕێنەوەو، باری بارەگاكەیان سوككردو ژمارەمان كەم

بووەوەو چەند مەفرەزەیەك دروست بوو یەكێكیان بەناوی مەفرەزەی سڵەمانی بوو.

بە ناچاری و لە كارەكی مەترسیدارو گەشتەك بەناو سەربازگەو ربیەكانی سوپای عێراق كە هەموو كون وقوژبنێكی تەنی یوو مەفرەزەیەكی 50 كەسی بە چوار چەكی خراپ لە بنكەی (هەزارپەس) بەرەو تووژەە و زێ كەوتەرێ و لە پاش چەند رۆژێك مەفرەزەكە بە سەلامەتی گەیشتە بارەگای سەركردایەتی و دابەشبوون بە سەر بارگای سەركردایەتی و بارەگاكانی هاوڕیانی هەولێرو و رانیەو قەادزێ (پشدەر) و لە پاش هەفتەیەك یان زیاتر هاوڕیانی سڵەمانی داوایانكردبە مەفرەزە بەرەو ناوچەكانی پارێزگای سڵەمانی برێن و، لە پاش وەرگرتنی چەندپارچەیەكی چەكی خراپ وكێن مەفرەزەكە چووە ناوچەكانی دوكان و ماوەت و سڵەمانی و ئیتر بەو شێوەیە مەفرەزەكە هاتووچێئەكرد لە نێوان بارەگای سەركردایەتی و ناوچەكانی سڵەمانی و، لە رۆژی 24/3/1980 مەفرەزەكەمان تووشی شەرێكی قورس و سەخت و دژوار بووەوەو ژمارەمان 16 بوو 15 هاوڕێ وئەوی ترمان (سیخوری بەعسی عەدنان تاەقانی ـــ بابی هێمن ـــ بوو لە پاش ماوەیەك لە خزمەتكردنی حزبی بەعس، دەركەوت سیخوری بەعسە) و لە داستانی قزلەردا 5 هاوڕێ قارەمان شەهید بوون(عومەری حمە بچكێل ، حەسەن رەشید، شەفیق كەریم، كەمال مام هەمزە، موعتەسەم عەبدولكەریم) و، لە گەرانەوەدا داوامانكرد بارەگای تایبەتی بە ناو سڵەمانی بكەینەوە.
لە تەموزی ساڵی 1980 فڕكە جەنگییەكانی رژێمی بەعسی عێراق تۆپبارانی بارەگای حزبەكانی لە دێی حزبەكاندا لە تووژەەو نازەنگ كرد.
لە پاش دوو مانگ واتە لە مانگی ئەیلول مەفرەزەیەكی گەورە بە سەركردایەتی بەرپرسی پێشمەرگە نەمر محمود دیكتاریێف و سەرپەرشتی هاوڕێ بهاءالدین نوری (بابی سەلام) ئەندامی سەركردایەتی حزب بێ دەزینەوەی شۆنێكی گونجاو بێ بارەگای حزب كەوتەری و لە پاش دوو رۆژ بریاردرا لە (مەزرێ) لە نزیك دێی بێتوش بارەگا دابمەزرێنین.

لە رۆژی جەژنی نەورۆز (ئازاری 1981) لە سەر شاخی نێرێ نزیك لە سەربازگەكانی سوپای عێراق لە ناوچەی ئالان ئیزگەكەی حزبی شیوعی بەناو : ئێرە دەنگی كەلی عێراقە كەوتە ئیش و كەمەیك لە هاوڕیان وەك نووسەرو بۆژەر كاریان تیادا كردو لەوانە : عادل موخلس بەرپرسی هونەری ئیزگە، هاشم كوچانی، سامی سابیر، ئەحمەد رەجەب ، سامی المالح ، عەواد ناسرو كەسانی تریش وەك یارمەتیدەر : بدریە

محمد امین و گەلاوێژ نایب بەهام لە کۆتایی مانگی ئایار هەواڵ گەیشت رژێمی بەعسی عێراقی نیازی هێرشی هەیەو ئیزگەکە زۆر لە سەربازگەی سوپا نزیك بوو بریاردرا بە زووترین کات ئیزگە بێ خواروو‌ی شاخی نەرێ بێ کەپرەکانی سلێمان ئاغا بگوێزرێتەوەو لە پاش هەرەشەکانی بەعس بە چەند رۆژێك فڕۆکە جەنگییەکانی سەدام ناوچەی مەزنێی بۆردمانکردو لە ئەنجامدا دوو کەس لە دانیشتوانی ناوچەکە شەهید بوون و لە سەر بریاری سەرکردایەتی حزب ئیزگە لە 4/6/1981 بێ نێ کان گوازرایەوەو دواتر بێ پشتاشان و، بێ هاوین بارەگای حزب چووە دێێی موسا لە دامێنی شاخی زەردکەو لە پاش شەهیدکردنی هاورێی نەمر خەلیل کەبابچی لە دەرمان ئاوا لە لایەن تاقمێکی رووەرەش و بە کرێگیراو سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بارەگای حزب چووە سەروی دێی دولکان خانوەکانی مام ئەورەحمان پیاوێکی هێمن و پاك و لە پاش دروستبوونی مەبەدەکان، مەبەندی سلێمانی و کەرکوك چووە دێی حاجی مامەند.

پاش قەسابخانەکەی پشتاشان و هێرشە چەپەڵەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و نەوشیروان مستەفا لە ساڵی 1983 بێ سەر بارەگاکانی حزب، مەبەندی سلێمانی و کەرکوك رووی کردە ناوچەکانی قەرەداغ و دەربەندیخان و دەشتی شارەزورو لە دووایيدا لەم شوێنانە لە زەنجیرەی چیای سورینی سەربەرز بارەگای حزبمان هەبوو : هەزارستون" بانی شار، خۆرنەوەزان و ئەحمەد ئاوا.

لە پاش رۆککەوتن وئاشتبوونە لە نیوان حزب و یەکێتی بارەگاکانی حزب چوونە شارباژێر لە چاڵەخەزینەو چەمەك و سپیارو، لە دووای هێرشی ئێران بەناوی (والفجر نێ ـ الفجر التاسع) چووینە دێی (سیاگوێز) ی خاپوورکراوو وێرانەو پاشان حزب هێزێکی نارد بێ دێێی چافایەتی بە فەرماندەیی هاورێیان : حەمە ساڵح سورداشی ـ ماموستا سەردارو ئەحمەد رەجەب و لە پاش ماوەیەك چووینە قەرەداغ و بارەگای مەبەند چووە نزیك دێی ئەستێێی سەروو، حزب بارەگای تری هەبوو لە : گەرمیان بەتالیونی 4 ی گەرمیان لە دێی باوەکرو، بەتالیونی 7 هەورامان لە دێی شیوی قازی و، بەتالیونی 9 ی سلێمانی لە دێی کەسنەزان و، بەتالیونی 15 ی قەرەداغ لە دێی کێشکی حواروو.

لەو ساڵانەدا دەستکرا بە چالاکی سەربازی لە لایەن هاورێیانی پێشمەرگەو هاورییان ئازایانەو دڵێرانە بێ بەرز راگرتنی ناوی شیوعییەت روو بە رووی رژێمی خوێنرێژی بەعس بوونەو بە خوێنی خۆیان مۆژووی سەروەریان تۆمارکردو لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیتی نیشتمانی کوردستان و حزبی سوسیالیست توانیان شاروچکەی قەرەداغ ئازاد بکەن و هەروا بە تەنها شیوعییەکان شارۆچکەی نەوجولیان ئازاد کردو خەڵکی زۆر (سەربازو جاش و سیخور) بە دیل

گیران و، حزب بووه خاوەنی چەکێکی مەدێرنی باش و هەروا کەرەستەی پەیوەندی وەك جیهازی راکاێ و ئوتومبیل و تراکتور و موەلیدەی کارەباو و تەلەفزیونی رەنگاورەنگ.

هاورێیانمان وپێشمەرگە ئازاکانی حزب تێکۆشەرانی شیوعی قارەمانانە بەرنگاری پرسەی ئەنفالی چەپەیان کردو خوێنی خێیان بەخشییە گەل و نیشتمان لەو پیناوەدا شەهید بوون وەك : مولازم سامی، مولازم ئەبو یەسار، ماجد عەلی خەلیفە ، شوانی حەمە قتو، بارام هەورامی و هاورییانیان، لە دوای ئەنفالی قیزەوەنی گەرمیان گەراینەوە بێ قێبی قەرەداغ وپاشان لە گەل بریندارەکان کەوتینەرێ بەرەو دەشتی کۆیە، سماقوڵی وچەند رۆژێك لە ئاوەگرد بنکەیەکمان کردەوە بەێام زۆر نەماینەوەو بەرەو کاروخ و پشتاشان و رەزگە چووین تاگەیشتینە بارەگای حزب لە دێەکێگا و لە بەر زۆری ژمارەمان بارەگایەکی ترمان لە گوێزی دامەزراندو شایەنی باسە لە پاش پروسە چەپەەکانی ئەنفال هەموو هێزەکانی حزب لە سلێمانی و هەولێرو بادینان و سەرکردایەتی حزب بوونە میوانی ئێمەو، ئێمەش وەك مەبەند گومرکیکمان هەبوو سەرچاوەی ژیانمان بوو تەنانەت یارمەتی هاورێیانی رێکخستنی حزبمان ئەدا.
بەێ ، هاورێیانی سلێمانی و کەرکوك و گەرمیان لە سفرەوە بە بێ پارەو چەك دەستمان بە پێشمەرگایەتی کردو بووینە خاوەن پارەی بژێوی خێمان و چەکی جێراوجێری پاش.

نەمری بێ شەهیدانی حزب.
سەرشێری و مردن بێ دوژمنانی شیوعییەت.
16/9/2021

ئەلبێمی شەهیدان یان زیندووان؟.. ئەحمەد رەجەب

رۆژی 6/9/2021 لە هەولێر ئەلبێمێکی {334} لاپەرەیی بەناو : گەران بە دوای ئازادیدا بێاوکرایەوەو بیرکەوەی بێ هاورێ گێران کێیی دەگەرێتەوە هاورێ عومەر خدر کاکیل ئامادەی کردووەو لە راستیدا

نەمویست دوورو نزیك توخنی بكەمەوە بەڵام خودی هاورێ عومەر وتی پێمخۆشە رای تێ بزانم.
پێش هەموو شتێك دەستخۆشی لە هاورێیان : عومەر خدر كاكیل ، گۆران كۆیی ، جاسم خێانی و هاورێ سەعید شابۆ وەك (كۆمیتەی ئامادەكار) دەكەم و چاپكردنی ئەبەمەك بۆ شەهیدان كارێكی جوان و بە جێیە.
نامەوێت درێژە بە نووسین بدەم و دەمەوێت یەكسەر چەند تێبینییەك بخەمەروو :
ئەبەمەكە : قەوارەی بچوكەو لە ئەلبەم ناچێت و هەندێ وێنەی تیادایە لە باتی ئەوەی گەورە بكرێتەوە بچوك كراوەتەوە.
ئەلبەمەكە بۆ شەهیدان تەرخان نەكراوە چونكە زووربەی وێنەكان ، وێنەی هاورێیانی زیندووە.
شەهید سەربەرزییەو لە هەموو شتێك گەورەترەو هەمیشە ئێمەی شیوعی سەردادەنوێنین بۆ شەهیدەكانمان ، شەهیدان بۆ ئازادی و دادپەروەری خوێنی خۆیان بە گەل و نیشتمان و حزب بەخشیوە بەڵام لە ئەلبەمەكدا ناكرێت وێنەی شەهیدێك زیاتر لە 27 جار بڵاوبكرێتەوە لە كاتێكدا سەدان شەهیدمان هەیە ، راستە هاورێ عومەر زۆر بە ئەمەك و بە سۆزە بۆ شەهید عوسمان خدر كاكیل { سەركەوتی} برای و، پێویسە بزانێت وەك ئامادەكار چۆنچۆنی وێنەكان دابەش دەكات.
باشتر وابوو ئەلبەمەكە ناو بنرێت ئەلبەمی : پەخشان زەنگەنە و هاورێ ئارام لە بەر ئەوەی 18 لاپەرە بۆ پەخشان دانراوە لە گەل بڵاوكردنەوەی 24 وینەوەو ، 15 لاپەرە و 29 وێنە بۆ ئارام تەرخانكراوەو خۆزگە لە باتی ئەوان وێنەی شەهیدان دادەنران و بڵاو دەكرانەوە.
نازانم لە سڵەمانی و كەركوك و گەرمیان شەهیدی هەیە ؟ جگە لە شەهیدان دایكی سەربازو سەربازو كچكردووان : حەمە رەشیدی نانەوا { مام بارام } و مەحمود دیكتاتۆر هیچی تر دیار نییە.
پیتی ژێر نووسەكان زۆر وردن و بە زەرەبینیش ناخوێنرێنەوە.
باشتر وایە لە داهاتوودا بایەخ بدرێت بە بڵاو كردنەوەی وێنەی شەهیدان و بە لایەنی كەمەوە یەك دوو دێر لە سەر شەهیدان بنووسرین وەك رۆژی لە دایكبوون، باری كەمەایەتی، لە كێ شەهید كراوە.
نازانم كەمەی پێشمەركە دێرینەكانی حزب لەو چالاكییە ئاگادارەو رۆی چییە؟
7/9/2021

دووشەهیـد شیـوعی و وزەیـەك لـە تـێكۆشان.. ئەحمەد رەجەب

** شەهید محەمەد ناسر حوسەین ئەلحەداد

پاش کردەوە گـاوەکەی عەزیز ئەلحاج و کەرتکردنی حزب لە 17/9/1967 دا حزب تووشی ئازارو تـێکشکان بوو رێکخراوی شاری ئەلکوفەش لەو ئازارو ناخـۆشییەدا بـێبەش نەبوو ، هەموو رۆژێك رژێمی خوێنرێژی سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبی خەڵکیان دەگردو کورد واتەنی (رەشبگیری) بوو، لە سەرەتای سـاڵی 1968 دا لاوێکی کرێکار هاتە ناو ریزەکانی حزبی شیوعی عـێراق،
هاورێ محەمەد ناسر حوسەین ئەلحەداد کرێکار بوو لە کارگەی (الاحذیة الشعبیة) و، بە هاتنی بـێ ریزەکانی حزب رێکخراوەکەی ئەلکوفە پەرەی سەند و هاورێ چووە ناو قوتابیان و مامـۆستایان و کرێکاران و جوتیاران و رۆشنبیران ، رووی لە هەموو لایەك کردو چووە : ئەلعەباسیة ، ئەلبوحداری (علوة الفحل) و ئەلموهـی و ئەلکفل و هتد... لە پاش سـێ مانگ هاورێیان پـێشنیازیان کرد ببـێتە ئەندام و بەداخەوە ئەو کات هاورێ (مەهدی ئەلخەیات) کە لە رێی ئەوەوە هاورێ محەمەد هاتە ریزی حزبەوە قایل نەبوو وازی لە حزب هـێناو ، دەبوو شانازی بکردبا یەکـێکی بلیمەتی بـێ حزب هـێناوە و، ئەم هاورێیە لە پاش شەش مانگ کرا بە ئەندامی لـێژنەی بنکەیی (لجنة قاعدیة) و بـێ خوێندن و بەرزکردنەوەی بیرو هوشیاری حزب ناردیە وەاتیکی سـیاسیستی و، لە پاش تەواو کردنی خوێندن لە گەڕ هاورێیانی و، لە کاتی گەرانەوەیاندا بـۆ ات لە لایەن تاونباری رووڕەشی خوێنرێژ (عیسا سوار) وە شەهید کران. بەڵی ئەو نامەردە چەپەڵ و دـزە {11} هاورێی شەهید کردو تا ئـستا پەردە لە سەر ئەو تاوانە قیزوەنە لا نەدراوە.

** شەهید عەباس زرار وزەیەك لە تـێکـۆشان
تووڕە دەبیت ، دەستپـێدەکەیت/
کاتی دیاریکراوی ، شـۆرش لە بەردەکەیت
لاوێکی تازە پـێگەیشتووی باڵا بەرزو گەنم ڕەنگ ، لە پاش بە کارهـێنانی رژێمی دیکتاتـۆری سەدام خوسەین وحزبی بەعسی عەرەبی گازی

خەردەل و سیانید لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی کوردستان : دۆڵی جافایەتی ، هەڵەبجە ، قەرەداغ ، گەرمیان ، شێخ وەسان ، دەشتی هەولێرو بادینان و لە پاش ئەنفالە چەپەڵەکان لە بنکەی حزبی شیوعی عێراق لە دۆڵە کێگا پێشمەرگە بوو ، گورجوگۆ و زیتەڵ و وریا و ناوی تەواوی :
عباس زرار عمر ناسراو بە { کرێکار} لەساڵی ١٩٧٢لەشارچکەی سەنگەسەر لەدایک دەبێت ، لەساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بەڕێکخراوەکی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراقەوە دەکات، لە ساڵی ١٩٨٨ دچێتە شاخ و دەپێتە پێشمەرگە.
لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو بە بۆنەی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق { 31/3/1974} شاعیری شیوعی فایز ئەلزوبەیدی شێعرێکی لە ژێر ناونیشانی { بنووسە} بۆ کردەوەو منیش کردمە کوردی و لە ڕۆژنامەی بیری نوێ بڵاوکرایەوەو دەڵێت : بنوسە : ناوی شیوعییەکان" ناوی کوژراوەکان، ڕاپەڕینەکان ، شۆرشەکان و لە کۆپلەیەکدا دەڵێت :
تووڕە دەبێت و دەست پێ دەکەێت
کاتی دیاریکراوی شۆرش لە بەر دەکەێت
شەهید عەباس ئەو کۆپلەیە هەمیشە لە سەر زاری بوو دەیوتەوە.
بەڵێ لە کاتێکدا ڕاپەڕین و شۆرش لە کوردستاندا بەرپا بوو هاوری کرێکارو هاوڕییانی لە ڕیزی پێشەوە بوون ڕق و چەکی خۆیان ئاراستەی دوژمنان کردو ئاواتی کرێکار هاتەدی و کاتی دیاریکراوی شۆرشی لەبەرکردبوو جێبەجێی کردو بوو بە مەشخەڵ ، بوو بە چرا، بەڵێ بوو بە شەهیدی حزب ، لە 7/3/1991 لەچیای هەیبەسوتان لەگەڵ چەند هاوڕێیەک شەهید دەکرێن.
ڕووڕەشی و مردن بۆ دوژمنانی شیوعییەت.
25/8/2021

بۆ ئەوەی ببیتە دیموکرات .. عەبدولسەتار نور عەلی.. و:

ئەحمەد رەجەب

بۆ ئەوەی ببیتە دیموکرات (1)
دەستەکانت بخەرە ناو گیرفانی هەژاران
لە پاشماوەکان خۆی بکەو
تۆ بەیاسای کەرتی تایبەتی پارێزراویت

بۆ ئەوەی ببیتە دیموکرات
پاروو لە دەمی برسییەکان بدزەو
تۆ بە یاسای هۆشمەندی پارێزراویت

بۆ ئەوەی ببیتە دیموکرات
بروانامەی قەبی (2) خوێندن
یان مۆزەری درۆو ساختە
یان فوتۆکردنێکی درێزنانە بکەو
تاڵان بکە ، برفێنە ، بانقێك بدزە
نەوت بە قاچاغ بەرە !
تۆ بە سیستەمی " پەلەوەرەکان بە سەر شۆوەکانیان دەکەون (3) "
پارێزاویت

بۆ ئەوەی ببیتە دیموکرات و
بەشدارێکی نیشتمانپەروەر
میلیشیایەکی تایفەگەری دروست بکە
یان تیمێکی سەلەفی
یان بەرگرییەکی ئازایەتی
یان باندێکی مافیایی
یان تاقمێکی سیاسی شەلاتی
" تۆ سەرکەوتوویت لە " گەرەکی هەرکەس بۆ خۆی "

بۆ ئەوەی ببیتە دیموکرات
پەرداخێکی بیکاری شاراوە (4) بخەرەوەو
بۆ شاراوە
تا بن پەرداخەکەو
قایل بە ! و
قایل بوون گەنجینەیەکە لەناو ناچێت

بۆ ئەوەی ببیتە دیموکرات
ببە بە خوراك بۆفەرو تێکشکاو ! و

بەوەش قایل بە کە گەورەکەیان وتی
ئازادی دیموکراسی دادپەروەری بەبێ قایلبوون
تەنها بە ئاژاوە یان بەلێدان یان بەهەڕشەك رووبدات
یان بە گەمارۆی دزەکان سوودبەخش بێت
یان بە سەرکەکی دارین بێند بکرێت
ئەوان پەیکەریان کۆشا دایاننا جوانیان کرد
فوویانتێکرد گەورەیان کردەوە
درۆزیان کرد پانیان کردەوەو
وەك پۆلیس و پاسەوان دایاننا
پاشان فرێشتیان و کردنیان بە نەعل و گسك
کردیان بە مشکێك لە کونکدا خۆ بشارێتەوە
یان لە پشتی دیوارە روخاوەکان
وازیان لە خەڵك هێنا بێ شەرو ئاژاوەو
بێ دانەکانی درندەو هارین و
بێ تۆرورو کەپەکانی خواردن و
بێ ئەوەی بە دیموکرات بمێنیتەوەو
شارستیانە لێت رازی بن بێ ماف و دادپەروەری
بە سویاسەوە بێ خاوەنی پاپۆرە جەنگییەکان کرنوش ببە
بە کاردانەوەی پێاوەکان
دبیتە خاوەنی گۆرانی وکورسی و دانیشتنەکان

شاعیری گەورە : عەبدولسەتار نور عەلی**
وەرگێر : ئەحمەد رەجەب

_____

(1) بێ ئەوەی ببیتبە کەسکی دیموکراتی.
(2) تەزویر
(3) Birds of feather flock together
(4)) بێکاری شاراوە بە روسی : скрытая безработица
7/8/2021
** شاعیری گەورەو لێهاتوو بەتوانا لە برایانی کوردی فەیلییە، مامۆستایەکی دیاری بواری پەروەردەو نووسەرکی دەوشاوەو رۆژنامەنووسیکی سەرکەوتوو خاوەنی گەنجینەیەکی شیعرەو بە جوانی کێشەو گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەخاتەروو.خاوەنی چەندین کتیبە.
.

.

ژیـــــان چییـــــه؟.. شیعـــــری عەبدولسەتار نور عەلی.. وەرگـێر ئەحمەد رەجەب :

جگە لە بەرهەمهـێنانی ژیان !
مرۆڤ لە پـێشکەوە (1)
تا گـرەکەی (2)
لە سەر دزوی ژیان
هەناسە برکـێیتی..
بۆ ئەوەی لە ژیاندا!
بمـێنـێتەوە
خەلك دەپرسـێ و :
ئایا لە ژیاندا
ماوە ؟!
لاوەکە تیرە یان برسییە ،
پۆشتەیە یان رووتە ،
پـێدەکەنـێ یان دەگری ،
راوەستاوە یان دانیشتووە ،
سەردەکەوێ یان دەدەخوارێ
بە ئاگایە یان نووستوە
زانایە یان نەخوێندەوارە
هەمووی لە ژیاندا نییە
ئەگەر بـێتوو دێ ستایەتی سۆز (3)

سیمای (4) مردن بـێت ..
لە رێی ژیاندا

وترا : ئەو مرد ! وتیان :
ئەرێ ، ئەو دەنگـێکی بەجـێهـێشت
خەڵك گوێی لـێبـێت؟ و

ئایا ئەو زانیاریيەکی بەجێهێشت
سوودی بۆ خەڵك هەبێت؟ و..

ئایا نەوەیەکی بەجێهێشت
خەڵك ئاشتبکاتەوە؟ و..
ئایا تەختێکی(5) بەجێهێشت
خەڵك بپارێزێت ؟ و..
ئایا هونەرێکی بەجێهێشت
خەڵك دڵخۆش بکات ؟ و..
ئایا نانێکی بەحەپهێشت
خەڵك تێر بکات ؟ و..
ئایا کراسێکی بەجێهێشت
خەڵك داپۆشێت؟ و..
ئایا سەقفێکی(6) بەحەپهێشت
خەڵك کۆبکاتەوە ؟..
بۆیە ئەوەی وتی.. :
"" ئەو کەسەی شتی بەجێهێشت نەمردووە"، ..
تا ئێستا لە ژیاندایە !.

شاعیری گەورە : عەبدولسەتار نور عەلی**
وەرگێر : ئەحمەد رەجەب

16/7/2021

تێبینی :
(1) لە سەرەتای ژیاندا
(2) تا مردن
(3) هاوڕێتی روح
(4) کارتێکردن، وێنە، بەگە
(5) تاج ، تەختی شاهانە
(6) بان، سەربان
عەبدولسەتار نور عەلی** : خاوەنی گەنجینەیەکی شیعرەو بە جوانی کێشەو گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەخاتەروو. خاوەنی چەندین پەرتوکەڵ و، ژیان چییە لە 26/10/2013 نووسراوە.

ئالان و کریارێکی سویدی : فرین بە سەر بەفردا.. شاعیر: نەجم خەتاوی

ئالان

شاعیر : نەجم خەتاوی
وەرگێر : ئەحمەد رەجەب

کورە جوانەکەم
هەشت ساڵانە
یارییەکی پێشکەش کردم
ئۆتۆمبێلێکی شین
قەوارەکەی پاکێتە شقارتەیەك بوو
(بیبە باوکە
لە کاتی بێزاری
سوودی هەیە)
دونیای شەو
کاتێك بێزاری میوانم بوو
ئۆتۆمبێلەکەی ئالانی بچکۆلەم دەرهێناو
دەستم بە یاریکردن کرد
توت توت توت .....
__ * __ * __ * __
کریارێکی سویدی
شیعری : نەجم خەتاوی*
وەرگێرانی : ئەحمەد رەجەب
پێنج ساڵ تێپەری
دێتە دوکانەکەم
جگەرەو
رۆژنامەو
شیرینی دەکڕێ و
هەموو جارێك
لە بارەی
عێراق و
سیاسەت و

هاوکاری قسەم لە گەڵدا دەکات و
ڕۆژکیان کاتێك تورەبوو
بە هێ ی شتێکی قیزەوەن
جنێوی پێدام
هاواریکرد
بگەڕەوە بۆ وڵاتەکەت
ئەی بێگانە
ـــ نەجم خەتاوی* : شاعر، لەساڵی 1957 لە پارێزگاری کوت لە دایك بووە، چەندین ساڵ پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراق بووەو ئێستا لە سوید نشتەجێیە. ئالان و کریارێکی سویدی لە پەرتوکی ـــ تحلیق فوق الثلج (فرین بە سەر بەفردا Hovering over the snow) وەرگیراون.
9/7/2021

لە حاجی مامەند بەرەو قەرەداغ و دەربەندیخان.. ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان :

هاوڕیانی مەبەندی سلێمانی و کەرکوك لە مانگی نیسانی 1983 ئاگادار کرابوون کە ساردی و گرژی لە نێوان حزب و یەکێتی نیشتمانی کوردستان(ینك) هەیەو، بۆ ئەوەی حزب تووشی شەر نەبێت ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕیان بە تایبەت هاوریانی عەرەب و ئەوانەی پێویستیان بەتیمارکردن هەیەو ناردیان بۆ نەخۆشخانەکانی دەرەوەی وڵات نێردران بۆ سەرکردایەتی حزب لە پشتاشان و ، هاوڕێ برایمی سۆفی مەحمود { بابی تارا} لە گەڵ مەفرزەیەك لە دڵی حاجی مامەند ڕەوانەی ئەحمەدئاوای هەورامان کرابە نیازی دۆزینەوەی شوێنێك بۆ بارەگای مەبەندو لە بەرەبەیانی 30 ی نیسان (ئەپریل) هاوری بەهادین نوری (بابی سەلام) و هێزێکی گەورە بەرەو قەرەداغ کەوتنەڕێ.

لە ڕۆژی 1 ی ئایاری 1983 لە پشتاشان شەر بوو، ئێمە نەمادەزانی شەرەو مەبەندی یەکی ینك چێ بوو هەموو پێشمەرگەکانیان ڕەوانەی

پشتاشان کرابووون بۆ بەشداری کردن لە کوشتنی شیوعییەکان و ، لە هەمووی سەیرتر بە بۆنەی چەژنی کرێکارانی جیهان شاندێکی مەبەندی یەکی ینك پێکهاتبوو لە كاك سالار عەزیزو یەکێکی تر هاتن بۆ پێشکەشکردنی چەژنە پیرۆزەو و من هاوڕێی کۆچکردوو مەحمود دیکتاریۆف پێشوازیمان لێکردن و، لە 2 ی ئایار هەرچی هێزامان هەبوو بە فەرماندەیی هاوڕێ مەلا عەلی بەرەو قەرەداغ کەوتینەڕێ ، واتە مەبەندی سلێمانی و کەرکوك لە حاجی مامەند نەماو چێکرا.
لە دێهاتی کەماڵان و دەروەن فەقەرەو ئەو ناوچانەی بووین رادیۆکەی ینك مزگێنی و مژدەی سەرکەوتنی قەسابخانەکەی پشتاشانی بۆاو دەکردەوەو نەوشیروان مستەفا کەسی دووەمی ناو یەکێتی بە شانازی و لووتبەرزییەوە ئەیقیژاندو دەیوت "" تەحریفییەکانمان"" مەبەستی شیوعییەکان بوو کوشت و کەمیان ماوە پەروباڵیان دەکەین و لەناویان دەبەین و، حزب زۆر جار تووشی وشەی لە ناویان دەبەین بووەتەوەو درندەترینیان شاڵاوەکەی حزبی بەعسی عەرەبی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو بوو، هیرشە چەپەڵەکەی پشتاشان کە پێشتر لەلایەن سەرکردایەتی ینك پەلانی بۆ دارێژرابوو بووە هۆی شەهیدکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کادیرو پێشمەرگەکانی حزب بەڵام بە کۆرایی چاوی دوژمنان لە هەموو ئەو جارەشاڵاوانە شیوعییەکان سەربەرزو روو سووربوون و دوژمنان سەرنەویی وسەرشۆرو دڵراوو روو زەرد بوون.

لە ڕێگادا بەرەو قەرەداغ لە 2/5/1983 چەکدارێکی (ینك) مان بەناوی رەحیم گرت و لە پاش چەند کاتژمێرێك ئەو کادیرەمان بەرەڵا کردو، نەمانزانی چەکدارەکانی ینك لە دێی مەسێیی قەرەداغ ترسنۆکانە بەسەیان بۆ هاوڕیانمان داناوە ، بەڵێ ، لە 2/5/1983 لە دێی مەسێیی قەرەداغ چەکدارەکانی مەبەندی یەکی ینك کەمینێکیان بۆ مەفرەزەیەکی 7 کەسی لە هاوڕیانمان داناو ئەم دوو قارەمانە : کادیری پێشکەوتوو نەجیب شیخ محەمەد قادر { گەران} و کامیل ئەحمەد سەمینی کانی ساردی شەهید بوون و، ئەم تێکۆشەرانە : کامەران عەلی عەبدولقادر{ کامەرانی عەلە رەش} و سالەحی مینەی گەوهەرو رەووف حاجی محەمەد کاکەوڵا گوڵانی { جەوهەر} بریندار کران و هەردوو پێشمەرگەی ئازا حەمە سەعیدو ئیسماعیل بەدیل گیران.

هێزەکانی حزب لە قەرەداغ بڕاوەیان پێکرا لە دێهاتی : ئەستێ و کەشك و تەکییەو سۆسنان و، من لە گەڵ هاوڕێی چاونەترس و ئازا تەوفیق فەتحوڵلاو ژمارەیەك پێشمەرگەی دڵێر لە ئەستێ ماینەوەو،واتا ئێمە لە هێڵی پێشەوە بووین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان و لەو کاتانەدا ژمارەیەك چەکداری ینك ویستیان دەست

بوەشێنن و لە یەکەمین هاواری هاوڕێ تێکۆشەر تەوفیق رایانکردو تا نزیك دەی چەمی سمێر بەدوایان بوو بە زەر وبە هاوارکردن هاوڕێ تەوفیق گەرایەوەو بێ لامان و ئەوەی سەیرەو جێی ئاماژەیە لەو بارە دژوارەدا دوو پێشمەرگەمان لە بن دار برویەك خەوتبوون و چەکەکانیان کردبوو بە چێکی دارەکە و من هاوریيەك بە ئیسپایی چەکەکانمان هەڵگرت و دوورمان خستنەوەو لە دووری نزیکەی50 مەتر دوو سێ فیشەکمان تەقاندو هەردوو پێشمەرگەکە بە ئاگا بوون و هاتن و داوای چەکەکانیان دەکردو ئێمەش وتمان ملی ئەم ڕێگایە بگرن بڕۆن بێ دەی تەکییە و ئەبو سەلام لەوێیە و چەکەکانتان لەوی وەرگرنەوەو ویستیان دەمە دەمە بکەن بەڵام وتمان ئێوە لەلایەن ئێمەوە دەرکراون و تا زووە بچن وفڕ بن ئەگەر جارێکی تر خەوتن با چەکەکانتان لە ژێر سەرتان بێت.

هێزەکانمان لە گەڵ هێزی حزب لە قەرەداغ و گەرمیان یەکیان گرتەوەو ، بەسەر دێهاتی دێوانەو باوەخۆشێن و ئیمام قادر بێاوبوونەوەو، ڕێکخراوەکانی حزب لە دەربەندیخان و دیهاتی دەورو پشت خواردن و پێداویستییەکانیان گەیاندە پێشمەرگەکان.
بێ ئێوارەکەی لە سەر شاخ لە نزیك ئیمام قادر چەکدارەکانی ینك کەوتنە تەقەکردن لە هاوڕیانمان کە لە سەر شاخ بوون و لە پاش چەند سەعاتێك تەقەکردن لە نێوان هاوڕیان و چەکدارەکانی ینك هەڵهاتن وشاخەکەیان بەجێهێشت و چوون و، لەو ڕۆژانەدا لە باوەخۆشێن براژنم خانزادو بەشێك لە خزمان لە دەربەندیخانەوە بە کەباب و گۆشت وچێشتی گەرمەوە هاتن بێ دیدەنیم.

لە 10 ئایاری 1983 لە دەی دێوانە ڕێککەوتنامەیەك لە نێوان حزبی شیوعی عێراق بە نوێنەرایەتی هاوریيان : مەلا عەلی و نەسرەدین وشیخ سعید و یەکێتی بە نوێنەرایەتی : حەمەی فەرەج، ماموستا ئەنوەرو مەلا ئیبراهیم واژوو کراو سەرجەم هاوڕیان 6 ، 7 کەس نەبێت هەر هەموو دژی ڕێککەوتنەکەی ابو سلام و ملا بەختیار بوون و هەندی لە هاوریيان ئەوەندە بیزار بوون ودەیانوت ئەبو سەلام دەکوژین وئەبو سەلام ناچارکرا پاشگەز بێتەوە لەو ڕێککەوتنامە پر شەرمەزاریيە و ئەم خالەش بووە هۆی سرکردنی و پاشان دەرکردنی لە حزب.

بریاردرا هێزەکانی حزب بەرەو شارەزور بروات و دیارە ئاسان نییە هێزێکی گەورە لەناو دوو دوژمندا و پەرینەوەی لە جادەی نێوان دەربەندیخان و سلێمانی گوزەر بکات بەڵام بە سەلامەتی هێزەکانی حزب پەرینەوەو کە چووینە عازەبان و ئەحمەدبرنەو ئالان و حاسێ و قەڵوەزەو کانی بەردینەو دیهاتی شارەزور چەکدارەکانی یەکێتی بە

نیازی دەستوەشاند بوون و چەندین جار هەوڵیانداو زەرەریانکردو و ژمارەیەك بەدیل گیران و یەکێك لەو چەکدارانەی لە دڵی سواری بە بریندداری گیراو بردمانە دڵی تەپەکەل و بە رێزەوە لەلایەن پزیشکەکانی حزب تیمارکراو رۆژیك دواتر بەخەڵکی دڵکە رەوانەی لای هێزەکانی ینك کرا.

هێزەکانی بەرەی جود لە شارەزور یەکیانگرتەوەو بریتی بوون لە : حزبی شیوعی عێراق ، پارتی دیموکراتی کوردستان ، حزبی سۆشیالیستی کوردستان و پاسك و . هپزەکانی حزب لە شارەزور گەورەترین هێز بوو بۆاو بوونەوە بە سەر دێهاتی ناوچەکەو تووشی شەری قورس بوونەوە لە گەڵ سوپای حزبی بەعس و دیکتاتور سەدام حوسەین و جاش و. لە شەری ئەحمەد برندە هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە شەر بوو. دوو هاورێ بە سوکی بریندار بوون بەڵام لە داستانەکەی سوڵەمیشدا لە 25/9/1983 دوو هاوری: یاسین حاجی قادرو جەلال وێندەرێنەیی لە حزبی شیوعی عێراق و قارەمان شیخ جەمال لە حزبی سوشیالیستی کوردستان شەهیدبوون و سێ هاوریمان بەدیلی کەوتنە دەستی دوژمن و ئەوانیش : محەمەد فەرەج { غەمبار} ، ئاراس ئەکرەم { ساماڵ} و کازم وروار { یوسف عەرەب} و، لە 27/9/1983 دەسەڵاتی فاشیستی بەغدالە ڕێی چلکاوخۆروجاش رەشەی ساڵحە لە سەر ڵگای هەڵەبجە ـــ سید سادق گوللەباران کران و. لەو کاتانەدا یەکێتی لە گفتوگۆیەکی گەرم بوو لە گەڵ رژێمی بەعسداو هێزەکانی چەندین جار هێرشیان کردە سەر هێزەکانی حزب بەڵام شکستیان هێنا..

هیزەکانی بەرەی جود کەمیان کردو ئەندامەکانیان رەوانەی بارەگاکان دەکران و لەبەر نزیکی شارەزور لە سەربازگەکانی دوژمن حزب هەستی بە بارگرانیکردو بۆاوەی بە هێزەکانی کردو ژمارەیەکی باشی بۆ ناوچەی شەمێران ناردو لە مانگی تشرینی یەکەم { ئەکتەبەر} هەرچی هێز هەیە لە شارەزور کشایەوە بەرەو شاخی سورێن ـ بانی شارو ئەحمەدئاواو کەرەجاڵ.

28/6/2021

لە حاجی مامەند بووم.. ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان :

لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی 1983 گەیشتمە بارەگای حزب لە دڵی حاجی مامەندو هاوکات بارەگای مەڵبەندی یەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ینك) لەوێ بوو بە هۆی لووتبەرزی (ینك) وسیاسەتی قورخکاری نێوان ینك وپارتی (پدك) کە ینك ناهێڵیت پدك بێتەوە ناوچەکانی سلێمانی و بە شێك لە ناوچەکانی هەولێرو پدك رازی نابێت ینك بچێتە ناوچەکانی بادینان و بوچوونەکانی حزبی شیوعی عێراق (حشع) وەك ئەندامێکی بەرەی جودهەوڵی دەدا ئالوزی وناکوکی لە نێوان لایەنەکان نەمێنێت.

ینك بە هۆی کەسانی گومراوو ئاغاو دەرەبەگ بەشێکی باڵادەست بوو لە دروستکردنی ئاڵوزی و، لە سەرەتای ساڵی 1980 وە دەستیانکرد بە پروپاکەندەی هیچ و پوچ بۆ نموونە لە ئایاری هەمان ساڵدا لە رۆژی 1 ئایار بۆ سوکایەتی پێکردن بەرپرسێکی یەکێتی لە وتارەکەیدا شەکری شکاندو وتی ئێمە (دادەی !؟) حزبی شیوعی عێراقماندا داوە وەك بڵێت کوردستان تەنها موڵکی ئەوانەو، ئەو گەرەلاوژەیەی ئەو بەرپرسە دەنگیدایەوە ناو رێکخستنەکانی حزب وپێشمەرگەو بە کارێکی خراپ و دوژمنکارانە ناوبراو تا ماوەیەك حزب هەوڵی هێوەرکردنەوەی بارودۆخەکەی دەداو ئەو رەفتارە یەکێك بوو لە سەدان رەفتاری لەو چەشنەو دەر هەق بەحزبەکانی ترو هەردەم لە هەڵکشانا بوو.

ـــ لە مانگی شوباتی 1983 لە دڵی قولەگیسکانی شارباژێر نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ینك) ئاسو نوری لە گەل نوێنەرانی بەرەی (جود) پارتی دیموکراتی کوردستان (پدك) و حزبی سۆشیالیستی کوردستان (حسك) بە مەبەستی ئاشتبوونەوەو وازهێنان لە قورخکاری و شەری یەکتری رێکەوتنێکیان واژوو کردو شایانی باسە دوو ئەندامی حزبی شیوعی عێراق هاورێیان { عەبدوڵا قەرەداغی ـــ مەلا عەلی و شیخ سعید} وەك شایدحاڵ و چاودێر ئامادەبوون هەرچەندە حزب لە بەرەی جود بوو بەڵام دژی شەربوو، لە پاش ماوەیەکی کورت لە مانگی ئازارو نیسان (ینك) لە دەوروبەری دڵی چاڵە خەزێنە بەبۆ گوندان بەو رێکەوتنە شەری دژ بە (پدك وحسك وپاسك) هەڵگیرساندو مەلا بەختیار بەرپرسی مەڵبەندی یەکی ینك لە رێی جەهازەو هاوری دەکردو هانی چەکدارەکانی دەداو دەیوت ئەم خاییننانە بکوژن و دەریان پەڕێنن و، ژمارەیەك پێشمەرگە شەهیدبوون و زەرەروزیانێکی زۆر بەر هێزەکانی

جود کەوت.
ـــ رۆژێکیان تووشی سەر ئێشە بووم ودوکتور هەڤاڵ دەرزییەکی لێدام و لە پاش کاتژمێرێك هەستمکرد باری تەندروستیم خراپتر بووەو پێستی لەشم رەش دەبێت و دەرژێمەوەو دکتوریان ئاگادر کردو ئەویش بە قەڵەمباز لە خەستەخانەکەی حزب گەیشتە بارەگای مەبەند (نێوان خەستەخانەکە و مەبەند 100 ـــ 150) مەتر بوو منی بینی یەکسەر وتی ژەهراوی کراویت ودیارە ئەو دەرزییە کە بەکارمان هێنا ژەهرای بووەو هاوری بەهادین نوری هات و منی دی ورووی کردە هەڤاڵ وتی جێتان زیندانەو پێویستە لە بەرچاوم نەبیت، دوکتور هەڤاڵ وتی : هیچ دامەپۆشن و بزانن کێ دەرزییەکانی ناردووەو کێ هیناویەتی دیارە حزبی بەعس دەرزی ژەهراوی رەوانەی بارەگاکانی حزب دەکات و ئێستا کاتی لێپرسینەوە نییە با دوو سێ پێشمەرگە یارمەتیم بدەن هاورێ ببەمە خەستەخانەکەو هەوڵدەدەم چارەسەری بۆ بدۆزمەوەو منیان هەڵگرت و گەیشتمە خەستەخانە و هەڤاڵ دوو سێ دەرزی تێکاو کردو وتی هیوادارم هەڵگەرانەوەی پێستت بەرەو رەشی رابگرێت و لە شانسی من دوای رۆژێك دوکتور نازم جواهری(دکتور دڵشادو دوکتور ئیمان سەلام عادل) گەیشتن وبۆ ماوەی چل رۆژ لە ژێر چاودێری دوکتور دڵشادو دکتورەکان بووم وچاکبوومەوە و، داوام لە هاورێ بابی سەلام کرد لە دکتور هەڤاڵ هاوریی خوشەویستم خۆش بێت و کارەکەی بە مەبەستی چاکبوونەوەی من ئەنجامداوەو زۆر هاورێمە و ئەو کارە کاری بەعسییەکان بووە.
ـــ بۆ 31 ئازار جەژنی دامەزراندنی حزب هاورێ بەهادین کۆبوونەوەی پێکردین و بریاردرا ئاهەنگ بگێڕن و خۆی وتاری حزب بخوێنێتەوەو منیش وتاری لاوان وپێشمەرگەو مەبەستی هاوری ئەوە بوو سەنگ و قورسایی حزب پیشانی خەڵکی دڵی و میوانەکان (یەکێتی) پیشان بدەن و، هەرواش بوو لە 31 ی ئازاردا هاورێ بەهادین وتاری حزب و منیش وتاری لاوان و پێشمەرگە خوێنرانەوەو لە پاش گۆرانی و هەڵپەرکی ئاهەنگ کۆتایی پێهات.
ـــ هاورێ بەهادین وەك بەرپرسی یەکەمی مەبەندی سلێمانی و کەرکوك دژی سیاسەتی حزب بوو نیازی هەبوو لە گەڵ بەرپرسێکی باڵای یەکێتی حزبێکی سیاسی دروست بکەن وهەر لەو رووەوە دژایەتی هاورێیانی ڕکخستنی دەکرد کە هەموویان عەرب و کادیری لێهاتووی حزب بوون بە سەرپەرشتی هاورێ عەدنان عەباس ئەندامی کومیتەی ناوەندی و شایانی باسە هەندی لەو هاوری قارەمانانە شەهید بوون وەك : هاورێ رەسمییە جەبر (دایکی لینا) و هاورێ شاکر و ژمارەیەکی تریش و پرۆژەکەی ئەبو سەلام سەرینەگرت و بووە هۆی سرکردنی وپاشان بانگ کرا بۆسەرکردایەتی حزب بۆ لێکولینەوە بەلام هاورێ بابی سەلام رایکردو

ئەوەش بووە هۆی دەرکردنی لە حزب.
21/6/2021

دووبابەتی نەجم خەتاوی شیعری شاعیر: نجم خەتاوی وەرگـر: ئەحمەد رەجەب

1 ـــ سەردان
کاتێك دە ساڵان بووم
پورم هەڵگرتم (1)
بەرەو دۆڵی نەجەف (2) و
لەوێ
لە لای گۆڕی باپیرم
لەو نیوەڕۆیە
لە ئابدا
دڵەکە زور گەورە دیار بوو
ترسناك و
گۆڕەکان بەبێ کۆتایی
چۆڵ و بێ رەنگن
پورم رەشپۆشە
گریان و واوەیلایەتی
منیش ئاو دەڕژم (3)
بۆ ئەوەی گۆڕەکە تەرکەم
روحی باپیرم ئاسووده بێت
لەو نیوەڕۆیە
لە ئابدا
(1) ـ بردمی
(2) ـ دۆڵکی بەناوبانگە دەکەوێتەی خواروی پارێزگای نەجەف.
7/6/2021
2 ـ لەیەکچوون
لە هەموو چاخەکان و

لە هەموو زەمەنەکاندا
خۆری وسپلەو
گەوادەکان و
بکوژەکان
وەك یەکن (1) و
ئەگەرچی جیاوازن
لە ڕەنگ و
تام و
بۆن
(1) لەیەکدەچن
7/6/2021

چاکسازییە یان یاری چاوشارکێیە؟.. ئەحمەد ڕەجەب

لە ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو { لە ماڵێکی حزب بووم} و هەرلە لە دەستپێکردنی پڕۆگرامەکانی تەلەفزیونی بەغدا تا کوتایی واتە لە داهەوە (1) بو داڕ تەماشای بەرنامەکانم دەکردو هەمووی لە سەر جوانکردنی سەدام حوسەێن و ڕژیمەکەی بوو وا زیاتر لە ساڵێکە بە هوی کوروناوەو چوار نەخوشی (موزمن) لە ماڵەوە خوم کەڕەنتین کردووەو شەو ڕۆژ باسی موچەو شاندی حکومەت دەکرێت و ئەو کات بەو هەموو هێزەی سەدام دوو ویستگەی تەلەفزیون هەبوو بەلام ئەمرو لە سایەی دزی و فڕوشتنی نەوت حزبەکانی دەسەڵات هەریەکیان خاوەنی ژمارەیەك ویستگەیە.
حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی شکستیخواردو، دیارە کێشەی زۆری بێ حکومەتی داهاتوو هەشتەوەو منیش کە زانیم مەسرور بارزاتی دەبێتە سەروك وەزیران لە ژێر ناونیشانی : ئایا مەسرور بارزانی ئەتوانێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات؟ مەبەستم کێشەکانی کابینەکەی نێچیرڤان بارزانی بوو ، ئەو کێشانەش بریتی بوون لە : شێوەی هەڵسوکەوت لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر بەناو "" دراوسێکان"" کە چاویان لەوەیە سامان و نەوتی میللەت هەڵلوشن ، بنبرکردنی گەندەڵی، فڕشتنی نەوت و، پارەکەی ئەدرێ بە کێ یان ڕاستر ئەچێتە گیرفانی کێ؟

هەرچەندە حکومەتەکەی مەسرور بارزانی پرۆژەیەکی بەناو چاکسازی راگەیاند بەڵام ئەو پرۆژەیە لە یاری چاوشارکێی منداڵان دەچێت و تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووەو باشتر ئەوەیە لەمەو بەدوواوە خەڵك چەواشە نەکەن و، واز لە فیزو خو بە سەرکەوتوو نەزانن چونکە حکومەت :
ئەوەندە شاندی ناردە بەغداو هەموو جارێك بە کۆی دروودەلەسەی بەشیر حەداد جگری سەرکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و هاوشێوەکانی هاتوونەتەوەو گەلی کوردستان متمانەیان بەو شاندانە نەماوە و. ماوەی شەش ساڵە هاوڵاتیان رۆژانە گوێیان لە وشەی شاندەو ئەم وشەیە بووەو بە قەوانێکی سواوو ناوی دەبەن و بووەتە جێی پێکەنینی خەڵك و بەرپرسان ئەوەندە وتیان شاند هات و شاند چوو کەس گوێیان لێ ناگرێت و بە درۆزن و فێڵباز و ساختەچی ناویان دەبەن و لە بەرامبەریشدا ئەمان هەر خەریکی پارە کۆکردنەوەن بۆ خۆیان و خزان و ماستاوچییە زورناژنەکانیان.
پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە ــ 250 ــ هەزار بەرمیل نەوت رەوانەی بەغدا بکات بۆ کۆمپانیای هەناردەی نیشتمانی (سۆمۆ) لە بەرمبەردا حکومەتی ناوەند پشکی ساڵانەی هەرێم (بودجە) و موچەی فەرمانبەران بنرێت بەڵام حکومەتی کوردستان ئیفلیجە بە هوی ئەوەی بۆ ماوەی 50 ساڵ بە بەلاش دەبێت نەوت هەناردەی تورکیا بکات و، تا ئەو گرێبەستە قیزوەنە هەڵنەوەشێتەوەو ئەوانەی واژویان کردووە نەدرێنە دادگا باری هەرێمی کوردستان ڕوو لە خراپتر دەکات بویە ئەم پرسە پێویستی بە بڕیارێکی نیشتمانییە و ئەوەش ئەم حکومەتەی کوردستان دەستی بەستراوەتەوە و ناتوانێت ئەو بڕیارە بدات و ، بەڵێ ئاستەمە هەرێمی کوردستان بتوانێت بڕیارێکی نیشتمانی دەربکات و بە تورکیا بڵێت: چیتر پابەند نابین بەو ڕێککەوتنامە پر شەرمەزارییەو نەوتی کوردستان نادەین بە ئێوە چونکە ئەو ڕێککەوتنامەیە بە نهێنی و بە بێ ئاگاداری خەڵکی کوردستان واژووکراوەو، هەروا ئاستەمە حکومەتی کوردستان رۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت بدات بە بەغداو بە هیچ چەندین گرێبەست لە گەڵ کۆمپانییەکانی نەوتداو حکومەتی ناوەندیش بە هوی بێری شوڤەنیستیانەی ژمارەیەکی زوری کاربەدەستان موچە رەوانەی کوردستان ناکەن .
شکستهێنانی حکومەت لە چارەسەرکردنی موچەو پاشماوەی موچە ولێبرینی لە 21% موچەی فەرمانبەران و، چارەسەرنەکردنی موچەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانانی سیاسی باری حکومەتی قورستر کردووەو کەس متمانەی بە حکومەت نەماوەو ئەگەر زوو بەزوو چارەسەر نەکرێت بارودۆخەکە دەتەقێتەوەو مێژووش چارەنووسی بەرپرسان ئاشکرا دەکات

و دەبنە جێی نەفرەت و رادەماڕێن.
چارەسەرنەکردنی کێشەی ئافرەتان و نەهێشتنی توندوتیژی و، لە هەموو شتێك سەیرتر بکوژان دەستگیر ناکرێن و سەربەستان دەسووڕێنەوە.
گرتنی روژنامەنووسان و داتاشینی دروی نابەجی و ، باشترین نموونە روژنامەنووسانی دهوك وبادینانەو تومەتی هەبەستراویان خستوونەتە پاڵیان و، سەرەرای ئەو بارودخەیان ناهێڵن چاویان بە پارێزەرو کەسوکاریان بکەوێت بەڵام بەعسییەکان وەك گەورەترین دەسەڵاتی درندە ئەو مافەی زەوت نەکردبوو.
داڵدەدانی جاش موستەشارەکان و چێکاوخورانی ئەمن و ئیستخبارات و بکوژانی پێشمەرگە لەلایەن دەسەڵاتەوەو هەندێ بەرپرس بەوانەش نەوەستاون و خوێان بە پێشمەرگەی عەیار 24 ناو دەبەن کەچی هەندێکیان لە گەڵ جاش موستەشارو ئەنفالچییە رووڕەشەکان وێنە دەگرن و دیارە شانازیش بەو ڕەفتارەیان دەکەن.
حکومەت دەستوپێی بەستراوەتەوەو لە ئاستی تورکیای ڕەگەزپەرست لاڕەو نقەی لێوەنایەت و بەهیچ شێوەیەك ناوێرێت سەرکونەی تورکیا بکات لە داگیرکردنی خاکی کوردستان و لە ئێستاشدا دەستیانکردووە بە بردنی دارودرەختی کوردستان و دوێنی وتەپێژەکەی حکومەت زور کەساسانە وتی کردەوەکانی تورکیا جێی قبوڵ نییە و لە مەیانی شانامەکەی ڕەفتارە چەپەڵەکانی تورکیا دەخاتە ئەستوی (پ.ك.ك) و نازانێت گەلی کورد وشیارەو جەنابی وتەبێژ پاساو دەهێنێتەوە بو ئەوەی روخساری دڕندەی تورکیا سپی بکاتەوە.
حکومەت بایخ دەدات بە خاین و ترسنۆکی هاتوو پاشماوەی حیزبی بەعس و رژێمێ خوێناویی کۆی سەدام حوسێن بە ناوی سوننەوە، هەر هەموو ئامانج لە سەر بژێوی خەزانی پێشمەرگەو هێزارو کرێکارو جوتیارو خەڵکی بێ دەرامەتی کوردستان نان دەخون ، لە ئوتێلی پێنج ئەستێرە لە هەولێر دەژین.

لە کوردستان سەروك حزب دەست دەخاتە ناو کاروباری حکومەت و ئەوەش کارێکی نەگونجاوەو، ئەگەر حزبێك ڕێ بەخوی بدات ئەو دەستیوەردانە بکات ڕێخوش دەکات حزبەکانی تریش هەمان کار ئەنجام بدەن و ئەوکات ڕوێی لاوازی حکومەت لاوازتر دەبێت.
سەبارەت بە پارتی کرێکارانی کوردستان { پ:ك ك} بووەتە ترسێکی گەورەو زورجار هەڕشی توند دەکرێتە سەری و لە بەرامبەردا تورکیای ڕەگەزپەرست خاکی کوردستان داگیر دەکات حکومەت ورتەی لێوەنایەت و ئەوەتا تورکیا دارو درەختی کوردستان دەبرێت و دەیبات بو ناو تورکیاو ئیتر پیویست ناکات پاساو بو تورکیاو داگیرکردنی کوردستان بێنەوەو دیارە وەك لە نووسینیکدا وتوومە (لە چنگی عروبە بو

گەرووی ئەتاتورك) بووە بە راست و بە كوردی پەتی نیازوایە كوردستان بفروشن.
پێویستە هاوڵاتیانی كوردستان بدەنگ نەبن و بە حكومەت بڵێن ئیتر بەسە درۆ و سەرپێچی و قەیران دروست مەكەن و مووچەی شەهیدان و مامۆستاو فەرمانبەرو ئەنفالكراوەكان و زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگەو خانەنشینان بەبێ لێبرین بدەن و، هەوڵ بدەن بە راستگۆیی هەڵسوكەوت بكەن و كەس فریو مەدەن و، بە ناردنی شاندو هاتنەوەی شاندو لە كۆمەڵك درێیی ئامادەكراو دوور بكەونەوەو چیتر خۆتان ریسوا مەكەن و، ئەگەر ناتوانن ئەو گرێ كوێرەیە كە خۆتان دروستان كردووە بكەنەوەو چارەسەر بێ كێشەو گیروگرفتی هاوڵاتیان بدزنەوە واز لە حكومەت بێنن و، دەست بەرز بكەنەوەو راشكاوانە بڵێن شكستمانخواردووەو ناتوانین بەردەوام بین.
(1) لە داڵەوە بو داڵ ، داڵ نیشانەی تەلەفزیون بوو لە دەستپێكردن وداخستنی ویستگەكە داڵەكە دەر دەردەكەوت.
1/6/2021

رۆژێك لە ناو شیوعییەكان نەبووم.. شاعیری گەورە: عەبدولستار نور عەلی

وەرگێران لە عەرەبییەوە بۆكوردی: ئەحمەد رەجەب

لە 6/3/2011 بە پێی بریارێك لە سەرۆك وەزیران هۆزێكی سەربازی چووە سەر بارەگای حزبی شیوعی عێراقی لە گۆڕەپانی ئەندەلوس و بارەگای رۆژنامەی تەریق ئەلشەعب لە شەقامی ئەبو نواس لە بەغدا بە مەبەستی چۆڵكردنیان و، ئەو بریارە رۆگا بە حزب نادات چالاكی بنوێنت وخەڵكێكی زۆر سەبارەت بەو بریارە دەستیان بە نووسین كرد ومن پێشتر ئەمەم نووسیبوو ئێستاش بە باشی دەزانم جارێكی تر بڵاوی بكەمەوە. (یەكشەممە : 13/6/2011).
وتیان شیوعی ، وتم :
هەركەسێ تیشكی خور لە ناوچاوەكانی بدرەوشێتەوە ،

گەرمی زەوی لە دێیدا لە زمانیدا، پێاش ئاو دەدات و،
پەروەردگاری شیعرو گوفتارو بیرو راستگۆیی وتن و
خۆشەویستی خەڵك و سەرکردەی خەڵك
رۆگای گەل لە تەکۆشان بە دەست و بە زمان و بە دێ و،
مافی نیشتمانی دزراو لە ئازادی سورو روحی گۆرانییەکانی ،
ئاشتی دونیا ، ئاسایشی گەل بەشێکی زۆری ئاواتەکانیەتی
رۆپیشاندەرێ چێبوونی وڵاتێکی پەککەوتە لە سینەو
لە برسێتی ، لە هەژاری
لە نەخوێندەواری تەشەنەکردوو
دەڵێن : شیوعی !
من کە لە سوچێکی باکوری رۆژئاوای زەوی دەژیم
من هەڵگری ئەم لێدانەم
من لە سەر هەردوو پێم وەستاوم
بتەو جێگیر
لە قوڵاییی رەگ وریشەی زەویدا
رۆژێك لە رۆژان لەناو شیوعییەکان نەبووم بەڵام چاومان بەیەك کەوت
و. جیاوازیش بووم
رۆژێك لە رۆژان شێوەیەك ، ئاڵایەك ، یان فیشەکێك نەبووم
بەڵام
بە هەموو دەنە ئاسایی و ناسکە بۆنخۆشەکانی
خۆشمویست
لە چاوانمدا جێی ئەستێرەم کردووەتەوە و، خواردمەوەو ،
بەرزبوومەوە
هەوری شاخ و دێ و دەشت وباران و روبارەکان و
دارخورماکان و هێرەکان و
شارە گەورەکان وبچکۆلەکان و،
کێانە تاریکەکان و برسێتی ،
ماڵە قورو تەنەکەو چێەکان ، یاسایی نین
لە نەخشەی جیهان لە رۆژهەڵات و لە رۆژئاواو
لە باکورو باشور
لە گەرکی هەموو هەژارانی بێهێزو ، بەهێزەکان بە شێرش و، بە
خۆشەویستی
بە خەونی نیشتمانێکی ئازادو بەختەوەر
بە *یوتوبیای (1) مرۆقایەتی
هەرگیز رۆژێك لە ناو فایلەکان نەبووم و
هەروا لەوەی چاوی گۆڤارەکان باسی بکەن
بینم و، گەرام و، چاودێریم کرد، هەوێستەم کردو، خوێندمەوە

ئەوەی سەرمایەو بەیان و، چیرۆك و شیعر دەیڵێت
گۆرکی ، مایکۆفسکی ، لۆرکا، ئاراگۆن ، نیرۆدا و کازانتزاکیس،
بورگیس و، مارکۆزو
هەموو ئەدیبە بەشەرفە گەورەکان بە پیت و بە روناکی
بە ئەڤین و، بە ئارەزوو ، بە یەکسانی ، دادپەروەری و
دارمانی دیوارلە نێوان رەنگ و رەنگداو،
لە نێوان ئاین و ئایندا،
لە نێوان کۆمەڵك و کۆمەڵکدا و دەرکەوتم
لە دونیای پر لە خەبات ، بە گوفتار،
بە خەونەکان ،بە کۆتر ، بە ئاشتی ،
بە برین ، بە ئاگر ، بە ئەڤین و ،
بە روح و دڵان
قەت رۆژێك لەناو مۆژوودا نەبووم بەبێ خوێندمەوە.
لە بارەی پاریس و، کۆمۆنەیەکی میللی و خەونێکی شۆرشگێری و
لە بارەی شۆرشی ئۆکتۆبەرو
ئەو دە رۆژەی حیهانی ئارام وجۆگیری هەژاند
گەندەڵ، ستەمکەر، ترسنۆك ، وەستاو لە سەر ئاگرو ئاسن و،
خنکاو لە ستەم و کۆت زەنجیرو جەنگ و خوێن و چۆك.
لە بارەی لورکا و ئیسپانیا خوێندمەوە
لە سەر فەهدو مانگرتنەکەی گاورباغی و
لە سەر هەڵمەتەکەی کانونی 1948 و
راپەرینەکەی تشرینی 1952 و
شۆرشی تەموزی 1958 و
قەسابخانەکەی شوباتی و1963 و
لە سەر بەرەکەیان
لە سەر جیاب ، هوشی منە ، چیڤاراو دوبریە خوێندمەوە
سانتیاگۆ و ئەڵندی
هەروا گورباتشوف ، یەلتسن ، شیڤارنادزەو بەرلین
من حەزم
لە دەنگی ئەلسەیاب و، ئەلنەواب و، ئەلئەخزەر کوری یوسف والریفی
مەحمودو
روشدی ئەلعامل ، ماجد ئەلعامل ، خصباك و، شەمران و فەرمان و
دەرویش ،سەمیح ئەلقاسم ، معین بەسیسو ، ئەمیل حبیبی و... حەننا
مینا ، نەجیب سرور ، سەڵاح عەبدولسەبورە.
گەشتم کرد
بە ناو دەریای گۆڤارەکان کە بە سور ناونران
نە زەردو نە رەش ،

سور !
بەڕێ
کە گوڵی سوری خۆش ناوێ
بیبەخشێت بە دایك ، بە هاورێ و خۆشەویست
ئەو حزبەی کە ڕۆژێك نەدەنگی بووم نە سەبەری
بەڵام یەکتریمان دی
(جیاوازیش) بووین ؟!

26/5/2021

_____ _ _ _ _ _.

تێبینی :
*یوتوبیا (1) : جیهانی خەیاڵ

ساری (1).. نەجم خەتاوی*.. وەرگێران لە عەرەبییەوە: ئەحمەد رەجەب

ـــ شۆن ـــ
گوندێك لە شاخەکانی کوردستان
ناوی (بڕۆ) یە
ـــ کات ـــ
یەکی ئایار
پێنجی بەرەبەیانە
بەیانییەکی بەهارییە
لە سەرخۆ
وەدردەکەوێت
ژماردنەکە بۆ سەرەوە دەستیپێکرد
تەقەش دەستیپێکرد
***
بەرەبەیانی یەکی
ئایارە

(برایانی دوژمن) (2)
هەرشیانکرد
لە پێنجی بەرەبەیاندا
بەیانییەکەی ئەمەیان (3) کوشت
خوێنکی سور رژا (4)
لە سەر گردێك
لە دووری وێاتەوە
لە نزیك گوندێك
ناوی (بێێێ) بوو
خوێن رژاو لە گەێ
خێێەکە تێکێاوبوون
***
پێنجی بەرەبەیانە
ئای لە سوری خێێەکە
لە نێو بێدەنگی شوێنەکە
بێدەنگییەکی ترسناك
هەموو شتێك
پرسیارەکە پێچایەوە
***
29/4/2021
تێبینی :
(1) ساری : بەدویەکە پەیوەندی بە شێرشەوەو کردو لەلایەن ئەو کەسانەی پێیان دەوترێت (برایانی دوژمن) بریندر کراو، وشەی بەدو بەو تاك و قەبیلەو عەشیرەتانە دەوترێت شوێنی نیشتەجێبوونیان نییەو دیارنییەو هەمیشە گەرکن.
(2) برایانی دوژمن ناوی کتێبکی نووسەری ناسراوی رووسە فیدور دیستوفسکی بە رووسی Братья-враги русского писателя Федора Достоевского
3)) بەیانییەکەمان
(4) پێشمەرگەو هاوڕیانی حزبی شیوعی عێراق لە پشت ئاشان لە یەکی ئایاری ساڵی 1983 خوێنیان رژاو شەهید کران . (بە دەستی تاقمکی سەرکێش و خوێنرێژ بە سەرکایەتی نەوشیروان مستەفا).
• نەجم خەتاوی : لە ساڵی 1957 لە شاری کوت لە دایکبووە ، شاعیرکی عەرەبە و، پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراق بوو، خاوەنی چەندین پەرتوکی شیعرەو، ئەم شیعرەی لە پەرتووکی : وداعا للسفوح وەرگیراوە.

تەکۆشان لە پێناوی وشەی ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان :

پاش ئەوەی رژێمی دیکتاتۆری هەموو دەرگاکانی بەرووی چالاکی ئەدیبان و نووسەرانی پێشکەوتنخواز لە کوردستان داخست و بە هەموو شێوەیەک کەوتە هەوڵدانی سرینەوەی ئەدەبی پێشکوتخوازی کوردی لەلایەک و, لەلایەکی تەرەوە پشتگیرکردن لە بیری شۆڤێنیستی ودواکەوتن و, دوژمنیاتیکردنی گەلی کوردو زمانی کوردی و نەمانی یەکێتی نووسەرانی کوردو، لە کۆتایی ساڵی 1980 ئەو یەکێتییە چالاکانە پەرەی بە ئەدەب و ڕۆشنبیریداو قەت نەچووە ژێر رکێفی فاشیستەکان و ئەوان دیانوێست ببێتە زورنایەک لە زورناکانی پیاهەڵدان و پروپاگەندەی بەعسیان.

نووسەرو ئەدیبانی کور دبە بوغزو تووڕەییەوە دژی بریارەکانی بەعس بوونەوە ئەوەش لە دوو خاڵدا دەردەکەوێت : یەکەمیان ژمارەی ئەو کوردانەی کە چوونەتە ناو ئەو یەکێتییە کە حزبی بەعس دروستیکردووە گوایە یەکێتییەکە بە هەموو عێراقییەکان لە پێنجەکانی دەست تێناپەڕن و دووەمیان بانگەوازێک لەلایەن ژمارەیەک لە نووسەرو ئەدیبانی پێشمەرگە بە نووسەران و ئەدیبانی کورد لە 3 ی کانونی یەکەمی 1980 بەناوکرایەوە لە گەڵ بانگەوازەکە (دەستەی کاتی یەکێتی ئەدیبانی کوردستان) ڕاگەیەنرا وەک درێژەپێدان بەهەمان ئامانجی پیرۆزی { یەکێتی ئەدیبانی کورد} و هەروا بەشداریەکی ئەدیبانی کوردە لە شەرشی نوێی گەلی کورد بە تایبەتی و گەلی عێراق بە گشتی و لە بانگەوازەکە هاتووە :

هیچ نەماوە تەنها بەرنگاربوونەوەی توندوتۆژ دژ بەو کردارانەی بەعسییە فاشیستەکان نەبێت و، بە پاکی ومتمانەوە شان بە شان لە گەڵ ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان بەرگری لە باوو نەریتی پیشکەوتنخواز بکەین وەک چۆن ئەدەب و ڕۆشنبیری بە درێژای مێژوو پارێزی لەکردووەو، بانگەوازەکە بەرووی ئەوە دەخاتەروو کە دروستبوونی ئەم یەکێتییە بە ئامانجی پاراستنی { ئەدەب و هونەری

پەسشکەوتووخوازی نەتەوەکەمانە} و، دووربەست لە چەواشەکردن و تایبەتمەندی رەسەنی نەتەوایەتی بپارێزێت و قووڵتر بکرێتەوە و بەرنگاری ئەدەب و هونەری دووا کەوتوو ببێتەوە کە هاوەدەدان بە چەواشەنەکردن وپەرەدان بە رەگەزپەرستی و تیرەرو تاوان و دژیانەوەت موراڵ وئەخلاق ونەریتسەدەکانی ناوەراست و تاریکستان لە کوردستان و هەموو عێراق بەاو بکەنەوە
لە دوای کردەوەکانی رژێمی دیکتاتۆری حزبی بەعس دەستەی کاتی ب نووسەرانی شاخ کەوتەکارکردن و لەم بارەزانە پێکهاتبوو : ئەحمەد دەزار، محەمەد عەباس (حاجی مەمە) ، رەفیق سابسرو هەڤاڵ کۆستانی ئەبو بەکر خوشناوو، زنجیرێک کێبوونەوەیان ئەنجامداو، لە کێبوونەوەیەکدا بریاردرا دەستەی دامەزرێنەر کێبکرێتەوەو ورەخراوەکی ئەدەبی سەربەخۆ بە هەموو نووسەرانی شاخ بەبی جیاوازی بیرو بۆچوون و حزبایەتەتیان پێکبهێنرێت و ناوی { کەمەڵەی نووسەرانی کوردستنان } بێت و، لەو کێبەنەوەیەدا ئەمانە ئامادە بوون : ئەحمەد دەزار ، رەفیبق سابیر، حوسێن بەفرین ، محەمەد رەنجاو ، عەباس محەمەد (حاجی مەمە) ، شەهاب عوسمان ، هاشم کۆچانی ، ئەبو بەکر خۆشناو ، فەرید ئەسەسەرد ، ناسر حەفید ، ئەحمەد رەجەب، ئەرسەلان بایزو هەڤاڵ کۆستانی و، هەر لەو کێبوونەوەیەدا بریاری دەرکردنی گۆڤارێک بە ناو { پەروو} دراو ، ژمارە یەکی لە ئازاری 1980 بەاوکرایەوە و لە پاڵ وتاری ژمارەکە بانگەوازی دەستەی کاتی بە نووسەران و ئەم بابەتانەی تیادابوو : شیعری بەرەنگاری ـ ئەبو بەکر خۆشناو،ئەدەب و شەرش ـ محەمەد رەنجاو, چاوپێکەوتن لە گەڵ شاعیر سەڤەت یەڤشینکە (وەرگێران) ، دەربارەی رەخنە لە فارسییەوە ، ژانی برسییەکان ـ شاعیری شەهید جەمیل رەنجبەر (پەشمەرگەی یەکەتی بوو لە کەتایی ساڵی 1980 شەهید بوو) ، چوار هەنراوە ـ رەفیق سابیر، چوار هەنراوە ـــ هەڤاڵ کۆستانی ، دوو هەنراوە ـ مامە نالە، هەنراوەیەک بە شەهیدی شیوعی وهونەرمەند موعتەسەم عەبدولکەریم ـ رەحیم عەزیز ، دوو هەنراوەی شاعیری ئێرانی خەسرەو گۆسورخی ـ وەرگێرانی بابی ئازاد ، دەرخ (چیرۆک) فەرید ئەسەسرد، دوو چیروک زەکریا تامر ـ وەرگێرانی کاکە باس لە عەرەبییەوەو ، لە چیرۆکەکانی چیرۆکنووسی ئێرانی شەهیدی نەمر { سەمەد بەهرنگی ـــ بەدەستی شای ئێران و دەزگای هەواڵگیری ساواك ـ لە رباری ئاراس خنکاو شەهید کرا} ـــ وەرگێرانی ئەحمەد رەجەب لە فارسییەوە.
سەرەرای گیروگرفت و کۆشەی زۆر دەستەی کاتی توانی (پەڕەی پێرەوی ناوخۆی یەکەتی ئەدیبانی کوردستان) ئامادە بکات و گۆڤارەکە لە (پەروو بە نووسەری کوردستان) بگەڕێت و ،

ئەمجارەشیان بە شێوەیەکی باشترو و هەروا ناوەرۆکەکی دووەمەندوبەاوکرایەوەو، ناوی یەکێتییەکەش بوو بە { یەکێتی ئەدیبانی کوردستان}.
کۆمەڵەی کوردستان :
لە هاوینی 1984 ئەمەی نووسەرو رۆژنامەوانانی پێشمەرگە لە بنکەی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وشکەناو لە نێوان خەرنەوزان و ئەحمەدئاوا کە لە هەمان کاتدا بارەگای لقی سێی پارتی بوو کۆبوونەوەیەکمان کردو، لەو کۆبوونەوەیە دا ئەم برایانە ئامادە بوون : سەید فەتحوڵا کاکەیی کارگێری لقی سێ ، ئازاد قەرەداغی – ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و بەرپرسی لقی سی، مامۆستای پەروەردەو نووسەرو هونەرمەند فەهمی کاکەیی ، پێشمەرگەی شاعیر رزگار کاکەیی (وەڵە) ولە حزبی شیوعی عێراق ئەحمەد رەجەب و, ، لەوەدا بریاری دروستکردنی کۆمەڵەی نووسەرو رۆژنامەنووس و هونەرمەندانی پێشمەرگەی دیموکراتی عێراقمان داو، ئەم کەسانە بوونە دەستەی سەرکایەتی : عەبدوڵا قەرەداغی (فازل) سەرۆک ، مامۆستا فەهمی کاکەیی و ئەحمەد رەجەب و، گڤاریکمان بەناوی هەمەت دەرکرد و پێناسەکەی : هەمەت گڤارێکی وەرزییە – لقی کەرکوك و سلێمانی { کەمەی نووسەرو رژنامەنووس و هونەرمەندانی پێشمەرگەی دیموکراتی عێراق بە کوردی و عەرەبی دەری دەکات} وئەم کەسانە بوونە دەستەی نووسەران: عەبدوڵا قەرەداغی (فازل) ، مامۆستا فەهمی کاکەیی و ئەحمەد رەجەب.
14/4/2021
تێبینی :
کتیبی : ئەو رۆژانەی نیشتمان هی هەموان بوو ت هەڤاڵ کۆستانی.
ئەرشیفی رۆزدار مامستای پەروەردەو نووسەرو هونەرمەند فەهمی کاکەیی.

شەهیدی نەمر حەمید مەجید قادر زەهاوی.. ئەحمەد رەجەب

لە خزانێکی هەژاری دێی هەرێن وشخانی ناحیەی مەیدانی سەر بە قەزای خانەقین لە ساڵی 1952 سەدەی رابردوو منادێکی چاوگەش بە

ژیان چاوی هەڵناو ناوی حەمیدیان پێی بەخشی و، لە کاتی هاتنی کەمپانیای دروستکردنی بەنداوی دەربەندیخان خەزانە هەژارەکەی چیای خەشك و سەرتەك و بەمۆ رووبکردە دەربەندیخان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان.
مەجید قادر زەهاوی بابی حەمید مرۆڤکی قسەخۆش و نیشتمانپەروەرو دەستی حزبی شیوعی عێراق بوو توانی دوکانێك بکاتەوەو بژێوی خەزانەکەی دابین بکات و حەمید بخەنە بەر خوێندن و، هەر لە مێرمنداڵییەوە پەیوەست بوو بە بیری شیوعییەت و هەمیشە لە شیوعییەکان نزیك دەبووەوەو لە سەر رێنەمایی ڕێکخراوی حزبی شیوعی عێراق لە دەربەندیخان کە هانی لاوانیان دەدا بچنە ناو ڕێکخراوی لاوان و قوتابیان و تیپە وەرزشییەکان و، هەر زوو حەمید پەیوەندی کرد بە تیپی فوتبۆڵی دەربەندیخان بوو بە یەکێك لە باشترین و ناسراوترین یاریزانانی ئەو سەردەمەو شان بە شانی اسماعیل نیعمەت و ابراهیم رەجەب { بیللی} و حەمە یان لە هۆڵی پێشەوە یاری دەکرد.
حەمید لاوێکی گورجوگۆ و بزێو بوو هێشتا سیخورو ئیستخباراتی سەربازی نەیانکرد بوو بە ئامانج بۆیە زۆرجار نامەمان بۆ هاوڕیان لە دێی گوێان و بانیخێلان دەنووسی بە دەستی حەمید دەیاننارد و لەوێشەوە نامەو ڕاگەیاندنەکانی حزبی دەهێنا بۆ شارو لە کۆتایی ساڵی 1969 و سەرەتای 1970 بەتایبەت لە پاش مێرکردنی بەیاننامەی 11 ی ئازارەوە هاتە ناو کاری حزبییەوەو لە گەڵ هاوڕیان لەتیف و نەجیبی شیخ محەمەد کەوتەکارکردن و، لە نەورۆزی 1970 ناحەزانی حزبی شیوعی عێراق هەرەشەیان لە شیوعییەکان دەکردو دەیانوت نابێت شیوعییەکان ئاهەنگ بگێڕن و ئەوەی وتار بخوێنێتەوە دەیکوژین و، لەپاش ئاهەنگگێران ناحەزان ویستیان نەجیب و حەمید تووشی دەمەقاڵەوشەر بکەن و ئەمانیش مەردانە هاتنە مەیدان و نەیانهێشت ناحەزان بگەنە ئامانجە گاوەکەیان.
هاوڕێ حەمید { سەرتەك} بەردەوام بوو لە ئیشکردن لەناو ریزەکانی حزب و لە بەر ئازایەتی و چاونەترسییەوە سیخوڕەکانی دەزگای ئاسایش (ئەمن) کەوتنە سووسەی و، ئەوە بوو لە 28/6/1985 لە لایەن ئەمن و ئیستخبارات دەستگیر کراو پاشان وەك سەربازی هەڵاتوو ڕەوانەی یەکەی سەربازی سیف سەعەد کراو لەوێ لەلایەن دادگاکانی سەدام حسینی خوێنڕژو حزبی بەعسی عەرەبی دادگایی دەکرێت و هەندێ تووممەتی بێ دروست دەکەن و لە کۆتاییدا ئەوەی ویستیان بە سەریان سەپاندو فەرمانی گوللە بارانی لە گەڵ کۆمەڵێك گەنجی عەرەب بێ دەردەکەن.
هاوری حەمید هەڵکی بێ دەرخەسێت و لە چنگی چەکاوخۆرەکانی سەدام و حوسەین و بەعسییەکان دەرباز دەبێت و ڕوو لە شاخەکانی کوردستان دەکات و ڕزگاری دەبێت و، دیسانەوە پەیوندی بە ریزەکانی حزبەوە

دەکات و پەرە بە تێکۆشان دەدات.
لە راپەڕینە شکۆدارەکەی گەلی کوردستان چالاکانە بەشداری دەکات و، چەکی مەردایەتی هەڵدەگرێت و لە ئازادکردنی شارەکانی کفری و خانەقین شان بەشانی هاوڕێکانی بەشدار دەبێت.
هاوری حەمید لە خوێندنداتا پێلی سێ ناوەندی خوێندووەو لە پاشان بێ یارمەتی خێزانە گەورەکەیان دەستی لە خوێندن هەڵگرتوو بێ ئەوەی شان بە شانی باوکی و براکانی بژێوی خێزانەکەیان مسۆگەر بکەن و، هەروا هاورێ رەفیکی باشی بووە لە دروستبوونی یەکێتی لاوانی دیموکرات لە کوردستان و تا شەهید بوونی ئەندامێکی چالاکی لقی کەرکوکی ئەو یەکێتییە بووە.
لە ساڵی 1992 بووەتە ئەندامی فەخری یانەی وەرزشی دەربەندیخان بەداخێکی زۆرەوە لە کاتی سەردانی خزمەکانی لە هەڵەبجە لە شەوی 28 لە سەر 29/6/1950 لە کاتی شەری نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆشیالیستی کوردستان بە گوللەی وڵ شەهید دەبێت.
هاورێ حەمەد خێزان و چوار کور بە ناوەکانی (پێشرەو ، ئایار، هاوارو هەژار) جێهێشت و، شایانی ئاماژەیە خێزانەکەیان ، خێزانێ (مەجید قادر زەهاوی) بە کورو کچ و براو ونەوکانی خێزانێکی نیشتمانپەروەرە و تێکۆشاوە لە شیوعی و حزبەکانی تر.
سۆاو لە یادی بەرزفری شەهیدی نەمر حەمید مەجید قادر زەهاوی { سەرتەك} و گشت شەهیدانی ڕێگای ئازادی گەل ونیشتمان و حزب.

31/3/2021

بەردەکان.. شیعری شاعیری گەورە: عەبدولسەتار نورعەلی**

لە عەرەبییەو بێ کوردی : ئەحمەد رەجەب
بەردێك لە سەر شانی هەڵدەگرێ
بە سەر شاخی ئازارەکان هەڵدەکشێ
سەردەکەوێ
دێتەخوارەوە
لە بازنەیەکدا ، ئاسۆش تاریکە ،

عەمار هاوارکەی بەند دەکات (1)
سیزیف بەردەوامە ، دڕاوە وەك لاستیکی لێهاتووە (2)

[illegible]

بەردە رەشەکە ماچی کرد ؟
ژمارەی دەمەکان نازانرێت
هاوشێوەکانیشی
*

بەردێك لە سەر سنگی لاوازی
سوممیەیە (3)
چەند قورسە !
چەند بێهێزە!
گوێ دەگرێ
ـــ ئەوەی بڵگوناحە
با بەرد فڕبدات !
*
گوێت لە دەنگێکە بەرزدەبێتەوە (4)
لە پشت جوزەلەکانی مانەوە (5)
ـــــ ئەوەتا ئێمە دەجەنگین
بەرگە دەگرین
بەردباران
بارقورسی
لە گەل قورسی بەردەکان ئاشناین
28/3/2021

** ژمارەیەکی زر لە نووسەران و ڕۆشنبیران دەڵێن شاعیری لێهاتوو بەتوانا عەبدولسەتار نور عەلی جێی شانازی گەلی عێراقە بە گشتی و گەلی کوردستانە بە تایبەتی وەك مامۆستایەکی دیاری بواری پەروەردەو نووسەرێکی گەورەو شاعیرێکی دڕەوشاوەو بە توانا و ڕۆژنامەنووسیکی سەرکەوتوو سونبولێکی شیعرە چونکە خاوەنی

گەنجینەیەکی شیعرەو بە جوانی کێشەو گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەخاتەروو.خاوەنی چەندین کتیبە و، بەردەکان لە ساڵی 1994 نووسراوەو لە کتێبی (علی اثیر الجلید) وەرگیراوە.
شاعیر عەبدولسەتار نور عەلی لە کوردانی فەیلییە و لە ساڵی 1942 لە گەرکی باب الشیخ لە بەغدا لە دایکبووە وکۆلیجی (الادابی) بەشی زمانی عەرەبی لە ساڵی 1964 تەواو کردووەو ماوەی 25 ساڵ مامۆستای ئامادەیی بووە لە پاریزگاری الحلە و بەغدا.
تێبینی :
(1) عەمار : کوری یاسر یەکێکە لە ئەسحابەکان.
(2) سیزیف : Sisyphus کابرایەکی فێبازو بوو،لەبەر گومرایی سزا درا بەردێك لە دامێنی شاخێك ببات سەرەوە و کە گەیشتە لوتکە بەردەکە بێ دامێنی شاخەکە بەردەبێتەوەو و بەو شێوەیە سەر لە نوێ هەمان کار دەکات و بوو بە سزایی تا ماوە. لە پاش هیلاکی دراوە بە زەویدا وەك تایەی ئۆتۆمبێل دەخوولێتەوە.
(3) سوممەیە : کچی خەیات یەکێکە لە ئەسحابەکان" ئافەرەتێکی لاواز بوو ئەبو جەهل رمێکی دا لە دڵی کوشتی و، سوممەیە دایکی عەمارە کە لە سەرەوە باسکراوە.
(4) دەنگێکی روون.
(5) جوزەلە یان بە گەرمیانی دووزەلە وەك لە دێرزەمان وتراوە : مزامیر ێال داوود.

دەقەکانی ستێکهۆم.. نەجم خەتاوی/ لە عەرەبییەوە بێ کوردی: ئەحمەد رەجەب

لە ئاوی رووبارەکەو
خۆی دەشتەکە
بێ پێ بچکۆلەکەم
پەیکەرێك دادەتاشم
بێ بەردەوامی سەبری و
گەیشتنی

لە ڕێی دوورخستنەوە
بە هەنگاوی ملیۆن
لە گوڵاڵەی باخچەکەم و
گیایی ڕەیحانە
بۆ دڵە خۆراگرەکەم
چەپکە گوڵ ڕێکدەخەم و
شەست ساڵە و
هێشتا هەر لێیەدا
بۆ خۆشەویستی گۆرانی دەچڕێ

** لەم دواییەداو لە بۆاوکراوەکانی یەکێتی گشتی نووسەران لە عێراقدا کۆمەڵە هۆنراوەیەك بە ناونیشانی { دەقەکانی ستۆکهۆڵم} ی شاعیر نەجم خەتاوی بۆاوکرایەوەو ئەوەش شەشەمین کۆمەڵە هونراوەی شاعیرە بۆاودەکرێتەوەو، ژمارەیەك دەقی نووسراو بە زمانێکی سادەو ئاسان لە بارەی سروشت و وەرزەکان و بۆنی شارەکان و گەشتکردن و سۆز لە خۆ دەگرێت.
24/3/2021

داستانی قزڵەرو تێکۆشانی شیوعییەکان.. ئەحمەد ڕەجەب

41 ساڵ بەر لە ئێستا و ڕۆك لە ڕۆژی 24/3/1980 مەفرەزەیەکی دڵێری پێکهاتوو لە (16) هاوڕێ و دۆستانی حزبی شیوعی عێراق بەرنگاری هێزێکی گەورەی دوژمنی ڕژێمی خوێنڕژی دیکتاتۆر سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبی لە دەی قزلەری مەرگەپان بوونەوەو هێزەکەی دوژمن بریتی بوون لە 19 هەڵکۆپتەرو ژمارەیەکی زۆر لە سەربازو جاش و، شیوعییەکان توانیان لەو ڕۆژە سەختانەدا داستانێکی پر لە قارەمانێتی و خۆبەختکردن تۆمار بکەن.
بەڵێ، مەفرەزەیەکی قارەمانی حزب کە لە (16) پێشمەرگە پێك هاتبوو، بەیانی زوو دەی زۆوی بناری شاخی سەرکەشی پیرەمەگروونی بەجێهێشت و بەو سەرماو سۆڵەیەو، لە پاش بەفرشکاندن و چوونە سەرشاخ و دابەزین بۆ دامێنی شاخەکە، کە بوونە هێیەکی سەرەکی هیلاك و

ماندوو بوونی پەشمەرگەکان ، مەفرەزەکە لە کاتژمێری (11) دا چووە ناو دێی قزلەری سەر بە ناحیەی سەرچنار بۆ حەسانەوەو نانخواردن من و هاورێی تۆکەشەر رەووف رەشید – بۆکەس} نانمانخواردو هاتینە دەرەوەو ئەو رۆژە خۆرەتاوێکی خۆش بوو بووین بە پاسەوان و، لەو کاتانەدا هەیکەپتەرێك لە ئاسمانی ناوچەکە ئەسورایەوەو پاشان چەند هەلیکۆپتەرێکی تر هاتن و یەکسەر سەربازو جاشیان لە دەوروپشتی دێکە هەرشت و زوو بە زوو لە هەردوولا دەست کرا بە تەقەکردن و، دوژمن پەیتا پەیتا سەربازو جاشی ئەهێناو ژمارەی هەلیکۆپتەرەکانی گەیاندە 19 دانە.
شایانی باسە ساڵی (1980) بە هۆی باران و تەروتووشییەوە ئاهەنگەکانی نەورۆز خرابوونە رۆژی (24) ی مانگ و هێزەکانی دوژمن ئامادەو لە سەرپێ بوون بۆ سەرکوتکردنی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و بەرهەستکار.
دوژمنی ترسنۆك بە شێوەیەك هاتبوو، ئەیزانی مەفرەزەکە (16) کەسەو چەکەکانیان زۆر خراپە، بە خەیاڵی خاوی خۆی هاتبوو مەفرەزەکە دەستگیر بکات، لە راستیدا چەکی پەشمەرگەکان چەکی شەر کردن نەبوو، بریتی بوون لە (2) کلاشنکۆف و بۆ نموونە فەرماندەی مەفرەزەکە هاورێ حەمە کەریم قەرەچەتانی کلاشینکۆفی پێبوو بەڵام بە یەك مخزەن و (8) ژمارە کانی ئەمریکی لە دوای 3 یان 4 فیشەك تەقاندن ئەوەستان و (5) ماوو* یەك برنەو، لێرەدا جەخت ئەکەمەوە و ئەڵێم هەموو چەکەکانمان کۆن بوون و، لە کاتی تەقە کردندا ئەوەستان، بەڵام سەرەرای هەموو ئەو کەسپ و تەگەرەیە وەرەی پەشمەرگەو هاوڕیان بەرز بوو.
پاش (4) کاتژمێر شەر کردن مەفرەزەیەکی دلێری پەشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرکایەتی ئیسماعیل گەورەدێی لە قۆڵی چۆخماخەوە خۆی گەیاندە گەرمەی شەرەکەو هاتن بە هانای برا پەشمەرگەکانیانەوەو، شەهاب پەشمەرگەی دلێری یەکێتی کوردستان لە شەرەکەدا بریندار بوو، لە کاتژمێری (6) ی ئێوارە دوژمن کەوتە پاشەکشێ و کۆکردنەوەی زیانەکانی و بەرووەشی بۆ مۆگاو تەویلەکانی خۆی گەرایەوە.
ئەو پەشمەرگانەی لەو داستانەدا بەشدار بوون ئەمانەن :
1- حەمە کەریم قەرەچەتانی (حەمەسالەح) فەرماندەو بەرپرسی عەسکەری، 2- حەسەن رەشید{ فەلاح} 3- کەمال مام هەمزە { هەژار} 4- عمر حەمە بچکۆل { ملا حوسەن } 5 ـ معتصم عبدالکریم {أبو زەهرە} 6- مامۆستا شەفیق کەریم { شاهۆ} 7- صلاح الدین حەسەن {مامۆستا خالید} 8- سەرباز مەلا ئەحمەد بانیخۆڵانی 9- عمر عەلی { عمری پورە سەلما} 10- جەمال ئەمین { مامۆستا جەمال} 11- حەمەسالەح سورداشی

{ مامۆستا سەردار} 12- رەووف رەشید { بۆکەس برای شەهید حەسەن رەشید} 13- محەمەد مەزلوم { ئەبو محەمەد} 14 ـ بورهان ئەحمەد { عەتا} 15 ـ ئەحمەد رەجەب { سیروان} 16 ـ ع. ط (ابو هۆمن) گومانی زۆری لە سەر بوو و پاشان دەرکەوت سیخوری زۆمە.
لە داستانی قزلەری شکۆدار ئەم هاورێیان شەهید بوون :
1- عومەر حەمە بچکۆل { مەلا حوسەێن} ، کرێکاری کارگەی تەنقیحی سلێمانی.
2- شەفیق کریم{ شاهۆ} مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە سانەوی رۆشنبیر – سلێمانی.
3- موعتەسەم عەبدولکەریم { ئەبو زەهرە} هونەرمەندو وێنەکێش {شێوەکار} بەغدا.
4- حەسەن رەشید { فەلاح} کرێکارو لێپرسراوی هێزی پاراستنی بارەگای کۆمیتەی ناوەندی لە بەغدا.
5- کەمال مام هەمزە { هەژار)} ، کرێکار، سلێمانی.
3 هاورێی بەشداربووی داستانی قزلەرلە شوێنی تردا شەهید بوون و ئەمەش ناوەکانیانە :
1 – سەرباز مەلا ئەحمەد بانیخێانی لە داستانەکەی بەکربایفدا بە دەستی جاشەکانی رووڕەش و تاونباری خوێنرێژ تەحسین شاوەیس شەهید کرا.
2- عومەر عەلی (عومەری پورە سەلما) لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکێکی حزب و پێشمەرگایەتی لە رووباری چەمی سووڕەبان لە نزیك دێی چاڵە خەزێنە خنکاوو شەهید بوو.
3- سەلاحەدین حەسەن (مامۆستا خالید) لە کاتی ئەنفالە بەدناو چەپەڵەکەی رژێمی بەعسی ترسنۆکدا 1988 کەوتە داوی چەتەو چێکاوخۆرەکانی رژێم و شەهید کرا.
لە کۆتاییدا ئەێم هەندی کەس تەنانەت هاورێیانی خێشمان حەز ئەکەن بیرەوەری بنووسنەوەو ئەوەش کارێکی باشە بەڵام ئەگەر بە سنگدەرپەراندنە کارێکۆ زۆر خراپە بۆ نموونە هاورێیەك کتێبێکی نووسیوە و هەرچی لە سەر شیوعییەکانی سلێمانی نووسیوە هەڵەیە دورە لە راستی بۆ نموونە ئەڵێت: مەلا حوسەێن فەرماندەی مەفرەزەکەی قزلەر بووەو بە هاوکاری هاورێ فارس رەحیم موستەشاری سیاسی بوەو بۆ وبیرهێنانەوەی ئەو هاورێیە ئەێم شتێك مەنووسەو مێژوو تیکمەدەو مەیشێونە و، حەمە کەریم قەرەچەتانی فەرماندەی مەفرەزەکە بوو و هاوری دوکتۆر فارس رەحیم لەو شەرە نەبووەو قەت بەرپرسی سیاسیش نەبووە و هیچ بریارێك نەبووە نەچینە ناودێ و قەت نان نەهێنراو بێ مزگەوت بەکو پێشمەرگە لە سەر ماڵان دابەش ئەکران.

22/3/2021

چۆن ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی نەتەوایەتیمان گێرا؟.. ئەحمەد رەجەب

لە 11/3/1970 ئیزگەی کۆماری عێراق لە بەغدا بەیاننامەی 11 ی ئازارو ناورۆکی رۆکەوتنی نێوان بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد و حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیزمی سەبارەت بە راگرتنی پرۆسە سەربازییەکانی خوێندەوەو هەر لە گەڵ بیستنی رۆکخراوی حزبی شیوعیمان لە دەربەندیخان وبە هاوکاری جەماوەربە پیادەو بە ئۆتۆمبێل خۆپیشاندانێکی گەورەیان رۆکخست بۆ دەربرینی خۆشی و پشتگیریی و خۆپیشاندنکە لە بەردەم چۆشتخانەکەی حەمە ئەمینی پەزە تا بەردەم دائرەی بەرید درێژەی هەبوو، لە رۆژی دووەم واتە { لە 12/3/1970} لەگەڵ کەمپی خوارەوەو لە سەر(گەرەپانی تەنسەکە) رۆکخراوی حزب ئاهەنگێکی رۆکخست وتیادا وتارێکی کورتی رۆکخراوەکە و چەندین کەپلە شیعر خوێنرایەوە و بە گەرانی و هەپەرکێ کۆتایهات و، بەم چالاکییە رۆکخراوەکە هەنگاوێك بەرەوپێش چوو ئەوکات سەرەرای ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی پارتی و دەستانیان لە شارەکە هەبوون بەڵام رۆکخراویان نەبوو ئەمە یارمەتیماندان و رۆکخراویان درێستکرد.

لە بارودۆخی خۆشی و شادی ئاهەنگەکانی بەیاننامەی 11 ئازارو رۆی شیوعییەکان لەناو شاردا بووە هۆی ئەوەی زمارەیەکی لاوی خوێنگەرم پەیوەندی بە حزبەوە بکەن و هەروا گەرانەوەی زمارەیەکی تر لە هاورێیان کە وازیان هێنابوو لە بەر بارودۆخی تایبەتی خۆیان و، لە کاتی ئامادەکاری بۆ ئاهەنگگێران جەژنی نەورۆزی نەتەوەیی کورد لە پاش 10 رۆژی لە خوێندنەوەی بەیانی 11ی ئازار بە شێوەیەکی ئاشکرا لە رۆژی نێیەمدا واتە لە 20/3/1070 هەرشەیەکمان لە ئیستخباراتی عەسکەری لە رۆی مولازم سەعید و مولازم سەاح پێگەیشت. سعید هاوسەرگیری لە گەڵ کچێکی کورد لە خۆزانێکی ناسراوکردو خۆزانەکە ئاشنایان لە گەلماندا هەبوو ، مولازم سەاح لە بانیخێان کوژراو

هەرەشەکە ئەنجامەت نابەت شیوعییەکان ئاهەنگ بگێرن بۆیە { من و هاوری مەلا حەسەن نێرۆی ئەندامی رێکخراوەکە و کرێکاری دائرەی رەڤ (ئاودێر) } دەربەندیخان ڕێشتین بۆ سەربازگەی بەتالیۆن (فوج) و لە دەرگای سەرەکی چاومان کەوت بە رەیس عورەفا منشد زامل چلوب وپێمانوت وەك ئەزانی ئێمە لە حزبی شیوعی عێراقەوە هاتووین و ئەمانەوێت چاومان بە موقەدەم خالید بەرپرسی هەواڵگێری (ئیستخبارات) بکەوێت و، لای سەیر بوو واقی ورماو لێمان وردبووەوەو وتی شیوعی ئەتانەوێت موقەدەم خالید ببینن ؟ ئێمەش بە دووقۆی پێکەنین و وتمان ئەی بوو سەیرە ؟ و بە پەلە چوو هاتەوەو وتی فەرمون.

چووینە ژورەکەی موقەدەم خالید و، جگەرەیەکی لە سەر شۆوازی تاقمی هەواڵگیری داگیرساندو پێشوازیلێکردین و لای سەیر بوو زۆر لە خۆبایی بوو بە لوتبارزییەوە وتی ئێوە کێن ؟ ئێوە شیوعین ؟ چیتان ئەوێت ؟.
وتمان ئێمە لە رێکخراوی حزبی شیوعی عێراق لە دەربەندیخانەوە هاتووین و لە رێی ئەفسەرو سەربازەکانتان هەرەشەمان لێکراوە گوایە نابێت ئاهەنگی { نەورۆز} بگێرین و هاتهاتووین ئاگادرتان بکەینەوە بە شێوەیەکی فەرمی و یارمەتیمان بدەن و رەزامەندی دەربڕن.
دەستیکرد بە تووڕەیی و چاوسورکردنەوەو و هەرەشەکردن و ئێوە لە حزبێکی رێگەپێنەدراون و، لە پاش گفتوگیەکی چرو پڕمان قایمکردو سور بووین لە سەر ئاهەنگگێران و ئەویش پەیوەندی کرد بە ئەفسەرانی پایەبەرزترو هەرچێنیك بوو ملیداو رازی بوو داوایکرد سەقامگیرو ئاسایشی شارەکە بپارێزن و ئێمەش ئەومان بانگهێشت کرد بۆ ئامادەبوون.
هێشتا ناو بازاربووین و نەگەیشتینە ماڵەوە نامەیەکی ئاگرین پر لە هەرەشەمان وەرگرت لە بەرێز کاك ئەحمەد کەلاری ـــ فەرماندەی عەسکەری ئەو تاقمەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکایەتی ابراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی جیابوونەوە بە (حەلالی) ناویان دەرکردو چوونە ئێران و پاشان مستەفا بارزانی لێیانخۆش بوو گەرانەوە کوردستان و جاریکی تر رایان کردو چوونە پاڵ حکومەتی عێراق لە بەغدا و لەوی رۆژنامەی ئەلنوریان دەرکردو بە تاقمی ئەلنور ناویان دەرکرد و کاك ئەحمەد لە نامەکەیدا نووسیبووی : بیستوومانە حزبی شیوعی عێراق لە رێی ئاهەنگگێران بەبۆنەی نەورۆزەوە ئەیەوێت ئاسایش و ئارامی شاەکە تێکبدات و، وتراوە شیوعییەك وتار ئەخوێنێتەوەو لەو حاڵەتەدا ئێمە رازینین و ئەو کەسەی وتار بخوێنێتەوە ئەیکوژین و لە کۆتاییدا نووسیبووی : ئەگەر

کارەکی خراپ روو بدات ئەمە ئاگاداریماندداوە و ئەبای لە سەر خەتانە.

بە (پەیامبەرەکەمانووت) بە کان ئەحمەد بێ، بەی ئاهەنگ ئەگێرن و بە بەشك هاورێیەك وتاری حزبی شیوعی عێراق ئەخوێنەتەوەو هیواداریین كاك ئەحمەدکەلاری هەوڵی ئاسایکردنەوەی بارودخەکە بدات و نەفرەت لە شەرو کوشتن بکات.
ئەمەش بە پەلە نامەمان نووسی بۆ : مەکتەبی محەلی سلێمانی و کۆمیتەی جوتیاران و بەرپرسی رێکخراوەکەمان { تیکۆشەر عەبدوللا مەلا فەرەج قەرەداغی ـــ مەلا عەلی) و لەو کاتانەدا دکتۆر فارس رەحیم بەرپرسی کۆمیتەی جوتیاران لە ناوچەکە نەبوو، مەلا عەلی سەرلقی لقی 10 ی قارەمان بوو سەر بە بزوتنەوەی پێشمەرگەکانی کوردستان بوو لە نامەکاندا بە درێژی باسی بارودخی رێکخراوەکەی حزب و ئاهەنگی نەورۆزمان کردو وتمان هاورێیانی رێکخراوەکە ئامادەن ئاهەنگ بگێرن و گوێ لە کەس ناگرین وئەمە باشین و هیواداریین بیرتان لامان نەمێنێت و چاوەروانی ئامۆژگارییەکانتان ئەکەین و ئەمە ئامادەین و پێش ئاهەنگەکە بە ماوەیەکی کورت ئامۆژگاری و وەڵامەکانمان وەرگرتەوە.
ئەو شەوەی پێش ئاهەنگەکە خەومان لێنەکەوت و چەندین کێبوونەوەمان ئەنجامدا زۆرینە لە گەڵ ئاهەنگیران بوون وکەمینە دژ بوون.
ئەمڕۆ ، رۆژی جەژنی نەتەوەیی گەلەکەمانە، جەژنی نەورۆزە، لاوانی خوێن گەرم هاورێیانی دەربەندیخان و ژالەناوو بانیخێلان و کانی ساردو و دڵهاتە نزیکەکان هەر لە بەیانی زوو دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی کورسی و بردنیان بۆ گۆڕەپانی ئاهەنگەکە لە کەمپێ خوارەوە بۆ دانیشتنی میوانەکان و، پێش ئاهەنگەکە بە دوو کاتژمێر هاورێیان بە پێی بریارو نەخشەی دابەشبوونیان دامەزران بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی و پاراستنی ئاهەنگیرەکان و، بریارەکان بە پێی دیسیپلینی حزبایەتی توند بوون و ئەوانەی دەمانچە هەڵئەگرن دەستنیشانکران (زوربەی دەمانچەکان هی هاورێیان و دۆستان بوون) و، وادانرابوو هاورێیان تەکەڵ بە جەماوەر نەبن و چاودێریان بەهێز بێت بە تایبەت بەرامبەر بە کەسانی نامۆ و نەناسراوو ، ئەگەر تەقەکرا یان پێکدادان رووبدا هەر گروپێك لە شوێن خۆی بمێنێتەوەو نەجوولێت و تەنها فەرمان لە بەرپرسەکەی وەربگرێت.
ئاهەنگەکە بە سرودی نیشتمانی : ئەی رەقیب دەستیپێکردو لە ناو چەپڵەرێزانی گەرم و هوتافکێشان بە ژیانی حزبی شیوعی عێراق و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد هاورێ { ئەحمەد رەجەب } چووە سەر سەکۆ ئامادەکراو بۆ پێشکەشکردنی وتاری حزب تەحەدای مردن و،

بریارمان وابوو هاوڕیان لە سەکەکە دوور بن بۆ ئەوەی ئەگەر شتێك رووبدا زەرەرو زیانمان کەمتر بێت و ، هاوڕیان پابەند بوون بە بریارەکان بەرام لەو کاتانەداشیوعی تێکۆشەر { غەفور کویخا عەلی } لە شیوعییە پێشەنگ و دڕینەکان ی حزب هاتە پێشەوەو مایکەکەی لێم وەرگرت و لەمنی نزیك کردەوەو و بە ئەسپایی وتی : لە گەڵ ئەمرم وتەحدای مردن ئەکەم و لە ناو چەپڵە ڕزاندا وتارەکەمان بە سەلامەتی پێشکەشکردو " نەرە هاتە سەر وتاری پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوانیش وتاری خۆیان خوێندەوە.

ئاهەنگەکە زۆر ڕێکوپێك بوو، هەموو شتێك بە باشی تێپەربوو بەرام لە کۆتاییدا هەندی هەرزەو نەزان و داخ لە دڵ دەستینکرد بە ئاژاوەنانەوە و جنێودان و هەڕشکردنە سەر حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و، هەوڵیاندا دەمەقاڵە لە گەڵ هەردوو هاوڕێی شیوعی لاو { نەجیب شێخ محەمەد و حەمید مەجید قادر زەهاوی} دروست بکەن { نەجیب لە ساڵی 1983 بە دەستێکی چەپەڵ لە گەڵ هاوری کامل ئەحمەد سەمین لە مەسڵی ـــ قەرەداغ شەهید کران} و { حەمید لە ساڵی 1995 بە گوللەی وڕێ شەهید کرا} و، لە و کاتانەدا پۆلیس و عەسکەر نەیانهێشت شەر بکرێت و من و کاك ئەحمەد کەلاریان بانگکرد بۆ لیوا و لەوێ لیوا (نسیف جاسم سامرایی) لە پاشان بوو بە راوێژکاری سەربازی سەدام حوسەین وتی : ئەوە بران و پێویستە ئاشتبینەوەو کێشەکانتان چارەسەر بکەن و، لەوێ بە کوردی بە کاك ئەحمەدم وت جوان و نایابە ئامر لیوا ئامێژکاریمان ئەکات و کاك ئەحمەد ئەیزانی من هاوریی قوتابخانەی ئامادەیی بووم لە گەڵ براکانی کاك حەسەن و کاك حوسەین و کە وام وت کاك ئەحمەد هاتە پێشەوە و داوای لێبوردنی کردو یەکترمان ماچ کرد. .
بەڕێ بەو شێوەیە ئاهەنگمان گێراو ڕێکخراوەکەمان بوو بە ڕێکخراوێکی ئاشکرا بەرام کەسانی دوژمن و چەکاوخێرو دەربەگی ناوچەکە دژایەتی بوونچانی حزبیانکرد بۆیە بارودۆخمان لە گەڵ حکومەت وە ك جارانی لێهاتەوە راونان و گرتن.

17/3/2021

هاوپەیمانی کوردستان شەریان ناوێت.. ئەحمەد رەجەب

ئەرێ کێکردنەوەی هێز زەنگی شەرێکی خوێناوی نییە پارتی دیموکراتی کوردستان (پدك) نیازی وایە خێی بکات بە جێگرەوەی گەلی کوردستان و هەموو شتێك ئەو بریاری لە سەر بدات، راستە پدك گەورەترین حزب بوو لە هەڵپژاردنی پێشوو بەڵام ئەوە تا سەر نییەو دوور نییە لە هەڵپژاردنی داهاتوو قەوارەی زۆر بچوك بێتەوە بێیە هەر لە ئێسادائەیەوێت لە گەڵ جزبە شیعەکان هاوپەیمانی درێست بکات و رێیش بە هیچ حزبی کوردستانی نادات.

پارتی ژمارەیەکی زۆر هێزی پێشمەرگەی بردوەتە سنوری ناحیەی قەسرێ هاوشێوەی جولە پێکردنی هێز بێ زینی وەرتی وشوێنی ترو ئەو هێزانە بێ گەلە کێمەکییە دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پکك) و حکومەتی تورکیا نایشارێتەوەو پشتگری لە سەروی عێراق ئەکات و مەبەستی کوردستانە و بێ (زانیاری و ئاگاداری دوژمنان قەت ناوی هەرێمی کوردستان ناهێنن بەکو ئەڵێن سەروی عیراق هەر وەك بەعسییە شڤێنیستەکان ئەیانوت شمال العراق).
نابێت رۆژێك لێ رۆژان رژێمێکی خوێنرێژو سەرکوتکەری خەڵکی سڤیل و بێ تاوان لێ بیر بکەین و، تورکیا هێموو کات بێ ئاگرو ئاسن وڵامی هاوپەیمانیان و پرسەکانی کوردی داوەتەوەو، سەرەرای پێشێلکردنی تەواوی پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ و، تەواوی یاساکانی رۆچاوکراوی جیهانیی سەبارەت بێ مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ژێر پێ خستووەو، کەس نەیتوانیوە بڕگری لێ مافی هاوپەیمانیبوونی خوێ بکات تورکیا هەرچی کاری خراپە هەیە لە گرتن و کوشتنی بە کێمەڵی دانیشتوانی دێهات و شارەکانی باکوری کوردستان و روخاندن وتێکدانی خانوو وتەختکردنیان لە گەڵ زەویداو سوتاندنی باخ و دارو پووش و کوشتنی مەرومایاتی هاوپەیمانیان ئەنجامداوەو بەوەش نەوەستاوە چەندین شوێن و شاری لە رۆژئاواو باشور کوردستان داگیرکردووەو ئەوەش حاشا هەڵنەگرەو بە بێشك لایەنێکی خێجێی (محەلی) یارمەتیدەری بووەو سەرانی دەوڵەتی تورکیا نایشارنەوەو پشتیاریان بێ هەرێم کردووە بەرامبەر بە هاریکاری و چاوساغی و کێکردنەوەی زانیاری لە سەر (پ،ك.ك) یارمەتی هەرێم لە رووی ئابووری و داراییەوە ئەدەن و، بێ گەیشتن بە مەرامە چەپەڵەکانی داواشیان لە عێراق کردووە لە رووبەروو بوونەوەی (پ.ك.ك) هاوکاریان بکات.

بەردوومانکردنی ناوچە سنوریەکانی باشوری کوردستان لە لایەن فرۆکە جەنگیەکان و تۆپخانەکانی تورکیا لە ناو خاکی کوردستان بە ڕۆژی و سوکایەتییە بە گەل و نیشتمان و، هەرلایەنێک ڕەگ بەو بەردومانکردنە بدات ئەوە بەشک خیانەتکی نەتەوەییە و جێی ریسواو شەرمەزاریە و، لە ڕاستیدا بەردەوامی ئەو بەردوومانانە بە هەموو شێوەیەکانی کارەکی نارەوا و نامرۆڤانیە و ئاسایشی وڵات و خەڵکی گوندەکانی خستوەتە مەترسیەوە بە جۆرێک ناتوانن لە شوێن و زێدی باوباپیرانی خۆیان بە ئارامی بژین و، ئازادانە بەردەوام بن لە کاری ڕۆژانەیان وەک: کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و هەنگ و بایخدان بە باخ و ڕەزەکانیان.

دەژمنانی گەلی کوردو کوردستان لە مێژەوە تەراتێن ئەکەن و بە ئارەزوو سەربەستانە بەناو شارەکانی کوردستان هاتووچۆ ئەکەن و، وەك بڵێت ئەم خاکە هی ئەوانەو، خۆیان کردووە بە خاوەن دەسەڵات و حوکمرانی ئەو خاکەی داگیریان کردووەو ، بووەتە بریار بەدەستی ناوچە داگیرکراوەکان و زۆر لووتبەرزانەو ئەروانێنە خەڵکی ئەم وڵاتەو، وا دیارە لە بن هەنگڵیان چەندین نەخشەی گڵاویان شاردووەتەوەو، کەمە کەمە ناچار ئەبن ئاشکرای بکەن و ئەو کەسانەش پشتگیریان لێئەکەن سەرشێرانە نەخشەکانیان جێبەجێ ئەکەن و تا ماون بە زەبوونی و ژێردەستەیی ئەژین و ، بوونی پەیوەندی لە نێوان هێزەکانی تورکیای داگیرکەرو هەرهەزێکی تر ترسی هەیە لە سەر سەروەری نیشتمان ومافە ڕەواکانی گەل و لە باتی سەرکۆنەو ریسواییکردنی تورکیای داگیرکەر سەرکی حکوومەت ستایشی هاوکاری حکوومەتی تورکیای ئەکات.

جێی شەرمەزاریە بەرپرسانی کوردستان هەر لە سەرێک هەرێم و سەرێک حکومەت بە ئاشکراو نهێنی سەردانی تورکیا ئەکەن و، پێشوازی لە بەرپرسانی تورکیاو شاندو هەواڵگیریەکانی بە گەرمی ئەکەن و، نەخشەکانی تورکیا بە فەرمانی ئەوان جێبەجێ ئەکرێن و، مەبەستی سەرکی تورکیا کۆنترۆڵ کردنی خاکی کوردستانە و، بەرپرسکی حکومەت لە باتی ئەوەی تورکیاو هەرشەکانی ریسواو شەرمەزار بکات، پاساو ئەهێنێتەوەو، ڕووی تورکیا سپی ئەکات و ئەڵێت:
(ئەو کردەوانەی پەکەکە ئەیکات نە لەژیک، نە ویژدان قبوڵی ناکات) و، وادیارە (ئەوەی تورکیا ئەیکات جێی قبوڵە) و، پێشتر بەرپرسە باڵاکانی هەرێم و حکومەت چەندان جار ئەیانوت : ئەبێ میوانەکان، مەبەست پەکەکە) یە برێنە دەرەوەو ئێستا پشتیان بە ڕکەوتنێك بەناوی شەنگاڵ بەستوەو زۆر دڵخۆشن کوردو هێزە کوردستانییەکان لە

شەنگاڵ دەربکرێن بەڵام دانیشتوانی شەنگاڵ دژی ئەو ڕکەتنە وەستاون و تورکیا ڕاشکاوانەو بە بەرچاوی دنیاو بێ شەرمانە ئەنفال ئەمە شەنگاڵ ئەگرین و کەمپی مەخموریش تێکوپێك ئەدەڕن.
بەرپرسانی حکومەتی کوردستان هیچ هەوڵستێکیان بەرامبەر بە دەستدرێژییەکانی تورکیاو بوونی ـــ 30 ـــ بنکەی سەربازی بە تێپ و هەلیکۆپتەرو تانك و چەندین چەکی مەدەرن نییەو، هەموو کات بەرپرسانی حکومەتی کوردستان دەموچاوو ڕوخساری داگیرکەران سپی ئەکەن وپاساو ئەهێننەوە گوایە گریلاکانی (پ.ك.ك) بوونەتە هۆی پەلکێشی سوپای دەوڵەتی تورکیا بێ ناوخاکی کوردستان و، لەم بارودۆخە دژوارەدا خەڵك لە نیازی دەوڵەتی تورکیا بێ داگیرکردنی خاکی باشوری کوردستان ئەترسێت.

کردەوەکانی دەوڵەتی تورکیا دژ بە درێژیی بە سەر سەروەری خاکی هەرێمی کوردستان بێ گشتی و دژی شنگال بێ تایبەتی و دەستتێوەردانە لە کاروباری ناوەوەتکی ترو ئەمش پێشێل کردنکی ئاشکرای یاسا و ڕسا نێودەوڵەتیەکانە و، بۆیە پێویستە هەموو خەڵکی بێ شەرف و مرۆڤدۆستانی ئازادیخوازی دونیا ئەو دەستدرێژییە بێ سەر خاکی هەرێمی کوردستان ریسواو شەرمەزار بکەن و، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سنورك بێ ئەو دەستدرێژیانەی تورکیا دابنێت و چیتر ڕێگەی پێ نەدرێ بێ ئەزووی خۆی لە ناو خاکی باشوری کوردستان تێراتێن بکات.

بەڵێ ، لە بەرامبەر کارە قیزەونەکانی تورکیا پێویستە خەڵکی کوردستان و، ئازادیخوازان و هەموو دەسەوانی گەل و نیشتمان بەنە دەنگ و ، ئەو کارە ملهورانەی تورکیا ریسواو شەرمەزار بکەن و، ڕێگە بێ شەری کوردکوژی نەدەن و، وەاتەکەمان بپارێزین و، ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە هەوڵستی بتەوو تەواوی هەبێت لە ئاست پاراستنی هاووڵاتیانی کوردستان و ئاسایشیان و، لەرەو داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەکرێت دەسیەی دەستدرێژیەکانی تورکیاو بەردومانکردنی خەڵکی سڤیلی بێ تاوان و، خاپور کردنی دێهات و، سوتاندنی پوش و دارستان وباخەکانی وەاتەکەمان بگەیەنێتە نەتەوە یەکگرتووەکان و، بە فەرمی سکاڵا بەرامبەر بە تورکیا تۆمار بکات و، هاوکات داوا لە پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئەکرێت هەوڵستی ڕاشکاوانە بەرامبەر بەم تاوانانە دەربڕن و ئەم تاوانانە ڕیسوا بکەن کە بەرامبەر بە گەل و نیشتمان ئەکرێن.

12/3/2021

له دولکانەوە بۆ حاجی مامەند.. ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان :

لە سەرەتای ساڵی 1983 بە هاتنی هاوڕیانی نوێ لە دەرەوەو مەبەندەکانی بادینان و هەولێر ژمارەمان لە هەڵکشان بوو بۆیە بریاردرا بارەگای حزبی شیوعی عێراق لە دولکان بگوێزرێتەوە بۆ بارەگای مەلبەندی سلێمانی ـــ کرکوکی حزب لە دڵی حاجی مامەندو لە گەڵ هاورێ ابراهیمی سۆفی محمود (بابی تارا) کە هێشتا لە بەر ئازاری برینەکانی کە لە شەری سنە تووشی بوو بوو ئەیناڵاند چۆنێتی رویشتنمان باسکردو هاورێ جەلالی عەلی دەوەت { شێرزاد} پێشمەرگەی ئازاو گورجوگۆل دەستنیشاکرا بۆ یارمەتیدانمان.
بەیانی زوو رۆژی 4/1/1983 هاورێیان (ژمارەیەکی زۆر ژنان) بوون ئامادە بوون و چوار هێستر بارکران و بەناو بەفرو شەختەو سەهۆڵبەندان و سەرماو سۆڵەو بەناو خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرێکەوتین وکزە بایەکی سارد گڤە ئەهات و مرۆڤی هەراسان ئەکردو کە گەیشتینە دڵی خەجەك (خەرجك) شاخی گەڵی ماوەت دەرکەوت و فرۆکە جەنگییەکانی سەدام حوسەینی دیکتاتۆر و حزبی بەعسی عەرەبی لە بۆمبارانی شارەکانی ئێران و کوردستان ئەگەرانەوەو، هیلاکی بە دەموچاوی هاورێیان دیاربوو بۆ لای ئێوارە گەیشتینە دێ نێوران سەر بە شاری بانە.
برادەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران (حدکا) بە گەرمییەوە پێشوازییان لێکردین و زوربەیان هاورێ بابی تارایان ئەناسی بارەکانمان لە لای ماڵەك داگرت و، هاورێیان دابەش بوون بە سەر ماڵەکان بۆ نانخواردن و. من وبابی تارا بووینە میوانی بەڕێز هاشم کەریمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) و شەوێکی خۆشمان بە سەربرد.
لە رۆژی داهاتوودا و لە پاش قاوەتی خواردن هێسترەکان بار کران و کەوتینەڕێ و، ڕێگاکە بوو بوو بە سەهۆڵبەندان و هەندێ لە هاورێیان بەم لاو ئەولا ئەکەوتن و گەیشتینە جێیەکی زۆر لێژو ترسناك و ئامۆژگاری هاورێیانمان کرد زۆر وریا بن و لەو کاتانەدا هێسترێك بە بارەوە خەلیسکاو لە بەرزی شەش و حەوت مەتی کەوتە خوارەوەو زوو

لە گەڵ چەند هاوڕێیەك فەریا کەوتین و هێسترەکە زیانی پێگەیشتبوو ناچار بووین بارەکەی بە سەرخۆماندا دابەش بکەین و هەرچەنك بوو گەیشتینە دێی چەمپاراو لە مزگەوت باری هێسترەکانمان داگرت و لە سەر ماڵان دابەش بووین و بۆ نوستن سەرو بەتانیمان لە ماڵان وەرگرت.

بەفر زۆر بوو ڕێگای شاخی سورەبانی بریبوو هاتوچو لە نێوان چەمپاراو چاڵە خەزێنە نەمابوو چوار ڕۆژ ماینەوە بەیانی و نیوەڕۆ ئێوارەو سێ ژم خواردن بارقورسی بوو بۆ دانیشتانی دێ بێیە لە گەڵ هاوڕێیان بابی تاراو شەرزاد باسی دێی چەمپاراومان کردو بە هۆی ئەوەی ئەکەوتە سەر سنووری هەردوو وڵات عێراق وئێران دوور نییە دوژمی هەردوولا کاسەلێسی خۆیان خزاندبێتە ناو دێکەو باشترواید هەوڵ بدەین لێرە دەربچین و، ڕێکەوتین بەیانی زوو هاوری شەرزاد لە گەڵ هاوڕێیەکدا بڕۆن بو چاڵە خەزێنە و هێسترێك بە کری بگرن و بێنەوە بۆ سەرشاخ و ئەمەش چەند کەسێکی شارەزا لە دێکە بە کڕێ ئەگرن و یارمەتیمان بدەن تا سەر شاخ و خەمی سەرەکیمان بابی تارا بوو چۆن بگاتە سەر شاخ.
لە ڕۆژی پێنجمدا هاوڕێ شیرزاد و هاوڕێیەکی تر چون و ئەمەش بە یارمەتی کەسانی ناو دێ هێسترەکانمان بار کردو کەوتینەڕێ و بابی تارا زۆر ئازایانە تا سەر شاخ بە پیادە هات و لەوێ هاوڕێ شیرزاد هێسترێکی هێنابوو لە سورەبان بەرەو خوار شۆر بووینەوەو زۆر ناخۆش بوو گەیشتینە دێی چنارەو لەوێ ماینەوە بۆ ڕۆژی داهاتوو گەیشتینە بارەگای مەبەندی سلێمانی و کەرکوکی حزب لە دێی حاجی مامەندو شایانی ئاماژەیە مەبیندی یەکی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە هەمان دێ بوو..

9/3/2021

کتێبی لێنین دەربارەی ئازادی ئافرەتان.. ئەحمەد رەجەب

پێش هەموو شتێك گەرمترین پیرۆزبایی دەکەم : لە 8 مارس / ئازار

ڕۆژی جیهانی ئافرەتان ، لە هەموو ئافرەتانی دنیاو کوردستان ، لە هەموو ئافرەتانی شۆرشگێرو تێکۆشەر، ئازادی ئازادی بۆ ئافرەتانی زیندانیانی سیاسی.
بەدرێژایی تێکۆشانی شۆرشگێری لێنینی مەزن رابەری شۆرشی ئوکتۆبەر جەخت لە گرنگی رۆڵی ئافرەتان دەکات و لەو بارەیەوە دەڵێت { بەبێ ئافرەتان قەت بزوتنەوەیەکی جەماوەری راستەقینە نایەتەدی و هەرچی شیکردنەوە لێکۆڵینەوە هەیە دەبێتە خزمەتش بەرامبەر بە پۆیستییەکانی ئافرەتان و بەبێ ئافرەتان ناتوانرێت کۆمەڵگا بگۆردرێت و سۆسیالیزم دابمەزرێت بۆیە پۆیستە هەردەم بەدوایاندا بگەڕێن و ڕێگا بدۆزینەوە کە چۆن بیاندۆزینەوەو ئەوەش ڕێگایەکی تێکۆشانە لە پێناو سوسیالیزمدا.

لە ساڵی 1977 ی سەدەی ڕابردوو من و هاوڕێی تێکۆشەر شەهیدی نەمر مامۆستا ڕەووف زوهدی دەستمانکرد بە وەرگێڕانی کتێبەکەی مامۆستای مرۆڤایەتی و تێکۆشان و شۆرش فلادیمر ئیلیچ لێنین { دەربارەی ئازادی ئافارەتان} و کتێبە لەلایەن هاوڕیی ناسراوو دیاری حزبی شیوعی سوریا زەینەب نبووە لە زمانی ڕوسییەوە کرا بوو بە عەرەبێ.

ئازادکردنی ئافرەتان ڕەخشکەرەیە بۆ ئازادکردنی کۆمەڵگاو هەوڵدانە بۆ:
بەرزکردنەوەی ڕادەی زانیاری و هوشیاری ئافرەتانە بۆ بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا.
لە ڕووی هۆشیارییەوە ئافرەتان تەیار دەکات بۆ پەیوەندیکردن بە حزبە سیاسییەکان و سەندیکای کرێکاران و کۆمەڵەی جوتیاران و دامەزراو پیشەییەکان.
نەهۆشتنی نەخوێندەواری وتێکۆشان بۆ هەموارکردنەوەی یاسا پەیوەستەکان بە ئافرەتان و فشارخستنە سەر حکومەتەکان بۆ دابینکردنی یاسای تۆپزی خویندن و فێرکردنی نێروەو، هەوڵدان بۆ کردنەوەی دایەنگەو باخچەی ساوایان بۆ منداڵانی ئافرەتاتی کرێکارو فەرمانبەران و بایەخدان بە کردنەوەی نەخۆشخانەو دابیکردنی دەرمان بە خڕایی یان بەنرخێکی گونجاو.
پاراستنی منداڵان وتێکۆشان بۆ نەمانی زەبروزەنگ و نەهۆشتنی برسێتی وڕگردن لەوەی کار بە منداڵان بکرێت و بارودۆخی ژیانیان مسۆگەر بکرێت.
لە خوێندنەوەی لێنینی بلیمەت سەبارەت بە شۆڕشکانی دیموکراتییەتی بورجوا خیانەت وفێڵ و مەکری ئەو دیموکراتییەتە دەردەکەوێت

بەتایبەت لێنین ئاماژە بە لەشفڕشی دەدات چونکە بورجوازییەت وا خێی دەردەخات کە لەشفڕشی لە ناو کێمەکادا بنبر دەکات ئەوەش لە کاتکدایە خودی بورجواکان بازرگانی بە لەشی ئافرەتانەوە دەکەن و بە توندوتیژی کچانی منداڵ ولاو رادەکێشن بۆ دۆزەخی کاری خراپە ڕك وە ك ئەوەی ئەمرو لە کوردستاندا ڕوو دەدات و، شێخ و مەلاو بەرپرسی باڵا بوونەتە خاوەن یانەی قومارو ئافرەتانی بۆرەوشت و لەشفڕش.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کتێبەکەمان کەوتە کوێ !؟ کێ بردی!؟ بۆ دیارنەما!؟

لە ڕێی نووسیگەی ڕۆژنامەگەری هەریمی کوردستان نێردرا بۆ بەغدا بۆ چاپخانەی (دار الرواد) ی حزبی شیوعی عێراق بە مەبەستی چاپکردنی و ریزداریادی بەخیر کاك محەمەدی مەلا کەریم نووسەری بەناوبانگ ئامادەیی بۆ پێداچوونەوە دەربری بەڵام بە داخەوە ڕێتێنی حزبی لەلایەن لێژنەی ڕێشنبیری وچاپەمەنی ناوەندی ڕێگر بوو گوایە نیازیان وایە بە دەق و نووسینەکان بە تایبەت وتەکانی لێنین بچنەوەو، بە هەرحاڵ حزبی بەعس و ڕژێمەکەی دیکتاتۆر سەدام حوسەێن هەرشیانکردە سەر حزبی شیوعی عێراق و دەستیانگرت بە سەر چاپخانەی (دار الرواد) و کتێبەکەی ئێمەش نەماو شەهید کرا.

لێرەدا سەری ڕێزو نوازش بۆ هاوریی تیکۆشەرم شەهید ڕەووف زوهدی و هەموو شەهیدانی حزب و بزوتنەوەی چەپ دادەنوێنم و یادیان بەخێرو سەرشۆری و مردن بۆ دوژمنانی شیوعییەت ..

7/3/2021

وەرن بۆ پشتاشان چەك وەربگرن.. ئەحمەد ڕەجەب

وانەکانی ژیان :

هاوڕێ عەدنان عەباس ئەلکوردی(1) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق لە ڕۆژێکی ساردو بەفراوی بانگهێشتی من و بابی تارای کرد بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ و ئەوکات ماڵیان لە گوندی دولکان بوو نانمان خواردو لە گەرمەی قسەوباس بووین و وتم قەت ئەم ڕۆژە لە

یاد ناکەم ورێکەوتێکی جوانەو بروانە 12/12/1982 وەو لەو کاتانەدا هاوڕێیەك لە بارەگای حزب هات و نامەیەکی دا بە هاورێ بابی تاراو ونامەکەی هەیپچڕێ وخوێندییەوەو سەرکردایەتی حزب لە نامەکەدا ئەڵێت بە زوترین کات وەرن بێ پشتاشان چەك وەربگرن.
گەراینەوەو شەو لە گەڵ بابی تارا باسی ئەوەمان کرد کێ بنێرین بێ وەرگرتنی چەك و هاوکات ژمارەمان زۆر کەم بوو زۆربەی هاورێیان لە گەڵ هاورێ بەهاءالدین (بابی سەلام) ڕێیشتبوون بێ کردنەوەی بارەگای حزب لە گوندی حاجی مامەند و، لە نێوان قسەو باسدا وتم خۆم ئەڕەم و یەکسەر ناردمان بە دووای بەرپرسی پێشمەرگەکان و وتمان کەسێك ئامادە بکە بەیانی زوو ئەڕۆن بەرەو پشتاشان و باشترواید هاورێ عەبدولکەریم سەید عەلی بێت و هەرێستا گوریس و هێسترو کورتانەکانیان ئامادە بکەن بێ ئەوەی بەیانی شپرزە نەبین.
بەیانی زوو خۆمان بە باشی پێچایەوە بێ ئەوەی سەرما کارماتێنەکات بە سواری دوو هێستر من و عەبدولکەریم بارەگای حزبمان لە گوندی دولکان بەجێهێشت و کە لە شاخی زەردگ سەر کەوتین سەرماکە وەك گوێزان وابوو ترسی ڕەنوومان هەبوو چونکە ساڵانە ژمارەیەك کەس ئەبنە قوربانی و بەناو بەفرو سەرما بێ پاش نیوەڕێ گەیشتینە بارەگای حزب لە نێکان و، یەکسەر پێش ئەوەی خۆمان نان بخۆین تورکە پر لە ئاڤ کاوجێ کردە مل هێسترەکان.
شەو لە نێکان ماینەوەو ڕۆژی دواتر بەیانی زوو کەوتینەڕێ وبەفر زۆر بوو ئێوارە گەیشتینە پشتاشان و لە پاش پشوودان هاورێیەك هات و وتی : هاوری سلێمان یوسف ئیستیفان (ئەبوعامل) ئەیەوێت بتبینێت و، منیش چووم و زۆر بە تورەییەوە وتی تۆ مەڵەتت وەرگرت بێ یەك مانگ بەڵام وا دوو مانگ زیاترەو، منیش بۆم ڕوونکردەوە و وتم هاورێ ئەبو سەلام منی گلدایەوەو وتی خۆم ئاگاداری هاوریانی سەرکردایەتی ئەکەم وپیویستیمان بە تۆیە و لە دولکان مامەوەو ئێستاش هاتووم چەك بێ مەبەندی سلێمانی و کەرکوك وەربگرم و، هاورێ ئەبو عامل بەرپرسی گشتی هەموو پێشمەرگەکانی حزب بوو تکەشەرکی ناسراوبەڵام زۆر وشك بوو بە منی وت بڕێ بێ لای هاورێیانی ڕاگەیاندن و لەوێ بمێنەوەو خۆمان چەك ڕەوانەی سلێمانی ئەکەین و،منیش وتم حەز ناکەم لە ڕاگەیاندن بم و ئەگەرمەوە بێ سلێمانی و ئێستا ئەمەوێت برۆم پشوو بدەم و بەیانی قسەی ئەکەین و دەرچووم و ، شەوکی خۆشم لە گەڵ هاورێیان بە سەربردو بەیانی پاش نانخواردن چووم بێ لای هاورێ ئەبو عامل چەکمان بداتی و وتی ئیشی تۆ لە ڕاگەیاندنەو باسی چەك مەکەو، منیش چووم بێ لای هاورێیانی سەرکردایەتی کەریم ئەحمەد { ئەبو سلیم } ئەحمەد مەلا قادر بانیخۆلانی { ئەبو سەرباز} و وتم خۆتان ئەزانن هاورێ ئەبو سەلام

چەنەو ئەو منی گلدایەوە و خۆشم حەز ئەکەم لە سلێمانی بم و نامەوێت لێرە بم و ئەبو عامل ئەیەوێت بە زۆر بمهێنێتەوە و ئەڵێت تۆ یاخی بوویت و داواکارم یارمەتیم بدەن بۆ ئەوەی تووشی کێشە نەبم و حەزناکەم چیتر ئەبو عامل بدوێنم.
هاوڕێیان قسەیان لە گەڵ ئەبو عامل کردو وازی هێناو لە کاتی چەك وەرگرتن کاتێك وتم سلێمانی لەمەشیان بەختی نییەو کام چەك خراپە ئەیدەن بە ئێمەو ئەبو عامل هەڵچوو وتی بۆت نییە ئەوە بڵێت ئەی کامە باشەو، منیش وتم بە هێمنی قشە بکەین باشترە و ئەزانن چەك یەکەم جار ئەگاتە بادینان و بەشی خۆیان بە زیادەوە وەر ئەگرن و پاشان ئەگاتە پشتاشان و ئینجا بەشی سلێمانی و کەرکوك جیائەکەنەوەو ئەوەش قسەی من نییەو هەموو جارێك وتراوەو هەرچۆنێك بوو سێ بار چەکیان دا بە ئێمەو وتم ئێمە دوو هێسترمان پێیەو، هاوڕێ ئەبو عامل نیازی وابوو دووبار ببێن و بۆ ئەوەی تریان جاریکی تر بگەڕێنەوە بۆ پشتاشان و منیش وتم چەکەکانمان بدەڕێ خۆمان چارەسەری ئەکەین ، بە هەر حاڵ لە ئەبو عامل رزگارمان بوو.
بە یارمەتی هاوڕیان { بابی سەلیم و بابی سەرباز} هێسترکمان وەرگرت و خۆمان ئامادە کردو شەو ئەبو عامل هات و وتی کێمەك پێشمەرگە بۆ سلێمانی گوازراونەتەوەو ئەمەش ناوەکانیانە بیانبەن و، منیش وتم ئێمە بەیانی زوو ئەڕۆین و پێویستە ئامادە بن و هەرکەس زوو نەیەت ئێمە بەجێئەهێڵین .
ڕۆژ بووەوەو نان و چامان خواردو چەکەکان بارکران و کێمەك پێشمەرگە هاتن و ژمارەیان 16 کەس بوو منیش وتم زۆر سارەو ڕێگاوبان بەفرو شەختەیەو دووڕە ئەوەی ناتوانێت لێرە بمێنێتەوەو پاشان کەوتینەڕێ و هەرچۆنێك بوو گەیشتینە نەکان و، ڕۆژی دواتریش لە نەکان گەیشتینە گوندی بۆوران و بەفر زۆر بوو لەوێ خەڵکی گوند وتیان بە شاخدا ناتوانن بڕۆن و ڕێگای ماشینیش (ئۆتۆمبیل) لە بەر نزیك بوونی لە سەردەست ئاسان نییە و سوپای ئێران چاودێری ڕێگاکە ئەکات.
بیوران نزیکە لە شاری سەردەشت و هەروا لە کۆڵێ کە ئێستا بووەتە دەروازە لە نێوان کوردستان وئێرانە و نزیکە لە قەڵادزێ و بە هۆی قاچاغچێتی حزبی بەعس کەسانی خۆی بە ئاسانی خزاندووە ناو ئەم گوندەو مانەوە لێرە ترسناکەو جگە لە هاوڕێ عەبدولکەریم هەموو هاوڕیان عەرەبن بۆیە سێ کەسم لە گوندەکە دڵنیەوە بە کرێ بەیانی زوو لە گەڵ هێسترو بارەکانیان تا دێی دەرمان ئاوا هاوکارمان بن و هاوڕێ عەبدولکەریم سەرپەرشتی هاوڕیان بکات و لە سەرشاخ بگەنە گوندی دەرمانئاواو، ڕۆژی داهاتوو شەفەق عەبدولکەریم و هاوڕیان چوون و من و سێ کەسەکەو هێسترو بارەکان بە ڕێگای

ئۆتۆمبیل و لە ڕێگای مەترسیدار دەرباز بووین و گەیشتینە دەرمان ئاوا.
لە دانیشتوانی گوند زانیمان هێستر بە بارەوە ناتوانێت بەناو بەفری شاخی زەردگ بروات و ڕێگاکە بە هۆی ڕەنوو کردن (هەڕەس) زۆر ترسناکە. شەو هەشت کەسمان بە کڕ گرت و بۆ بەیانی هاوڕیانم کێکردەوەو وتم ئەم ڕێگایە ترسناکەو ئەوەی گورجوگۆ نەبێت ئەکەوێتە ژێر بەفرو پێویستە هەموو وریابن و یارمەتی یەکتر بدەن و پاشان شەمەندەفەرەکەمان (هاوڕیان و کەسانی بارهەڵگرو هێسترەکان) بەبۆ بار کەوتەڕێ و زۆر بە سەختی و ناخۆشی گەیشتینە بارەگای حزب لە گوندی دولکان و هاوڕێ بابی تارا بیرکەکەی بەدڵ بوو کە چەکەکان بە کۆنبەر گەیاندە بارەگای حزب.

3/3/2021

لە دولکانەوە بۆ پشتاشان.. ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان :
لە کۆتایی مانگی نیسانی 1982 بارەگای حزبمان { حزبی شیوعی عێراق} لە دێی دولکان بوو من هاوڕێ نەسرەدین عابید هەورامی پێکەوە بووین و ڕۆژێکیان نامەیەکی سەرکردایەتی هات و نەسرەدین نامەکەی کردەوەو وتی لە سەرکردایەتی داوات ئەکەن بە زووترین کات بگەێتە پشتاشان و، لە پاش یەك دوو ڕۆژ کەوتمەڕێ بەرەو نێکان و، لەوێ لە گەڵ هاوڕێ ابراهیمی سۆفی (بابی تارا) یەکمانگرتەوەو ئەویش داواکرابوو، شەو لە نێکان نووستم کە ڕۆژ بووەوە کەوتینەڕێ ، من و سێ چوار هاوڕێ و دیلێك بە پیادەو بابی تارا بە سواری هێستر لە بەر ئازارەکانی قاچی کە لە شەری سنە تووشی بوو، بۆ ئێوارە گەیشتینە پشتاشان و، لەوێ هاوڕێ بابی تارا بوو بە لێپرسراوی جولە پێکردنی سەربازی (حرکات عسکریە) و، منیش بۆ ڕاگەیاندنی ناوەندی ـ بە شی سەربازی { پێشمەرکاتی} لە گەڵ هاوڕیان شاعیری گەورە گەلەکەمان ئەحمەد دزارو ئەفراسیاو سدیق شاوەیس { حەمە ڕەشید} و هاوری سەلیم ئیسماعیل (ابو عوطف) ئەندامی کۆمیتە ناوەندی بوو بە

بەرپرس.
لە گەرمەی هاوینداا لە سەرەتای مانگی ئاب 1982 کۆمەڵك لاوی هەولێرو دەورو بەری هاتن بۆ پێشمەرگایەتی و، ئەو کات هاوری بابی سەلام { بەهادین نوری} بەرپرسی سیاسی هێزی پێشمەرگە بوو هات بۆ لام و وتی : خەلکێکی زۆر پەیوەندییان کردووەو پێویستە ببیت بە لێپرسراوی سیاسی و، وتم ئەی ئیشەکەی راگەیاندن یەکسەر بەبۆ وەستان وتی ئەبۆ هەردووکیان ئەنجام بدەێت و حاریکی تر وتم ئەی هاورێ ابو عواطف بەرپرسم رازی ئەبێت ؟ وتی خۆم قسەی لە گەڵدا ئەکەم.
سکرتێرو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ناوەندی و بەشی سەربازی و راگەیاندن پێکەوە بووین و، خۆەتی ئەوانەی لە هەولێرەوە هاتبوون زۆر نزیك بوون و ئێمە 3 هاورێ بووین بۆ یارمەتیدانیان : ئەحمەد رەجەب { سیروان} بەرپرسی سیاسی، مولازم حامد بەرپرسی عەسکەری و عبودە رەش بەرپرسی ئیداری.
لە مانگی ئاب (ئۆگستی) کۆبوونەوەی فراوانی کادری حزبیی (سیاسی و سەربازی) کراو، لە کۆتاییدا هاورێیان گەرانەوە بۆ سەر کاروباری خۆیان و منیش ئەو دەرفەتەم قۆستەوەو داوام لە هاوری بەهاءالدین کردو وتم : گەر بکرێت بۆ یەك مانگ مۆڵەت وەربگرم و برێم بۆ شارباژێرو هەوێبدەم هەواڵی خۆزانەکەم و کەسوکارم بزانم ، هاورێ وتی برۆ بەناو هەوێبدە زوو بە زوو بگەڕێتەوە.
لە پشتاشان هاورێ سلیمان یوسف ئیستیفان {ئەبو عامل} بەرپرسی سەربازی پێشمەرگەکانی حزب وتی ئەم دوو هاورێیە لە گەڵ خۆت ببە بۆ شارباژێرو لەوێ بیانده بە دەست هاورێیانی بەرپرسی رێکخراوەکانی شارەکان (مەدەنی) لە ناوچەکەداو، بەیانی زوو دوو هاورێکە ئامادە بوون : عەلی عەدە ئەلعەقابی { ئەبو پراڤدا} 1 و، سامی عەبدولرەزاق ئەلجبوری { ئەبو عادل}2 و، کەوتینەڕێ بەرەو نۆکان و شەو لەوێ لای هاورێیان ماینەوەو، لە رۆژی دواتر بەرەو دولکان رێگامان گرتەبەرو ئۆوارەگەیشتین و لەوێ دوو شەو ماینەوە.
هاوری ئەبو پراڤدا بۆ یەکەمین جار ئەو رێگا سەختانە ببینێت و، زۆر هیلاك بوو ، لە پاش دوو رۆژ ئۆوارەیەکی درنگ گەیشتینە دێی چاڵە خەزێنەو، خۆشبەختانە تەراکتۆرێك شتومەك و کاڵای ئۆرانی بارکردبوو بەرەو سنووری چوارتا ئەڕێشت و ئێمەش بە سواری تەراکتۆر گەیشتینە شوێنێك و تراکتۆر پەکیکەوت و، هەواڵی هاورێیانمان پرسی یەکێك خەڵکی ناوچەکە وتی ژمارەیەکی زۆر لە هاورێیانتان بەرەو چنگیان ئەڕێشتن و، ئێمەش نزیك بووین هەر چێنێك بوو لە نیوە شەودا گەیشتینە چنگیان و رووماڵ کردە مزگەوت و هاورێی پاسەوان بەدەنگێکی بەرز وتی: کێی زەلام ؟ منیش وتم هاورێ

خەمانین و دەنگی یەکترمان ناسی و هەندێ هاورێ هاتن بە پیرمانەوەو، چوون بەتانیان لە ماڵێك بێ هاورێیان ئەبو پراڤداو ئەبو عادل هێناو منیش لە گەڵ هاوری { مامۆستا خالد) 3 پشتمان نا بە پشتی یەکترەوەو نووستین و کە رۆژ بووەوە نان و چای پەیانیمان خواردو هەردوو کادریرەکەی حزب تەسلیم بە هاورێ خالد کردو وتم نامەیان پێیەو، منیش هەوالی ماڵی هاورێ نەسرەدینم پرسی وتیان لە باراوەو پاشان من بەرەو باراو کەوتمەرێ و هاورێیانم بەحەپەشت و گەیشتمە باراوو لەوێ بە یارمەتی هاورێیان لە پاش دوو رۆژ دایکم هات.

دوای دوو رۆژ من و هاورێ شیخ رەسول لە باراو بەرەو دێی بەزێنان کەوتینەری بێ ئەوەی فریای ئۆتۆمبیل بکەوین و دایکم بگەڕێتەوە بێ سلێمانی ، لە نزیك دێی شوکێ دوو هەلیکۆپتەر دەرکەوتن زوو من و شیخ رەسوڵ چووینە بن دارێکی بچوك و بە دایکم وت تێ بەردەوام بەو بڕێ ناو دێ و خێت بکە بە ماڵێکداو بەڕێی دایکی پێشمەرگەم و،هەلیکۆپتەرەکان دوو سێ دەستڕێژی لە دەوروبەری دێی وەندرێنە کردو ناوچەکەیان بە جەهەشت و ئیمەش { من و دایکم و شێخ} بە سەلامەتی گەیشتینە دێی بزەینان و لەوێ ناچار بووم و بە پیکاپێکی پر لە بار دایکم نارەوە بێ سلێمانی و خێشم لە گەل شیخ رەسوڵ بەرەو دێی گورگەیەر ڕێیشتین و لەوێ مامەوە و کاکە شیخ ژورێکی لە ماڵێك بە کرێ گرتبوو، لە پاش هەفتەیەك چوومە دێی سیتەك بە یارمەتی و چاوساغی هاورێیان ئارام عەلی و شەهید ئاسو نایب و مەفرەزەیەك لە پێشمەرگەکانی حزب بە سەلامەتی لە جادەی سلێمانی ـ چوارتا پەرینەوەو شەو لە دێی خەمزە نووستین و دوای خواردنی نان وچای بەیانی کوتینەری بەرەو گاپێون و دێی جافایەتی و شەو لە مالومە ماینەوەو لە پاش نیوەرێ لە دێ دەرچووین و بێ ئاوارە گەیشتینە ولاغ لوو شەو لەوێ ماینەوەو لە پاش خواردنی قاوەتی بە چەمی سەفرەو زەرون شڕبووینەوە و گەیشتینە سەر ئاوی زێی بچوك و پەرینەوە بێ دێی هەرزنەو چووینە دێی ئەشکان ولە پاشان دێی بتێش و من لە مەفرەزەکە جیابوومەوە چووم بێ بارەگای حزب لە دێی دولکان.

لە دولکان بیستم هێزی پێشمەرگەی حزب دابەش کراوە بە سەر سێ مەبەند { بادینان ، هەولێر ، سلێمانی و کەرکوك و هاورێ بەهاءالدین نورێ بووەتە بەرپرسی مەبەندی سلێمانی و کەرکوك و، هاورێ بەها وتی لێرەبەو مەرێ بێ پشتاشان و وتم حەز ئەکەم لیرە بمێنمەوە بەڵام ئایا هاورێیان لەوێ رازی ئەبن و، هاورێ وتی خێم چارەسەری ئەکەم. { ماویەتی}.

تیبینی :

1 ـــ عەلی عەدە ئەلعەقابی { ئەبو پراڤدا} کادرێکی لێهاتوو ، بوو بە ئەندامی کۆمیتەی حزبی شیوعی عێراق. هاورێیەکی ئازاو پێشمەرگەیەکی چاونەترس جوامێرو لەخۆبوردو هەمیشە ئامادە بوو خزمەتی خەڵك بکات و لە رووی ئەکادیمییەوە بەگەنامەی دکتۆرای هەبوو مامۆستای زانستە سیاسییەکان بوو لە کۆلیجی زانست لە زانکۆی موستەنسریە و، لە پاش نەخشیەکی سەخت کۆچی دوایی کرد.
2 ـ سامی عەبدولرەزاق ئەلجبوری { ئەبو عادل} کادرێکی پێشکەوتوو لێهاتوو قسەخۆش و پێشمەرگەیەکی ئازاو یە ساڵی 1978 چەکی مەردایەتی دژ بە رژێمی دیکتاتری سەدام حسەین و حزبی بەعسی عەرەبی هەڵگرت و لە سوید کۆچی دوایی کرد.
3 ـ مامۆستا خالد { سلاح الدین حەسەن} ئەندامی مەکتبی محەلی پاریزگای سلێمانی و کادری بە تواناو پێشمەرگەیەکی ئازاو چالاك و یەکڵك بوو لە قارەمانەکانی داستانی قزلەرو، لە پاش پرسەکانی ئەنفالی چەپەڵ و بڵ راپەرندنی ئەرکەکانی حزب لە ناو شاری سلێمانی گیراو شەهید کرا.

لە پێناو بەرگریکردن لە بیروباوەرو بەرژەوەندی گەل.. ئەحمەد رەجەب

هەموو ساڵێك لە 14 ی شوباتداشیوعییەکان هاورێ و کەسانی بە شەرەف و نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخواز یادی تاوانێکی گەورەوئەکەنەوە، یادی لە سێدارەدانی هاورێیان یوسف سەلمان { فەهەد} دامەزرێنەری حزبی شیوعی عێراق و هەردوو سەرکردەی دیاری محەمەد زەکی بەسیم {حازم} و حوسەین محەمەد ئەلشبیبی {سارم} و هەروا یادی کودەتا قیزەوەنەکەی 8 ی شوباتی رەشی 1963 ئەکەنەوە کە بووە هۆی شەهید بوونی ژمارەیەك ئەستێرەی تیکۆشەر، نەمران : حوسەین ئەحمەد ئەلرزی { سەلام عادل} سکرتێری یەکەمی حزب و هاورێیانی سەرکردە جێرج تەڵ، جەمال حەیدەری، محەمەد ساڵح ئەلعەبەلی، نافع یونس، حەمزە سەلمان، محەمەد حوسەین ئەبو العیس، حەسەن عەونە، عەبدولرەحیم شەریف، طالب عەبدولجەبار، سەبیح سباهی، ئەلیاس حەنا، مەتی ئەلشیخ ”

نووسەرو ڕۆژنامەنووسی ناسراو ئەبو سەعید، داود ئەلجەنابی، زەعیم ڕوکنی فرکەوان جەلال ئەلئەوقاتی " فازل عەباس ئەلمەهداوی، فازل ئەلبەیاتی، ماجد محەمەد ئەمین، مەهدی حەمید، تەها شیخ ئەحمەد، وەسفی تاهیرو حەسەن خدر ئەلدوری و ئەم کەسایەتییانە جێ پەنجەیان دیارە لە دامەزراندنی حزب وبنیاتنانی قەوارەکەی و ڕێکخستنی ڕێکخراوەکانی و داکوتانی نەریتە شۆرشگێرییەکەی و، بە هەموو توانایانەوە چالاکی و تیکوشانی حزبیان لە ساڵانی دامەزراندنداپشخست و شکۆی حزبیان پاراست و لە پێناویدا شەهید بوون و لاپەرەی پرشنگداریان لە مێژووی حزبدا تۆمارکردو خوێنی خۆیان بەخشی و، ئەمە شیوعییەکانی عێراق و کوردستان و بەم بۆنە پرتاوانە سەری ڕێزو نەوازش بۆ ئەو شەهیدە قارەمانانە دائەنوێنین و هەمیشە یادیان زیندووەو بەرز ڕائەگرین.
ئەو تاوانە درندانەیەی دەسەڵاتی پاشایەتی کۆنەپەرست و حکومەتەکەی حزبی بەعس درهەق بە حزبی شیوعی عێراق و بزوتنەوەی نێشتمانی عێراق و ئەو سەروەرییانەی شەهیدانی نەمر سەرلە بەیانی ڕۆژی14 شوباتی 1949 سەربەرزانە سەرکەوتن بە سەر داری سێدارە لە پێناو پاراستنی بیروباوەرو بەها بەرزەکان و پاراستنی بەرژەوەندی گەل کە گیانی خۆیان لە پێناویداو بەخشی بۆ عێراقیکی سەربەخوو ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەری دابین بکات و خەڵکەکەی بە ئاسوودەیی ژیانێکی پر لە کامەرانی لە نیشتمانێکی ئاسوودەو سەربەست بەرێبکەن.
.لیستی شەهیدانی شیوعی درێژەی هەیە و لێرەدا باس لەو دوو کەسایەتی ئەکەم ماوەیەك پێکەوە زیانمان بەسەربردووە.
شەهید حەمزە سەلمان :
پێش 60 ساڵ لەلایەن دایرەی ئەمنی دەربەندیخان گیرام و ناردمیان بۆ بەرەوەبەرایەتی ئەمنی لیوای (پارێزکای) سلێمانی و لە پاش ئازاردانێکی درندانە لە کۆتایی ساڵی 1961 ڕەوانەی بەرەوەبەرایەتی گشتی ئەمن لە بەغدا کرام و یەکەم دەسکەوتم زللەیەکی بە هێز بوو لەلایەن جەبری پۆلیسەوە و وتی تۆ مستەفایت (مەبەستی مستەفا بارزانی) بوو منیش وتم نەخێر شیوعیم و منیان بردە قاوش (ژوری شیوعییەکان) و لەلایەن ئەوانەوە پێشوازیم لێکراو، لە پاش کاتژمێرێك بردمیان بۆ لێدان و لێپرسینەوە وسوکایەتی پێکردن و لە پاش چەند کاتژمێرێك گێرامیانەوە بۆ زۆری شیوعییەکان و ماوەیەك دوای ئەوە یەکێك لە زیندانییەکان هات و چەندین پرسیاری لێکردم و وتی لێرە زیندانی بەعسی و قەومی و پارتی و زیندانی تر هەیەو ، پاشان بۆم دەرکەوت ئەو کەسە هاورێ حەمزە سەلمانی پارێزەرە و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقە.

لە مانەوەم هەندێ هاوری و کەسایەتیم ناسی وەك فوئاد زەلزەلە ، فەرید ئەبو ئەلجام، محەمەد ئەلسایغ و بژەری رادیۆی بەغدای بەناوبانگ و ناسراو حافز ئەلقەبانی و کەسانی تریش، بەڵێ هەموو ڕۆژێك بەیانیان بە ڕێبە قاوەیەکەی بەری پاریزەرە گەنم رەنگەکە بابی کێریاو وەساب و سلام { حەمزە سەلمان} دللەیەکی قاوەی پێبوو ئەیوت لاوان هەستن لە خەو وهەمیشە لێوی بەخەندە بوو هێمن و ئارام و گوێ رایەڵ و باش گوێ لە هاورێیان و بەرامبەرەکەی ئەگرت.
حەمزە سەلمانی پاریزەر شیوعییەکی ناسراوو سەرکردەیەکی نەترس بوو، ترسی خستبووە دڵی ئەو جەللادانەی کە لە زیندانی نوگرە ئەلسەلمان بێ تەلاری کێتایی (قصر النهايه) ی بەغدا گواستیانەوە و لەویدا هەرشەی لێی ئەکەن و لێی ئەپرسن : ئایا لە مردن ناترسێت؟ ئەویش ئاوریان لێیئەداتەوە و ئەڵێت کوا مردن ؟ من بە دوای ئەگەرم، حەمزە سەلمان خاوەنی چەند خەسڵەتی پاش بوو وەك دەسزی بێ کێشەی هەژاران و زەحمەتکیشان و نیشتمان و خێشەویستی هاورێیان و تیگەیشتوونی لە گەلیانداو چالاکانە بەرگریکردن لە پیروباوەری و شیوعییەت.
شەهید محەمەد ناسر حوسەین ئەلحەداد :
لە شاری کرفە لە ساڵی 1968 لە چایخانەیەکی میللی لە نزیك فلکەکەی حەبیب ئەلرەعاش دانشتبووم و چاوەروانی هاتنی کورە لاوی شیوعیم ئەکرد بێ ڕاپەراندنی ئەرکێکی حزب وهاوری کریکار بوو لە کارگەی پێتاوی میللی (الاحذيه الشعبيه) بەڕام نەهات و جێی سەرسوڕمانم بوو وابێچووم لەلایەن دوژمنانەوە گیراوە چونکە ئەو کارە واتە نەهاتنی لەو هەناوەشتەوەو بێیە بە پەلە گەرامەو بێ ماڵ و ئەو کات لە گەڵ دایکم پێکەوە ئەژیاین لە گەرەکی سەرا لە خانووکەی هادی حەنتوش لە دووری چەند مەترێك لە ماڵی موحسن ئەلحەکیم و یەکسەرکەوتمە پێچانەوەی هەندی کاغەزو بەگەنامە و خێ ئامادەکردن بێ ڕویشتن بێ لای هاورێیانی جێتیاران لە دێهاتەکانی ئەلبوحداری (علوه الفحل) یان سادات و موهی لە ناحیەی عەباسییە بێ خێ شاردنەوەو لایيان بمێنمەوەو لەو کاتەدا لە دەرگایانداو زوو چوومە سەربان بێ ڕاکردن و خێدەربازکردن و دایکم دەرگای کردەوەو بانگی کردم و وتی هاورێیانی حزبن و، هاتمە خوارەوەو دەستی چەپی هاورێم دی بە لەفافی سپی پێچراوەتەوەو پێش ئەوەی بگەم کەفارەتت بێت و سەلامەت بێت زوو بە زوو داوای لێبوردنی کردو وتی بێیە دووا کەوتم تووشی کێشە بووم و دەستم بەر کەوتووەو تووشی برین بووم و چوومە تەواری و لەوی ڕامکردووەو بەبێ ڕوخسەتی پزیشك پیش ئەوەی بگەم بێ ئێرە چوومە چایخانەکەی نزیك فلکە حەبێب ئەلرەعاش و ئێستا ئامادەم بێ هەموو کارێك و منیش دەست خێشیم لیکرد بێ ئازایەتی و چاونەترسی

و هەروا داوام لێکرد بگەڕێتەوە بۆ نەخۆشخانەی فورات..
لە پاش کردەوە دوژمنکارییەکەی عەزیز ئەلحاج و کەرتکردنی حزب لە 17/9/1967 ریکخراوەکان دووچاری کێشەو و کەموو کوری بوونەوە و ئەو کارەش کاریکردە سەر ڕێکخراوی شاری ئەلکوفە و بۆبەش نەبوو لە ئازارو گیروگرفتەکان و مەرکی بە سەر کاری شیوعییەکان دیاربوو، ڕۆژانە دەسەڵاتی حکومەت هاوڕیان و پیشکەوتنخوازانیان لە شارەکەدا ئەگرت و هۆرشیان ئەکردە سەر دۆهاتەکان و هەموو ئەو کارانە بۆ ئەوە بوون لە توانی شیوعییەکان کەمبکەنەوەو هاوری محەمەد زۆر چالاکانە کاروباری ڕێکخراوەکەی جێبەجێ ئەکرد.
هاوڕێ محەمە کرێکاری کەمپانیای پێتاوی میللی بوو ، لە سەرەتای ساڵی 1968 هاتە ریزی حزب و لە گەڵ هاتنی ڕێکخراوەکەی شاری کوفە پەرەی سەندو هاورێ چووە ناو قوتابی و مامۆستاو کرێکارو جوتیاران و. ڕوویکردە هەموو لایەك : عەباسییە ، ئەلبوحداری (علوه الفحل) و موهی و کفل و هتد… پاش سێ مانگ هاوڕیان پێشنیازیان کرد ببێتە ئەندام و بە داخەوە ئەو کات هاوری مەهدی ئەلخەیات کە محەمەد لە ڕێ ئەوهاتە ریزی حزبەوە قایل نەبوو هاورێ محەمەد بکرێت بە ئەندام و، لە کۆتاییدا محەمەد بوو بە ئەندام و هاوری مەهدی خەیات وازی هێناو ئەبوو شانازی بکردبا یەکێکی وەك تەو بلیمەتەی بۆ حزب هێناوە و ، لە پاش شەش مانگ هاوری کرا بە ئەندامی لێژنەی قاعدەو حزب بۆ خوێندن ناردی بۆ وڵاتێکی سۆسیالیستی و لە پاش تەواوکردنی خوێندن و لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ وڵات لە گەل هاوڕیاندا و ژمارەیان 11 هاورێ بوون لە لایەن عیسا سواری ئەندامی سەرکردایەتی پارتی گیران و تا ئێستا بۆ سەرو شوێنن بۆیە پێویستە هەر هەموو داوا بکەین پەردە لە سەر ئەو تاوانە بۆفەرە لابدرێت.
یادی شەهیدانی نەمر بەرزو شکۆدار بێت و ڕووڕەشی و مردن بۆ دوژمنانی شیوعییەت.
12/2/2021

نەوت بنۆرن و چیتر

مەپارێنەوە.. ئەحمەد رەجەب

کاتێك بەرپرسانی هەرێم و حکومەتی کوردستان پارەیەکی مێژ لە بەردەستیان بوو لە ساویلکەیی بێ ئەزموونی و نەزانین ونەشارەزاییان لە چۆنێتی خەرج کردنی و بێباکی و پشتکردن لە کۆمەگاو بایەخنەدان بە هاوڵاتیان کە بەهیچ شێوەیەك (بێ نموونە) بیریان نەکردەوەو چەند کارگەیەك دابمەزرێنن یان بەلای کەمەوە بایەخ بدەن بە کارگەکە کۆنەکانی کاتی رژێمی سەدام حوسەین و نەوژەنیان بکەنەوەو بیانخەنەکار بۆ چارەسەرکردنی بێ ئیشی و یارمەتیدانی گەنجینەی نیشتمانی و هاوڵاتیان بۆ بژێو نەمێننەوەو تووشی قەیران و ماڵوێرانی نەبن.

بەڵێ ، بەرپرسان پارەکەیان خەرج کردو ، بە تەمابوون هەوڵێر بکەنە دوبەی و بۆ ئەو مەبەستە چەند شەقامیکیان دروستکردو جوانی بەخشییە هەوڵێرو شارەکان تریش کەمتر لە هەوڵێر بایەخیان پێدراو لە پاڵ جوانی شارەکان هەموو کێگە نەوتییەکان لە کەرکوك و خانەقین و شوێنەکانی تر بەردەوام بوون لە هەنارنی نەوت بەریگای بۆری و تانکەر بۆ دەرەوەی وڵات و ئەو پرسەیە تا ئێستاش بەردەوامە بە بێ ئەو کێگانە کە لە 16 ی تەکتۆبەری ساڵی 2017 بە هۆی سازشی خودی بەرپرسان لە دەستیانداو جێی ئاماژەیە فرێشتنی نەوت هیچ سوودێکی نەبووەو نییە بۆ گەل.

دەمیکە حکومەت فێری یاری چاوشارکێ بووەو لە مانگیکدا چەند جارێك شاند رەوانەی بەغدا ئەکات و لە پاش گفتوگۆو دانوستان لە گەڵ لایەنە شیعە عێراقییەکان شاندی حکومەت ئەگەڕێتەوەو هەندێ درۆ بۆاو ئەکەنەوەو جاروبار بەشیر حەداد جێگری دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دیتە سەر خەت و حەزی لە کونفرانس بەستن و لەوێدا هەموو جار ئەڵێت بەم نزیکانە گفتوگۆکان سەر ئەگرن و پارەی کوردستان رەوانە ئەکرێت بەڵام تا هنوکە هەر قسەیەو هیچ نەهاتووە دڵخۆشکەرە بێت بۆ فەرمانبەران و مامۆستایان و، زۆرجار سەرێك کەمار بەرهەم ساڵح پێشوازی لە شاندی کوردستان و نوێنەری لایە سیاسییەکان ئەکات و لە هەموو چاوپێکەوتنێکدا ئەڵێت نابیت کێشەی موچە تێکەڵ بە سیاسەت بکرێت!.

لە مێژەوە حکومەتی عێراق داوا ئەکات رۆژانە نەوت بنێرن بۆ کۆمپانیای سۆمۆو لەبری ئەوەش پارە بۆ مۆچەی فەرمانبەرو مامۆستایان ئەنێرن بەڵام حکومەتی کوردستان لە رۆژی واژوکردنی گرێبەستە شەرمەزاریە 50 ساڵەکە لە گەڵ تورکیادا باڵێ شکاوەو ناتوانێت لەو قەیرانە خۆی قوتار بکات و چیتر هاوڵاتیانی کوردستان

برسی نەکات بۆیە گەڵ داوا ئەکات پەردە لە سەر ناوەڕۆکی ئەو گرۆبەستە هەڵمارەت و ئەوانەی ئەو کارەیان دژ بە هەڕەم ئەنجامداوە بدرێنە دادگاو سزا بدرێن چونکە ئەو کارە قیزوەنە بە ئارەزووی هەندێ کەس کراوە دوور لە پەرلەمان و هاوڵاتیان.
لێرەدا ئەپرسین ئایا هەرێمی کوردستان ئەتوانێت بریارێکی نیشتمانی دەربکات و بە تورکیا بڵێت: لەمرۆ بە دواوە پابەند نابین بەو ڕێککەوتنامە پر شەرمەزاریيەو نەوتی کوردستان نادەین بە ئێوە چونکە تا ئەو ڕێکەوتنە مابێت ناتوانین نەوت بدەینە بەغدا.
دیارە پەرلەمانی کوردستان بە هەی بچوونی حزبایەتی و دڵگمای بیروباوەری بەرپرسان ئیفلیج بووەو نەیتوانیوە ڕۆی خۆی بەباشی بگێرێت یان ڕاستر ئەوەیە خاوەن حزبەکانی دەسەڵات ئارەزوومەندانە لە پێناو پەرژەوەندی خۆیان و بنەماڵەکانیان بەبێ گەرانەوە بۆ پەرلەمان بریاریانداوە و گەلی کوردستانیان فەرامۆش کردووەو تووشی قەیران بووە.
** پێویستە حکومەتی کوردستان بۆ دەربازبوون لە قەیرانە کەڵەکەکراوەکان ئەم کارانە بکات :
ـــ بە ڕاستگۆیی مامەڵە لە گەڵ هاوڵاتیان بکرێت و، ئیتر درۆ بەسە.
ـــ هەوڵ بدرێت گرۆبەستی نەوت لە گەڵ تورکیا هەبووەشێتەو و نەوتی کوردستان بە بەلاش نەدریت بە تورکیا.
ـــ موچەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگەو فەرمانبەرو مامۆستایان و خانەنشینان بەبێ بڕینی 21% بدات.
ـــ هەوڵ بدرێت ڕۆژانە نەوت ڕەوانەی بەغدا بکرێت.
ـــ حکومەتی کوردستان ئەگەر نەوت بدات بە حکومەتی ناوەند ئیتر پیویست بە پارانەوە ناکات.
ـــ واز لە شاندنار دن بهێنێت و لەوە زیاترە خۆ ڕیسوا نەکات.
ـــ نابێت حکومەت پیر لە شەر بکاتەوەو پلانی دژمنان جێبەجێ بکات.
ـــ دەستبەجێ ئەوانەی لە سەر موچە کە مافی خۆیانە گیراون ئازاد بکرێن و، حکومەت واز لەو ئاوازە ناسازە بهێنێت و نەڵێت ئەو گیراوانە بەپێی دادگا گیراون و، هەموو لایەك باش ئەزانن دادگاکانی کوردستان سەر بە حزبی دەسەڵاتە.
ـــ پێویستە هاوڵاتیانی کوردستان لە ئاستی کردەوەکانی حکومەت بدەنگ نەبن.
ئەگەر بەرپرسانی حکومەت ناتوانن ئەو گرۆ کوێرەیە کە خۆیان دروستیان کردووە بکەنەوە، باشترواية لە حکومەت بکشێنەوەو دانی بە شکستی خۆیان بنێن.
حکومەتی کوردستان بەو بیروبۆچوونە دوگمایەی ئێستا پەیرەوی ئەکات نەهامەتیی و ناخۆشی زیاتر بۆ هاوڵاتیان ئەهێنێت.

لە کوتاییدا پرسیارێك : ئەوە بۆچی جارێك سەرۆك وەزیرانی حکومەتی کوردستان مەسرور بارزانی نەچووە بەغدا؟ ئەی بۆچی بە نهێنی و ئاشکرا ئەچێتە ئەنکەرە؟.
2/2/2021

لە دۆخێکی ئاڵۆزو دژواردا دەنگی شەری ناوخۆ بەرز ئەبێتەوە.. ئەحمەد رەجەب

رۆژ لە دوای رۆژ قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان لە هەڵکشانایەو لە هەموو شتێك زیاتر دەنگی نشازی شەری ناوخۆیە بۆیە پێویستە هەموولایەك لە دژی ئەو شەرە قیزوەنە کە بانگەشەی بۆ ئەکرێت ڕاڕاین هەبێت و دەنگ بۆ ئاشتی وتەبایی بەرزبکەنەوەو ڕێگر بن لە بەرامبەر پیلانەکانی دوژمنانی گەلی کوردستان.
بێشك شەر لە نێوان هێزە کوردستانییەکان بە تایبەت لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان (پدك) و پارتی کرێکارانی کوردستان (پکك) خزمەتی ئامانجەکانی تورکیایی دوژمن ئەکات.
ماوەیەکە بە ئاشکراو زۆر بە ڕونی پدك خەریکی جوڵاندنی هێزی پێشمەرگەی زێرەڤانییەو، سەرەتا لە زێنی وەرتێ بەناوی هێزی وەزارەتی پێشمەرگەوەو بۆ ڕێگرتن لەو کەسانە کە لە سنوورەوە نیازیان هەیە بێنە کوردستان دەستیپێکردو گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان پدك و یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ینك) بەرپا بوو، بەڵام لە پاش ئەو هێز جوڵاندنە بەناو وەزارەتی پێشمەرگەوە پدك لەلایەن خۆیەوە دەستی بە جوڵاندن و ناردنی هێزەکانی زێرەڤانی تەنانەت هێزی زرێپۆشی بۆ هەموو شوێنە هەستیارەکانی کرد بە تایبەتی بۆ قەسرێ و سیدەکان وەرباییەکەی لوتکەی شیخ ناسر کە بە قوڵایی قەندیل ناسراوەو لەوێوە ناوچەیەکی پان و بەرین کۆنترۆڵ ئەکرێت چونکە شوێنکی ستراتیژیی و سەربازییە و پێگەیەکی تایبەتی هەیە.
هێزەکانی پدك ئامێری لێدان و هەڵکەندن و پاککردنەوەی ڕێگاوبانیان پێ بووەو شاراوە نییە ئەو هەموو کەرەستانە بۆ دژایەتیکردنی (پکك) یە نەوەك بۆ دەرکردنی تورکیا لە خاکی داگیرکراوی کوردستان..

تورکیا ڕۆژانە بە تۆپ و فرۆکەی جەنگی و فڕۆکەوان بوردمانی هەرەمی کوردستان ئەکات و، سەرەڕای بنکە سەربازییەکانی لەناو قوڵاییی خاکی کوردستان ، بەردەوامە لە ناردنی هێزی ترو لە چەندین ناوچە جێگیری کردووەو، ئەو جموجوڵەی سوپای تورکیاو لەشکرکێشەکانی لە ناوچەی هەفتانین بە ئاگاداری پدك و خودی مەسعود بارزانی سەرکی پارتی ئەنجامدراوە لە بەرامبەر مەڵبەت پێدان لەلایەن تورکیاوە لە دواخستنی دانەوەی قەرزەکانی تورکیا کە دراوە بە هەرەمی کوردستان و، ئەمەش لە کاتێکدایە نەیارەکانی کورد ئەژن بردەوامبوونی تورکیا لە دەستدرێژیکردنە سەر عێراق ئەبێتە هۆی ئۆوەی ئەو وڵاتە هەموو دەستکانی لەدەست بدات و هیچ کەسکیش ناتوانێت پاساو بۆ پشێلکارییەکانی تورکیا بنێتەوە یان چاویان لێبپۆشێت.

وەزیری بەرگری تورکیا خەلوسی ئاکار لە کاتی دەستپێکردنی پرۆسەی بەناو (چنگی پلنگ) باسی ئازایەتی سوپای تورکیا ئەکات وئەڵێت هێزەکانمان لەو پرۆسەسەیە لە سەروی عێراق(دەوڵەتی تورك قەت ناڵێت هەرەمی کوردستان) تۆپبارانی 700 شوێنی ـــ ئامانجی (پکك) یان کردو و ئەگەر بە وردی وراوەکانی ئەو وەزیرە خوێنرێژە لە یەکبدەینەوە بە تەواوەتی ئەزانین رژێمی تورکیا چەند ترسنۆك و درندەیەو دژی گەلی کوردە.

تورکیا بە فڕۆکە لە ناوچەی سیدەکانییداو دوو ئەفسەری عێراق کوژران و عێراق ئۆباڵی ئەو دەستدرێژییە تاوانکارییە خستە ئەستۆی دەوڵەتی تورکیاو لەلایەن سەرۆك کۆماری عێراق و پەرلەمانی عێراق و حکومەتی عێراق ئەو کارەیان ریسواو ئیدانە کردو وتیان ئەو پشلکارییە سەربازییە بۆ سەر خاکی عێراق و هەرەمی کوردستان پشێلکارییەکی مەترسیدارەو تەنانەت نەیارەکانی هەرەمی کوردستان وەك حەیدەر عەبادی و قەیس خەزعەلی (ئیتر بە هەر مەبەستێك بێت) هاتنە دەنگ و کردەوەکانی تورکیایان ریسوا کرد بەڵام لە کوردستان هەر هەموو دەم هەراشەکان کەرۆژانە بازرگانی بە وشەو سزی هاولاتیانەوە ئەکەن بێدەنگ بوون و نقەیان لێوە نەهات.

سەربەست لەزگین ئەمڕۆ بۆ میدیاکانی پدك قسەی کردو بە زمانێکی هەرەشە ئامێزو زبر هیرشیکردە سەر پککەو کەس نەیزانی بەناوی پدك یان وەزارەتی پێشمەرگەوە قسە ئەکات و نوێنەری کامیانەو لە کونفرانسەکەی لەزگین تەنها ئەم دەزگایانەی پدك ئامادە بوون : کوردستان .تڤ ، سەتەلایتی 24 ، رووداوو زاگرۆس وهیچ دەزگایەکی تری کوردستان ئامادە نەبوو.

پدك لە زاری بەرپرسە باڵاکانیەوە دەستپێشخەری ئەکەن و هەوڵی ئەوە ئەدەن پککە بە تیرۆریست ناوببەن و، روو ئەکەنە هاوپەیمانان بە

تایبەت ئەمریکا کە ڕێگر بن لە پککە و نەهێن چیتر هەرشیان بکرێتە سەرو بەو کردەوانەش دەخەکە ئاڵوزتر ئەکەن و خواست و ئارەزووی گەلی کوردستان بێ ئاشتی و پێکەوە ژیانی حزبە کوردستانییەکان لەناو ئەبەن.
با هێشی سوپای تورکیاو فڕۆکە جەنگیەکانی و بۆکرێگیراوانیان لە قاو بدەین و دەنگی ناڕازایەتیمان ئەی هاوڵاتیانی کوردستان ، ژنان ، گەنجان، نووسەرو رونـاکبیران، ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیران ، مامرستاو هونەمەندان و هەموو تۆژەکانی کۆمەگا ، با هەموو لەهەر چوار پارچەی کوردوستان و دەرەوە دەنگ بەرز بکەینەوە، با هەمومان تورکیاو بۆکرێگیراوەکانیان شەرمەزارو ڕیسوا بکەین، سەرکەوتن هەردەم بێ گەلەکەمانە ، دکتاتۆرو فاشیستەکان و بۆکرێگیراوانیان بێ زبڵدانی مێژوو..
با هەموو داوابکەین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و، پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان وازبێنن لە لوتبەرزی و بەکارهێنانی وشەی زبرو تومەت دابەشکردن بە سەر یەکتردا و ، شەری نێوانیان دوور لە دەستی دەرەکی لە ڕووی سەربازی و ڕاگەیاندنەوە ڕاگرن و. بە زمانی دیالێگ و لە یەکتێگەیشتن گیروگرفت و کێشەکان چارەسەر بکەن و، هەردوولاش کێکن لە سەر ئەوەی شەری ناوخێیی کورد سوودی بێ دوژمنان هەیە.
16/12/2020

ئازادی لە ژێر پێستاێی سەربازی و چاکسازیدا .. ئەحمەد ڕەجەب

ئازادی وشەیەکی جوانەو لەپێناو وەدەستهێنانی گەلان لە سەرانسەری دنیا هەوێ ئەدەن پێی بگەن و لە پێناویدا خێیان بەکوشت ئەدەن و هێزە چەپەکان و شیوعییەکان لە ریزی پێشەوەن و بەبێ وچان تیئەکۆشن بێ گەیشتن بە ئازادی و ئەو تێکۆشانە لە گەێ دادپەروەری و یەکسانی گرێ ئەدەن لە پێناو بەختەوەری مرۆڤ و ژیانێکی باشترو هەروا ئازادکردنی مرۆڤایەتی لە ستەمی چینایەتی و کێت و بەندو نەریتە دوواکەوتوەکان.
ئازادی بیرورا مافێکی سرشتی مرۆڤە بەام زرجار لەلایەن

دەسەڵاتدارانەوە ئەو مافە پێشێل ئەکرێت بۆ نمونە حکومەتی کوردستان پرۆژەیەکی بەناو چاکسازی دا بە پەرلەمانی کوردستان و لە بەر ئەوەی زۆربەی خاەکانی لە گەڵ بەرژەوەندی تایبەتی پەرلەمانتاران بوو هەر زوو پەسەند کرا ئەمە لەلایەك لە لایەکی ترەوەو لە ژێر سێبەری هەمان چاکسازیدا ئەوەی دەم بکاتەوەو داوای مافی رەوای خۆی بکات دەمی دائەخەن و رەوانەی زیندان ئەکرێت و گرتن و زیندانیکردنی مامۆستاو فەرمانبەرو چالاکەوانانی مەدنی لە دهۆك و هەولێرو سلێمانی نموونەی زەق و لە بەرچاون.
لە سیبەری ئازادی و چاکسازیدا پێستاێی پێشمەرکەو ئاسایش بەکارهێنرا بۆ شەق لە ناوچاوانی خۆپیشاندەران و کپکردنی دەنگیان و،باشترین نموونەش لێدانی پەرلەمانتاران و یەکێکیان (شیرین ئەمین) بوو، ئەو جارە رەفتارانەش کۆپی رژێمە خوێنرێژەکەی دیکتاتۆر سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبییەو بۆ تێقاندنی ئەوانەی داوای موچەو مافی رەوای خۆیان ئەکەن.
ماوەی ساڵێك زیاترە لە بەغدای پایتەخت و سەرانسەری زوربەی شارەکانی عێراق راپەرین دەستیپێکردووەو حکومەت و حزبە شیعەکانی تایفەگەری و پشکپشکێنەی دەسەڵات وحکومەتی عێراق سەریان لێشێواوەو لە گرتن و تێهەڵدان و کوشتن نەبێت هیچیان پێناکرێت و ناتوانن لەو دێخە قوتاریان بێت.
ماوەیەکە خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە رەفتارو شێوەی بەریوەچوونی کاروباری حکومەت رق و کینەیان پەنگ ئەخوانەوەو زۆر وەستان بۆ دێزینەوەی چارەسەری گیروگرفت وکێشەکانیان بەڵام حکومەت هیچی پێنەکرا بۆیە خەڵك لە شارەکان دەستیانکردبە خۆپیشاندان و، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش دەستیان کرد بە لێدان و گرتن وتێهەڵدان ئەوەش ئەبێتە هۆی بوێری و چاوقایمی و خۆراگری خۆپیشاندەران و لەمرۆ بە دوواوە قەت ناترسن و ناپرینگێنەوەو ئامادەن خوێنی خۆیان ببەخشن.
بە ناوی ئازادی و چاکسازی بەرپرسە باڵاکانی حکومەت ئارەزوومەندانە تومەت بارئەکەنەوەو بە خۆپیشندەران ئەڵێن ئەو کەسانەی پلان و ئاژاوە بۆ تێکدانی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری هەرێم دروسئەکەن و هەروا ئەڵێن یاسا سەروەرەو رێگە بە کەسیان نادات بەپێ فەرمانی دادگا ئەگیرێت و مامەڵەیان لە گەڵدا ئەکرێت و، قەوانەی یاسا سەروەرە تا ئێستا نەیتوانیوە بۆ جارێکیش بەرپرسێکی باڵا لە دزو گەندلکاران سزا بدات.
کۆشتن و خوێنرشتن لە هەرێمی کوردستان درێژەی هەیەو بە پێی میدیاو و تەلەفزیۆن و سەتەلایەتەکانی خودی دەسەڵات ئاماژە بە گیراو و کۆژران ئەکرێت ودیارە حکومەت سورە لە سەر کوشتنی خۆپیشاندەران بە

بیانووی هیچ و پوچ و بێ بنەماو بێ تێقاندنی خەڵکی راپەڕیوی شارەکانی هەرێم لێژنەی باڵای ئەمنی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بە راشکاوی ئەڵێت : هێزە ئەمنیەکان (دەستکراوە ئەبن کە ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن) ، واتا بۆیان هەیە خەڵك بکوژن.
بەناوی ئازادی و چاکسازی حکومەت نانی خەڵکی بریوەو موچە نێیە، خزمەتگوزاری وژیانی شایستە نێیەو سەرکی هەرێمی کوردستان جەخت لە تێپەراندنی ئەو دێخە دارایيە سەختە ئەکات بەناو بەناو ئەوەی رێگەچارەیەك بدۆزێتەوەو، بە بڕچوونی چاودێران حکومەتی هەرێم تا بینەقاقەی تێچەقیوەو ناتوانێت خۆ رزگار بکات و، حکومەت بە هۆی رێککەوتنی بەخشینی نەوتی کوردستان بۆ ماوەی ـــ 50 ـــ بە تورکیا کۆتایەو ئیفلیج بووەو ناتوانێت لە گەڵ حکومەتی ناوەند (فیدراڵ) هیچ بکات چونکە ناتوانێت رۆژانە ـ 250 ـ هەزار بەرمیل بدانە کۆمپانیای سۆمۆ.
بە پێی ئازادییەکەی هەرێمی کوردستان ئەوەی داوای موچەو مافی خۆی بکات بۆ زیندان، چالاکەوانی مەدەنی و رۆژنامەوانانی داکۆکیکەر لەو مافە رەوایانە بۆ زیندان و، هەر کەناڵ و تەلەفزیۆنێك باسی نان و قوتی خەڵك بکات دەنگی کپ بکەن و دەرگاکانی دابخەن و ، خێپیشاندەران بچنەوە ماڵەکانیان و دابنیشن تا حکومەت بیریان لێ ئەکاتەوەو، ئەوبیکردنەوەش لە بەر بۆ پارەی مەحاڵە.
عەنتریات و تۆندوتیژی و ئەقلییەتی تێڵە سەندنەوە بۆسوودەو ئەنجامەکانی لە سەر کۆمەگاو هاوڵاتیان خراپ و نێگەتیڤ ئەبێت و بە پێچەوانەش ملکەچی بۆ داخوازییەکانی خێپیشاندران کاردانەوەی پاش و پڕۆزەتیڤی ئەبێت و، لێردا پیویستە داوا بکەین بۆ بەربوون و ئازادکردنی دەستبەجێی هەموو گیراوەگان و بیرکردنەوە بۆ هەوەشاندنەوەی رێککەوتنی پر لە شەرمەزاری نەوت لە گەڵ تورکیاداو دادگاییکردنی ئەو کەسانە بوونەتە باسی نانبرینی هاوڵاتیان. ئەگەر حکومەت گوێ لە خەڵك نەگرێت دێخەکە دژوارو ئاڵۆزتر ئەبێت.

8/12/2020

رووداوەکان لە ژانی پشمەرگایەتیدا .. ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان :

سیخور : بارەگای حزبمان لە ساڵی 1980 ــ 1981 لە مەزری نزیك لە دڵی بۆتوش بوو من هاوری حەمە کەریم قەرەچەتانی { حەمە ساڵح} پێکەوە چووین بۆ دڵی پۆتوش و هەندێ وردەوالەمان کریی و لە چایخانەی دێکە دانیشتین و لە پاش کفتوگۆ کردن لە گەڵ دانیشتوانی چایخانەکە سەبارەت بە پرس و هەواڵەکانی ڕۆژ هەڵساین و بەرەو بارەگا کەوتینەڕێ و لە دووری 50 ــ 100 مەترێك لە بارەگا زەلامێکم دی و وتم هاوڕێ حەمە کەریم بروانە ئەو زەلامە چاکێت و پانتۆڵ لە بەرە چۆن سەیری بارەگا ئەکات وابزانم تازە هاتوو بۆ پشمەرگایەتی یان سیخورە نیردراوە بۆ ئەم ناوچەیەو هاوڕێ وتی با لێی نزیك ببینەوەو کە گەیشتینە لای سێاومان لێکردو زمانی تەتەڵەی ئەکردو وتی ئەمە بارەگای حزبی شیوعی عێراقە؟ وتمان بەڵی ئەی تۆ کێت ؟ وتی لە عێراق لەلایەن سوپاوە گیرا بووم و هەڵم بۆ ڕەخساو رامکردووەو بەرەو ماڵەوە بۆ بلوجستانی ئێران ئەڕم.

ــ ئەی ئەم کتێبانەی دەستت چین؟ وتی من مامۆستام و حەزم لە خوێندنەوەیە.

وتمان فەرموو کاتی نان خواردنە . وتی سوپاستان ئەکەم برسیم نییەو نیازی وا بروات و، نەمانهێشت وگلماندایەوەو بردمانە بارەگاو هاوری بەهادین نوری بەرپرسمان ئاگادر کردەو وتی : بەگەتان چییە ئەم کابرایە سیخورەو هاوڕێ حەمە کەریم وتی هاوری سیروان {ئەحمەد رەجەب} ئەزانێت.

با لێکۆڵینەوەی لە گەڵدا بکەین ، من بووم بە خاوەنی لێپرسینەوە بە ئامادەبوونی هاوریی کۆچکردو بەرپرسی عەسکەری ئیسماعیل دیکتاریۆق وتم : راستمان پێ بێ لە کوێوە هاتووتیت؟ بۆچی هاتوویت؟ ئەم کتیبانەی ڕاگەیاندنی حزبی بەعسە و ڕاست ناکەیت وئەڵێت حەزم لە خویندنەو چونکە لە هەر کتێبێك 6 دانەت پێیە و، چیتر هەیە هەمووی بخەروو پێش ئەوەی ڕووتت بکەنەوە.

لە وەڵامدا وتی : لە سەربازگەی ژاراوا هاتووم و، منیان ناردووە بۆ ئەوەی بزانم ئەو شەرەی نێوان حزبی دیموکراتی کوردستان ــ ئێران لە گەڵ سوپای ئێران لە سەر ڕێگای شاری بانەو شاری سەردەشت چۆنەو

زیانیان چەندە و، ئەفسەرێکی عێراقی ئەم کتێبانەی پێدام و وتی پڕ پاگەندەی شەرش و حزبی بەعسە باوی بکەرەوەو هیچی ترم پێ نییەو لە پاش کەمێك وتی رووتم مەکەنەوە تەنها پسوڵەی دەرچوون و گەرانەوەم بێ کراوەو لە دەرپێ ژمارەوەیە هەمگرتووە.
پرسیارەکانمان لە گەڵ وەڵامەکانی سیخورەکە دا بە هاوڕێ بەهادین نوری و کابرامان هێشتەوەو بێ ڕۆژی دووەم ئێمە بە مەفرەزەیەك بەرەو دێی جافایەتی ڕشتین و، پاشان بیستمان هاوڕێ بەهادین ئاگاداری برایانی حزبی دیموکراتی ئێران (حدکا) کردووەو لە سەر داوای ئەوان بەرەڵاکراوە.
هاوڕێ عەتا ئەناسم : لە گەرمەی تێکۆشان دژ بە دیکتاتۆرییەتی سەدام حسین و حزبی بەعس لە دێی زۆویی بناری شاخی پیرمەگرون بووین و ژمارەمان کەم بوو لە پاش گفت وگۆ بریاردرا کەمین دابنێن بۆ ئۆتۆمبێلێکی جەنابە قیادەو ئۆتۆمبیلێکی زیل ئەواران سەربازەکان کە ئەکاتەوەو ئەیانباتەوە بۆ سەربازگەی سوسێ ، ئەوە بوو لە دەرچووین بەرەو ڕێگای گشتی نێوان سلێمانی ـــ دێکان شەربووینەوە و، بریارەکە وابوو هاوڕێیان حەمە کەریم و هیوا { محەمەد قادر} بە دوو کلاشینکۆف بۆ پردی سەر ڕێکاکە و ئەحمەد رەجەب بە ئار بی کەی – RBK
و مولازم ماجد { عەلی مەهدی} کە لە ئێستادا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقە بە کلاشینکۆفێك لە دووری 150 مەتر لە ڕێگاکە بۆ پشتگیری (اسناد) و مامۆستا جەمال محەمەد ئەمین و یاسین قادر { لە شەری سەڵەمیش} شەهید بوو لە گەڵ ستار عەرەب کە لەو ڕۆژەدا نەخۆش بوو ـ 2 ـ هاوڕێی تر (بەداخەوە) ناوەکانیان لە یادم نەماون بە چەکی جۆراوجۆر لە دووری 350 مەتر خۆیان قایم کرد.
هاوڕێیان حەمەکەریم و هیوا گەیشتنە بن پردکە خۆیان حەشارداو لە پاش 15 ـ 20 خولەك ئۆتۆمبیلێکی بەرازیلی لە ڕێی گشتی سلێمانی ـ دێکان لایداو هاوڕێیان زۆر بە پەلە چوونە ناو ئۆتۆمبیلەکەو یەکێکیان بە دەستی ئاماژەی کرد بچین بەرەو لای هاوڕێیانی ترو لەوی هەمومان یەکمان گرتەوەو دڵمان خۆش بوو یەکێك لە پیاوەکانی رژێم و هاوسەرەکەی کەوتنە دەستمان و، یەکسەر لێژنەیەکمان پێك هێنا لە 3 من و مامۆستا جەمال و ئەوی تر لە بیرم نەماوەو دەستمان کرد بە لێکۆڵینەوە. من کچەکەم ناسییەوەو قوتابی زانکۆی سلێمانی بوو پێموت : ئەمناسیت وتی نەخێر : لە پیاوەکەمان پرسی تۆ کێت و ڕێت لە حزبی بەعسدا چییە؟
وتی : ناوم (ع . ا) بەعسی نیم ئاسنگەرم ، وتمان ئەی ئەگەر بەعسی نیت چۆن ئەتوانن لە ڕێی سەرەکی لابدەن و بوەستن و خەیرە بەم ئێوارەیە هاتوویت؟ ، ئەم کچە بۆ لە گەڵتایە ؟ وتی : من و ئەم کچە

حەزمان لە یەکتر کردووەو جێ شك نابەین لە شار رووماڵ لەم دەشتە کردووەو قەت بەعسی نەبووم و من هاوڕێ عەتا ئەناسم و ئەمناسێت ، لە ناوخۆمان گفتوگۆمان کردو ئەم پیاوە ئەڵێت هاوڕێ عەتا ئەمناسێت هەردوکیان ئازاد بکرێن. کە سوار ئۆتۆمبێلەکە بوو بە دەنگیکی بەرز وتی سوپاسی حزبی شیوعی عێراق و هەموو شیوعییەکان ئەکەم جگە لەو ئەبو شواربە و بەدەستی ئاماژەی بێ هاوری حەمە کەریم کرد دیارە هاوری حەمە کەریم بە دەنگی بەرز قسەی ناشیرینی پێی وتبوو.
2/12/2020

شیوعییەکانی دەربەندیخان وتەکۆشانی بۆچان .. ئەحمەد رەجەب

مێژووی شاری دەربەندیخان

لە ساڵانی 1947 ـ 1949 بیری شیوعییەت لە سەر دەستی { عەلی ئەفەنی برین پێچ و حسەین عەول } فەراش ودانشتووی دەربەندیخان(سەلیم پیرك و کانی توو) چەکەرەی کردو هەر لەو کاتانەدا بە هاوکاری مەلا ئەحمەد بانیخێلانی { بابی سەرباز} و مەلا ئەسعەدی برای شانەیەکی حزبییان پێکهێناو مەڵا ئەحمەدو مەلا ئەسعەد لە ناوچەکەدا بە هۆی ناوبانگی باوکیانەوە مەڵا قادری سۆفی ناودارو خۆشویست بوون و توانیان قۆناغ بە بە قۆناغ بیری شیوعییەت بێ دڵهاتی دەوروپشتی بانیخێلان و ئەو بەری سیروان واتە دڵهاتی هەڕێن و شێخان بگۆزنەوە.
لە ساڵانی پەنجاکان چەندین کۆمپانیایی بیانی گەورەو بچوك رووبان کردە دەربەندیخان و ژمارەی کرێکاران پەرەی سەندو لە پاش شۆرشی 14 تەموزی 1958 سەندیکا (نقابە) دۆوست کراو، لە دەربەندیخان (2) جۆر سەندیکا هەبوو، کرێکاران ناوییان لێنابوو سەندیکا بچکۆلەکە یان (زەردەکە) سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، نزیکەی 300-350 ئەندامیان هەبوو ، سەندیکا گەورەکە {سوورەکە} سەر بە حزبی شیوعی بوو زیاتر لە 3300 ئەندامی هەبوو ئەم بەرزان

بەڕێوەبەران ئەبرد : 1ـ ئیبراهیم کەریم { ابراهیم باقر ـ بابی سەورە} 2 ـ دنخا بازی { ابو یعقوب} 3 ـ عمر رەشید 4 ـ میخاییل 5 ـ سیادور ئەرمەنی سەندیکاییەکی تری کرێکارانی رەی هەبوو ئەویش لە لایەن شیوعی وپارتی بەریوە ئەبراو لە م بەرزانە پێکهاتبوو(قادر ئەحمەد، حسەێن فەتاح، نجم کاکە سەعید، ابراهیم ئەلنەجارو عمر سریع).

لە ناو ئەو ژمارە زۆرەی کرێکاران دەیان کادرو سەدان شیوعی هەبوون و توانیان ژمارەیەك کۆمیتە و شانە دروست بکەن و جێی دەستیان دیار بوو.

شیوعییەکان لەدرێستبوونی حزبەکەیان ولە هەموو کاتەکاندا دەربری ئاوات و خواست و ئازارەکانی گەل بوون و، سەرەرای سەختی بارودۆخی وەات بە هێی رژێمە سەرکوتکەرو خوێنرێژەکان و دامودەزگا داپلۆسێنەرەکانەوە شیوعییەکان لە ریزی پێشەوە بوون بێ بەرگری کردن لە گەل و بەرژەوەندییەکانی و بە گیانی ئازایەتی و خۆبەختکردن و لە ناو جەرگەی ئاگری دوژمنان تیکۆشاون بێ لە ناو بردنی کۆنەپەرستی و دیکتاتۆرییەت و رژێمە خوێنرێژەکان و، بێ وەدیهێنان و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی گەل و نیشتمان و ئازادی و سەربەستی، جەماوەریان هانداوەو بە تایبەت کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەگا.

بێ ئەوەی رەنج و تیکۆشانی شیوعییەکان ون نەبێت هەوێ ئەدەم ناوە ناوە باسیان بکەم بەتایبت شەهیدەکان و کۆچکردووەکان و، لێرەدا باسی دوو شیوعی قارەمانی شاری دەربەندیخان ئەکەم :

ـــ*هاورێ عەلی ئەحمەد سەعید لە خێزانێکی هەژار لە شاری هەڵەبجە لە 1/7/1930 چاوی بە دنیا هەڵهێناو، لە بەر دەست کورتی خێزانەکەیان و بێ یارمەتێدانی براو کەسوکاری لە پێلی شەشی سەرەتایی دەستی لە خوێندن هەڵگرت و، شان بە شان لە گەڵ براکانی تری : حەمە رەشیدو عمرو مستەفا کەوتە کارکردن و، بێ ئەو مەبەستە هاتووەتە دەربەندیخان و لە بەڕێوەبەرایەتی بەنداوی دەربەندیخان (رەێ) دامەزراوە.

*ـــ هاورێ عەلی مرۆڤێکی دڵپاك و دەستپاك و مرۆڤدۆست بوو، لە کاروباری حزبایەتی نموونەی ئازایەتی و خۆراگری ولێهاتوویی بوو، رووخۆش و قسەخۆش و، بە شاهیدی خەڵك و جەماوەری شار سەنگ و قورسایی گەورەو زۆری لە ناو کۆمەگادا هەبوو، کەسێکی بە هەوێست ونیشتمان پەروەرو تێکۆشەرو دڵسۆز بوو بێ گەل ونیشتمان و حزبەکەی و، ئەو کارانەی پێی سپێردراوە زۆر بە دڵسۆزی و لە ناخی دڵەوە جێبەجێی کردوون

هاورێ عەلی لە گەڵ هاوسەرەکەی ئایشە عەبدولقادر ئەحمەد خاونی

کچ‌ك به‌ناوی پرشنگ 6 کور به ناوه‌کانی : ئه‌حمه‌د، محه‌مه‌د، یاسین، ته‌حسین، به‌هـز و به‌رهـز. (جیداخه ته‌حسینی جوانه‌مه‌رگ زوو هه‌موومانی به‌جهـشت و کـجی کرد).
هاورهـ عه‌ی تـکـشه‌ر له به‌ر ئازایه‌تی و راپه‌ره‌ندنی کاروباری حزبی دووچاری گرتن و ئه‌شکه‌نجه بووه‌وه‌و بـ ماوه‌ی (2 سا‌ و 9 مانگ) له‌لایه‌ن پارتی دیموکراتی کوردستان له رانیه و تاقمی ئه‌لنور& (جه‌لالییه‌کان) له سلـمانی و 3 جار له‌لایه‌ن رژهـمه‌کانی عـراق بـ 4 مانگ و 5 مانگ و 9 مانگ گیراوه‌و نموونه‌ی خوراگری بووه‌و نهـنییه‌کانی حزب و هاورهـیانی پاراستووه‌و سه‌ربه‌رزانه دوژمن به‌زهـن بووه‌و، له 23/12/1973 کـچی دوای کرد.
*ـــ نه‌جیب شیخ محه‌مه‌د مه‌لا قادر : له سا‌ی 1952 له خـزانـکی هه‌ژار له گوندی بانیخـانی ده‌ربه‌ندیخان چاوی بـ ژیان هه‌هـنا، به هـی نه‌داری و بـ یارمه‌تیدانی خـزانه گه‌وره‌که‌یان له پـلی 3 ی ناوه‌ندی ده‌ستی له خوـندن هه‌گرت و بـ به کرـکارو هـشتا مـرمندا بوو چووه شاری به‌غداو کرـکاری ئه‌کردو دیسانه‌و گه‌رایه‌وه بـ ده‌ربه‌ندیخان و له‌و سا‌انه‌دا په‌یوه‌ندی به حزبی شیوعی عـراقه‌وه کرد. له گه‌ هاورهـ له‌تیفی شیوعی برای یه‌کیان گرت، هاورهـ نه‌جیب مرـقـکی بـگه‌ردو خاوـن و رووخـش و ده‌م به پـکه‌نین و نه‌ترس، هـشتا منا‌ بوو چالاکانه ئیشوکاری حزبی ئه‌نجام ئه‌دا و، له‌و ته‌مه‌نه‌وه بـ به پردـك له نـوان شارو دـهاته‌کان ، له نیوان (رـکخراوی شاری ده‌ربه‌ندیخان و لـژنه‌ی جوتیاران) و نامه‌و پیتاکی و شتومه‌کی سه‌ربازی بـ لقی 10 تـکـوشه‌ر بـ ده‌ره‌وه‌ی شـار ئه‌گـوـزایه‌وه و لـه ده‌ره‌وه‌ش نـامه‌و به‌گه‌نامه‌کانی حزبی بـ رـکخراوی شار ئه‌هـنا.
له سالی 1970 به بـنه‌ی یادی { 100 سا‌ه‌ی له دایکبوونی زاناو بلیمه‌تی مرـقایه‌تی فلادیمیر ئیلیتچ لینین} به هاوکاری هاورهـیان و به ئاشکه‌را دارو دیواری شاری به دروشمه‌کانی حزب رازانده‌وه به جـرـك دوژمنانی شیوعییه‌ت تـقینه‌وه و، هه‌ر له‌و رـژه‌داو به فیتی ناحه‌زان کاتـك له چایخانه‌که‌ی که‌مپی خواره‌وه دانیشتبوو معاونی پـلیس که له هه‌مان کاتدا معاونی ئه‌من بوو (نه‌سره‌ندین عه‌لی) هاتوو زلله‌یه‌کی کـشا به بنا گوـی هاورهـ نه‌جیب و، هاورهـش به تووره‌ییه‌وه وه‌لامی دایه‌وه‌و معاون تووشی ترس و له‌رز بوویه‌وه پاشه‌کشـ کردو زانی کار له کار ترازاوه‌ه‌و شیوعییه‌کانی ده‌ربه‌ندیخان و وارماوه نیازی توـه‌سه‌ندوه‌یان هه‌یه معاون که‌وته پـله قاژه‌و کرنووشی بـ حزب و هاورهـیان بردو داوای لـبوورنی کرد.
بـهـ ، له به‌ر زیته‌ی و کارکردن و ئه‌نجامدانی چالاکی دـژمنان و پیاوه‌کانی رژـم که‌وتنه چاودـرـکردن و راونان و گرتنی و ، پاشان هه‌لی بـ ره‌خساو حزب ره‌وانه‌ی ده‌ره‌وه‌ی کردو چووه مـسکو له {

پەیمانگەی زانستی کۆمەڵایەتی} وەك کادیرێك دەستی بەخوێندن کردوو، لە ساڵی 1979 رژێمی بەعس دەستیکرد بە شاڵاوێکی پڵیسی و خوێنرشتن دژ بە شیوعییەکان و لەو کاتەنادا هاورێ نەجیب گەرایەوەو رووی کردە شاخ و بوو بە پێشمەرگەو کادیرو لێپرسراو کە دوژمنان زانیان هاورێیەکی بە تواناو لێهاتووەو چالاکەو لە رێژانی قەسابخانەکەی پشتاشان بەسەیەکی ترسنۆکانیان بۆ خۆی و هاورێیانی داناو لە 2/5/1983 بە دەستی ناپاك و چەپەڵی ناپیاوان لە گەڵ کاملی ئەحمەد سەمینی کانی ساردی شەهید کران.
هاورێ نەجیب لە گەڵ هاوسەرەکەی حەمیدە حەسەن خاوەنی کورێکن بەناوی (ساریژ).

18/11/2020
& تاقمی النور بە جەلالییەکان ئەوترا کە لە ساڵی 1966 چوونە پاڵ حکومەت و، رێژنامەیەکیان بە ناوی النور دەرکرد بۆیە بەو ناوەش ئەناسران.

یة

چیتر خەڵك چەواشە مەکەن .. ئەحمەد رەجەب

لە گەڵ هەر کەسپ و تەگەرەیەك رووبدات سەرکایەتی هەرێم و سەرکایەتی حکومەت ئەگەرێنەوە بۆ قەوانە سوواوەکەو قسەی بریقەدار وباسکردنی شایستەکانی خەڵکی کوردستان و هەڵکۆشانی ئاخ بەرامبەر رەفتاری لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعە کە لە پشتەوە بە خەنجەر لە پشتی گەلی کوردستانیانداوە بەبێ رەچاوکردنی بەهاکانی پێکەوە ژیان و هاوبەشی وبنەماکانی سیستمی فیدرالی و دەستووری عێراق و هەموو ئەم جارە قسانە بۆ ئەوەی خەڵك بکەنە چاوی خەڵك و چەواشەیان بکەن.
سەرکایەتی هەرێم و سەرکایەتی حکومەتی کوردستان سوور بوون لە سەر قەرخکاری دەستکەوتات و نیازیان وابوو کوردستان بکەنە (موڵکی) خێیان و تاکە حزبێك و، گوێ بە کەس نەدەن و، هەر لەو روانگەیەوە

بایەخیان بە مەستەشار جاش و خاین و ترسنۆکی هەڵاتوو پاشماوەی حیزبی بەعس و رژێمە خوێناوییەکەی سەدام حوسێن دا بە ناوی سونندەوە ، هەر هەموو ئەمانە لە سەر بژێوی خەزانی پشمەرگەو هێزارو کرێکارو جوتیارو خەڵکی بە دڕاماتی کوردستان نانیان ئەخواردو ئێستاش هەر ئەخۆن و ، جێی خەوتن حەوانەوەو ئەمن و ئاسایشیان بە دابێن کراوە، لە پاڵ عەرەبی سوننە بایەخی زۆرتان دا بە عەرەبی شیعەو بەرژەوندی خۆتان کرنووشتان بۆیان برد،
ئەوە خۆتان سەرچاوەی نەهامەتییەکانی گەلی کوردستانن و، هەر خۆتان خاوەنی حکومەتێکی ئیفلیجن و قەت ناتوانن خواست و داوای هاوڵاتیان بهێننەدی و، ئەوە درێژەپێدەری ئەو حکومەتەن کە بە خواست و ئارەزووی چەند هەرزەی کاڤام و وەزیرێکی تا سەر ئێسقان دز نەوتی کوردستانتان بە ماوەی (50) ساڵ بەبێ بەرامبەر داوە بە تورکیای داگیرکەر.
بەستنەوەی کوردستان بە تورکیا زۆر مەترسیدارە و، حکومەت بەرامبەر بە تورکیا بێدەنگەو، لە جیاتی حکومەت پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەن بریارەو ، کێشە دروست ئەکات و، هێز بەملاو ئەولا بۆاو ئەکاتەوەو، شەر لە خزمەتی تورکیا بەرپا ئەکات. و، ئەوەی رۆژی 12/11/2020 لە پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگی شیعەو سونێکان یاسای وەرگرتنی قەرزیان بەبێ ڕازامەندی کوردو پەسەند کردو ئەوەش ڕەنگدانەوەی پێدەسەڵاتی و نەبوونی سەربەخێیی حکومەتە.
حکومەتی کوردستان بایەخی زۆری بە عەرەبی سوننەداو، هەوڵەر ئێستاشی لە گەڵدا بێت بووە بە مێگای بەعسییە خوێنرێژەکان و ئەمەش لە بەر خاتری کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە و ئەمریکاو، هەر حکومەتی کوردستان بوو بایەخی بە حزبە شیعەکانی پشکپشکێنە داو هەموو کات باسی لە تەوافق و سازان و شەراکەت کردووە.
حکومەتی کوردستان ئەوەندە شاندی نارده بەغداو هەموو جاریکیش بۆاو ئەکرایەوە گوایە گیروگرفتەکانی نێوان هەوڵەرو بەغدا چارەسەر بوون و ڕێککەوتنیان واژوو کردووە راست دەرنەچوون کەس گوێیان لێناگرێت و بە درێژن و ساختەچی فێباز ناویان ئەبەن و، خاڵی سەرەکی ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە ـــ 250 ـــ هەزار بەرمیل نەوت ڕەوانەی بەغدا بکات بۆ کۆمپانیای (سۆمۆ) لە بەرمبەریشدا حکۆمەتی ناوەند پشکی ساڵانەی هەرێم (بودجە) و مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەران دابین ئەکات.
.بۆئەوەی بوار بە حکومەت و کەسانی تر نەدرێت یاری بە هەست و سۆزی هاوڵاتیانی کوردستان بکەن و دوور بن لەوەی خەنجەریان لێبدرێت پێویستە :

داوا لە تورکیا بکریت لە خاکی کوردستان بچێتە دەرەوە و، هەرچی بنکەی سەربازی و سیخوری هەیە ببات‌ەوە.
هەلوەشاندەوەی رێککەوتنە (50) ساڵە بر شەرمەزارییەکە لە گەڵ تورکیاو چیتر نەوتی کوردستانی بە خۆرایی پێنەدرێت.
ئەو کەسانەی لەو رێککەوتنەی تورکیا بەشدار بوون بدرێنە دادگاو سزا بدرێن چونکە ئەو کارە لە ژێر پەردەوەو بە دزی و بەبێ رەزامەندی گەلی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان کراوە.
حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژانە ــ 250 ــ هەزار بەرمیل نەوت رەوانەی بەغدا بکات بۆ کۆمپانیای (سۆمۆ) .
وازهێنان لە هەڕەشەو قسەی نابەجێ وتومەت دابەشکردن بە سەرئەم و ئەو.
نەهێشتنی رەوایەتی دزیی و گواستنەوەی نەوت بە ئارەززی بەرپرسانی باڵا.
دوور کەوتنەوە لە کێبوونەو لە گەڵ حزبەکانی کوردستانو هەوڵ بدەن کۆتایی بە کات بە سەربردن بهێنن.
نابێت حزبە کانی کوردستان لە کردەوەکانی حکومەت بێدەنگ بن.
پێویستە حکومەتی کوردستان وریا بێت و باش بزانێت قەت رۆژێك لە رۆژان سوننە بەعسییەکان و تاقمی سەدام حوسەین و حەسەن عەلی مجیدو نوری مالکی و هادی عامری و خیدر عەبادی دەستی کورد نەبوون و حەزناکەن کورد پێشبکەوێت و بە ئاسوودەیی ژیان بەسەر ببات.
15/11/2020

.

کێشەکانی کوردستان بەرەو کوێ؟ ئەحمەد رەجەب …

کێشەکانی کوردستان زۆرن و چەندین ساڵە بە هۆی سیاسەتی چەوتی سەرکایەتی هەرێم و سەرکایەتی حکومەتی کوردستان و بەرپرسانی هەردوو حزب (پارتی و یەکێتی) کە خاوەندارێتی هێزی پێشمەرگەی 70 و 80 ئەکەن کێشەو گرژییەکان کەهەکەیان کردووەو رۆژ لە دوای رۆژ تەشەنە ئەکەن و بەرپرسان بە درۆو دەلەسەو پینەو پەرۆقسەی هیچ و

پـوچ و بریقـەدار خـۆ ئەکـەنـە چـاوی خەڵکـەوەو فریویـان ئـەدەن و برینەکانیـان قـوڵتر ئەکـەنـەوەو بـۆ نمـونە ئـەم خـاڵە ساکـارو سەرەتایـانەو کە لـەم ڕۆژانەدا کـێشەو گرژیـیەکان گەیشتوونەتەلوتکەو پـێویستی بە چارەسەرکردنی کتوپرە ئەگینا ئەتەقنەوەو ئەو کات تەرو وشك پـێکەوە ئەسوتـێت و زەرەرمەندی یەکەم هاوڵاتیانی کوردستانە.
بەرپرسانی دەسەڵات باس لە ئازادی ئەکەن بەڵام کام ئازادی؟ گرتنی هەرەمەکی ڕۆژنامەنووسان و چالاکەوان وخەڵکی سڤیل، ئەوانەی داکۆکی لە ڕاستی ئەکەن و داوای موچەو مافی ڕەوای خـەڵیان ئەکەن و داکوکی لە خاکی کوردستان ئەکەن و نایانەوێت نیشتمانیەکەیان بکەوێتە ژێر دەستی دوژمنان کە لە زێر قـڵەوە چاویان بـڕیوەتە خاك و سامانی وڵات.
لە ساڵانی پـێشوودا ژمارەیەك خەڵك لەلایەن دەسەڵاتەوە لە ناوبراون وەك شەهیدان : بەکر عەلی ، سـەرانی مامە حەمە، سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی، وداد حوسەین و خەڵکی تریش و، ئەوەی سەیرە هیچ بکوژێـك نـەگیراوەو، ئـەوەش زێر مەترسـیدارەو ڕێگـا خـۆشکـەرە بـۆ ئەنجامدانی کردەوەی چەپـەڵترو، ئەوەتا بە ئاشکراو بە بەرچاوی خەڵکەوە لە دەڵك و هەوڵـێر ڕەشبگیرییەو، لە هەموو شتـێکیش سەیرتر ئەوەیە ئـەڵێن بە پـێی فەرمانی دادگا گیراون و، هەر زوو خـەڵیان وەك پیشەی هەمیشەیـیان بەدرێ ئەخەنەوەچونکە دادوەر فەرمانی ئازادکردنی هەندی کەسی داوە بەڵام تا هنوکە ئازاد نەکراون

نەوت کـێشەی سەرەکییەو، پـێش هەموو شتـێك نەوتی کوردستان هەرزان فرۆش ئەکرێت بـۆ ئەوەی گیرفانی بەرپرسان و خاوەن کومپانییەکان گەرم بکاتەوەو تا ئـێستا خەڵك داوا ئەکەن پەردە لە سەر نهێنییەکانی ڕژێمەکەوتنە پر شەرمەزارییکە، پـێشکەشکردنی (نەوتی کوردستان بە تورکیا بـۆ ماوەی 50 ساڵ) هەماڕێت بەڵام ئەوەی جـێی سەرنجە بەرپرسانی دەسەڵات لە ئاستی ئەو پرسە گرنگە خـەڵیان مەڵاس داوەو کار بـۆ گەوجاندنی هاوڵاتیان ئەکەن.
مـێچە هات ، مـێچە نەهات، موچە دوو هەفتە دوا ئەکەوێت، بەغدا پارەی نەناردووە، عـێراق بریاریـداوە مـێچـەی فەرمـانبەرانی کوردسـتان وپـێشمەرگە ڕەوانە بکات، ئەم قەوانە ڕۆژانە ئەبـەسترێن و بەرپرسان یاری بە وشەو دەروونی خەڵکەوە ئەکەن و ڕایان ئەهێنن بـۆ ئەوەی بزانن مانگ لە کوردستان زیاتر لە 60 ڕۆژەو چونکە حکومەت ئیفلیجەو ناتوانێت مووچـەی مانگانـەی فـەرمانبـەرانی خـۆی بدات.
لە ڕووی پەروەردەوە ڕۆژك خوێندنە لە قوتابخانەکان و ، ڕۆژکی تر خوێندن بە ئـۆنلاینە و، بە ناوی کـۆرناوە دەسەڵات سەری لـێشـواوەو

نازانن پرسەی خویندن بەرەوە بەرن و،خوێندنی ئۆنلاین پێویستی بە داتا (کۆمپیوتەر) و ئینتەرنێت هەیە و ئەوەش بۆ خەڵکی هەژارو کەم درامەت زۆر ئاستەمەو زۆر جار کارەبا نییەو ، لە وڵاتانی پێشکەوتوو قوتابخانەکان کۆمپیوتەر بۆ قوتابیان ئامادە ئەکەن و لە کوردستان مەحاڵەو حکومەتناتوانێت ئەو کارە بکات و تەنانەت بیریش لەوە بکاتەوەو، هەر لە میانی پەروەردەدا مامۆستان داوای موچەی مانگانە ئەکەن لە گەڵ ئەو پارەو مافانەیان کە چەند ساڵە راگیراوە.
لە رووی ئاسایشەوە گرژی زۆرەو پەنگی خواردوەتەوەو داوا ئەکرێت رۆ لە تەقینەوەی گرژییەکان بگیرێت و، هەموو ئەزانن لە کوردستان ئەنجومەنێك بەناوی نەتەوەیی هەیەو، ئەم ئەنجومەنە وەك خۆیان باسیان کردووەو لە 5 کەس پێکهاتووە دووانیان پارتییە و سیانیان یەکێتییەو، لە هەفتی رابردوودا ئەنجومەنەکە راگەیاندراوێکی بڵاو کردووەو گوایە کاری تیرۆریستی دەرهەق بەم وبەو کراوەو، لە پاش رۆژیك 3 کەسەکەی یەکێتی بە درۆیان خستەوەو وتیان ئەمە ئاگامان لەو جۆرە کارانە نییەو، راگەیاندنەکەش راست نییە.
کارەسانە ئەنجومەنی نەتەوەیی درۆ بکات و ئارەزوومەندانە تاوان دابەش بکات و، هەموو لایەك سوور ئەزانێت ماوەیەکی دوورو درێژە پارتی دژایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ئەکات و، زۆر کەرەت بەرپرسە باڵاکانی پارتی پ.ك.ك یان بە میوان داناوەو، لەم رۆژانەدا بە تایبەتی لە پاش رۆکەوتنی عێراق و هەریم لە سەر شەنگال کە بە فیتی ئەمریکا رۆکخرابوو ئازییەکان زیادیانکردووەو خەڵکی شەنگال بەو رۆکەوتنە نارازین و ئەمە هەر رۆککەوتنێك بەبێ خەڵکی شەنگال بکرێت پێ قایل نابین ئەمە لە لایەك و لەلایەکی تریشەوە پارتی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی جولەی بە هێزەکانی کردووەو بمانەوێت و نەمانەوێت تورکیا دەستی باڵای هەیە لە تێکدانی بارودۆخی کوردستان بۆیە پێویستە رۆگا لە بەردەم شەری کورد لە گەڵ کورد بگیرێت و چیتر تورکیا خاکی تری کوردستان داگیر نەکات.

2/11/2020

هەڵگرتنی بازڕکا بەبێ ڕاهێنان … ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان :

لە مانگی کانونی دووەم (جەنیوەری) 1980 لە زەڵی بەرەو دڵی جاڤایەتی بەرکەوتین و لە یەکەمین ڕۆژدا لە دڵی بێتوش بووین و لە پاش دوو ڕۆژ گەیشتینە چۆخماخ وشەو لەوێ ماینەوەو، بەیانی زوو بەرەو قزلەر چووین لەوێ نان و چامان خواردو لەو ڕۆژانەدا مەرگەپان بە گوێ و گوڵزار زەر قەشەنەگ و رازاوە بوو لەپاش قاوەتی و پشوودانێکی کورت ڕوومان لە شاخی پیرەمەگرون کردو بەفر هەمووی داگیرکردبوو زەر سارد بوو من لولەیەکم پێ بوو بەناو بازکا لە گەڵ سێ گوللەی زەر قورس و بێ یارمەتیدانم گولەی جوارەم بە هاورێ وەست جەمال بوو، زەر ناخۆش بوو بەفر تا بینەقاقەم هاتبوو هاورێ دوکتەر فارس ڕەحیم قسەخۆش بوو بێ خۆشی لە ناوەراستی شاخەکە بووین وتی ئێستا شوێنك لەو شاعیرە هەڵنەگرین کە وتوویەتی { پیرەمەگرون موقەدەسی} و هەرچەندێك بوو گەیشتینە سەر شاخ و گزە بایەکی زەر ساردی هەبوو بە پەلە سەرەوخوار بووینەوە بەرەو دڵی زێوەو نانی نیوەڕۆمان خواردو بۆئیوارە بزنێکمان کری و دەستمانکرد بە گەشت پرژاندن وهاورێ عەلی بچکۆلی شەهید مام عوسمان لە گەڵ دوکتەر فارس بە قسەی خۆش دانیشتنەکەیان خۆش کردبوو.
لە زەوێ چووین بێ دڵی قەرەچەتان لە نزیك ڕێگای دێکان ـــ سلێمانی و شەو لەوی خەوتین و بەیانی زوو لە دێ دەرچووین بەرەو دامەزنی شاخی پیرەمەگروون نەوەك سوپاو جاش دەوری دێکە بگرن و دێکە زەر لە ڕێی سەرەکی دێکان ـ سلێمانی نزیك بوو سوپاو جاش بە ئاسانی دەورەی دێکەیان ئەداو ، لە شوێنی مانەوەکەمان بووین هاورێ شیخ ڕەسول بانگی کردم و وتی گێ بگرە و منیش گێم گرت و تم گوێم لە دەنگی کارەبزنە و هاورێ مەناف و یەکێکی ترمان نارد بێ ئەو شوێنە دەنگەکەی لێوەیێت و لە پاش کەمێك لە گەڵ بۆچوە ئاسکێك هاتنەوەو بە هێ ئەوەی دەستی بەر تەڵە کەوتبوو دەستی شکابوو، هاورێ حەمە کەریم وتی سەری نەبرن و خاوەنی هەیە و لە دەورو بەری نیوەڕۆ پیاوێك هات و لێمان پرسی بۆ کوێ ئەڕۆ و، لە وەڵامدا وتی تەڵەم ناوەتەوەو ئەڕەم بزانم هیچی گرتووە و، هاورێ حەمە کەریم وتی تەڵەکە ئەم ئاسکەی گرتووە فەرموو بیبەو پیاوەکەش یەکسەر وتی سوپاستان ئەکەم سەرتان نەبریوەو بێ من پارەیەکی باش ئەکات و هەر

ئیستا ئەچم و نان مەخۆن خرتەکتان بۆ ئەهێنم و، زۆری پێ نەچوو پیاوەکە لە گەل خرتەکەو نان و خۆ گەرایەوەو خرتەکە سەربراو دەستمان کرد بە گۆشت برژاندن و ئیوارە درەنگ گەراینەوە ناو دێی قەرەچەتان و شەو خەوتین و بۆ بیانییەکەی دیسانەوە زوو دەرچووین و لە دامێنی شاخەکە ماینەوەو لە پاش نیوەڕۆ هەوا◌ك گەیشت کە سوپاو جاش نیازیان وایە ناوچەکە کۆنترۆ بکەن و ، ئێمەش ژمارەمان کەم بوو و چەکەکانمان خراپ بوون بۆیە بریاردرا بگەڕێنەوە بۆ دوێی جافایەتی چونکە ئەوێ سەخت و دوورترە لە دوژمن.
بە هێی زۆری بەفر لە سەر شاخی پیرەمەگرون بریاردرا لە دوێی نادر بگەڕێنەوە بۆ قزلەرو، ناچار بووین ئەو بریارە بدەین و، دێی نادر نزیکە لە کانە بەردەکانی سەرچناری سلێمانی و، دەوری کاتژمێر چواری ئێوارە لە قەرەچەتان کەوتینەری و لە پاش چوار پینج کاتژمێر گەیشتینە دێی نادرو ئەوەندە دوورو درێژ بوو هەر ئەڕێشتین و کۆتایی نەدەهات و، هاوڕیان زۆر ماندوو شەکەت بوون و هاوڕێ شیخ رەسوێ وریا بوو بانگی کردم و وتی هەندی لە هاوڕیان خۆیان لێکەوتووەو ڕێئەکەن و، منیش سەیری هاوڕییانم کرد خەوتبوون و بەدەم خەوەوە ڕێیان ئەکردو بەو بارودوخە دژوارە بەردەوام بووین تا گەیشتینە دێی ئەباسان لە نێوان سەرچنارو مەرگە پاان و لە کازێوەدا دەوروبەری کاتژمێر پێنجی بەیانی کەمەڵە دارکمان بەدیکردو هەندێ پوش و پاشمان هێناو ئاگرمان کردەوەو ئەو جارە کارانەش لەو کاتانەدا مانای شەر هەڵگیرساندنە لە گەڵ رژێمی بەعسی عەرەبی دوژمنداو خۆمان ئامادە کردو وتمان ئێستا تۆپ باران ئەکرێن بەڵام هیچ ڕووی نەداو، لە ماوەی نیوکاتژمێر خۆمان گرم کردەوەو درێژەمان بە ڕێکردندا تا گەیشتینە قزلەرو و لەوێ لامان نەدا نەوەك سوپاو جاش و هەلیکۆپتەرەکانیان بگەنە ناو دێی وئێمەش شەکەت و هیلاك بووین و تاقەتی شەرمان نەمابوو، بۆیە نەوەستاین تا گەیشتینە دێی چوخماخ و لەوێ لە پاش شازدە کاتژمێر ڕێکردن پشووماندا و شەویش هەر لەوێ ماینەوە
چەند ڕۆژێك لە ناوچەکە ماینەوەو و سەردانی ئەم دێهاتەمان کود: مۆماکە، هەردو دێی قەیوان (سەروو خوارو)، گاپیلۆن، گەرەدێ ، مالومە، ویاخسەمەر، هەلەدن و لە پاش جەولەیەکی دوورو درێژ گەراینەوە بۆ دێی وەڵاغ لوو شەو لەوێ بووین و بەیانی زوو بە دێی سەفرەو زەرون گەراینەوە بۆ هەرزنەو بیتوش، دەرمان ئاوا، بیوران و بنوخەڵەف تا گەیشتینەوە بارەگای خۆمان لە زەڵی.
شایانی باسە ماوەی بیست ڕۆژ لولەیەك (بازکا) و سێ گوللەم هەڵگرتبوو زۆر قورس بوون و، بازکە چەکێکی کۆنی ئەمریکایەێ لە جەنگی دووەمی جیهانی بەکارهێناوەو ، لە گەرانەوەوە وتم بە

هاوڕیان من بە بۆ ڕاهێنان و هیچ زانیستییەك ئەم لوڵەیەم هەڵگرتبوو دەبا گوڵەیەك بۆ خۆشی بتەقێنین و، هەموو وتیان باشەو، کوللەمان خستە ناو لولەکە و فشارم خستە سەر پەلەپیتکەی شڕە بازڕکاو گوللەکە چروك بوو بەو شێوەیەش گوللەکانی تریش چروك بوون و، ئەمەش بووە ڕەخنە لە سەر (نوسینگەی سەربازی ـــ المكتب العسكري) ماویەتی.

7/10/2020

شیوعییەکان جەوامیر بوون چۆن لێیان بدەم !؟ … ئەحمەد ڕەجەب

لە چاوپێکەوتنێکی ڕەنج سەنگاوی سەتەلایتی ڕووداو بۆ داپۆشینی عەیب و عارەکانی حکومەت لە پاش هاتنی مستەفا کازمی لە گەڵ مەلا بەختیار هەندێ تەوەریان وروژاندو مەلا بەختیار چەند کەرەت وشەی بازاری بەکارهێنا بۆ نموونە وتی شیوعییەکان جوامێر بوون چۆن لێیان بدەم (خەیرە مەلا لە منداڵ ئەدەی) و لە پاشان زمانی گێڕی و وتی چۆن من شەڕی ئەوان بکەم و دیارە جیاوازی زۆرە لە نێوان لێدان و شەر، نامەوێت باسی بکەم.
لە مانگی شوباتی 1983 لە دڵی قولەگیسکانی شارباژێر نوێنەڕی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ینك) لە گەل نوێنەڕانی بەرەی (جود) پارتی دیموکراتی کوردستان (پدك) و حزبی سۆشیالیستی کوردستان (حسك) وپاسۆك بە مەبەستی ئاشتبوونەوەو وازهێنان لە شەڕی یەکتڕی ڕێکەوتنێکیان واژوو کردو شایانی باسە دوو ئەندامی حزبی شیوعی عێراق هاوڕیان { عەبدوڵا قەرەداغی ـــ مەلا عەلی و شیخ سعید} وەك شایدحاڵ ئامادەبوون هەرچەندە حزب لە بەرەی جود بوو بەڵام دژی شەربوو، لە پاش ماوەیەکی کورت لە مانگی ئازارو نیسان (ینك) لە دەوروبەڕی دڵی چاڵە خەزێنە بەبۆ گوێدان بەو ڕێکەوتنە شەڕی دژ بە (پدك وحسك وپاسۆك) هەڵگیرساندو مەلا بەختیار بەرپرسی مەڵبەندی یەکی ینك لە ڕێی جەهازەو هاوڕی ئەکردو هانی چەکدارەکانی ئەداو ئەیوت ئەم خاییننانە بکوژن و دەریان پەڕێنن و، ژمارەیەك پێشمەرگە شەهیدبوون و زەرەروزیانێکی زۆر بەر هێزەکانی جود کەوت.

هاوڕیانی مەبەندی سلێمانی و کەرکوك لە مانگی نیسان ئاگادر کرابوون کە ساردی و گرژی لە نێوان حزب و ینك هەیەو، بێ ئەوەی حزب تووشی شەر نەبێت ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕیان بە تایبەت عەرەبەکان نێردران بێ سەرکردایەتی حزب لە پشتاشان و ، هاوڕێ برایمی سۆفی { بابی تارا} لە گەڵ مەفرزەیەك لە دێی حاجی مامەند رەوانەی ئەحمەدئاوای هەورامان کراو لە بەرەبەیانی 1 ی ئایار هاوری بەهاءالدین نوری و مەفرەزەیەکی گەورە بە رەو قەرەداغ کەوتنەڕێ.

لە پشتاشان شەر بوو، مەبەندی یەکی ینك چێ بوو هەموو پێشمەرگەکانیان رەوانەی پشتاشان کرابوون بێ بەشداری لە کوشتنی شیوعییەکان و، مەلا بەختیار توانی شەری نەبوو، لە هەمووی سەیرتر بە بۆنەی چەژنی کرێکارانی جیهان شاندێکی مەبەندی یەکی ینك پێکهاتبوو لە کاك سالار عەزیزو یەکێکی تر هاتن بێ پێشکەشکردنی چەژنە پیرۆزەو و من هاوڕێ مەحمود دیکتاریۆف پێشوازیمان لێکردن و، لە 2 ی ئایار هەرچی هێزامان هەبوو بە فەرماندەیی هاوڕێ مەلا عەلی بەرەو قەرەداغ کەوتینەڕێ ، واتە مەبەندی سلێمانی و کەرکوك لە حاجی مامەند نەماو چێکرا.

لە دێی کەماڵان بووین رادیۆکەی ینك موژدەی سەرکەوتنی قەسابخانەکەی پشتاشانی بۆ ئەکردەوەو نەوشیروان مستەفا ئەیقیژاندو ئەیوت "" تەحریفییەکانمان"" مەبەستی شیوعییەکان بوو کوشت و کەمیان ماوە پەروباڵیان ئەکەن و لەناویان ئەبەن، حزب زۆر جار تووشی وشەی لە ناویان ئەبەن بووەتەوەو درندەتریان شاڵاوەکەی حزبی بەعسی عەرەبی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو بێ، هیرشە چەپەڵەکەی پشتاشان و، لە هەموو ئەو جارەشاڵاوانە شیوعییەکان سەربەرزو روو سوورباوون و دوژمنان سەرنەویی وسەرشۆرو دڕاوو روو زەرد بوون.

لە ڕێگادا بەرەو قەرەداغ لە 2/5/1983 چەکدارێکی (ینك) مان بەناوی رەحیم گرت و لە پاش چەند کاتژمێرێك ئەو کادیرەمان بەرەڵا کردو، نەمانزانی چەکدارەکەکانی مەلا بەختیار لە دێی مەسێی قەرەداغ ترسنۆکانە بۆسەیان بۆ هاوڕیانمان داناوە ، بەڵێ ، لە 2/5/1983 لە دێی مەسێی قەرەداغ چەکدارەکانی مەبەندی یەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرپەرشتی (سەردار ناوتاقی) کەمینێکی بێ مەفرەزەیەکی 7 کەسی لە هاوڕیانمان داناو ئەم دوو قارەمانە : کادیری پێشکەوتوو نەجیب شیخ محەمەد قادر { گۆران} و کامیل ئەحمەد سەمینی کانی ساردی شەهید بوون و، ئەم تۆکۆشەرانە : کامەران عەلی عەبدولقادرو ساڵەحی مینەی گەوهەرو رەووف حاجی محەمەد کاکەوڵا گوڵانی بریندار کران و هەردوو پێشمەرگەی ئازا حەمە سەعیدو ئیسماعیل بەدیل گیران.

هێزەکانی حزب لە قەرەداغ بۆاوەیان پێکرا لە دێهاتی : ئەستێ و کەشك و تەکییەو سۆسنان و، من لە گەڕ هاورێی چاونەترس و ئازا تەوفیق فەتحوڵاو ژمارەیەك پێشمەرگەی دڵێر لە ئەستێ ماینەوەو، ژمارەیەك چەکداری مەلا بەختیار ویستیان دەست بوەشێنن و لە یەکەمێن هاواری هاورێ تەوفیق رایانکردو تا نزیك دێی چەمی سمێر بەدوایان بێ راونران و بە زۆر وبە هاوارکردن هاورێ تەوفیق گەرایەوە.
هێژەکانمان لە گەڕ هێزی حزب لە قەرەداغ و گەرمیان یەکیان گرتەوەو ،بەسەر دێهاتی دێوانەو باوەخۆشێن وئیمام قادر بۆاوبوونەوەو، ڕێکخراوەکانی حزب لە دەربەندیخان و دیهاتی دەورو پشت خواردن و پێداویستییەکانیان گەیاندە پێشمەرگەکان و بۆ ئێوارەکەی لە سەر شاخ لە نزیك ئیمام قادر چەکدارەکانی مەلا بەختیار کەوتنە تەقەکردن لە هاورێیانمان کە لە سەر شاخ بوون و لە پاش چەند سەعاتێك چەکدارەکانی ینك هەڵهاتن.
کە چووینە عازەبان و ئەحمەدبرنەو ئالان و حاسێ و قەڵەزەو کانی بەردینەو دیهاتی شارەزور چەکدارەکانی یەکێتی بە نیازی دەستوەشاند چەندین جار هەوڵیانداو زەرەریانکردو و ژمارەیەك بەدیل گیران و یەکێك لەو چەکدارانەڕ لە دێی سواری بە بریندارى گیراو بردمانە دێی تەپەکەل و بە ڕۆژەوە تیمارکراو ڕۆژیك دواتر بەخەڵکی دێ ڕەوانەی لای برادەرەکانی کرا.
پیاو ئەو پیاوەیە درێ نەکات چونکە پەتی درێ زۆر کورتە.
15/9/2020

خــوان و ســفرەکەی نێچیرڤــان بــارزانی و هــاتنی کــازمی … ئەحمەد ڕەجەب

لە جیهانی ئەمڕدا خەڵك بە دوای زانست و تەکنۆلۆجیا دەگەڕێت وهەوڵ دەدەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ پرس و گرفتەکانی ڕۆژو هاوڵاتیانی باشوری کوردستان بە دوای دۆزینەوەی چارەسەرییەك دەگەڕێن بۆ پاراستنی ژینکەی کوردستان و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دۆزینەوەی چارسەری گونجاو بۆ نەهێشتنی برسێتی و

بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە دزی و گەندەڵییەك لە هەموو بوارەکانی دامودەزگاو دامەزراوەکانی سەرکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت.
چەندین جارە هوشیارزێباری ئەندامی مەکتبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە تام و خۆشی و دەوڵەمەند بوونی خوان و سفرەی نێچیرڤان بارزانییەو ئاواتەخوازە هەموو جارێك لەو تام وخۆشییە بێبەش نەکرێت و، هەروا شاهو ئەمین بۆژەری تەلەفزیۆنەکەی نێچیرڤان بارزانی بەناو روداو بە دەنگێکی زۆر بەرز باس لەو نازو نیعمەتەو خوان و سفرەی رازاوەی نێچیرڤان بارزانی دەکات.
لە ئایاری ساڵی 2003 من و دوو هاورێم { عەدنان ئەحمەدو فەرهاد فرانك} لە کافتریاکەی کاك عابدین لە شارەکەمان دانیشتبووین و، لە پر کاك فەرهاد پرسیاری کردو وتی : ئایا ئەو ژنە کە جانتایەکی بە پشتی بەستووە دەناسن؟ وتمان بەڵێ ئەوە ئەنا لیندە وەزیری دەرەوی سویدە، { تەنها خۆی بوو بەبێ پاسەوان و حمایە} چوو پەرداخێك قاوەو پارچە کێکێکی بچکۆلەی کری ولە نزیکمانەوە دانیشتوو لە پاش پشوودانێکی کورت هەڵساو وەك سەرکردەیەکی حزبی سۆشیال دیموکرات بەشداریکرد لە ئاهەنگی رۆژی کرێکارانی جیهان و وتارێکی بە جەماوەرە فراوانەکەی حزبی سۆسیال دیموکراتەکان و چەپەکان پێشکەش کردوو، لە کۆتاییدا رووبکردە ویستگەی شەمەندەفەرو وەك چۆن بە شەمەندەفەر هات بەو شێوەیەش گەرایەوەو، (جێیداخەڵ لە سۆپتەمبەری هەمان ساڵ لەلایەن دەستێکی چەپەوە ئەو ژنە تێکۆشەرا تیرۆر کرا).
دیارە خوان و سفرەی نێچیرڤان بارزانی خۆشە و ئەی بۆنا ؟ : هەنگوینی رەسەنی خۆماڵی و ماست وپەنیرو گوێزو و هەموو شیرەمەنییەکانی ئاڵتون سای تورکی ونانی گەرم و شتی تریش مەگەر تەنها هوشیارو شاهو بزانن ئەو شتانە چۆن ئامادە دەکرێن و کێ ئامادەیان دەکات.
لە سایەی نێچیرڤان بارزانی و حکومەتەکەی مەسروری ئامۆزای و چاکوازییەکەی خەڵك توشی هەژاری و برسێتی بووەتەوەو رۆژ لە دوای رۆژ هەرەمی کوردستان روو لە خراپە دەکات و دوور نییە بە هۆی سیاسەتی هەڵە و دزێنی ماڵ و سامان و قوتی خەڵك و یارمەتی دەستی دەرەکی هەرەمی کوردستان لەناو ببەن.
هاتنی مستەفا کازمی بۆ نانخواردن و خوان و سفرەی رازاوە نییە بەکو بۆ جوڵاندنی دوسیە شاراوەکانی نەوت و غازو و دەستدرێژی تورکیاو ئێرانە لە گەڵ پرسی دەروازە سنووریەکان و دزیی و قاچاغچێتی و فرۆکەخانەکان و گواستنەوەی شتومەکی بەرپرسانی باڵاو، باسکردنی موجەی فەرمانبەرو مامۆستایان و دانانی هیڤی سوور بۆ ئەو کەسانەی یارمەتی دەستی دەرکی دەدەن بۆ داگیرکردنی خاکی کوردستان

كه سەرجەم بەرپرسان كه تا دوێنى به عێراقيان دەوت دراوسێ ، لەمڕدا دەڵێن كوردستان بەشێكه له عيراق و شانازى به عێراقى بوونى خۆمان دەكەين و، لێرەوه موزايەدەى حزبى گۆتايى پێدێت و حزبى گەورە رۆڵى دەمرێت و، ئەم هاتنەى كازمييه ئەو بەرپرسانەى كه خۆيان له ترسى كێرنا حەشاردابوو ناچاركرد بجوڵێن و، كازمى لەماوەيەكى كورتدا وەك سەرۆك وەزيرانى عێراق توانى سەردانى دهوك و هەولێرو سلێمانى و هەڵەبجەو و زاخۆ وباشماخ بكات بەئام بەرپرسانى هەرێم وحكومەت نەيانتوانيوه ئەو كاره بكەن.
خەڵك داواى مافى خۆيان دەكەن و موچەكانيان دەبرن و، ئێوەش به خوان و سفرەو تەلارى مڕگەپان سەرقاڵن !.
دەربارەى شاند ناردن و ڕكەوتن له نێوان هەرێم و عێراقبسووده چونكه هەرێم بەبێ ڕەزامەندى خەڵكى كوردستان وحكومەتى ناوەندى نەوتى بێ ماوەى ـــ 50 ـــ ساڵ داوه به تورکياو، له ماوەى هەشت نێ ساڵه شاند ناردنەو بەبێ ئەنجام و شتى زەق درێ بەرپرسانه ، تا ئيوه حكومەت و هەرێم بەرێوه ببەن خەڵك هەست به ئاسوودەى ناكات.
11/9/2020
□

يەكەمين مەفرەزە لە زەڵێى بێ دەڵێى جافايەتى.. ئەحمەد رەجەب

وانەكانى ژيان :

دواى هەوڵێكى بێوچان مەفرەزەيەك بەناوى سلێمانى له بارەگاى حزب له زەڵێ له كەمەڵێك كاديرو ئەندامانى حزب پێكهات و بەبێ وەستان بەو سەرماو سەڵەو بەفرى زستانه كەوتەرێ بەرەو دەڵێى جافايەتى و ناوچەكانى شارباژێرو له رۆژى يەكەمدا مەفرەزەكه گەيشته دێيەكى جوان بەناوى دەرمان ئاواو بێ رۆژى داهاتوو خەڵكى دێكه وتيان مەرۆن و به فرزەرەو جاروبار شاخى زەردكه رەنوو ئەكات بەئام ئەمه له ناو ئەو بەفره زەرەى شاخى زەردكەێ ڕێشتين و، گەيشتينه دێيەكى جوان دێفرۆن له بناری شاخەكه و پرسيمان ئەم دێيه ناوى چێيه ؟ وتيان ئەمه بێتوشه.

نانی نەوەرمان لە بەتوش خواردوو، هاورێ حەمە کەریم قەرەچەتانی فەرماندەی مەفرەزەکە بوو پرسیاریکرد ئایا ئەتوانین بگەڕێن بە دێیەکی دیکەی جافایەتی؟ یەکێکی شارەزا وتی کات درەنگە و شارەزا نین و ئاستمە بگەنە دێیەکی دیکەی جافایەتی و، لە بەتوش دەرچووین گەیشتینە دێی ئەشکان و ئەو شەوە لەوێ ماینەوە.
لە سێیەم ڕۆژدا کەوتینەڕێ و لە پاش ماوەیەك گەیشتینە دێی هەرزنەو، لەوێ گەیشتینە سەر ئاوی کەوێ (روباری زێی بچوك) و، بە پەرینەوەو لەم بەرو ئەو بەری روبارەکە ئاسن (ستون) داکوترا بوو هەردوو سەری ئاسنەکان بە هێی کێبڵیکی بتەو بەیەگەیشتبوون تەشتێکی گەورە لە گەڵ چەرخێکی پێوە بەسترابوو چوار چوار بە ڕاکێشانی تەشتەکە خەڵك ئەم بەرو ئەو بەری ئەکرد و، ئێمەش بەو شێوەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سنورە دەستکرەکانمان بەزاند و بە دوو خولەك پەرینەوەو گەیشتینە خاکی باشووری کوردستان.
دێی سەفرەو زەرون بەهێی تواندنەوەی بەفر جێگەلەیەکی دروست کردبوو زۆر سارد بوو هەر پێنج شەش خولەك پێویستە بپەڕنەوەو ئەوەندە ئەم بەروو ئەو بەرمان کرد سەرەڕای سەرماکە هیلاکی کردین تا گەیشتینە دووریانێك و، لەوێ وەستاین و بە هێی برایانی ""قاچاغچی"" زانیمان ئەوەی دەستە چەب بەرەو ولاخ لوو ئەروات و ئەوی تریان بەرەو گەورەدی و مالومە و، ئێمە کەوتینەڕی بێ گەورەدێ و ڕێگاکە زۆر سەخت و پڕ لە هەورازو نشێوو بوو لە پشوویەکی چەند خولەکی دوکتۆر فارس ڕەحیم کادری ناسراوی پارتزگای سلیمانی یادی بەخێر وتی : ئێمە خاوەنی ئەم هەموو هەردوو دێ و شاخی سەختەن و، هەزاران شاخی لەم شێوەیەو بەرز ترمان هەیەو خاوەنی هیچ نین.
لە بەر سەرما هەئەلەوزین و ناوچەکە پوش و پەاش و چیلکەی لێنەبوو ئاگر بکەنەوەو، بە دەم قسەکردن گەیشتینە دێی گەورەدێ کە لەلایەن حزبی بەعسی عەرەبی کاولکرابوو، دەمە ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە مالومەو چووینە مزکەوتەکە و کەمە کەمە سەرماکە لە لەشمان باریکردو نەماو، لەو کاتانەدا گەنجێکی قەز هاتە پێشەوەو پرسیاری کردو وتی : ئێوە کێن؟ لە کوێوە هاتوون؟ وتمان ئێمە پێشمەرگەی حزبی شیوعین ئەمە یەکەمین مەفرەزەمانەو، گەنجەکە وتی : ئێستا برادەرێکی ئەنجومەن دێت و بە سەرماندا دابەشتان ئەکات و، منیش لە گەنجەکەم پرسی ئەی ئێوە کێن؟ وتی من لیرە مامۆستای قوتابخانەم و، یەکسەر وتم مامۆستا لە خانەقین جەنابتان کوری کێن؟ و، مامۆستا وتی من لە خزانی قوتبی وێنەگرم و ناوم ڕەمزی یە و چۆن ئەزانیت خەڵکی خانەقینم؟ و، وەاممم دایەو پێخۆشحاڵم برایەکی کاکەییم دێزییەوە و بە تۆنی قسەکردنتان زانیم خەڵکی خانەقینن و خزانەکەتان ناسراوە و کەسانی بەوەین.

بۆ یەکەمجار لە ماڵێکی جوتیاری هەژار نانمان خواردو کە وتمان ئەگەڕێنەوە بۆ مزگەوت دوو پەتانیان داپڵمان بۆ نووستن و، لە مزگەوت زانیمان بەیانی ڕۆژ ئەبێتەو ئەچینە هەمان ماڵ نانی بەیانی ئەخۆین.
نانی بەیانیمان خواردو نمە نمە باران بوو چووین بۆ دێی یاخسەمەرو، لەوێ دکتۆر فارس و عەلی بچکۆلی شەهید مام عوسمان ئەچنە دوکانێك عەلی بە دوکتۆر ئەڵێت کام ڕەنگیان هەبژیرم، دکتور دەست بۆ ڕەنگێکی زەق ئەبات و ژنەکەی خاوەن دوکان ئەڵێت وی دایە ئەم مامەیە چەند دێی تەرە؟ دوکتوریش ئەڵێت خۆشکە بۆ دێم تەر نەبێت خوا نەیبڕێت لە مالومە تا ئێرە لە ژێر باران بووم و ، نانی نێوەڕمان خواردو شەویش لە مزگەوت خەوتین.
ئیتر لەم دێ بۆ ئەو دێ ، لە هەڵەدەن بۆ سەرگەڵو، چاڵاوەو گەرانەوە بۆ مالومەو لەوی چاومان کەوت بە برادەرانی یەکێتی نیشتمانی و کاك جەمال عەلی باپیری فەرماندەیان و پێشحاڵ بوون بە هاتنی شیوعییەکان بۆ ناوچەکەو ، لە پاش نیوەڕۆ یاری فوتبالمان پێکەوە کردو ڕۆژێکی نوێ و خۆش بوو، شەو پێکەوە بووین من لە گەڵ مامۆستا ڕەمزی کاکەیی باسی زۆر شت و کەسایەتی شاری خانەقینمان کرد. لە ڕۆژی داهاتوو ڕێیشتین بۆ دێی چۆخماخ ، مەڵاکەو گاپیلان تا پاش چەند ڕۆژێك گەیشتینە قەیوانی سەروو ، بۆ ئێوارە چووینە قەیوانی خواروو لەوی کابرایەکی شێخ ئەگەر لە یادم بێت ناوی (شیخ تالیب) بوو هاتە پێشەوەو وتی ئێوە سەر بەکام موستەشارن ؟ و، یەکسەر هاورێ حەمە کەریم قەرەچەتانی بە تووڕەییەو وتی: جەناب بەم شەوە جاش ئەتوانێت بەم ژمارە کەمە بێتە ئێرە، ئێمەش هەر هەموومان ویستمان لە کابرای شێخ بدەین (ئەوکات گەنج بووین) و، خەکی دێکە وتیان بۆ خاتری خوا وازی لێبنن و، ویستمان بڕۆین خەکی دێکە نەیانهێشت و شەو لەوێ ماینەوە.
شەوی 27 ی کانونی یەکەم / دێسەمبەر 1979 لە دەوروبەری کاتژمێر دە ڕادیۆمان کردەوەو یەکێك لە هەواڵەکان ئەوە بوو بابراك کارماڵ بە بە (سەرۆکی ئەنجومەنی شۆرشگێری) لە ئەفغانستان بۆ بەیانی لە کازیوەدا هەساین و چاوساغ هاورێ { عمری حەمە بچکۆل ـــ مەلا حوسەین} پێشمان کەوت و لە نزیك جادەکەی مەوکەبە هاورێیەك وتی بوەستن و سەیرکەن ئێمە بەرەو ڕووی بنکەی سەربازی (ڕەبییە) ئەڕۆین و ئەوە سەربازیکە لەویدا هاتووچۆ ئەکات و دیارە پاسەوانە و، ئێمەش بەدیققەت سەیری ئاسۆکەمان کردو دەرکەوت ڕاستە ڕەبییەو، هاورێ حەمە کەریم وتی تا زووە و سەربازەکان نەیانزانیوە بەدەستە ڕاست لابدەین. لە پاش سێ چوار خولەك چووینە شوێنێك بە دانشتن سەربازەکان دیار نەبوون، هاورێ قەرەچەتانی وتی : ئێمە بە هەڵەی

مەلا حوسەێن ناچار بووین لامانداو، جادەی مەوکەبە 80 ـ 100 مەتر لەمان دوورەو، رۆژانە سوپا رێگاکە بێ گواستنەوەی سەربازو خواردن و ئاو بە کار ئەهێنێت بۆیە نابێت کەس قسەو هەلسوکەوت بکات و، بە پێوە بوەستێت و، ئەگەر تووشی شەر ببین هەموومان شەر ئەکەێن تا تیا ئەچەین و چەکەکانمان خراپەو فیشکمان کەمە بێ ئاگاداری (فەرماندەکەمان) تەنهـا یـەك مەخزەنـی 30 فیشەکـی پێ بـوو، لـە بەرەبەیان تا ئێوارە لەو شوێنە مەترسیدارە بەو سەرمایەو بەبێ نان و ئاو ماینەوە.
لە شەوێکی تاریك وتا بەرەبەیان رەمانکرد تا گەیشتینە دێی گەنکێ و لەوێ چەند ماڵێك خزمەتیان کردین دەرکەوت خزمی هاورێ مەلا حوسەێنن و ، لە پاش نانخواردن وتیان چەند رۆژێکە مقەمقەی هاتنی سوپاو جاشە بێ دێکە و باشترە برون و نان و هەندێ پێداویستیمان وەرگرت و لە دێ دەرچووین و، دیسان لە شوێنکی تر ئەو رۆژەمان بە سەر بردو، دەمەو ئێوارە کەوتینەرێ بە سەر کێنە ماسییەوە خەمان گەیاندە کاپیلەن و زۆر هیلاك بووین.
لە پاش گەشتێکی (جەولەیەکی) پێشمەرگانە چووینە ولاخ لوو، وشەو لەوێ خەوتین و لە بەرەبەیان بێ دەرچووین و بە دڵی سەفرەو زەرون و بە هەمان رێگای هاتنمان گەراینەوە بێ دڵی هەزنەو، لە پاش پشوویەکی باش بێ ئێوارەکەی چووینە دڵی پێتوش و شەو لە بێتوش ماینەوە و، خەێکەکە وتیان شاخی زەردکە ترسناکە و رەنوو (هەرەس) ئەکات مەرێن بەڵام ئێمە رێیشتین وکە گەیشتینە لوتکەی شاخەکە دوکتور فارس خورمایەکی لە گیرفانی دەرهێناو دای بە عەلی بچکێل وتی بیخێ وزەت ئەداتی و سەرما وەك کوێزان وابوو عەلی وتی دکتێر وزەی چی ! و، بە سەلامەتی گەیشتینە دەرمان ئاواو بەبێ وەستان گەراینەوە بێ بارەگای حزب لە توژەەو زەی. (ماویەتی).

29/7/2020

شانـــد هـــات و شانـــد چـــوو

خەفاندنە … ئەحمەد رەجەب

ماوەی شەش ساڵە هاوڵاتیان ڕۆژانە گوێیان لە وشەی شاندەو ئەم وشەیە بوو بە قەوانێکی سواوو جێی پێکەنینی خەڵك و بەرپرسان ئەوەندە وتیان شاند هات و شاند چوو کەس گوێیان لێ ناگرێت و بە درۆزن و فێبازو ساختەچی ناویان ئەبن و لە بەرامبەریشدا ئەمان هەر خەریکی پارە کۆکردنەوەن بۆ خۆیان و خۆزان و زورناژنەکانیان.
بە کوردی و بە کورتی : پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە ــــ 250 ــــ هەزار بەرمیل نەوت ڕەوانەی بەغدا بکات بۆ کۆمپانیای هەناردەی نیشتمانی (سۆمۆ) لە بەرمبەردا حکومەتی ناوەند پشکی ساڵانەی هەرێم (بودجە) و مووچەی فەرمانبەران بنرێت بەڵام حکومەتی کوردستان ئیفلیجەو و بەندکراوەو ئەترسێت ڕاستییەکان بخاتەروو، حکومەتێك بە خواست و ئارەزووی چەند هەرزەی کاڤام و وەزیرێك یان تاکە حزبێك نەوتی کوردستان بۆ ماوەی 50 ساڵ بە بەلاش بداتە تورکیای داگیرکەر چۆن چۆنی ئەتوانێت ڕێکەوتن لە گەڵ لایەنێکی تردا واژوو بکات.
ئاستەمە هەرێمی کوردستان بتوانێت بریارێکی نیشتمانی دەربکات و بە تورکیا بڵێت: چیتر پابەند نابین بەو ڕێککەوتنامە پر شەرمەزاریيەو نەوتی کوردستان نادەین بە ئەوە چونکە ئەو ڕێککەوتنامەیە بە نهێنی و بە بێ ئاگاداری خەڵکی کوردستان واژووکراوەو، هەروا ئاستەمە حکومەتی کوردستان ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت بدات بە بەغداو بە هیچ چەندین گرێبەست لە گەڵ کۆمپانییەکانی نەوتدا.
هەندێ لە بەرپرسانی کوردستان ڕۆژانە ئەپارێنەوە تورکیا خاکی کوردستان بە تەواوەتی داگیربکات بۆئەوەی لە سەر ئێشەی ڕادەستکردنی نەوت بە بەغدا نەمێنێت و رزگاریان بێت و، ئەوەندە درۆیان کرد حکومەتی ناوەند زاڵ بوو، بۆ لە نەوت داوای دەسکەوتی خاڵە سنووریيەکان وئاسمانییەکانی کوردستان ئەکات و، حکومەتی کوردستان بەوەش قایل بوو بەڵێنیدا بەڵام هەر زوو بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکردو داواشی لە حکومەتی ناوەند کرد مووچەی فەرمانبەران بدات و، ئەویش قایل بوو ئەو پارەیە ڕاستەوخۆ وەك هەموو پارێزگاکانی عێراق بدات و، لە هەڵدانەوەی لاپەرەکانی فەرمانبەران دوسییەی گەندەڵی چەندان ملیاردرۆار دزرایەوە گوایە خەرج ئەکرێت بۆ فەرمانبەران و، لە ڕاستیدا بۆ بندیوارەکانە کە بوونیان نییە خەرج ئەکرێت و پارەکە ئەچێتە گیرفانی بەرپرسانی سیاسی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و، ئەوەش وا ئەکات حکومەتی ناوەند پابەند نەبێت بە داواکارییەکانی حکومەتی هەرێم و ، ئەم بەزمە

چەند جارێك سەریهەڵداوەو شاراوەتەوەو گەندەڵكاران لە ناو خۆیان ڕكێكەوتوون لە سەر دابەشكردنی ئەو دەسكەوتانەی.
پێویستە هاوڵاتیانی كوردستان بڕیاری نەبن و بە حكومەت بڵێن ئیتر بەسە درۆو سەرپێچی و قەیران دروست مەكەن و مووچەی شەهیدان و مامۆستاو فەرمانبەرو ئەنفالكراوەكان و زیندانیانی سیاسی و پێشمەرگەو خانەنشینان بدەن و، هەوڵ بدەن بە ڕاستگۆیی هەڵسوكەوت بكەن و كەس فریو مەدەن و، بە ناردنی شاندو هاتنەوەی شاندو لە كۆمەڵێك دڕیی ئامادەكراو دوور ببنەوەو چیتر خۆتان ڕیسوا مەكەن و، ئەگەر ناتوانن ئەو گری كوێرەیە كە خۆتان دروستان كردووە بكەنەوەو چاروسەر بۆ كێشەو گیروگرفتی هاوڵاتیان بدۆزنەوە واز لە حكومەت بێنن و، دەست بەرز بكەنەوەو ڕاشكاوانە بڵێن شكستمانخواردووە و لێمان ببوورن.
هاوڵاتیان كە لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەكان چاویان بە شاندێكی گەورەی هەرێمی كوردستان ئەكەوێت ئەوەندە بێزار بوونە یەكسەر تەلەفزیۆنەكە دائەخەن یان كەناڵەكە بۆ كەناڵێكی تر ئەگۆڕن و، بەو هاتوو چۆیەوە پارەیەكی تر خەرج ئەكەن و، هەموو جارێك بە دەستی بەتاڵ ئەگەڕێنەوەو یان پەنا بۆ درۆ ئەبەن و، وتراوە (پەتی درۆ زۆر كورتە) و، پرسیار ئەوەیە تاكەی شاندناردن درێژەی ئەبێت؟.
پێش ماوەیەك حكومەتی ناوەند لە گەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان كۆبوونەوەو لە سەر دروستكردنی دوو لێژنە ڕكێكەوتن، یەكەمیان بۆ جێبەجێ كردنی بەندی (مادەی) 140 و كێشەی ناوچە دابڕوەكان و پێشمەرگەو دووەمیان بۆ هەنارەدەی نەوت و ڕادەستكردنی دەروازە سنووریەكان و فڕۆكەخانەكانی هەولێرو سلێمانی و، ئەوەی سەیرە ئەم دوو لێژنەیەی (حكومەتی ناوەندو حكومەتی كوردستان) تا ئێستا هیچ كۆبوونەوەیەكیان نەكردووەو، كەس نازانێت و پرسیار ئەكەن و ئەڵێن ئایا بەو دوو لێژنەیە هەموو كێشەكان چارەسەر ئەكرێن ؟ چۆن؟ كەی؟!.
حكومەتی كوردستان 400 ملیار دیناری وەرگرت و لە پر نەماو حكومەت دەستی كردن بە هاشەو هوشەو لە ڕاگەیاندنەكانی وایپشاندا ئەو پارەیە بۆ خزمەتگوزاری خەرج كراوەو كەس باوەڕی پێی نەكردو، حكومەت بە دوای كێاوی بابردوو ئەگەڕێت و ئەڵێت 400 ملیار دۆلاومان لای حكومەتی عێراقەو، بە خەیاڵی خاوی بەرپرسان نیازیان وایە ئەوەی سەدام حوسەێنی دیكتاتۆر كردوویەتی ئەم حكومەتە قەرەبووی بكاتەوەو بەم شێوەیە هەردوولا كات ئەكوژن و درێژە بە درۆو گاڵتەو گەپەكەیان ئەدەن و بەرپرسان سوودمەندن و هاوڵاتیان مووچەی خۆیان وەرناگرن و حكومەت هەشت مووچەی فەرمانبەران و دوازدە موچەی خانەنشینانی نەداوەو، حكومەتێكی لەم چەشنە نەبوونی لە بوون باشترە.

ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە زیاتر لە یەك ملیۆن بەرمیل نەوت بفرۆشێت بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی ناوەندو پارەکەی نەدات بە (خەزێنە گشتی) و مووچەی فەرمانبەران و هاوڵاتیان نەدات بە ڕوون ئاشکرا دیارە ئەو پارەیە ئەدزرێت و، تاقمێکی مشەخۆر دەوڵەمەند ئەبن و، فەرمانبەران و خەڵکی زەحمەتکیش بە پرسی و بێ پارەو نەخۆشی ئەمێننەوەو ئەو کەسە باس لە دزی و گەندەڵی وستەمی ئەم دەسەڵاتەی کوردستان بکات ڕاوئەنرێت و ئەیگرن و بێ سەروشوێنی ئەکەن و لێپرسینەوەش قەدەغەیە.
بێ ئەوەی هاوڵاتیان فریو نەدرێن قەیرانی حکومەت چوار پێنج ساڵە هەیەو ئەو کات نەوت زۆر گران بوو پارەیەکی باشی ئەکردو کێشەکانا نەبوو، بۆیە ئەمە ئەڵێم چونکە حکومەتی بێ توانا قەیرانەکە ئەخاتە ئەستۆی دابەزینی نرخی نەوت و پەتای کۆرۆناو، ئەم کردەوانەی حکومەت زیاتر ڕێگا بێ دەستوەردانی دەرەکی بەتایبەت تورکیا و ئێران خۆش ئەکات و، باشترواییە حکومەت لە خۆبایی نەبێت و زیادەڕەوی نەکات و باسی وڵاتپارێزی لە بیر بکات و ئەوە ئەوانن ڕێگایان داوە بە تورکیا بە ڕێگەی قیرتاو کوردستان داگیر بکات.
ئەگەر حکومەتی کوردستان بەو بیروبۆچوونە دوگمایە ڕەفتار بکات نەهامەتیی و ناخۆشی زیاتر بێ هاوڵاتیان ئەهێنێت و، جێی داخە بەرامبەر بەو دۆخەی هەرێمی کوردستان پەرلەمان بێدەنگەو ، لە بارەی پەرلەمانەوە پێویستە بڵێن خەرمان بەرەکەت لە پاش 5 مانگ کێبوونەوەی کرد!.

27/7/2020

.
.

سوێتان هاشم ئەحمەدی بەعسی و سیخوڕ ئەمریکی مرد … ئەحمەد

ڕەجەب

سوەتان هاشم ئەحمەدی بەعسی و سیخورێ ئەمریکی مرد
ئەحمەد ڕەجەب
لە 20ـ7ـ2020 لە زیندانی ئەلحوت لە ناسرییە سەتان هاشم ئەحمەد وەزیری بەرگری پێشووی عێراق مردو ئەم وەزیرە سەرکردایەتی یەکەمین پرسەی ئەنفالی چەپەڵی کردو بەشداربوویەکی ئەکتیڤ بووە لە ئەنجامدانی تاوان و شان بە شانی دیکتاتۆری فاشییست سەدام حوسەین وەستاو سەدام بە قیزەوەنترین شێوازو ستەمکارانەو بە سەرکوتکردنی خوێناوی خەڵك و ئۆپۆزیسیۆنەکانی لەناو ئەبردو زۆر رقی لە کوردو هەموو پێکهاتەو نەتەوەبراکانی عێراق بوو مۆرکی فاشییەت بە زەقی لە ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیستی دوژمنکارانەی دیار بوو بێ تواندنەوەی هەموو نەتەوەکان لە پێناو نەتەوەیەکدا.
ریك فرانکۆنا Rick Frankona سیخوری CIA و لێکۆلەری سیاسی لە تۆری NBC ی ئەمریکایی ئەوت لە ڕێی سەرچاوەی جەلال تاەبانی ئاژانسی هەواڵگیری ناوەندی ئەمریکا جەنەراڵ سوەتان هاشم ئەحمەد وەزیری بەرگری پێشووی عێراق لە حکومەتەکەی سەدام حوسەین ناسیوە وبە ئاشکرا وتی : وەزیری بەرگری بە شێوەیەکی زۆر باش هاوکاری کرد لە ئامادەکردنی نەخشەی ڕۆخانی ڕژێمی سەدام حوسەین و، شایانی ئاماژەیە لە ئازاری / مارس 1991 سوەتان هاشم جێگری سەرکردەی ئۆپراسیۆنەکانی سوپای عێراق بووەو بەگەنامەی خۆبەدەستەوەدانی سوپاکەی لە گەڵ جەنەراڵ نۆرمان شوارزکۆف norman schwarzkopf واژووکردووە.
سەدام حوسەین و تاقمەکەی تاوانبارن بە گرتنی هاوڵاتیان و ئازاردانیان و کوشتنیان و ڕەوانەکردنیان بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان و، ئەو کەسانە هاوکار بوون بەرزان ئەلتکریتی ، عەلی حەسەن ئەلمەجیدو سوەتان هاشم ئەحمەدو ئەمانە دران بە دادگایەکی دادپەروەرانە بۆ ئەوەی سزای خۆیان وەربگرن بەڵام تەنها هەر ئەو دوو سێ ناوە نییە بەکو لەلایەن هاوڵاتیان و گەل لیستەکی دوورودرێژ ناوی ژمارەیەکی زۆری تیادایە تاوانی وەحشیانەیان ئەنجامداوەو لەوانە ناوی وەزیری بەرگری سوەتان هاشم ئەحمەد لە پێش هەموو ناوەکانە.
بێشك گەلی کوردستان تامەزرۆی ئاشتی و ئازادییەو هەمیشە شەرشگێرانی هەرەکان و قوربانیانی کوشتن و برین وچەوساندنەوەی لە عێراقدا لە بیرەو، هەروا خوێڕۆژەکانی لە بیرە کە کوردستانیان سووتاندو هاوڵاتییە بێتاوانەکانییان کوشت و، دەسەاتی خوێڕۆژی ڕژێمی سەدام حوسەین درندانە لە گەڵ عێراقییەکان بە گشتی و کورد

بەتایبەتی رەفتاری کردووەو، ئەو جانەوەرو درندانە ئاگری تووڕەیی و رق و کینەیان دژ بە تۆکۆشەرانی عێراق وکورد بەکارهێناوە و، هەموو لایەك پرسەکانی ئەنفالی چەپەڵ و دڕندەیی لە بیرەو، ئەزانن هێزە چەکدارەکانی سوپای عێراق گوندو خانووی جوتیارانی رووخاندوەو لە گەڵ زەویدا تەختی کردوون و ماڵ وسامانیان براوەو و زیاتر لە چوار هەزار گوندی کوردستانیان سووتاندوەو، هەرچی هاوڵاتییە بە منداڵ و ژن و پیرو پەککەوتە گیراون و هەزاران خەڵکان بەسەرو شوێن کراون و، ئەو هێزانە توانیویانەڵ ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە کە هەوڵیانداوە لە دەزەخی ئەنفال قووتاریان بێت بگرن و، هەموو لایەکیش شەهیدانیان لە بیرە کە بەخوێنی پاکیان خاکی کوردستانیان نەخشاند.

لە ڕۆژی گرتنی سوڵتان هاشم لەلایەن هێزی ئەمریکاوە لە ساڵی 2003 تا ڕۆژی مردنی لە ڕۆژی 19/7/2020 ژمارەیەکی زۆر لە بەعسییەکان وتاقمی ئەلعروبە داوایان کرد سوڵتان هاشم ئازاد بکرێت لەوانە : جێگرەکانی سەرۆك کۆمار : تارق ئەلمەشهەدانی هەڵاتوو، ئەیاد عەلاوی و ئوسامە ئەلنوجەیفی و، سەرۆکەکانی پەرلەمان : سلیم ئەلجبوری و محەمەد ئەلحەبوسی و ژمارەیەکی تریش وەك : ساڵح موتەگ و رافع ئەلعیساوی هەڵاتوو بەڵام هەرهەموویان دڕان و سوڵتان هاشم ئازاد نەکراو لە زیندان مرد.

گەلی کوردستان لە بیریانە تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد برسکەی بێ سەرۆکەکەی قارەمانی شوقەنیستە عەرەبەکان و دوژمنانی گەلی کوردستان ناردو، کوردی بە داونپیس و بە کرێگیراوی ئێران ناوزەد کردو وتی :

(پشت بە خوای گەورە توانیمان هێزەکانی چەتەکان و دوژمن لە ناوچەکانی : دێڵی جافایەتی ، سەرگەڵو، بەرگەڵو، چوخماخ، هەڵەدن، یاخسەمەر، زێوە. کانی توو قزلەر) و، ناوچە و پەرزایەکانی تر دەر بکەین و، لەویش بەدوانی نوێ کردەوە کە بەردەوام ئەبێت و، هەرچی سەرلێشێواوە مەبەستی هاوڵاتیانی کوردە لە ناو ئەبات و لە درێژەی برسکەکەیدا وتی : بەدڵنتان پێ ئەدەین بەردەوام ئەبین و سەری ئەم تاقمە سەرلێشێواوە ئەکوتین تاوەکو بگەڕنەوە بێ ڕێی راست و، لە خواروی پروسکەکە واژووی کرد : لیوا روکن سوڵتان هاشم فەرماندەی پرسەی ئەنفال.

لێردا بەو درندانە ئەڵین :کوشتنی (8000) هەشت هەزار بارزانی و، (182) سەدو هەشتاو دوو هەزار هاوڵاتی لە گەلی کوردستان تاوانێکی نوودەوەتییە، تاوانی قرکردنی خەڵکە (جینۆساید) ە، تاوانێکی ئاسایی نییە وەك دزینی ئۆتۆمبێلێك یان دەمە قاڵەی دوو نەفەرو یەکێکیان بریندار بێت ، ئەوە قرکردنی بەکۆمەڵە.

.ئەیاد عەلاوی زۆر کەرەت باسی ئازادکردنی سوێتان هاشم کردووە بۆ نموونە لە 3/11/2015 وتی : سوێتان هاشم دەستی بە خوێنی عێراقییەکان سور نەبووە. عەلاوی لە پەیامێکی تەلەفزیۆنی ئەڵت : زۆر کەرەت باسی ئازاد کردنی سوێتان هاشمان کردووەو دووا کەرەت لە کۆبوونەوەی هەرسێ سەرکاییەتییەکە بوو.
سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عێراق و نوێنەر لە پەرلەمان ئەیاد عەلاوی نامەی نارد بۆ : جۆرج بۆش وسەرۆکی حکومەتی ئەو کات نوری ئەلمالکی و داوای کرد بریاری لە سێدارەدانی وەزیری بەرگری پێشووتری عێراق سوێتان هاشم رابگرن و هاوکات دادگای بەرزی عێراق بریاری دابوو لە سێدارە بدرێت و، عەلاوی نووسیبووی تکایە نامەکەم بەهەند وەربگرن و بریاری لە سێدارەدانی رابگرێت چونکە پیاوێکی پیشەییە. لە ڕۆژی مردنەکەی عەلاوی ئەڵت / سوێتان هاشم پیاوێکی پێشەیی و پاك بوو !.
پێش هەموو شتێك بۆ وەبیرخستنەوە ئەیاد عەلاوی لە دایکبووی ساڵی 1945 و ئەندامی جزبی بەعس و قوتابییەکی تەمەڵ بوو بە فەرمانی سەرەوە کۆلیجی پزیشکی تەواو کردووە و، لەلایەن حزبی بەعس نیردراوە بۆ بریتانیا بە مەبەستی سیخوری لە سەر قوتابیان و ڕەوەندی کوردی و، بە نهێنیش پەیوەندی هەبووە لە گەڵ تاقمێکی هەواڵگێری سەدام ولە لایەکی ترەوە پەیوندی بە دەزگای هەواڵگێری ئەمریکاوە هەبووە، لە گەڵ ڕاگەیاندنی شەر دژ بە سەدام لە گەڵ هێزی ئەمریکا گەراوەتەوە بۆ عێراق و، بە پێی خواستی حاکمی عەسکەری ئەمریکا پۆل برێمەر بووە بە سەرۆك وەزیران.
کاتێك بۆ بە سەرۆك وەزیران دژ بە خواستی هاوڵاتیان کاریکردو زۆر لە ئەفسەرو فەرمانبەرە بەعسییەکانی گەراندەوە بۆ ناو سوپاو دامەزراوە مەدەنییەکان و بەوکارەش عێراقی دووچاری گیروگرفت و کێشە کردەوەو بەعسییەکان بە لێشاو گەرانەوە بۆ کاروباری پێشوویان لە کاتی ڕژێمی سەدام حوسەین و، بەو کردەوەیەش ڕێیان بۆ تونددەوو بکوژان خۆش کرد. سەبارەت بە فیدرالییەت ئەیاد عەلاوی ئەڵت : ئەوەی لە سەر زاری من سەبارەت بە فیدرالییەت بڵاوکراوەتەوە دژیە و بازدانە بە سەر ڕاستییەکاندا. ئەیاد عەلاوی نامەی ئاراستەی سەرۆکی وڵاتانی عەرب و دونیا کردو داوایکرد بەعسییەکان لە زیندان ڕزگارو ئازاد بکرێن و، زۆربەی ئەو بەعسییانە دەستیان بە کوشتن و خوێنی هاوڵاتیان بە تایبەتی کورد سورە.
بەرامبەر بەم هەڵوێستە دوژمنکارانە لەلایەن کەسێکی کورسی پەرست، ئامادەیە (کەرامەتی) خۆی بفرۆشێت هەموو جارە فڕ و تەقەکەبازی ئەکات و، خەڵك پرسیار ئەکات و ئەڵێن : بۆچی ئەیاد عەلاوی بەرگری لە قوربانیانی سیاسەتەکەی سەدامی تاوانبار نەکرد؟ بۆ بەرگری لە ئەنفاکراوان ولە ناوبردنی { کوردە فەیلییەکان} ورشتنی کەرەستەی

کیمیاوی و گاز به سەر هەبجە نەکرد ؟ بۆ دژ بە بەعسیکردن ونەعریب نەوەستا. .
ناوی ئەیاد عەلاوی و کارکردنی لە گەڵ دامودەزگاکانی هەواڵگیری سەدام و پاشان هەواڵگیری ئەمریکا جێی شەرمەزاری و ریسواییەو، ئەیاد عەلاوی تا ماوە وەك کاسەلێسك ئەمێنێتەوە
لە کۆتاییدا ئەیاد عەلاوی بەرامبەر وتەکانی چی ئەڵێت : دەستی بە خوێنی عێراقییەکان سور نەبووە ، چونکە پیاوێکی پیشەییە ، پیاوێکی پیشەیی و پاکە.
22/7/2020

دەزانم چۆن چاوەروان دەبیت – بۆ منداڵان …وەرگێران لە روسییەوە : ئەحمەدرەجەب

کونستانتین دمیترییقیچ ئوشینسکی **

ڕۆژگارێك برایەك وخوشکێك وجوجەیەك و مریشکێك پێکەوە دەژیان ، کەهەشرە چکۆلەکە رای کرد بۆ ناوباخەکەو بە دەنووکی بەربووە بەرسیلە خواردن و مریشکەکە پێی وت : بەرسیلە مەخۆ، چاوەروانبە تا ئەگات و، کەهەشرەکە گوێی پێنەداو، دەنووکی هەر لە لە کاردا بوو هەر دەیخواردو، پاشان ورگی ئاوساو بە ئازارەو گرایەوە بۆ ماڵ و دەستی بە هاوار کردو دەیگوت ئای ، ئۆخ ، خوشکە گیان تووشی سگ ئێشە بووم و ئازارم هەیە.
مریشکەکە ئاوی پونکەو گەنەرچەکی بە کەهە شرەکەدا تا تەندرەستی هاتەوە سەر خۆی و، چاك بووەوەو سەر لە نوێ بە بازدان وپەلەپەل بۆ ناو کێگەکە ڕێگای گرتەبەرو و سوور هەڵگرابووەو و ئارەقی دەردەداو ، خۆی گەیاندە ڕووبارەکە بۆ ئەوەی ئاوی ساردی بخواتەوەو مریشکەکە هاواری کردو وتی :
ئاو مەخۆرەوەو چاوەروانبە ! ، ئاوەکە زۆر سارەو تووشی نەخێشیت دەکات ! ، کەهەشرەکە گوێی لە مریشکەکە نەگرت و ، تا توانی ئاوی ساردی خواردەوەو تووشی لەرزو تا بوو کەوتە پەلەقاژەو ، بە جەستەی

داهێزراو بێ ماڵ گەرایەوە.
مریشکەکە بە راکردن بێ لای پزیشك چوو، باسی کەڵەشێرەکەی بێ کردو، پزیشکەکە دەرمانی تاڵی بوو نووسی و ، هەر بەو لەش ناساغییەوە ماوەیەکی دوورو درێژ لە سەر جێگای نەخۆشی مایەوە،
لە زستاندا کەڵەشیرەکە چاك بووەوە و ، بینی بەفر رووبارەکەی داپۆشیوەو ، ئاوەکەش بووە بە شەختەو بەستەڵەك ، کەڵەشێرەکە یاری گالیسکەی لەسەر شەختەو بەستەڵەکەکە ئەکرددو، مریشکەکە بانگی کەڵەشێرەکەی کردو وتی : بوەستە ! ، ئێی ئێی بوەستە ئاوی رووبارەکە بە تەواوەتی بووەتە شەختە و بەستەڵەك و ، زۆر خلیسك و لووس و ناسکە .
کەڵەشێرەکە گوێی لە خوشکەکەی نەگرت و، لە سەر شەختەو بەفرەکە یاری دەکردو ، لە پر بەستەڵەکە شکاو کەڵەشێرەکە کەوتە ناو ئاوی رووبارەکە ، تەنها کەڵەشێرەکە بینرا.

وەرگێران لە روسییەوە : ئەحمەدرەجەب
12/7/2020

-_____

**کونستانتین دمیترێڤیچ ئوشینسکی ـــ ماموستایەکی روسییە بێ گەورەو منداڵان دەینووسی. لە 30/6/1920 لەدایکبووەولە 17/6/1970 کۆچی دووایی کردووە.
Константин Константиновский 30/6/1920 – 17/6/1970 – Русский педагог. Умей обождать.

تێکۆشان لە ناو لێژنەتایبەتمەندییە جیاجیاکاندا … ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان :

لە سەرەتای درێستبونی حزبی شیوعی عێراق شیوعییەکان بە هاوکاری و پشتگیری یەکتری تێکۆشاون بێ ئەوەی رێی حزب لەناو کۆمەڵگا گەورەو

کارا بۆت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی نیشتمانی و نەتەوەیی و چینایەتی و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی هەژارو زەحمەتکێش و رەنجدەران و ئاوات و خواستی جەماوەری گەل بەرجەستە بکەن و بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەو بە یارمەتیدانی رێکخستەکانی حزب و هاوڕیان و لە سەر ڕێشنایی و پڕۆگرامی حزب چەندین لێژنەی یان مەکتەبی تایبەتمەندی { اللجان المختصة} دامەزراو لێرەدا زۆر بە کورتی وبە سادەیی باس لە 3 لێژنەی تایبەتمەندی ئەکەم و خۆم لە هەرسێ لیژەنەکەدا بەشدار بووم :

لێژنەی تایبەتمەندی کرێکاران : ئەم لێژنەیە لەم هاوڕیانەی پێکهاتبوو : ئەحمەد رەجەب (کارگەی شەکری سلێمانی) ، سلاح رەشید (کارگەی چیمەنتۆ سەرچنار) و عمر عەلی (کارگەی تەنقیحی توتن).

تێژینەوەو خویندنەوەی باری کرێکاران لە سەرجەم کارگەو شوێنەکانی کارکردن و بەرزکردنەوەی راپۆرت بۆ حزب لە بارەی کێشەو گرفتەکانی کرێکاران و، ئامۆژگاری و ڕێنمایکردنی کرێکاران بۆ پەرەدان بە تێکۆشان و فشارخستنە سەر خاوەن ئیش لە ڕێگای سەندیکا (نەقابە) وە بە مەبەستی پاراستنی مافەکانیان وەك خراپی ژیانی کرێکاران .

کاتی کارکردن لە 8 کاتژمێر زیاتر نەبێت ، گرنگی بدرێت بە گرێبەستی کار لەگەڵ کرێکاران ، خاوەن کار پێداویستی سەلامەتی کار ئامادە بکات، کرێکاران نوێنەریان لە دادگاکانی کار هەبێت.

یەکێك لە ئەرکەکانی مەکتەبی تایبەتمندی لە کاتی هەڵپژاردنەکاندا دەستنیشانکردنی نوێنەرانی کرێکاران و، هەوڵدان بۆ بردنەوەو ، لێرەشدا داوامان لە حزب ئەکرد بۆ یارمەتیدان و هاندانی هەموو هاوڕیان بۆ پشتگیری داواو خواستی مەکتەبەکەمان و، لەو کاتانەدا چەندین کۆبونەوەی فراوانمان بۆ کرێکاران ئەنجامداو نوێنەری کرێکارانی سلێمانی بووم لە کۆبوونەوەی تایبەتمەدی کرێکارانی ناوەندی لە بەغدا بە سەرپەرشتی هاوڕیان ئاراخادر و جەعفەر فەلاحی.

ئەندام نوسینگەی کرێکارانی هەرێم بووم و، ولەو ماوەیەدا بەدوواچوون و سەرپەرشتی کۆبوونەوەی فراوانی کرێکارانی قەزاکان { دەربەندیخان و هەڵەبجەو قەڵادزی } م کردو ، لە بەر دەزگا سەرکوتکەرەکانی حزبی بەعسی عەرەبی هەموو کۆبوونەوەکان نهێنی بوون

نووسینگەی ڕۆژنامەگەری : لەم هاوڕیانە پێکهاتبوو : ئەحمەد رەجەب ، ئەحمەد ساڵح ، شاعیری گەورە حەسیب قەرەداغی، محەمەد رەووف زوهدی ، هێگر گۆران و هێرۆ گۆران و، بە یارمەتیدانی نووسەرو ڕۆشنبیرانی ترو قوتابیانی زانکوی سلێمانی و، لەوانە هاوڕیان : مامۆستا حەمە رەشید هەورامی ، نورا، شاکر الانباری و ژمارەیەکی تر.

من پەیامنێری رۆژنامەی بیری نێی وطریق الشعب بووم ، هەرچی هەوا و کاری رۆژانەم ئەدا بە هاورێیانی مەکتەبی پارێزگای سلێمانی و هەروا ئەمنارد بۆ رۆژانەمەکان و، ئەرکەکاتی ترم نووسینی ریپۆرتاج و راپۆرت وژیانی گەل و بایەخدان بە کرێکاران و کێمەکە هەرەوەزییەکان و، نووسین لە سەر تێپی نواندنی پێشرەوو ، تیپی مۆسیقای سلێمانی و چەندین جار چاو پێکەوتن لە گەڵ هونەرمەندانی گەورە ئەحمەد سالارو، حەمە رەشید هەرەس و ئەنوەر قەرەداغی و، لە هەموو چالاکییەکان ئامادە ئەبووم و، ئەندامی نوسینگەی رۆژنامەگەری هەرێمی کوردستانی بوم.
مامۆستا حەسیب قەرەداغی بە هێی سەرقاڵی بە یەکێتی نووسەرانی کورد کەمتر لە کێبوونەوەکانی مەکتەب ئامادە ئەبوو، هەرچی نووسینێك بە ئەدەب پەیوەست بوایە (شیعر، چیرۆك و پەخشان) بەڕەووی مامۆستامان ئەکرد.
مامۆستا ئەحمەد سالح بە تایبەتی لە سەر گۆ و گۆزارو درەخت و رەوەکی ئەنووسی و مامۆستا رەووف زوهدی سەبارەت بە کێمەگا ئەینووسی و هاورێیان هەگرو هەڕ لە شیعر و چیرۆك و بابەتی تریان ئەنووسی، جێی ئاماژەیە من هاورێ رەووف زوهدی کتێبی : دەربارەی ئازادی ئافرەت { حول تحرر المرأة) مان وەرگێرایە سەر زمانی کوردی و ناردمان بۆ دار الروادی حزب لە بەغداو بریار بوو چاپ بکرێت بەڵام لە هەرشە گاوەکەی حزبی بەعسی عەرەبی و دیکتاتۆر سەدام حوسەین بۆ سەر حزب و دەستبەسەراگرتنی دار الرواد کتێبەکە دیاری نەماو لەناوچوو.
خاڵکی رۆژنامەگەریمان بۆ هاورێیان کردەوە.
نوسینگەی بەڕێوبردن { الادارة} : لەم هاورێیانە پێکهاتبوو : ئەحمەد رەجەب ، سەید باقی و دکتور عەلی سەعیدو کاروبارمان بەم شێوەیە دابەشکردبوو هاوکاری یەکتری بووین : هاورێ دکتور لە پرسگەی بارەکا، هاورێ سەید کاروباری ناوخۆی بارەگاو، منیش لە گەڵ هاورێیانی تردا یان بە تەنها بۆ بۆنە کێمەاییەتییەکان وەك بانگهێشتنی حزبەکان و دەزگا حکومییەکان و ئاهەنگ و پرسەو سەرەخۆشی وبابەتی ترو، رێکخستنی ئاهەنگ وبۆنەکانی حزب.
لە کۆتایدا ئەم یادی هاوریانم بەخیرو روحیان شادو ئاسوودە بێت : عمر عەلی، ئەحمەد سالح، حەسیب قەرەداغی، رەوف زوهدی، دکتور عەلی و سید باقی و هیوادارم ئەوانی تر لە ژیاندا بن.

8/7/2020

لە هەزارپەس و چەمی گریانەوە بۆ تووژەڵە و ناوزەنگ … ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان

سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم / ئوکتۆبەری 1979 ڕۆژانێکی سەخت و دژوار بوو ڕژێمی خوێنڕژی دیکتاتۆر سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبی خاوەنی هێزێکی گەورەو کوشندە بوون و کەش و هەواش ڕووی لە ساردی بوو جلوبەرگی ئێمەش هاوینە بوو چەکمان کەم بوو ئاسان نییە مەفرەزەیەکی 47 کەسی بە 5 چەکەوە بە چەند قۆناغێك لە دامێنی هەورامان و پشتی هەڵەبجەوە بە ناو ئاگرو ئاسن و بنکەو ڕەبایەکانی سوپاو جاش بگاتە توژەڵەو ناوزەنگ لە باکوری شاری قەلادزێ وپشتی شاخی مامەندە لە سەر سنوری عێراق ـ ئێران.
قۆناغی یەکەم : فەرماندەی مەفرەزەکە لەلایەن مەکتەبی عەسکەری بنکەی پێشمەرگەکانی حزب لە ناوچەی هەورامان دەستنیشان کراو هاوڕێ تەوفیقی حاجی بوو، بەیانی زوو کەوتینەڕی ولە پاش چەند کاتژمێرێك گەیشتینە هاوار، هاوار یەکێکە لە جوانترین شوێنەکانی کوردستان و، بەعسییەکان ئەم بەهەشتەیان تێکدابوو، لە هاوار پشوویەکی باشماندا و لە خواردنی گوێزو هەنارو میوەی تر دریغیمان نەکردو، لە پاش نیوەڕێ خۆمان ئامادە کردو هاوڕێ تەوفیق وتی : ژمارەمان زۆرەو چەکمان کەمەو ڕێگاکەمان دوورو درێژە و پرە لە مەترسی و، قسەکردن و جگەرەخواردن لە کاتی ڕێکردن قەدەغەیەو، ئەمانەوێت بەبێ زیان بگەینەی بارەگای سەرکردایەتی.
مەفرەزەکە کەوتەڕێ دوو هاوریی چەکدار لە پێشەوە بوون یەکێکیان شارەزای ناوچەکە بوو، هەرچەندێك بڵێت لەم ڕێگا بێ ئەو ڕێکا پەرینەوەو دەرنگانی شەو بوو گەیشتینە دێی شیرەمەرو، دووسی هاوڕێ چوونە ناو دێ بە مەبەستی کۆکردنەوەی نان و، لە گەڵ هاتنەوەی هاوریيان بەرەو خۆرنەوزان لە شاخی سورێن سەرکەوتین و، هەموو هاوڕێیان کفت بوون و یەکسەر خەوتن.
بەیانی زوو دوو نەفەر لە گەڵ دوو بەران گەیشتنە لامان و، وتیان ئەوا دوو بەرانمان لە سەر داوای برادەرانتان کە شەو لە ناو دێ

بوون هەناوەو، هەردوو بەران سەربران و، گشت بە سەر هاوریان دابەش کراو، ئیتر هەرکی بۆ خۆی یان بە کەمەک دەستکرا بە گشت برژان و، گرفتی سەرەکی شونەکە رووتەن و بێدارو کەم ئاو بوو.

قۆناغی دووەم : نزیکی ئێوارە بوو هاوڕێی فەرماندە وتی خەتان ئامادە بکەن و، ئەبی کورجوگەل بن و رێگاکەمان زۆر درێژە و، لە پاش ئەو ئامۆژگاریانە کەوتینە ڕێ و دەوروبەری کاتژمێر نۆی شەو لە ڕێی نێوان سید سادق ـــ کەلەس و پێنجوێن نزیك بووینەو، وتیان بوەستن کەمین و دەبابە لە سەر ڕێگاکە هاتوو چوو ئەکات و، کەمێك بەرەو دوواکشاینەوەو، هەر زوو کەمێن و تانکەکە گەرانەوە بەرەو شاندەرێ و سەید سادق و پەرێنەوەو، گەیشتینە دێی قەویلە کە پێش ماوەیەك لەم دێیە بەرەو پێشمەرگایەتی چووم و، دووسێ هاورێ چوون بۆ نان کڕکردنەوەو، کەمە کەمە لە دێی گەلال بەرەو سەر ڕێشتین و لە نێوەیەدا مەفرەزەکە وەستاوەهاورێ تەوفیق وتی باپشوویەك بدەین و رووی لە من کردو وتی ناخەویت ؟ لە کاتی کردنەوەی بارەگای حزب لە پارێزگای سلێمانی ئەیزانی ناخەوم و هەموو جارێك ئەیوت ناخەویت؟، و هەر کە هاورێ وتی باپشوویەك بدەین ئەوەندە بڵێت یەك و دوو هەموو تێکرا نووستن و من شیخ ڕەسول نەنووستین و لە پاش کاتژمێرێك هەموو هاوڕێیان بیداربوونەوەو کەوتینەڕێ و کاتی نان و چاخواردنی بەیانی گەیشتینە دێی پارەزان و، کاتی هاتم بۆ پێشمەرگایەتی سێ ڕۆژ لەو دێیە لە ماڵ کاك حەمە جەزا قاینەجێی ماومەوەو، پشوویوکی باشماندا و بۆ نێوەڕۆ میوانی کاکە حەمەی حاجی مەحمود بوین و، نانمان خواردو دیسانەوە پشووماندا و ئێوارە کەوتینەڕێ و لە بناری شاخی سورەبان پشوویەکی ترمان بەسەر بردو، مەفرەزەکە کەوتە جوڵە و نەوەستاین تا گەیشتینە دێ نێروان(نێوران) و، ئەوەش قۆناغی سێیەم بوو.

قۆناغی چوارەم : دێی نێوران سەر بە شاری بانەیەو لە سەر سنوورەو، شەو لەو دێیە بە ئازادی نووستین و ماینەوەو بردەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان لەوێ بوون و ژمارەی پێشمەرگەکانیان زۆر بوون و، لە پاش پشوویەکی باش و ڕۆژ بووەوە نان وچای بەیانیمان خواردو دەسان کەوتینەڕێ تا گەیشتینە ئەسپەمزەو لەم دێ جوانە نانی نێوەڕۆمان خواردو بۆ ئێوارە گەیشتینە دێی دەرمان ئاواو، ئەوەی جێی خۆشییە سروشتی هەموو دێهاتی ئەم ناوچەیە دێ فرێن و جوانن و، ئەو شەوە لە دەرمان ئاوا ماینەوە.

قۆناغی پێنجەم و کۆتایی: لە پاش پشوویەکی باش بەرێ کەوتین و گەیشتینە دێی بێوران و،رووماندوکردە دوکانەکانی و هەر یەك لە ئێمە هەندی شتی وردەواڵەمان کری و کەوتینەری بەناو گوێ گوێزارو لە هەموو لایەکەو ئاو خوڕەی ئەهات و، گەیشتینە دێی بنوخەڵەف و، لە

پاش نیوەڕ گەیشتینە بارەگای سەرکردایەتی پێشمەرگەکانی حزب لە توژەڕەو، لەوی پشووماندواو نانمان خواردو، دابەش کراین بە سەر بنکەکانی حزب لە ناوزەنگ و زەڕ و، ئێمە کەمەڵك بوین بەر بنکەی هاورێیانی هەولێر کەوتێن و،لەو بەرپرسانە کە لەوێ بوون: مامێستا فەتاح تەوفیق { مەلا حەسەن} و مەلا ئەحمەد حاجی برایم { مەلا نەفتە}.
لە پاش ماوەیەك ئێمەیان گواستەوە بێ زەڵی و، لەلای هاورێیانی بشدەر ماینەوەو هاورێ مەحمود خدر بەرپرس بوو، لەو کاتانەدا مەفرەزەی سڵێمانی لە 15 هاورێ پێکهێنراو، هاورێ حەمە کەریم قەرەچەتانی { حەمە ساڵح} بوو بە فەرماندەی مەفرەزەو، لە ناوەراستی مانگی کانونی یەکەم (دێسەمبەر) 1979 بێ یەکەمێن جار لە تووژەڕەوە مەفرەزەکە بەرەو دێهاتی شارباژێر کەوتەڕێ.

(ماویەتی)

5/7/2020

کام باڵی پارتی دژایەتی پارتی کریکارانی کوردستان ئەکات؟ … ئەحمەد رەجەب

پارتی لە مژدەوە دژایەتی P.K.K ئەکات و هەر جارێك بە بیانوویەکی درێستکراوو زەڕ جار بە میوان ناویان ئەبەن و زەربەی کورد ئەزانن کاتێك مەسرور بارزانی راوێژکاری ئێنجووماڵنی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی بنکێ فراوانی کوردستان بوون داوایان لێ میوانێکان کردو مەبەست لێ میوانێکان پارتی کرێکارانی کوردستانە سەری خۆیان هەڵگرن و بڕۆن و، مەسرور بێ ڕوونی وتی: دەبێت پارتی کرێکارانی کوردستان قەندیل جێبهێڵێت، چونکێ لێرەو خاکی عیراقدایێ! و وتیشی: "هێزەکانی (پەکەکێ) و (یەپەگێ) میوانن و، پاشان نێچیرڤان بارزانی وتی: میوانێکان ئەبێ بچنەوێ شوێنی خۆیان و خاکی هەرێم بجێبهێڵن، من لەڕەدا تەنها پرسیارێک ئەکەم و وەڵامیش لای گەلی کوردستانێ: ئایا کوردان لێ سەر

خاکی باوباپیران میوانن؟ دیارە ئەم داوایە پر شەرمەزاریيە لە سەر خواست و ئارەزووی ئەردەگانی شۆڤێنیست و تاقمە رەگەزپەرستکانی حیزبی "" دادو گەشەپەدان"" و ئیخوان موسلیمەکان بووە، هەر ئەمەش بووە زەنگی هەگیرسانی شەر لە دژی گەلی کوردستان و P.K.K .
لە پاش هاتنی ئاشتەن کارتەر وەزیری بەرگری ئەمریکا لە 24/7/2015 بە هەولێر (بەسەردانێکی گووماناوی) و کەبوونەوەی لە گەڵ سەرکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی و بەرپرسانی باڵای سەربازی و لە پاش4 کاتژمێر رووی کردە تورکیاو، لە 25/7/205 فڕۆکە جەنگیيەکان و تەپخانەی تورکیا لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان لە ئۆپەراسیۆنکی بەرفراواندا بنکەکانی P.K.K یان لە باکوور و باشووری کوردستان بەمباباران کردو، هاوکات ئەحمەد داودئۆغلو سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاند بەماوەی کاژێرک گفتوگۆی لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرکی هەرێمی کوردستان لە بارەی ئامانجی ئۆپراسیۆنی تورکیا کردووە.
شۆڤێنیستەکانی تورکیا رایانگەیاندو ئێستاشی لە گەڵدا بێت کە چۆکە گەیشتوەتە ئاسقان و ئامادەن خۆک لە ناوبەرن و قەندیل لە گەڵ زەوی تەخت بکەن و، ئەوەتا بە ئاشکراو بە بەرچاوی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و حکومەت بە فڕۆکەی جەنگی و فڕۆکەوان و تۆبخانەکانی تورکیا لە ناو خاکی هەرێمدا خۆکی سڤیل و دانیشتوانی دێهاتەکان و میوانەکان لەناو ئەبەن و میدیاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و میتی تورکی پاساو بە هەرشەکانی تورکیا ئەهێننەوە.
دەوڵەتی تورکیای فاشست سیاسەتی ئاگرو ئاسنی لە باکووری کوردستان بەکارهێناو، شارە کوردییەکانی خاپور کردو، کوردی ناچار کرد خاک و ماڵ و سامانیان بەجێبهێڵن و سەرگەردان ببن و، دەیان و سەدان و هەزاران هاوڵاتی کوردی سڤیل گیران و کوژران و تەنانەت ئەندامانی پەرلەمان سەر بە هەدەپە لە پەرلەمان دەرکران و گیران و، بەوەش نەوەستا رەجەب تەیب ئەردەگانی تیرۆریست هەرشیکردە سەر رۆژئاواو هاوڵاتیانی کوردو پێکهاتە ئەتنیکییەکانی دەربەدەر کردو و ماڵ و سامانیان سووتەران و، شاڵاوی هێنا بۆ باشوورو رۆژانە بۆ فڕۆکەی جەنگی و بۆ تۆپ کوردستان کاول ئەکات و، تا ئێستا بەرپرسێکی بوێرمان نەدی کردەوەکانی تورکیای دوژمن ریسوا بکات و، زمانیان بڕامبەر بە تورکیا لاڵو، چاویان کوێرو، بوەش نەوەستاون بەشەرمانە ئەڵێن نەوانمان لە گەڵ تورکیا باشەو، لەڕدا پێویستە بڵێن بەرپرسان : بەس گەندەڵی، بەس کرنوش بردن بۆ دوژمن بەسە ولأتفرۆشتن و، چیتر خاکی کوردستان مەدەن بە تورکیای فاشیست و، بە جادەی قڕتاو مەیهێنن بۆ زاخۆ سیدەکان وقەندیل و پشیان مەکەون و، ئەگەر یەکریزیتان ئەوێت و راست ئەکەن دەبا بەدەنگی بشکێنین و بوێرانە کردەوەکانی ئەردەگانی تیرۆریست ریسواو

شەرمەزار بکەن و، با هەموومان تێبکۆشین بۆ ئازادکردنی خاکی کوردستان لە چنگی دوژمنان.
لە سایەی باڵبایینی نێو پارتی ، باڵە زاڵەکە بە تەواوەتی چووەتە سەنگەری تورکیاوەو بۆ ئەوەی هێزو توانا پەیدا بکات 50 ساڵ نەوتی خەڵکی کوردستانی بەخشیوە بە تورکیای فاشیست و، لەمڕدا دەزگای رووداو در لە راگەیاندنەکانی پارتی پاساو بۆ تورکیا ئەهێنێتەوەو ئەیەوێت P.K.K تاوانبار بکات و، لە پێش چەند ڕۆژێك هوشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی وتی : هاتنی تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستان مەترسیدارەو، پێشتر مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی چەندین کارت وتوێتی ئێمە شاری کورد ناکەین بەهام لەو بارێوە سەرۆك وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردوگان وتوێتی: بەچوونی مەسعود بارزانی سەبارەت بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان { PKK} لەگەڵ بەچوونی تورکیا وەك یەکەو هیچ جیاوازییەکی تیادا نییە.
لەو تابلۆیەی سەرەوە دەرئەکەوێت لە ناو پارتی باڵ دروست بووەو هێشتا نەتەقیوەتەوەو، ڕۆژانی داهاتوو ئەو ڕاستییە دەر ئەخات و ئەو کات خەڵك ئەزانێت کام باڵ لە گەڵ خواستیان گونجاوە و، کامیان نەخشەکانی تورکیای فاشیست جێبەجێ ئەکات.
ئایا مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت لە گەڵ پرسی پەکەکەو تورکیا چۆن ڕەفتار ئەکات؟، وەك نێچیرڤان بارزانی جاران و وتەپێژی حکومەتەکەی سەفین دزەیی : پەکەکە میوانەو تورکیا خاوەن ماڵە ؟ ، ئەگەر خاوەن ماڵ نییە ئەو هەموو پێشێلکارییەی تورکیا لە پێناوی چی؟ کێشەکە P.K.K نییەو، تورکیا نیازی چەپەڵەو ئەیەوێت بە ئارەزووی خوی بەشەکانی تری کوردستان داگیر بکات وەك چۆن قوبرسی داگیرکردووەو لە لێبیا شەر ئەکات و لەو دوو وڵاتە P.K.K نییە.
مێژوو ترسی لە کەس نییەو زۆر بێ ڕەحمە !.
1/7/2020

لە بەلەبزان بۆ سەر سیروان وهەزار پەس ... ئەحمەد ڕەجەب

وانەکانی ژیان
لە مانگی تموز هاوری عەبدوڵای مەلا فەرەج { مەلا عەلی} ڕۆژانە لە

گەڕ ژمارەیەك لە هاورێیان ئەچوون بۆ سەر سیروان بە مەبەستی دۆزینەوەی شوێنكی گونجاو بكرێت بە بارەگای حزب و، ئێوارەیەك وتم بە هاورێ مەلا عەلی حەز ئەكەم بەیانی لە گەلتان بێم بۆ سەر سیروان و، بۆ ڕۆژی داهاتوو لە گەڕ هاورێیان ڕێیشتین ولە تەنكاییەك لە سیروان پەرینەوەو دەستمان كرد بە بەرد هێنان و، لە شوێنكی دیاریكراواد بەردەكانمان بۆ ناو روباری سیروان فرێئەدا.
لە هاوری مەلا عەلی نزیك بوومەوەو هەردووكمان پێكەوە وەك بڕێت تەوقیت كراوین دامانە قاقای پێكەنین و سەیری یەكترمان كردو وتی ئەزانم چی ئەڵێت و، وتم ئەم بەزمە چییە؟ كۆ ئەم نەخشەیە دارشتووە؟ چەند زیرەكە !، لەولاوە دوكتور نەجمەدین بە بڕە بڕە هات وتی : بەچی پێئەكەنن؟ مەلا عەلی وتی هاوری سیروان لە شێرە كولە ئەترسێت و، دكتۆر یەكسەر وتی كوا شێرەكولە؟ منیش بە هێمنی وتم دوكتۆر گیان من مەلەوانم و ئەزانم ئەم شوێنە بۆ پرد دەست نادات و ئەگەر باران ببارێت ئەكەوێتە ناوراست ئاوەكەو باشترواید شوێنكی تر بدۆزنەوەو، ئەمە روباری سیروانە جێگەلە ئاوی بیستان نییە و، دوكتۆر تێرە بوو ئێمەی بەجێهێشت و، مەلا عەلی وتی : سێ چوار ڕۆژە ئەڕم ئێرە باش نییەو ئەو هەر ئینكاری ئەكات.
لە پاش پشوویەكی كورت دوكتۆر وتی مەلا عەلی با سەرەوەخوار برۆین، زۆر دوور نەكەوتینەوە تەنگە بەرێكمان دۆزییەوەو ئەم بەرو ئەوبەری سیروان كەمتر لە دوو مەتر بوو، ئاوەكە بناغەی بەردەكانی هەدری بوو ئاوەڕیەكی زۆر تیژی دروست كردبوو، بریاردرا پردلەوی درێست بكەین.
لە ڕۆژی داهاتوو تەوراس و تەوەرو قازمەو خاكەنازمان برد بۆ سەرچەم، لەوی بووین بە دووبەش، بەشێك بە هەڵكەندن و دروستكردنی نیمچە دیوارێك لە هەردوو بەرەكەی سیروان و، بەشی دووەم برێن بۆ چەمی گریانە و دار چناری سور بڕنن و، من لەگەڕ داربرین چووم و، گریانە چەمێكی گەورەو پر بوو لە سورەچنارو، بەدەم قسەكردن لە ماوەیەكی كورتدا دوو داری گەورەمان بڕییەوەو، بە دارە لێس و بە 12 كەس ئەم بەرو ئەوبەری دارەكەمان گرت و بە سێ چوار قۆناغ دارێكمان گەیاندە هەزار بەس و، زۆر هیلاك بووین و دارەكە زۆر قورس بوو، بەو جۆرەی ئێمە كەمەڵك لە هاورێیان چوون و ئەوانیش دارێكی قورس و گەورەیان هێناو، لە ڕۆژی سێیەمدا پردمان دامەزراندن.
لە 16/8/1979 سەدام حوسەین بەیانی ژمارە 109 ساڵی 1979 لێخشبوونی بۆ سەربازو خەڵكی مەدەنی ڕاگەیاندو ،ژمارەیەك لە هاوریان سوودیان لێوەرگرت و گەرانەوە ناو شارو دێهاتەكانیان و، لە پاش شەری پاوە 23/8/1979 ـــ 28/8/1979 دەستمان كرد بە گواستنەوە لە بەلەبزان بۆ سەری سیروان و، من هاوری نەژاد تەوفیق

بـرای شەهیـد هـمـن دوشکایەکمـان هەبـوو زەر قـورس بـوو دووقـۆـی هەمانکرت و لە پاش هیلاکییەکی زەر گەیاندمانە شوێنی خۆی و، ئەو کات بارمان قورس نەبوو یەکی بەتانییەکی سەربازیمان هەبوو، کەممان دوو قاتی جلی هەبوو.
هەزار پەس رووتەن بوو داری نەبوو. ئێمە لە چەمی گریانەوە زەر نزیك بووین، کەپرکی شرکەمان دەوست کردبوو بەشی نووستنی سێ چوار کەسی ئەکردو ئەوانی تریش لە بەر هەتاو یان لە نزیك ئاوی سیروان ئەمانەوەو، دووای شەرکەی پاوە چوار پێشمەرگەی دیموکرات کەوتنە لای هاورێیان و لە لای ئیمە دانران و ئیواران بە کەمەێ ئەچووین بۆ گەمەکەی سیروان نزیکی چەمی گریانەو ، بە جەلاتین و کەپسول بۆمبی پچوکمان دروست ئەکردو هەمان ئەدا بۆ ناو گەمەکەو ماسی سەر ئاوەکە ئەکەوت و منیش لەو کارە زەر شارەزا بووم و ماسیم ئەگرت و، یەکێك لە پێشمەرگەکانی دیموکرات ناوی کەمال بوو هاواری ئەکردو بە ناوی باوکم رەجەب بانگی ئەکردم و ئەیوت رەجەب، رەجەب ئەوە ماسییەکی گەورەیەو، هاورێ مەلا عەلییش قاقا پێئەکەنی و، ئەیوت هێشتا دوو مانگ نییە بوویت بە پێشمەرگە، کەچی لە باتی نازناوەکەت بە رەجەب بانگت ئەکەن!.، لە پێشمەرگایەتی زوربەمان ناوێکی ترمان هەبوو، بۆ ئەوەی دوژمن بە ئاسانی نەماناسێت.
لە پاش چەند رۆژێك بە رێگایەکی جێی متمانە برادەرانی دیموکرات گەرانەوە بۆ لای پێشمەرگەکانی دیموکرات و، جێی ئاماژەیە لە پاش چوار مانگ من هاورێ شیخ رەسول چووین بۆ مەهابادو، لەوی هەوالی کەمالمان پرسی و لە پاش ماوەیەك هات و بە زەر ئێمەی برد بۆ ماڵەوەو بە دایك و کەسوکارو خزمەکانی وت : ئەمانە ژیانی من و سێ پێشمەرگەیان پاراست و، لەو ماوەیەدا کەمال و برادەرانی تر زەر یارمەتی و خزمەت من و هاورێیان کردو، ئەو کات مەهاباد بە دەستی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو، لەو رۆژانەدا ئێمە لە مەهاباد بووین میتنگێك بۆ رەهبەری چریکهای فدایی خلق ایران (ئەشرەف دەهقانی) رێکخرا (مانکی شوبات 1980) بوو.
رۆژێکیان بە ئۆتۆمبێل ئاردمان بۆ هات بۆ دێی هەرتاو، داوا لەو هاورێیان کە توانایان هەیە کرا برێن ئارد بگوێزنەوە بۆسەر سیروان و نزیکەی پەنجا پێشمەرگە رێیشتین و، لەوێ زەر لە هاورێیان حەزیان کرد خۆیان بکەن بە لێپرسراوو، منیش بەبۆ گویدان بەم و بەو فەردەیەکی پەنجا کیلۆییم هەگرت و، بەرەو سەر سیروان رێیشتم و لە رووباری سیروان لە گەڵ ئاردەکە پەریمەوەێ ئەو بەرو، گەرامەوە بنکەکەی خۆمان.
لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم / ئوکتۆبەر 1979 لەو رۆژە سەخت و دژوارانەدا مەفرەزەیەکی 47 کەسی بە 5 چەکەوەو، بە سەرپەرشتی

وفەرماندەیی هاوڕێ تەوفیقی حاجی یادی بەخیر کەوتینەری لە هەزارپەس بۆ تووژەڵەو ناوزەنگ. (ماویەتی).

27/6/2020

لە یادی 30 ساڵەی شەهیدکردنی شیوعییەکی قارەماندا … ئەحمەد رەجەب

{ هەموو ساڵێك لە 24 ی حوزەیران یادی لە سڵدارەدانی شیوعییەکی قارەمان و چاو نەترس و فەرماندەیەکی لێهاتووی بە توانای پێشمەرگە ئەکەینەوە}.
لە گەڵ دامەزراندی حزبی شیوعی عێراق لە ساڵی 1934 شیوعییەکان لە پێناو ئازادی و سەربەستی وڵات و چاککردنی باری کۆمەڵایەتی و ژیانی خەڵکی هەژارو چەوساوەو زەحمەتکێش تێکۆشاون و دووچاری راونان و گرتن وتەهەدان وئەشکەنجەو ئازارو کوشتن و زیندانیکردن بوونەتەوەو لە ڕێی ئەو تێکۆشانەدا لە پێناو{ نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار} خوێنکی زۆریان بەخشیوەو یەکێك لەو شیوعییانە تێکۆشەری سەرکردەو فەرماندەی پێشمەرگە ڕەووف حاجی محەمەد گوڵانییە.
لە ناو خێزانێکی جوتیاری هەژاردا لە دێی گوڵانی حاجی کاکەوڵا منارێکی بزێی چاوەگەش { ڕەووف } لە ساڵی 1953 دا چاوی بە ژیان هەڵهێنا و، هەر لە منارییەوە بەهەی هاتووچۆی هاوڕیانی بەرپرس و کادیرەکان و ئەوانەی لە بەر شاڵاو داپڵۆسینی رژێمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرییەکان هەڵاتبوون وەك هاوڕیان ئەحمەد دێزاری شاعیری ناسراوی گەلەکەمان و عەبدوڵلای مەلا فەرج (مەلا عەلی) و فارس ڕەحیم (دکتۆر فارس) و ژمارەیەکی تر، دێی گوڵانی حاجی کاکەوڵا بوو بە لانکەی شۆرشگێران و ماڵەکەی حاجی محەمەد گوڵانی بوو بە جێی حەشاردان و حەوانەوەیان و لە ناو ئەو خێزانەدا ڕەووف پەروەردە ئەبێت وگوێی لە وشەی شیوعی و شیوعییەت و شیوعییەکانەو، لە دێی بانیخێلان خراوەتە بەر خوێندن و، لە پاش سەرەتایی چووەتە ناوەندی

دەربەندیخان و ، بە هۆی بارودۆخی سیاسی و پەیوەندی کردن بە رێزەکانی حزبی شیوعی دەستی لە خوێندن هەڵگردو، خۆی بە تەواوەتی وەك کادرێکی کارامە تەرخانکرد بۆ کارو راپەراندنی ئەرکەکانی حزب.
ڕووف لە بارودۆخی گرتن وکوشتن وشەری حکومەتە خوێنڕێژەکان نموونەی ئازایەتی وخۆراگری قارەمانانە بوو، لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە ئەندامی حزب و، هەر بەو شێوەیە بوو بە ئەندامی لێژنەی جوتیاران و، ئەم لێژنەیە کاروباری بەشێك لە شارەزورو دێهاتی قەرەداغ و وارماوەو دەربەندیخانی بەرێوە ئەبرد
لە پاش بەیانی 11 ی ئازاری مێژوویی ساڵی 1970 هاورێ ڕەووف بە گوروتێنێکی گەرم و ئازایانەو دوور لە ماندوو بوون پەرەی بە خەبات و تێکۆشانداو، حزب بۆ فێربوون و زیادکردنی زانیاری فیکری و ڕێکخراوەیی ناردیە بەغداو ، لەوێ لە بارەگای ناوەندی حزبی شیوعی عێراق چووە خولی ڕاهێنان لە چەندین کۆرس بەشداری کرد و، لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە ئەندامی کۆمیتەی محەلی پارێزگاری سلێمانی و بەرپرسی ڕێکخراوی حزب لە قەزای دەربەندیخان.
ڕەووف لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە کادرێکی لێهاتوو بە تواناو زۆر چالاك بوو، جێی سەرسورمانی هاورێیانی بوو لە ئەنجامدانی کارو ئەرکەکانی و ، هەر بۆیەو لە تەمەنێکی کورتدا توانی متمانەی حزب و جەماوەر وەدەستبهێنێت و، بە هۆی تواناو لێهاتووی و ئازایەتیدا لە تەمەنی لاویدا ببێت بە ئەندامی ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی تێکۆشەر.
بەڵی، لە تافی لاویدا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە پێناو گەل و نیشتمان هاورێ ڕەووف رووی کردە حزبی شیوعی عێراق و بوو بە ئەندام و، دەستیکرد بە خەبات و تێکۆشانی بۆچان ، مرۆڤێکی دڵسوزو ئازاو نەترس دوژمن بەزین و خاوەن تواناو سیفاتێکی جوامێرانەو کەسایەتییەکی کەمەایەتی ڕێزدارو خۆشەویست و خانەویست بوو، دەستپاك و جێی متمانەو، خاوەن موراڵێکی بی وێنەو تیکۆشەرێکی بێ هاوتاو ڕەیەکی بە ئەمەکی گەل بوو شەوو ڕۆژ بەوپەری توانایەوەو، لە پێناو بتەوکردنی ریزەکانی ڕێکخراوەکانی حزب کاری ئەکرد.
لە 5/10/1972 لە گەڵ قەدریە خان کچی هاورێی شیوعی ناسراوو کرێکاری بەندەاوی دەربەندیخانی خۆشەویست عوسمان هەوڵێری هاوسەرگیری کردو، هەر زوو لە ڕێگای تێکۆشانی پیرێزدا خۆ و هاوسەرە تێکۆشەرەکەی هاورێ { قەدریە عوسمان} دووچاری ڕاونان و ئازارو ئەشکەنجەو بوونەوەو، خۆراگرانە و سەربەرزانەو لە خۆشەویستی گەل و نیشتمان و حزب و هاورێیاندا درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان لە دژی رژێمی دیکتاتۆری خوێنڕێژی سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبیدا.

لە ساڵی 1978 رژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسەین دەستیکرد بە شاڵاوێکی چەپەڕ دژ بە حزبی شیوعی عێراق و هەزاران شیوعی گیران و بە دەستی جەللادەکانی رژێمی خوێنڕژ شەهید کران و، بە مەبەستی کرتنی هاوری ڕەووف رژێمی بەعس چەند جار هەوڵیداو سەرکەوتوو نەبوو، هاورێ بێ خەشاردنەوە ناچار کرا ڕوو لەڕ ناوچەی قەرەداغ بکات و، لەوێشەوە لە گەڕ ژمارەیەك هاوری چوون بێ هەورامان بنکەی پێشمەرگایەتی حزبیان لە ناوچەی {بەلەبزان} دامەزراندو، بە هۆی ئەوەی هاورێ ڕەووف یەکێك بوو لە بەرپرسەکانی حزب ڕوو بەرووی زۆر ناخۆشی و مەینەت و هیلاکی بووەو، ڕۆژانە ژمارەی پێشمەرگە لە هەڵکشان بوو، بێ دڵزینەوەی ڕێگاوبان بێ ئازوقەو خواردن و چەك و تەقەمەنی و تفاقی پێشمەرگایەتی شەوو ڕۆژ لە گەڕ هاوریێیاندا بێ چارەسەری ئەگەران.

هاورێ ڕەووف وەك پێشمەرگەیەکی دڵڕو چالاك لە ئەنجامدانی کاروبارو ئەرکی ڕۆژانەی مرۆڤکی جوامیرو هێمن و لە سەرخۆ بوو، لە لایەن دەست و پێشمەرگەو سەرجەم هاورێیان و کەسوکاری جێی ڕێزو خۆشەویستی بوو، هەموو کات دەم بە پێکەنین و قسە خۆش دەستپاك و دڵپاك و ڕاستگۆ، بە درۆزایی تەمەنی ژیانی مەردانە و خاوەن هەڵوێست و، لە بەرەی پێشکەوتووخوازو ئازادیخوازان و گەل بوو، بە سەربەزی ژیاو چاونەترسانە هەڵسوکەوتی کرد.

لە پاش بریندارکردنی لە ساڵی 1983 و بە مەبەستی تیمارکردن و خوێندن حزب ناردیە مۆسکۆ لە یەکێتی شۆرەوی جاران و، لە گەڕانەوەیدا حزب ناردیە کۆماری یەمەنی دیموکراتی بێ بەرزکردنەوەی زانیاری عەسکەری و، کە گەڕایەوە کوردستان بوو بە بەرپرسی عەسکەری مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوك – حزبی شیوعی عێراق.

ساڵی 1987 بە هاوکاری هاورێیان و بەرپرسانی حزبە کوردستانییەکانی تر نەخشەیان بێ لێدانی دوژمنی دیکتاتۆری و ئازادکردنی قەرداغ داناو، سەرکەوتووانە گەیشتن بە ئەنجام و دوژمنیان لە ناوچەی قەرەداع قاوداو، حزب بە بێ زیان دەسکەوتکی باشی دەستکەوت و، هەر لە پاش ئەو سەرکەوتنە هاورێ بە یارمەتیدانی هاورێیاتی تر نەخشیان بێ کرتنی شارچکەی نەوجول دارشت و، هێزەکانی حزب بە تەنها توانیان لە ماوەیەکی کورتداو بە بێ زیان دەست بە سەر شارچکەکە بگرن، لە گەڕ دەستکەوتکی گەورە لە ئۆتۆمبیل و دشکاو و هاوەن و ئار بی جی و چەکی سووك و کەرەسەی پەیوەندی و جیهازی راکاڕ و.

لە دوای پرسەی ئەنفالی چەپەڕ و، لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی حزب و حزبەکانی تر لە ناوچەی قەرەداغ هاورێ جەوهەر نەیویست ناوچەکە چۆڵ بکات و، سوور بوو لە سەر مانەوەو، لە پاش ڕەزامەندی حزب لە گەڕ پێلێك لە پێشمەرگە ئازاکانی حزب مایەوە و، لە کاتی چوونی بێ

ناو (مجمع) ی نەسر لە نێوان زەرایەن و عەربەت و، بە چاوساغی چەکاوخۆرکی سەر بە رژێمی بەعسی جانەوەر، هێزە تایبەتییەکانی رژێم هێرش ئەکەنە سەر شوێنی هاورێ جەوهەری کۆنەدەرو، دوژمن هەموو جۆرە چەکێکی نوێ و مۆدیرن بەکار ئەهێنی و، ، لە پاش شەرکی درندانە لە رۆژی 1989 /9/10 ئەیگرن و رەوانەی گرتووخانەکانی کەرکوك و بەغدای ئەکەن و، زۆر درندانە ئازاری ئەدەن و هاورێی نەمر هیچ شتێك نادات بەدەستەوە وەك مافی حزبی و شوێنی هاوریان وپێشمەرگەی ناو شارەکان و نهێنییەکانی ترو، بەو هەواستە پر لە جوامیری و مەردانەیە زیاتر رووی دوژمن و چەکاوخۆرانی رەش کردو، دوژمن هیچی بۆ نەمایەوە جگە لە گرتنەبەری کارکی دژوقیزەوەن و نامرۆڤانە و لە رۆژی 24/6/1990 هاورێی قارەمانیان لە سێدارەدا.
لە پێناو خاک و نیشتمان وحزب هەموو ژیانی خۆی وخێزانەکەی کردە قوربانی بۆ خۆش گووزەرانی هەژاران و چەوساوەکان و، لە پاش کۆچی هاورێ جەوهەر خۆزانە تەکۆشەرەکەی { قەدریە عوسمان هەولێری هاوسەری و دو کچەکەی : رۆژان و سازان و دوو کورەکەی – گۆران و ئاوارە } بەجێماون.
بەڵێ ئەی هاورێی سەرکردە { رەووف حاجی محەمەد گوڵانی – جەوهەر }، ئەی مامۆستای لێهاتوو، ئەی پێشمەرگەی چاونەترس، ئەی بەرپەرسی خانەویست، ئەی هاورێی رۆژانی سەخت و دژوار، ئەی شەهیدی نەمر گیانتان و ماڵ و سامانتان لە پێناو گەل و نیشتمان و حزب و شیوعییەت بەخت کرد، ئەی شەهیدی نەمر ئێوە بوون بە چرا بۆ هەموو شیوعییەکان و دۆستانیان بۆ ئەوەی لە سەر رێبازە پیرۆزەکەتان برۆن لە پێناو: نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار.

22/6/2020

..

شەری پاوەو رۆژی هاورێانی حزبی شیوعی.. ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان

حکومەتی شای ئێران لە درێژایی تەمەنیداو لە ڕۆی دەزگای سیخوری ساڤاك هەوڵیداوە بۆ کپکردنی دەنگی ئازادیخوازان و حزبی تودەو هێزە چەپەکانی گەلانی ئێران بە کوردو فارس و ئازەرو عەرەب وبلوشەوەو کپکردنی هەر دەنگێکی ناڕەزایی‌و چەوساندنەوەی چینایەتی‌و نەتەوایەتی خەڵەتی حکومەتەکەی شا بوو پاشان گوازرایەوە بۆ حکومەتی ئیسلامی ئێران هەرچەندە خەڵك شۆرشیان بەرپاکرد بۆ ئەوەی ببێتە مایەی ئازادی و گەورەکی گەورە بەرەو سەربەستی و ئازادی و دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی بۆ هەموو حزب و هێزی سیاسی و توێژەکانی کومەڵگا کە بەشدار بوون لە خەبات و تێکۆشاندا بۆ لەناوبردنی حکومەتەکەی حەمە ڕەزا شا.
لە گەڵ ڕوخانی تەخت وتاجی حکومەتەکەی حەمە ڕەزاشا گەلی کوردو حزبە کوردستانییەکان دەستیان گرت بە سەر زوربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، زۆری پێ نەچوو لە سەرەتای شۆرشی گەلانی ئێران باڵی خومەینی لە بەینەکانی بەرامبەر بە ئازادی و خۆشگوزەرانی و مافی هەموولاکانی بەشداربوو لە تێکۆشان دژ بە شا هەڵگەرایەو زاڵ بوو بە سەر هێزەکانی ترو، کەوتە لێدانیان و یەکە یەکە هێزەکانی تەفرو تووناکرد بە ڕاونان و گرتن و زیندانیکردن و کوشتن و لە درێژەی ئەو شاڵاوەقیزوەنە شەر بەرکی میللەتی کوردی گرت.
پاش شەش مانگ لە ڕوخانی شاو سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران بیری کۆنەپەرستی و سەرکوتکەری سەرانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی 23/8/1979 تا 28/8/1979 هێزەکانی ئاخوندەکان هێرشیان کردە سەر شاری پاوەی کۆنەدەر، پاوەی دوژمن بەزێن و بە سەرکایەتی عەلی ئەسغەر فیسالی و سەرپەرشتی سەرتیپ وەلی اللە فەلاحی فەرماندەی هێزی زەمینی ئێران و بە ئامادەبوونی مستەفا چەمران نوێنەری حکومەتی ئێران و، شەرکی خوێناویان بەرپاکردو حزبی دیموکراتی کوردستان بە گشتی و کۆمەڵەو خەڵکی بە شەرەفی پاوە بەرنگاری هێزەکانی دوژمن بوونەوەو بە پێی ڕاگەیاندنی بەرپرسانی حکومەتی ئێران جگە لە سوپا ئەم هێزانەش بەشدار بوون: گاردی بە ناو شۆرشی ئێران و جیندرمەو 30 هەلیکۆپتری کۆبراو فڕۆکەی تریش ، زیانەکانیان زیاتر لە 200 بریندارو کوژراوو خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەك بە دوو فڕۆکەوان و هەلیکۆپتەرێك و، لە تێکەی شەڕەکەو بەرنگاربوونەوەی قارەمانانەی پێشمەرگەکان، هێزەکانی دوژمن بەربوونە گیانی خەڵك و قەسابخانەو کۆمەڵکوژیان ئەنجامداو دیلەکانیان گوللەبارانکردو لە پاش شەرکی خوێناوی دەستیانگرت بە سەرشارەکەدا..
بارەگای هێزی حزبی دیموکراتی ئێران بە فەرماندەیی { سەروان کەریمی} لە نەوسودبوو، لە مێژەوە پەیوەندی لە نێوان حزبی شیوعی

عێراق و حزبی دیموکراتی ئێران بتەو بەهێز بوو، لە سەر داوای شەهیدی قارمان شەهید عەبدولڕەحمان قاسملو ژمارەیەك لە کادیرو پێشمەرگەو هاوڕێان بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی هێزەکانی دیموکرات تەرخانکرابوون و، هەر لە سونگەی ئەو هاوکارییە لە مانگی 9 ی 1979 بەرێز سەروان کەریمی ئامر هێزی پێشمەرگەکانی دیموکرات بە نامەیەك داوای لە حزب کرد 70 پێشمەرگە بنێرین بۆ سەر شاخی (کەمەرەبەتا) بۆ یارمەتێدان و هاوکارکردنی پێشمەرگەکانیان چونکە بە هۆی شەرەوە زۆر هیلاك بوون و، بۆ ئەوەی هێزەکانی ئاخوندەکانی ئێران پێشرەوی نەکەن و، کەمەرە بەتاێ ئەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی پاوە ـــ نەوسودو، ئەروانێتە سەر دێی نوریاوەو نەجاروشاری پاوەو ناوچەیەکی فراوان، بۆ ئەو مەبەستە نووسینگەی سەربازی (مەکتەبی عەسکەری) بریتی بوو لە هاوڕییان یادیان بەخیر: عەبدوڵای مەلا فەرەج { مەلا عەلی} بەرپرسی مەکتەب و شەهید نەسرەدین عابد هەورامی و شەهید توفیق حاجی و هاوری حەمە ڕەشید قەرەداغی ئەندامانی مەکتەب کێبوونەوەی کردو وەڵامی نامەکەی سەروان کەریمیان دایەوەو تیادا نووسرابوو هاوڕێیان ئامادە ئەکەن و چەکمان کەمەو پێویستیمان بە 50 چەکەو، هەر ئەو ڕۆژە بەرێز سەروان کەریمی و چەند فەرماندەیەکی تر هاتن بۆ بارەگای حزب و 50 چەکەکەیان هێناو دابەشکرا بە سەر 50 پێشمەرگەو، لە سەر بریاری مەکتەبی عەسکەری بریاردرا هاوڕێ حەمە ڕەشید قەرەداغی بەرپرسی هێزەکەی حزب بێت و سەرپەرشتی بکات و، هاوڕێیان مام ئەسکەندەریادی بەخیرو شەهید مەحمود حەسەن ژاڵەناوی و شەهید عەبدوڵای ئامین و ئەوقادری فارس و فەتاح گەڵالی و دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمان 45 ڕۆژ لە سەر شاخی کەمەربەتاێ بوون و خەڵکی ناوچەکە بۆ سەردان و دیدەنی ئەهاتن و خواردنیان بۆ پێشمەرگەکان ئەهێناو زۆر خۆشحاێ بوون پێشمەرگەی حزبی شیوعی یارمەتی خەڵکی ناوچەکەو حزبی دیموکرات ئەکەن و، پەیوندی توندو تۆ و بتەویان لە گەڵ هاوریاندا هەبوو.

لەو ماوەیەدا حکومەتی ئێران هێرشی نەکرد بەڵام جاروبار ناوچەکەو سەنگەرکانی حزبیان بۆردوومان ئەکردو، فەرماندەیەکی پێشمەرگە بەناوی نوری سەردانی هاوریان ئەکردو لە گەڵ هاوڕێ حەمە ڕەشید قەرەداغی کاروباری پێشمەرگەیان ڕێك ئەخست و جێی داخە شەهید کراو، لە پاش 45 ڕۆژ مانەوە لە سەر شاخی کەمەربەتاێ هاوڕێیان داواینکردو وتیان ئێمەش حەز ئەکەین دابەزین و بچین بۆ ناوچەکانی خۆمان بۆ بەرنگاربوونەوەی حزبی بەعسی عەرەبی و، ئەوە لە پاش 45 ڕۆژ بە ئێتێمبڵ هاوریانیان برد بۆ نەوسودو لە بارەگای هێز نیوەڕۆ خوانێکیان سازکردو، زۆر سوپاسی حزب و هاوڕێیانیان کردو 5 پارچە چەکیان وەك دیاری پێشکەش بە حزب کرد.

یەکێك لە گیروگرفتەکانی حزب خەزان و ماڵی هاوڕیان ئەحمەد حەسەن ژاڵەناوی و شەهید مەحمود حەسەن ژاڵەناوی بوو مندالی ساویان هەبوو لە ناو شاری پاوە مابوونەوە، هاوڕێ مەڵا عەلی و هاوری حەمە ڕەشید قەرەداغی پەیوەندی کەمەڵایەتی باشیان لە گەل خەڵکی ناوچەکە هەبوو، توانیان لە ڕێی شێخی ئیرشاد بەرز شێخ محەمەدی نەجار خەزانەکان بە سەلامەتی بێنە دەرەوە.

19/6/2020.

با لە دژی دەوڵەتی تورکیای بێنە مەیدان … ئەحمەد ڕەجەب

دەسەڵاتدارانی تورك لە سەرەتای دروستبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پیشەیان کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی سڤیل و بە دەستهات بووە لە گەڵ لەناوبردن و خاپورکردنی گوندو شارو داگیرکردنیان و، ئەو پیشە قیزەونە گوازرایەوە بە نەوەکانیان تا گەیشتە تاونباری دژ ڕۆژهەڵات تەیب ئەردۆگانی خوێنڕژو، نموونەی کردەوە نامرۆڤکانیان زۆرە، لەوانە قرکردنی ئەرمەنەکان و کوشتنی کوردان بە کۆمەڵ لە دەرسیم و سەرجەم شارەکانی باکوری کوردستان و قەسابخانەکەی گوندی ڕەبەسکی و کوشتارگەی پاریس و تاوانەکەی گوندی کورتك و زارگەلی و کەمپی مەخمور، شەنگال، ماوەت و سەفرە و ناوچەکانی تری کوردستان و، ئەم تاوانبارەو ڕژێمەکەی لە هەرشی بە سەر هەندێ ناوچەی کوردستان چەکی قەدەغەکراوی بەکارهێناوەو دەستی نێپاراستووە لە بەردومانی خەڵکی سڤیلی گوندنشینەکان و قوتابخانەو نەخۆشخانەو سەرڕای وێرانی کردنی ماڵ و سوتاندنی باخ و لە ناوبردنی ئاژەڵ و وێرانکردنی دێهات و شارەکانی کوردستان.
لەمڕۆدا ڕوون و ئاشکرایە تورکیا خاوەنی 19 پێگەو بنکەی سەربازییە بە چەکی مۆدیرن و تەپ وتانك ولە هەندی شوێن سەکۆی نیشتنەوەی هەلیکۆپتەروگەڕەپانی تایبەتی بە فرۆکەی بێفرۆکەوان و بنکەی تایبەتی سیخوری و مۆگای دەزگای میتی سەرکوتکەرو، تورکیا لەناو خاکی کوردستان لە هەولێرو دهۆك سەربەست و ئازادانە بە شوێ و گرێدەرو کەرەستەی تر ڕێگاوبان دروست ئەکات و بست بە بست بە

بەرچاوی بەرپرسان بەرەو ئامانجە گاوەکانیان زەوی داگیر ئەکەن .
پیویستە هاوڵاتیانی کوردستان داوا لە حکومەت بکەن و بە یەك دەنگ بڵێن کوا داهاتی نەوتی کوردستان؟ چەند ساڵە نەوت بە هەرزان ئەدەن بە تورکیا؟ کوا داهاتەکەی و ئەچێتە گیرفانی کێ و لە کام بانق دانراوە ؟ ماوەی حەوت ساڵە حکومەتی ناوەند داوا ئەکات بڕ لەو نەوتە بدرێت بە کۆمپانیای سۆمۆ لە بەرامبەردا مووچەی مامۆستاو فەرمانبەرانی کوردستان بدەن و، بە هۆی گرێبەستی نهێنی لە گەڵ تورکیا سەرکایەتی هەرێم و حکومەت ئیفلیج بوونەو سەریان لێشواوەو نازانن چی بکەن و، ئەوش ئەگەر نەکەن، واتە ئەگەر نەوت نەڕژن جارێکی تر خەڵکی کوردستان برسی ئەکەن و ناتوانن مووچەو مافەکانیان بپارێزن و، بێ وەبیرهێنانەوە تورکیا بە پارەی نەوتی خۆمان کورد ئەکوژێت.
تورکیا وڵاتێکی داگیرکەرەو، پێویستە زیاتر ریسوا بکرێت و، لە میژەوە چاوی بەرپرسانی تورکیا لە سەر داگیرکردنی خاکی وڵاتانەو، لیرەدا باسی کێن ناکەن بەلکو لە داگیرکردنی خاکی کوردستان ئەکەن لە جرابلوس و عەفرین و سەری کانی لە ڕۆژئاوا (سوریا) و یەك لە سەر سێی خاکی باشوری کوردستان داگیر کراوەو ، بەوەش نەوەستاوە ئەیەوێت زیاتر پێشرەوی بەرەو قوڵایی بکات و هەلومەرجیشی بۆ ڕەخساوە.
تورکیا وڵاتێکی تیرۆریستەو دەست لە کوشتن هەڵناگرێت و بە بەرچاوی ئەمریکاو وڵاتانی ئەورۆپا بەناودیموکراتی و نەتەوە یەکگرتووەکان خەڵکی سڤیل لەناو ئەبات و، لەم دوایەدا لە شاخی مەتین ، ئەزمر، ماوت و سەفرەو زەرون بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ژمارەیەك هاوڵاتی سڤیلی شەهید کردووەو، دوێنی بە 18 فڕۆکەی جەنگی لە شەنگال ، کامپی پەنابەرانی مەخمور، قەندیل، قەرەچوغ و ناوچەی برادۆستی بۆردوومان کردو شەهیدو بریندارێکەوتەوە.
حکومەتی عێراق بۆتوندی هێرشی فڕۆکەکانی تورکیای بۆ سەر شارو ناوچەکانی کوردستان ریسوا کرد بەڵام سەرکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم وەك کەرو ماڵ بەدەنگن و نوزەیان لێوە نایەت و، ئەو دەستوەردانەی تورکیا پێشێل کردنێکی ئاشکرای یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکانە و، بۆیە پێویستە هەموو خەڵکی بە شەرەف و مرۆڤدۆستانی ئازادیخوازی دونیا ئەو دەستدرێژییە بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان ریسواو شەرمەزار بکەن و، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خەوەکەی بەداربێتەوەو سنورێك بۆ ئەو دەستدرێژیانەی تورکیا دابنێت و چیتر ڕێگەی پێ نەدرێت بۆ ئارەزووی خۆی لە ناو باشوری کوردستان تێراتێن بکا ت و، ئەگەر حکومەت ئەوە نەکات پێویستە دەست لەکاربکێشێتەوە.

بڕدووماڵکردنی ناوچە سنوریەکانی باشوری کوردستان لە لایەن فڕۆکە جەنگیەکان تورکیا لە ناو خاکی کوردستان بە ڕەزی و سوکایەتییەوە بە گەل و نیشتمان و، هەرلایەنێک ڕەگ بەو بڕدووماڵکردنە بدات ئەوە بەشێکی نەتەوەیی و جێی ریسواو شەرمەزاریە و، لە راستیدا بڕدەوامی ئەو بڕدووماڵانە بە هەموو شێوەیەکانی کارەکی نارەوا و نامرۆڤانەیە و ئاسایشی وڵات و خەڵکی گوندەکانی خستوەتە مەترسیەوە بە جۆرێک ناتوانن لە شوێن و زێدی باوباپیرانی خۆیان بە ئارامی بژین و، ئازادانە بڕدەوام بن لە کاری ڕۆژانەیان وەک: کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و هەنگ و بایخدان بە پوش و باخ و ڕەزەکانیان.
با حکومەت بزانێت هیچ کوردێکی بە شەرەف یان هەر حزبێکی کوردستانی دژ بە دوژمنانی کوردو کوردستان میوان نین بەکو خاوەن ماڵ و پێویستە واز لەو قەوانە سواوە بێنن.
15/6/2020

چیرۆک بە منداڵان: چۆن سەپشیلەکە چووە بە سەردانی نەنەپیرە؟** یوری یارماش وەرگێران لە روسییەوە : ئەحمەد رەجەب

سەپیشلە نێرە پڕکەوە دەژیان، گەورەکەیان ناوی میاوبوو ، ناونجییەکە مورو بچکۆلەکە ششە.
نەنەپیرەیەکی ناسراو لە ماڵکی ئەو بەری شەقامەکە دەژیا، پشیلەکانی بە نانخواردنی نیوەڕۆ بانگهێشت کرد، ئەو ڕۆژە هەتاوو ڕووناك بوو ،پشیلەکان بەرانبەر بە دەرگای ماڵەکەی نەنەپیرەدانیشتن ، چاوەڕوانی کاتی نانخواردن بوون ، میاو پشیلە گەورەکەی ناویان وتی :

با پێکەوە بچینە ناو شەقامەکە ، ئێستا مبیل زۆرە ، یەکەمجار من دەڕۆم ، گەیشتە لای دەرگاکەو ، لە بن دەرگاکە سەری بردە ژوورەوەو ، یەکسەر بە پەلە بەرەو دووا گەڕایەوە.

م ...میاو! ئێستا مبێل نییە ، ئێستا مبێل نییە ، بەڵام لەناو کەپرەکەی نەنەپیرە سەگێکی دڕندەیە !.

ئەمجارەیان موررچوو ، لە ژێر دەرگاکەوە بە وریایی سەیری سەگەکەی کرد بێ ئەوەی بزانێت چۆن سەگێکەو ، چۆن چۆنی بەملاو بەولادا باز دەدات.

مور ر ر رر! بە بێچوونی منیش ، وەك میاویش وتی ئەو سەگە دررو هارە.

پشیلە پچکۆلەکە ششە تەنها لووتی لە پەنجەرەکە دەبردە دەرەوەو ، لە سەرخۆ بە گوێی ئەواندا دەیچرپاند :

شش – ش- ش! منیش وەك ئەوە دەترسم ، تا ئێستا لە هیچ لایەك ، لە هیچ جێیەك سەگی وازلم نەدیوە.
لە ترساندا چاوەکانی داخست و ، بە هیچ جۆرێك نەیتوانی بجوڵێتەوە ، تا ئەو دیمەنە لە ژێر درگاکەدا دێتە بەر چاوت و، کتوپر بێ راکشا.
هەتاوەکە ئەو ناوەی گەرمتر دەکرد.
نەنەپیرە چاوەڕوان بوو.
چێشتەکە ، دیارە دەمێکە ساردبووەتەوە...

دووەم ئەو سەگە بەو جۆرە بێت ، پیشلە گەورەکە ئەوەی وت و ، لە تەنیشت دەرگاکەوە دەیمیاواند.

دیارە بەو چەشنەش گەورە نییە ، پیشیلە ناونجییەکە وەڵامی دایەوە.

پشیلە بچکۆلەکە ششە پرسیاری کردو وتی : ئەگەر بەو جۆرە دررو ، بەو چەشنەش گەورەو ، هەروا ترسناکیش نابێت !، لێرەدا چاوەکی بە ئاستەم کردەوەو ، پاشان چاوەکەی تریشی کردەوەو ، بە سەرسوماندەوە وتی : بەڵێ،

گەر ئەوانەی سەرەوە راست بن ، ئەو سەگە وەك بووکەشووشە وایە !.

مورر تەکانێکیدا . دەرگاکەی بەجێهێشت و وتی :

راستە، وەك بووکەشووشە وایە ! کە وابوو زۆر ترسناکیش نییە!.

پشیلە گەورەگە میاو بەرەو لای دەرگاکە چوو، دەستی کرد بە مۆرەمۆرو ، میاو میاوو هاوارکردن : ترسناك نییە. دررو هار نییە ، وا دیارە تووتکەیە !.

هەر هەموویان بەراکردن چوونە ناو شەقامەکەو، خۆیان گەیاندە کەپرەکەی نەنەپیرەو، لەوێدا چاویان بە تووتکەیەکی بچکۆلە کەوت. تووتکەکە کلکی لەقاندەوە بۆ دەستایەتی و بەخێرهاتنیان.
نەنەپیرە لە سەر تەختێك دانیشتبوو، لە پێش خۆیداو، لەناو قاپێکدا گۆشتی کوێاوی دانابوو ، نەنەپیرە هەرسێ پشیلەکەو تووتکەکەی بۆ نانخواردن بانککرد.

10/6/2020

تێبینی :
*Юрий Ярмаш – Как трое котят к бабушке в гости ходили

Ярмыш Юрий Феодосиевич (Ярмиш Юрій Феодосійович) – украинский детский писатель,
**یوری یارماش فێودوسیڤیچ ـــ نووسەرێکی ئۆکرانییە (ئۆکراینا) چیرۆك بۆ منداڵان دەنووسێت ـ لە 25/5/1935 لە دایکبووەو لە 23/10/2013 کۆچی دووایی کردوە.

شکستی حکومەتەکەی ڕۆکخراوی کۆلیژی زانست … ئەحمەد رەجەب

بۆ نەمەك حەڵالی ڕۆکخراوی کۆلیژی زانست !؟.

ڕێکخراوی کۆلیژی زانست سەر بە لقی 2 ی ـ هەولێر ـ پارتی دیموکراتی کوردستان لە باتی بۆاوکردنەوەی عیلم و مەعریفەت و زانست هەرشکی نارەوایان کردووەتە سەر هاورێ عەبدولرحمان فارس عەبدولرەحمان { ئەبو کاروان} و بە نمەك حەرام ناوی ئەبەن لە گەڵ بەکارهێنانی کۆمەڵك وشەی نابەجێ و بێسەروشوێن و ژەهراوی و ئەو هەرشکردنە بەلای منەوە هەرشە بێ سەر حزبی شیوعی کوردستان.
بۆئەوەی لە شیوەکانی زڕانبازی و دەرئەنجامەکانی و هەموو ئالوگۆرەکانی ییویستە بزانین کاریگەری چییەو چەندە لە سەر پێگەی کۆمەلگا و کاریگەری لە سەر دابەشکردنی هیزە سیاسییەکان ودۆرەق و بوجدان و دەروون پیسەکان چۆنە و، ماوەیەکە هێزکی کوردستانی بووەتە خاوەنی قسەی زبرو ڕەفتاری ناشیرین و، ئەوەش ڕەنگدانەوەی سیاسەتێکی چەوت و سەرلێشواوانەیە.
بۆ ئەوەی نمەك "" حەماڵەکان "" بزانن ئەبو کاروان کێیە ؟.
ئەبو کاروان : پێشمەرگە بووە لە ریزی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراق و دژ بە ڕژێمی خوێنڕژی سەدام حوسەینی دیکتاتۆر و حزبی بەعسی عەرەبی بەشداری لە چەندین شەرو داستان کردووەو، خڕی و خۆزانەکەی تووشی ڕاونان و گرتن و زیندان ودەربەدەری بوونەتەوەو، دوو برای شەهید کراوە یەکەمیان لە سەر دەستی (حەرەس ئەلقەومی) لە ساڵی 1963 سەدی ڕابردوو ، دووەمیان لە داستانەکەی مەلا ئۆمەر لە ساڵی 1981و لە پرسەی ئەنفالی چەپەڵ : ژنە تێکۆشەرەکەی { سەرگۆ} و دوو کوری دارەمان و کاروان و عەفاوی خوشکی و ژمارەیەك لە کورەمام و خزمانی شەهید بوون و هەندێکیان بێسەرو شوێنن و ، ئەبو کاروان لە دوای ئەنفال وەك پێشمەرگەیەکی پارتیزان بریندار بووەو ، لە ئێستادا ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستانە.
پێش چاکوازییەکەی مەسرور بارزانی و حکومەتە ڕەنگاوڕەنگەکەی هەندێ سەرە قەڵەمم لە 13/12/2018 نووسی وتوومە ئایا مەسرور بارزانی ئەتوانێت؟ مەبەستم وەریاکردنەوە بووە لە وەرگرتنی حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی شکستیخواردو وتومە ، دیارە کێشەی زۆری بێ حکومەتی داهاتوو (حکومەتەکەی مەسرور) هێشتوەتەوەو، ئایا مەسرور بارزانی ئەتوانێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات؟ کێشەکانیش: شێوەی هەسوکەوت لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر "" دراوسێکان"" کە چاویان لەوەیە سامان و نەوتی میللەت هەڵوشن ، بنبرکردنی گەندەڵی، فرۆشتنی نەوت و، پارەکەی ئەدرێ بە کێ یان ڕاستر ئەچێتە گیرفانی کێ؟ چارەسەرکردنی موچەو پاشماوەی موچە، باری خەڵکی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابووریەوە، چارەسەرکردنی کێشەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانانی سیاسی و، چارەسەری کێشەی پێشمەرگە و، پێشمەرگە دێرینەکان، دۆخی مافی مرۆڤ، چارەسەرکردنی کێشەی

ئافرەتان و نەهێشتنی توندوتیژی و، کێشەی قوتابی و سەرجەم خوێندکاران و، کێشە کرێکاران و جوتیاران، ئازادی و مافی خێپیشاندان، کوشتنی رۆژنامەنووسان و، خەڵکی سڤیل و داڕەدانی بکوژان لەلایەن بەرپرسان، شەری خێکوژیی "" برا کوژی "" و، ریشەکێشکردنی ئەنفالچی و خاوەن فایلەکان کە لە خزمەتی رژێمی خوێنرێژی سەدام حوسەین بوون و، کێشەی کەرکوك و ناوچە دابراوەکان و، بەشە بوودجەی هەرێم.

با بزانین نمەك ""حەڵالەکان"" چییانکردووەو چیئەکەن؟

پەیوەندی کوردستان لە گەڵ وڵاتان "" دراوسێکان "" زۆر بەهێزەو مەسرور بارزانی وەك سەرۆك حکومەت دووجار گەشتی تورکیای کردووەو یەکێکیان بەنهێنی بووەو کەس نازانێت بەچی مەبەستێك بووەو، تورکیا لەناو خاکی کوردستان لە دهوك وهەولێر بنکەی سەربازی هەیەو تورکیا بە فرۆکەی جەنگی و فرۆکەی بێفرۆکەوان بۆمبارانی ناوچەکانی کوردستان ئەکات و بە هۆی بوونی چاوساغ و سیخوری میت و کەرەستەی لۆجیستیکییەوە دەستی چەپەڵی وەشاندوەو خەڵکی سڤیلی شەهید کردوەو، حکومەت بڕەنگەو، تورکیا رۆژانە خاکی زیاتر داگیر ئەکات و، زۆر مەترسیدارەو بیانووەکەشی ـ PKK پەکەکەیەو، وادیارە پەکەکە لە لێبیاش هەیە بۆیە تورکیا بە ناردنی چەك و تەقەمەنی و تیرۆریست و فرۆکەو و پاپۆر ئەنێری بۆ لیبیا!.

باسکردنی سامان و نەوتی کوردستان تەماویی و ڕەهەو کەس نازانێت چیان پێئەکرێت و کێ ئەیخوات و پارەکەی بۆ کێیەو، وا بۆ پینج ساڵە شاند هات و شاند چوو بۆ بەغدا درۆژەی هەیەو هەموو جارێك وتەبژی حکومەت و راگەیاندنەکانی وابەستە بە حکەمەت کێمەڵێك درۆ دەڵەسە ئەکەن گوایە گەیشتوونەتە چارەسەرو لە پاش چەند رۆژێك خۆیان بە درۆئەخەنەوەو، لە ماوەی شەش ساڵدا نەتوانراوە رێککەوتنێك لە گەڵ (درواسیکەمان) عێراق واژوو بکەن.

سەبارەت بە نهێشتنی گەندەڵی تەنها بازرگانییە بەو وشەیەو لە چاکوازییەکەی حکومەتەکەی مەسرور هیچ نەکراوەو بندیوارو ""موستەفید"" زۆرن و ماون!.

موچەو پاشماوەی موچە تا ئێستا چارەسەر نەکراون و، لەوە خراپتر حکومەتەکەی چاکوازی بە نیازە موچە کەم بکاتەوەو، ئیفلیج بووەو ناتوانیت مانگانەی پێشمەرگەو مامۆستایان و گشت فەرمانبەرو موچەخۆران بدات.

مافی مرۆڤ: دیندار ناوێك هەیە گاڵتە بە هەست و دەروونی لێقەوماوان ئەکات و، هەرچی راپۆرت ئەدرێت بە رێکخراوی مافی مرۆڤ Human Rights Organization بە درۆی ئەخاتەوەو ئەڵێت مافی مرۆڤ پارێزراوەو، بۆ وەبیرهێنانەوەی دیندارو دینداڕەکان ئەڵێم،

سیخ‌ریکی تورك له هه‌ولێر كوژرا له پاش یه‌ك ڕۆژ بكوژه‌كه دێزرایه‌وه به‌ندام خه‌یره بكوژانی سوران مامه حه‌مه، سه‌رده‌شت عوسمان، كاوه گه‌رمیانی، وداد حوسه‌ین و ئه‌وانی تر 12 ساڵه كه‌س نه‌دێزراوه‌ته‌وه.
ڕێكخراوی كێڵیژی زانست ناوێكی گه‌وره‌یه‌و له جیاتی بناوكردنه‌وه‌ی زانست و راستگۆیی و خۆشویستی ئه‌بێت به پڕو هیچی سوودێكی نامێنێت و، ئه‌م ڕێكخراوه به‌كارهاتووه بۆ هەڕشكردنه سه‌ر حزبی شیوعی كوردستان له هاوری ئه‌بو كاروان ده‌ستیان پێكردووه‌و، وا دیاره ده‌ستی پاراستن و خه‌ڵكی خراپ پاڵیان پێوه‌ناوه كه خراپه‌كاری بكه‌ن و، لێره‌دا نامه‌وێت ببم به زمان حاڵی هیچ هاورییه‌ك و ئه‌م : هاوری ئه‌بو كاروان زۆر له‌و پێناسه‌یه‌ی ڕێكخراوی كێڵیژی زانستپاك وبه توانا به‌رزتره‌و، زمان نابڕێت و كه‌ترو پلایسی پێ نییه‌و، شانازی به هاتنی بۆستان له پێكانی سه‌دامی دیكتاتۆرو حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی خوێنڕژ بۆ هه‌ولێر ناكات و، ئه‌بو كاروان نایه‌وێت په‌تای كۆرۆنا له كوردستان بناوبێته‌وه‌و، به هۆی كۆرۆنا سه‌نگی حكومه‌ته‌كه‌ی كێڵیژی زانست زۆر هاتووه‌ته خواره‌وه‌و خه‌ڵك پابه‌ند نابن به فه‌رمان و نه‌خشه‌ی وه‌زیره‌كانی و، حكومه‌ت هیچی بۆ هه‌ژارو زه‌حمه‌تكێشان نه‌كردووه‌و به‌كو له سایه‌ی ئه‌م حكومه‌ته ڕۆژه‌ی هه‌ژاری و به‌دبه‌ختی و ئاواره بوون زیادی كردووه‌و وقه‌ت ناتوانێت چاره‌سه‌ری بۆ نه‌هێشتنی هه‌ژاری و بێكاری و موچه‌و كاره‌باو ئاو بدۆزێته‌وه.
له كۆتاییدا : كێ نمه‌ك حه‌رامه‌و، كێ نمه‌ك حه‌ڵاڵه؟
7/6/2020

بنكه‌ی حزبی شیوعی له به‌له‌بزان … ئه‌حمه‌د ره‌جه‌ب

وانه‌كانی ژیان

له 15/7/1979 گه‌یشتمه بنكه‌ی حزبی شیوعی عێراق له دێی به‌له‌بزان{Belebzan* } له ناوچه‌ی هۆی سه‌ر به شارۆچكه‌ی پاوه‌ی ره‌نگێن و جوان سه‌ر به كرماشانه‌و له سه‌ر شاخه‌وه شارۆچكه‌ی جوانڕۆ زۆر نزیك ده‌رئه‌كه‌وت و له‌م دێیه‌دا كۆمه‌ڵێك رووه‌كی به سوودو گرینگ هه‌یه‌و داره‌وه‌ن واته دار قه‌زوان یه‌كێكه له‌و رووه‌كه گرینگ و

پەیایەخانەی بە رووبەرێکی بەرفراوان لە ناوچەی هۆی بەدی ئەکرێت و خەڵکی ناوچەکە هەئەسن بە بریندارکردنی درەختەکان و هەر دارێك لە چەند جیگایەك بریندار ئەکرێت و لە خوار هەر بریندێك *کوچەیەك دا ئەنێن و بەو شێوەیە بنەشتەتاڵ کە ئەکەنەوەو سەرچاوەیەکی باشە لە رووی ئابووری و دابینکردنی بژێوی خەڵکەکە. مانگی تەموزەو زۆر گەرمەو ژمارەمان زۆرەو ئاو کەمەو پشمەرگە کەمەڵ دابەشکراوەو هەرکەمەڵك بریتییە لە 10 ــ 20 پشمەرکەو ژمارەمان لە 150 زیاتر بوو رۆژێ سێ جار گشتمان ئەهاتینە خوارەوەو لە نزیك کانیاوەکە کە ئەبووینەو بەیانی نان و چاو نەورێ چاو نان و ئێوارە هەردووکیان خواردنی رۆژانەمان بوون، لە پاش نانخواردن سەرئەکەوتین هەریەك بە شوێنی خۆی لە بن دارەوەن و، بەو گەرمایە زۆر جار بنەشتەتاڵە ئەهاتە خوارەوەو تکەی چارە چارەی بنەشتەکە ئەکەوتە ناو چاوانمانەوە یان ئەکەوتە سەر جلەکانمان. ژمارەمان زۆرەو چەکمان کەمەو، ئەوەی هەبوو 10 ــ 15 دانە بوو زوربەیان لە حزبی دیموکراتی کوردستان بە دیاری بۆمان هاتبوو، لە مێژەوە پەیوەندی نێوانی حزبی شیوعی و حزبی دیموکرات بە هێز بوو ژمارەیەك لەکادیرە ناودارەکانی دیوکرات لە ماڵی هاورێیانمان لە سلێمانی بە نهێنی ئەژیان لەوانە : ئەستێرەی درەوشاوە سلێمان موعینی ، محەمەد ئەمین سەراجی، سمایلی شەریفزادەو مەلا رەحیمی وەردی و کەسانیتر. رۆژکیان لە کاتی نانخواردنی نەورێ چوومە خوارەوە بینیم هاورێانی ئابووری ئازوقە { ئیدارە} دوو خرتیان کریوەو مقمقیانەو ئەڵێن ئەگەر سەر بران کە ئەزانێت و ئەتوانێت لێیبنێت؟ هەر هەموو بەدەنگ بوون ومن وتم من ئامادەم، وتیان ئەزانێت تا ئێستا چێشتت لێناوە؟ ، وتم پرسیار مەکەن و لە ژیانمدا بە نەوسنی نەبێت نزیکی چێشتخانە (مەتبەخ) نەکەوتووم و، پەلە بکەن و سەریان ببرن و با دوو هاوری یارمەتیم بدەن و، شەش حەوت هاوری هاتنە پێشەوەو، بە یەکەمین جار فەرمانم دەرکردو بە دوو هاورێم وت چوارەم قتو فاسۆلیا بشێنەوەو، گشتمان بە تەوراس لەت لەت کردو، دوو مەنجەڵ (فاسۆلیا و گۆشت) هەریەك لە سەر سکوچکە (ئاگردان) دانراو ئاگری بەهەزمان هەڵکردو لە ماوەی دوو سی کاتژمێر رامانگەیاند چێشت ئامادەیە، لەبەر تاریکی ئەو ئیوارەیە زوو چێشت خوراو هەر هەموو دەستخێشیان لێکردم و هەروا لە هاورێیانی بەردەست (یارمەتیدەر) و، تا درنگانێکی ئەو ئێوارەیە دەستکرا بە هەڵپەرکی. ناو بەناو هاورێیانمان بۆ پێداوێستی و کرێنی شتومەك رۆیان لە شارچکەی پاوە ئەکردو ، منیش دانم ئازای ئەدام و، داوای روخسەتم (مۆڵەت) کردو، لە گەڵ هاورێیان حەمە حەسەن ژاڵەناوی (هاتووچێی کرد بوو شارەزایی هەبوو) و عادل عەلاف

کەوتینەری و سەرەو خوار بووینەوە لە سەر جادەکەی نێوان دوو ئاو هەرتاو زی ئەتەمبەلکمان دەستکەوت و چووینە پاوەی دێگیرو قەشەنگ و رازاوەو، برایانی دیموکرات لەویبووون و، لە گەڵ هاوری حەمە رویشتین بۆ خەستەخانەی شارو چوومە لای دوکتۆرێك و تەماشای کردو وتی ئەبێ ئەو دانەت پاك بکریتەوە و پر بکرێتەوەو بەلای کەم سێ ڕۆژ ئەخایەنێت و، وتم مەڵەتم وەرنەگرتووەو، وتی هەر کاتێك هاتیتەوە بەلای کەمەوە سی ڕۆژی ئەوێت و، دەرچووین و هاوری حەمە زوو گەرایەوە بۆ بەلەبزان و من هاوری عادل پیاسەیەکی باشمان کردو هەستمان بە خۆشی و سەربەستی و ئازادی ئەکردو شیعرێکی کەڵە شاعیر مەولەوی بە خەیاڵمدا هات: ئاماوە وە هار، وە هاری شادی بوی عە تر نە سیم غونچە ی ئازادی دەوروبەری ئێوارە من و هاوری عادل ئازادانە گەراینەوە بۆ بنکەو، بۆ ڕۆژی دوایی چووم بۆ لای هاوری مەلا عەلی بەرپرسی گشتی هیزەکان وتم چووم بۆ پاوەو وتیان دانەت سێ ڕۆژی ئەوێت و، وتی هاوری ئاسایی کەی ویستت برۆ، لەوێ دەرچووم هاوری حەمە کەریم (بەرپرسی گروپەکەمان) بەرەو ڕووم هات و وتی چیبوو؟ وتم مەلا عەلی وتی کەی ویستت برۆ، لە بەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوودا چوومە پاوەو یەکسەر بۆ لای دکتۆرو نارد میینەوە بۆ لای هەمان دانساز (س) کە لە کاکە حەمە پرسیارگەلێکی زۆری لە بارەی منەوە کردبوو، گەیشتمە لای لە گەڵ کورێکی گەنج وەستا بوو زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکردم وکچەکە وتی ئەمە برامەو، سوپاسی هەستیانم کردو، کچەکە دەستیکرد بە پاککردنەوەی دانم و، بە براکەی وت برۆ لیوانی ئاو بێنەو، وتم لیوان چییە و، وتی ئێستا ئەزانیت وئاواکەی لە لیوانەکە (پەرداخ) هێناو، سێ چوار جار بە ئاوەکە غەرغەرەم کردو وتی برۆ بەیانی وەرەوەو، پرسیاری ئوتێلم کردو خۆی و براکەی وتیان ئوتێلی چی؟ میوانی خۆمانی و، زۆر هەوڵمدا بەڵام نەیانهێشت و دەوروبەری کاتژمێر یەك ودوو سێ قاپی چووین بۆ ماڵیان و، دایك و باوکی پێشوازی زۆر گەرمیان لێکردم و، نانی نیوەرومان خواردو دایکی رووبکردە من و وتی حەز لە چی خواردنێك ئەکەیت؟ وتم وەك ئێوە چی ئەخۆن منیش ئەیخۆم، من و(ك) ی برای دووقاپی چووین بۆ پیاسەو بازار کراسیك وفانیلەو هەندێ وردەواڵەم کری و، گەراینەوەو لە پاش نانخواردن سێ چوار جار چەرەسات و کامەڵك میوەیان داناو، دەرکەوت هەموویان سەر بە حزبی دیموکراتن و، زۆر نیگەران بوون کاتێك پیستیان ژنێك و پێنج مندااڵم جێهێشتووەو، بەو شێوەیە سێ ڕۆژ لایان بووم و، جێی خۆشەویستی ڕێز بوون و قەت لە بیریان ناکەم و، حێی داخە لە پاش هاتنەوەم بە حەوت هەشت ڕۆژ جنایەتکارەکانی ڕژێمی ئیسلامی هەرشیان کردە سەر پاوەو بیستم (س) گیراوەو پاشان سەریان بریوە لە داهاتوودا باسی ئەکەم (ماویەتی).

3/6/2020 پەراوێزەکان : Belebzan : زۆر لە هاوڕێیانی عەرەب کە لە شاخ پێکەوە بووین ناتوانن وشەی بەلەبزان وەك خۆی بڵێنەوە بۆیە بە ئینگلیزی بڵێن ئاسانترە.
**کوچەڕە : قاپێکە ، خڕێی بۆژراوی بۆ ئامادە ئەکەن و ئەیکەن بە قورو، لە قورەکە کەمەڕێك کوچەڕە دروست ئەکەن بۆ ئەوەی بنێشتە کاڵەکە (بنێشتەتاڵەکە) لە شوێنی برینەکانەوە بچێتە ناو کوچەڕەکان
قتو : قوتوی بەتاڵی دۆشاو تەماتە 800 گرامەو، هەرقتوویەك بۆ دە کەس ـ 12 کەسەو، ئەمە لە دووەمین ڕۆژم لای ئەبو ئەحمەد بەرپرسی ئیدارەی گشتی حزب لە تووژەڕە دانشتبووم بە یەکێکی وت قتویەك بۆ 10 ـ12 کەسە.

مەلا عەلی کادیرێکی پێشکەوتوو فەرماندەیەکی سەربازی لێهاتوو … ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان

عەبدوڵا مەلا فەرەج قەرەداغی ناسراو بە مەلا عەلی کادیرێکی پێشکەوتووی حزبی شیوعی و ئەندامی کۆمیتەی هەرێمی کوردستان و فەرماندەیەکی پێشمەرگەی لێهاتوو بەرپرسی پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سلێمانی و کۆرکوکی حیزب و ئەندامی نووسینگەی سەربازی ناوەندی و تێکۆشەرێکی ئازادیخوازی ئازاو نەترس بوو لە پێناو بەرگریکردن لە هەژارو چەوساوەکان و گەل و خاك و نیشتمان و حزب.
لە پاش کۆدەتا شوومەکەی 8 شوباتی ڕەشی 1963 ڕێخکراوەکانی حزب لە دەربەندیخان لە یەك ترازابوو تێکچووبوو، لە تەموزی 1964 هاوڕێ حەمە ڕەق هات بۆ ماڵی کاکم لە کەمپی خوارەوەو پشوویەکیداو وتی هاوڕێیەك هاتووەو لە ماڵی خۆمانەو ئەیەوێت بتبینێت و دووقۆڵی هاتینە سەرەوەو لە ماڵی هاوڕێ حەمە ڕەق بۆ یەکەمین جار چاوم کەوت بە هاوڕێ *کەمال سۆسنانی و، باسی ڕێکخراوەکانی دەربەندیخان کراو، هاوڕێ وتی ئەوارە پێکەوە ئەڕۆن بۆ ماڵێك لە سەلێم پێرك و

لەو لە گەڕ هاورێیەکی تر کەئەبینەوەو، دەمە ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە ماڵی عیبدوڵلای کاکیلی خەیات و، بۆ یەکەمین کەرەت چاوم بە هاورێیەك کەوت بە ناوی مەڵا عەڵی و، کەبۆنەوەیەکی سۆ قۆیمانکردو، من و هاورێ کەمال هەندێ نووسین و راپۆرتمان سەبارەت بە رێکخراوەکانی دەربەندیخان گەڵالە کردبوو هاوری مەلا عەلی هەموویانی خوێندەوەو دەستخۆشی لێکردین وسەرنج و تێبینییەکانی خستەروو، لە کۆتاییدا ئامۆژگاریکردم و وتی ئەبێت زۆر وریا بێت و، لە پاش چەند کاتژمێرێك هاورێیان مەڵا عەلی و کەمالم بەجێهێشت و گەرامەوە بۆ کەمپی خوارەوە.
لە پاش یەکەمین چاوپێکەوتن بە دوواوە لە ساڵانی 1964 ، 1965 ـــ 1970 من و مەلا عەلی بووین هاورێی یەکترو لە زۆر شوێن پێکەوە بووین لە دەربەندیخان و سەلیم پیرك و گوڵانەکان و بانیخێلان و دەرەدێــن و پساکــان و چەنــد دێیەکــی قــەرەداغ و، لەو رۆژانەدا بەرپرسی رێکخراوی دەربەندیخان بووم و، رۆژێکیان هاورێی تێکۆشەر عەبدوڵلای مەلا فەرەج قەرەداغی { مەلا عەلی} نامەیەکی بۆ ناردم لە گەڵ پسووڵەی گواستنەوەی محەمەد ناوێک (رەیس عورفا) لە کۆتیبەی (32) لە دەربەندیخان و، پسووڵە تایبەتییەکەی محەمەدم وەرگرت و، بەشیوەیەکی گونجاو چاومان بەیەکتر کەوت و، دیار بوو محەمەد زۆتێ و وریایە، بۆیە پێش ئەوەی بیخەینە ناو رێکخراوی تایبەتی سەربازکانی تر لە (کۆتیبەی 32 و بەتالیۆنی دەربەندیخان) ، داوای زانیاری زیاترم لە مەلا عەلی کردو بە داخەوە هیچم بۆ نەهات و، گومانم لە هاتنی محەمەد زۆر بوو، دڵنیا نەبووم بخرێتە ناو رێکخراوی سەربازکان و، هەرواش دەرچوو محەمەد پیاوی ئیستخباراتی عەسکەریەو لەو بارودۆخدا لە رۆژی 7/8/1965 گیرام.
لە ماوەی 56 ساڵ خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان لە زۆر شوێن من و مەلا عەلی پێکەوە کارمان کردووەو یان وەك دوو هاورێ لە بوارەکانی ژیاندا یەکمان گرتووەتەوەو پەیوەندیگەلێکی کارکردن و هاورێیانەی بەهێز لە نێوانماندا بووەو زۆرجار چالاکیگەلێکی بۆ هاوتاشمان ئەنجامداوەو، لە دەربەندیخان و سلێمانی و لە شاخ لە بلەبزان و هەزارپەس نوکان و تووژەڵە، حاجی مامەند، قەرەداغ، باوەخۆشێن، ئەحمەد برنەو شارەزور، ئەحمەدئاواو کەرەجاڵ و دێی جافایەتی، مەسکۆو سوید، مەلا عەلی قسەخۆش نوکتەبازو دەم بە پێکەنینبوو بە وشەی نەستەق لە ناو پێشمەرگەو هاورێیان و خەڵکدا زۆر خۆشویست بوو.
مــەلا عەلــی لــە رووی کەمەڵــایەتییەوە پیــاوێکی بــە ئەمــەك و کەسایەتییەکی ناسراوو خاوەن رەوشتی جوان و سادەو خاکی و بۆ فەزو بە توانا بوو، هەر چۆن لەناو رێکخراوەکانی حزب گیروگرفت و

کەسپەکانی چارەسەر ئەکرد بە هەمان شێوە رێی کاریگەری هەبوو لە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر بە شێوازێکی هەمنانەو لە سەرخۆ وای لە خەڵك ئەکرد گوێرایەڵی قسەکانی بن و، هەر لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پیاوێکی میوان دڵست و دەست و دڵ ئاوا بوو، هەر ئەو میوان دڵستییەش بوو بە هۆی ئەوە کە خەڵکێکی زۆر بناسێت و بیناسن و زۆر بە وەفاو مرۆڤدۆست بوو.
مەلا عەلی وەك فەرماندەیەکی سەربازی { پێشمەرگە} لە ساڵی 1982 لە نزیکانەوە هات بۆ پشتاشان و سەردانی سەرکردایەتی حزبی کردو بۆ ئێوارەکەی وتی لە کۆڕ بخەوم و، زانیم زۆر هیلاکەو پێویستی بە پشووەو وتم حزب جێی بۆ داناوی و، وتی لە کوێ ؟ وتم هەر کاتێك کارەکانتان لە گەڵ هاورێیان تەواو بوو وەرە بۆ خۆوەتەکەی راگەیاندنی عەسکەری، من و هاورێیان رێزداران مامۆستا ئەحمەد دێزارو و حەمە رەشید { ئەفراسیاو شاوەیس} لەوێن ولە سەر جێگاکەی من بخەوەو، من ئەڕۆم بۆ لق ئەخەوم وتی لق کامەیەو، وتم 72 کەس لە هەولێرەوە هاتوون و پەیوەندییان بە حزبەوە کردووەو هاورێ بەهادین نوری بەرپرسی سیاسی ناوەندی گشت پێشمەرگەکانی حزب منی وەك بەرپرسی سیاسی ئەو هاورێیانە داناوەو لەوێ جێی نووستنم هەیەو بەیانی زوو ئەگەڕمەوەو، من چووم وبەیانی زوو بە دوو شەقاو چوومە لای هاورێیانی نانەواو چەند نانی گەرمم هەڵگرت و زوو گەیشتمە لای مەلا عەلی و هێشتا هەموویان نووستببوون و، بە کتری و قڕییەکەی خۆمان چام کردو **ماست و پەنیری کرافت و زەیتون قاپێکی گەورە شاتووم داناو مەلا عەلی وتی لەسەر بەزمەکە ماویت؟ وتم ئەی بۆ ناو وتی هاورێیان ئێرە (پشتاشان) شۆنێکی زۆر خۆش و دڵگیرو بە سەرکردایەتیشم وتووە لە رووی عەسکری شۆنیکی زۆر خراپەوبەم هێزەی ئێمە ناتوانین بەرگری بکەین و تووشی شکست ئەبین و لە پاش ساڵێك کارەساتەکەی پشتاشان رووێداو بۆچوونەکەی مەلا عەلی هاتەدی.
لە کاتی دەستپێکردنی پرسەی ئەنفالی چەپەڵ لە ناوچەی قەرەداغ ماڵی مەلا عەلی نزیکەی 500 مەتر لە خواروی بارەگای مەبەندی سلێمانی و کەرکوکی حزب بوو لە ئەستێی سەروو، نمەڵ نمە باران ئەباری و شەوێکی زۆر تاریك بوو، ئێمە لە مەبەند زیندانییەکانی لای خۆمان خستەکارو بە 3 هێستر شتومەکی مەبەندمان ئەگواستەوە بۆ قڕپی قەرەداغ لە کەلی { دەرگای} نیرامسین و، بەرکەوت لە گەل هاورێیان چووم لە دووری 50 مەتر هاورێی پێشەوە وتی بوەستن و، وتمان چییە وتی شتێکی سپی لە سەر رێگاکەیەو، وتمان هیچ نییەو لە بەیانییەوە نان وچا خوراوە هاتووچۆ ئەکەین و کەمە کەمە نزیك بووینە هاوریکەی پێشەوە میلی کلاشنکۆفەکەی راکێشاو کێی زەلام بە پێکەنینەوە مەلا عەلی لە گەل مام کەریم پێکەوە بوون وتی خۆمانین و

لە بەر باران چووینەتە ژێر ئەم نایلۆنەو بەرەو قۆپی ئەرۆن وهەموو سەرکەوتین و لە قۆپی لە یەکتر جیا بووینەوەو، لە رۆژی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق 31/3/1988 هێزەکانمان و برایانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرەو ژوورو گەیشتینە سەر شاخ و سەرەو خوار بووینەوە بەرەو گەرمیان و، لە پاش ئەنفالە دێزو چەپەڵەکەو شەرو بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگەی شیوعی و یەکێتی لە بناری گل و ئاوایی شیخ حەمیدو تازەشارو شەهید بوونی 8 پێشمەرگەی شیوعی و13 یەکێتی وەبە دەم شەرەوە ئەوەی مابوون بەرەو دوواوە هاتنەوەو لە ئاوسپی لە گەل مەلا عەلی و حەمە جەزای هونەرمەند یەکمان گرتەوەو پێشمەرگە دابەش کرا بە سەر 3 رەتێ و، مەلا عەلی و حەمە جەزا بەر رەتێەکەی ئێمە کەوتن و شیخ جەعفەر مستەفا فەرمانەدی هێزە تێکاوەکەی شیوعی و یەکێتی بوو، پێکەوە بووین تا دێی گەورەدێی چەمی رێزان و لەوی لەێ یەکتر جیابووینەوە.

چەند لە سەر مەلا عەلی بنووسرێت هێشتا کەمە ، بەێی هاوریی سەرکردەو فەرماندەی پێشمەرگەی خۆشەویست ، چی لە سەرتان بنووسم ، باسی چیبکەم. باسی دەربەدەری، باسی هاوسەرە شێرەکەتان و گوڵالە جوانەکان کە لەم ماڵ ئەو ماڵ ئەژیان بکەم، باسی چییان بکەم لە شار راونان ولە شاخ لە ژێر تێبباران و فڕۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەرو پیلاتەز لەم ئەشکەوت بۆ ئەو ئەشکەوت، ئێوە نەمرن و ناوتان بە زیندوویی هەر ئەمێنێتەوە وەک کادیرو فەرماندەی سەربازیی لێهاتوو بەێام خۆتان ئەتانوت من سەربازێکی حزبم و حزب جێی شانازیمە.

بەداخەوە لە 15/4/2020 سەر لە بەیانی لە وڵاتی سوید هاوریی تێکۆشەرو خۆشەویستم سەرکردەی فرماندە عەبدوڵا مەلا فەرەج قەرەداغی ناسراو بە{ مەلا عەلی } کۆچی دوایی کرد. ماوەیەکی دوورو درێژ لە رۆژانی سەختی حزبایەتیدا وەك دوو شیوعی لە شارو لە لادی لە کۆمیتەی { جوتیاران } ی تیکۆشەر کە مەلا عەلی بەرپرسی بوو پێکەوە کارمان کردووەو، لە رۆژانی پێشمەرگایەتی دیسانەوە پێکەوە کارمان کردووە، فەرماندەیەکی سەربازی لێهاتوو و پیاوێکی کەمەایەتی ناسراو قسەخۆش بوو. هاوری مەلا علی کەسێکی رۆشنبیرو مۆژوونووس بوو خاوەن چەندین کتێبەو خاوەنی تێکۆشان و قوربانیێکی دوور و درێژ دژ بە رژێمی دیکتاتۆری سەدام حسەین و حزبی بەعسی عەرەبی و موستەشارجاشەکان.

1/6/2020

پەراوێزەکان :

- كەمال سۆسنانی : هاورێیەكی گەنج و بە تواناو شیوعی قەرەداغی ناسراوبوو، لە گەڕتخوازانی عەزیز ئەلحاج كەوت و، حزبی بەعسی خوێنڕژ شەهیدی كردو تەرمەكەیان لە سەر كۆنانك فڕدرا.
**ماست : شیری نیدۆمان ئەكری و هاورێی تكۆشەر فریشتە خوشكی كاك دڵزار بۆی ئەكردین بە ماست و لە هاورێیەوە فیری ماست دروستكردن بووم.

لە تووژەوە بۆ مەریوان و لەوێشەوە بۆ بنكەی بەلەبزان … ئەحمەد رەجەب

وانەكانی ژیان

لە شەوی 12 ی تەموز بابی سەرباز ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق وتی ئامادە بە بەیانی بەرەو هەورامان ئەتنێرین بۆ لای هاوڕیانی سلێمانی لە بنكەی بەلە بزان و ئەبێ لە مەریوان پرسیاری ئەو شوێنە بكەیت و هەندێ ڕۆژنامەو بەیان و راگەیاندنەكانی حزبم پێچاوەتەوەو بیانبە لە دزێی برایانی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ عیراق بارەگایان هەیە و پێچراوەكە بدە بەوان و لە بەرەبەیانی ڕۆژی 13/7/1979 بەرەو بۆران و سەردەشت ڕێگام گرتەبەرو لە سەردەشت لە كەبابخانەكەی عەلی نانم خواردو چوومە گەراجی گواستنەوە (نەقلیات) و لە گەڵ چەند كەسێك سواری لاندروفەرێك بووین و، خەڵكەكە بە گەرمی باسی بارودۆخی كوردستان و پێشمەرگەو ئۆرانیان ئەكردو منیش گوێگر بووم و یەكێك لە تەنیشتمەوە ڕوویتكردم و وتی برا بۆ بڕەنگی؟ و وتم بڕەنگی باشەو ئێمە یەكتر ناناسین و لە بانە لە یەك دائەبڕێن و ئیتر بوو بە وتی و وتم تا گەیشتینە بانەو هەریەك بەلایكدا چوو.
لە بانە بە ئۆتۆمبێلكی جوان و قەشەنگ ساخت ایران ، واتە (دروستكراوی ئێران) و ناوەكەیم لە بیرچووەتەوەو بەرەو مەریوان كەوتینەڕێ و بۆ ئێوارە گەیشتینە مەریوان و، پیاسەیەكی كورتم

کردوکەبابخانەیەکم دۆزیەوەو نانم خواردو بە وەستاکەم وت کاکە ئوتێلێکی باش چۆن بدۆزمەوەو یەکسەر بەدەستی ئاماژەی کردو وتی : ئەوە باشترین ئۆتێلەو منیش چووم و، هەر لە دەرگاوە یەکێك بەڕەووم هات و وتی : کاکە شناسنامەکەت و، منیش پێم وت پێم نییەو کابرا هەڕچوو وتی ئەی بوو هاتویت بۆ ئێرە؟ وتم کاکە من لە سلێمانییەوە هاتووم و بەڕەو هەورامان ئەڕۆم و خەڵکی ئێرە نیم و، لەو کاتەدا پیاوێك وتی کاکە وەرە بۆ لام و، چووم وداوای لێبووردنی کردو وتی دێتەنگ مەبە ئەو هەرزەیە کورمەو، منیش وتم کاکە هیچ ڕوویندەداوەو کێشە نییەو، پیاوەکە (کاکە) زۆر شتی پرسی لە بارەی ڕژێمی خۆنڕۆژی سەدام حسەین و حزبی بەعس و، لە کۆتاییدا وتی خەیرە بەرو هەورامان ئەڕۆن؟ وتم برایەکم پێشمەرگەیە ئەڕۆم بۆ سەردانی و، پیاوەکە قسەخۆش و زۆر بوو بوو پرسیاری زۆر کردو بە کورتی وەڵامدایەوەو، کە زانی حەزم لە خەوەو هیلاکی ڕێگام بە کرێکاری ئوتێلەکەی وت جێیەکی باشی بۆ دابنێ و میوانی منە.

بەیانی زوو ڕۆژی 14 ی تەموز (جولی) 1979 لە خەو هەستام و ویستم بڕۆم خاوەن ئوتێلەکە وتی مەڕۆ دەرەوەو هێشتا زووەو ئەبێ پێکەوە نان بخۆین و، سفرەیەکی لە سەر مێزێك راخست و بە کاکەگوێزو هەنگوین و ماست وپەنیر رازاندەوەو لە نانخواردن بووینەوەو کاکە وتی براکەت پێشمەرگەی کێیە؟ وتم حزبی شیوعی و، کاکە بەبێ وەستان وتی کۆمۆنیستەکان خەڵکی باشن و، پرسی بۆچی لە هەورامانن؟ و لە کوێی هەورامانن؟ منیش لە وەڵامدانەوەکە دوورکەوتمەوەو وتم نازانم تەنها بە منیان وتووە لە بەڵە بزانن و، نزیك چاشتانگا سوپاسی کاکەم کرد بۆ میوانداریەیەکەی و قسە خۆشەکانی وخواحافیزیمان لە یەکتر کردو لە ئوتێلەکە دەرچووم و بەرەو ئۆتۆمبێلەکانی دزلی – نەوسود ئەڕێشتم لە پر دووسێ دەستدرێژی گوللە کراو، کەمێك وەستام دەنگی تەقە زیادیکردو منیش بە پەلە گەرامەوە بۆ ئوتێلەکەو، کاکە یەکسەر بە پیرمەوە هات و وتی چۆبووە؟ وتم نازانم دوو سێ دەستڕێژ کراو و لە شوێنی خۆم وەستام و هێندە نواریم لە دەورو پشتم هیچ نەبوو ناچارگەرامەوە بۆ ئێرەو، کاکە چووە خوارەوەو تەقەکردن گەرمتر بوو لە پاش کاتژمێرێك کاکە گەرایەوەو هاتە سەرەوەو، وتی دانیشەو مەڕۆ شەر لە نێوان یەکێتی جوتیاران و تاقمی موفتی زادە گەرمەو، لە دەوروبەری نیوەڕۆ تەقە وەستاو بیستم یەکێك بەناو (عەبە حەبیب) بەرپرسی تاقمی موفتی زادە سەر بە رژێمی ئێران کوژراوە.

نیوەڕۆ نان و کەبابم خواردو سواری ماشین بووین و لە نزیك بڵکەرە کۆمەڵێك چەکدار ماشینەکەیان ڕاگرت و چەکدارێك هاتە پێشەوەو سەیری دەموچاومانی کردو بە منی وت کاکە شوناسنامەکەتم پێبدەو، وتم پێم

نییەو شۆڕەکە وتی ئەم برایە خەکی ئەو دیوەو ئەوروات بێ هەورامان و چەکدارەکە هیچی نەوت و زیاتر لێم وردبووەوەو وتی فەرمو برۆن و شۆڕەکە وتی ئەگەر لە ڕێگا پرسیاریان لێکردی من وەڵام ئەدەمەوەو وتم باشەو، گەیشتینە دزێی لە بن کەپرێك هەندی چەکدار زیتبوونەوەو بە یەکدەنگ وتیان هەرهەموتان بێنە خوارەوەو یەك یەك دابەزێن و، هاوکات زانیم ئەمانە برادرانی پارتین و نێرە هاتە سەر من و، چەکدارێك لێی پرسیم بۆ کوێ ئەڕۆیت؟ و منیش پێچراوەکەم لە جانتاکەم دەرهێناو وتم بگرە ئەمە لە حزبی شیوعییەوە بۆتان هاتووەو، چەکدارەکە بانگی برایەکی تر کردو دیارە بەرپرسیان بوو داوای لێبوردنی کردو فەرموو فەرموویەکی زێرکرد دابەزن پشوویەك بدەن، کاکەی شۆفێر وتی درەنگەو بڕۆن باشترەو دزێیمان بەجێهێشت و گەیشتینە سەرشاخ و، شاخەکە درێژەی زەنجیرەی شاخی سورین و ملەخورد بوو زێر بێندو دەشتی شارەزورو هەڵەبجەو هەورامان هەر هەموویان جوان و دڵفرێن دەرکەوتن و، لە بەر ئەوەی باری ماشێنەکە قورس بوو کاکەی شۆفێر بە ئەسپایی ئۆتۆمبێلەکە گەیاندە شارچکەی نەوسودو لە بەر ماڵێك وەستاو دوو پەری وەك گوڵەباغ و جوانی نەوسود هاتنەدەرەو بەخێرهاتنیان کردین و، بە زاراوی هەورامی لە گەڵ شۆفێرەکە کەوتنە قسەکردن و یەکێکیان چووە ژوورەوەو ئاوی خواردنەوەی بۆمان هێناو ، لە کۆتاییدا شۆفێرەکە وتی سوار بە با برۆن درەنگەو، دوو قۆڵی من و کاکەی شۆفێر سەرەوخوار بووینەوە پردێکی بچکۆلە لە سەر ڕووبارێك بوو وپرسیارم کرد ئەم ڕووبارە ناوی چییە؟ کاکەی شۆفێر وتی قوربان ئەو ڕووبارە سیروانەو ئێستا بە کناری ئەرۆن و، کاکە ڕاستیکرد شۆبووینەوەو لە پاش ماوەیەك گەیشتینە دێیەك لە سەر ڕووباری سیروان بەداخەوە ناوەکەیم لە یادچووەو منی بردە ماڵیك وتی ئەم برایە ئەچێت بۆ بەلەبزان بۆ لای هاوڕیانی حزبی شیوعی و، ماڵەکە بەو شەوە مریشکیان سەربری و بەدەم قسەکردن و نانخواردن نیوەی شەومان تێپەراندو هیلاکی ڕێبووم و بە باشی نووستم و، بەیانی هەستام لە خەو دوو چەکدارم بینی و، خاوەن ماڵەکە وتی وەرە ئەمانە پێشمەرگەی خۆمانن و، لە میانی قسەکردن وتم پێشمەرگەی کۆ لەم ناوچەیە هەیەو وتی ئێرە بە دەستی حزبی دیموکراتی ئێرانەو نان وچام خواردو خاوەن ماڵەکە تا دەرەوی دێ لە گەڵم هات و ڕێگایەکی پیشاندام وتی ئەم ڕێگایە بگرە ئەتباتە ناو بەلەبزان و، منیش ملی ڕێگام گرت و لە نیوەی شاخەکە هاوری بورهان ئەحمەد { هاورێ عەتا} م بینی و لە پاش چەنی وچاکی وتی من ئەڕۆم بۆ پاوەو تۆش کەمت ماوە سەرکەوە بۆ لای هاورێیان و، ئەو بەرەو خوار بووەو منیش بەرەو سەرەوەو گەیشتمە لای پیرەپیاویك وتم قوربان خاڵۆ کیان بەلەبزان زێری ماوە، خاڵۆ

پێکەنی وتی وەرە دانیشەو ئاوێك بخورەوو منیش دانیشتم وئاوم خواردەوەو خاڵێ وتی ئێرە بەلەبزانەو پاش کەمێکیتر بۆ نانخواردن هەموو برادەران دێنە خوارەوە ئەگەر حەز ئەکەیت کەمە کەمە سەرکەوەو کەپرەکان ئەبڕنیت و، سەرکەوتم پێل پێل هاوڕیانم دی و پێشوازییان لێکردم و هاوڕیان کەمەێ کەمەێ دابەشکرابوون و من چوومە ئەو کەمەێەی هاوری حەمەکریم قەرەچەتانی { حەمە ساڵح}.

ـــــ (ماویەتی).…

30/5/2020

هیواکانیان لە دەستداو نەبوون بە سەرێك کێمار … ئەحمەد رەجەب

تا بنەماڵەو خێ بمێنێت هەژارو چەوساوەکان ئاسوودەیی نابینن

لە سەردەمی پیلان و کودەتا سەربازییەکانی ناوچەکانی عەرەب ژمارەیەك خاوەن دەموچاوی دزێو بڕ و ناشیرین لە خەڵکی مەدەنی و سەربازی پەیوەست بە بیری خێڵەکی دواکەوتوو کە ئاررەزوو لە ستەم و دەستبەسەرگرتنی دەسەڵات و بڕاوبوونەوەی گەندەڵی و دزیی و دابەشکردنی پلەو پایەو بەرپرسیارێتییە باڵاکان بە سەر کورو براوو خزم و دەستوپەیوەندییەکانیان ئەکەن و بۆ جێگرەوەی خۆیان هەوڵ ئەدەن کورەکانیان رابێنن و ئامادەیان بکەن دەسەڵات بگرنەدەست ولەلای ئەوان میرات لە ژیانی گەلان و وڵاتان گرنگترەو بیریان لەوە نەکردووەتەوە رۆژێك دێت کورسی دەسەڵات وبیری بۆگەنی میرات لە ناو ئەچێت و هەموو شتێك ئەبێتە موڵکی گەلا ن و پر بە گەروو هاواری ئازادی و دیموکراسییەت ئەکەن روحییەتی خێڵکی رەتئەکەنەوەو بۆ بنیاتنانی کەمەگایەکی مرۆڤدۆستی بەرەو پەرەسەندنی ئابووری و کەمەایەتی.

ژیان لە بیابان و دورگەی عەرەبی دژوار بوو، بەدووەکانی لێبوو، ئەوان بەشێکی گەورەن وبڕاوبوونەتەوە بە تایبەت لە باکوری دوورگەی عەرەبی و، ژینکەی بیابان ژیانی کەمەایەتی بۆ رەخساندون و، هەر هەموویان لە ژێر هەژموونی خێڵن وتەنها بنەماڵەو خێ

ئەناسن وکەمەگاکەیان، کەمەگای خۆ و خۆوەتە و، بەدووکان خەکی بیابانن و شوانی عەرەبی گەرکن و لە خۆوەت ولە سەر بەخیوکردنی حوشترو مگەل و وڵاغ ئەژین و، بە دوای ئاوو لەوەر ئەگەڕن و جێ بە خۆیان ناگرن و، خۆل کەمەك خەکن سەر بە یەك بنەچەن و ، خۆ لە هەموو جیهان هەیەو هەندکیان لەناو چوون و بەشکیان چوونەتە ناو کەمەگەی شارستانی و، بە زۆریی لە دوورگەی عەرەب و بیابانی سوری و ڕۆژئاوای عێراق وئەردەن و فەلەستین و بیابانەکانی باکوری ئەفریقیا ئەبینرێن.
خۆ لە کەمەلکی گەورەی بنەماڵە پکدێت و خزمایەتی بەیەکیانەوە ئەبەستێت و زوربەیان سەر بە یەك باپیرەن و، هەوڵئەدەن کورو نەوەکانیان ببنە خاوەن بەرژەوەندی بەبێ ئەوەی گڕی بدەن بەو مرۆڤەی کە بارودۆخکی گونجاوی بۆ ژیانکی کامەرانی ئامادە کردو، خۆ هەوڵئەدات هەرچی کاروبارە بدات بە کەسانی خۆیان و، هەلیان بۆ بدۆزێتەو تەنانەت نەزان و بێ ئەزمونیش بن و، بەوەش ڕێی خەکانی تر پشێل ئەکەن بۆ ئەوەی ببنە پاشکۆی ئەوان.
خۆ و بنەماڵە جاروبار پەنا ئەبەنە بەر بەکارهێنانی دژەقی لە گەڵ خەك { گەل} بە گشتی و لە گەڵ دژمنان بە تایبەتی و، ئەگەر سامان وهێزی گەورەی هەبێت روو لە بەکارهێنانی توندوتیژی ودژەقی ئەکات و لە کۆتاییدا براوە ئەبێت و، دەسەڵاتکی زاڵمانە پك ئەهێنێت و هەمیشە سێ لە گەڵ ناکات و، هەردەم ئامادەیە زوربەی گەل لەناو ببات بۆ مانەوەی لە سەر دەسەڵات و، باشترین نموونە لە عێراق و میسرو لیبیاو یەمەن ڕوویداو، لەمڕۆدا لە سوریاداو، لە هەمووی سەیرتر خۆە بەتواناکان حزب دائەمەزرێنن و روو لە ژیانی سیاسی ئەکەن و.
گۆڕکی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و دامەزراندنی حکومەت ئەکەنو، ولاق و گەزاف لێئەدەن گوایە حزبەکانیان دیموکراتییە و، لەم ڕۆژەوەدا خۆی واهەیە سەرکەوتنی بەدیهێناوەو حکومەتی پکهێناوەو دەستی بەسەر هەموو جومگەکانی ژیان گرتووە.
خۆەکان و حزبەکانی خۆەکی کاتك حکومەت پکئەهێنن بە دەستکی ئاسنین جومگەکانی دەوڵەت ئەخەنە ژێر رکێفی خۆیان و، زۆر جار ئەو دەوڵەتە زاڵمان ئەبێت چونکە بە دەست تاکە کەسکە یان گروپك لە خەکی خوا پێداو (نوخبە Elite) و ، ئەوانەی ماونەتەوە (کورانی گەل) کۆڵەن وئەبێت فەرمانەکانی خۆەکە بەبێ بیرکردنەوە جێبەجێ بکەن و، لە هەمووی خراپتر بنەماڵە یان خۆی حوکم بەدەست روو ئەکەنە میراتی سیاسی واتە لە پاش باوك کورەکەی یان کورزاکەی و کورە مام و خزمەکان جێ ئەگرنەوە.
وراسەت (Genetics) لە دژی زەمان ڕەوانەتکی وابەستەیە بە

خەلیفەکان و پاشاکان و پیاوە گەورەکان ودووقەکان و شاهانشا و ، کاتێك شایەك (مەلێك) ئەروات و شازادە جێی ئەگرێتەوە و ئەبێتە شا و، لە جیهانی عەرەبیدا شۆرشەکان و کودەتای سەربازی و پیلانەکان شاکانیان راماڵی و کۆمارەکان سەریان هەڵدا وەك لەو میسرو عێراق و لیبیاو یەمەن و شوێنی تر رووياندا ، لە میسر محەمەد نەجیب سەرکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش هات و، لابراو خرایە ژێر چاودیری و، جەمال عەبدولناسر هات و، لە پاش ئەو ئەنوەر ئەلسادات بۆ بە سەرۆك و لە پاش کوشتنی لە کاتی ئامادەبوونی نمایشێکی سەربازی بە بۆنەی جەنگی ئوکتۆبەرەوە ، محەمەد حوسنی موبارەك بۆ بە سەرۆك کۆمار (14 ئوکتۆبەری 1981 ـــ 11 ی فیبریوەری 2011 و، 30 ساڵ حوکم) و، لە عێراق عەبدولکەریم قاسم هات و پاشان حکومەتی بەعسییەکان لە پاش پیلانە شومە رەشەکەی 8 ی شوبات ـــ فیبریوەری 1963 عەبدولسەلام عارف و عەبدولرەحمان عارف و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەدام حسەین) 1979 ـــ 2003 ـــ 24 ساڵ) و لە لیبیا موعەمەر ئەلقەزافی (1969 ـــ 2011 ـــ 42 ساڵ) و لە یەمەن عەبدوڵلا سەلال 1962 ، عەبدولرەحمان یەحیا ئەلئەریانی ، ئیبراهیم محەمەد ئەلحەمدی و، ئەحمەد حسەین ئەلغشمی وە کۆتاییدا عەلی عەبدوڵلا ساڵح (1978 ـــــ 2012 ، 34 ساڵ).

لە سوریا حافز ئەلئەسەد بۆ بە سەرۆك کۆمار (1970 ـــ 2000 ، 30 ساڵ) و، لە پاش حافز لە شانوگەرییەك و گاڵتەجارییەك دەستووریان گۆری و تەمەنی سەرۆك کۆمار لە 40 ساڵ کرا بە 34 ساڵ بۆ ئەوەی لە گەڵ تەمەنی بەشار ئەلئەسەد بگونجێت و بوو بە سەرۆك کۆمار لە (2000 تا ئێستا ـ 20) ساڵ.

سەرکە عەرەبەکان بە پێی بۆ مۆشکیان لەو باوەڕەدان مانەوەیان پێویستە و، خاوەنی ئەزمونی حوکم بەرەوەبردنن و لە بەر ئەوەش کەدەتایان کردووە یان خوا هەیانبژاردووە ببنە حاکم و، مانەوە لە سەر دەسەاتی حوکم ئامانجی بەرزو گرنگیانە و، لە پێناو ئەم ئامانجە قیزوەنە توندوتیژی و داپڵۆسین وسیاسەتی داری ئەستور (کوتەك) یان دژ بە جەماوەرو گەل بەکارهێناوەو، کەوتنە راونانی نیشتمانپەروەران و پێشکەوتنخوازان ، ئەوانەی داوای دیموکراتییەت و ئازادی ئەکەن و، گرتن و زیندانیکردنیان لە زیندانی ترسناك و هەسان بە شێوەیەکی فاشیستیانە بە ئەشکەنجەدانیان بە مەبەستی شکاندنی شکۆو تواناو ئیرادەیان ومل شۆرکردن بۆ داخوازییەکانیان وپاشان کوشتنیان بە شێوازێکی نەفرەتلێکراوو بەبێ دادگایکردن و، سەرەرای ئەو هەموو کردەوەو نەهامەتیانە بە ئاشکەرا نان و قووتی گەل ئەدزن و باجدان بەسەریان فەرز ئەکەن و، ئارەزووی گرنگیان ئەوەیە نژادێکی نوێ و بنەماڵەیەکی نوێ پێکبێنن و، بە گوێرەی

بیرکردنەوەی خەڵەکی و مەرکی لە سەر رژمەکانیان کە بە کادەتای سەربازی هاتوون و چنییەتی کارکردنیان روو لە میراتی سیاسی ئەکەن و هك مەرجکی سەرەکی بۆ بەردەوامبوونی رژمە دوور لە دیموکراتییەکەیان و هەرچی پەیوەندارە بە خەڵەوە بەرەو هەمان میراتی سیاسی ئەروات.
چیرکی وەراسەت (میرات) و هەمیشەیی لەلای گەلی عەرەب و ئەو گەلانەی لە نزیکیانەوە ژیاون هەر لە کاتی جاهلییەت و هاتنی خەلیفەکان و دروستبوونی خەڵ و بنەماڵە لەلایان چەسپیوەو ئەم جیروکە رەگی قووڵی لە ناخیان داکوتاوەو خەسڵەتکە لایان تا ئەمرۆ ماوەتەوەو، زوربەیان بە دوای کورسی دەسەڵات رائەکەن و، هەندی لە عەربەکان لە پناو کورسی حوکم (تاج و تەخت) عەقڵ و کەرامەتیان لە دەستداوەو، بو نموونە شیخ حەمەد کوری خەلیفە ئال سانی ئەمیری قەتەر بابی شیخ خەلیفە لە سەر کورسی دسەڵات لابردو ناچاریکرد لە ساڵی 1995 بەناوی پیشوو وەڵات بەجبهەڵت بەرەو ئەوروپا.

سەرکی سوریا حافز ئەسد پش مردنی توانی کوەکەی وەراسەت داکوتێت و دەسەڵاتی حوکم بدات بە دەست بەشار ئەسەدی کوری و، ئەوەش بە بشك مانای ئەوەیە زوم و زریی رەگی بەهزی لە ناو کەسایەتی تاك هەیە لە خشەویستی خودو خزان و درژەدان بە حوکم دژ بە ئارەزوو خواستی جەماوەری گەل و بەکارهنانی سیاسەتی ئازاردان و لەناوبردن وتیرکردنی ئەوانەی داوای ئازادی و دیموکراسی ئەکەن و، زوم وستەم هەموو سنورکی بری و کەوتنە گاتە پکردنی گەلانی ژردەستەیان و، وراسەتی سیاسی کورو کورەزاو نەوەکان بە بۆ رای گەل ئەگرتەوە و، حوکمی بەعسی عەرەبی لە سوریا وەك حوکمی بەعس لە عراقدا، حوکمی تاکرەویی بوو (خواستی) گەلی بەدینەهناو، لە گەڵ پداویستییەکانیان جشیان نەخواردووەو، لە سەر بیدەنگیکردنی دەنگەکانی ترو قەدەغەکردنی ئپزسین و تەزویرکردنی هەبژاردنەکان و سنوردارکردنی راگەیاند رەفتاریان کردووەو ، بۆ ئەوەی رژمی کماری سەرکوتکەر ببتە مکی تەواوی بنەماڵەی خاوەن دەسەڵات و یاوەرەکانی و، بۆ ئەوەی داپسین و گەندەڵی و خزمخزمنە پەرەبسنێت.
دیکتاتر سەدام حسەن بایەخی زری بە هەردوو کورە شەرئەنگزەکەی عودەی وقوسەی لە پناو ئامادەکردنیان پلەو پایەی باڵا وهەستیاری دەوڵەت بگرنەدەست و، یەکەمیان هەرچەندە ئیفلیج بوو فەرماندەی فدائی (خبەختکران) ی سەدام بوو، هەروا بەرپرسی ئەم کارانەش بوو: راگەیاندن و رشنبیری و وەرزش و، دووەمیان (قوسەی) جی دەستخشی وستایشی باوکە دیکتاترەکەی و تاقمی درو دەلەسەو

زۆرناژەنەکان بەناوی سەرکردایەتی عێراق بوو !!، قوسەی بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعسی لە گۆرنراوو یاریدەری فەرماندەی گشتی سەربازی و، سەرپرشتیاری هێزەکانی گاردی کۆماری (الحرس الجمهوری) و، سەدام حسەین زۆر بایەخی بە قوسەی داو، بە هەموو ڕێگاو شێوەو شێوازێك هەوڵیدا جومگە هەستیارو باڵاکانی عێراق بگرێتەدەست و، لە کوتاییدا ببێتە خەلیفەی خودی خۆی وەك سەرۆك کۆمارو وەك داب و نەریتی هەموو رژێمە دیکتاتۆرییەکان.
بۆ کۆپێکردنی ڕەکاری بەعسییەکان لە میراتی سیاسی و، لە سەر هەنگاوەکانی حافز ئەسەدو سەدام حسەین ئەم سەرۆکانە : حوسنی موبارەك ، موعەمەر ئەلقەزافی و عەلی عەبدوڵلا ساڵح کەوتنە بایەخدان بە کورەکانیان و ئامادەکردنیان بۆ ئەوەی ببن بە سەرۆك کۆمار لە سەر ڕۆشوێن و تەرزی بەشار ئەسەدو جێی باوکیان بگرنەوەو ئەوان(سەرۆکەکان) بە هۆی مانەوەیان لە سەر کورسی دەسەڵات هێلاك بوون و "" خزمەتێکی"" زۆریان پێشکەش بە خەڵك کرد (ڕاونان و تەهەدان وگرتن وکوشتن) و، شایانی باسە هەر سەرۆك کۆمارێك حزبێکی سیاسی هەبوو و، حوسنی موبارك خاوەنی حزبی نیشتمانی دیموکراتی بوو بایەخیدا بە کورە بچکۆلەکەی جەمال الدین محەمەد حوسنی سەید موبارك و، زۆر بە هێز هاتە سەر گۆرەپانی سیاسەت وەك خەلیفەی باوکی ناویدەرکرد بەڵام شۆرشی گەلی میسر لە 25 شوباتی 2011 لەکاریخست و، موعەمەر ئەلقەزافی سەرکی کۆماری لیبیای مەزن بایەخیدا بە سیف ئەلاسلامی کوری کە لە کومەڵەی "" مافی مرۆڤ "" کاریئەکردو بە هۆی ڕاپەڕینی لیبیاوە نەیتوانی بچێتە پێشەوەو لە 19 تشرینی دووەم / نۆڤەمبەر 2011 گیراو چەند پەنجەیەکی دەستیان بری بەڵام سەرکی خێڵ و خاوەن خنجەر عەلی عەبدوڵلا ساڵح خاوەنی حزبی موئتەمەری میللی گشتی زۆر بایەخیدا بە کورەکەی (عەمید ئەحمەد) فەرماندەی گاردی کۆماری و هێزی تایبەت.
کوری سەرۆکەکان : قوسەی سەدام حسەین ، جەمال حوسنی موبارك، سیف الاسلام القەزافی و ئەحمەد عەلی عەبدوڵلا ساڵح بۆ شانس بوون و هیوایان نەماو نەبوون بە سەرۆك کۆماری عێراق و مسرو لیبیاو یەمەن و، یەکەمیان قوسەی کوژراو، دووەم وسییەم جەمال و سیف ماوەیەك لە زیندان بوون وچوارەم ئەحمەد کرا بە باڵوێزی یەمەن لە ئیمارات.
لیرەدا ئاماژە بۆئەو حزبانە ئەکەین کە بروایان بە وەراسەتی سیاسی هەیە و وەك شێوازێك لە سەری ئەروات و تێئەکۆشێت لە پێناو بتەوکردنی و گواستنەوەی حزب بۆ حزبی خیزان و هێزو بنەماڵەو خێڵ و قەوارەکەی بەشی سەرکی حزب و کورەکانی و براکانی و خزمەکانی و دەستوپەیوەندەکانیانی ئەکات و، ئەمانە بە نەخوێندەوارو نەزان و

جاهیلەکان دەستبەسەر جومگە زیندوەکان ئەگرن و، بواری کەس نادەن بەتایبەت ئۆپۆزسیۆنەکان و، ئەمان (سەرۆك وکوڕەکانی) ئەیانەوێت ئەوان (گەل) گوێ رایەڵ بن و کرنووشیان بۆ ببەن وچیی هەیە بۆ خۆیانی ببەن و، ئەتوانین بڵێن ئەمانە (نوخبە ـــ کاکڵە) دیکتاتۆرییەتی خۆزانی چەپەڵ بە بوونی تاکە کەسێك لە سەرکردایەتی حزبەکە بۆ ماوەیەکی دوورو دریژ یان تا لە ژیاندایە دروست ئەکەن و، تووشی بۆ عەقڵی و دۆگماتیزم ئەبێت و لە زەلکاوی بیری بۆگەن ئەژیت و،خۆی بە سیاسەتمەدارێك کە کەس شان لە شانی نادات دائەنێت و، دەستوپەیوەندەکانی دەورو پشتی باز ئەدەن بۆ گەندەڵی و خواستی یەکەم وکۆتاییان دزی و گەندەڵی و دژایەتی جەماوەرە بۆ ئەوەی ژیانیان پر لە خۆشی و خاوەن توانا بن.

27/5/2020

لە بانەوە بۆ سەردەشت و لەوێشەوە بۆ تووژەڵە* … ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان

بەیانی زوو لە گەڵ کاك سەلاح بەرپرسی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی و لە پاش قاوەتی بە پێشمەرگەیەکی وت لە گەڵ هاوری تا لای ئۆتۆمبێلەکانی سەردەشت بڕۆ لە پاش چەند خولەکێك گەیشتینە نەقلیات (ترانسپێرت) و، وەك چۆن لای خۆمان باوە کاکەی شوفێر دریغی نەکردو ئۆتۆمبێلەکەی پرکردو کەوتینەڕێ و لە پاش ماوەیەك ڕۆشتن یەکێك لە تایەکانی پێشەوە تەقی و لە مردن رزگارمان بوو دیسانەوە ئۆتۆمبێل کەوتەکارو گەیشتینە سەردەشت.
سەردەشت شارێکی بچوك و دڵگیرەو بە دەستی برایانی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو، پیاسەیەکم کردوکەمەك تانك وتۆپم بینی و لە یەکێکم پرسی کاکە کێ خاوەنی ئەم تانکانەیە ؟ لە وەڵامدا کاکە بەڵووتبەرزی و فیزەوە وتی لێرە مەمێنەوەو بڕۆ، لێی دوورکەوتمەوەو چەکدارێکم دی وتم کاکە ئەو تانکانە هی کێن؟ وتی لە کاتی کەوتنی

شا حزبی دیموکراتی کوردستان دەستی بەسەردا گرتووەو، زۆر خۆشحاڵبووم وتم ئەمە یەکەمین کەرەتە ببین بە خاوەنی تانك و رووملکردە کەبابخانەیەك و وتم کاکە دوو شیش کەباب و گۆشتێك و چووم دانیشتم و نانی گەرم و ماستاوی ساردیان هێناو لە پاش ماوەیەك وەستا بە دەستی خۆی خواردنەکەی هێناو وتی ناوم عەلی یە ئەی تۆ ناوت چییەو بۆچی هاتووی بۆ سەردەشت، پێشمەرگەیت؟ منیش وتم ناوم سیروانەو برایەکم پێشمەرگەیە هاتووم سەری لێبدەم و وەستا چوو لە داهاتوو بوو بە برادەرم و برادری هاوڕیان و هەرکاتی سەردانی سەردەشتمان بکردایە سەردانی عەلی و کەبابخانەکەی مسۆگەر بوو.
لە پاش پشوویەکی باش ئۆتۆمبیلەکم دۆزیەو و بۆران بۆرانی بوو، لە گەڵی سەرکەوتم لە 15 ـــ 20 خولەك گەیشتینە بۆران و، لەوی زانیم دوو بۆران هەیە، سەروو خواروو پرسیارم لە یەکێك کردو وتم کاکە کام ڕێگا ئەچێت بۆ تووژەەو، وتی ئەم ڕێگایە ئەچیت بۆ بەردەپان و کۆڵۆ و قەادزێ و، ئاماژەی بە ڕێیەکی تری کردو وتی ئەمەش ئەچێت بۆ بنوخەەف و تووژەەو، منیش ملی ڕێگام گرتەبەرو هەر لەناو دێ دەرنەچووبووم هاوڕیان : مەحمودی فەقی خدری کۆچکردوو سەلیم سوورو دوو سێ کەسی ترم دی و، لە پاش چۆنی و چاکی و ماچکردن وتیان ئەم ڕێگایە بگرەو ئەملاو ئەولا مەکەو ئەتباتە تووژەە.
لە بۆران دەرچوم و گەرمای تەموز (جولی) بێتاقەتی کردم تا گەیشتمە ناو ڕێگایەك هەردوولا چەپ و راست پربوو لە بۆن و بەرامی گوڵەشەوبۆ بەدەم ڕێگاوە بۆ ئاو ئەگەرام تا دوو کچی پەریم بینی لە سەر جۆگەلەیەك قەیسیان ئەشێردو سێاوم لێکردن و بە گەرمی وەڵامیان دایەوەو وتم ئەم ئاوە پاکە لێیبخۆمەوە وتیان بەڵێ لای سەرەوە لێبخۆرەوە و، لە پاش دەموچاو شۆردن و ئاوخواردنەوە وتم ئەتوانم لەو قەیسییە بکرم . یەکێکیان وتی بەڵێ و پر جامێکی کردو وتی شێراوەو پاکە بخۆو ، منیش نیوەی زیاترم لێیخواردو لە گیرفانم پارەم (تومەن) دەرهێناو وتم چەند ئەکات؟ وتیان هیچ ناکات و بۆ فرۆشتن نییەو تازە پێئەگات بۆ خۆمانەو دەڤمان پێ نییەو هەرچەند ئەتوانیت هەگرەو تا تووژەە لێیبخۆو خواحافیزیم کردو وتیان بەخێرچی و، لە ڕێگا ئەوەم هاتەوەیاد کچەکان وتیان دەڤمان پێنییەو ئەبۆ دەڤ چی بێت؟ پاشان زانیم دەڤ کیسەیە (عەلاگە) و، لە پاش ماوەیەك ڕۆکردن گەیشتمە پیاوێکی جوتیارو سەلامم لێکردو وتم زۆری ماوە بۆ تووژەە؟ وتی ئێرە باسکە ڕوویەو تووژەە زۆر نزیکەو ئەو ڕێگایە بۆ ئەوێ ئەروات و، منیش بەردەوام بووم تا گەیشتمە تووژەە.
لە یەکێکم پرسی کاکە بارەگای حزبی شیوعی عێراق لە کوێیە؟ بە

دەستی ئاماژەی بۆ خۆوەتڵك كردو وتی شیوعییەكان لەوێن و، چووم هاوڕێی سەركردەو خۆشەویستم **بابی سەرباز بەرەوروووم هات و، باوەشمان بە یەكتر كردو بە ماچی ئەملاو ئەولا گەیشتینە كۆتایی و بردمییە ناو خۆوەتەكەو تێكرای هاوڕییان هاتنە پێشوازی و هەندیكیان هاوڕی و ناسیاوم بوون و لە بارەگای حزب لە سلێمانی پێكەوە لە كۆمیتەی ریكخستن و كۆمیتە تایبەتمەندییەكان كارمان ئەكرد.
لە گەڵ بابی سەرباز دانیشتین و باسی بارودۆخی عێراق و سێیمانی و خزمانی دەربەندیخان و بانێخێلان و ژاڵەناوو ناوچەی ***وارماواو هەرین شیخان وشوێنی ترمان كردو، بە برادەرانی وت جێگای نووستنی بۆ ئامادە بكەن و، هەواڵی هاوڕیانی سلێمانیم پرسی وتم زۆریان نابینم، بابی سەرباز وتی پەلە مەكە دوای دو وسێ رۆژ ئەتنێرین بۆ لایان و، ئەو شەوە لە بەر ماندووبوون و هیلاكی زوو نوستم و، بەرەبەیان لە خۆوەتەكە هاتمە دەرەوەو بۆ یەكەمین جار كۆمەڵك سمورەم دی و لە سەر دارگوێزەكان بان و خوارو بازبازێن و یارییان ئەكردو، نان وچای بیانیمان خواردو لەگەڵ چوار هاوڕێ بەبی ****چەك چووین بۆ #*ناوزەنگ لەوێ سێ چوار دوكانی بچوكی لێبوو، پاشان گەراینەوە بۆ بارەگاو لە كاتی نۆرەڕ بانگكراین بۆ نانخواردن و، بابی سەرباز وتی ئەمە یەكەمین رۆژی پێشمەرگایەتییەو، لەوێ هاوڕێیەك بە عەرەبی وتی خزمی ئەبو سەربازیت؟ وتم نا بەڵام لە یەك ناوچە پێكەوە بووین و زوربەی براو خزمەكانی هاوڕێ و ناسیاومن و، هاوڕێكە وتی ببووڕە پرسیارم لێكردی و زۆر بە دیقەت و بە وردی بینیتانم باوەشتان بە یەكتر كردو، وتم ئەو ئەندامی سەركردایەتی حزبەو ئێمەش دەرویش و قوتابی و، وتی من لێرە ناوم ئەبو #ئەحمەدەو، بە بابی سەربازی وتبوو عەربییەكەی زۆر باشەو بابی سەرباز پێی وتبوو لە بەغدابووەو لەوێ خوێندنی تەواو كردووەو كاری حزبی بەرێوەبردووە.
لە 12 ی تەموز بابی سەرباز وتی بەیانی زوو ئامادە بە بەرەو هەورامان ئەتنێرین و هاوڕیانی سلێمانی لە بنكەی بەلە بزانن و ئەبێ لە مەریوان پرسیاری ئەو شوێنە بكەێت و هەندێ رۆژنامەو بەیان و راگەیاندنەكانی حزبم پێچاوەتەوەو بیانبە لە دزی ئۆتۆمبێلەكە راگرە برایانی پارتی دیموكراتی كوردستان – عیراق لەوی بارەگایان هەیە و پێچراوەكە بدە بەوان.

22/5/2020

پەراوێزەكان :

*تووژەە : دێیکی ساردە لە کۆستانی مامەندە بەرەو خواربووەتەوەو کەمەێك لە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق و ئێران لە دێەکە بوون و، هەر لە بەر ئەوەش بوو ناویانە دوێی حزبەکان.
**بابی سەرباز : هاوری ئەحمەد ملا قادر بانخێانی ـــ ئەندامی کەمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق پێش چەند ساێك لە سوید کۆچی دوایی کرد ، سەربازی کوری پێشمەرگەیەکی ئازابوو بەشداری داستانی شەری قزلەری کردو، لە شەری بەکربایەف بە دەستی جاشی خۆفرێش شەهید کرا و، خێزانەکەی هاورێ ئەحمەد بانیخێانی هاورێ نەجمە لە دۆێی نێکان بە لافاو خنکاو شەهید بوو.
***وارماوە : ناحیەی گەرێك ولە چەمرگە بووەو لە دەشتی دزیایش، واتە باوەخۆشین/ دێوانە و چەمەرگە، فەقیە جنە و کانی ساردو دەربەندیخان و بانیخێان و، پاشان چووەتە قلیجەو و لە ئێستادا لە هەێەبجەی تازەیەو لە قەزای شارەزووەرە.
****چەك : کاتێك شاێاوی رژێمی دیکتاتێری سەدام حسیەێن و حزبی بەعسی عەرەبی لە سەرانسەری عێراق دەستیپێکردو، کاری نەگەتیڤی دروستکردو، بووە هێی پەرتەوازەی رێکخراوەکانی حزب و، هەر یەك لە هاورێیان بە جۆرێك هاتەدەرەو، تاق و تەرا چەکیان هێنابوو، ئێمە بێ چەك بووین واتە زێر بووین و چەکمان نەبوو، ئێباێی ئەو کەموکورتییە ئەکەوێتە سەر حزب بە گشتی و سەرکردایەتی بە تایبەتی وحێی رەخنەن.
#*ناوزەنگ : دێێکی بچوك ئەیکات بە دوو بەش و ئەوەش سنوری عێراە وئێرانەو ناوزەنگ بارەگای سەرەکی یەکێتی نیشتمانی لێبوو، ئێمەش وەك حزبی شیوعی عێراق لە سەرووی دێەکە بنکەیەکمان هەبوو.
#ئەبو ئەحمەد : ناوی عەبدولڕەحمان قەسابە خەکی موسێ، یەکێك بووە لە کورە ئازاکانی موسێ دژ بە پیلان و کودەتاکەی عقید عەبدولوەهاب شەواف دژ بە حکومەتی نیشتمانی عەبدولکەریم قاسم و، پاشان لەلایەن حکومەتە دیکتاتێرییەکان سزای لە سێدارەدانی بێ دەرچوو بەرپرسی ئیدارەبوو.

کێ لە پشت ژاوەژاوەکانی

پارێزگاری دهۆکە؟... ئەحمەد رەجەب

لە دەستپێکردنی قەیرانە دروستکراوەکەی سەردەمی نوری مالکی و بڕینی موچەی کوردستان بە هۆی سەرکێشی وبیری شۆڤەنیستی شیعەکانی دەسەڵاتی عێراق و پێداگریی سەرکردایەتی هەرێم و حکومەتی کوردستان لە نەدانی بڕك لە نەوتی کوردستان بە حکومەتی ناوەند بارودۆخی فەرمانبەرەران و مامۆستایان بە تایبەتی و خەڵك بە گشتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووی لە خراپ بێ خراپتر کردو خەڵك برسی وبێ نان بوو ڕژانە سەرشەقامەکان و چەندین گردبوونەوەیان ئەنجامداو دووچاری ڕاونان و تەهەدان و گرتن و سوکایەتیپێکردن بوونەوەو داوایان لە حکومەت کرد چارەسەری بدۆزێتەوەو ئەوەش نەکراو تا ئەمڕ درێژەی هەیە.

ماوەی شەش سأل زیاترە بە هۆی نەدانی نەوت و شکستی حکومەتی هەرێمی کوردستان قەیرانەکان کەڵەکەیان کردووەو خەڵکی کوردستانی خستووەتە دەڕاوکێ بێیە ناو بەناو میتنگ و گردبوونە ئەنجام ئەدەن وبە شێوەیەکی مەدەنی و ئاشتیانە داوا لە حکومەت ئەکەن موچەکانیان وەك مافێکی ڕەوا پێبدرێت بەڵام حکومەت تا ئێستا نەیتوانیوە بەسەر ئەو قەیرانانەێ زاڵ بێت و، بووەتە جێی پێکەنین وگاڵتە پێکردن و لە هەموو جیهان خەڵك تا 30 یان 31 مانگ موچە وەرئەگرێت بەڵام لە کوردستان ئەڵێن موچە دواکەوتووە بێ 50 ی مانگ (دیارە مانگ لای حکومەتی کوردستان 60 ڕۆژە ؟ !.) و، هەر بێ داواکردنی موچە فەرمانبەرو مامۆستایان و ئەندامی حزبەکان و خەڵك لە پارێزگاری دهۆك لە 16/5/2020 گردبوونەوەیەکیان ڕێکخست کە پێشتر ڕاگەیاندرابوو، هێزەکانی پۆلیس و پاراستنی پارتی بە فەرمانی پارێزگاری دهۆك فەرهاد ئەتروشی بە گوڕەی دیموکراسییەکەی کوردستان کەوتنە ڕاونان و کرتن و لێدان و سوکایەتیپێکردن و زیندانیکردنیان و گەرانەوە بێ قەوانە سوواوەکەی سەردەمی ساڵانی چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە دامەزراندنی کۆماری چینی میللی و سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤێت بە سەر فاشیزمداو "" فەرمایشتەکانی سەلەفییە دەمپیسە کان"" و کردەوە قیزەونەکانی ئیمپریالیزم گوایە شیوعییەت کوفرە.

لە پاش گرتنی خۆپیشاندەران پۆلیس و پاراستن کۆنفرانسکیان بێ فەرهاد ئەتروشی ریکخست و زۆر مەلول و کەساس و شپرزەو تەنگاو بوو بێ نموونە سەیری ڕاپۆرتەکانی بەردەستی ئەکردو ئەیوت لای من

ریزبەندی زۆر گرنگەو بایەخی ئەدەمی بەڵام ئێستا گرنگ نییەو لە میانی وراوەو ژاوەژاوەکانی قسەی نەشیاوی کردو شیوعی بەبێ دین ناوبردو، لە بیری چوو کە وشەی شیوعی و شیوعییەت زۆر پیرۆزو پاکەو ، شیوعییەت دەریایەکە بە دەم کابرایەکی دەم بەتاڵ گۆاو نابێت و، لێردا پێویستە هەوڵستەیەك بکەین لە سەر ئەم جۆرە کەسانە کە بوونەتە مایەی نەگبەتی بێ گەڵ و نیشتمان و، لە درێژەی وراوەکەیدا ئەتروشی مناڵ ئاسا وتی دەڵك, دەڵکی خۆمانەو پارتی خاوەنییەتی ، ئەی ئیتر بۆ ترس داتانیگرتووەو بە چەپ و راست بوختان دابەش ئەکەن و ئەوەن یەکێتی و گۆران و یەکگرتوو شیوعییەکان لە پشت گردبوونەو خۆپیشاندانی مامۆستاو فەرمانبەران و خەڵکەوییەو، ئەوەش جێی شانازییە هەر حزبێك لە حزبەکانی کوردستان پشتگیری لە مافی رەوای چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بکات.
خۆپیشاندکەی دەڵك نە سەرپێچییەو نە تاوانەو بە گوێرەی ڕێنمایەکانی حکومەت بووەو داوای مۆڵەتیان کردبوو بەڵام مۆڵەتیان پێنەدراو دیسانەوە داواکەیان تازەکردەوەو ئەمجارەش بە بیانووی کێشانا رەتگرایەوەو لایەنی پۆلیس و ئەمنی رەفتاری نەشیاویان بەرامبەریان ئەنجامدا بە سەرکوتکردن و دەستگیرکردنی چالاکەوانان و خۆپیشاندەران و، بەپێی "" چاکوازییەکەی"" حکومەت ڕێپێوان و میتنگ و و گردبوونەو مانگرتنی ئاشتیانە مافێکی سەرتایی و رەوایە.
بە هۆی قەیران لە دوای قەیران شیرازەی کۆمەڵگای کوردستان پچراوەوە بە تێکچوونی باری ئابووری و نەبوونی پلان لەلایەن حکومەت ودابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونی داهاتی بوارەکانی ترو، ئەمانەش هەر هەموو بە شێوەیەکی نەگەتیق کارئەکەنە سەر چین و توێژە ناوەراست و زەحمتکێش و هەژارەکان و رەنگ ئەداتەوەو ئەبێتە هۆی بێاوبوونەوەی هەژاری و، لە ئێستادا بەشێکی زۆر بێکارو بێ نانن و، هەچوونی تووڕەیی گەل وفراوان بوونی جولانەوەی جەماوەری لێرەوە دەستپێئەکات و، ئەمەش زەنگی ترسناکە بۆ فەرهاد ئەتروشی کە بە گوێرەی ئیتك و موراڵەوە ئەبێت وەك پارێزگارێك پارێزگاری لە موسڵمان وکافر و کوردو نەتەوەکانی تر بکات و، واز لە رەفتاری مناڵانە بێنێت و، ئەقە لە گوێی بێگانە نەبێت و بتوانێت دەستدرێژی و هێرشەکانی تورکیا ریسوا بکات و وشەی زبرو هەرەشە بەکارنەهێنێت و، لەوەش تێبگات کە گەلی کوردستان خاوەنی{ دەڵك} ە وەك هەموو پارچەکانی تری کوردستان نەتەنها حزبێك!.
شیوعییەت ناوێکی پیرۆزەو شیوعییەکان پاکترین و دڵسۆزترین و بەوشترین کەسانی ناو کۆمەڵگان و پارێزەری خاکن و دژی دوژمنانی گەل و خاکی کوردستانن و کەس ناتوانێت بە کافر ناویان ببات وبێکارهێنانی ئەو پێناسەیە قزونە لە لایەن پارێزگاری ئیماندار

ریسواو و شەرمەزار ئەکە□ن چیتر بازرگانی ب□ ئاین و م□ژوو و ت□واوی پیر□زی□کانی گ□ل و و□ات نەکات و، شیوعییەکان لە ریزی پ□شەوەی ت□ک□شان داک□کی لە مافی رەوای خە□ك ئەکەن و، قەت س□ لە ریسواکردنی دزو جەردەو تا□انکەرانی سەروەت و سامانی و□ات و دەم پیس ناکەن و، لە پ□ناو وەدەستھ□نانی مافە رەواکانی گەل وپاراستنی نیشتمان شیوعییەکان پ□شەنگ بوون و لە پیناویشیدا قوربانی و خو□ن□کی ز□ریان بەخشیوە ب□یە تەکفیرکردنی شیوعی ج□ی رەزامەندی نییەو ئەب□ فەرهاد ئەتروشی داوای ل□بوردن بکات و چیتر هە□ەو کاری نابەج□ ئەنجام نەدات و، هەق وایە سەرکردایەتی حزبی شیوعی کوردستان سکا□ا لە سەری ت□مار بکات و بدر□ت بە دادگا ب□ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە تەم□ بکر□ت.
20/5/2020

ر□ژانی زیندانی سل□مانی … ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان

لە بەرخودانی پاراستنی ئامانجە رەواکانی گەل و نیشتمان و ت□ک□شان ب□ دوار□ژ□کی پر لە کامەرانی وخ□شی و پرشنگدار ب□ هەموو چین و تو□ژەکانی ک□مە□گاو وهەموو گەلانی ژ□ردەستەو مر□ڤایەتی پ□شکەوتوخواز ک□مە□□ك خە□ك پەیوەست بوون بە بیروباوەری چەپگەراو شیوعییەت و در□ژەیان بە خەبات و ت□ک□شاندا لە پ□ناو ن□شتمان□کی ئازادو وگەل□کی بەختیارو خ□یان بەخت کرد.

لە 1965 /7/8 ل□ لای□ن دەزگای هەوا□گیری (ئیستخبارات) ک□تیب□ی (٣٢) ی سوپای ع□راق ب□ هاوکاری ب□ریوب□رای□تی ئاسایشی د□رب□ندیخان و ئامادەبوونی موختار، ل□ ما□ی ک□سای□تی نیشتمانی ناسراوو شیوعی بەناوبانگ ت□ک□ش□ر { حس□□ن حاجی ک□ریمی ز□راب} لە دەربەندیخان گیرام و، هۆی گرتنهکهم نامهیهك * بوو هاور□ی ک□چکردو ت□ک□ش□ر ع□بدو□لای م□لا ف□ر□ج ق□ر□داغی { م□لا ع□لی} کە بەرپرسی ر□کخراوی جوتیاران بوو ناردبووی و، مە□ا عەلی لە د□هاتی گو□ان و د□وانەو د□□ی قەرەداغ بە نه□نی ر□ژانی ت□ک□شانی بەر□وە ئەبرد.

لە دەربەندیخان گیرام و لە پاش ت□ههە□دان و هە□واسین وئازاردان□کی

زۆر بە لەشی خۆناوی وجلی دراو لە کەتێبە رەوانەی پۆلیسخانە کرام و بە گەیشتنم بە هاورێ { عەول* } م وت کاغەزو قەڵەمێکم بۆ بێنەو وتی تۆ خۆت بینیوە چۆنی؟ منیش وتم تو ئەوانەم بۆ بێنە و، لە پاش ماوەیەك هاتەوە لەتە کاغەزێکی خاڵاوی و کاڵکە قەڵەمێکی هێناو نامەم نووسی و کردمە پسوڵەیك و وتم : ئەم پسوڵەیە بدە بە حسەینی حەمەرەش* و بینارێت بۆ مەلا عەلی و کەس نەترسێت ، لە پاش ماوەیەك ناردمیان بۆ جەلەولا (السکنه الججریه) و ، پاشان بۆ باقوبە (سەربازگەی سەعەد) و بۆ بەغداو کەرکوك و سلێمانی (تەوقیفخانە) و، هەر کە چوومە ژوورەوە یەکسەر کۆمەڵك زێندانی هاتنەلام و پرسیاریانکرد لە سەر چی گیراویت و، منیش کەسیان ناناسم بۆیە بۆدەنگ بووم و تەنها وتم ئەمە سێ کەسین بەم شێوەیە لێکۆڵینەوەیان (تحقیق) لە گەڵماندا کراوە و بەم شێوەیە تاوانیانداوەتە پاڵمان: من ئەحمەدرەجەبم ـــ شیوعی و، ئەم مامەیە حسەینی وسەینی حسەین ـــ جەلالییە و ئەمەش حاجی محەمەدی کەریمی زراب ـ پارتیە و، یەکێك وتی هاورێ بەخیر بێت ومنی بردە ژوورەکەی خۆ و بووین بە 8 کەس لەو ژوورە بچوکەداو لە پاشان زانیم ناوی کەمال ئەمینەو قوتابییە ولە پاشان بوو بە مامۆستا وێە کاتی (موعامەلاتی سجنی سیاسی) هاوری کەمال لە پاش 51 ساڵ یەکێك لە شاهیدەکانم بوو.

لە رۆژی دووەمدا بردمیان بۆ ئاسایش(ئەمنی) سلێمانی و یەکسەر بۆ ژووری ئازاردان و لە پاش دوو رۆژ گێرامیانەوە بۆ تەوقیفخانەکەو، بۆ ماوەی سێ چوار مانگ هاتووچۆیان پێئەکردین لە نێوان ئەمنی سلێمانی و ئیستخباراتی عەسکەری (سەربازی) لە کەرکوك و لە کۆتاییدا لە سلێمانی حجز کراین و، لەو ماوەیەدا هاوری کەمال ئازادکرابوو، هاورێیەك خوی ناساندو وتی من ئەحمەد غەفورم وەرە ژوورەکەمان و رۆشتم ولەوی هاورێیەکی تر قوتابی ئامادەیی پیشەسازی سلیمانی بە ناوی فاتح فەرەج ـ هاوریێیەکی هەورامی بوو و سێ قۆڵی دامان کوتا و لە دووایيدا زانیم هاوری ئەحمەد غەفور بەرپرسی حزبە لە سلێمانی و، رۆژانە هاوری ئەحمەد ئامۆژگاری ئەکردین و لە میانی قسەکردندا ئەیوت پێویستە شیوعی ئامادە بێت بۆ خۆ بەختکردن لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی گەل و نیشتمان و هەموو کاتێك وەرەی بەرز بێت و بوێرانە لە گەڵ رژێمە سەرکوتکەرکان و دوژمنان رەفتار بکات و، زۆر حەزی لە نوکتەو قسەی خۆش بوو لە گەڵ فاتح گاڵتەو گەپیان گەرم ئەکردو منیش سەرفرازانە لە گەڵیاندا کاتمان بەسەر ئەبردو، شایانی ئاماژەیە فاتح فەرج لە پاش 51 ساڵ لە هەورامانەو هاتیە سلێمانی و یەکێکی تر بوو لە شاهیدەکانم.

لە پاش سێ مانگ هاوری ئەحمەد غەفور ئازاد کراو من و فاتح ماینەوە. بەندیخانەی سلێمانی پێنج شەش شێتی لێبوو، کاك نوری

وەشتی لە گەلیاندا گونجاو بوو، رۆژکیان وتی من بەرپرسی شتەکانم و ناهێم گاتەیان پێبکرێت و، تاقمێکی هەرچی وپەرچی رۆژ تا ئێوارە گاتەیان بەو داماوانە ئەکرد بێ نموونە یەکێکیان ناوی فارس بوو ئەیانهێناو لە سەر لێواری دیوارێك دایان ئەناو وبە شەق لێیان ئەدا ئەگەر کەوتە خوارەوە هیچی ناوت بەێام ئەگەر نەکەوت عانەیەکی بدەنێ (عانە چوار فلس بوو) و، فارس گەنجێکی جوان و مەرد بوو لە گەێ لەقەیان لێیئەدا کتوپر ئاواری ئەدایەوەو ئەیوت بێنە عانە و، بە پێچەوانەی فارس کەمەیك سەرسەری لەوی بوون لەقەیان لە گازەرەی پشتی فارس ئەداو فارس وەك پایە وابوو لە شوێن خێی جوەی نەئەکرد بەێام بە گەلە کەمەك ئەیانخستە خوارەوە، ئەو تاقمە شەوو رۆژ یاری کێنکەنیان ئەکرد یان گاتە بە زیندانییەکانی تر.

رۆژکیان یەکێك لە سەرسەرییەکان رووی لە من کردو جنێوێکی پیسی بە حزبی شیوعیداومنیش یەکسەر بەبی وەستان بێکسێکم کێشا بەناو دەمیداو ویستم زیاتری لێبدەم و، ئەوەندەم زانی لە هەموو لایەکەوە شەق وبێکسم بێ یێت و، لەو کاتەدا کەمەێك جوتیاری دێی چەرمەگا لە گەێ فایەق ئاغا لەوی بوون و، گوێم لە کاك فایەقی حاجی شەریف بوو وتی کورینە هەستن و، ئەوەندم زانی ئێمە سەرکەوتین و لەو کاتەدا عەریف عەلی و عەریف کازم لە گەێ کەمەیك پێلیس هاتنە حەوشەی بەندیخانەکە ولەمنیان پرسی چییە و منیش وتم ئەمانە بە کەمەێ لە منیانداوەو هەردوو عەریفەکە منیان خێش ئەویست بەدار بەربوونە گیانی سەرسەرییەکان و، منیان برد بێ لای مفەوزی پێلیس حەعفەرو کە چوومە ژوورەوە رەفێق چالاك لەوی دانشتبوو جەعفەر وتی دانیشەو رووبکردە رەفیق چالاك و بە عەرەبی وتی کمل حدیثك واتە (قسەکەت تەواوکە) و، چالاك وتی هیچم نییەو، رووی لە من کردوتی چێن ئەو شەرە رووبداو منیش وتم : من لە حەوشەی سجن پیاسەم ئەکردو وعمر بەهاو هاتە نەنیشتم و جنێوی بە حزبی شیوعیداو منیش یەکسەر بێکسێکم بوێ هاویشت و بەر دەموچاوی کەوت و خوێناوی بوو ویستم زیاتری لێبدەم ئەوندەم زانی لە هەموو لایەکەوە شەق و بێکسم بێ یێت و ئەوە نەخشەی بێ دانرابوو، رەفیق چالاك بە مفەوەزی وت گوێت لێبوو، منیش بە جەعفەرم وت تێ ئەزانی من لە سەر شیوعییەت گیراوم و دراوم بە المحکمه العسکریه الخاصه (دادگای سەربازی تایبەتی) و ئەێن ئەوەی فیشەکێکی پێگیرا بێت لە سێدارەی ئەدەن و، من کەمەێك تاوان دراوتەپاێم: رومانەو دوربین وپێداویستی سەربازی و کەمەێك رۆژنامەو شتی ترو لە سێدارەکەم مسۆگەر کردووەو ئیتر بێ لەم بەدەێانە بترسم ئەگەر کاك فایەق حاجی شەریف و جوتیارەکان ناوژیان نەکردایە منیان ئەکوشت و جەعفەر وتی بعد (ئیتر) منیش وتم ئەوە

ئیفاده (قسەی منە) بۆیە داواکارم بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس ئاگادار بکەن و ڕەفیق چالاك وتی نا، با سوێند بکەن و(ئاشتبینەوە) وتم بەڕێز جەعفەر من سوێند ناوێت و ئەوانەی دەستیان هەبوو لەو نەخشە گێاوە بە پلەی سەرەکی ئەمانەن : ڕەفیق چالاك (دانەری نەخشە)، عمر بەهاو، غەریبی ئەمینی بووك جەمالی داروغاو کەمەکی تر ناوەکانیان نازانم و، ڕەفیق چالاك زۆر هەوێدا بەڵام بۆسوود بوو جەعفەر ئامەی نارد بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس ولەوی منیان بانگکردو هەرچیم لای جەعفەر وت ڕاشکاوانەو لەوەش زیاترم باسکردو ئەوانیش یەك بە یەك بانگکران و دیارە هەندێکیان لەلایەن پۆلیسەوە ناسراو بوون و ئەفسەرەکەی پۆلیس بە زلەو قامچی و دارحەیزەران بەربووە گیانیان و تفی کردە ناوچاوانیان و، ئەم لێکۆڵینەوەو ئیفادانە (ئاخافتنی هەردولا) ئەنجامی بۆ دادوەرو گەراینەوە بۆ بەندیخانە و جەعفەر ڕوویکردە سەرسەرییەکان و وتی: هەر جولەیەك بکەن بەشەق و دار سەرتان خوێناوی ئەکەم. تامردن پیاوەتی و مەردایەتی و جوامێریی فایەقی حاجی شەریف و جوتیارەکان لە بیرناکەم.
جارێکیان شەقاوەیەکی (سەرسەری) ئاسك قورسیان بەناوی عەلی مامە لە بەغداوە نارد بۆ سلێمانی و هاوکات چوار مامۆستای جوان لە بەندیخانە بوون و عەلی مامە ئەیویست لێیان نزیك بێتەوەو کاری خراپە ئەنجام بدات و، من و فاتح بووین بە ئاشکگر بە نارە چاودێریمان ئەکردو، عەلی مامە لە تەوقیفخانەی (تەویلەکەی) کەرکوك یەکمان گرتەوەو لەوی بە شیوعی و پارتی و جەلالی لێماندا نووسینێکی تایبەتی ئەوێت.

19/5/2020

پەراوێزەکان :
*خێزانێکی ناسراوی دەربەندیخان و، لەم خێزاندا لاوێکی خوێن گەرم و ئازا وقارەمان بە ناوی { ڕەفیق حاجی حسەنکەریمی زێرات} شەهیدی حزبی شیوعییە.
**هاوری مەلا عەلی نامەیێکی بۆ ناردم لە گۆڕی پسووڵەی گواستنەوەی محەمەد ناوێک (ڕەیس عورفا) لە کۆتیبەی (٣٢) لە دەربەندیخان و، هەوڵ بدە لە گەڵ هاوڕیانی سەرباز ڕزگاربخەیت، ڕەیس عورەفا دەرکەوت چەکاوخاری ڕژێمە و هەڵەکە لەلایەن هاوری مەڵا بوو.
***هاوری عەول کرێکاری { فەراشی } پۆلیسخان و بەڕێوەبەری ناحیە بوو، لە خێزانێکی هەژارو زەحمەتکیش وکاك حسەینی بریپیچ لە شیوعییە دێرینەکانە.
****خەڵکێکی زۆر پیاوو مەردی ڕۆژانی سەخت بوون و کەس باسیان

ناکات و کاك خسەینی حەمەرەش یەکێك لەومەردانەیەو ماڵیان لە سلیم پیرك چەپ و نزیکی جادەی تونیلەکەی سەرەوەو دەربەندیخان بوو، بەریدو ڕۆژنامەو بەیانی ئەهاتە ماڵیان و لێیان وەرئەگیراو چی بێ دەرەوە بوایە لە لایەن ئەو بەرێ ئەکرا.
*****تەوقیفخانە (سجن الموقف) لە سەروی خەستەخانەی سلیمانی بوو، ئێستا باغی دایکە، دیوارێکی بەرزی هەبوو و برێتی بوو 7 ژوورو هۆڵ و حەوشەیەك لە چاو بەندیخانەکانی جەلەولاو بەغداو تەویلەخانەکەی کەرکوك تەلاری شاهانە بوو.
.

لە پارەزانەوە بۆ بانە … ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان

پارەزان ئەکەوێتە بنار شاخێکی سەخت و چەند ماڵێکی کادیرو پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی لێبوو کاتێك لەوێ بووم بیستم ماڵی کاکە حەمەی حاجی مەحمودیش لە پارەزانەو ئەو کات کاکە حەمە یەکێتی بوو بەرپرسی پێشمەرگەی ئەو ناوچەیە بوو خەڵکی دێکە وتیان بۆ ئەنجامدانی کارێك چووەو، لە شەوی دووەم لە پاش نانخواردنی ئێوارە کاکە حەمەی قاینەجێی وتی ئامادە بە ئەمشەو بەرەو بانە لە گەڵ پێشمەرگەیەکی خۆمان ئەچێت و، دەوروبەری کاتژمێری هەشتی شەو کەوتینە ڕێ و پێشمەرگەکە بۆ چەك بوو خۆی ناساندو وتی ناوم کامەرانە کوری خەلیلی چایچیم و منیش یەکسەر وتم چاخانەکەی لە نێوان مزگەوتی گەورەو قادرمەکانە وتی چۆن ئەزانیت وتم نزیکە لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی جێی کارەکەم و نزیکەی کیلۆمەترێك لە دێی پارەزان دوورکەوتبوویتەوەو لە پر کامەران وتی بابگەڕێنەوەو ئاسك ئاسا بە راکردن گەرایەوە بۆ ناو دێ و منیش هێواش هێواش گەرامەوەو لە نزیك دێکە گوێم لە هاوارێك بوو کێیت زەلام و منیش وتم میوانەکەی ماڵی کاکە حەمەم و کە گەیشتمە ناودێ قیامەت هەسابوو خەڵکەکە پەرتەوازەو کامەران وتبووی سوپاو جاشم بینیوەو لە منیان پرسی ئایا سەربازم دیوە وتم هیچم نەدی و

براده‌ری به‌رپرس وتی مه‌شه‌ژن و هه‌موو گه‌رانه‌وه ناو دێ و براده‌ره به‌رپرسه‌که وتی خۆم زانیم هیچ نییه‌و ئه‌مه‌ش یه‌که‌مجار نییه کامه‌ران وامان لێئه‌کات.
له پاش مانه‌وه‌ی سێ رۆژ له پاره‌زان له به‌ره‌به‌یانی رۆژی چواره‌م من و کامه‌ران که‌وتینه ڕێ و کامه‌ران باسی ئازایه‌تی و پاڵوانێتی خۆی ئه‌گێرایه‌وه‌و گه‌یشتینه دێی چناره‌و له‌وێ به پێله‌پێل نانمان خواردو خه‌ڵکی دێکه له ترسی سوپاو جاش ترسیان لێنیشتبوو، به ده‌م قسه‌کردن گه‌یشتینه دێی چاڵه خه‌زێنه‌و له‌چه‌م به‌رێنه‌وه‌و نزه‌ری شاخی سوره‌بان هات و که‌مێك سه‌رکه‌وتین له‌سه‌ر کانیاوێك جوگه‌له‌یه‌کی ئاو ئه‌هاته خواره‌وه سه‌دان که‌سی لێبوو له گه‌ڵ ژماره‌یه‌کی زۆر هێسترو ئه‌سپ و له‌وێ زانیم ئه‌مانه‌شتومه‌کی ئۆران و عێراق ئالوگۆر ئه‌که‌ن و پییان ئه‌وترێت قاچاغچی وله‌وێ چامان خوارده‌وه کامه‌ران وتی چێنه به سواری هێستر برۆن وتم زۆر باشه‌و ، کامه‌ران دوو هێستری هێناو خاوه‌نی هێسته‌که که خۆی سواری هیستری سییه‌م بوو هاواریکردو ئاماژه‌ی بۆ یه‌کێك له هێسته‌کان کردو وتی زۆر چه‌مووشه وریا بن ، منیش هێسته چه‌مووشه‌که‌م به‌رکه‌وت و خاوه‌نه‌که‌ی پێیتا پێیتا دووباره‌ی ئه‌کرده‌وه وریابه وریابه‌و به‌سه‌لامه‌تی له بنکه سه‌ربازییه‌کانی به‌عس (ره‌بایا) گه‌یشتینه دێی چه‌مپاراوو شۆفیرێك لای لاندره‌ڤه‌رێك وه‌ستابوو ئه‌یوت بانه دوو نه‌فه‌رو ئۆمه‌ش، من وکامه‌ران سوار بووین و له پاش 35 خولەك گه‌یشتینه شاری بانه، شارێکی خنجیلانه و رازاوه‌و جوانه و وەك سلێمانیه به‌ئام بچوکتر.
له بانه به‌ریز کاك سه‌لاح حاجی ره‌فیق (سه‌لاحی موهه‌ندیس) به‌رپرسی پێشمه‌رگه‌کانی یه‌کێتی بوو ، بۆ یه‌که‌م جار یه‌کترمان بینی و که زانی شیوعیم به گه‌رمه‌وه پێشوازی لێکردم و ئاو چام خوارده‌وه‌و وتی داوای لێبوردن ئه‌که‌م هاورێ و ئه‌مرێ کارم هه‌یه‌و له شار نامێنم و ئێستا ئه‌بێ برۆم و، به یانی میوانی منی و شاری بانه‌تان پیشان ئه‌ده‌م و، منی له ئوتێله‌که به‌جێهێشت و، له ئوتێل دابه‌زیم چوومه که‌بابخانه‌یەك و خاوه‌نه‌که‌ی وتی چی ئه‌خۆن و، وتم که‌باب وتی چلوکه‌باب و منیش وتم به‌ڵێ و نه‌مزانی چلوکه‌باب چییه که هات قاپێك برنج و دوو که‌بابی سی چل سانتیمه‌تری له سه‌ره‌و پەردا‌خی پچوك دێو وقاپێکی بچوك شله (خۆرشت) و، منیش زۆرم برسی بوو وتم برا گیان ئه‌م پەردا‌خه بکه به چه‌ند پەردا‌خێك بیکه‌ره ناو چامێك و ئه‌م شله‌یه‌ش بکه ناو قاپێکی گه‌وره‌و که‌بابێکی ترم بۆ بێنه و، کاکه برا چۆنم وت کردی و، دوای نانخواردنه‌که که‌مێك دانیشتم و پەردا‌خی چام خوارده‌وه‌و، هه‌سام و پاره‌م ده‌رکردو خاوه‌ن چیشتخانه‌که وتی پاره وه‌رناگرم وتم بۆ کاکه که‌س پاره‌که‌ی داوه وتی نه‌خێر میوانی منیت و له سلێمانییه‌و هاتوویت و هه‌رچیم کرد پاره‌که‌ی وه‌رنه‌گرت و، ده‌رچووم

لە بازار کراسێکی قاوەیی ڕەنگ و چووتە پێناو خاولییەکی مامناوندی و سابون وتاقمی ریشتاشینم کریی و لە ئوتێلەکە گەڕماوێکی بچوك هەبوو خەم شوردو ریشم تاشی و، لەی خەوتم تا بەرەبەیان خەبەرم بووەوە.
دەوروبەری کاتژمێر هەشتی بەیانی کاك سەلاح هاتە ژورەکەم و کەمێك دانیشت و وتی بابڕۆین و، لە ئوتێلەکە دابەزین و ئوتۆمبێل وەستابوو سێ قاپی چووین بۆ کەبابخانەیەك کتومت وەك ئەحەی گوێەی جکەرفرۆش لە سلێمانی : گۆشت، جگەر، دڵ، کورچیلەو شتی ترو نانمانخواردو ڕوومانکردە چیایی ئارربابا زۆر بڵند نەبوو بەڵام قەشەنگ و دڵگیر بوو، ئیتر نیوەڕۆ لە ماڵی خاوەن ئوتۆمبێلەکە میوان بووین و، لە قسەکردن وتم کاك سەلاح ناوتم بیستووەو ئەتناسم و، وتی چۆن ؟ وتم خزمایەتێت هەیە لە گەل خۆزانی عەباسی برام وتی ڕاستەو زۆری پێخۆش بوو، لە پاش نانخواردن زۆر شوکرن گەراین و ناوەکانم لە بیرچووە و، بانە ئاوێنەی مژووی کوردانە شارێکی ڕەنگین و ڕازاوەیە، گلێنەی چاوی کوردانە و هەموومان گومان لە دەنگە خۆشەکەی هونەرمەندی گەورەی کورد عەباس کەمەندی بووە کە ئەڵێت : گوڵی زەردو سووری سێیمان بەگی بانە و، لەدووایيدا لە شارباژێر بە زۆری لە دڵهاتی چنگیان و باراوو وندەرێنەو حاجی مامەند لە گەڵ کاك سەلاح یەکمان بینی وجاروبار بە ڕکەوت مەفرەزەکانمان : حزبی شیوعی و یەکێتی نیشتمانی یەکمان ئەگرت و جێی داخە سەلاحی حاجی ڕەفیق (سەلاحی موهەندیس) شەهید بوو.(ماویەتی).

16/5/2020

داعشی تیرۆریست هێشتا جێی مەترسیە ... ئەحمەد ڕەجەب

لە عێراق هێشتا مەترسی سەرهەڵدانەوەی داعش هەیە و کۆتایی پێنەهاتووەو شانە نوستۆکانیان چالاکییان هەیەو سەرباری ئەو گورزە بەهێزانەی بەریکەوتن تا ئێستا بایەخ بە بڕەودان بە چالاکییەکانی ئەدات و، ئەیەوێت بگەڕێتەوە سەرکردەوە تیرۆرستییەکانی وەك جاران.

حەیدر عەبادی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق لە پاش شەرو ئازادکردنی شاری موسڵ و، پێش ئەوەی کورسییەکەی بەجێبهێڵێت لە 9 ی کانونی یەکەم (دیسەمبەر) ی 2017 رایکەیاند داعش کۆتاییهات و، دوا بەدوای عەبادی بە چەند رۆژێك رێناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا بۆ فڕمی ڕایگەیاند کە خەلافەتی داعش لە عێراق و سوریادا کۆتایی پێهاتووە، هەردووکیان درۆیانکردو، وا نزیکەی دوو ساڵ نیو تێئەپەڕێت و هێشتا داعش لە ناوچە سنووریيەکانی عێراق و سوریاو پارێزگاکانی کەرکوك و سەڵاحەدین و ئەم ناوچانە داقوق و مەخمورو خانەقین و نەفتخانەو شیخ باوەو دوبزو شوێنی تر ماوەو، دەسەڵاتی فراوانی هەیەو لە هەندی ناوچەش هێرش ئەکات و هێزەکانی حکومەت دێش داماون و هیچیان پێناکرێت.
خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) رفتاری نامرۆڤانەی زۆری ئەنجامداوەو ، خەڵکێکی سڤیلی بێتاوانیان کوشت و سەدان و هەزاران کەسیان گرت وزیاتر لە حەوت هەزار کج و ژافرەتی ئێزدی و کریستانیان گواستەوە بۆ شوێنی نادیار زوربەیان وەك کۆلەو کەنیز فرۆشران و، ئێستا لاوازو بەهێزن و، توانای شەری ڕووبەڕووبۆنەی ڕاستەوخۆیان وەك جاران نەماوەو بەتایبەت لەو شوێنانە پێشمەرگەی کوردستان بە هۆی ڕووداوەکانی 16 ی ئوکتۆبەری 2017 چەککردووە ئەکبیش و چالاکن و ئیسلامییەکان بە زۆریی تاقمی سەرلێشواوی ئیخوان الموسلمین کە جاشی رژێمی تورکیان، شانازی بە داعشەوە ئەکەن و، پروپاگەندەو ریکلامیان بۆ ئەکەن و ئەمن داعش ڕێکخراوێکی توکمەیە و بەهێزە و، توانا سەربازییەکانی هێشتا تێکنەشکێنراون و، توانای هێرشکردنی هەیەو، سوپای عێراق و حەشدی شەعبی توانای کۆنترۆڵکردنیان نەماوە.
چالاکییە تاوانکارییەکانی داعش لەم دووایيەدا چەندین پاریزگای گرتەوەو نزیك ناوچەکانی بەغدای پایتەخت بووەوە، ئەم تاوانە مەترسیدارانەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەڕاوکێی لە ناو خەڵك دروستکردووەو هەندێ سەرچاوە باس لە هاتنەوەی سەرلە نوێی ئەکەن و لە موسڵ باج و سەرانە وەرئەگرن و ئەوەش کەموکوری وسیستی نواندنی هێزە سەربازی وئەمنی و هەواڵگیرییەکانی عێراق دەرئەخات وئاماژەیە بۆ هەوڵدانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکە بۆ کۆکردنەوەی ئەو تاقمە سەرلێشواوانە کە پرشوبڵاو بوونەتەوە.
سەرهەڵدانی داعش و پەرەسەندنی چالاکییەکانی کەم تەرخەمی وسیستی نواندنە بەرانبەر بە کردەوەی ڕۆژانە و نەخشەکانی داعشە و، نەبوونی ڕێکخستن و هاوکارییە لە نێوان دامەزراوەکانی هێزی چەکدارو ئاسایش و حەشدی شەعبی و پێشمەرگەیە و هەموو دەرهاویشتەکان کە دەستکەوتووە ڕێکخراوی تیرۆریستی هەوڵئەدات هیزو

شانە نووستووەکانی لە ناوچە ئازادکراوەکان کاراو چالاك بکاتەوەو خەڵکی ئەو ناوچانەش تا ئێستا لەلایەن حکومەتەوە هیچیان بۆنەکراوەو باریان قورسەو ئەوەی داعش داگیری کردو تێکیدا وەك خۆی ماوەتەوەو نۆژن و بینا نەکراوەو کۆچبەرکان نەگەڕاونەتەوە بۆ شارو دێهات و ئاوییەکانیان و هەڵی کاریان بۆ نەڕەخساوەو فایەل و دوسیەی هەزاران بەسەروشوێن و زیندانیانی خەڵکی ناوچەکان کەبەکەکراوەو دەستکاری نەکراون.

بەرامبەر بە مەترسییەکانی داعش پێویستە بە سیستەمێکی بتەوو یەکگرتوو لە رووی سیاسی وئەمنی وئابوورییەو، سنورێك بۆ زۆرانبازی بەرتەسکی حزبێنە دابنرێت و بایەخ بە هاوڵاتیانی ناوچە ئازادکراوەکان لە داعش بدرێت و چارەسەری بۆ دوسیە تایبەتییەکانیان بدۆزرێتەوەو لە رووی ئەمنییەوە پێویست بە وریایی ئەکات بۆ بەرنگاربوونەوەرشکردن بۆ سەر شانە نووستووەکانی و تێکدانیان.

پێویستە حکومەتی ناوەندو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی باش بۆ هاوکاری سەربازی و ئەمنی دروست بکەن و ڕێگا بە داعش نەدرێت سوود لە خاڵە لاوازەکانی نەوانیان وەربگرێت.

راونانی یەکجارەکی ڕێکخراوی داعشی تیرۆریستی و لەناوبردنی بە تەواوەتی شەری هەمووانە لە ئاستی عێراق وگشت وڵاتان و، پێویستە هەرچی توانا هەیە لە دژی بەکار بهێنرێت و پەردە لە سەر نەخشە گاوەکانی لابببرێت و بواری پێنەدرێت پرۆژە چەپەڵەکانی تێبپەڕێن.

گەندەڵی هەڵاوێردکی گەورەیە لەسەر عێراق و گروپە چەکدارەکان لەدەرەوەی یاسا کارەکانیان دەکەن و پێویستە حکومەتی عێراق چەکی میلیشیاکان دامالێت کۆنترۆیان بکات.

لە 5 ی کانونی دووەمی (جەنیوەری) 2020 بەرلەمانی عێراق بەبۆ کوردو سوننەکان بە فیتی ئێران دەنگیاندا بۆ دەرکردنی هێزی سەربازی ئەمریکاو هاوپەیمانان لە عێراق و، لەمڕدا حزبە شیعەکان گەڵەیان کەوتوەتە لەژی و ترسی داعشیان لێنشتووە پەشیمان بوونەتەوەو بە دەنگی بەرزو ڕاشکاوانە ئەڵێن ئەمە زەر پێویستیمان بە ئەمریکایە لە سەر ئاستی ئابووری و تەندروستی و ئەمنی بۆ ئەوەی بتوانین داعشی تیرۆریستی لەناوبەرین.

13/5/2020

لە مریاسەوە بۆ پارەزان … ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان

بەیانی زوو لە گەڕ کاك کەریم مریایسی گەیشتینە مریاس و چووینە ماڵی خاڵی کەریم و لە پاش نانخواردنی نیوەڕ من و کەریم و کاك جەلالی خاڵزای پیکەوە ڕێیشتین بۆ ناو ڕەزو باخەکەیان لە نزیکی دێکەو لە پاش کاتژمێریك 10 ــ 15 سەرباز هاتن و یەکسەر بە عەرەبی وتیان یەڵا بۆ ناو دی و، بە کەریم و جەلالم وت مەشەژن و ئێمە (من و کەریم) میوانین و هەردوکمان ناسنامەی بەڕێوەبەرایەتی سلێمانیمان پێیەو، گەیشتینە دێکەو لە هەموو لایەکەوە خەڵکیان کۆ کردەوەو موختار چووە پێشەوەو لێیان پرسی ئایا موخەرەبین (تێکدەران) مەبەستیان پێشمەرگە بوو هەیەو، ئەفسەرەکە مرۆڤێکی هێمن و لە سەرخۆ بوو تەماشایەکی کردو وتی بابڕۆن و دێکەیان بەجێهێشت و ئێمەش بەبێ پرسیار رزگارمان بوو.

شەو بە جەلالمان وت بەیانی زوو بۆ کوێ بڕۆین ؟ جەلال لە ڕۆژی دووەم بەیانی زوو لە پێش نوێژی بەیانیان ئێمەی بردە ناو ڕەزێك لە خۆرهەڵاتی دیکەو وتی: لێرە بن ئەگەر پێشمەرگە هات یەم ئاگادارتان ئەکەمەوەو چوو، گەرما کەمە کەمە هەڵکشاو لە نیوەڕۆدا بۆ بە ئاگرو ئاوی خواردنەوەمان نەماو منیش بەبێ ئاو هەناکەم و دەوروبەری کاتژمێر سێ جەڵال هات و وتی با برۆینەوەو هیچ پێشمەرگەیەك نەهاتووەو، شەو بریارماندا بەیانی زوو لە دێ دەرئەچین ، هەر وامانکردو، لە پێش بانگی بەیانیان بەرەو دی قەویلە کەوتینەڕێ و، گەشتینە ناودی و، کەریم خەڵکی ئەناسی و پرسیاریکرد ئایا پێشمەرگە یێتە ناودێ ، لە وەڵامدا وتیان جاش و سوپا زوو زوو سەردانی دێکەمان ئەکەن و، دوو پێشمەرگەی یەکێتی بە سەر ئەو یاڵەوەیە پیاوچاکبن زوو برۆن و، ئێمەش بەرەو یاێ کەوتینەڕێ و، یاڵەکە شاخێکی بەرز بوو هەرچەندێك بێت خۆمان گەیاندە سەری یاێ و، کەریم کەوتە گەران ولە دووڕەوە بە ئاسپایی بەدەستراوەشان بانگی کردم و گەیشتمە لای کەریم و، بینیمان دوو کەس چەکەکانیان بە دووری دوو سێ مەتر لە پەنابەردیکدا داناوەو خەوەکەیان خوش بوو، کەریم زۆر بە هێمنی وتی : برادەرینەو لەپر دوو برادەرەکە هەستان و بە شپرزەیی دەستییان گەیشت بە چەکەکانیان و، بە دەڕاوکێ وتیان ئەوە کۆن و بۆ هاتوون بۆ ئێرە؟ و، کەریم وتی من خەڵکی مریاسم و، لە دی قەویلە وتیان برۆن لە سەر ئەو یاڵە پێشمەرگەی لێیەو، ئێمەش

هاتووین ببین به پشمەرگە و رەمان پیشانبدەن و، ئەوانیش وتیان ئا لەم دێهەوە بچن بۆ پارەزان و، لەوی پشمەرگە وەرئەگرن.
ئیمەش دووقۆڵی بە دێی گەڵا کەوتینەڕێ و، لە سەرەوە تیشکی بەهێزی هەتاوو قژی ئەسوتاندو لە خوارەوەش لە گەرمی دێهەکە بردەکان گریانگرتبوو ئاوی خواردنەوەش نەبوو هەرئەڕێشتین دێ کۆتایی نەهات و ، پێاوێکی تورکیم لە پێکردبوو گازی لە پەنجەکان و پاژنم ئەگرت و، لە پاش ڕێکردنێکی زۆر گەیشتینە کۆرەکانێك ئاوەکەی دێپ دێپ ئەکەوتە خوارەوەو پربوو لە مێشوولەو مێش و زاڵوو منیش یەکسەر لەناو قورو لیتاوەکەی ڕاکشام و کەوتمە هەمژینی ئاوەکەو کەریم هەرچی بانگی کرد ئاوەکە پیسەو زاڵوو ئەتکوژێت و هەوێدا نەیخەمەوە بەڵام بسوود بوو، لە پاش دێی گەڵا نارەی بەرزایی و شاخ هات و لە یەکەمین شاخ سەرکەوتین و دیاربوو شونەواری دێیەکی چۆڵگراوبوو حەوزێکی ئاوی لێبوو بە جل و پێاو وپارەو هەرچیم پێبوو خەم هاویشتە ناو حەوزەکە کەریم لای سەیر بوو وتی کەمێکیتر هەتاو نامێنێت و سەرمای ئەم شاخانە ئەتکوژێت وتم : تازە کار لە کار ترازاوەو، پاشان سەرکەوتین تا کەیشتینە کەپرێکی بچوك کچێك و خاڵو تالیبیی باوکی لێبوو لە گەڕأنیکی مەرو بزن و سلاومانکردو ئاگرێکی کەمگریان کردەوەو خاڵو تالیب وتی لە ترسی سپا ناوڕێن ئاگری گەورە بکەنەوەو ئێوارە نانمانخواردو بەبێ پێخەف خەوتین و من لە تاوی سەرما تا ڕۆژ بووەو چەقەی دانم هەراسانیکردم و، نان وچامان خواردو شاخ بە شاخ تا سەرکەوتین و لە دواییدا شار بوینەوە بۆ ناو دێی ڕەزێە و، لای حەوزە ئاوەکەی پێنج شەش پشمەرگەی لێبوو، یەکێکیان بانگیکردم و منیش لێی نزیك بوومەوەو پرسی ناوت چییە ؟ بۆچی هاتوویت ؟ نیازت چییە؟و منیش بەم هات وتم ئیمە نامەمان پێیە بۆ برادەرانی پارەزان و ئەبین بە پشمەرگەو ئەوان بۆیان هەیە ئەم پرسیارانە بکەن و، کابرا زیتبووەوەو بە تووڕەییەوە ویستی درێژەی پێبدات و کەریم وتی ئەو پیاوە لە حزبێکی تڕەو هاتووەتە دەرەوەو کابرا هاواریکردو وتی تۆ کێت ولە کام حزبێت، یەکێك لە تەنیشتی دانشتبوو وتی وازیان لێبینە با بڕۆن و، ئەمە یەکەمین جارە دوای بەعسییەکان بەم شێوەیە ڕەفتارم لە گەڵدا بکات و کارا هەمن بووەوەو ئیمەش بەردەوامبووین لە ڕێکردن تا گەیشتینە پارەزان دێیەکی جوان و قەشەنگ و ڕازاوەو خەڵکەکەی دەم بە پێکەنین بوو پێشوازییان لێکردین و فەرمو فەرمو چووینە ماڵ کاکە حەمە جەزای قاینەجەیی و من مامەوەو چەکیاندا بە کەریم و خواحافیزی لێکردم و چوو، لە بەر چاش و سوپا بەیانیان زوو چەکدارەکان و خەڵکی هەڵاتوو لە سوپای عێراق لە دێ ئەچوونە دەرەوە تا دەوروبەری نێوەروو ئەگەرانەوە و منیش لە گەلیاندا ئەڕێشتم و

سەر ڕۆژ لەوی مامەوە. { ماویەتی}.

10/5/2020
تێبینی : بە داوای لێبوردن لە نووسینەکەی پێشتر بەناونیشانی : لە کارگێی چنینی کورانی هەولێر بۆ پەروەردەی سلێمانی وتوومە لە ناوەراستی مانگە تەموز گەرامەوە سلێمانی و راستییەکەی سەرەتای مانگی تەموز گەرامەوە.

ڕۆژی سەرکەوتن بە سەر بیری بۆگەنی هێتلەردا … ئەحمەد رەجەب

ڕوسیاو وڵاتانی یەکێتی سۆڤێتی جاران و حزبە شیوعییەکان و هێزە چەپەکان وهەموو پێشکەوتوخوازانی دونیا هەموو ساڵێك بەبۆنەی 9 ئایار { مای} ئاهەنگ ئەگێڕن وئەم ڕۆژە پیرۆزە ڕۆژی سەرکەوتنە بە سەر نازییەتی ئەڵمانیاو فاشیزمداو لەمرۆژەدا لە ساڵی 1945 سوپای سوورو گەلانی یەکێتی شارەوی جاران و هەزاران تێکۆشەری وڵاتان توانیان شکست بە نازییەت بێنن لە پێناو ئازادکردنی گەلانی دونیا لە ژێر چنگی نازیزمە ئەڵمانییەکان و جێی ئاماژەیە بە هێی ئەو شەرە چەپەڵەوە زیاتر لە ـــ 50 ـــ ملیۆن کەس لەناو چوون.
ئایدیۆلۆژیای فاشیزم بریتیە لە گشتگەرایی واتە سەرۆك یان پارتێکی سیاسی هەموو مافێکی هەبێت دەست بگرێت بە سەر هەموو جومگەکانی وژیان، بەسەر خەڵك و هەموو داموودەزگاکان و میدیاکان و ، خەڵك بە کۆمەڵە بزانێت و، بۆ خزمەتی بەرژەوەندی خودی خێی بەکاریان بێنێت و، ماف و ئازادییان لێ زەوت بکات و، نابێت کەس ئازادو خاوەن مولك بێت و، نازییەتیش بانگی تۆندوتیژی دژ بە باوو نەریتەکانی ئەڵمانیای بەرز کردووە و، فاشیزم و نازیزم سەرکیان بە (پەرستگارو موقەدەس) ناسیوە بە شێوەیەك دەسەڵاتی بە سەر هەموو لایەکدا هەبێت.
پارتی کرێکارانی نەتەوەیی سۆشیالیست '' پارتی نازییەکان'' بزوتنەوەیەکی توندرەوی سەرلەشێواوی سەرکێش دژ بە دیموکراتییەت و

شیوعییەت بوو، لە ئەڵمانیا لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم دروست بوو، ئەم پارتە بە سەرکایەتی ئەدۆلەف هیتلەر لە ساڵی 1933 دەستی بە سەر دەسەاتی وڵاتی ئەڵمانیا گرت وەك رژێمکی دیکتاتۆری سەرکوتکەر ڕەفتاری کردو، هتلەرو یاوەرەکانی پرسەی چەپەڵی جینۆساید (هۆلۆکۆست) یان دەرحەق 5 هەزار جولەکە بە سوتاندنیان بە ئاگری تەنور ئەنجامدا، بەوەش نەوەستان زیاتر لە 6 ملیۆن غەجەر (کاولی) و کورتە باڵاو کەمئەندامان و نەخۆش وکەسانی سادەیان لەناوبردو، تا ئەمڕۆش ئەو بیروباوەڕە قیزوەنە لەلای حزبە نەتەوەپەرستە ڕاستڕەوەکان و گروپەکانی دژ بە شیوعییەت و چەپگەرا ماوە.

جەنگی دووەمی جیهانی لە 1 ی ئەیلولی {سیبتەمبەر} ساڵی 1939 دەستیپکرد کاتك ئەڵمانیای نازی هڕشی کردە سەر پۆڵەندا، هاوکات ئەم وڵاتانە فەرەنسا، پۆڵەندا، بریتانیای مەزن و وڵاتانی کۆمنویلس بریتانی هاوپەیمانییەکیان دامەزراندو جەنگیان دژ بە ئەڵمانیا ڕاگەیاندو ، لە ساڵی 1941 ئەمریکا پەیوەندی بە وڵاتانی هاوپەیمان کردو، لەو کاتەدا هیتلەر وتی: هەموو کاروکردەوەمان ئاراستەی ڕسیایە { یەکێتی سۆڤێت} ، ئەگەر وڵاتانی ڕۆژئاوا گەل و دەبەنگ بن و، هەست بە کارو پلانی ئێمە نەکەن، ئەوا لە گەڵ ڕوسدا نەڕم و نیان ئەنوێنم ڕۆژئاوا لە ناو ئەبەم و تەختی ئەکەم و، پاشان هەرچی هێزو توانا هەیە لە دژی یەکێتی شۆڕەوی بەکار ئەهێنم و، ئەبێ خاکی نوێ لە ڕۆژهەاتی ئەورپاو ڕوسیا بدۆزینەوەو، ئەوە پۆیستییەکی گرنگە بۆ ئەڵمانیاو, ئەبێ ڕەگەزی ئەڵمانی و ڕەگەزی سپی زاڵ بێت بە سەر ڕەگەزەکانی ترو، ئەبێ دانیشتوانی ڕوسیا بەڕەو ناوچەکانی سیبیریا بڕان و، ئەوانەیان باشن بمێننەوەو، بە توبزی کاریان پێ بکەن و، خودی هیتلەر وەسفی جەنگی نیوان ئەڵمانیا و شۆڕەوی کردو وتی: جەنگی لەناوبردنە لە ڕووی نەژادی و ئایدۆلۆجیاوەو، ئەبێ ئەڵمانیا خاوەن بریار بێت و، هیتلەر لەو باوەڕەدا بوو یەکێتی شۆڕەوی لە ڕووی سەربازییەوە هیچ نییەو بۆ بایەخەو، ناتوانێت بەرامبەر بە سوپای ئەڵمانیا بجەنگێت و، وتی ئەتوانین لە پاش زەنجیرەیەك پرسەی سەربازی بە ئاسانی خاکی شۆڕەوی بە تایبەت خاکی ڕوسیا داگیر بکەن و، هەر ئەو بیرکەیە بوو پاڵی بە هیتلەری نازییەوەنا لە ڕۆژی 3 ی تشرینی یەکەم {ئەکتۆبەر} ساڵی 1941 فەرمانی هەڵگیرسانی جەنگ لە دژی شۆڕەوی داو، ئەوە بوو ڕوسیا چووە ناو وڵاتانی هاوپەیمان.

بەڵێ ، ئامانجی هتلەر لە جەنگە گاوەکەی داگیرکردنی یەکێتی سۆڤێت و جیهان بوو بۆ ئەوەی دەستبگرێت بە سەر سامانی گەلان و، ئەو توانی لە ماوەیەکی کورتدا ئەورووپا بەبێ بەرنگاربوونەوە داگیر بکات و،

کاتێك هتلەری فاشیست هێرشیکردە سەر ئەوروپا سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی جیهانی دووەم بوو .
شەر لە هەموولایەك سەریهەڵداو کوشتن و خوێنرشتن هەرەشەی لە ژیانی خەڵك ئەکردو نموونەی ئەو شەرانە زۆرن بەڵام گەورەترینیان پێش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم بە دوو ساڵ ئەوە بوو لە رۆژی 7 ی تەموز (جولی) 1937 بۆ جاری دووەم چاپۆن جەنگێکی نارەوای بە سەر چیندا سەپاندو چین داوای یارمەتیکرد لە وڵاتان دژ بە ئیمبراتۆرییەتی جاپۆن و ، وڵاتانی سەرمایەداری هیچیان نەکردو تەنها یەکێتی سۆڤێت یارمەتییەکی زۆری بەخشییە گەلی چین، یارمەتی ئابووری و سەربازی و ناردنی پسپۆری سەربازی و جەنگاوەر لە گەل سوپای چین پێکەوە دژی جاپۆن شەر بکەن و، لەو بارەیەوە سەرکردەی چین ماوتسی تۆنگ جەختی لە سەر ئەوەێ کردەوەێ کە چین سەنگ وشوێنی تایبەتی هەیە وەك وڵاتێکی گەورە لە هاوپەیمانی دژ بە فاشییەت و نازییەت و ئیمپراتۆرییەت و یەکێکە لەو چوار وڵاتە سەرەکییە رۆڵی بەرچاوی هەبووە بۆ لەناوبردنی فاشیزم.
لە مانگی نیسانی (ئەپریڵ) ساڵی 1941 سوپای سور ئامادەیی بۆ جەنگ لەگەڵ هێتلەردا دەربری ولە مانگی ئایار (مایێ) لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی سۆڤێت ستالین وتی بارودۆخەکە ترسناکەو لەوانەیە ئەڵمانیا هێرش بکاتە سەر یەکێتی سۆڤێت و، هێرشەکە لەلایەن ئەمریکاو بریتانیا پیشتگیری لێئەکرێت و، وا ئەزانن ئەڵمانیا هێزیکی سەرەکییە و ئەتوانیت یەکێتی سۆڤیت و بزوتنەوەی دیموکراسی لە جیهاندا تێکوپێك بدات
یەکێتی سۆڤێت پێشنیاریکرد هاوپەیمانییەك دژ بە ئەڵمانیا لە یەکێتی سۆڤێت و بریتانیاو فەوانسا پێکبێت و، پیشنیارەکە پشتگیری خراو، یەکێتی سۆڤێتیان بە دوژمنی سەرەکی ناساندو و، وتیان ئەتوانرێت لە گەڵ هتلەر رێکبکەوین و ساڵی 1938 رێکەوتننامەیەك لە نێوان ئەڵمانیاو بریتانیاو ئیتالیاو فەرانسا پێکهات و، سەرمایەی گەورەی رۆژئاوای ئیمپیریالیزم (لە ئەمریکا، بریتانیا و فەرانسا) یارمەتیدەرو هاوپەیمان بوون لە گەڵ نازییەتی ئەڵمانیا و هیتلەر لە پێناو لاوازکردن و تێکدانی یەکێتی سۆڤێت و هەروا هاندان و پاڵنان بە هیتلەر بۆ راگەیاندنی جەنگ لە دژی یەکێتی سۆڤێت و لەناوبردنی و، فەرانساو و بریتانیاو ئەمریکا لەو باوەڕدابوون سوپای ئەڵمانیا لە پێش ساڵی 1941 سیستەمی ئیشتراکییەت لە یەکێتی سۆڤێت هەڵئەتەکێنێت و لە ناوی ئەبات.
[illegible] *20* [illegible] *1944* [illegible]

سۆڤێت و خواست و ئارەزووی سروشتی هاوڵاتیان بوو.
بە هۆی ژاکاندنی*** ئیتنی وکۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی روسیاو ناخۆشییە ئازاربەخەشەکانی و لە دەستدانی دەسەڵاتەکانی سۆڤێت و مەترسی توندوتیژی، ئەمانە ئەوە ئەگەیێنن کە رۆژی سەرکەوتن ئامرازێکی سەرکەوتووەو ئەتوانرێت لە سیاسەتیشدا بەکار بێت.

8/5/2020

تێبینی :

*Национал-социалистическая немецкая рабочая партия پـــــارتی سوشیالیستی نیشتمانی کرێکاران.

- *گیۆرگی کۆنستانتینوڤیچ ژوکۆڤ : *Константи́нович Жу́ков Гео́ргий 1*ی کانونی یهکهم *(* دیسهمبهر ساڵی *1896 ـ 18* حوزهیران *(* جونی *) 1974 Этнический и социальный разрыв нынешнего российского** * ئیتنی وکومەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێستای رۆسیا

زینی وەرتێ و گەمە چەپەڵەکانی تورکیای داگیرکەر … ئەحمەد رەجەب

چەندین ساڵە تورکیا لە هەوڵدانە بۆ زیندوکردنەوەی خەلافەتی عوسمانیلییەکان و بووەتە وڵاتێکی داگیرکەرو نموونەش زۆرن و لە سەرەتادا بە داگیرکردنی قوبرس دەستپێکردو لە پاشان خەڵکی باکوری کوردستانی قەلاچو کردو ئینجا عەفرین و سەری کانی وشارو شارۆچکەکانی رۆژئاواو روبەرێکی فراوان لە خاکی باشوری داگیرکردو رژێمە سەرکوتکەرو رەگەزپەرستەکەی رەجەب تەیب ئەردۆگان بەوانەش نەوەستاوەو لە هەمووڵایەك هەوڵی داگیرکردنی زۆرترەو هەوڵئەدات باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە تەواوەتی داگیر بکات و بەناوی پاراستنی خاکەکەی هەنگاو بە هەنگاو سنوورێکانی خۆی بباتێوێ کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی و لەوەش زیاتر چاوی لە سەر داگیرکردنی موسڵ و کەرکوکە.
بۆردووما نکردنی ناوچە سنورییەکانی باشوری کوردستان لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکان و تۆپخانەکانی تورکیای دوژمن لە ناو خاکی کوردستان بۆ

رەزی و سوکایەتییەکی گەل و نیشتمان و، هەرلایەنێک ڕەگی بەو بەردومانکردنە بدات ئەوە بەشک خیانەتکی نەتەوەییە و جێی ریسواو شەرمەزارییە و، لە راستیدا بەردەوامی ئەو بەردوومانانە بە هەموو شێوەیکانی کارەکی نارەوا و نامرۆڤانیە و ئاسایشی وڵات و خەڵکی گوندەکانی خستوەتە مەترسییەوە بە جۆرێک ناتوانن لە شوێن و زێدی باوباپیرانی خۆیان بە ئارامی بژین و، ئازادانە بەردەوام بن لە کاری ڕەزانیان وەک: کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و هەنگ و بایخدان بە باخ و ڕەزەکانیان.
لە سەرەتای مانگی نیسانی ئەمساڵ لەپر ناوی زینی وەرتێ بوو بە جێی باسکردن وەك ڕووداوێکی گرنگ و، بووە هۆی گرژی و ئاڵۆزی لە نیوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەردولا هێزیان بۆ ناوچەکە جولاندو، حکومەتی کوردستان ئەڵێت بۆ ڕیگری لە پەتای کۆرۆنا هێزمان ناردووەو ئەمەش ڕاست نییەچونکە زینی وەرتێ نزیکەی 50 ـــ 70 کیلۆمەتر لە سنوری ئێران دوورەو کەس بەو لێدوانەی حکومەت باوەڕ ناکات و، خەڵکی ناوچەکە باسی ئەوە ئەکەن کە کەسانێکی بێگانە بینراون ئامۆرو کەرەستەی سیخوری هەواڵگیریان پێ بووە وەك : دەزگای پەیوەندی و بێتەل و کامێراو دووربین و شتی ترو هەندی کەس ئەڵێن بێگانەکان بە زمانی تورکی قسەیان کردووە.
لە نووسینێکی پێشتر ئاماژەم بەوەداوە : تورکیا بەهۆی داگیرکردنی چەندین ناوچەی باشووری کوردستانی بووەتە خاوەن دەسەڵات و سەربەستانە هاتووچۆ ئەکات و، سیخورەکانی لەناو خاکی کوردستان بەئاوکردووەتەوە، پەیوەندی تورکیاو هەرەمی کوردستان لە خزمەتی تاقمی ئەردەگانی تیرۆریست و ئاگپارتییەو، بە پێی بەرپرسانی تورکیاو کوردستان پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ هەرەمی کوردستان، پەیوەندی غازو نەوتەو، هیچ پەیوەندییەکی بە سەربەخۆیی کوردستان نییە وەک بانگەشەی بۆ ئەکەن و، راستییەکەی ئەوەیە ڕوسیا غاز لە تورکیا ئەبڕێت و، ئەوانیش لە هەرەمی کوردستان بە مفت و هەرزان وەریئەگرن، هەروەک چۆن نەوتی هەرەمیشیان بە تاڵان وەرگرتوە، شایانی وەبیرهێنانەوەیە پێشتر (بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر زاری کەمال کەرکوکی ئەندامی مەکتەبی سیاسی باسیان لەوە کردووە کە تورکیا یارمەتیی هەرەم ئەدات بەسەربەخۆیی !).
سوپای تورکیا لەهەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بە قووڵی 30 ـــ 35 کیلۆمەتر هاتووەتە ناو خاکی هەرەمی کوردستانەوە ، ژمارەی ئەو یەکە تورکیانەی لەو ناوچانە وەك زانراوە ئەگاتە 19 یەکە لەگەڵ کەلوپەل و تفاقی سەربازی مەدەرن لە تانك وتۆپی جۆراوجۆرو دەشکاو لە هەندی ناوچەش سەکۆی نیشتنەوەی هەلیکۆپتەر هەیە.

ئەمە یەکەم جار نییە ئازی و گرژی ئەکەوێتە نێوان یەکێتی و پارتی و، هەردولا دەستی باڵایان هەبووە لە کوشتنی یەکترو، تاوانبارن بە کوشتنی پێشمەرگەو رێکەکانی گەل لە پێناو بەهێزگردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی و هیچی ترو ، شێوازی مامەڵەکردنی دژگاکانی راگەیاندنی هەردوو حیزب لەگەڵ رووداوەکاندا زبرو ئاگرینەو چاندنی رق و کینەیەو، دەستی باڵایان لە تەمەت بەخشینەوێ و ناوزراندنی یەکتر هەیەو ، لە دزینی نەوت و غازو دابشکردنی سامانی هەرێمی کوردستان بەشدارن وەك خۆیان ئەڵێن : ئێمە شەریکین و دوو هاوپەیمانی ستراتیجین بەبێ یەکتر ناتوانین وەڵات بەرێوەبەرین بەڵام چۆن بەرێوەبردنەك ، کەڵەکەکردنی قەیرانەکان و لە ماوەی 28 ساڵ نەیانتوانی کارەباو ئاوی خواردنەوەی پاك و شایستە بۆ خەڵك دابین بکەن و مووچەی فەرمانبەران و مامۆستایان و کرێکاران بدەن و، هەردوولا بوونەتە دەستکەلاو کرێگرتەی وڵاتانی دەوروبەر بەتایبت تورکیاو ئێران
بۆ وەبیرهێنانەوە جارێکیان لەپەرلەمانی کوردستان سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی وتی : منو مام جەڵال تاڵەبانی لەشێوی براکوژیدا بۆ گوناهین و ، ئێگەر هەردووکمان دادگایی بکرێین، ڕێنگێ منو ئێو بۆ گوناه بین، هەرچەندێ شەرمەزاریێ کێ لەبەرپرسیاریەتی هەبێین، بەڵام ئیدی توشی ئێو روداوێ بوینو پێویستێ لەکێینەوەی تیا بکرێت، بەهەر حاڵ وانیەکی باش بوو بۆ ئێمە ، بەڵی ئەوان بۆ گوناهن، پێشمەرگەی هەردوولا بوونە قوربانی و هەزارانی تریش سەقەت و بۆ سەرو شۆنن و، لەمڕۆدا کورو ئامۆزاکانیان نیازیان گەرمکردنی یاریێیە قیزەوەنەکەیە بۆ ئەوەی خۆنی زیاتر برژێت و ، جێی خۆشحاڵییە پێشمەرگەی هەردوولا رازی نین بە شەری ناوخۆ هەرچەندە حوکاندنی هێز بۆ زینی وەرێ گرژی و دژەراوکێی دروستکردووەو، ئێوش کاردانەوەی جێراوجێری لەکەوتووەتەوەو، خەڵکی وەرێ و دێی شاورێ داوا ئەکەن بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان لە بەرچاو بگرن و، هەروا ڕێگە لە پلان و خەونی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بگرن و بە زووترین کات هەردولا هێزەکانیان لە زینی وەرێ بکشێنەوە.
ماوەیەکە بڕووماننی فرێکە جەنگییەکانی تورکیا چرتر بووەتەوەو پشت بە فرێکەی بێفرێکەوان وچاوساخ و سیخورەکانی لەناو کوردستان ئەبەستێت و، لە ڕێی هێزی تێپخانەکانییەوە جاروبار خاکی کوردستان ئەکوتێت و، بەوەش نەوەستاوەو، پەیتا پەیتا هێز ئەهێنێت بۆ ناو قوڵایی خاکی کوردستان و، دیارە هاتن و هێنانی هەر هێزکی بێگانە بۆ ناو خاکی کوردستان کارکی باش و راست نیەو، لێرەدا دەرئەکەوێت کە تورکیا دوژمنایەتی کورد لە باکورو لە باشورو شۆنەکانی تر

ئەکات و ، لە ئێستادا تورکیا بەشێوەیەکی جیاوازتر لە ئابردوو بە ئاشکرا هاتووەتە نێو قۆنایی خاکی هەرێمی کوردستان و ئامانجەکانیان هاوپەیمانانی ئەتوانن سەربازانی تورکیا و جموجۆڵەکانیان ببینن، لەبەرامبەریشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بێدەنگییان لەئاست لەشکرکێشیی و بۆردوومانەکانی تورکیا هەڵبژاردووە.
هاوپەیمانانی هەرێمی کوردستان لە هاتنە کایەی ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی زینی وەرتە نیگەرانن بۆیە پێویستە بە زووترین کات کێشەکان بە دانوستان و دیالۆگ و گفتوگۆ چارەسەر بکرێن و، رێگا نەدرێت گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئەو دەڤەرە تەشەنە بکات و، ئەبێت پارتی و یەکێتی دوور لە بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی کاربکەن لە پێناو ئایندەی گەلی کوردستان و، هەوڵ بدەن لە گەڵ حزبەکانی تری کوردستان و گەلی کوردستان بۆ دژینەوەی رێگاچارەیەك بۆ قەیرانەکانی کوردستان و نەهێشتنی بارگرژی زینی وەرتە.
3/5/2020

تۆندرەوێکی ریزەکانی نازییەت ئەبێتە چالاکەوانێکی چالاك … ئامادەکردنی: ئەحمەد رەجەب

باتریك ئەسپلوند Patrik Asplund لە تافی لاویدا بە هەی گرانی ومیوزکی هاندەرو وروژێنەر چووە ناو رێکخراوە راستڕەوە نازییەکان وجولانەوەی رەگەزپەرستی بەنام لێرەدا باسی ئەوە ئەکەین چۆنێ وازی لە نازییەت هێناو بیروباوەری گراو بۆ بە هەگری بیروباوەری هاوکاری و یارمەتیدانی کەسانی تر.
پاتریك ئەسپلوند ئەڵێت :ئەتوانم بڵێم بزوتنەوەکانی نازییەت لە سوید بە هەی گرانی و میوزیکەوە سەری هەداو، لە سەرەتادا هەندێ کەس لە ئینگیلتەرا گرانی رەگەزپەرستانەیان بۆاوکردەوەو تیمێکی میوزیك بە ناوی سکرودرێڤەر Skrewdriver musik هەبوو، منیش لاوێکی هەرزەکار بووم گوێم لەو جورە گرانییانە ئەگرت و، هاوکات شەرم لە گەڵ کێچبەران ئەکرد.

كاتێك هەرزەكار بووم و لە شەقامەكانی ستۆكهۆڵم لە گەڵ برادەرەكانم پیاسەمان ئەكردو گۆڤمان لە میوزیك و گۆرانی هاندەر ئەگرت و لە گەڵ یەكترو لە گەڵ بیانییەكانی كۆچبەر شەرمان ئەكرد و، كەمە كەمە باوەرم بەو گۆرانیانە هێناو پەیوست بووم بە بیروباوەری نازییەت و، بووم بە یەكێك لە نازییەكان.
پێشتر لە ساڵانی نەوتەكانی سەدەی پێشوو لە رێی میوزیك و گۆرانی و ئاهەنگی هاندەر من و لاوانی تر ئەچووینە ناو جولانەوەكانی نازییەت بەڵام ئەمرۆ نازییەكان وازیان لەو شێوەیە هێناوەو، بە هۆی راگەیاندن و فیسبووكە لاوان بۆ رێكخراوەكانیان رائەكێشن.
لە بارەی ئەوەی بۆچی لاوانی سوید ئەچنە ناو رێكخراوی نازییەكان پاتریك ئەسپلوند ئەڵێت : هۆكاری سەرەكی ترسە و ئەمەش بەسەر خۆم هات كاتێك لاوێكی هەرزەكار بووم و، لە رووی كۆمەڵاتییەوە لە دەوروبەری ستوكهۆڵم ئەژیام و، ناوچەكە هەموو ڤێللا بوو، باوكم بەریوەبەر بوو لە كۆمپانیای تێلیای سویدی و، پەیوەندیم لەگەڵ لاوانی بیانی نەبوو، بە پێچەوانەوە هەردەم لەگەڵ كۆچبەرەكان شەرم ئەكردو، وامئەزانی هەرچی بیگانەیە ئاژاوەچین و حەزیان لە شەرە وهەمیشە شەرم لە گەڵیان ئەكردو لێم ئەدان و لێیان ئەدام و، نەوانمان لە رووی بیرەوە ناكێك بوو بۆیە لەو باوەرەدا بووم ترس و شەرکردن بە جۆرێك لە جۆرەكان هۆكار بوون بۆ ئەوەی لاوان پەیوەندی بە رێكخراوەكانی نازییەت بكەن.
كاتێگ گەورە بووم زیاتر لە نیوەی هاورێكانم لە خەڵكانی وڵاتانی تردەو هیچ جیاوازییەك لە نێوان خەڵكدا نییە، مرۆڤ هەر مرۆڤە بەڵام كاتێك لاو بووم ئەوەم نەئەزانی بەڵكو وام ئەزانی جیاوازی لە نێوان خەڵك هەیە.
زۆر شەرم ئەكردو جارێكیان بەر چەقۆ كەوتم و لە ساڵی 1992 هەوڵی كوشتنم درا كاتێك یەكێك ویستی بە ئۆتۆمبێل لێمبدات، بەڵی لە پاش شەرکردن لە یانەیەك كەسێك گۆڵبی ئۆتۆمبیلەكەی كوژاندبووەوە و لە دەرەوە چاوەڕی ئەكردم بمگوژێت و، لە نەخۆشخانە حەزم لە چارەی بیانییەكان ئەئەكردو ترس دایگرتبووم و، واملێهات رقم لە هەموو شتێك بێت كە پەیەندی بە خەڵكی بیانییەوە هەبێت. سیاسەت هیچ پەیوەندییەكی بەوە نەبوو كە چوومە ناو رێكخراوەكانی نازیسم بۆ نموونە (10 دە هەفتەی دەربارەی رەگەزپەرستیم نەخوێند بۆ ئەوەی ببم بە رەگەزپەرست) بەڵام ئەزمونەكەم كە تیادا ژیام و ئەوەی بەسەرمهات وایلێكردم بچمە ناو رێكخراوی نازییەكان.
ئەتوانم بڵێم رق و كینە و گۆرانی هۆكار بوون ببم بە نازیسست : گۆرانیبێژ بووم و تیپێكی گۆرانیم لە ساڵانی نەوەتەكانی سەدەی رابردوو دامەزراندو گۆرانییەكان پاڵیان بە خەڵكەوە نا بەرامبەر

به بیانی و کۆچبەران رق ئەستور بن و، هەندیکیان لە بەر رق و کینە کەوتنە ئەنجامدانی تاوان و، لەو کاتانەدا زۆر کەس لە سوید کوژران و زوربەیان لاوان بوون و، ئەوانەی هەستان بە کوشتنیان گۆگری گۆرانییەکانم بوون.
چۆن توانیم لەو رق و کینەیە رزگارم بێت و، واز لە لە بیری رەگەزپەرستی بێنم پیشەکی زۆر نیگەران وبەداخم و، بە هۆی گۆرانی و دەقەکانی رقم بێاوکردەوە و هەستم کرد ئەوە منم پاڵم بە خەڵکەوەنا تاوان ئەنجام بدەن و ئەوەش کارێکی بێسوود بوو، ئەو تاوانانەی ساڵانی نەوەتەکانی سەدی رابردوو بوونە هۆکاری وازهێنانم لەو بیروباوەڕەو دوورکەوتنەوە لە بزوتنەوەکانی راسیزم.
باتریك ئەڵێت :خاوەنی بیرورای تۆندوتیژی و نازیسست توانیان هەیە کەسانی رارا و سەرلێشێواو بگرنەخۆ، ئەگەر کەسێك سەیری فلیمی بەگەنامەکان و رووداوەکانی جیهان بکات بۆی دەرئەکەوێت بزوتنەوەکانی راسیزم بە ئاسانی خەڵکیان دەستئەکەوێت بۆ نموونە پێکدادان و هەڵپژان لە نێوان تایفەکانی ئیسلام (سوونی و شیعە) هەیە و هەروا لە ئەورووپا زۆران لە نێوان تایفەکانی کاسۆلیك و پرۆتیستانەکان و خەڵکی تر هەیە تەنانەت لە ستۆکهۆڵم زۆر کەس لە زۆر نەتەوەو توێژەکان لە یەکئەدەن و، ئێمەی مرۆڤ زۆر زیرەکین بۆ تەماشاکردنی جیاوازییەکان و حوکم سەپاندنی پێشوەختەو لە کۆتاییدا هەڵگیرساندنی شەر لە نێوانماندا.
ئەو دیمەنە سپیپێستەکان وئەوروپییەکان ئەگرتەوە و، ئەوانە خۆیان بە گرۆپ گۆشەگیر کردووەو ترسیان لێنشتووە کە بیگانەکان دێن و دەستبەسەر هەموو شتێك ئەگرن و، سپیپێستەکان لە گەڵ کاتدا لەناو ئەچن و،چەندین جار ترامپ ئاماژەی بەوەداوەو، بە کورتی راسیزم لە سەر ترس دامەزراوە.
زۆرجار ئەزانین بۆ خەڵك روو لە بزوتنەوەی نازییەکان یان بزوتنەوە تۆندرەوەکان و ئاینییەکان ئەکات ، هۆکاری سەرەکی هەستکردنی مرۆڤە کە ژیانی بۆ نرخە یان هەستکردنە بە تێکشکان و بێتوانی لە دۆزینەوەی رێگایەکی دیاریکراو لە ژیاندا و، بەو هۆیانەوە ئاین و جولانەوەی نازیسم دەرئەکەون هاوکات مرۆڤ ئەڵێت ئەستاکە خواستم هاتەدی و ئەتوانم بژیم , نازییەت و تۆندرەوکان بە ئاسانی ئەتوانن خەڵکی ترسنۆك و سەرلێشێواو بۆ خۆیان راکێشن.
ئایا بە دەرچوونی باتریك لە ریزەکانی نازییەکان و وازهێنان لە بیروباوەڕیان تووشی کێشەو گۆچەل بووە؟ باتریك ئەڵێت : ساڵی 1998 ی سەدەی رابردوو لە جولانەوەی نازییەکان دەرچوم و، هەستمکرد رێگام ونکردووەو، من ناسراوو ناودار بووم و تیپێکی گەورەی میوزیکم لە سوید هەبوو : رۆژنامە ناسراوە گەورەکان لە سەریان نووسی و،

هاوکات لە گەڵ نازییەکان تووشی هەرەشەی کوشتن و چەندین جار تووشی شەرو ئاژاوە بوومەوەو هەروا خەزانەکەم دووچاری هەرەشە بووەوە و، من ئامادەبووم بۆ ئەو هەرەشانە و، زۆر کەرەت لە گەل نازییەکان تووشی شەر بووم.
کاتێك مەرمندا بووم زۆرجار تووشی شەر بووم و، زۆر کاری بۆ عەقلانیم ئەنجامدا، لە خەڵکم داوە و ئەوانیش لێیانداوم و تووشی تووندوتیژی بوومەتووە بەڵام لە هەموو شتێك خراپتر من لە ڕێی میوزیکەوە رق و کینەم بۆاوکردووەتەوەو، ئەو رقە لە دڵی هەندی کەس چەسپی و بووە هاندەر بۆ ئەوەی تاوان لە دژی خەڵکی تر ئەنجام بدەن و، بە بۆچوونی خۆم ئەوە خراپترین کارە لە ژیانمدا کردوومەو ، لە بەرامبەر ئەو کارانەش ئەوە بیست ساڵە لەگەڵ کەمەڵەو دامەزاوەی جیا جیاکان لە پێناو خۆگونجاندن و پێکەوە ژیان و بەرنگاری تاوان کار ئەکەم .
باتریك چی بە کەسانی بۆگانە کە بەلای تووندوتیژی و بیری نازییەت نزیك ئەبنەوە یان ئەوانەی هەستی ڕاسیزمانەیان بەرامبەر بە کەسانی تر هەیە ؟
ماوەی 15 ساڵە لەگەڵ زۆر پرۆژە بۆ پاڵپشتی دەوروبەری شار کار ئەکەم و، یەکێك لەو پرۆژانە ناوی { فوتبۆڵی شەوانەیە } و، شەوانی هەینی و شەممە دەرگای ساڵەکانی (قاعەکان) ی وەرزش ئەکەینەوە بۆ یاری فوتبۆڵ و، پرۆژەکە، پرۆژەیەکی ئاسانە بۆ جێبەجێ کردن و، زیاتر لە 70 ساڵ (قاعە) لە سەرانسەری سوید کراوەتەوەو وسەدان نەوجوان ولاو ڕوو لەو سالانە ئەکەن و، بزانە لە هەموو سوید ژمارەی ئەوانەی ئۆواران یاری فوتبۆڵ ئەکەن چەندە؟
ساڵی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر ئەفغانی هاتن بۆ سوید ، شەپۆلێکی گەورەی کۆچبەر بوون و، شەر لە گروپەکەم ڕوویدا لە نێوان لاوانی دەوروبەری ستۆکهۆڵم و لاوانی ئەفغان و، کەمەڵگای سویدی لەوە تێناگەن چۆن ئەوانە هەموویان بیگانەن و یەکتر ئەناسن و هاتوونەتە ناو شارو شەر ئەکەن.
دیارە کەمەڵگای سویدی نازانێت خەڵکێکی زۆر لە ناوچەو وڵاتانی جیهان هاتوون و هەر یەك لەوانە خاوەنی کلتوری تایبەتی خۆیەتی و جیهان پرە لە شەرو ئاژاوەو ، لێرەش شەر لە نێوان لاوانی بیگانە وئەفغانەکان ڕووئەدات و ئەمە کار ئەکەین بۆ نەهێشتنی شەر.
ڕاسیزم تەنها شتێك نییە سویدی بەرامبەر بیانییەکان ئەنجامی ئەدات و، خەڵکی تریش دژ بە یەکتر ئەو کارە ئەکەن ، کێشەو شەر لە هەموو جیهان هەیە بۆ نموونە لە ئێرلەندا لە نێوان کاسۆلێك و پرۆتیستانت ، جاروبار ناوەکان ئەگۆردرین بەلام کردەوەی ڕاسیزم هەر یەکەو خاوەن یەك شوناسنامەیە.

بەپێی ئەزمونی خۆم کەس ناتوانێت حوکم بدات لە سەر کەسێکی تر کە ناینасێت و، کاتێك مرۆڤ خۆکەکە ئەناسێت ئەوکات ئەزانێت هەموو خۆك وەك یەك یەکسانن و، نابیت حوکم لە سەر خۆك بە پێی باکگروندی کۆمەڵایەتی یان رەنگی پێستی دەموچاویان بدرێت و، خۆکی خراپ خراپن و، خۆکی باش باشن بەڵام ناتوانرێت حوکم لە سەر گەلێك بە تەواوەتی بدرێت و، ئەو جۆرە حوکمە دەبەنگییەو ، ئەگەر یەکێك بیر لەوە بکاتەوە ئەو لە هەموو کەسێك بەپێی ئەوەی سەر بە گروپێك یان رەگەزێکی دیاریکراوە باشترە ئەوە بێ عەقڵی و دەبەنگییە و هەموو خۆك لە هەر کۆبن وەك یەکن.

بۆ حزبی دیموکراتەکانی سوید هەواداریان زۆرئەبێت ؟

پاتریك ئەڵێت : لەم دواییەدا خۆکی زۆر هاتن بۆ سویدو شەرو پێکدادان زۆر بوون چونکە سیاسەتی سوید بۆ گونجاندنی کۆچبەران لە کۆمەڵگای سویدی چەوتەو خراپە، کاتێك خۆکی زۆر هاتن بۆ سوید لە زۆر شوێنی جیهان وەك سۆماڵ بۆ نموونە سوید ئامادە نەبوو پێشوازی لەو خۆکە بکات و لە گەڵ کۆمەڵگاکەی بیانکونجێنیت و، سوید دابەشیانیکرد بە سەر ناوچەکانی دەرەوەی شارو، ئەو ناوچانە دەستکەوتیان نییە یان زۆر کەمەی بایەخ بە ئەوانەی تازە هاتوون بدات و، لێرەوە رادەی پەروەردەو فیرکردن دائەبەزێ و، بارودۆخی ئەو ناوچانە ئاڵۆز ئەبێت و تاوانیش زۆرترو، کۆمەڵکی زۆر لە لاوان هەستان بە ئە ئەنجامدانی تاوان و، راگەیاندنەکان کەوتنە نووسین لە سەر ئەوانەی تازە هاتوون و سویدییەکان ترسان وداوایانکرد کۆچ رابگرن بۆیە حزبی SD ناوەڕ ئەکات و، سوید بەرەوروی کێشەی خۆکونجاندن ئەبێتەوەو،کەسیش ناوڕێت بەرامبەری بوەستێت و، کەسیش نایەوێت بڵێت کێشەیە و هەوڵ بۆ چارەسەری بدرێت حکومەتی سوید دەستی خستوەتە سەر گوێکانی بۆ ئەوەی هیچ نەبیستێت و، لە کاردانەوەی ئەو بۆ هەڵوێستییە ناوی حزبی دیموکراتەکان بەردەوامە لە هەڵکشان.

حزبی SD (دیموکراتەکانی سوید) لە سەرەتادا لەلایەن راسیزم و فاشییەکان دروستکرا و منیش لەگەڵیاندا بووم و، زانیاری باشم هەیە لە سەر ئەو کەسانە حزبەکەیان دروستکرد.

بەرای تو پاتریك ئایا حکومەتەکانی سوید لە سیاسەتی کونجاندن و تێکاوکردنی کۆچبەران و کۆمەڵگای سویدی شکستیانهێناوە ؟

بەڵێ سوێدییەکان زیرەکن لە بەرزکردنەوەی کارتی زەرد وەك دادوەرەکان لە کاتی وەرزشدا بەرزی ئەکەنەوە بەڵام زیرەك نین لە خۆکونجاندن و، ئەو کەسانە لەو بواردا قاڵبوون ئەوانەن لە دەرەوە هاتوونەتە سوید و سوێدییەکان نین و، هەر ئەوانن رۆگا بۆ هاتنی خۆکی تر خۆش ئەکەن، سوید بەرنامەی گونجاندنی نییە ، بەرنامەیەکی

نیشتمانی ، بەی ئەوەمان نییە و، ئەوەش گەلییە برگرامکی لەو شۆویەمان نییەو لێرەو کێشەکان سەرهەئدەن. سیاسەتی پەیروکراو لە ئێستادا سیاسەتکی چەوتە (ئێمەو ئەوان) سیاسەتکە خەك کە ناکاتەوە و زۆر هەیەو هەندی کەس ئەن بۆ پشتگیری لە جیمی نەکەین، ئەو زیرەکترین سیاسییە لە سوید، بەێ جیمی زیرەکە بەام پشتگیری حزبەکەی لەوە هاتووە خەك هەلاك بووەو، بە رای من هکاری سەرەکی دەنگدان بە دیموکراتە سویدییەکان SD ترسە لە ئەنجامدانی تاوان و ئەوەی لە دەرەوەی شار رووئەدەن لە دزیی و توندوتیژی و بەاوکردنەوەی ئەو هەواانە لە بەشەکانی راگەیاندن و، ترس ئەخەنە دی خەکەوە و هەمووی ئەخەنە ئەستی بیانییەکان بەبۆ ئەوەی چەخت لە سەر بنبرکردنی تاوان بکرێت وئەمەش لە سیاسەتی دابەشکردنی خەکە بۆ بۆ سپی و رەش یان سویدی و بگانە.

باتریك لە ئێستادا بۆ یارمەتیدانی لاوان چی ئەکات ؟

پاتریك ئەێت : پشتر لە پرژەی (Frysthus) لە سوید کارم ئەکردو، دووواجار لە چەند پرژەیەك پەیوەست بە لاوان و بەرنگاربوونەوەی راسیزم و، لە (Frysthus – فریستهاوس) لە پرژەیەك بە ناوی ئیکست (Exist) ئیشم کرد ، کارکردن لە پناو دەرچوونی خەك لە بزوتنەوەکانی راستڕەوی توندوتیژی و نازییەت و ئەم پرژەیە زۆر گەورە بوو ، لەپاشان لە گەۆ پرژەی فوتبێ کارم کردووەو چەند پرژەیەکی تر بۆ بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی و راسیزم.

لەمردا لە گەۆ دامەزراوەی (Godspot) کار ئەکەم و، دامەزراوەکە کار بۆ گونجاندن لە ناو وەرزش و چەند پرژەیکی تر تایبەتە بە هەرزەکاران ولاوان ، وا 20 سالە من لەگەۆ ئەو جرە دامەزراوەو رکخراوانە کار ئەکەم وزۆر بە داخەوەم بۆ رابووردووم و ئەمەوێت کار بکەم ئەو مژووە رەشەی خم لەناو بەرم، نابێت مرۆق بۆ ئومید بیت و، لە ئێستادا تاوان بەرژەی 50% کەمیکردووە و، ئێمە ئەتوانین هاوکاری یەکتر بین وپکەوە لە ئاستەنگەکاندا دەربازبین و تەنها ئەمە چارەسەرە نەوەك سنورداخستن و خەك دەرکردن.

25/4/2020

لینین، سەرکردەیەکی جیهانی … ئەحمەد رەحەب

هەموو ساڵێك لە 22 ی نیسان مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازو حزبە شیوعییەکان و چەپە کانی دنیا بە بۆنەی لەدایكبوونی بلیمەتی بڕیاوتا کە کەس شانی نادات قلادیمیر ئیلیچ لینین ئاهەنگ ئەگێرن و، لینین پاپۆنەرکی بەهێزە بوو بۆ بەردەوامبوونی خەبات و تێکۆشان دژ بە دیکتاتۆریەت و رەگەزپەرستی دژەقەدەمارگیریی نەتەوایەتی وسەرکێشیی ئایینی لە پێناو ئازادی و دیموکراتییەت..
لینین شۆرشگێرکی بۆنە بوو، مرۆڤکی ڕۆشنبیر زیرەکانە راستییەکانی بارودۆخی روسیای خوێندەوە و، بە قوڵی ئیمپراتۆرییەتی تزاری وچۆنێتی دەسەڵاتی و چەوساندنەوەی چینە هاوێنراوەکان و جەنگەکانی و داگیرکردنی خاکی وڵاتانی تری خوێندەوە و، لینین سوودی لە کێشە نەتەوایەتییەکان وەرگرت و، دەربارەیان زانیاری کۆکردەوە زەمینەیەکی باشی بۆ هەموو ڕەهەکانی نەتەوە چەوساوەکان گونجاند و، چالاکانە لە پێناو یەکگرتنیان لە ژێر ئاڵای چینی کرێکارو بە پشتگیری شیوعییەکان کاری بۆیان کرد.
بەڵێ، هەموو ساڵێك لەم ڕۆژە پیرۆزەدا { 22 ی نیسان } خەڵکانی دنیاك و بەشەرەفی جیهان لە دایکبوونی سەرکردەی چینی کرێکاری روسیاو وماموستای مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز و دامەزرێنەری دەسەڵاتەکانی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی کرێکاران و دوسەڵاتەکان { سوڤیتات} لینین وەبیر ئەهێننەوە ، ئەو کەسایەتییەکی کەمونە بوو توانی لە سەر ڕێچکە و ڕێبازی کارل مارکس و فردریك ئێجلز بروات و لە گەڵ بیروباوەڕەکەیان بەردەوامبێت و، ئەو ڕابەری چینی کرێکارانی دنیایە و، لەمبارەیەوە فەیلەسوف و سیاسەتمەداری ئەڵمانیا کە بە دیموکرات سوشیال ناسراوە (کارل کاوتسکی) دوژمنی سەرسەختی فلادیمیر ئیلیچ ئیلیانۆف { لینین } ئەڵێت : :
لینین کەسایەتییەکی بەهاوتاو بەهێز بوو لە مێژوودا وبۆنەی کەمەو،ئەتوانم بڵێم یەك کەس لە خاوەندارییەکانی دەسەڵات و پیاوانی ئەمرۆ لە شێوەی لینین هەیە و ئەویش بسمارکە و، ئەم دوو کەسایەتییە سیماو خەسڵەتی هاوبەش و هاوشێوەیان هەیە بەڵام ئامانجە کانیان وەك یەك نییە و دژوارن ، ئامانجی بسمارك کارکردنە لە پێناو بەهێزکردنی خودی خێی دەست بەسەراگرتنی بنەماڵەی شازادەی ئەڵمانیا هۆهێنزولێرن Hohenzollern بە سەر ئەڵمانیادا ، بەڵام

ئامانجی لێنین شۆرشی پرۆلێتاریا بوو ، ئەم جیاوازیەش وەك جیاوازی نێوان ئاوو ئاگرە و، ئامانجی بسمارك بچوك بوو ، ئامانجی لێنین (گەورە بوو، زۆر گەورەتر) و لێنین زۆر زیرەك بوو ، بۆیە دەرکەوت و سەرکەوتوو بوو بە سەر بسمارك و، هەروا لێنین بە شێوەیەکی باش و زۆر چالاکانە و بە تواناو لێهاتوویی لە بواری تیووری دەرکەوت و، قەت ئارەزووی نەبووە دەسەڵاتێکی تایبەتی بەرکەوێت و، بە تەواوەتی بە پێچەوانەی بسمارك کە کاتی تەواوین نەبوو تیووری بخوێنێتەوە و ، هەرچی دەسەڵاتی بوو لە پێناو خودی خۆی بەکارهێناو ، بۆ ئاگاداری لێنین زۆر بە تووندی لە کتێبەکەی بە ناونیشانی { شۆرشی پرۆلێتاریاو لادەرکاوتسکی} هۆرشی کردە سەرکار کاوتسکی.
فلادیمیر ئیلیچ ئۆلیانوڤ { لێنین} ـــ لە 22/4/1870 لە شاری سیمبرسك ـــ ئۆلیانۆڤیسك لە دایك بووە و، لەمردا ماڵە پچوکەکەی بووەتە موزەخانە و، وەك ئاوێنە مۆژووی ژیانی لە منداڵی و مۆرمنداڵی و لاوێتی ئەخاتەروو.
بیرو هۆشی سیاسی وکۆمەڵایەتی لە زانکۆ کاتێک چووە کۆلیجی یاسا لە زانکۆی شاری قازان پێرۆی سێندو, ئێستا قازان پایتەختی کۆماری تتارستانە لە روسیا , بەناوبانگی بەهۆی بەشداربوونی لە خۆپیشاندانەکانی قوتابیان لە زانکۆ دەرکرا و, لە پاش لە سەدارەدانی ئۆلکسێندەری برای کە بەشدار بووو لە رێکخراوی هاوڕێدان بۆ کوشتنی تزار ئۆلکسێندەری سێیەم و, لێنین جاریکی تر گەرایەوە بۆ قازان و, چووە ناو کۆمەڵێکی مارکسی , لە ساڵی 1893 چوو بۆپایتەختی روسیا ئاو کات سانت پترسبۆرگ { لێنینگراد} و, دەستیکرد بە نووسینی کتێب سەبارەت بە (ئابووری مارکسی و مۆژووی جوتیاران و کرێکاران) لە روسیا و, لە بەر چالاکی سیاسیانە لێنین گیراو دوورخرایەوە بۆ سیبیریاو, سەرەرای هاتووچۆ گشتی بۆ وڵاتانی تر , لێنین چالاکانە بەردەوام و پێویست بوو لە تێکۆشانداو, هاوکات کاریکردووەو وروو روحییەتی گەل بەهێز بێت تا سەرکەوتنی شۆرشی مۆزنی ئۆکتۆبەر لە ساڵی 1917 و, لێنین دەسەڵاتی گرتەدەست. لێنین تیوریست و سیاستمەدارێکی بەتواناو فێلەسوف و رۆژنامەوان ونووسەرێکی درەوشاوە بوو و, لە پاڵ ئاوەی رۆژنامەی ئایسکرا { بیس} ی دەرئەکرد زۆر کتێب و نامیلکەی نووسیوە و , لە ساڵی 1902 کتێبێ بەناوبانگەکەی چی بکەین ؟ دەرکردو لێنین ئێستا کتێبەکە دەربارەی پرسە گرنگەکانی بزووتنەوەکەمانە و, بەشی یەکەمی لە بارەی دۆگمای بیروباوەڕو ئازادی رەخنەگرتنە و, لە بەشی پینجەم وە کۆتایی پرۆژەی رۆژنامەیەک بە سەرانسەری روسیا و, لە ساڵی 1916 کتێبی (ئیمپریالیزم بەرزترین قۆناغەکانی سەرمایەداریێ) و , کتێبی { دەوڵەت و شۆرش 1917} لە سەر رۆشنایی

و زانیارەکانی کارڵ ماركس و فردریک ئینجلز دەربارەی دەوڵەت و ئیرکەکانی پرۆلیتاریا لە شۆرشدا و, چەندین کتێبی تر دەربارەی نەخشەی چەپگرایی منداڵانە لە شیوعییەتداو , لینین خوێندنەوەیەک لە بارەی دەمدرێژی هەندی لە چەپەکان بەپێی لێکدانەوەیەکی ورد لە سەر سەنگ و هێزو ئەمرازە کاریگەرەکانی سەر ژینگەی گشتی پێشکەش ئەکات بە پشتبەستن بە حەماسەتی کاری شۆرشگێرانە و تێکۆشان لە پێناو گەراندا.
لینین کتێبی تریشی دەرکرد سەبارەت بە بزووتنەوەی جوتیاران و قوتابیان و لاوان و ڕۆشنبیران هتد….
هەندی لە دەم پیس و پێگەنەکانی ئیسلامیەکانی تاریکستان کە هەردەم ئامادەن بە کوشتن و خوێنرشتن و چاوەروانن بچنە بەهەشت و ژیان لە گەڵ حەریەکان بە سەربەرن و هەندێک لە ڕۆشنبیرانی گومرا بە وشەی خراپ باسی لینین ئەکەن , بەڵام خۆیان ناتوانن هیچ کارێک بکەن و, لە گۆڕاوی دەمبەتاڵی و رارا ئاژین, بەڵام دەمهەڕاشن و بەڵێنبەکەرو حەزیان لە چەڵەحانییەو وشە و رستەی بریقەدار بەکار ڕئەهێنن و, ئایانەوێت و هەوڵ ئەدەن هەرچی خراپیە بیدەنە پاڵ ئەو زمانە لینین تیایا ژیاوە, زمانی { تێکۆشانی لینینی مەزن}.
ئەمڕۆ ئەبینین هەرچی خێڵک هەیە لە گەنجان و پیرو گەورەسالان ولە خانەنشین ونیشتەجێی ئاوایی و دەهاتەکان و شارەکان لە مۆ و نەر بە چاوی ڕێزو گەورەوی تەماشای لینین ئەکەن , ئەو لێنینە توانی شۆرشی مەزنی پۆلشەفی . شورشی ئوکتۆبەری زیندو لە روسیا و پاشان لە یەکێتی سۆڤێت هێزاری نەهێنێت و, جوتیارو کرێکاران بە خۆشی و بەختەوەری بژین.
جاروبار کەنەپەرستان و دوژمنانی شیوعییەت باسی لادان ولابردنی مەزارو ئارامگای لینینی مەزن لە گەرپانی سوور لە مۆسکۆ ئەکەن, بەڵام بە پێچەوانەی ئەو گەمانلێکراوانە جەماوەری بەرفراوانی گەلی روسیا لە گەڵ مانەوەی مەزارو ئارمگای لینینن لە شوێنی خۆیدا و دەستکاری نەکرێت و بیپارێزن.. هاوڕاتیانی مۆسکوو روسیا سەرکەوتنی سەرخۆشکەریان (بوریس یەلتسن) لە بیرێ هەموو ڕۆژێک پێیتا پێیتا فەرمانی دەر ئەکرد بە لابردنی مەزارو ئارامگای لینین و ڕۆژانە چەندین کەرەت ریسواو عاری بە ئەمایەو تووشی هیستیریا ئەبوو چونکە شیوعییەکان و هێزە چەپەکان و جەماوەری خێڵک دژی فەرمان و خواستەکانی سەرک بوون , لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی لە گەڵ ڕۆژنامەی کاریرادیلاسیری ئیتالی سەرکی ڕوسیا ڤلادیمیر پوتن ڕاگەیاند مەزارو ئارامگاکە لە شوێنی خۆی لە گەرپانی سوور ئەمێنێتەوە و کەس دەستی بە نابات و هاوڕاتیان ئەویان ئەوێت و, ئەمەش ناتوانین دژ بە ئارەزووی ئەوان بین و, پوتن وتی :

پـــزووتنـەوەی چەپ لە رەســـیا ئایـنـــدەیەکی بـــاشی هەیە و. هەروا بزووتنەوەی سوشیال دیموکراتی و, حزبی شیوعی روسیای چالاک کە بەرەوپێش ئەروات.
بەپێی چوارچێوەی یاسایی لێنین بڕهاوتاو بە توانا بوو لە هەموو بوارەکانی ژیان و, لە تەمەنی لاویدا زۆر زیرەک و بەتوانا بوو, ئەیزانی و دەوروپشتی ئەخوێندەوە و , لەبەردا تەنها بەڵگەنامەیەک لە بەر دەستدایە جەخت لە سەر زیرەکی ئەکات, بەڵگەنامەکە نمرەکانییتی لە ئامادەیی : نمرەی دەرچوون { تخرج} ژمارەی بەڵگەنامە 468 , یاساو لاهوت 5, زمانی روسی و سلاڤی5 , عەلمی مەنتق 4, زمانی لاتینی 5 زمانی یۆنانی 5, ماتماتیک 5, میژوو 5 , جۆگرافیا 5 , فیزیا 5, زمانی ئەڵمانی 5 , زمانی فەرانساوی5 و, بە هەی ئەو نمرە باشانەو لەو کاتەدا لێنین خەڵاتی وەرگرت و ئەو نمرانە زیرەکی و بلیمەتی لێنین دەرئەخەن.
لێنین بەشداریکرد لە رێکخراوی قوتابیان لە قازان و, رێکخستنی خەڵک لە شارەکان و, بایەخدان بە دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانە و, رێنمایکردنی کرێکاران و جوتیاران و زەحمەتکێشان و, بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ تزارەکان , ئەوانە هەمووی نیشانەی بلیمەتی لێنینە و, ئەوانە هەزو ئەرادەو توانی سەرکردەی مەزن لێنین دەر ئەخەن.
تێبینی : بەرزترین نمرە بە هەر رشتەیەک 5 پێنجە.
هەرچەند لە سەر لێنین بنووسرێت کەمەو کەتایی نایەت. ئەم سەرکردە مەزنە لە رۆژی 21/1/1924بە هەی فیشکەک بەر ملی کەوت کەچی دوایی کرد. شکاوە بێت ئاەای سەرکردەی پرۆلەتاریا لێنین.
22/4/2020

کازمی کەدەنگی نیشتمانییە یان کەدەنگی گەندەکارانە؟ … ئەحمەد رەجەب

رۆژ لە دوای رۆژ کێشەکانی گەلی عێراق بە هەی پەتای کۆرناو دابەزینی نرخی نەوت و هەرەسهێنانی سامان و ئابووری وڵات دژوارو

قورستر ئەبێت و ئەمە لەلایەك و لە لایەکی ترەوە حزبە گەندەڵەکانی پشکپشکێنە شەریانە لە سەر پلەو پایەو دابەشکردنی پۆستەکانیان لە کابینەکەی سەرۆك وەزیرانی ئاسپێردراو مستەفا کازمی و هەمووشیان درێزنن و ئەیێن کازمیمان سەرپشك کردووە ئازادانەو سەربەخۆ وەزیرەکانی دیاری بکات..
راپەرین و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی بەغداو شارەکانی ناوەراست و خواری عێراق لە 1 تشرینی یەکەم { ئوکتۆبەر} ی ساڵی 2019 تا سەرهەڵدانی کۆرۆنا ببوونە مایەی سەر ئێشە بۆ حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی و دەستوپەیوەندەکانی و دەستی دەرەکی کە لەلایەن خۆپیشاندەران بە بکوژانی زیاتر لە 600 و بریندارکردنی زیاتر لە 25000 و گرتن و زیندانیکردنی هەزاران وبێسەروشوێنکردنی زیاتر لە هەزار چالاکەوان و هاوڵاتی تاوانبارن و هەرزوو عادل عەبدولمەهدی دەستی لەکارکێشایەوە.
نزیکەی 6 مانگە راپەرین و خۆپیشاندان هەڵگیرساوەو خوێنکی زۆریش رژاوەو، نە کازمی و نە حزبە گەندەلەکان بە هیچ شێوەیەك باسی راپەرینەکە ناکەن و، داخوازییەکانی جەماوەری گەل پشتگوێ ئەخەن و، ئەم پشتگوێخستنە ئەبێتە هۆی دروستبوونی هەراو هوریاو بار گرژی گەورەترو مەترسیدارتر لەوانەی پێشتر رووياندا‌وەو، ئەمەش هاوکاتە لە گەڵ بڵاوبوونەوەی کۆرۆناو تەنگوچەڵەمەی کێشەی قوڵی ئابووری و، لێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەك لە سەر چارەسەرکردنی کێشەکان بکرێت و، لە پێش هەموو کارێك هەڵپژاردنی پێشوەختەو، کازمی لەبیرنەبێت بە پێچەوانەی محەمەد تەوفیق عەڵاوی کە وادەیەکی دیاریکردو، وادەکەش لە ساڵێك تێنەپەڕێت هەڵپژاردنی گشتی پێشوەختەی پەرلەمانی عێراق ئەنجام بدات.ssssssssssssss
سەرێك کۆمار بەرهەم ساڵح لە رۆژی راسپاردنی مستەفا کازمی بۆ پێکهێنانی حکومەت وتی : کەش و هەوای ئەمرۆ ""دیموکراتیانەیە"" و، لە رابردوودا کاتێکی دژوارمان لە مێژووی عێراقدا بەسەربردو رووبەرووی نارەزایی جەماوەری بەرفراوان بووینەوەو، داوای چاکسازی و راستکردنەوەی هێی سیاسی ولاتەکەمانیان ئەکرد لە گواستنەوەی دەسەڵات و دەست لە کار کێشانەوەی عادل عەبدوالمەهدی، پێخۆشحاڵم بە"" کەدەنگی نیشتمانی"" کازمی رائەسپێرم و، پرسیار ئەوەیە سەرۆك باسی کام کەدەنگ ئەکەن؟ زیاتر لە نۆەی خەڵکی عێراق راپەریوەو کازمیان ناوێت و بە بکۆژی خۆپیشاندەران و دزو پیاوی بێگانە ناوی ئەبەن و، هەر بەرزتان کە لە گەل نوێنەری خۆپیشاندەرەکان کە بوونەوەو وتتان داخوازییەکانتان رەوایەو کەسێکی گونجاو بۆ سەرۆك وەزیران دائەنێن و، باسی کام کەدەنگی ئەکەن؟ کەدەنگی حزبە شیعەکان، حزبەکانی پشکپشکێنەو گەندەڵی و مافیاو دز ماوەی 17 ساڵە

خەڵك ئەكوژن و سوكایەتی بە كەرامەتی مرۆڤەوە ئەكەن و پارەو سامانی عێراقیان دزی و هەریەك كورو كورەزاو و براو ئامۆزاو و خزمی خۆی هێناوەو، خەڵكیش نانیان نییە بیخۆن!.
حزبەكانی شیعە ئەزانن بەرهەم ساڵح لە دوای دەست لەكاركێشانەوەی عەبدوالمەهدی چەندین جار ناوی كازمی بێ سەرۆك وەزیران هێناوەو ئەوان پێی رازینەبوون و، لە دانانی عەدنان زورفی تووشی كێشە بوو تەنانەت هەندێ لە حزبەكانی شیعە بەتایبەت تاقمی بەدر بە سەرۆكایەتی هادی عامری كە پیاوی ئێرانە ویستیان كاری خراپ و نەشیاو دژ بە بەرهەم ساڵح ئەنجام بدەن بەڵام لە بەر گرژی وناتەبایی ناوماڵی حزبە گەندەڵەكان وبێتوانایان سەرۆك كۆمار هوشداری ئەوەیدا ئەگەر لایەنەكان رێگری لە پێكهێنانی حكومەتی نوێ بە سەرۆكایەتی كازمی بكەن، ئەوە دەسەڵاتە دەستوورییەكانی بەكارئەهێنێت و پەرلەمان هەلئەوەشێنێتەوەو حكومەتی كاتی پێكئەهێنێت.
گیروگرفت و كێشەكانی كازمی پێ پێشكەشكردنی كابینەكەی لەمڕۆوە دەستپێئەكات و، حزبە گەندەڵەكان سورن لەسەر پشكی خۆیان بە پێی(بەركەوەتی هەڵپژاردن) و، پێشتر وتیان كازمی ئازادو سەربەخۆیە لە دانانی وەزیرەكان و، لە ئێستادا
رووبەرووی ناكۆكی و بارقورسی ئەبێتەوە لە دانانی كەسانی تكنۆقرات و رازیكردنی ئەو حزبانە و، وادەرئەكەوێت حكومەتەكەی كازمی دوور نییە لە سیستەمی پشكپشكێنەی حزبەكان و پێكهاتەكان كە بە (بەركەوتەی هەڵپژاردن) ناسراوەو، ئەمەش پاڵ بە چاودێران و تەنانەت ئەندامانی پەرلەمان ئەنێت زۆر گەشبین نەبن لە حكومەتەكەی كازمی چونكە هاوشێوەی حكومەتەكەی عادل عەبدولمەهدیە لە بیرەكەی دامەزراندن و دابەشكردنی پشكی حزبەكان بە سەر بلۆكەكان (كوتلەكان) و هێزە سیاسییەكان.
چەلەحانی و دەمەقاڵە لە نێوان حزبە كانی پشكپشكێنە گەرمەو هەریەك لە سەر ئاوازێك ئەخوێنێت بێ نموونە سائیرونی موقتەدای خۆهەڵكێش ئەبێت .ئەگەر كارنامەی حكومەت داواكارییەكانی ئێوان و خێپیشاندەرانی تیادا جێگەی نەكرابێتەوە ئەوا ئامادە نین لە پەرلەماندا دەنگی پێبدەن و پێویستە حكومەتەكەی كازمی رووبەرووی گەندەڵی و گەندەڵكاران ببێتەوەو پرۆژەی چاكسازی بخاتەوو، تاقمی (الفتح) ی عامری گاڵتەی بە هەڵپژاردنی كازمی دێت و بە ئاشكرا پێدائەگرێت بێ ئەوەی زۆرتری بەركەوێت و، جموجوڵ بێ مانەوەی مۆلیشیاكان لە كاردایەو عامری و مالكی و عەمار الحەكیم ئەیانەوێت هێز لە دەستی شیعە بمێنێتەوەو، تاقمێكی تریان داوای تەسەندنەوەی خوێنی قاسم سلێمانی و مەهدی موهەندیس ئەكەن و،

تورکمان داوا ئەکەن پشکی پێکهاتەکان (جیا لە عەرەب و کورد) پشتگوێ نەخرێت و، بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزەو خەڵك وایئەزانی راسپاردنی کازمی سەرەتای قۆناغێکی نوێە لە سەر ئاستی یەکێتی نیشتمانی و کازمی بە سەر تایفەگەری و گەندەڵی زاڵ ئەبێت و، بە هیچ شێوەیەك رازی نابێت کەس فەرز بکرێت بەسام هەموو کارەکانی بە پێچەوانەی خواستی ئەو ئەکرێت.
حزبە شیعەکان لە سەر پێستی وەزیرەکان شەریانەو هەموویان بۆ بەرژەوەندی خۆیان باسی دەستوور ئەکەن و، حزبی واش هەیە بە ترس و لەرزو لە ژێر لێوەوە ئاماژە بە خۆپیشاندانەکان و تێکۆشانی شەقام ئەدات.
هەرچەندە کورد بە هۆی نامەی پشتگیری پێشوەختەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم لە کازمی هەڵەیەکی گەورەی کردو پاشان مەسعود بارزانی و لاهور شیخ جەنگی لە ڕێی تەلەفونەوە پشتگیری خۆیان نیشاندا تا ئەم کاتە هیچ گفتوگۆیەکی فەرمی لە نێوان کوردو کازمی نەکراوەو بەسام لەملاو لەولا لە زاری ئەندام پەرلەمانی ئەم حزب ئەو حزب (ئەستێرەکانی شاشەی تەلەفزیۆنەکان) دەنگۆیەك ئەبیسترێت کە کازمی هەرچەندە نەهاتووتە کوردستان ئەمەی کردووەو ئەوەی ئەنجامداوەو، مادەی 140 و کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێم چارەسەر ئەکات و کەسیان دڵنیانین لەوەی ئەیسەن و بە ئەم وشانە دەستپێئەکات : (وابزانم، یان بە بڕچوونی من و لە پاشان ئەسەن با پەلە نەکەین وچاوەڕوانی سەرکردایەتی بکەین).
محەمەد عەللاوی یان عەدنان زورفی و هەروا مستەفا کازمی دوو ڕووی دراوێکن و هەموویان لە لای شەقام و جەماوەری ڕاپەریو وەك یەکن لە گەندەڵیی و دزی و، هەرچەندێك بێت وئاستەنگ بۆ کازمی دروست بکرێت کابینەکەی لە پەرلەمان تێئەپەڕێت و لە گەڵ نەمانی کۆرنا خۆپیشاندان دەستپێئەکاتەوەو وەك حکومەتەکەی عەبدولمەهدی ناچار ئەکرێت دەست لە کار بکێشێتەوە.
پێویستە هەمو لایەك هەوڵبدات بۆ :
دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی گوزارشت لە هەموو لایەنە سیاسیەکان و گەل بکات و دوور بێت لە حزب و پشکپشکێنەی تایفەگەری و ، ئەوە بووەتە خواستی گەل و هەر ئەو حکومەتەش ئەتوانێت کێشە مەترسیدارەکانی عێراق چارەسەر یکات.
ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەری پێشوەختە.
ئاورێك لە شەقام و خۆپیشاندەران و خەڵکی ڕاپەریوی بەغدای پایتەخت و (9) نێ شاری ناوەڕاست و خواروووی عێراق بدرێتەوەو خواست و ئامانجەکانیان بهێننەدی.
لە هەمووی گرنگتر دڵزینەوەی بکوژانی خۆپیشندەرانە و بدرێنە دەست

دادگاو سزا بدرێن.
هەوڵبدرێت مووچەیەکی شایستە بۆ 600 شەهیدو 25000 بریندارى راپەرینەکە دابین بکرێت حکومەت شەهیدەکانى بە شەهیدانى گەل ونیشتمان رابگەنێت..
بە زووترین کات زیندانیانى راپەرینەکە ئازاد بکرێن و لەلایەن دەزگاکانى پۆلیس و دادگاکان بانگنەکرێن بۆ لێپرسینەوەو ئەوانەى بەسەروشوێنن بدزرێنەوە.
گەندەڵکاران بدرێنە دادگا.
هەنگاوى بەپەلە بنرێت بۆ دابینکردنى نان و پێداویستییەکان بۆ گەیەتایبەت چەوساوەو هەژاران.

20/4/2020

...دەزگاى خێرخوازییە یان ئێرگانى حزبایەتییە؟ ئەحمەد رەجەب

ڤایرەسى کۆرۆنا هەموو جیهانى گرتووەتەوەو رۆژانە ژمارەیەکى گەورە مرۆڤ لەناو ئەبات وزیاتر لە نیوەى دانیشتوانى سەر زەوى ناچارکردووە لە ماڵ بمێننەوە وەك ڕێگەگرتن لە زیاتر تەشەنەکردنى و بڵاوبوونەوەو ئەو بارودۆخە بووەتە مایەى بەدبەختى بۆ هەمووان بە تایبەت بۆ هەژاران و لە پاڵ بڵاوبوونەوەى پەتاى کۆرۆنا هەژارى و برسێتى بڵاو بووەتەوە.
بە هۆى کۆرۆناوە باسى دەزگاکانى خێرخوازى گەرمەو، حزبەکان کەوتوونەتە کۆبرکێ و پارە کۆکردنەوەو هەرچەندە ئامانجى ئەو دەزگانە خزمەتکردنى بەرژەوەندى گشتییە وەك بایەخدان بە پەروەردەو فێرکردن وپێشخستنى کۆمەڵگاو یارمەتێدانى خەڵکى لێقەوماوو، کارکردن بەبۆ جیاوازى ئاین و ڕەگ و تایفە و پێست بەڵام بەداخەوە زۆرجار لە بەر زاڵبوونى بیرى حزبایەتى ئاراستەکەى ئەگۆردرێت.
دەزگاکانى خێرخوازى قازانج نەویستەو بۆ جێبەجێ کردنى ئامانجى بەرزو گەورەى وڵات بەبۆ جیاوازى و دوور لە حزبایەتى هەوێ ئەدەن

و، کار بۆ نەهێشتنی هەژاری و بارگرانی خەڵك ئەکەن و هەروا بۆ بتەکردنی مافە بنەرەتییەکانی مرۆڤ و ژینگەو کۆمەڵگا لە ڕێی ڕاهێنان بۆ کەسانی بێکار بۆ ئەوەی ببنە کەسانی خاوەن بەرهەم و، لە هەندێ وڵات دەزگاکان یارمەتی لاوان ئەدەن و ئەبنە زامنکردنی پێداویستییەکانی هاوسەرگیری و، کار بۆ جەنگاوەرە دێرینەکان و کەسانی نەخوێندەوارو بۆ ئەزمون ئەدەزنەوە.

لە زوربەی وڵاتان دەزگاکانی خێرخوازی بە شێوەی هەرەمەکی دانەمەزراون بەڵکو ئەبێت هەموو ئامانجەکانی بە پێی بەرپرسیارەتی یاسایی بێنتەدی و بار قورسی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە ڕێی گەشەدان بە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان سوك بکات و لە هەمان کاتدا بایەخبدات بە مافەکانی مرۆڤ و هەوڵبدات هەژاری نەمێنێت و سواڵکردن بنبر بکات.

دەزگاکانی خێرخوازی بۆ کارو چالاکییەکانی پشت بە یارمەتی و کۆکردنەوەی پیتاك و هاوکاری دارایی ئەبەستێت و سەرچاوەی سەرەکی خەڵك و ڕێکخراوەو دامودەزگاکانی ناو کۆمەڵگایەو نابێت بە هیچ شێوەیەك بۆ سوودی تاك وحزب و بەرپرس و کەسانی خاوەن دەسەڵات بەکاربهێنرێت و، ئەبێت بۆ خێشی ئەو کەسانە بێت کە لە ژیانیاندا تووشی ناخێشی و شەرو کارەسات بوونەتەوەو بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و، بۆ لە هاوکاری دارایی پیتاك وەك جلوبەرگ، پێاوو خواردن ڕێیان هەیە و، ئەم دەزگانە دابەش ئەبن بە سەر: پاراستنی ژینکە، پاراستن و یارمەتیدانی ئاژەڵ، وەدەستهێنانی دەرمان و عیلاجی نەخۆشەکانی شیرپەنجە و هتد …

زۆر کەرەت پارەو پیتاکی کۆکراوە بەشی کاروباری دەزگاکان ناکات بەیە ڕوو لە سەرچاوی دارایی تر ئەکەن وەك ئاهەنگگێران وچالاکی جۆراوجۆرو هەمەچەشنە یان فڕێشتنی شتومەك و بەرهەمی سەر بە دەزگاکان و، بەو شێوەیەش باری ئابووری ئەبوژێتەوەو یارمەتی بۆ هەژاران و هەتیوان زیاتر ئەبێت و، یارمەتییەکان ئەدرێن بە خەڵکانی نەخۆش و پیرو پەککەوتەو خاوەن پێداویستییەکان و ئامادەکردنی داودەرمان و جاروبار نەشتەرگەری کردن بۆ لێقاوماوان و، لە ڕێی بیرلێدان یارمەتیدانی دەوڵەت ئەدەن بۆ ئەو شوێنانە ئاوی پاکی خواردنەوەیان نییە.

دەزگاکانی خێرخوازی لە زۆر ڕووەوە یارمەتی پێشکەش ئەکەن وەك کردنەوەی خولی فێرکردن وپەرەدان بە بواڕەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ، بایەخدان بە کێشەکانی ژنان و بەرگری لە مافەکانی و چالاککردنی ڕێیان لە ناوکۆمەڵگاداو، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی گیروگرفتی چەوساوەکان و، بەشداریکردن بۆ لابردنی بارسەنگی لە سەر ئەو خێزانانەی تووشی زەرەروزیان بوونەتەوەو، بایەخدان بە لاوان

وبەرزکردنەوەی باری ڕۆشنبیریان سەبارەت بە دیموکراسی، ئازادی، مافەکانی مرۆڤ، سەروەری یاسا و دژایەتیکردنی گەندەڵی.
تا ئێستا ژمارەیەك چاوچنوك و چاوبرسی هەن بوونی ئەم جۆرە دەزگانە لە پێناو کاری نەشیاوو ناشەرعی ئەقڵزنەوە یان لە پارەی ئەم دەزگانە ئەدەن بە هونەرمەندان بە نیازی ئەوەی هونەرمەندان دەزگای نوێ دابمزرێنن و ئەگەر سەرکەوتوو بن پارەی زۆرتر کۆ ئەکەنەوەو، ئەو کات دەستبەسەر پارەکە ئەگرن و بۆ خۆیان خەرجی ئەکەن.
لای خۆمان بەرپرسان حزبایەتی بە دەزگاکانی خۆرخوازی ئەکەن و نموونەش زۆرەو لەوانە لە کاتی بوومەلەرزەکەی شاری دەربەندیخان لە شەوی 12/11/2017 زیانێکی زۆر بەر شارو خەڵکەکە کەوت و، زیانەکانیش بە (19) ملیار دینار خەمڵێندرا بۆ ئەوەی 4 هاوڵاتی گیانیان لەدەستداو ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون و جێی ئاماژەیە سەرۆکی حکومەت نێچیرڤان بارزانی بەڵێندا کە حکومەت قەرەبووی زیانەکان ئەکات بەڵام لەمڕدا زیان لێکەوتوانی بوومەلەرزەکە نێگەرانن وحکومەت هیچی نەکرد بەڵام ڕێکخراوەکان سەر بە پارتی و یەکێتی و حزبەکانی تر هەندێ خۆەت ، بەتانی، سوپاو ئازووقەیان دابەش کردو جێی دەستخۆشییە و، ئەوەی جێی ڕەخنەو گازندەیە هەر یەك لەو حزبانە دووچاوگی و جیاوازییان کردو، یەکەم بۆ ئەندامەکانی خۆیان و دووەم بۆ لایەنگیرانیان و ئەوەش مایەوە بۆ لێکەوتوان و لێقەوماوان و، باشتر وابوو هەرچی هەبوو بدرایە بە دەست بەرپرسانی حکومەت لە شارەکە و لە ڕێی ئەوان دابەش بکرایە
کێبرکی لە نێوان حزبەکان هەیەو ئەگەر پارتی دەزگای خۆرخوازی بارزانی هەیە، ئەوا یەکێتی دەزگای مرۆیی مامی هەیە کە ناسنامەکەی ئەڵێت ڕێکخراوێکی قازانج نەویستە و، کێبرکی بەناوی خۆرخوازی لە نێوان کورەکانی نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی هەیە و، کەس نازانێت پارە و سامانی ئەو ڕێکخراوەانە چەندە؟ و ، لە کوێوە هاتوون؟ و، چۆنچۆنی خەرج ئەکرێن؟ و، جارێکیان یەکێك لەو کورانە گۆرانیبێژێکی ئەمرێکی بانگهێشت کردو بوو بووە مایەی زەرەرو خەکێکی کەم چوون بۆ ئاهەنگەکەو کابرای ئەمریکی چەند دەفتەر دۆلاری وەرگرت و خۆشخوازییەکە شکستهێنا. .
6/4/2020

کێرنا لە نێوان پلە باڵاکان و پلە نزمەکاندا … ئەحمەد رەجەب

لە دوای قەیرانە دروستکراوەکەو مووچە برین ونەدانی بەشکی مووچە بەناوی پاشەکەوت حکومەتی کوردستان بەزمکی دزییەو ناوی چاکسازی لێناو بە پارە پەرلەمانی کوردستانیان دەستەمێ کردو پەرلەمانتێرەکان بێ بەرژەوەندی خێان بە زێرینە دەنگیاندا بەو چاکسازییەو دیارە چاکسازی نەبوو بەکێ چاکوازی بوو لە هەندێ شوێنی گەرمیان بە یاری ئەوترێت وازی.
بەی چاکسازییەکەی حکومەت یارییەکی زیرەکانە بوو بێ پێدانی خانەنشینکی خەیاڵاوی بەو کەسانەی لەلایەن خەکەوە دەنگیان پێدرابوو بێ ئەوەی ببنە نوێنەریان و خواست و داواکانیان بهێننەدی و بەرنگاری گەندەی و دزی وفرت و فێ ببنەوە و، لەمڕدا بەو کەسانە ئەوترێت خانەنشینی پلە باڵاکان و، هەموو خەمیان کارکردنە لە پێناو خێان و کەسوکارو خزمانیان(دیارە هەندی لە پەرلەمانتاران پیاوانە و بێترس دەنگیان بەرزکردەوەو دژ بەو یارییە وەستان).
بارودخی هەرێمی کوردستان بە بێنەی قەیرانە کوشندە دروستکراوەکە سەخت و دژوار بوو، لە ئێستادا بە هۆی کێرناو، قەدەغەکردنی هاتووچێ بارودخەکە قورسترو کوشندەتر بووە بە تایبەت بێ خانشینی پلە نزمەکان و، کاسبکاران و زەحمتکێشان و کرێکاران و هەژارانی بێ دەرامەت.
راستە قەدەغەکردنی هاتووچێ رێگرتنە لە تەشەنەکردنی پەتای کێرناو بەڵام هاوکات برسیکردنی سەدان هەزار خێزانی هەژارەو، حکومەت توانای ئەوەی نییە مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە لە کاتی خێدا بدات و، حکومەت ساڵانکی زێرە نەوت ئەفرۆشی و هیچی دیار نییەو، جێی ئاماژەیە تا ئێستا هاتووچێ قەدەغە کراوەو تەنها تانکەرەکان وەك جاران کار ئەکەن.
وڵاتان فەرمانی قەدەغەکردنی هاتووچێیان کردووە بەڵام ئەو کەسانەی فەرمانبەرو کرێکاری دەوڵەت نین یان کەم دەرامەتن و لە ماڵەوەن مووچەیان ئەدەنێ و، لای خۆمان کرێکاران و هەژاران و سەدان هەزار خاوەن تەکسی و ئۆتۆمبێلی بارهەگرو هەزاران خاوەن دوکانی بچوك لە ماڵەوەن وهیچ شتکیان پێنادرێت و هەندی خەکی دەوڵەمەندو خاوەن کۆمپانیای گەورە دەستی یارمەتیان بێ ئەو کەسانە درێژ کردووەو جێی سوپاسن بەڵام کوا رۆڵی حکومەت؟.

حکومەت باسی دادپەروەری ئەکات و، ئەگەر ئەمجارەیان لە گەڵ هاوڵاتیان راستگۆ نەبن شیرازەی کۆمەڵگا زیاتر تێکئەچێت وکۆنترۆڵیان نامێنێت بۆیە بەرامبەر بەم بارودۆخە پێویستە حکومەت چاکسازی راستەقینە بکات و بە خێرایی بچێتەوە و، دەست نەبات بۆ مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەران و خانەنشینانێ پلە نزم و، چاکسازی ئەبێ لە خاوەن کارگە و موڵەکان و کۆگەکانی نەوت و سەرمایەدار و سەرمایەکی وەزیران دەست پێبکات تا ئەگاتە وەزیران و پەرلەمانتاران و، هەروا پێویستە ئەم خانە خوارەوە زوو بە زوو جێبەجێ بکات تا کارەسات رووندەدات و جەماوەری خەڵک نەیەنە سەر شەقام و گۆڕەپانەکان و ئەو کاتە هەرەم بەرەو کوێ ئەچێ؟.
کەمکردنەوەی ژمارەی پاسەوانانی (حیمایە) بەرپرسەکان، بەرپرسی وا هەیە بەتالیۆنێک یان لیوایەک پاسەوانی هەیە و، نازانم نوێنەری خەڵک پاسەوانی بۆچییە؟.
مووچە و دەرماڵەی چاش موستەشارو پاریزکارو و پەلە باڵاکانی رژێمی دیکتاتۆری سەدام حسەین و حزبی بەعسی عەرەبی و بەشداربووانی پرۆسەی ئەنفالی چەپەڵ ببرن و، ئەو جۆرە خاین و خۆفرۆشانە بدەن بە دادگاو دەستیان خۆناویە و بکوژی هەزاران هاوڵاتی سڤیلن و ناویان لە لیستی تاوانەکان هەیە و، لە هەمووی خراپتر پاسەوانیان هەیەڵ.
پەرلەمانتار بە 5 و6 ملیۆن خانەنشین نەکرێت و پێویستە وەک وڵاتان لە پاش تەواو بوونی خولی پەرلەمان بگەڕێنەوە سەر کاری پێشوویان و لەوی خانەنشین بکرێن، لە ئێستادا ئەو پارەیە کە وەری ئەگرن و بە یاسا لە لایەن خۆیانەوە ڕێکخراوە دزییەو بازدانە بە سەر کۆمەکاو دووڕە لە موراڵی مرۆڤایەتی.
نەهێشتنی نووستوانی بن دیوارو کەسانی مشەخۆر.
پارتی وێەکێتی خاوەن دەزگایەکی گەورەی راگەیاندنن و، بێ نموونە دەزگای رووداو و دەزگای 24 بێ لە پێژەرو کارمەندان یەکی 20 ـــ 30 پەیامنێریان لە ناوخۆو دەرەوەی هەرێم هەیەو دابەشکراون بە سەر وڵاتان وبێشك هەرهەموویان لە سەر قووتی خەڵك پارە وەرئەگرن.
دەمێکە میوانێکی زۆر ، مەبەست بەعسییەکان و خەڵکی ترسنۆك و هەڵاتووی عێراقە لە کوردستان داێدەدراون وخەرجیان زۆرە وبارگرانیان دروست کردووە.
کۆنا ڤیروس مەترسیدارەو، بێ ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی داوا لە خەڵك کراوە لە ماڵەکانیان بمێننەوەو هاتووچۆ ئەکەن و، ئەگەر درێژە بکێشێت خەڵکی زۆر بێ نان سەر ئەنێنەوەو، پێویستە حکومەت بگەڕێت بە دوای چارەسەری نان و ئاو بێ ئەو کەسانە ئەگەر ڕۆژێك بکار بێت خێی و مناڵ و خێزانەکەی تووشی برسێتی و نەخۆشی دەروونی ئەبنەوە.

ئەحمەد رەجەب
31/3/2020

لەیادی 40 ساڵەی شەری قزلەروچەند راستییەك … ئەحمەد رەجەب

ئەمڕۆ 24/3/2020 یادی چل ساڵەی شەری قزلەرەو ڕوك چل ساڵ بەر لە ئێستاو لە ڕۆژی 24/3/1980 پێشمەرگە قارەمان و چاونەترسەكانی حزبی شیوعی عێراق بە مەفرەزەیەكی {16} كەسی بەرنگاری سوپاكەی دیكتاتۆر سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبی و بە یاوەری جاشە خۆفرۆشەكان بوونەوە.
سوپاكەی سەدامی دیكتاتۆرو حزبی بەعسی عەرەبی خوێنڕژ پێنجەمین سوپای گەورەو مۆدێرنی جیهان بوو، خاوەنی فڕۆكەی جەنگی و هەلیكۆپتەروو تۆپ و راجیمەو هەموجۆرە چەكێك بوو، بە یاوەری سەدان بەتالیۆنی خەفیفە (موستەشارو جاش) و دامودەزگای ئەمن و ئیستخبارات.
هەندێ لە هاوڕیان و خەڵكی تر بیرەوەری و كتێبیان نووسیوەو ئەوەی سەیرە وتوویانە بۆ مێژوو ئەم راستییانە ئەنووسین تا نەوەكانی داهاتوو سوودی لێوەربگرن بەڵام زۆریان بە هەڵەداچوون و، لێرەدائاماژە ئەدەم بە نووسینی هەندێك لە هاوڕیانی شیوعی و مەبەستی ژمارەیەكیان تەنها سەنگ دەرپەراندن و هیچی تر ئەگێنا بابەتەكانیان لە نووسینەكانم و نووسینی هاوڕییانی دیكە كە لە شەڕەكە بوون وەرگرتووەو بە هەڵە دایانرشتووە.
دوو سێ هاوڕیی سەركردایەتی لە بیرەوەرییەكانیاندا بە هیچ شێوەیەك ئاماژن نادەن بە چەكی پێشمەرگەكان چونكە ئەگەر ئەو كارە بكەن سەرو گێیلاكی خۆیان ئەگرتەوە و، ئەوان وەك بەرپرس مەفرەزەكانیان ناردووەتە قووڵایی خاكی كوردستان بە خراپترین چەك و بە بێ تەقەمەنی و تفاقی تر بێ نموونە مەفرەزەكەی قزلەر.
هاوڕێی بەڕێز موهەند ئەلبەراك { دوكتۆر سادق} كتێبێكی بە ناونیشانی ئەی ڕەقیب نووسیوەو هەروا هاوڕیەكی تر بە ناو { سەلام

فەواز ئەلعوبەیدی} کتێبێکی بە ناونیشانی { بیرەوەرییەکانم لەبارەی ژیانی پێشمەرگەکان} و، ڕێزدار دوکتۆر عەبدوافەتاح عەلی بۆتانی هەندێ تێبینی و ڕاستکردنەوەی نووسیوەو جێی دەستخۆشییەو، ئەوێت کتێبەکەی سەلام فەواز سەرچاوەیەکی گرنگەو نابێت لە نووسینەوەی مێژووی خەباتی چەکداری پێشمەرگە شیوعییەکان و بەشداریان لە شۆرشی کوردا پیشتکێیی بخەن.
دەستخۆشی لە دوکتۆر سادق نووسەری { ئەی ڕەقیب} و سەلام فەواز نووسەری { بیرەوەرییەکانم لە بارەی ژیانی پێشمەرگەکان} و، هەروا ڕێزدار دوکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی ئەکەم و هیوادارم سەرکەوتوو بن و لە کۆتاییدا داواکارم لە هەردوو نووسەر د. سادق و سەلام ناوی شەرەکان و هاوڕیان ڕاست بنووسن و هەروا ڕۆژەکان بە نموونە شەری قزلەر لە 24/3/1980 ڕوویداوە نەوەك 27/3/1980.
هاوڕێ فەیسەڵ ئەلفوئادی لە کتێبەکەی : لە مێژووی خەباتی چەکداری پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراق { 1978 ـــ 1989} ئەنووسێت :
مەفرەزەیەك لە 16 هاوڕێ و دۆستان بەرپرسی عەسکەرییەکەی مەلا حوسێن و موستەشاری سیاسییەکەی هاوری فارس ڕەحیم ئەندامی محەلی سلیمانی بوون هتد… چەکەکانیان "" ئالی وغەیر ئالی "" 24/3/1980 چوونە ناو دێی قزلەر، هاوڕیان بریاریاندا بێ نانخواردن بچنە ناودێ و ئەمەش پێچەوانەی بریارێکی ڕوونە کە نابێت بە ڕۆژ بچنە ناودێ، مەفرەزەکە پاسەوانی توندوتێیان دانەناو، هاوڕیان بە پەلە چوون بێ مزگەوت و چاوەڕوان بوون نانیان بێ بێنن و، لەو کاتەدا 4 هەلیکۆپتەر لە نزیك مزگەوتەکە هاتنە سەر زەوی و بارەکانیان هەڵرشت 120 کەس بوون ویەکسر کەوتنە تەقە ڕووەو مزگەوتەکەو، پاشان 7 هەلیکۆپتەری تر هاتن و بارەکانیان هەڵرشت و ، نووسەر بە ئارەزووی خۆی زۆر شتی تری نووسیوە.
ڕاستە مەفرەزەکە 16 هاوری بوو هەر هەموو شیوعی بوون حەمە کریم قەرچەتانی بەرپرسی عەسکەری بوو، هاوڕێ فارس ڕەحیم لەوێ نەبوو قەت موستەشاری سیاسی نەبووە، چەکەکان خراپترین چەك بوون، چوونە ناودی پیچەوانەی هیچ بریارێك نەبوو هاوڕیان خۆیان بریار ئەدەن، لە ناودێ پێشمەرگە لەلایەن ئەنجومەنی دێکە بە سەرماڵاندا دابەش ئەکرێن و ناچنە مزگەوت تا نانیان بێ بێنن، پاسەوانی توندوتێ (کەس نازانێت مەبەستی چییە) خۆمان 16 کەس بووین من و هاوڕێ ڕەووف ڕەشید { بڕکەس} پاسەوان بووین.
هاوڕێ فەیسەڵ فوئادی مێژوو ئەنووسێت بەڵام مێژووەکە ئەشێوێنێت.
چل ساڵ بەر لە ئیستاو لە ڕۆژی (24) ی ئاداری ساڵی (1980) پێشمەرگە ئازاو دڵێرەکانی (حزبی شیوعی عێراق) شەرێکی پر لە قارەمانێتی و خۆبەخت کردنیان تۆمار کردو ئەتوانین بڵێن داستانێکی

بۆ وێنە..
ڕژێمی لەرزۆکی بەغدا بۆ داپڵۆسینی جەماوەرو بە هۆی جەژنی نەورۆزەوە هێزکی گەورەی سەربازو جاشی هێنابووە شاری سلێمانی و لە حاڵەتی ئامادەباش بوو، ساڵی (1980) بە هۆی باران و تەروتووشییەوە ئاهەنگەکانی نەورۆز خرابوونە ڕۆژی (24) ی مانگ و هێزەکانی دوژمن لە سەرپۆ بوون بۆ سەرکوتکردنی هێزە بەرهەستکارەکان.
مەفرەزەیەکی قارەمانی حزب کە لە (16) پێشمەرگە پێك هاتبوو، بەیانی زوو دێی زۆوێی بناری شاخی سەرکەشی پیرەمەگروونی بەجێ هێشت و بەو سەرماو سۆڵەیە بەرەو دێی (قزلەر) کەوتەڕێ و ، بەفر شکاندن چوونە سەر شاخ و دابەزین بۆ دامێنی شاخ بوونە هۆیەکی سەرەکی هیلاك و ماندوو بوونی پێشمەرگەکان، لە کاتژمێری (11) دا پێشمەرگەکان چونە ناو دێی قزلەری سەر بە ناحیەی سەرچنار بۆ حەسانەوە، بەڵام پاش کاتژمێرێك هەڵکەپتەرەکانی دوژمن هاتنە ئاسمانی دێیەکە و یەکسەر سەربازو جاشیان هەڕشت و زوو بە زوو لە هەردوولا دەست کرا بە تەقەکردن.
بەڵی پێش چل ساڵ لە ڕۆژکی وەك ئەمڕۆدا (24) ی ئادارڕژێمی ترسنۆکی فاشی و خۆنڕژی عێراق بە هێزکی گەورە لە هێزەکانی تایبەتی (قوات خاصە) بە پاڵ پشتی جاش و بە (19) هەلیکۆپتەر هێرشکی درندانەیان کردە سەر مەفرەزە قارەمانەکەی حزبی شیوعی عێراق لە دێی قزلەرو شەرکی چەپە و نابەرابەرو سەختیان هەگیرساند.
دوژمنی ترسنۆك بە شێوەیەك هاتبوو، ئەیزانی مەفرەزەکە (16) کەسەو چەکەکانیان زۆر خراپە، بە خەیاڵی خاوی خۆی هاتبوو مەفرەزەکە دەستگیر بکات، لە راستیدا چەکی پێشمەرگەکان چەکی شەر کردن نەبوو، بریتی بوون لە (2) کلاشنکۆف و (8) ژێسۆ و (5) ماوو* یەك برنەو، هەموو ئەو چەکانەش کۆن بوون و، لە کاتی تەقە کردندا ئەوەستان، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو کێسپ و تەگەرەیە حەماس و وڕەی بەرزی پێشمەرگەو هاوڕیان لە پەرەسەندندا بوو.
پاش سێ چوار کاتژمێر لە شەرەکە مەفرەزەیەکی ئازای پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرکایەتی ئیسماعیل گەورەدێی لە قۆڵی چۆخماخەوە خۆی گەیاندە گەرمەی شەرەکەو هاتن بە هانای براپێشمەرگەکانیانەوە، لە کاتژمێری (6) ی ئێوارە دوژمن کەوتە پاشەکشێ و کۆکردنەوەی زیانەکانی و بە ڕووڕەشی بۆ مۆگاکانی گەرایەوە.
مەفرەزەکە برێتی بوو لەم هاوڕیانە:
1ـ حمە کریم قەرەجەتانی (حەمە صالح) 2 – حسن رشید (فەلاح) 3-

کمال مام همزه (هەژار) 4- عمر حه مه بجکول (ملا حسین) 5- معتصم عبدالکریم (أبو زەهره) 6- شفیق کریم (مامۆستا شاهۆ) 7- صلاح الدین حسن (مامۆستا خالد) 8- سەرباز مەلا ئەحمد بانیخیلاني 9- عومەر عەلی (عمر بوره سلمی) 10- مامۆستا جەمال محمد امین 11- حەمەسالەح سورداشی (مامۆستا سەردار) 12- رەووف رەشید (بۆکەس) 13- محەمەد مەزلوم (أبو محەمەد) – 14ـ بورهان ئەحمەد (عەتا) 15- ئەحمەد رەجەب (سیروان) 16ـ (عەدنان .ط)**

لەم داستانە شکۆدارەدا ئەم هاورێیانە شەهید بوون:
1- عومەر حەمە بچکۆل (مەلا حسین)، ئەندامی لێژنەی قاعیدە، کرێکاری کارگەی تەنقیحی سلێمانی.
2- شەفیق کریم (شاهۆ) مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە سانەوی رۆشنبیر – سلێمانی، ئەندامی لێژنەی قاعیدە.
3- موعتەسەم عەبدولکەریم (أبو زەهرە) ئەندامی حزب، هونەرمەندو وێنەکێش {شۆوەکار}.
4- حەسەن رەشید (فەلاح) – کرێکارو لێپرسراوی هێزی پاراستنی بارەگای کۆمیتەی ناوەندی لە بەغدا، ئەندامی قەزا، سلێمانی.
5- کەمال مام هەمزە (هەژار) ئەندامی حزب، کرێکار، سلێمانی.
بریندار بوونی (شەهاب) پێشمەرگەی دلێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
شایانی باسە (3) هاورێ لەو هاورێیانەی بەشداری شەری قزلەریان کرد لە شوێنی تر شەهید بوون:
1 – سەرباز مەلا ئەحمەد بانیخێانی لە داستانەکەی بەکربایفدا بە دەستی مێستەشارجاش تحسین شاویس شەهید کرا.
2- عومەر عەلی (عومەری پورە سەلما) لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکێکی حزب و پێشمەرگە لە رووباری چەمی سووڕەبان لە نزیك دێی چاڵە خەزێنە خنکاوو شەهید بوو.
3- سەلاح الدین حەسەن (مامۆستا خالید) ئەندامی مەکتەبی محەلی سلێمانی ـ لە کاتی ئەنفالە بەدناو چەپەڵەکەی رژێمی بەعسی ترسنۆکدا 1988 کەوتە داوی چەتەو چەکاوخۆرەکانی رژێم و شەهید کرا.
سەرکەوێ خەباتی رەوای حزبی شیوعی لە پێناو ئاواتەکانی گەل و نیشتمان..
مردن و سەرشۆری بۆ دژمنان.
تێبینی: مەلا حسین لە دێی چێخماخ تەسلیم بە خاك کراوە.
(4) هاورێکەی تر: شەفیق و أبو زەهرەو حەسەن و هەژار لە دێی (قزلەر) نێژران، بەڵام بۆ بەیانی 25 ی ئاداری 1988 دوژمنی ترسنۆك لاشەکانیانی بۆ شاری سلێمانی گواستەوە.
** عەدنان . ط لە پاش ماوەیەك زانرا عەدنان چەکاوخۆری رژێمی حزبی

بەعسی عەرەبییە.
23/3/2020

کێ ئەبێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق و کەی؟... ئەحمەد رەجەب

پێنج مانگە خەپیشاندان و راپەرین لە بەغداو شارەکانی ناوەراست و خواروی عێراق دەستیپێکردووەو سەرەرای تێهەدان و گرتن و ئازارو ئەشکەنجەدان زیاتر لە پێنج سەد شەهیدو بیست و پێنج هەزار بریندارو هەزاران بەسەروشوێن کەس نازانێت عێراق بەرەو کوێ مل ئەنێت و بە هوێ بارودۆخەکەو بێتوانایی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لە دژینەوەی چارەسەر بێ داخوازییەکانی جەماوەرو خەپیشاندەران ناچارکرا دەست لەکار بکێشێتەوە.
سێ مانگە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لە کارکەوتووەو حزبەکانی شیعە سەریان لێشێواوەو رووپاکردە ئێران و لە شاری قوم بە سەرپەرشتیاری ئێران کۆبوونەوەو لە هاتنەوەیاندا کەسیکیان بە ناو (محەمەد تەوفیق عەلاوی) دا بە سەرۆك کۆمار بێ ئەوەی ببێتە سەرۆك وەزیران بەڵام محەمەد عەلاوی لە پاش یەك مانگ خۆی و ناوی کابینەکەی چوونە پەرلەمانی عێراق و، لەوی بە هۆی ناکۆکی نێوان شیعەکان شکستیهێناو کشایەوە.
تا ئێستا لایەنێ شیعەکان لێ دیاریکردنی کاندیدی سەرۆك وەزیران دوورن و، رۆژانە کۆئەبنەوەو تەنها ناوی دوو کەس یان سێ کەس تاوتوێ ئەکەن و ناگەنە ئەنجام و، بەوەش کێشەیان بێ سەرۆك کۆمار بەرهەم ساڵح دروستکردووەو، شاراوەش نییە بەرهەم ساڵح لە ژێر فشاری ئێران و حزبە شیعەکانەو تا ئەم ساتانەدا چاوەروانە کەسێك لەلایەن ئەو حزبانە دەستنیان بکرێت.
مستەفا کازمی بێت یان عەلی شوکری یان کەسێکی تر ئەبێت لەلایەن ئێرانەوە کۆدەنگی لە سەر بێت ئەمە لەکاتێکدا خرپیشاندەران ئەڵێن : ئێمە بریار ئەدەین کێ ببێت بە سەرۆك وەزیران، ئێمە خاوەن بریارین، خەڵك خاوەن بریارە، خەڵك بە دەنگی بەرز ئەڵێن : ئێران بێ(دەرەوە بێ دەرەوە) و، ئەوە کەسە لەلایەن حزبەکانی خاوەن دەسەڵات بەربژێر ئەکرێت پێویستە کەسێك بێت خەڵك پێی قایل بێت نە

ئەمریکاو ئێران، پێویستە هەموو لایەك تواناو ئیرادەی خۆك پشتگوێ نەخات.

خۆك بەرپژێریکی ناوەت تەنها لەلایەن بەرهەم ساڕحەوە پەسەند بکرێت و، حزبە شیعەکان دژ بە خواست و داوای خۆکن، ئەو خۆکە دژ بە پرۆسەی سیاسی و تایفەگەری و پشکپشکێنەو گەندەڵی و دزیی راپەریوەو ئەیانەوێت عێراق لە دارمان و گەندەڵی و هەژاری و برسێتی و نەخۆشی رزگار بکەن و، لە پێناو نەمانی مێلیشیاو چەك بە دەستەکان تێئەکۆشن و، بە دوای ناسنامەی نیشتمان بوون ودیموکراسی راستەقینەو و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەگەڕێن.
دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی تەنها سەرەتا بوو، خواست و داوای خێپیشاندەران و خۆکی راپەریو درێژەی ئەبێت و، سوورن لە سەر هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و تا هەنوکە خێپیشاندانەکان بە ئامانجەکانی گەل نەگەیشتووەو، پرۆسەی سیاسی ئاواتەکانی گەل ئەکوژێت و لە ناویان ئەبات و، ئەمەش هەڵکی زێرینە بێ چەسپاندنی چاکسازی گەورەو، هەرسێ سەرکایەتییەکە (سەرۆك کۆمار، سەرۆك پەرلەمان و سەرۆك وەزیران) دەست لە یەحەی خۆك بەربدەن و، هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت و، ئەوانەی بەشدار بوون لە دارمانی ئابووری و کۆمەڵایەتی عێراق سزابدرێن.
ئێران بە ناوی ئاین و ئیسلامەوەو لەڕی حزبە شیعەکانی خاوەن دەسەڵات گیروگرفت و کێشەکانی ئەگوازێتەوە بێ عێراق و وڵاتانی ناوچەکەو بەو شێوەیەش هەوڵی زیاتر ئەدات بۆئەوەی ئەو وڵاتانە بخاتە ژێرهەیمەنەو کۆنترۆڵی پاسداران و سوپاکەی و هەر سەبارەت بە دانانی کەسێك بێ سەرۆك وەزیران عێراق و، بێ ڕکخستنی ناوماڵی شیعە عەڵی شەمخانی ئەمنیداری گشتی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئێران خۆی گەیاندە بەغداو، یەکسەر لە گەڵ سەرکردەکانی حزبە شیعەکان کۆبووەوەو، بڕیاری ئەندامانی پەرلەمانی عێراق سەر بە هادی عامری و موقتەدا سەدرو نوری مالکی و ئەوانی تر لە سەر تەلەفزیۆن و سەتەلایتەکان رایاگەیاندو وتیان شەمخانی ئامۆژکاریمانیکرد بێ ڕکخستنی ناوماڵمان و زاڵبۆن بە سەر کیشەکانی نێوانمان و دیاریکردنی کەسێك بێ پێستی سەرۆك وەزیران و، دیارە ئەو کەسە ئەبێت بە پێی خواستی ئێران دابنرێ
عەلی شەمخانی لە کاتێکدا وڵاتەکەی دووچاری کێرنا بووەتەوە سەردانی عێراقی کردو، ئارەزوومەندانە هاتووچۆ ئەکات و کۆبوونەوە ئەنجام ئەدات و، تەمێی شیعەکان ئەکات و، لە ڕووی ئەمن وئاسایشەوە لە گەڵ فەیاز راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق کۆبووەوەو باسی بارودۆخی عێراق و حەشدی شەعبی و دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا

و هێزە بیانییەکان کردو، لە پاش گەرانەوەی بارودۆخی ناوخۆی عێراق و ناوچەکە بە هۆی بڕدومان و هەرشکردنە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان روو لە گرژی و ئاڵۆزی ئەکات.
لە کاتی نووسینی ئەم وتارە هەواڵێك باوکرایەوە کە حزبە شیعەکان کێکن لە سەر ناوی نەعیم ئەلسوهەیل ببێت بە سەرۆك وەزیران و، ئەم نەعیمە راوێژکاری سەرۆك کۆماری پێشووتری عێراق بووەو کوری برای تاڵب ئەلسوهەیلە کە لە لایەن حزبی بەعسی عەرەبی لە لوبنان کوژراو، ئەگەر زۆرە پێستەکە وەربگرێت وچانسی زیاترەو رۆژانی داهاتوو پەردە لە سەری لا ئەبات.

.15/3/2020

سەنگ و قورسایی حزبی شیوعی و ناحەزان... ئەحمەد رەجەب

ناحەزان و دوژمنانی شیوعییەت لە چاوپێکەوتن و لێدوانەکانیان هەلیان بۆ ئەرەخسێ و هیرشی توندو تیژو ژەهراوی و دوور لە راستگۆیی ئاراستەی حزبی شیوعی ئەکەن بە بۆ ئەوەی رابردوو تێکۆشانی ئەو حزبە ماندونەناسەو رۆڵی کارامەی لە پێناو چەسپاندنی ئاوات و خواست و ئارەزوو ئازادی گەل و نیشتمان بەننە بەرچاویان و کۆرانە قسەی پڕپوچ ئەخەنەنە پاڵی ئەو حزبە مەزنە خاوەن تێکۆشان و هەزاران شەهید.
لەگرتەیەکی ڤیدیۆیی و، لە بەرنامەی رووداو مۆژووی کەناڵی NRT لە چاوپێکەوتنکدا لە گەڵ بەڕێز : حامید حاجی غالی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەرپرسی نووسینگەی کۆمەڵایەتی پەردە لە سەر زۆر شت هەڵئەداوەو ئەڵێت ئێمەی یەکێتی لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆشیالیستی کوردستان و ئیسلامییەکان بانگەشت کراین بۆ ئێران و لەوێ لەسەر چۆنێتی گرتنی شاری هەڵەبجە رێککەوتین و هەروا چۆنێتی هێنانی سوپای پاسداران و، لە هاتنەوەماندا بۆ خۆ پاراستن لە چەکی کیمیاوی ماسك (قناع) و دەرزیان بە سەرماندا دابەش کرد.
پێشکەشکاری بەرنامەکە پرسیاری کردو وتی : ئەی ماسك و دەرزیتان دا

بە خەڵکی شار ؟.
حامید: نەخێرو، کێ ئەتوانێت بەو شەوە ئەو کارە بکات.
پێشکەشکار: ڕێی تێ لەو ئێپراسیۆنە، ئێپراسیۆنی گرتنی شاری هەڵەبجە چی بوو؟
حامید : بەڕپرسی سەربازی پێشمەرگەکانی یەکێتی بووم و، بە موقدەم (تارانی) م وت من هیزەکانم ئەنێرمە پێشەوەو، موقدەم تارانی زێری پێخۆش بوو.
پێشکەشکار : هەندی لایەن لە مەترسی ئەو جۆرە ئێپراسیۆنە ئاگادارییان پێداون ، وەك حزبی شیوعی و ئیسلامییەکان.
حامید : حزبی شیوعی چی ، کەی ئەو قورسایەی هەیە بەشداری بکەن یا نەکەن ، پەنجا کەسکن!.
پێشکەشکار ئاماژە بە زێر شت ئەدات وەك : تاڵانکردنی پارەو زێری بانقی هەڵەبجەو تەقاندنەوەی و ، تەقاندنی بینای توتنەکە (تنقیحەکە) و بردنی کتێب و هەموو دەستنووس و شتی ترو، ئەڵێن بە یەك ئەنکوستیلە پەنجەی مردووتان بریوەتەوە و، ئیوە تاوانبارن بەوەی خەڵکتان ئاگادار نەکردووەو، سور ئەزانن سەدام حوسەێن بەرامبەر بەو کارەی ئیوەو ئێران دەستناپارێزێت و، بۆچی فرۆکەوان(تارق ڕەمەزان) کە کیمیاوی ڕشت بە سەر هەڵەبجەو سۆسنان لە سڵەمانی ئازادتان کرد
حامید وتی : نەمانزانی سەدام حوسەێن کیمیاوی بە سەرماندا ئەرژێنێت و، من ئاگام لە بردنی پارەی بانقەکە نییەو وابزانم ئێران بردوویەتی و، پەنجەو دەستی کەس نەبراوەتەوەو ئەوە بوختانەو، سەبارەت بە تارق ڕەمەزان نازانم چی بڵێم دیارە (خەت مایلە) و کارێکی باشی بۆ کورد کردووە بۆیە ئازاد کراوەو ، حامید حاجی غالی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی خۆی لە زێر شت دزییەوەو وەڵامی نەداوە بەڵام هاوکاری ئێران لە کرتنی هەڵەبجە بە شانازی ئەزانێت.
لەمیانی ئاخافتنەکانی بەڕپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی زێری شتی باسکردو ڕاشکاوانە وتی ئێمە هیچمان نەکرد بەڵکو خەڵك ڕاپەڕینی کردو، من بەڕپرسی عەسکەری بووم وەك حامیدی حاجی غالی هیچم بۆ ڕاپەڕین نەکرد بەڵام بەڕێز حامید ئەندامی سەرکردایەتی و بەڕپرسی مەکتبی کۆمەڵایەتییە و نابی بە هیچ شێوەیەك زمانی زبر بەکار بهێنێت وهەوڵ نەدات مێژوو بشێوێنێت و ڕاستگۆیان قسە بکات و، بۆ بیرهێنانەوەی لە سەنگ و قورسایی حزبی شیوعی پێویستە بە خێدابچێتەوە،
لە سەرەتای تێکۆشانی چەکداری پەیوەندی نێوان حزبی شیوعی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بتەوو سەقامگیر بوو، لەو سەردەمەدا جاروباری

گرژی و ناکۆکی وەمارگیری رووی ئەداو، زۆر جار رۆکەوتن لە نێوان هەردوولا ئەکراو، لە شەرو پێکدادان لە گەڵ رژێمی خوێنڕژی حزبی بەعسی عەرەبی بە هانای یەکتر ئەچوون و، هاتووچۆو وسەردانی یەکتر لە نێوان جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی و عەزیز محەمەد سکرتێری حزبی شیوعی عێراق گەرم بوو، بەڵام بە کرداری دوژمنکارانە ناحەزان توانیان شەرێکی خوێناوی لە پشتاشان دروستبکەن و، بووە هۆی شەهید کردنی 67 شیوعی و(لێرەدا وەبیر بەرپرسەکەی کۆمەڵایەتی یەکێتی ئەهێنمەوەو ئەڵێم شیوعیەکان 50 یان 60 کەس نین کاکی بەرپرسی کۆمەڵایەتی بەکو خاوەنی هەزاران شەهیدن.
لە پاش قەسابخانەکەی پشتاشان و، ئاشتبوونە جاریکی تر تێکۆشان لە دژی رژێمی بەعسی عەرەبی لە نێوان پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی و یەکێتی درێژەی هەبوو وەك گرتنی شارچکەی قەرەداغ و، شەرکەی قەلاقایمزو کەلەش و گەرمیان لە رۆژانی ئەنفالداو، خوێنی شەهیدانی شیوعی و یەکێتی تێکەڵاو بوو ، تەنها لە بەرنگاری فاشیستەکانی بەعسدا لە 9 ی نیسانی 1988 لە ئاوایی تازەشارو شیخ حەمیدی بناری گەل خوێنی 8 قارەمانی شیوعی بە سەرپەرشتی مولازم سامی و 12 قارەمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرپەرشتی فەرماندەی شەهید نازم بچکۆل و، بەرنگاربوونەوەی هاوریانی حزبی شیوعی و هەڤاڵانی یەکێتی بۆ زیاتر لە ماگەك دژ بە رژێمی دیکتاتۆری بەغدا لە دەڤەرکاکو شاخی چەکوش لە قەندیلی سەرکەش.
بۆشك بەرێز حامید حاجی غالی وەك فەرماندەو پێشمەرگەی دڵرین ئەزانێت شیوعییەکان و حزبە نەبەزەکەیان حزبی شیوعی هیچ کات لە تێکۆشان دوانەکەوتووەو رۆیان دیارە لە شەهکانی : قزلەر، سکانی، بادنان، باڵەکایەتی، سوڵەمیش، بۆقامیش، شەقلاوە، سماقوڵی ، گەرمیان و نەوجول و هتد…
10/3/2020

…ناتۆش پاپێشتی تیرۆریستان ئەگرێت ئەحمەد رەجەب

ئاشکرایە لە هەر کۆ شەر رووبدابێت کوردو کوردستانیان بە هۆی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان دووچاری گرتن و کوشتن بوونەتەوە و

هەروا لە ناوبردنی سامان و دارایی هاوڵاتیانی و خاپورکردنی خاکەکەی و ئەوەتا تورکیا چەندین ساڵە شەڕکی خوێناوی بە نەخشەو پلانێکی داڕێژراوی تۆکمە دژ بە کوردانی باکووری کوردستان هەڵگیرساندووەو، سەدان هەزار کەس لە سڤیلی بێ دەسەڵات دووچاری گرتن و زیندانیکردن و کوشتن بوونەتەوە لە سەر خاکی باوپاپیرانیان دەرکراون و ماڵ و سامانیان تاڵانکراوەو باخ و بۆستان و رەزو دارستانەکانیان سووتێنراوەو، وئاوایی و گوندو شارەکانیان وێران کراوە.
بۆ زیندوکردنەوەی خەلافەتی عوسمانلی مردوو پێچووە چارەدێزەکەیان رەجەب تەیب ئەردۆگان هەڵپەیەتی و دەست بۆ هەموو لایەك ئەبات و، تەنها لە سوریا بە ناوی کۆنترۆڵ کردنی سنور دەستیگرت بە سەر شارۆچکەی جەرابلوس و پاشان گرتنی شاری عەفرین و، لە دواییدا، لە ئوکتۆبەری ساڵی 2019 هێرشی زەمینی و ئاسمانی سوپای تورکیا و گروپێ تۆندڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، دەستیپێکرد. سەرەڕای دژایەتی و هەڵوێستی تۆندی جیهانی بەرام تورکیا بەردەوامە لە داگیرکاری و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی مەدەنییان کردۆتە ئامانج و بەو هۆیەوە کۆڕاو بریندارى زۆری لێکەوتووەتەوە.
ئەمڕۆ لە شاری ئیدلب شەر گەرمە لە نێوان تورکیاو سوریاو، ئیدلب شارێکی سوریایەو لە سەرەتای ڕاپەڕینی خەڵکی سوریا دژ بە ڕژێمی بەشار ئەلئەسەدو بە پاڵپشتی حکومەتی ئیخوان ئەلموسلمینی تورکیاوەو بەهۆی لاوازی حکومەتی سوریاوە لە ساڵانی پێشوو کەوتەدەست تۆندرەوە تیرۆریستەکان ولەلایەن تورکیاوە بەرەوەئەبراو، لەمڕۆدا حکومەتی سوریا بە پاڵپشتی روسیا ئەیەوێت شارەکە لە چنگی ئەردۆگان و تیرۆریستان بسەنێتەوە.

تورکیا هەموو هەوڵ و تواناکانی خستووەتەگەر بۆ ئەوەی ئیدلب لە ژێر رکێفی بمێنێتەوەو ناوچەیەکی ئارامی لێدروست بکات و، لەم ڕێگاشەوە ئەتوانێت لە کورد بدات گوایە کوردەکان مەترسین لە سەر بارودۆخی تورکیا بەڵام لە ڕاستیدا ئیدلب لە ڕووی ستراتیژی جۆگرافیاوە بۆ تورکیا گرنگییەکی زۆری هەیەو لەوانە : یەکێکە لەو ناوچانەی لە سەرەتاوە لە شەڕشی خەڵکی سوریا بەشداری کردووەو، ناوچەیەکی ستراتیژییەو تورکیا لەو باوەڕدایە پاراستنی ئیدلب ڕیگا نادات دەستی دوژمنان بگاتە خاکی تورکیا و، ڕیگا خۆشکەرەیە بۆ گەیشتن بە دەریای ناوەڕاست { دەریای سپی} و، نزیکە لە شاری لازقییە کە بە دڵی ڕژێمی سوریا ئەژمێردرێت و ئەوەش بایەخی ستراتیژییەکەی زیاد ئەکات و، هەروا نزیکە لە شاری ریحانییەی ویلایەتی هاتای و، ئیدلب شاریکی گەورەیەو زیاتر لە دوو ملیۆن و

نیو خەکی لێیە و لە شارەکانی ترەوە بە تایبەتی شاری حەڵەب رووبان لەوکردووە.
شەر گەرمەو سوپای سوریا بە یارمەتی روسیاوە پێشرەوی کردووەو بەشێکی فراوانی لە خاکی ئێدلب رزگارکردووە و، رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرکی تورکیا هەرەشە ئەکات و، ئەیەوێت سوریا بکشێتەوەو، بە پێچەوانەشەوە ئەڕەت ئەمەش هەرش ئەکەن و دەست ناپارێزین وبەردومانی ناوچەکانی تریش لە دەرەوەی سنوری ئیدلب ئەکەین.
بە هەی شەری زەمین و ئاسمانییەوە، تێپباران و فڕکەی دوو وڵات تورکیاو سوریا خەکی سفیل بەرەوروی لەناوچوون بوونەتەوەو نان و ئاویان لێبراوەو، دوور نییە ئەم شەرە زیاتر پەرەبسێنێت و ببێت بە شەرکی گەورە بە تایبەت هێزەکانی سوپای سوریا لەلایەن روسیاوە یارمەتی ئەدرێن و، لە سەرەتای ئەم هەفتەدا زیاتر لە 33 سەربازی تورکیاو 50 سەربازی سوریا کوژراون و، ئەم شەرە ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە بەرەو گرژی و ئاڵۆزی زیاتر ئەبات و، ئەگەر تەشەنە بکات بە تەواوەتی ئەتەقێتەوەو لایەنی تریش ئەگرێتەوە.
ئەردۆگان زۆر هەوڵیدا وڵاتانی پەیمانی زەریای باکوری ئەتلەنتێك (ناتۆ) رازی بکات بەوەی ناوچەیەکی ئارام و دابراو لە خاکی سوریا دروست بکات بەڵام ئەو وڵاتانە گۆڕیان پێنەداو، روسیا توانی ئەو بۆشایە پر بکاتەوەو پشتگیری لە سوریا

ئەکات و، بە هەی سوریاوەو لە سەر بانگهێشتنی حکومەتی بەشار ئەلئەسەد روسیا جێپێی لە ناوچەکە قایم کردووە.
نووسەرێك لە شیکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکە بە ناوی مارتن شلێف ئەنووسێت و ئەڵێت : ئێستاکە دەستی روسیا لە کێشەو گیروگرفتی لە گەڵ تورکیادا بڕندەو، ئەوە سێ ساڵە سەبارەت بە باکوری سوریاوە مشتومرێانە بەڵام مشتومرەکە لەم دواییەدا گوازرایەوە بۆ پێکدادانێکی ترسناك لە نێوان دوو لایەن یەکەمیان سوریاو روسیاو دووەمیان تورکیاو تیرۆریستان
ئەردۆگان جارکی تر زەلیلانە رووی کردە ناتۆو داوای یارمەتی کردو، بە پێی نووسین و پەرەگرافەکانی یاسای هاوپەیمانی ناتۆ ئەبێت ئەو وڵاتەی ئەندامی ناتۆیەو تووشی شەر بێت لەلایەن ناتۆوە یارمەتبدرێت و پشتگیری لێوە بکرێت بەڵام لەم حاڵەتەی تورکیا ئەندامەکانی ناتۆ وتیان هەرشکردنە سەر سەربازانی تورکیا هەرەشە لە تورکیا ناکات و، بەوتەی ئەو ئەندامانە هێشتا شەر گەرم نییەو، لە بەرامبەردا ئەردۆگان هەرەشەی لە یەکێتی ئەوروپا کرد بەوەی رێگا لە بەردەم کۆچبەران وڵا ئەکات بەرەو ئەوروپا برێن و

هەرەشەکەی جێبەجێ کردو هەزاران کەچبەر رووبان لە بولگاریاو یەنان کردووەو لەلایەکی تەرەوە پێتین سورە لە سەر کێتابیهێنان بە جەنگ لە رێی هێرشی ئاسمانییەوەو شارەکە بخاتەوە ژێر رکێفی سوریاو، بەو هەنگاوەش روسیا لە ناوچەکە جێگیر ئەبێت و، بەرژەوەندییەکانی تورکیا تەماوەییە و بە رووبی دیارنییە و لە ساڵی 2012 تا 2016 پشتگیری لە ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری کردو هەموو هیواو مەرامەکانی تورکیا ئەوە بوو کورد لە سنورەکانی دووربخاتەوەو لە ئێستادا هەردوولا (تورکیاو سوریا) شەریان ناوێت و هەوڵی ئاگربەس ئەدەن.
پێویستە رەجەب تەیب ئەردۆگان پشوویەك بدات و بە خۆدا بچێتەوەو واز لە سیاسەتی داگیرکردنی خاکی وڵاتێکی تر بهێنێت و، هەروا بە شێوازێکی دووفاقە هەسوکەوتنەکات ، لەلایەك یارمەتی تیرۆریستان ئەدات و، لە لایەکی تەرەوە ئەیەوێت لە گەڵ فلادیمیر پێتین نزیکبێتەوە و، پیویستە ئەردۆگان لە جەنگی سوریادا وانە فیربێت و، وانەزانێت چوونە ناوی خاکی وڵاتێکی تر گەشتوگوزارە و، دیارە پرۆژەکەی تورکیا بەرەو نەمان مل ئەنێت.

ژمارەیەك لە سەربازانی لاو بە خۆشحاڵییەوە چوونە ناو خاکی سوریاو، بە پێی ئاخافتنەکانی ئەردۆگان و خەهەکەشان و راگەیاندنەکانی لەو باوەڕەدا بوون ئەمان بەهیچ شێوەیەك تووشی زەرەروزیان نابن بەڵکو تەنها سوورییەکان زەرەر ئەکەن و، نەیان ئەزانی جەنگ گاڵتەی منااڵن نییەو، لەکاردانەوەی زیانەکانی بە فەرمانی ئەردۆگان تۆرەکانی ئەنتەرنێت لە شارەکانی تورکیا پچراو پەجەکانی فەسبوك داخران بۆ ئەوەی زەرەروزیانەکانی لە خەڵك بشارنەوەو، لە شارەکانی ئەنکەرەی پایتەخت و ئێستەنبول خۆپیشاندان دژ بە ئەردۆگان و جەنگەکەی ئەنجامدراو ئەگەر ئەردۆگان لە سەر رەفتارەکانی بمێنێتەوە دوور نییە لە هەموو شارەکانی تورکیا خۆپیشاندان دژی دەستپێبکات.
ئەردۆگان داوای لە هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ) کرد لە پرسی سوریادا یارمەتی بدەن، بە کردار نەوەك تەنیا بە قسە یارمەتی تورکیا بدەن بەاڵم ناتۆ هیچ یارمەتییەکی پێشکەش نەکردو، ئەمجاریان هانا بۆ مۆسکۆ ئەبات و بریارە رۆژی 5 ی ئازار لە مۆسکۆ چاوی بە فلادیمیر پێتین بکەوێت و، سەرەرای تێکشکاندن و دەراندن ئاکار خەلوسی وەزیری بەرگری تورکیا لە بەیاننامەیەکی پر لە درۆ باسی لە جەنگی ئیدلب کردو وتی هێرشەکانمان دژ بە سوپای سوریا بە سەرکەوتوویی بەردەوامن.
ناتۆ لە سەر زاری سکرتێری گشتی رێکخراوی ناتۆ یەنس ستۆلتێنبێرگ Jens Stoltenberg, پشتیوانی رێکخراوەکەی بۆ تورکیا دەربڕی رایگەیاند هاوپەیمانان هاوخەمیی خۆیان بۆ کوژرانی سەربازە

تورکمان دژی ئەو بڕیارە بوون و داوای لە ڕوسیا و سوریای کرد هێرشەکانیان بوەستێنن و، قسەکانی ستۆلتێنبێرگ یارمەتییە بۆ تۆندڕەوە تیرۆریستەکان.
هەزاران کورد بە دەستی ئەردۆگان و تورکیا کۆژران بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان ناتو دەنگی بەرز نەکردەوەو هاوخەمی ئەندامەکانی بۆ گەلی کورد دەربڕیت و داوا لە ئەردۆگان بکات هێرشەکانی بۆ سەر شارو دیهاتەکانی کوردستان بوەستێنێت و، لەمڕۆدا ئەستێرەی ئەردۆگان سەرەوخوار ئەبێتەوەو عەفرین و شارو دیهاتەکانی تریش ئازاد ئەکرێن و، دووریش نییە شورشێك دژ بە ئەردۆگان بەرپا بێت.
4/3/2020

حکومەتەکەی محەمەد عەلاوی جێی متمانە نییە … ئەحمەد رەجەب

لە ڕۆژی دەستپێکردنی خێپیشندانەکانی بە غداو شارەکانی ناوەڕاست و خواروووی عێراق تا ئەمڕۆ حزبە شیعەکانی سەر دەسەڵات لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی پاسداران و سوپای ئێران خەریکی پیلان دارشتنن بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی ڕاپەڕیوو بۆ ئەو مەبەستە هەرچی توانایان هەیە خستووەتەگەرو چەندین جار ناویان بۆ سەرۆك وەزیران پاڵاوت و لەلایەن خێپیشاندەران ڕەتکرانەوەو لە دواییدا محەمەد تەوفیق عەلاویان هێنا و یەکسەر لە گۆڕەپانی تەحریر وێنەکەیان هەڵواسی و لە ژێرەوە نووسییان ڕەتی ئەکەینەوەو ناماناوێت.

عەلاوی ببێت بە سەرۆك وەزیران یان نەبێت هیچ لە بارودۆخی عێراق ناگۆڕێت و شیعەکانی سەر دەسەڵات پشتیان بە ئێران قایمەو بێباکانە قسە ئەکەن و لوتبەرزانە بریار ئەدەن و هەرەشە لە کوردو سوننە ئەکەن بەوەی بەهێی دەستێوەردانی هێندێ لە بڕپرسانیان لە پێستی سەرۆکی ئێنجوومێنی وەزیران ئۆگۆری ئەوەی هێێ هێردوو پێستی سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی پەرلەمان لەدەست بدەن.

بۆ فریودانی خەڵك وەك کاری هەمیشەیان سەرکردەکانی شیعە پەنا ئەبەنەبەر درۆو ئەفسانە ئەوە تەنها ئێمە نەبووین محەمەد عەلاوی

کاندید بکەن بەکو هەموو پکهاتەکان بوون بە کوردو سوننەوە پشوازیان لە کردووە بۆ دروستکردنی حکومەت و هەبژاردنی وەزیرەکانی لە دەرەوەی پشکپشکنە و، هەموو کوتلە سیاسییەکان رکککەوتوون و تەبان بۆ هەپژاردنی حکومەتکی نو کە توانای لە گرانەوەی شکو دەوەتی عراق هەبت و، دابینکردنی ئاسایش و کارکردن بۆ هەبژاردنی پشوەختە و گرانەوەی متمانە بە پرسەی سیاسی لە عراق.

لە بەغدا تا ئەگاتە حیللەو، کەربەلا، نەجەف، دیوانیە، ناسریە، سەماوە، کوت ، عیمارەو بەسرە خپیشاندەران و جەماوەری راپەریو ونەکانی محەمەد تەوفیق عەلاوییان هەواسیوە و، ئەوان عەلاویان ناوت وهاوار ئەکەن حکومەتك دروست بکرت بتوانت داخوازییەکانیان بنتەدی و، حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی کاربەرکەر بدریتە دادگا چونکە زیاتر لە 700 کەسی کوشتووەو نزیکەی 25 هەزار بریندارو سەقەت هەیە و هەزاران کەس رفنراون و بسەروشونن بەام لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کەس عەلاوی ناوت و ئەویش دی خشە کابینەکەی ئەباتە پەرلەمانی عراق و حزبە شیعەکان جگە لە تاقمەکەی نوری مالکی و حەیدەر عەبادی پشتکیری لوە ئەکەن و ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە ئران هەموو هەوك ئەدات ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بت عەلاوی ببت بە سەرك وەزیران و، لە رێ ئەوانەوە جارکی ترو بە شوازکی توکمەتر جێ پی خوی ئەکاتەوە.
حکومەتەکانی عراق لە دوای پل بریمەر بە سەرکایەتی : ئەیاد عەلاوی، ئیبراهیم جەعفەری، نوری مالکی ، حەیدەر عەبادی و عادل عەبدولمەهدی یەك لە دوای یەك بە رکەوتن (تەوافق) و پشکپشکنە دروستبوون و ، ئەمرۆ محەمەد عەلاوی ئەیەوت دوور لە رکەوتن و پشکپشکنە حکومەت دروست بکات و، ئەو هەنگاوەش قورسەو ئاسان نییە و هیچ حزبك پی رازی نابت و، تا ئستا پروگرامی کابینەکەی دیار نییەو، ئەیەوت لە ئەنجومەنی نونەرانی عراق متمانە وەربگرت و، خپیشادەران لە یەکەمین رژی راپەرینەکەیان داوایانکرد ئەنجومەنی نونەرانی عراق هەبوەشتەوە چونکە بە فل و دەنگ کرین و تەزویر دەستبەکار بووە.

محەمەد عەلاوی سزی زری بە خپیشاندەران داوە وەك بەدواچوون و دزینەوەی ئەو کەسانە خپیشادەرانیان کردە ئامانج لە گرتن و ئازارو ئەشکەنجدان و کوشتن و بریندارکردن و رفاندن و، نەهشتنی ملیشیاکان و دزینەوەی هەلی کارو نەهشتنی بکاری و هەژاری لە نو کەمەگاداو زر شتی ترو، ئەوش ئاسان نییە و، کە زامنی جبەجی

کردنی ئەو ئەرکە قورسانە ئەکات.
محەمەد تەوفیق عەلاوی (سەرۆك وەزیرانی راسپێردراو) لوتبەرزانە رەفتاری کردووەو، وا خۆی دەرخستووە دووەم لە ئێران و حزبە شیعەکان بە تایبەت تاقمەکەی موقتەدا سەدرو هادی عامری ژێر بە ژێر کار ئەکەن و، لەم رۆژانەی دواییدا شاندی پارتی و یەکێتی و گۆران و کۆمەڵ و یەکگرتوو چووە بەغدا و، لە گەل عەلاوی کۆبوونەوەو عەلاوی ملهورانەو بێباك قسەی کردووەو راشکاوانە وتوویەتی من بە ئارەزووی خۆم خەڵك بۆ وەزارەتەکان پەیدا ئەکەم و، ئەگەر ئێوە رازی نین بە شێوازی کارەکەم ئەتوانن دەنگ بە کابینەکەم نەدەن و، دیارە عەلاوی کابرایەکی لە خۆ بایەو بێشەرمانە ، وەك هەموو شێقەنیستەکانی عەرەب و ئیسلام ئەیەوێت کورد بچوك پیشانبدات و سور ئەزانێت دووەمین نەتەوەیە لە عێراق.

حزبە شیعەکان خاوەنی چەك و مێلیشیان و عێراقیان گەیاندە ئەوپەری گەندەڵی و چرنووکیان خستووەتە بیناقەقەی خەڵکەوەو لەمڕدا محەمەد عەلاوی هاتووەو رووی لە شاندی کوردستان ئەکات وئەڵێت : من خۆم وەزیرەکان دیاری ئەکەم و بۆهیچ شێوەیەکیش قبوڵ نییە هیچ لایەن و کەسێك دەستوەردات لە دیاریکردنی وەزیرەکان و، من کابینەکەم رائەگەیەنم و ئەمەوێت "" شکۆو هەیبەت "" بە عێراق بگەڕمەوەو منیش پێویستیم بەیارمەتی ئێوەیەو، ئەگەر یارمەتیش نادەن ئەوا سۆ کورسییەکە هەتانە بە بە تاڵی بەجێبهێڵن و، کورسی چوارەم خۆم دەستنیشانی ئەکە م و، سەرەرای ئەو هەڵسوکەوتەی عەلاوی کورد بووە بە دووبەش و، بەشێکیان دەنگ بە کابینەکەی عەلاوی ئەدەن و، فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی ئەڵێن ئێمە دەنگ بە کابینەکەی عەلاوی ئەدەڵێن و، هیچ بڕهەڵسەتیێکمان نییە بڕانبەر بەکابینەی وەزاریەکەی محەمەد تەفیق عەلاوی سەرۆك وەزیری راسپێردراوو، بەشداریکردنی کۆمەڵی ئیسلامی و دەنگدان لەبڕژەوەندی کابینەی سەربەخۆکەی عەلاوی لەکاتێکدایە کە هەرێك لە یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان رایانگەیاندووە ئێوان هیچ وەزیرێکی کورد لە کابینەکەی عەلاویدا قبووڵ ناکەن ئەگەر ئێو کەسۆ پشتیوانی هەزڵ کوردیەکانی هەرەمی لەگەڵ نەبێت و، ئاماژە بەوەشکراوە پشتگوێخستنی کورد وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی لەپێکهاتەکانی عێراق کارگەری نەرێنی ئەکاتە سەر دەستووری عێراق.

پێویستە کورد یەك هەڵوێست بێت و، لە گەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان وعێراق بۆ وەدیهێنانی ئامانج وخواستی خێپیشاندەران هەموو پێکەوە کار بکەن لە پێناو ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی

پێشوەختە و دووڕخستنەوەی دەستێوەردانی دەرەکی بە تایبەت ئێران و تورکیا.
محەمەد عەلاوی بەڕێنی داوە پارێزکاری لە پەرژەوەندی حزبە شیعەکانی سەر بە ئێران بکات و، پێشوەخت هەریەك لە موقتەدا سەدرو هادی عامری پشکی خۆیان لە حکومەتی داهاتووی عێراق مسۆگەر کردووە بەڵام هەرچۆنێك تاوتوێی عەلاوی بکرێت ، هەموو ئاماژەکان راستییەك دەرئەخەن سەرکەوتوو نابێت و ، عەلاوی لەلایەن حکومەتە گەندەڵەکەی نوری مالکی تاوانبارە بە دزی سامانی وەزارەتی گەیاندن و، بۆ ماوەیەك خۆی شاردووەتەوە بۆ ئەوەی نەدرێت بە دادگاو لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆچی هێزە سیاسییەکان لەم کاتەدا ئەیانەوێت ئەم کابرایە زیندوبکەنەوەو کاتێك وەزیری گەیاندن بوو لە حکومەتەکەی مالکی خۆی لە حزب ئەڵای لوبنانی نزیك کردەوەو بەو هۆیەوە چەندین ملیۆن دۆلاری دەستکەوت.
حزبە شیعەکان بە خەیاڵی خۆیان محەمەد تەوفیق عەلاوی هانئەدەن هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان دەر بکات و ، ئەمریکا پشتگیری لە عەلاوی ئەکات و، دوور نییە پیاوی خۆیان بێت.

24/2/2005

کۆچی دوایی تۆکۆشەرێکی قارەمان … حەسان عاکف … وەرگێرانی : ئەحمەد رەجەب

ماڵئاوا مام ئەسکەندەر… چەپایفی * قەرەداغی خۆشەویست و هەڵبەرزفرەکەی دەربەندیخان…! >> ئەگەر ئێمە نەبین ئەبێ کێ بێ ؟ << ، بەو شێوەیە یەکترمان ناسی بە زەردەخەنەیەکی روخۆش و کراوە { پان} و، لە یەکەم دیداردا دەستمان لە ناو دەستی یەکترنا لە پایزی ساڵی 1988، لەو ناوچە کوردستانیە { دێڕە کێگا} ** لە سەر سنوری عێراق ـــ ئێران بە رەبایا بەرزە هەوەسراوەکانی لە نێوان زەویی و ئاسماندا بەرەوروی قەادزی و رانیە و دەریاچەی دوکان و، ئەوەی بە عەرەبییەکی راست و رەوان وت هەرچەندە ئەو بە زمانی عەرەبی

ناتوانێت قسه بكات و، ئیمكانه نەتوانیت به زمانی كوردی دایك به باشی بخوێنێت و بنووسێت..
پێم وت ئەوەت له كوێ له بەر كردووه ؟
ئەویش له زەردەخەنەوه دەستی به پێكەنین كردو وتی : ئەوه یەكەمین رستەیه به عەرەبی لەبەرمگردووەو ، له یەكێك له خێپیشاندانەكانی شاری سلێمانی له ساڵانی پاشایەتیدا گێم لێبوو،چەندجار دووباره ئەبووەوەو وشەكانم لەبەركرد بە بێ ئەوەی لێی تێبگەم ، خێپیشاندەران به جۆرێك ئەو رستەیان دووباره ئەكردەوه پر بوو له هەستی بەرەنگاربوونەوەو خۆبەزلزانین و ، هەر ئەوەش پاڵپێوەنەر بوو بێ له بەركردنی.
ئەو كەسه { مام ئیسكەندەرە، رێبەری دەربەندیخانه ، جوتیارێكی رووخۆش و، پێشمەرگەیەكی ئازاو نەترسه ، ژیان وجوانییەكانی خۆش ئەوێت به ئەندازەی خۆشەیستی بێ چوونه ناو مەتەرسییەكان، "چابایفی قەرەداغ و دەربەندیخان وشارەزوور"، و هاوڕیان پێیان خۆش بوو ئەو ناوەی لێ بنێن ، وەك رێزلێنان بێ پاكی و ئازایەتییه دیارییەكەی و دڵپاكی ، هەڵو بەرزفرەكەی هەڵەبجەو شارباژێر/ مام ئیسكەندەر باوكی شەهید {كاوه} و" برای شەهید { جەوهەر} كوری بنەماڵەی شیوعی خەبەختكەری خەبەخش . ئەو كەسەی شارازای ئازایەتییەكی بێت و، له كاتە مەتەرسیدارەكاندا له گەڵیا ژیابێت ئەڵێت : { جواهیری گەوره} *** مەبەستی ئەو بووه كاتێك وتویەتی : { تێ مردووی دەستی خۆكوژیێت یان شەركەری لوتبەرزی دەستی قەدەریت} .
هاوڕێكانی دەربارەی مام ئیسكەندەر ئەگێرنەوه و ئەڵێن بێ راپەراندنی هەر ئەركێكی حزبی سەخت و ترسناك ناوی خۆی و كورەكەی كه شەهید بوو له سەرووی لیستی ئەركەكان ئەنووسی و، هەموو ئەڵێن هیلاكی یان نەخۆشی رێگر نەبووه رێژی له رێژان { مام} له راپەراندنی ئەو ئەركەی پێی سپێراوه دووابكەوێ
ماوەیەكه بیر لەوه ئەكەمەوه لەم لاپەرەیەدا باوكراوەیەك له سەری بنووسم و ، هەندێ له هاوڕیان بەڵێنیان پێدام وێنەم بێ بنێرن و، سوپاسیان ئەكەم و بەڵێنەكەیان هێنایەدی و، دوێنی وێنەیەكم بۆنی هاوڕێ له گەڵ هاوڕیانی له رێژانی دژواردا، لێتان ناشارمەوه كاتێك سەیری وێنەكەم كردو رێژان چی بەم كەسایەتییه نورانیه خۆشەویستەێ كردووەو فرمێسك له چاوانم ئەرژاو، لێرەدا ئەپرسم ئەوه چ زریانێك و چ رێژانێكی جەستەشكێن بوو هەڵشتی هەڵە بەرزفرەكه باڵەكانی بنێتە خواره‌وەو خۆی بپێچەتەوه و له سەر تەختی (قەرەوڵە) ی نەخۆشی راكشێت.
بەڵێ ئەی شەرشگێری نەترس ، ئەوه زەمان و رێژه جەخت له سەر گەورەیی خێت و هاوڕیانت ئەكات و، ئێوه له مێژەوه ئەوه دووباره

ئەکەنەوە { ئەگەر ئەمە نەبین ئەبێ کێ بێ ؟} و، ئێستا ، ئەمە بەهێزو و تەندروستی جاران نین و، عێراقی خۆشەویست ئەبینن تەندروستی خراپەو لەلایەن کەسانی تڕەوە لەم بەرو لەو بەر دراوەتە بەر کەبە. { ئەم بابەتەم پیش 4 ساڵ لە فەسبوك} باڵاوکردەوە.
مام ئیسکەندەر : شیوعییەکی نەبرد، پێشمەرگەیەکی قارەمان، ئازا زو لێهاتوو،فەرماندەیەکی بە توانا. کادرێکی کەمەایەتی بەناو بانگ.

- ڤاسیلی ئیڤانوڤیچ چاپایف بە روسی : Василий Иванович Чапаев لە شەڕەکانی ناوخۆ دژ بە کولاك و دەرەبەگ وبنەماڵەکانی تیزارەکان ئازاو چاونەترس بووەو چەندین جار بریندار کراوەو لە بەر ئازایەتی لە ساڵانی شورشی ئوکتۆبەری مەزن بووە بە وەزیری بەرگری .
** دەڵە کۆگا – بارەگای سلێمانی – کەرکوکی حزبی شیوعی عێراقی لێبوو.
اشکرکم من الاعماق..
*** جەواهیری گەورە { الجواهری الکبیر} گەورترین شاعیری عێراق و عەرەب
**** حەسان عاکف : لە بنەمالەیەکی شیوعییەو برایەکی شەهیدەو و ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراقە و پشمەرگەی دێرینە.
13/2/2020

ئایا محەمەد عەلاوی ئەبێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق؟ … ئەحمەد رەجەب

وادیارە حزبەکانی دەسەڵات بە پاڵپشتی حزبێکی کوردستانی ناوی (محەمەد تەوفیق علاوی) یان داناوە ببێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق و سیناریۆکی دانانی عادل عەبدولمەهدی دووبارە ئەکەنەوەو هەر هەموویان لە خزمەتی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پاسداران و سوپای ئێرانن و لەم دووایيدا حزبوڵای لوبنانی لە ڕێی محەمەد کوسرانی

مشەخ‌ڕو بەڕپرسی دوسیيەی (فایلی) عێراق خۆ هاویشتە ناو گەمەی دانانی سەرۆك وەزیران و ئەمانە لە سەرەتاوە جێپێی خویان قایم ئەکەن وەك هێزێکی توکمە کۆمەکەی ئێرانن لەناو خاکی عێراقدا داکوتراون.

پێکدادان و هەڵپەڕان و ململانێی نێوان خێپیشاندەران وخەڵکی ڕاپەڕیوو هێزە چارە ڕەشەکانی ئیسلام بە سەرکایەتی موقتدا سەدر ڕابەری ڕەوتی سەدرو ڕەوتەکەی بەناو کۆاو شینەکان ، تەهەڵچوون نییە لە نێوان چینە جڕاوجڕەکانی کۆمەگاو، زۆرانی ئابووری نییە لە نێوان چینە زۆرانبازەکان و خێکوژەکان بەکو هەڵپەڕان وململانێیە لە نێوان یەك چین، چینێك بەبەشە لە خەیرو ساماني وڵاتەکەی و بە نەداری و هەژاری وبرسێتی ئەژی و، تاقمێکی دزو گەندەڵ هەموو سامانی عێراقیان هەڵووشی و بۆیە خێپیشاندان بۆ چاکسازی و لە دژی گەندەڵی دەستێپێکردو، گەندەڵکاران بە سەرکایەتی شێتەکەی تونڕەو داوەکەی ئێران موقتەدا چەکیان هەیەو پشتیان بە ئێران ئەستوورەو، بە بەرچاوی دونیا خێپیشاندەران ئەکوژن.

عێراق بەهێزترین بەگەیە بەدەست ئێرانەوە لە حاڵەتی گفتوگۆ کردن لە گەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو، مانەوەی عێراق لە ژێر هەژمون و کۆنترۆڵ ورکێفی ئێران تا ئەو کاتەی گیروگرفت و کێشەکانی لە گەڵ ئەمریکا چارەسەر ئەکات بژاردەیەکی ئیستراتیژییەو ، موقتەدا سەدریش بەهێزترین داشی دامەیە بەرامبەر بە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەغداو شارەکانی ناوەڕاست وخواروی عێراق ، ئەو ڕاپەڕینە کە سەرئێشەی بۆ عەمامە و پەڕە لە سەرەکانی قوم و تاران درێستکردووەو، هێرشی تاقمی سەدر بۆ سەر گۆڕەپانی { تەحریر} و، هەرشەکانی پیاوە بە هێزەکەی شیعە وجەماوەرە دەبەنگەکەی داشێکی بەهێزە دژ بە خێپیشاندەران و ڕاپەڕینەکە تەنها زۆرانێکە لە پێناو مانەوەی ئێران و، بە نەمانی تاقمی سیاسی گەندەڵ و، دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی بە پێی خواست و ئارەزووی شەقامی عێراقی مانای ئەوەیە سەرەتایەکە بۆ کۆتایی پێهێنانی رژێمی ئێرانی سەرکوتکەر.

لە پاش گفتوگۆو وتەوێژێکی دوورو درێژ لە نێوان هەردوو سەرکردەی شیعە موقتەدا سەدرو هادی عامری بە ئاگاداری ئێران گەیشتنە ئەوەی ناوی محەمەد تەوفیق عەلاوی وەك پاڵێوراو بۆ سەرۆك وەزیران بدەن بە بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆمارو، پێشتر تاقمی عامری سەر بە ئێران سێ ناویاندا بە سەرۆك کومارو هەرسێکیان جێی متمانەی خێپیشاندەران نەبوون و، هەروا نەیانتوانی لەڕی مێلیشیاکان و چەکدارەکانیان بە کوشتن و گرتن وخەڵك ڕفاندن خێپیشاندانەکان لەناو بەرن و، ئێران لەوە ئەترسێت ڕاپەڕینەکە سەربکەوێت و بەوەش کونترۆڵیان بە سەر بارودۆخەکە نامێنێت و هەموو شتێك لە دەستیان دەرئەچێت و، هەرەشەی

ئەوەی کردووە ئەگەر سەرۆك وەزیران بە پێی نەخشەی خۆیان نەبێت عێراق ئەسووتێنن.
ئەوەی سەیرە حزبی دەعوەی شیعە سەر بە نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی پێشووتر دژ بە دانانی محەمەد عەلاوییە بەڵام هەندێك لە لایەنە سوننییەکان پشتگیری لێئەکەن و ترسی چارەنووسی سیاسی ئایندەیان لێنیشتووە بەڵام گرنگ دوابریاری لاوانی راپەرینەکەیە کە بە هیچ شێوەیەك گۆی نادەنە پرتەو بڵێەو بوختانی ناحەزان و ئەوانەی ئەیانەوێت راپەرینەکە لەکەدار بکەن یان لە قورسی و سەنگی کەمبکەنەوە و، بۆ ئەومەبەستە سیخور و کۆمەڵك شەللاتی لە چەقو هەڵگرو دەمانجەی بێدەنگی و دار حەیزەران بۆاوکردووەتەوە بۆ تێکدانی راپەرینەکەو هیچ سوودیان نەبووە.
لە پاش دەستنیشان کردنی محەمەد عەلاوی بەرامبەر بە خۆپیشاندەران کە هەر زوو وێنەکەیان لە دیواردراو لە ژێری نووسیان گەندەڵەو نامانەوێت و، بۆ کەمکردنەوەی کاردانەوەیان لە گرتەیەکی قیدیۆ (دەنگ و رەنگ) عەلاوی هەندی ئەرکی خستە ئەستۆی خۆی وەك : سزادانی بکوژانی خۆپیشاندەران و دژایەتیکردنی گەندەڵی و ناچێتە ژێر باڵی هیچ حزبێك و ئەگەر فشاریان خستە سەر یەکسەر دەست ئەکێشێتەوە و، سەرەرای ئەمانە بە دەنگی بەرزو حەماسەتی جەماوەر هەر هەموویان رەتیان کردەوەو ، وتیان ئاستەنگی زۆر بۆ خۆی کابینەکەی دروست ئەکەن نەگاتە پەڵەمان.
گەمەکەی موقتەدا سەدر زوو پەردەی لە سەر هەڵماڵرا بە ناردنی چەندین کۆمەڵ لە لایەنگیرانی بۆ گۆڕەپانی { تەحریر} و، بە زەبری چەقوو دەمانچەو و شەرە تێغا توانیان بارەگای خۆپیشاندەران و خەڵکی راپەریو لە (چیشتخانەی تورکی) دەربکەن و، ئەم هەنگاوەش هاوکات بوو لە گەڵ واژووکەی دوکتۆر بەرهەم سالح ومتمانە بەخشین بە محەمەد عەلاوی و، راگەیاندنە پر درۆکەی موقتەدا کاتێ وتی: گەل عەلاوی هەڵپژاردووەو، موقتەدا وا ئەزانێت گەلی عێراق تەنها ئەو سەرلێشێواوانەی خۆیەتی.
لە بەغدا موقتەدا توانی بۆ ماوەیەکی کورت دەستبەسەر مەیدانی { تەحریر} بگرێت و، پاشان زیاتر ریسوا بوو کاتێك خۆپیشاندەران سەربەرزانە گەرانەوە مەیدانەکەو، ئێستا لە بەغداو کوت {واسط } وعەمارە { میسان} و بەسرەو ناسریە { زیقار} و سەماوە { موسەننا} وحیللە {بابل}و کەربەلاو و نەجەف و دیوانیە نایانەوێت عەلاوی پێستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت و ، دانیشتوانی ئەو پارێزگایانە ئەڵێن : محەمەد تەوفیق عەلاوی بەشیکە لە حزبە شیعە گەندەڵەکانی دەسەڵات و، ماوەیەکی دوورو درێژ کادری پێشکەوتووی حزبی دەعوەی گەندەڵگار بووە. بۆیە کەس سوور نییە لە سەر ئەوەی عەلاوی ببێت بە سەرۆك

وەزیران جگە لە داشی دامەکەی ئێران موقتەدا کە بووەتە ئامانجی خۆپیشاندەران و هەر هەموو لە دژی هاوار ئەکەن و بە گەندەڵی سەرەکی ناوی ئەبەن.
خۆپیشاندەران و خەڵکی راپەڕیوی بەغداو شارەکانی ناوەراست و خواروووی عێراق داوا ئەکەن :
هەموو ئەزانن چۆن (عادل عەبدولمەهدی) یان هێنا هەر بەو شێوەیە (مەحەمەد عەلاوی) یان هێناوەو، لە لایەن حزبەکانی دەسەڵات پشتگیری لێئەکرێت و نابێت دژ بە دەستیوەردانی ئێران و بەرژەوەندییەکانی بوەستێت و ئەمەش لای خۆپیشاندەران جێی قبولکردن نییە و، ئایا عەلاوی ئەتوانیت ئەرکەکانی بە باشی بەرێوەببات وەك هەڵبژاردنێکی پاك و پوختەو پێشوەختە و، دەزینەوەو دەستنیشان کردنی بکوژانی خۆپیشاندەران و سزادانیان و، فایلی گەندەلکاران بجوڵێنێت و بدرین بە داگا و، ئەبێت حکومەتی داهاتوو دوور بێت لە تایفەگەری و پشکپشکێنەو بە فەرمانی گەندەڵکاران کار نەکات و، بەبێ ترس و ئازایانە بریار بدات و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت وکار لە پێناو بەرژەوەندی نیشتمانی بکات و بتوانێت متمانەی خەڵکی راپەڕیو مسۆگەر بکات، هەوڵستی هەبێت لە پاراستنی ئازادی و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و، بەو جۆرە هەڵسوکەوتە کارەکانی حکومەت بەرەوپێش ئەروات و، خەڵکی عێراق زۆر نەهامەتیان دیوەو کاریان ئەوێت نە قسەو باس و سۆز.
ئایا محەمەد تەوفیق عەڵاوی ئەبێتە سەرۆك وەزیران یان جەماوەری راپەڕیو ئەیخەن و ناهێڵن بگاتە ئاواتەکەی و، ئەگەر بوو بە سەرۆك وەزیران ئایا ئەتوانێت مەرجەکانی ئێران پشت گوێ بخات و، رۆژانی داهاتوو توانای عەڵاوی ئەخاتەروو بەرامبەر بە حزبەکانی دەسەڵات و میلیشیاکانیان.
لە هەمووی سەیرتر هەردوو دوژمنەکە ئەمریکاو ئێران پێشوازی لە هاتنی عەلاوی ئەکەن و، ئەم دووانە هەردەم بە دوای رزگاری گەلان ناگەڕێن جکە لە بەرژەوندی خۆیان و، بەم زوانە محەمەد عەلاوی بێ خەڵکی عێراق و ناوچەکەو دونیا دەرئەکەوێت.

5/2/2020

راپەرینی شیعەو چین و تۆزەکانی کۆمەگا درۆزەی هەیە ... ئەحمەد رەجەب

بە بەر چاوی هەموو دنیا حکومەتی عێراق بە پاپشتی ئێران کۆمەکوژی دەرهەق خۆپیشاندەران و خەڵکی راپەریووی شارەکانی بەغدادو ناوەراست و خواروی عێراق ئەنجامئەدات بەبێ ئەوەی کەس بڕێ تاکەی ئەم خوێنرشتنە درۆزەی هەیە؟.
چوار مانگە راپەرین لە پێناو چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی و ڕەخساندنی هەلی کارو دابینکردنی ئاوی خواردنەو دەستپێکردووە بەڵام لە جیاتی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی خۆپیشاندەران حکومەت گرێ تێبەربووەو بە هەموو شێوەیەك خەڵك ئەگرێ و ئازارو ئەشکەنجەو زیندانیان ئەکات و، بێ ئەو کارە گڕاوەو لە ژێر چاودێری سوپای پاسدارانی ئێران و پسپۆرانی سەربازی، دامودەزگای ئەمن و ئاسایش و هەواڵگیریی تایبەتی دامەزراندووە بۆ کوشتن و فراندن و، هیچ جیاوازییەکی لە نێوان نێرو مێ ولاوو پەککەوتە نەکردووەو، هەموورژێك ئەو ڕەفتارە قیزەونەی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دووبارە ئەبێتەوە.
ڕای گشتی جیهان و کۆمەگای نێونەتەوەیی و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەب تابلێیەکی ترسناك و دزێو ئەبێنن لە تێهەڵدان و گرتن و کوشتن و خوێنرشتن بەبێ ئەوەی هەوڵێك بدەن بۆ وەستاندنی ئەو تاوانەو، لەمرۆژانەی دواییدا بە پێی نەخشەکانی موقتدا سەدرو ئێران دەستکرا بە سوتاندنی خێوەتەکانی خۆپیشاندەران لە بە غداو شارەکانی تر وەك هەوڵێکی چەپەڵ بۆ دەمکوتکردنی دەنگی نیشتمان وگەل کە داوای مافی ڕەوا ئەکات لە نیشتمانێکی سەربەخۆ بتوانێت ئەمن و ئاسایش مسۆگەر بکات و، ئەوەی ئێستا ڕووئەدات زۆرانبازییەکی کۆمەایەتییە لە نێوان هێزی هەژارو زەحمەتکێش وهێزی ڕشنبیری و هەموو کەسانی هوشیاری خاوەن هەست لەم کۆمەگایەدا و، هێزی دزو حەردەو گەندەکاران و، سەرەڕای دزی و ستەمەکاری و بردنی سامانی گشتی و خەیروبڕی عێراق گەندەکاران وەاتفرۆشن وئەقە لە گوێی بیکانەن.

خەڵك کۆشتن ئاسان نییە بەڵام لە لایەن حزبە شیعەکانی خاوەن دەسەڵات و حکومەتی تایفەگەری کارێکی ساناو ساکارە و ئازادانە بە فیشەك بە بەر چاوی دنیاوە خۆپیشادەران ئەکوژن و بەو شێوەیە

نیازیان وایە کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنن و، حکومەت بیدەنگی هەڵبژاردووە لە کاتێکدا پاکتاوکردن و کوشتنی ئەنقەست وگرتن وفراندن بەردەوامە.
میلیشیاکانی حزبە شیعەکانی خاوەن دەسەڵات هەڕشی درندانە ئەکەنە سەر خۆپیشاندەران و بە نمونە ژمارەیەکی ڕاخسار پێچراو بە پەڕو دەمامکیان کردووەو هەموو جۆرە چەکێکیان پێبووەو بە دەستڕژ حەوت خۆپیشاندەریان لە شاری ناسریە { زیقار} کوشتوە و . چلی تریشی بریندار کردووەو، لە پاش ئەنجامدانی تاوانەکانیان چوونەتە پاڵ هێزەکانی حکومەت و سوپای عێراق.

حکومەت بە ناوی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا بە ئۆتۆمبێلی پارێزگاکانی عێراق و شەمەندەفەر توانی میلیشاکانی حزبە شیعەکان کە بکاتەوەو مەبەستی سەرەکی و، لەو ڕێگایەوە خۆپیشاندانەکان نەهێشت بۆیە چالاکەوانان لە بەغداو پارێزگاکانی تر داوای یارمەتیان کرد لە نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی جیهان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئەو کەسانەی ئازادیخوازو دادپەروەرن پەلە بکەن و دەنگ بەرز بکەنەوە بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی عێراق چیتر قەسابخانە دروست نەکات و دەست لە کوشتنی خۆپیشاندەران هەڵگرێت.

دەیان و سەدان هەزار تا ئەگاتە ملیۆن لە لاوانی کچ و کوری عێراق، هەر هەموویان بە یەك دەنگی بڵندو بیستراو لە گورەپان و شەقامەکان لە خۆپیشاندانەکان کە بەغدای پایتەخت و زۆربەی شارو شارچکەکانی ناوەڕاست و خواری عێراقی گرتەوە وتیان نا بۆ گەندەڵی و، نا بۆ گەندەڵکاران و، نا بۆ حزبەکانی تایفەگەری و پشکپشکینە و، بەڵی بۆ چاکسازی و خزمەتگوزاری باشتر، نا بۆ دەستوەردانی ئێران.

زیاتر لە سەد ڕۆژەو ڕاپەڕین درێژەی هەیە و، ڕۆژانە خوێن ئەبەخشێ بۆ ئەوەی سەروەری بگەڕێتەوە بۆ عێراق" بۆئەوەی دەستی دەرگی نەمێنێ و، قەناس بەدەستەکان بوەستن و، حکومەتێکی باشتر و دەستپاك دروست بکرێت" وەزیرو پەرلەمانتارە دزەکان دێر بخرێنەوەو، بە زووترین کات هەڵپژاردنی نوێ ئەنجامبدرێت و، تاوانباران و بکوژانی خۆپیشاندەران بدرێنە دادگاو زوربەیان ناسراون.

تا حزبەکانی شیعە لە سەر دەسەڵات بمێننەوە هیچ گۆڕانکارییەك لە عێراق ڕوونادات چونکە گەندەڵکاران کاروباری وڵات بەڕێوە ئەبەن، گەندەڵی و دزێنی سامانی گشتی بەردەوامە و، سیاسەتی تایفەگەری و پشکپشکێنە بە پشتبەستن بە ئێرانەوە زەمینەیەکی بتەوتر دروست

ئەکات و، زیاتر نەشونەما ئەکات و، مافەکانی گەڕوو لە نشوستی و ویرانکاری ئەکات و خواستی جەماوەر نایەتەدی.
خێپیشادەران ئەڵێن : بە هیچ شێوەیەك نابێت بەرامبەر بە گەندەڵی و گەندەڵکاران بیدەنگ بین، گەندەڵکاران خێیان هاویشتووەتە باوەشی بیگانە وبەرژەوەندی عێراقیان بەستووەتەوە بە بەرژەوەندی وڵاتێکی تر کە بە هیچ شێوەیەك نایەوێت عێراق لە کێشەکانی رزگاری بێت و پێشبکەوێت ، وڵاتێك گوێ بە مافەکانی هاونیشتمانیانی عێراق نەدات و، دەستیان کراوە بێت چەندین ملیۆن کەسی عێراقی لە وڵاتی خێیان ژێر دەستە بن و ، شورشگێرانی ئوکتۆبەر بیدەنگ نابن وداوای یارمەتی لە هەموو ئازادیخوازان و رۆکخروەکانی مەدەنی و نیودەوڵەتی ئەکەن.

29/1/2020

گەل و حزبە شیعەکانی دەسەڵات لە ترازووی خێپیشاندەراندا … ئەحمەد رەجەب

نزیکەی چوار مانگە حکومەتی عێراق کە لەلایەن حزبەکانی شیعەی سەر بە ئێران بەرێوە ئەبرێت لە بەغداو شارەکانی ناوەراست و باشوری عێراق خەڵك ئەکوژیت وتا ئەمڕۆش درێژەی هەیەو جەماوەری راپەریوو خێپیشاندەران داویان کرد نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵست دەربببرێت بەڵام نەتەوەیەکگرتووەکان کرکەوتووەو بێدەنگی هەڵپژاردووەو خۆن شەقامەکانی بەغداو شارەکان سوورکردووە.
حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی و سەرکردەی حزبە شیعەکانی دەسەڵات بە ڕەی هەمە جۆر هەوڵئەدەن درێژە بە مانەوەیان بدەن و، بە دوای هەڵەك ئەگەڕێن لەو تەنگژەیە تێکەوتوون رزگاریان بێت و، تا ئێستا دەستیان لە گرتن و کوشتن و فراندنی خێپیشاندەران هەڵنەگرتووەو، داخوازییەکانیان جێبەجی نەکردووەوو، پەڵپ و بیانوو ئەگرن ئەڵێن خێپیشاندەران لەلایەن دەستی دەرەکییەوە هان ئەدرێن.
خێپیشاندەران مەڵەتیاندا بە حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بۆ ئەوەی بتوانن داخوازییەکانیان جێبەجێ بکەن و حکومەت و پەرلەمان بەیەکیاندا ئەو داخوازییانە جێبەجێ بکەن وەلێ مەسەلەت تەواو بوو کاربەدەستان هیچیان پێنەکرا جگە لە فشارخستنە سەر خۆپیشاندەران و گرتن و کوشتنیان بۆیە خۆپیشاندانەکانی پڕ و دوێنێ جیاواز بوون لە رۆژانی تر خۆپیشاندەران بە هەمەمان گروتین کار ئەکەن بۆ بەرگری لە مافە رەواکانیان و ، بە هۆی بەرنامەو نەخشە گۆاوەکانی دەسەڵات گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزی ئەمن و پۆلیس و حەشدی شەعبی بە جلوبەرگی مەدەنیانەوە دروست بوو چەندین کوژراو بریندارى لێکەوتەوە و، وتەبێژەکەی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق عادل عەبدولمەهدی عەبدولکەریم خەڵەف بە رووون و ئاشکەرا وتی : ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی هێزە ئەمنییەکانی سەرپشك کردووە بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی ڕێگایان ئەگرن و داموودەزگای حکومەت دائەخەن و، لە کاردانەوەی ئەو ڕەفتارو ئاخافتن گوفتارە نابەجێیەی وتەبێژەکەی عەبدولمەهدی خۆپیشادەران بریاریاندا لە گۆڕەپانەکان بمێننەوە و ریگا سەرەکییەکان دابخەن و، سوورن لە سەر داوای چاکسازی وباشتر کردنی خزمەتگوزاریی و بەگژدا چوونەوەی گەندەڵی و دابینکردنی هەلی کارو، لە لایەکی تریەوە دوێنێ سەرۆك وەزیرانی کاربەدەکەری عیراق عادل عەبدولمەهدی لە پاش گرتن و کوشتن و خوێنرشتن رایگەیاند: عیراق لەئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەبارێکی ئاڵۆزدایە، وڵاتیش لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆی و دەوڵەتانی تردا لەدۆخێکی ناهەمواردایەو ، .ئاماژەی بۆکرد هێزە ئەمنییەکان نایانەوێت بکەونە دۆخێکەوە کە تووندوتیژی لەدژی خۆپیشاندەران بەکاربهێنن و، بەم قسە مفتو بۆ بایەخە عەبدولمەهدی خۆ ئەکاتە چاوی خەڵکەوەو، خودی خۆی بەرپرسی یەکەمە لە کوشتنی خۆپیشاندەران و، ئەوەتە وتەپێژەکەشی هانی ئەمن وپۆلیس وسوپا ئەدات بۆ کوشتن و خوێنرشتن.

لە سەرەتای مانگی ئوکتۆبەر { تشرینی یەکەم} سەدان هەزار عێراقیی لە نەتەوەو چین و توێژە جیاوازەکان هاتنە سەرشەقامەکان بۆ دەربڕینی هیوا بۆ ئایندەیەکی باشتری بۆ گەندەڵیی و بەرژەوەندیی حیزبیی و دەستوەردانی بێگانە، بەڵام لەلایەکی تریەوە کوشتن و بریندارکردنی خۆپیشاندەرانی ئاشتیی خواز بەردەوامەو، بە هۆی دەستوەردانی ئێرانەوە حکومەت بەڕێکانی رابردوو جێبەجی ناکات و، کات ئەکوژێت بۆ مانەوەو ، بیری چووتەوە بەکارهێنانی توندوتیژی گرتن وکوشتن بۆ کپکردنەوە خۆپیشاندانەکان هەرگیز مایەی قبوڵ نییە و پۆیستە لێپێچینەوە لە گەڵ تاوانباران بکرێت و بدرێنە دادگاو،بەرپرسی سەرەکی عادل عەبدولمەهدی و سەرکی دەزگای هەواڵگیری عێراق فالح فەیازە.

سەیرو سەمەرە لەودایە موقتەدا سەدر رێبەری رەوتی سەدر و سەرکردەی لیستی سائرون تا دوێنی دژ بە نەیارەکانی بوو وەك نوری المالکی و هادی العامری و نەوەکەی ئایتوڵلا حکیم و ئەوانی ترو، داوای لە خەڵك ئەکرد برژێنە سەر شەقامەکان و، بەڵێندا چەکەکانی مڵیشاکەی بە ناوی (سەرایا ئەلسەلام) بداتەوە بە حکومەت بەڵام چەندین کەرەت چووە ئێران و، لە دوای کوشتنی قاسم سلێمانی و ئەبو ئەلموهندیس بە ناوی پرسەو سەرەخۆشی چووە ئێران و، لە پاش بە خاك سپاردنی سلێمانی ئێران سەرکی حزبە شیعەکانی کۆکردەوەو، لەو بەرەیەکیان دروستکرد بۆ بەرنگاربوونەوەی هێزی ئەمریکا و بیانی و دەرکردنیان و موقتەدا سەدر بۆ سەرۆك و فەرماندەی ئەو تاقمە و، لە هاتنەوەیدا داوای خۆپیشاندانی ملیۆنی کردو، بۆ ئەو مەبەستە دەستیان کردووە بە کۆکردنەوەی شیعە توندرەوەکانی بەغداو شارەکانی ترو ، هەرچی ئۆتۆمبێلی پاریزگاو شارەوانییەکانە تەرخان کراون بۆ خەڵك گواستنەوە بۆ شاری بەغدا بۆ ئەوەی خۆپیشاندانە ملیۆنییەکەی جەنەرا موقتەدا ئەلسەدر بەرەوە بچێت و ، ئەم کارەش هەوڵێکی تری بۆ لاوازکردنی خۆپیشاندەران و جەماوەری راپەڕیوی مەیدانی تەحریرو و گورپانەکانی شارەکان.

ئامانجی سەرەکی و بنەرەتی بانگهێشتی موقتەدا سەدر بۆ خۆپیشاندانی ملیۆنی رۆژی هەینی (24/1/2020) لەدانی خۆپیشاندان و راپەڕینی خەڵکی عێراقە چونکە سەرئێشەیان بۆ رژێمی ئێران دروست کردووەو، لە سەرکەوتنیاندا نەخشەی جیوسیاسی ناوچەکە ئەگۆڕێت و، درز ئەخاتە ناو رژێمی ئێران و، لەم کردەوە مناڵانە سەدر وەك جاشی ئێران سەیر ئەکرێت و ، هاندەرێکی ئەکتیڤە بۆ کوشتن و خوێنرشتنی ژنان و پیاوان و لاوانی عێراق .

میلیشیاکانی شیعە سەرشاری رژێمی ئێرانن و، ئەوانەی لە قوم کۆبوونەوە هەرشە لە خۆپیشاندەران و خەڵکی راپەڕیوی عێراق ئەکەن و هەوڵئەدەن گۆرەپانەکانی تەحریرو وەسبەو گۆرەپانەکانی شارەکان دابخەن و ناوو ناتۆرەو کاری نەشیاو ئەخەنە پاڵیان و، موقتەدا سەدر وەك خۆی باسی لێوە ئەکات، ئەیەوێت ئەمریکای داگیرکەر دەربکات و، ئەوەی لە بیرچووەتەوە خۆ و ئیسلامییەکانی شیعەی یاوەری ئەمریکا هێنایانیەوە بۆ دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات و، ئەمریکا لە دوای رۆخانی سەدام حوسەێن لە ساڵی 2003 وە لە عێراقدایە و، موقتەدا بۆ نیازپاکی "" سوپای مەهدی"" سرکردو میلیشیلکانی شیعە دوورکەوتنەوە لە بنکەکانی ئەمریکا لە سەرانسەری عێراق بەڵام ئێستا ئێران گیرەدەی گەمارۆ بووە لە لایەن ئەمریکاوەو، ئەمریکا لە رێکەوتنی ئەتۆمی چووەتە دەرەوەو کێشەی گەورەی بۆ ئێران درستکردووە بۆیە شیعەکانی خاوەن دەسەڵات بەم

کردارەیان نیازیان وایە باری ئێران سوك بکەن.
ئەوانەی لە ئێران کۆبوونەوەو سەرۆك وەزیرانی کاربەرێکەر عادل عەبدولمەهدی و سەرکەکانی شیعەی دەسەڵات هەر هەموویان کەوتوونەتە هەلەکەی سەماو هەپەرکی و هەهەلە لێدان و بانگهێشتی دەست و لایەن و ئەندامانیان ئەکەن بێ بەشداریکردن لە خێپیشاندانە ملیۆنییەکەی موقتەداو، هەموو ئەو کارانە بە چاودێری و نەخشەی دارێژراوی پێشوەخت لەلایەن پسپۆرانی سەربازی ئێرانەوە دانراون و ئەکرێن بۆ ئەوەی تەنها دەستی ئێران لە عێراقدا واڵا بێت و، ئەیانەوێت ریزی هێزەکانی خێپیشاندەران و راپەرینەکەی ئوکتۆبەر کەرت بکەن و بە سەریاندا زاڵ بن.
هیزی دواکەو و حزبەکانی دەسەڵات هەرچی بکەن ناتوانن ڕێرەوی راپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی عێراق ڕاگرن و، سەرەڕای توندوتیژی و کوشتن و زیندانی کردن و ئازارو ئەشکەنجە و ترس و چەواشەکردن گۆرانکاری ڕوو ئەدات و، سەرکەوتن تەنها بۆ گەلە.
22/1/2020
:

سەرکردەی حزبە شیعەکانی عێراق لە ئێران کۆبوونەوە … ئەحمەد ڕەجەب

بە هۆی گەندەڵی و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری وهەلی کارو نەبوونی ئاوی خواردنەوەو بۆ کارەبایی نزیکەی چوار مانگە خێپیشاندانەکانی بەغداو شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق درێژەیان هەیە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر ئەبێت و هەروا ژمارەی کوژراو شەهیدو بریندارانلە هەکشانە.
لە یەکی ئوکتۆبەرەوە (تشرینی یەکەم) ی ساڵی 2019 خێپیشاندان لە بەغدای پایتەختی عێراق و شارەکانی باشوور دەستیپێکردووە و درێژەی هەیەو، کەمەگا دووچاری نەخۆشی کوشندە بووەتەوە وەك : دزی و تاڵان و چەتەیی و بێ کاری و هەژاری و گرانی و لەشفرۆشی و، بارودۆخی ئەو وڵاتە ئاڵۆزو مەترسیدارەو، بە هۆی دەستێوەردانی

دەرەکی بە تایبەت ئێران دەزینەوەی چارەسەر ئاسان نییە.

لە پاش کوشتنی قاسم سلێمانی بە ناوی پرسەو سەرەخۆشی سەرکردەی حزبە شیعەکان رووبان لە تاران و قم کردوو، لەوێ بەسەرپەرشتی ئاغاکانیان کۆبوونەوەو ئەوانەی بەشداریانکرد بریتی بوون لە : موقتەدا سەدر ـ رەوتی سائرون، هادی عامری ـ فەتح ، ئەکرەم کەعبی ـ بزوتنەوەی نوجەبا ، ئەبو ئالاء ئەلولائی ـ تاقمی سەید الشهداء، لیس خزعەلی عەسائبی ئەهلی حق و ئەبو زەینەب اللامی لە حەشدی شەعبی و کەسانی تر.

ئەوانەی لە ئێران کۆبوونەوە بە(سەرکردەی بەرنگاربوونەوە) خۆیان داناو، لە کۆبوونەوەکە باسی هێزی ئەمریکایان لە عێراق کردو، چۆنێتی مامەڵەکردن بێ دەرکردنیان و، باسی بارەدۆخی ئەمن و ئاسایشی وڵاتیان کردو، جەختیان لە سەر یەکریزی وبەکخستنی هەوڵەکانیان وچۆنێتی کارکردنیان لە ناو پەلەکانی پەرنگاربوونەوە و، گفتوگۆکردن سەبارەت بە هەڵبژاردن و، دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیرانی داهاتوو، لە ئەنجامی کۆبوونەوەکە یەك دەنگ بوون لە سەر: موقتەدا سەدر ببێت بە سەرۆکی سەرانی بەرنگاربوونەوەو، لە جێی فالح فەیاز هادی عامری ببێت بە سەرۆکی حەشدی شەعبی و، ئەمەش پەیوەستە بە بریاردانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و، هەر هەموویان جارێکی تر جەختیان کردەوە کە پێویستە ئەمریکا دەربکەن و قەت لەم بریارەیان پاشگەز نابنەوە و، داوا ئەکەن خێپیشاندانی ملیۆنی بەرپا بکرێت بو دەرکردنی هێزی بێگانە بەتایبەت هێزی ئەمریکا کە 5000 پێنج هەزار سەربازە.
ئەمڕ ئێران بە ئاشکرا تراتێن لە ناو خاکی عێراق ئەکات و، بانگهێشتی سەرکردەی حزبە شیعەکانی دەسەڵات بێ ئێران ئەکات بەڵام ئەو دەستێوەردانەی ئێران هەستی جەماوەری خەڵك بەرز ئەکاتەوەو، نارازین بە کردەوەکانی و دروشمی دژایەتی ئێران بە دەنگی دڵڕ ئەنێنەوەو، بە هێی راپەڕینی خەڵك ئێران ترسی لێنشتووەو واهەست ئەکات دەسەڵاتی لە ناوچەکەدا کەمبێتەوەو، ئاگری راپەڕینەکەی بەغداو شارەکانی تر ناو خێی ئێران بگرێتەوەو لەویش بە تەواوەتی گر بگرێت و کەم نییە لەم رۆژانە لە ناو خێپیشاندنەکانی شارەکانی تاران و ئەسفەهان وتەورێزو شارەکانی تر دروشمی : مردن بێ خامنەیی دیکتاتۆر بەرز بکرێتەوەو شایانی باسە شارەکانی کرماشان و سنە وشارەکانی تری کوردستان بەشداریان لە خێپیشاندانەکانی ئێران کردووە.
حزبە شیعەکانی دەسەڵات تا ئێستا نەیانتوانی کەسێك بێ سەرۆك

وەزیران دەستنیشان بکەن هەرچەندە تاقمەکەی عامری ناوی دوو سێ کەسی خستە بەردەم سەرۆك کۆمار بەڵام ئەو کەسانە بە دڵ و خواستی خۆپیشاندەران نەبوون بۆیە لەڵایەن سەرۆك کۆمارەوە رەت کرانەوەو، لە بۆ ئومێدی و کەساسی سەرکی ئەو حزبانە کە لە سەرەمەرگدان و دەسەڵاتەکەیان رووی لە روخان و نەمانە نیازیان وایە لە پەرلەمانەکەیان، پەرلەمانی عێراق دەنگ بدەن بە مانەوەی عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی کاربەرکەرو موقتەدا سەدر پێش چوونی بۆ ئێران وتی : بە مانەوەی عادل عەبدولمەهدی خۆنی زیاتر ئەرژێت و، لەلایەن خۆپیشاندەران بە خۆنرێژ ناوی ئەبرێت و، تاوانی زۆری ئەنجامداوە.
جێی ئاماژەیە شیعەکانی عێراق لە ریزی پێشەوەی خەڵکن دژ بە دەستێوەردانی ئێران لە کاروبارو دۆخی عێراق و، سوور ئەزانن بە فیتی ئەوانەوە سەرکردە شیعەکان بۆدەسەڵات و ملکەچن و ، هەر ئێرانە نایەوێت خواست و ئارەزووی خۆپیشاندەران بێتەدی و داخوازییەکانیان جێ بەجێ بکرێن و، کۆتایی بە خۆپیشاندان بهێنن بەڵام هاوپەیمانی شیعەکان لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق زۆرینەن و، ئەتوانن درێژە بە مانەوەی عادل عەبدولمەهدی بدەن و بۆ فرسەت و هەل ئەگەڕێن لەو تەنگژەیە رزگاریان بێت.
کەسانێکی زۆر باوەڕ ناکەن شیعە بەو جۆرە وەڵامی حزبە شیعەکان وئێرانی بەناو ئیسلامی بدەنەوە و ، ئەوانەی لە گۆڕەپانی تەحریر { ئازادی} و وەسبە { راپەڕین} لە بەغداو گۆڕەپانەکانی شارەکان کێبوونەتەوە کێبرکێ ئەکەن بۆ دارشتنی درێشمی وروژێنەرو زەق دژ بە دەسەڵاتدارانی عێراق و ئێران وەك : نا بۆ حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی، نا بۆ پەرلەمانی عێراق،پەرلەمانی فرت و فێڵ (تەزویر) ، ئێران بۆ دەرەوە ، بۆ دەرەوە و ئێرانییەکان لە وەاتەکەمان دەرچن و، زۆربەی ئەو دروشمانە لە سەر دیوارو شوێنە بەناوبانگەکان نووسراون و، جەماوەر بە گەرموگوری و حەماسەوە ئەیێیننەوەو ، لە شاری نەجەف خۆپیشاندەران ناوی شەقامی (ئیمام خومەین) یان گۆڕی بۆ { شەقامی شۆرشی ئوکتۆبەر} و داموودەزگای ئەمن و پۆلیس و سوپای عێراق بە سەرپەرشتی سوپای پاسدارانی ئێران دەستیان لە کوشتنی خۆپیشاندەران نەپاراست و دریغیان لە خوێنرشتن نەکرد.
لە سەرەتای خۆپیشاندانەکان تا ئەمڕۆ ئێران پێی باش نییە سەرانی حزبەکانی شیعە داخوازی خۆپیشاندەران و خەڵکی راپەڕیو جێ بەجێ بکەن و، داخوازییەکان ئاسایین و، یەکەمیان نەهێشتنی گەندەڵییەو دووەمیان چاکسازییەو دانانی یاسای نوێی هەڵبژاردنە تا ئەگاتە دەرکردنی سوپای پاسداران و هەرچی ئەفسەرو و موستەشاری سەربازی و

قەناس بە دەستە کە بوونە هۆی شەهید کردن و بریندار کردنی نزیکەی سی ـــ 30 هەزار کەس و، عێراقییەکان نایانەوێت لە ژێر چەترو هەیمەنەی ئێرانییەکان بن.
خۆپیشاندەران و خەڵکی راپەریو ئەم خانەی خوارەوە لایان گرنگە :
پێویستە عادل عەبدولمەهدی دەستلەکار بکێشتەوەو، تاوانبارە بە خوێنرشتن و ئەبێ بدرێتە دادگاو، فایەل و دوسیەیەی هەموو تاوانباران بخاتەروو و بیاندات بە دادگا.
نەمانی گەندەڵی و دژی گەندەڵکارانن و، دژی تایفەگەری و پشکپشکێنەن.
ئێران بە تەواوەتی دەست لە عێراق هەڵگری و بچێتە دەرەوەو چیتر نەخشە دانەنات بێ کوشتنی خەڵك.
ئابووری ئێران بە هۆی سزاکانی ئەمریکاوە تێکچووەو بەهێزە بۆیە ئەبێت عێراق خۆی نەبەستیتەوە بە ئێران چونکە ئێرانییەکان هەوێئەدەن یاخەی عێراق بەرنەدەن و، ئێران خاك و سامانی عێراقی ئەوێت و، ئەوەی دژایەتی سیاسەتیان بکات ئەبێ بکوژرێت.
حزبەکانی دەسەڵات و میلشیاکانیان واز لە درۆو فێڵ و تەڵەکەبازی بێنن و چیتر خۆی نەکەنە چاوی خەڵکەوە.
ئەبی موقتەدا سەدرو رەوتی سائرون بزانن چێتر جێی متمانە نین و، موقتەدا بووەتە بەشێك لە مالکی و عامری و خەزعەلی و ئێران و، کردوویانە بە "" سەرکی سەرانی بەرنگاربوونەوە"" و، فشەفش نەکات خۆپیشاندانی ملیۆنی ئەکات و، هەرچەندە هەموو لایەك ئەزانێت موقتەداو حزبەکانی دەسەڵات ئەتوانن خۆپیشاندانی گەورە ئەنجام بدەن و، ئەوەش بێ تێکدان و زاڵبوونە بە سەر خۆپیشاندەرانی گەرەپانی تەحریرو وەسبەو، نابێت موقتەدا بەناوی خەڵکی راپەریو قسە بکات.

16/1/2020

ئایا حزبەکانی شیعە یەکدەنگن ؟

ئەحمەد رەجەب …

زیاتر لە سێ مانگە خەڵك لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی ناوەراست وخواروو عێراق گەورەترین خۆپیشاندان لە مێژوو ئەم وڵاتە دەستپێکردووەو زیاتر لە هەزارو بینج سەد شەهیدو بیست و پێنج هەزار بریندارياندوەو داوای چاکسازی و نەمانی گەندەڵی ئەکەن و یەکێك لە درێشمە زەقەکانیان : ئێران بۆ دەرەوە ، بێ دەرەوە.
لە دوای نەمانی دەسەڵاتی سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبی حزبە شیعەکان توانیان جێپێی خۆیان قایم بکەن و، بە هۆی سەرکی حزبی دەعوەی ئیسلامی و سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عێراق نوری مالکی توانرا هەزاران لە فارس و شیعەکانی ئێران بهێنن و بکرێن بە هاوڵاتی عێراقی و، بێ ئەو مەبەستە رەگەزنامەی عێراقییان بێ دروستکرد.
خاوەن مۆلیشیاکان لەوانە موقتەدا سەدەر دەستیگرت بە سەر تەختایەکانی چەرێ سەعدە لە شاری کوفەو، نەوەکەی حەکیم عەممار دەستیگرت بە سەر ناوچەی گەرەکی کوندە لە شاری نەجەف و، نوری مالکی ناوچەیەکی فراوانی لە شاری ئەلهندییە (توێریج) داگیرکردو ، هادی عامری و سەرانی حزبە شیعەکانی تر لەو نازو نیعمەتە بێبەش نەبوون و، بەوەش نەوەستان و لەناوخۆیاندا چەندین ملیار دولاریان لە بژێوو قووتی خەڵك دابەشکردو دزییان.
قاسم سلێمانی فەرماندەی فەلەقی قودس و یەکێك لە دیاریترین فەرماندەو سیاسەتمەدارەکانی کۆماری ئیسلامی و ئێبوو مەهدی موهەندیسی جێگری هێزەکانی حەشدی شەعبی و چەند کەسی تر لە دەستوپەیوەندییەکانیان سەرلەبیانی ڕۆژی هەینی 3 ی ئەم مانگە لەئاکامی پێلاماری فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان لە نزیك فڕۆکەخانەی بەغدا کوژران.
لە بەغداو شارەکانی ناوەراست و خواروو عێراق و لە هەرێمی کوردستان پرسەیان بێ دانراو، شیعەکان بە بەژن وباڵای زێریان وت و، بەرپرسانی کوردستان ئامادەی پرسەکەی هەولێرو سلێمانی بوون و بە ناوی خەڵکی هەرێمەوە نامەیان ئاراستەی عەلی خامنەیی کردو وتیان قاسم سلێمانی فەرماندەو دەستی کورد بووەو ، هەروا وتیان "" پیاوانی گەورە "" لە ژیانی خۆیاندا خزمەتی (خەڵك و ئاشتییان) کردووەو لە دەستدانی بێ خەڵك و حکومەتی کوردستان جێگای نیگەرانی ودڵتەنگیمانە و، لە هەمووی سەیرتر ئەندامێکی کۆنی پەرلەمان و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە جیڤارا ناوی برد.

زوربەی خەڵکی ڕاپەڕیوو خۆپیشاندەران شیعەن و، دژی حزبە شیعەکانی خاوەن دەسەڵات درۆشم ئەڵێنەوەو، داوا ئەکەن ئەوانەی دەستیان بە خوێنی شەهیدانی خۆپیشاندانەکان خوێناوییە وەك قاسم سلێمانی و ئەبووو مەهدی موهەندیس و هادی عامری و قەیس خزعەلی و هاوشێوەکانیان بدرێنە دادگا.
پاش کوشتی قاسم سلێمانی و ئەبووو مەهدی موهەندیس شیعەکان یەکیان گرتەوەو، ئەمجارەش موقتەدا سەدری یاخیبووو سەرکردەی تاقمی سائرون کە ماوەیەکە خۆ کردووەو بە خاوەنی خۆپیشاندانەکان چووەپاڵ مالکی و عەبادی و عامری و خەزعەلی و عەممار ئەلحەکیم و، هەموویان بە یەکدەنگ (گەلەکۆمەکی شیعە) لە ناو پەرلەمانی عێراق داوایانکردو بریاریاندا ئەمریکاو هێزە بیانییەکان لە عێراق دەرکەن.
زوربەی پەرلەمانتارانی عێراق لە ڕێی فێڵ و دەنگ دزین (تەزویر) بە تایبەت تاقمی " بەدری" عامری و " عەسایب ئەهل ئەلحەقی" خەزعەلی گەیشتوونەتە پەرلەمان و، زۆر سروشتییە بۆ سلێمانی و مەهدی موهەندیس بگرین و فرمێسك بڕژن و ، لە بەر خاتری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دەرکردنی ئەمریکا یەکبگرنەوە بەڵام ئەمانە بە هۆی لێدان و بریندارکردن و کوشتنی خۆپیشاندەران هەر هەموویان لەلایەن خۆپیشاندەران بە شێوەیەکی هەمیشەیی قاودراون و، نازانم ئەم دەست و ئاشتیخوازانە چییان بۆ گەلی کوردستان کردووە؟ و، زوربەی خەڵك بەتایبەت لە کوردستان ئەزانن ئەم دەستانە بۆمبارانی بارەگای حزبە کوردستانییەکانی ڕژهەڵاتیان کردو، دژی ریفراندۆم وەستان و کەرکوك لە لایەن حەشدی شەعبی و پیاوەکانی عەبادییەوە داگیرکراو 16 ی ئوکتۆبەریان دروستکردو، بوونە هاندەری عەبادی بۆ داخستنی سنورو فروکەخانەکان و بەگژاچوونی کوردستان ولە کردەوەیەکی قیزەون و درندانەدا بە تانکی ئیبرامز پێشمەرگەیان شەلاو، لەم دوایەدا بە فرمانی قاسم سلێمانی خۆپیشاندەران کرانە ئامانجی هێزە ئەمنییەکان و، ئەڵێن دەستی هەبووە لە نەخشەکێشان بۆ خەڵکە ڕاپەڕیوی ئێران و، ڕژیمەکەشیان دریغی لە هەواسین کوردان نەکردووەو هتد…
دەرچوونی ئەمریکا لەم کاتەدا عێراقی بۆ سەرێك وەزیران و حزبە شیعەکان بە یارمەتی ئێران هەوێئەدەن و ئەیانەوێت لە سەر دەسەڵات بمێننەوە وکەسێك بۆ سەرکایەتی حکومەت دەستنیشان بکەن بتوانێت خواست و ئارەزووکانیان جێبەجێ بکات و بەردەوام بن لە دزی ولە سەر نەخشەکانی ئێران بڕۆن و سامانی وڵات ببنەێ دەرەوەو تا ئێستا چەند ناوێکیان دیاری کردووەو ، خۆپیشاندەران دژیان وەستاون و، ئەڵێن یەکێکمان ئەوێت دەستپاك و دزو گەندەێ نەبێت بۆیە پێویستە پەرلەمانتارانی کوردو سوننە یەکبگرن وداوا بکەن ئەمریکاو

هاوپەیمانەکانی لە دژی "" دەوڵەتی ئیسلامی "" داعش بمێننەوەو بە هاوکاری هەموو لایەك کەسکی شیاو بێ سەرۆك وەزیران بدۆزنەوە.
کاربەدەستانی ئێران چەند موشەکێکیان ئاراستەی بنکەی سەربازی عەینوئەلئەسەدو هەریری ئەمریکا کردووەو، ئێران ئەڵێت 80 سەربازمان کوشتووەو ئەمریکا وعادل عەبدولمەهدی بە درۆ ئەخەنەوەو کەس نەکوژراوەو، عەلی خامنەیی سوورە لە سەرئەوەی دڵخەکە گەرم بکات بەڵام محەمەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران دڵخەکە خاوە ئەکاتەوەو ئەڵێت ئەوەی کردمان بەسەو هەوڵئەدەن بارودۆخی ناوچەکە ئاڵۆزتر نەبێت و، وا دەرئەکەوێت گرژی لە نێو سوپاو سپای پاسداران و بەرپرسانی ئێران پەیدا بووە.
پیویستە هەموو لایەك لە تاکەکەسەوەو حزبە پێشکەوتووخوازانی عێراق و حزبەکانی کوردستان وحکومەت هەوڵبدەن عێراق لە چنگی حزبە ئیسلامییە شیعەکان دەربێنن و، لەودۆخە ئەمرۆ تووشی بووە رزگار بکرێت و، وڵات لە چنگی جەنگی جەپەی نەخوازراو دوور بخرێتەوەو چیتر عێراق و کوردستان نەبنە گۆڕەپانی ململانی هێزە دەرەکییەکان.
8/1/2020

لە کارگەی شەکری سلێمانی بۆ کارگەی چنینی کورانی هەولێر..ئەحمەد رەجەب

وانەکانی ژیان

لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو دەستکرا بە دامەزراندنی کارگەی شەکری سلێمانی لەلایەن کۆمپانیای کافێی ئیسپانی و بەندە لە دەزگای گشتی دیزاین و دامەزراوەی پیشەسازی سەر بە وەزارەتی پیشەسازی (سەرپرشتیاری کاروباری) کارگەکە کارم ئەکردو کافێ کاری دابوو بە کۆمپانیایی سادەی ئیسپانی و ژمارەیەك بەڵێندر لەوانە : کریمی حاجی فەرەج ئەفەندی و نیازی تورکمان و صلاح کەرکوکی و لە کۆتایی ساڵی 1973 وە ماوەی چەند مانگێك رۆژانەی کرێکارەکانیان نەداو کۆمپانیای کافێ رووی لە شکستی بوو بە پارەیی

رووی تێکردبوون و پارەی بەرنەدەرەکانی نەئەدا.
ئێمە وەك حزبی شیوعی عێراق شانەیەیەکی سەرەکی بەهێزمان هەبوو هاوڕێیان عەلی فەتاح { لە کیمیا بارانی هەڵەبجە} شەهید بوو، کۆچکردو حەمە رەشید عازەبانی و ئەحمەدە رەش تیادا چالاك بوون و ، ڕێی باشیان لە ناو کریکاران و سەندیکا ئەگڕاو، سەرکی سەندیکای کارگەی شەکری سلێمانی برادەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بەناوی کاك رەحیم گەرمیانی { خەکی کفری} بوو، مرۆڤکی هێمن و ڕێزدارو چالاك بوو ئێمەی خۆش ئەویست و حەزی ئەکرد لیمان نزیکبیتەوەو، ڕۆژکیان پکەوە باسی کارگەو و کرێکاران و بۆ پارەییمان کردو وتی: چارە چییەو، منیش یەکسەر وتم بۆ لە گەڵ یەکێتی سەندیکای کرێکارانی سلێمانی باسی ناکەێت و، لە وەڵامدا وتی چەند جارك باسمکردووەو هەر ئەڕۆن بوەستن و پەلە مەکەن و، لە پاش گفتوکردن بریاری مانگرتنماندا.
من بۆم نەبوو بەشداری بکەم و هاوڕێیان لە گەڵ برادەرانی پارتی و کرێکارانی تر ئامادەبوون و، لە ڕۆژی دیارکراودا کرێکاران مانیانگرت ولە پاش ڕۆژك شاندی یەکێتی سەندیکای سلێمانی هاتن (ئەگەر هەڵە نەبم بریتی بوون لە بەڕێزان ـــ مەحمودی مەلا عیزەت ئەندامی لقی / 4 ی پارتی و کاك رەشید عارف سەرکی یەکێتی سەندیکای کرێکارانی سلێمانی) و، کاك رەشید وتارکی هەرەشەئامێزی خوێندەوە و داوی کردو وتی بگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانتان و ئێمە چارەسەری بۆ کێشەکانتان ئەدۆزێنەوەو، ئەوە بوو کرێکاران بە یەکدەنگ و بە چەپڵەڕێزان داوایان لەو دوو بەڕێزە کرد کە لە کارگە بچنەدەرەوەو بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی و لە پاش هەفتەیەك کۆمپانیاو بەرنەدەرەکان ناچارکران پارەی کرێکاران بدەن و ڕۆژك لە پاش سەرکەوتن { وتارکم لە ژێر ناونیشانی : سەرکەوتن لە یەکگرتندایە نووسی و لە دوالاپەرەی بیری نوی بڵاوکرایەوە}.
بەناوی سوکایەتی پکردن بەو شاندەی هاتبووە کارگە لەلایەن یەکێتی سەندیکای کرێکارانی سلێمانییەوە کاك رەحیم و هەڤاڵەکانی سزادران و لە سەندیکای کرێکارانی کارگە لابران و، بەرنیاندابوو کەسانی تریش بە سزای خۆیان ئەگەن و، ڕۆژیکیان کرێکارکی کومپانیای کافۆ بە ناوی (ع. باوەمردەیی) 3 بلوکی تەختەی نایاب و بۆ فورمیکای لە پیکاپکی دۆج بارکردبوو منی بینی وتی : نازانم بۆم هەیە ئەم بڵکە تەختانە ببەم لە ماڵەوە پوێستیم بە کتێبخانەیەکە ، یەکسەر وەڵامدایەوە وتم برای بەڕێز ئەو کارەی جەنابتان بەهیچ شێوەیەك پەیوەست بەمنەوە نییە و، خۆتان ئەزانن من پاسەوان نیم و لە کۆمپانیای کافۆ کار ناکەم.
لە پاش هاتنەوەم لە کارەکەم لە کارگە یەکسەر ئەڕێشتم بۆ بارەگای

حزب بۆ راپەراندنی کاروباری کرێکاران { لێژنەی تایبەتی ـــ موختەسە ـــ لە گەڵ هاورێیان سەلاح رەشید و عمر کەمانی و ، نووسینگەی رۆژنامەگەری لە گەڵ هاورێیان : شەهید رەئوف زهدی، کوچکردووان شاعیر حەسیب قەرەداغی و مامۆستا ئەحمەد ساڵح و هەرێ گران و، لیژنەی ئیدارەی بارەگا لە گەڵ هاورێیانی کۆچکردوو دوکتۆر عەلی و سەید باقی } و، رۆژیکیان هاورێ ئەحمەد حامید هاتە ژورەکەم و پرسیاری کرد ئایا جنۆوم بە کەس داوە؟ لە وەڵامدا وتم نەخیرو، وتی باشە بەیانی لە ئەرێن بۆ بارەگای لقی / 4 ی پارتی چونکە ئەێن ئەحمەد رەجەب جنۆوی بە مەلا مستەفا بارزانی داوە.
رۆژی دواتر من و هاورێیان ئەحمەد حامید و فکرەت جاوید هەردووکیان ئەندامی (لوجنەی پەیوەندییەکان) بوون سێ قۆڵی چووین بۆ بارەگای پارتی و ، ئەوان چوونە ژوورەوە ولە پاش کاتژمێرێك هاتنە دەرەوە و وتیان ئەوەی هەوالەکەی گەیاندوو شکاتی کردووە نەهاتووەو واتە (عمر باوەمردەیی) و، بۆ رۆژی دووەم دیسانەوە سێ قۆڵی ملی ڕێگامانگرت و چووینە بارەگای لق وبرادەرەکەی پارتی نەهاتبوو، لە رۆژی سییەم چووین کابرای شکایەتکەر (موخبیر) ئامادە نەبوو، لەوێدا هاورێیان ئەحمەد و فکرت وتووبیان : براینە هاورێکەی ئێمە تاوانبارەو لە سی رۆژدا ئامادە بووە بەڵام ئەوەی ئێوە لە سێ رۆژدا ئامادە نەبووە و دیارە راست ناکات و ئەمەش دروستکراوە بۆ ئەوەی نێوانمان تێکبچێت ئەگینا بۆ نایەت لە کاتێکدا هەر لە پۆلیسەکەوە تا ئەگاتە پارێزگار خۆتانن و بە کوردییەکەی (حاکمن) بۆچی برادەرەکەتان ناهێنن و، لە سەر تووڕەبوون و قسەکانی هاورێیان هەردو بەرپرسی پارتی (حەمەی رەحیم و قادر جەباری) داوای لێبوردنیان کردبوو وتووبیان راست ئەکەن و برادەرەکەتان بۆ تاوانەو ئەوەی ئێمە سەگوسەگبابە. گرژی و ئاڵۆزی باڵی بە سەر پەیوەندی حزبی شیوعی و پارتیدا گرتبوو رۆژ لە دوای رۆژ رووی لە خراپەو تووندوتیژی بوو، لەو رۆژانەدا تەقە لە هاورێ ئەحمەد حامید کراو چەندگوللەیەکی بەرکەوت خۆشبەختانە رزگاری بوو، ولە سەرەتای مانگی تەموزی 1974 تەقەیان لە هاورێ { فکرەت جاوید} کردو شەهیدیان کرد.
لە سەر درێ شاخدارەکەی (عمر باوەمردەیی) بڵێك دزو درێزن بە بریاری کاك عەلی عەبدوڵا سەرکردەو یەکێك لە دامەزرینەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارێزگاری سلێمانی گوازرامەوە (نقل) لە کارگەی شەکری سلێمانی بۆ کارگەی چنینی کوران لە هەولێر، دیارە دەسەاتی کاك عەلێ سنوردار بوو، هەر ئەوەندە بوو من لە سلێمانی دوور بخاتەوە بۆ هەولێر

.30/12/2019

بە پینەو پەڕ دڕخەکە هۆر نابێتەوە … ئەحمەد رەجەب

راپەڕنە مەزنەکەی گەلی عێراق پێ خستە سێیەمین مانگ و هەر لە یەکەمین ڕۆژی ئوکتۆبەر{ تشرینی یەکەم} ی 2019 وە تا ئەمڕ لە پێناو بنبڕکردنی گەندەڵی و نەمانی دەسەڵاتی حزبە ئیسلامییە شیعەکان و بەرزکردنەوەی درۆشمی چاکسازی و گرانکاری سیاسی و ئابوری خەڵیشاندانەکان درێژەیان هەیە و پش دوو هەفتە سەرك وەزیران عادل عەبدولمەهدی ناچارکراو دەستی لە کارکێشایەوەو وابریارە سەرك کۆمار بەرهەم ساڵح کەسك بۆ پستی سەرك وەزیران دەستنیشان بکات.

بەڵێ ، خەڵیشاندان دژ بە پشکپشکێنە و شێوازی حوکمی تایفەگەری و گەندەڵی و دزیی و بە هەردانی سامانی گشتی و زۆرانبازی نابەجێ لە پێناو دەسەڵات لەناو رکابەرەکان هەڵگیرساوە لە کاتێکداجەماوەر پراوێز خراوەو خزمەتگوزاری نییەو بارودۆخی ژیان قورسەو بێکاری و هەژاری زۆرەو، جیاوازی لە هاوڵاتیبوون و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بووەتە دیاردەو، بە هۆی جەنجاڵی ژیان و شێوازی ژیانی ناتەندروستەوە خەڵگ لە رەفتارەکانی تاقمی حزبە ئیسلامییەکانی شیعە بێزارەو، بە دوای یەکك ئەگەڕێن پستی سەرك وەزیرانی پێبدرێت ودەستیان ناکەوێت و، بە هەموو شێوەیەك و، بە هەموو پینەو پەڕو هەموو فرت و فێڵکەوە تاقمی سەرلەشێواو هەوڵئەدەن بۆ ئەوەی لە سەر دەسەڵاتی وڵات بمێننەوە.

بە هۆی بێ ئومێدی و بار گرانی ژیان و، هەڵسوکەوتی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لە گەڵ خەڵیشاندەران و، تەقەکردنی راستەخۆ و کوشتنی ژمارەیەکی زۆرو ترسناك و بریندارکردنی زیاتر لە بیست هەزار خەڵیشاندەرو گرتنی ژمارەیەکی زۆرتر لە گەنجان و پیرو پەککەوتەو بەبێ جیاوازی لە نێوان نێرومێ . پیاوان و ژنان و ئازارو ئەشکەنجەدانیان بەڕسەی ئاگری راپەڕینەکەی زیاتر گەش کردو، گەل متمانەی بە حکومەت و پەرلەمان نەماوەو داوا ئەکەن هەرس سەرکایەتییکە دەست لەکاربکشێننەوەو ئەڵێن کات کوشتن و دواخستنی

چارەسەرکردنی کێشەکانیش، نیەتی خراپی بەرپرسە باڵاکان ئەسڵەمێنێت و، ناتوانن پرسێ هەڵپەسێراوەکان چارەسەر بکەن و، داخوازی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکەن و ئاواتەکانیان بێننەدی.
سەرانی حزبە ئیسلامییە شیعەکان شەژاون و پیش ماوەیەك توانیان کۆبوونەوەیەکی دوانزە حزبی ئەنجام بدەن و، ئەوەی سەیر بوو پارتی و یەکێتی بە فیتی دەستی دەرەکی بێ ئەو کۆبوونەوەیە پەلکێش کران و، کۆبوونەوەکە کرچو کاڵ و بێ سوود بوو، لە هەفتەی رابردوو بە نهێنی هادی عامری لە بڵاکی (فەتح) و فالح فەیاز، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، سەرکی دەستەی حەشدی شەعبی و سەرکی دەزگای ئاسایشی عێراق سەردانی هەولێرو سلێمانی (پارتی و یەکێتی) یان کردو، هەوڵئەدەن پشتگیری بێ گەندەکاران کۆبکەنەوە بەڵام تا ئێستا شکستیان خواردووەو هیچیان پێ ناکرێ و، دیسانەوە نیازیان وایە یەکێك وەك عادل عەبدولمەهدی بدزنەوە و، تا ئێستا بە فیێ و چەواشەکردن و خوخڵافاندن و بە یارمەتی قاسم سلێمانی و باڵیۆزی ئێران لە بەغدا درێژە بە دەسەاتە لەرزکە قاودراوەکەیان ئەدەن.
لە پاش گرتن و ئەشکەنجەدان و تەقەکردن و کوشتن و بریندارکردن و رفاندنی رێژنامەنووس و چالاکەوانان و پەرەسەندنی خۆپیشاندانەکان لە بەغداو شارەکانی ناوەراست و خواروی عێراق و، باڵوبوونەوەی هەواڵی راپەرینە گەورەکە لە جیهاندا، وڵاتانی زلهێز وەك ئەمریکاو فەرەنساو ئەڵمانیا و بریتانیا و، مەرجەعییەتی (بگەراوە) ی باڵاو پایەبەرزی شیعەکان پشتگیری لە مافە رەواکانی خۆپیشاندەران ئەکەن بەتایبەت لە پاش قەسابخانەکەی شاری ناسرییەو ئەلخەانی و وەسبە لە بەغداو، کوشتنی خەڵك لە کەربەلا بە دەمانچەی پێدەنگ و بەرزبوونەوەی ژمارەی شەهیدان.
سەیرە گەندەکاران وەك نوری المالکی کە مووچەی کوردستانی بری و لوتبەرزەکەی حەشدی شەعبی هادی العامری و هاوشێوەکانیان باسی چاکسازی ئەکەن و بە فەرمانی ئێران کەسانی نەشیاو بێ پێستی سەرك وەزیران دەستنیشان ئەکەن و، یەکێك لەو ناوانە گەندەکار محەمەد شیاع ئەلسودانییە و، خۆپیشاندەران لە گەێ بیستنی ناوەکەی وێنەیەکیان لە گڕەپانی ئازادی { التحریر} هەواسی و لە سەریان نووسیبوو (محەمەد شیاع السودانی) گەندەە و هەر زوو ماەکەیان لە شاری عمارە (میسان) سووتاند.
گەندەکاران و ئێران بە ئاشکەرا بە پینەو پەڕ خەریکن هەمان سیناریکەی عادل عەبدولمەهدی دووبارە بکەنەوەو، خۆپیشادەران بە راست و رەوان لە دیداریاندا لە گەێ سەرك کومار بەرهەم ساح لە گەێ کەسکن خۆیان دەستنیشانی بکەن و نایانەوێت ئێران و پەرلەمان خەڵك بێ پێستی سەرك وەزیران دابنێن و، هەموو لایەك ئەزانێت

بەرهەم ساڵح لە ژێر فشاردایە و، پێویستە بوێرانە ناو کەسێکی نیشتمانپەروەرو دەستپاك وگونجاو بێت لە گەڵ خواستی خێپیشاندەران دەستنیشان بکات.
ئەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پشتگیری لە گەندەڵکاران نەکەن و، ئەوەش بزانن لە کوردستان حزب و بزوتنەوەو رێکخراوی تر هەیەو، نابێ بەبێ ریکەوتن لە گەڵ ئەو حزب و تووژانە بە فشاری دەستی دەرەکی بچنە پاڵ مالکی وعامری و عەبادی و، هاوشێوەکانیان و، جێی راستەقینەی حزبە کوردستانییەکان بەرگرییە لە مافی رەوای خەڵك و نەفرەتکردنە لە خوێنرشتن.

بەرهەم ساڵح لیستێك ناوی لایە بە هیچ شێوەیەك جێی رەزامەندی خێپیشاندەران نییەو ، هەموو هەوڵێك لەلایەن سەرکردە گەندەڵەکان و ئێران ئەدرێت بێ ئەوەی یەکێك لەو ناوانە پێستی سەرێك وەزیران وەربگرێت و، لیستەکە بریتییە لە : محەمەد شیاع السودانی، ئەسعەد العیدانی و مستەفا الکازمی و،هەروا دوکتێر بەرهەم ناوی دادوەر { رائید جوحی} لەلایەن خێپیشاندەرانەوە پێگەیشتووە و، دیارە بەمنزیکانە ناوی پاڵێوراو لەلایەن سەرکێکماڕەوە دیاری ئەکرێت.

16/12/2019

کێ بەرپرسە لە خوێنرشتن؟ … ئەحمەد رەجەب

لە سەرەتای مانگی ئوکتێبەرەوە (تشرینی یەکەم) ی رابردوو رۆژانە خوێنی خێپیشاندەران لە بەغداو شارەکانی باشووری عێراق ئەرژێت و خێپیشادەران داوای ئەنجامدانی چاکسازیی و باشترکردنی ئاستی خزمەتگوزاریی ئەکەن و بێ دەستەبەرکردنی دەرفەتی کارو ژیانێکی شایستە بێ سەرجەم هاوڵاتیان و دوور لە گەندەڵی و بەشبەشێنەی حزبایەتی بەتایبەتی حزبە ئیسلامییە شیعەکانی دەسەڵات.
گەرمەی خێپیشاندان لە بەغداو شارەکانی ناوراست و باشووری عێراقی گرتووەتەوە، واتە { بەغدا، نەجەف، کەربەلا، بابل، دیوانییە، ناسرییە، موسەننا کوت ، عیمارە و بەسرە} و، خێپیشاندەران داوای

چاکسازیی و نەهێشتنی بێکاری و دابینکردنی هەلی کار ئەکەن و، دروشمی سەرەکییان دژ بە گەندەڵی ودزیی و پارە خواردنە ولە کاتێکدا ـــ 30 تا 40 % ی ـــ خەڵکی عێراق لە ژێر باری هەژاری و نەداری ئەژین، بەرپرسان بە تایبەت سەرکی حزبەکان و دستوپەیوەندەکانیان(خزم و خوێش، وەزیر، ئەندام پەرلەمان) تا دوێنی نان نەبوو بیخۆن ولەمردا بوون بە ملیادێرو خاوەن موڵ و ماڵ وتەلارو سامانی بێ هاوتا.
تەمەنی زوربەی خۆپیشادەران لە 25 ساڵ بەرەوخوارەو، کەمیان ئاگادری ناخۆشی مەینەتی ڕژانی حزبی بەعسی عەرەبین و، ئەم گەنجانە پەیوەست نین بە هیچ حزبێکەوەو، دوور لە بەرژەوەندی حزبی و تایفەگەری خوپیشاندان ئەکەن و دەسەڵاتدارانی عێراقیش (هێزە ئەمنییەکان و پۆلیس و سوپاو حەشدی شەعبی) بێ سەرکوتکردنیان زیاد لە پێویست و بە شێوەیەکی درندانە هێزیان بەکارهێناوەو، لە هەموو لایەکەوە تەقەیان لێئەکرێت و شەهیدو بریندارییش لە هەڵکشاندایە و، بەرپرسانی حکومەتی عێراقیش پەنا ئەبەنەبەر درۆو دەلەسەو فرت و فێڵ گوایە نازانن کێن ئەوانەی تەقە لە خۆپیشندەران ئەکەن و، بێ ئەوەی درکەیان سەربگرێت و راستییەکان بشارنەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان داخستووەو خەتی ئینتەرنێتیان بڕیوە.
زوربەی خۆپیشاندەران شیعەن و هاوار لە دژی حزبە شیعەکانی خاوەن دەسەڵات ئەکەن و بە دەنگی بەرز ئەڵێن ئەو حزبانە گەندەڵن و لە گەندەڵیدا نقووم بوون و، لە ئێستادا بێ بەربەرەکانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی عێراق میلیشیاو چەکدارەکانیان خستووەتەکارو، بە فیتی ڕابەرانی حزبە ئیسلامییەکانی شیعە کونسلخانەکانی ئێرانیان لە کەربەلاو نەجەف سووتاندو ئەو کارەیان خستەپاڵ و ئەستێی خۆپیشاندران و، بەو بیانووە هێزە ئەمنییەکان و حەشدی شەعبی دەستیان واڵاتر بوو بێ تەقەکردن و بەو هۆیەش ژمارەیەکی زۆر شەهیدو بریندارى لێکەوتەوە بە تایبەت لە ناوچەی سنەك لە بەغدای پایتەخت.
تا ئێستا زیاتر لە {400} شەهیدو 15 هەزار بریندار هەیەو، ئەو کردەوانەش تاوانە دژ بە مرۆڤایەتی وتاوانی چینسایدە بەرامبەر بە خەڵکی بێدەسەڵاتی ڕاپەڕیوو، لەلایەن بەرپرسانەوە پەردە پێش ئەکرێن و، لە ڕاگەیاندنداو بە تەموومژی باسیان لێوە ئەکرێت بێ شاردنەوەی ڕاستییەکان،.

خۆپیشاندەران داوا ئەکەن : بەبێ منجەمنج سەرۆك وەزیران عادل عەبدولمەهدی و حکومەتەکەی دەستلەکار بکێشنەوەو برێن و، حکومەتێکی نوێ پێکبهێنرێت، حکومەتێکی خاوەن توانای نیشتمانی وپردەسەڵات بێت

بۆ ئەوەی پێش هەموو شتێك عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی قاودراو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی سوپای عێراق بداتە دادگا چونکە بەرپرسی یەکەمەو چی کوژراوو بریندار هەیە لە ئەستۆی ئەوە.
حکومەتی نوێ بتوانێت داخوازییە رەواکانی گەل و خەڵکی راپەڕیوو خۆپیشاندەران لە پێش هەموو کارێك یاسای هەڵبژاردن و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی نوێ بۆنێتەدی و، بەرلەمانی عێراق هەڵبووەشێنێتەوە (زوربەیان بە فێڵ و تەزویر بوونە بە ئەندام) و، هەروا ئەو حکومەتە نوێیە بتوانێت هەرچی بەرپرس و تاوانبارو تەقەکەرو بکوژ هەیە ڕاپێچی دادگا بکات و، ئەبێ پەرلەمانی عێراقیش گوێ رایەڵ بێت بە داخوازییەکانی گەل بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراسی بتوانێت دادپەروەری کومەڵایەتی زامن و پەیرەو بکات و، کۆتایی بە دەستوەردانی دەرکی بۆنێت و عێراق نەبێتە گۆڕەپانی جەنگ لە نێوان ئەمریکاو ئێران و، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی ئەندامە دەستپاکەکانی پەرلەمان بدەن و هەوڵستیان لە بارەی خۆپیشاندانەکان بەرز برخۆنین.
ئەرکی سەرەکی حکومەتی نوێ و داخوازییەکانی خۆپیشاندەران ڕێ و دەستیوەردانی وڵاتانی دەوروبەر نەهێڵێت بەتایبەت لە ئێستادا دەستی ئێران ببڕێت و، ڕێگا بە قاسم سلێمانی و پاسداران نەدات ئارەزوومەندانە هاتوچوو نەکەن و، ئەبێ زۆر بە وریایی ڕەفتار لە گەڵ ئێران بکرێت و، بەرپرسانی ئێران بە ئاسانی دەستبەرداری عێراق و حزبە وابەستەکانیان نابن و، نابێ ریگا بە ئەمریکا بدرێت بارەگاو بنکەی سەربازی لە سەر خاکی عێراق دابمەزرێنێت و، بوونی تورکیا لە سەر خاکی وڵات نەمێنێت
حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی و حزبە شیعەکان کە زوربەیان سەر بە ئێرانن بە ئاسانی دەست لە نازو نیعمەت و ئیمتیازات و دزی وسامانی کۆکراوەیان هەڵناگرن و خۆپیشاندەران داوا ئەکەن لێپێچینەوەی ورد لە گەڵیان بکرێت و زوز بەزوو بدرێن بە دادگا.
هێزە سەرەکییەکانی خۆپیشاندەران لەمانەی خوارەوە پێکهاتوون:
یەکێتیەکانی کرێکاران ، مامۆستایان، قوتابیان و، کۆمەڵەی ئافرەتان و جوتیاران و ڕۆکخراوەکانی کومەڵگەی مەدەنی و هێزە ئیسلامییە میانرەوەکان و، لەم هەفتانەی دووایەداو لە وتاری هەینی عەلی سیستانی گەورە مەرجەعییەتی شیعەکان داوای کردووە حکومەت بچێت بە پڕ داخوازییەکانی خۆپیشاندەران و، هەر هەموویان لە گەڵ ڕاپەڕینە مەزنەکەن و، ڕەوتی سەدریش لە پێشدا زۆر بە گەرمی لە گەڵ خۆپیشادەران بوو، لەم دووایەدا ڕابەرەکەی موقتەدا سەدر تووشی رارا بووەو، کەس سەری لێدەر ناکات و پێیەکی لە عێراقەو ئەوی

تریان لە ئێرانەو، هەست ئەکات کەمە کەمە خەڵکەکەی لێی دوور ئەبنەوەو لە ژێر فشاری ئێراندایەو، لە خواروی عێراق سەرێك خۆ و عەشایەرەکان بوونەتە کۆپشاندەران.
بارودۆخی عێراق مەترسیدارەو، ئەگەر وڵاتان بە تایبەت زلهێزەکان و نەتەوە یەکگرتوەکان فشار نەخەنە سەر حکومەتی قاودراوی عادل عەبدولمەهدی و پەرلەمانی عێراق" بارودۆخەکە گرژو ئاڵۆزتر ئەبێت و، لەمڕدا پیلانی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ئاوات و تیکۆشان و خوێنی خۆپیشاندران نەیەتەدی و، بەلایەکی تردا ببرێت و، ئێران بە ئاشکرا خوێ کردووە بە خاوەنی عێراق و ، تورکیا لە ڕۆژ چەکاوخێرەکانی و بەرەی تورکمانی وبوونی بنکەکانی لە ناو خا:ی هەرێم و عێراقداو، عەرەبستانی سعودی وهەندێ لە وڵاتانی کەنداو لە ڕۆژ دامودەزگای هەواڵگیری و بە یارمەتی و هاتوو چێی بەعسیەکان خەریکی پیلان دارەشتنن، بۆیە ئەرکی سەرشانی نوسەران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان و کەسانی پاك و خاوەن شەرەف و خەڵگی تێکۆشەرە کردەوەی ئەو وڵاتانە شەرمەزارو ڕسوا بکات.
سوپای عێراق لە ساڵی لە 23/5/2003 بە فەرمانی(حاکمی عەسکەری ئەمریکا) پاڵ بریمەر هەڵوەشاو، لە 8/8/2003 هەر بە فەرمانی پاڵ بریمەر سوپایەکی دامەزراند (سوپای عێراق لە درێستبوونەو تا ئێستا) دژ بە خواستی گەلەو، سوپا نوییەکەی عێراق لە ساڵی 2014 لە سەرهەدانی داعش تێکچووو، ئێستا لاوازە و، لە باتی سوپا خەشدی شەعبی ڕۆی زیاترەو سەرکردەکانی سەر بە ئێرانن بۆیە خۆپیشاندەران داوا ئەکەن ئەم حەشدە نەمێنێت.
بەپێ دستوری عێراق سەرێك کۆمار سەرێك وەزیران دا ئەنێت و، بەرهەم ساڵح لە گەڵ حزبەکان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و نوێنەری خۆپیشاندەران کوبووەوەو، تا ئێستا کەسی دەستنیشان نەکردووەو لە ژێر فشاری ئێران و حزبە شیعەکانە ئەمە لە لایەك ولە لایەکی ترەوە خۆپیشاندێران بڕدوام ئەبن لەخۆپیشاندانەکانیانو ئامانجیشیان دەست لەکارکێشانەوەی هەر سێ سەرکایێتییەکەیە، کە لەدروشمەکانیان بڕوونی داوای ئەکەن.
هەرێمی کوردستان لە دووڕەوە چاودێری بارودۆخی عێراق ئەکات و، بیدەنگە بەرامبەر بە خوێرشتن و کوژران و بریندارکردنی هەزاران گەنجی عێراق و، ئەو گەنجانە خاوەنی هەر ئاین و مەزهەب و نەتەوەیەك بن مرۆڤن و، پێویستە بیدەنگی بە فەرمی پشکێنێت و،پەلە بکات لە چاکسازی و گەندەلکاران وبەعسیەکان و موستەشار جاشەکان و تاوانباران وبکوژانی خەڵکی ستەم دیدەی کوردستان لە پرسەکانی ئەنفالی چەپە کە لەلایەن دادگاکانەوە ناویان ئاشکراکراوە بدرێن بە دادگاو چیتر داڕدەی ئەوانەو خیانەتکاران نەدرێت و، بە فەرمی

داوا لە تورکیا بکرێت هێزو بنکەکانی بباتەوەو، هەوڵ بدرێت قوتابخانە و زانکۆکان سەر بە تورکیاو کۆمپانیاکانی دابخرێن و، بایکۆتی کالای تورکی بکەن و، چارەسەر بۆ بژێوی هاوڵاتیان بە تایبەت هەژاران وکەم ئەندامان و زیندانیانی سیاسی و پشمەرگە و ، کۆشەی زەویی و خانوبەرەو تاپۆ بدزنەوەو یارمەتی حزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا زیاد بکەن و ، واز لە چاوسوورکردنەوە بە تایبەت بەرامبەر بەو حزبانەو رۆژنامەنووسان بێنن و، جێی خۆیەتی بڵێن ریگا بەو حزبانە بدرێت چالاکی لە دژی دوژمنان بکەن. .

سەرکردەی حزبە ئیسلامییەکانی شیعە پشت ئەستورن وترسیان نییە و ئێران لە ئێستادا بەرگری لەو سەرکردانە و پارەو سامانیان ئەکات و" ئەگەر وەرچەرخانێك لە بارودۆخی عێراق رووبدات ئەوا نوری مالکی و عەمار حکیم و هادی عامری و ئەوانی تر بەرەو ئێران ئەکەونەرێ و، کۆماری ئیسلامی دادەیان ئەدات.

وەزیری بەرگری عێراق نەجاح ئەلشەمەری ئەڵێت لایەنی سییەم تەقە لە خۆپیشادەران ئەکات و خەڵك ئەکوژێت و، ناوی کەس ناهێنێت و، مەبەست لە لەلانی سێیەم ئێرانە بەڵام وەزسری بەرگری دەستنیشانی کردووە بەڵام لە ترسی حزبەکانی شیعە وپلەو پایەکەی ترس دایگرتووەو لاڵە و، خەڵك ئەپرسێت ئەگەر وەزیری بەرگری نەزانێت لایەنی سێیەم کێیەو، بۆ دڵزینەوەی ئەو لایەنە روو لە کێ بکەن و، راگەیاندنەکەی وەزیری بەرگری چەخت لە گەندەڵی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی ئەکات و، جێی شەرمەزاری و رووڕەش و ڕسوان.

د

---

48 ملیۆن دینارکەی پەرلەمان زەقترین شێوەی گەندەڵییە … ئەحمەد رەجەب

48

لە دەسنیشانکردنی رۆژی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان هەموو حزبەکان لە

سەرانسەری عێراق و کوردستان چالاکانەو بە گەرمی ئەکەونەکارو دابەش کردنی لاپێتۆپ و دەمانچە و پارەو شتی ترو دەستپێئەکات و ئەو جارە کارانە رۆژی سەرەکی هەیە بۆ کرینی دەنگی هاوڵاتیان و، هەرچی داموەدزگای راگەیاندیان هەیە: رۆژنامە ، رادیۆ، تەلەفزیۆن و سەتەلایت ئەیخەنە کارو لەم بوارەدا پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێشەنگن و، بە پارەی خەڵك سەدان ملیۆن دینار بۆ بەرەوبردنی ئەو دەزگانە خەرج ئەکەن و، لە دواییدا ئەوەی دەنگ ئەهێنێت ئەبێتە نوێنەرو، ئەوەش توانای دابەشکردنی ئەو کەرەستەو پارەو بەرتیلەی نییە ئەبێتە تەماشاکەرو لاوازانە بەشداری هەڵبژاردنەکە ئەکات.
لە وڵاتان پەرلەمان لە خزمەتی هاوڵاتیانەو لە عێراق و کوردستان پەرلەمان لە خزمەتی پەرلەمانتاران و خزانەکانیانەو، جاروبار هەندی لەم پەرلەمانتارانە سەرەرای ئەو موچە مەزەیە کە بریتییە لە موچەی خۆ و موچەی تاقمی پارێزگاری (حیمایە) و بندیوارەکانی فڕۆ و دزی ئەکەن قەت تێرناخۆن و، بۆ نموونە خالد ئەلعەتییە کە یەکێکە لە گەورە بەرپرسانی ناسراوی لیستی " دەوڵەتی ئەلقانون" سەر بە نوری ئەلمالکی لە فڕۆکەخانەی هیسرۆ (Heathrow) لە لەندەن بە یەك (ملیۆن) دۆلار گیراو هەر ئەم کابرایە (خالد العتییە) عەمەلیاتی جوانکاری بۆ ژنەکەی کردبوو، پاشان لە گەرانەوەی بۆ پەرلەمان بۆ چەواشەکردن و وەرگرتنی پارە وتوبووی عەمەلیاتی بەواسیرم کردووەوە بە – 55 – ملیۆن دینار لە عێراق بە -1- ملیۆن ئەکرێت،
بەرامبەر بە کەسانی خراپ و بوودەڵە ، کەسانی دەستپاك و زاناو تێگەیشتو رۆشنبیرو نیشتمانپەروەرو دڵسۆز لە پەرلەمان هەیەو، چالاکانە بەرگری لە مافی هاوڵاتیان ئەکەن و، گەندەڵی و گەندەڵکاران ئەخەنەروو شەرمەزارو ریسوایان ئەکەن و هەوڵ بۆ چاکسازی و دادپەروەری ئەدەن.
لە ساڵانی پێشوو ئێستاشی لە گەڵدا بیت بەرپرسانی هەرێم و حکومەت کوردستانیان دووچاری قەیران کردووەو، لەو کاتەی مووچەی مامۆستاو فەرمانبەران برا، پەرلەمان بە نیاز بوو ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل لە جۆری (لاندکرۆزر) بە ناوی پەرلەمانتاران بکرێت بە نرخێکی خەیالی و، ئەوەی بەدی ئەکرێت لە خولەکانی رابردووەدا زوربەی پەرلەمانتاران ئۆتۆمبێلەکانیان نەگڕاوەتەوەو دەستیان بە سەردا گرتووەو، لێرەدا پرسیارە پەرلەمانتاران هەڵوەستەیەك بکەن و، لە خۆیان بپرسن ئایا نوێنەری کێن؟ و، لە پێناوی چی بە – 6، 7- ملیۆن دینار خانەنشین ئەکرێن.
لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەوڵەمەند کە خولی پەرلمان کوتایی دێت ، نوێنەرەکان (ئەندامانی پەرلەمان) ئەگەرێنەوە بۆ سەر کارو پیشەی

پێشوویان واتە مامۆستا بۆ قوتابخانەو کرێکار بۆ کارگەو دارتاش بۆ دارتاشخانەو ئاسنگەر بۆ ئاسنگەری وجوتیار بۆ کێڵگە و، هەر یەك لەمانە بە گوێرەی پیشەکەی خانەنشین ئەکرێت.
ئەوەی لە پەرلەمان کراوە هەر پەرلەمانتارێك بە – 6 ، 7 – ملیۆن دینار مانگانەو خانەنشینی وەربگرێت و، – 48 – ملیۆن دیناری پێبدرێت زەقترین شێوەی گەندەڵییە و، لە هیچ وڵاتێك ئەو جۆرەکارە نەکراوو ناکرێت و، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو پارە مەڵە بەرتیلە یان پاداشتە؟ و، پێویستە خەڵك بێدار بێت و بپرسێت ئایا بۆچی نوێنەرەکانی ملکەچی پارە ئەبن؟و ئەم نوێنەرانە لە کێوەڕ هاتوون؟ و تا رادەیەك خەڵك تاوانبارە چونکە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی بەو کەسانە داوە و لەمردا جێی متمانە نین.
مامۆستایەك – 30 یان 40 – ساڵ وانەی وتووەتەوەو بە ملیۆنیك دینار وبگرە کەمتریش خانەنشین ئەکرێت بەڵام پەرلەمانتارێك مووچەی مانگانەی شەش ، حەوت ئەوەندی مووچەی مامۆستاکەیەڵ ، هەندی پەرلەمانتار تووشی شاگەشکە بوون و، قەت بیری نەکردووەو ئەوەندە پارە بە جارێك وەربگرێت و، یەکێك لە پەرلەمانتاران خۆ بە ئیسلامی پلە یەك ئەزانی وتی: ئەو برە پارەیەڵ بەڵ شەرع وفەتوا قبوڵەو، وادیارە ئیسلامیەکان ئەو جۆرە شەرعە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار ئەهێنن.
ئەگەر سەیری لیستی ناوەکان بکەین کە – 48 – ملیۆن دینارەکە وەرئەگرن بەمان دەرئەکەوێت ئەو کەسانە شەوورۆژ باسی گەندەڵی وچاکسازی و دادپەروەییان ئەکرد پێشەنگن لە وەرگرتنی پاداشتەکە1؟، گرنگ ئەوەیە خەڵك لە داهاتوودا هوشیار بێت و ، بزانێت دەنگ بە کێ ئەدەن،
لە کوتاییدا ئاماژە بۆ یەك کەس ئەکەین کە – 48 ملیۆن دینارەکەی رەتکردەو وەرینەگرت ئەویش هاوری عەبدولڕەحمان فارسە ناسراو بە { ئەبو کاروان} ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان و،جێی دەستخۆشی و شانازییەو نموونەیان زۆرتر بێت.
27/11/2019

نا بۆ گەندەڵی و ئێران بۆ دەرەوە ... ئەحمەد رەجەب

لە ناو گەرمەی خۆپیشاندان و راپەرینی سەرتاسەری گەلی عێراق دژ بە گەندەڵی و دەستێوەردانی ئێران و لە ژێر دروشمی : نا بۆ گەندەڵیی و ئێران بۆ دەرەوە چەندین پرسیار دێتە پێشەوەو چەندین باسکردن هەڵدەگرێت و کاردانەوەی زۆری لێدەکەوێتەوە بەتایبەت لە پاش شەهید بوونی زیاتر لە { 333} کەس و بریندار بوونی زیاتر لە { 6000} کەس.
ڕوون و ئاشکرایە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بەهێزو بێتوانایەو ناتوانێت لەو هاوکێشە دووفاقەیە تێکەوتووە ڕزگاری بێت لە لایەك ئاخافتنە بریقەدارەکانی بۆ چاکسازی و چوون بەدەم داخوازییەکانی خۆپیشاندەران و، لە لایەکی ترەوە داپڵۆسین وسەرکوتکردن و کوشتن و خوێنڕشتن، جارێك باسی خۆپێشاندانەکان بەباشی دەکەن و جارێکی تر هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگیری و بە هاوکاری ڕاستەوخۆ ئێران بەکاردێنن و، بە تەقەکردن و بەکارهێنانی قەناس غازی فرمێسك ڕۆژەوە جەماوەری ڕاپەڕیوی گەل دەکوژن و، حکومەت و پەرلەمان و سەرکایەتی کۆمار بەرزترین دەسەڵاتن لە عێراقداو هەرچی دامودەزگای ئیداری و دادگایی و ئەمن و ئاسایش و سوپایە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندایەو تا ئێستا ناتوانن تاوانباران بدۆزنەو دەستگیریان بکەن و، ئەگەر توانایان نییە بۆچی بوونە بە مۆتەکە و چۆن لە ڕوویان دێت لە پێستەکانیان بمێننەوە؟
دروشمی خۆپیشاندەران ئێران بۆ دەرەوەو، لەو ڕۆژەوە عەڵی خامنەیی بووەتە "ڕەهبەری شەڕش" دروشمی دژایەتی ئەمریکای هەڵگرتووە بەڵام لەوماوە دوورو درێژە هیچ کارێکی نەکردووە جگە لە بەکارهێنانی زمانی زبرو وتاری پر لە ئاگرو قین کە وەك قەوانێکی سواوی لێهاتووەو، کارێکی ئاسایە خامنەیی تومەتی جێراوجێر بداتە پاڵ ڕاپەڕینی گەلی عێراق و، بە پێی قسەکانی گوایە ئەم ڕاپەڕینە سەر بە ئەمریکاو ئیسرائیلە و ئەوان دروستیان کردووەو، لە بیری چووەتەوە ڕۆژانە شەلاڵی خوین شەقامەکانی بەغداو شارەکەکانی خواروووی عێراق سوور دەکات و، باش دەزانیت دەستوپەیوەندەکانی دەستی باڵایان هەیە لە کوشتن و ڕشتنی خوێنی خەڵکی سڤیل کە دژ بە گەندەڵی و دەستێوەردانی ئێران خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن و داوای چاکسازی دەکەن و، دژ بە دەستی چەپەڵی دەرەکی و پیلان دژ بە خواست و داواکانی گەل تێدەکۆشن و ئەم خۆپیشاندان و ڕاپەڕینە گوزارشت لە مافەکانی گەل لە ئازادی و دروستکردنی دەوڵەتێکی مەدەنی دوور لە

پشکپشکەنەی قیزەوەن و دژ بە گەندەڵی یاسایی و ئیداری دەکات و، سەرکەوتنی ئەم راپەرینە پەیوەستە بە توانای خۆپیشاندەران و، بەم کارەش وانەیەکی گرنگ و پاش بە هەموو دوژمنان دەدەن.
سەبارەت بەوەی ئایا رژێمی ئێران دەتوانێت ئەم خۆپیشاندانانەی دابمرکێنێتەوەو جەڵەوی بارودۆخەکەو دەسەڵات بگرێتەدەست و، لێرەدا پێویستە بڵێن : عیراقییەکان رژێمی ئێران بە سەرکوتکەرو بکوژی راستەقینەی خۆپیشاندەران دەناسن و، هەروا شایانی وەبیرهێنانەوەیە ئەو کاراسات و گاڵتەجارییەی لە پاش روخانی رژێمی دیکتاتۆری سەدام حسەین و حزبی بە عسی عەرەبی خوێنرێژ لە عێراقدا رووياندا و ئەمرۆش عێراق تیادا تێدەپەڕێت ، رژێمی ئێران رۆڵی کاریگەری هەبووە لە ناو حزبە مەزهەبییەکان ، ئەوانەی پشتگیری لە بوونی ئێران لە عێراقدا دەکەن و، کاریگەری راستەخویان بووە لە سەر حکومەتەکانی عێراق لە دوای ساڵی 2003 وەو، هەر لە رۆژانی پاول برێمەر تا دەگاتە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی و، رژێمی ئێران بەوەش نەوەستاوەو تا ئێستا دەستی چەپەڵی بە شێوەیەکی ناپەسەندو بە هەموو قورسایی تواناکانی دەخاتە ناو کاروباری حکومەت و، عێراقییەکان پەنجەکانی تاوان بێ ئەو رژێمە سەرکوتکەرە رادەکێشن و، قارەمانانە دژ بە گەندەڵی و دزێنی سامانی وڵات دەوەستن.
بمانەوێت یان نەمانەوێت خۆپیشاندانەکان وبارودۆخی ئەمڕۆی عێراق کار دەکاتە سەر ئاسایش و بارودۆخی رژێمی ئێران و، ئەگەر ئەو بارودۆخە بتەقێتەوە ئاغاکانی دەسەڵات ناتوانن بە هیچ شێوەیەك کۆنترۆڵی بکەن و، لە کۆتاییدا پەرەدەسێنێت و ئاگرەکەی دەسەڵاتداران دەسوتێنێت.
من لەو بروایەدا نیم راپەرینی خەڵکی عێراق کاریگەری زۆری هەبێت لە سەر بارودۆخی ناوچەکەو، ئاسان نییە بڵێن راپەرینەکە سەردەکەوێت چونکە دوژمنەکانی خاوەن دەسەڵاتن و لەلایەن دەستی دەرکییەوە یارمەتی دەدرێن و، بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێت راپەرینەکەی خەڵکی عێراق گمارێ بدەن و بیخنکێنن و حکومەتە لاوازەکەی عادل عەبدولمەهدی بە هاوکاری هەواڵگیری رژێمی ئێران بە دوای پینەکردن دەگەڕێت و ئەمە لەلایەك و، لەلایەکی تریشەوە جەماوەری گەل بێ وەدیهێنانی داخوازییەکانیان پێدادگرن و، دەیانەوێت حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەستلەکاربکێشتەوەو پەرلەمان هەبوەشێتەوەو راستر هەرسێ سەرکایەتییەکە هەبوەشێتەوەو، حکومەتێکی نیشتمانی دەستبەکار بێت و، بتوانێت داخوازییەکانی گەل و خۆپیشاندەران بهێنێتەدی وێ هەروا بتوانێت سامانی وڵات و ئەو پارە دزراوانانە بگەڕێتەوەو هەبژاردنی پێشوەختە رابگەهێنێت و گەندەڵ و دزەکان بداتە دادگاو، ئاسان نییە راپەڕینەکە بتوانیت

بارودەخی ناوچەکە رێکبخاتەوەو، هەموو لایەك دەزانێت باری ناوچەکە ئاڵۆزەو ئەمریکا هێزێکی گەورە بە هەموو جۆرە چەکی نوێ و مۆدیرن و فڕۆکەی (ب. 52) هێناوە بە بیانووی ئێران و پیتاندنی یۆرانیۆم و" ئەمریکا ئەو هێزە زەبەلاحەی بۆ ئێران نەهێناوە بەکو بۆ نواندنی هێزو توانایە بەرامبەر بە روسیاو دەست بە سەر نەوتی ناوچەکە بگرێت و، تورکیاش بە ناوی ناوچەی ئارام خاکی وڵاتێکی تر داگیر دەکات و، بە هۆی ئەو ناوچە ئارامە سەدان و هەزاران خێزانی کورد ئاوارە بوون و ماڵ و سامانیان بەجێهێشت.
تێبینی : ئەم باباتەم بە عەرەبی لە ڕۆژنامەی (السیاسة الکویتیة) لە ڕۆژی چوارشەممە 13/11/2019 بڵاو کراوەتەوەو ئەمەش لینکەکەیەتی :
http://al-seyassah.com/%d8%a7%d9%84%d8%a7%d9%86%d8%aa%d9%81%d8%a7%d8%b6%d8%a9-%d8%a7%d9%84%d8%b9%d8%b1%d8%a7%d9%82%d9%8a%d8%a9-%d8%a3%d8%b1%d8%b9%d8%a8%d8%aa-%d9%86%d8%b8%d8%a7%d9%85-%d8%a7%d9%84%d9%85%d9%84%d8%a7%d9%8
13/11/2019

عێراق بەرەو کوێ مل ئەنێت ؟ … ئەحمەد رەجەب

لە سەرەتای ئەم مانگە { تشرینی یەکەم ــ ئوکتۆبەر } لە شاری بەغدای پایتەخت و شارەکانی خواروی عێراق دژ بە گەندەڵی و پشکپشکێنەو دژ خێپشاندانەو تا ئێستا درێژەی هەیە ولە { 25 } ی مانگەوە خێپیشاندانەکان چرتر بووەوە ئەنجامەکانی بووە هۆی کارەساتێکی گەورە و زیاتر لە { 100 } کەس شەهیدو زیاتر لە { 4000} بریندار لێکەوتەوە.
بە هۆی بارودەخەکەو، بێتوانایی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لە دۆزینەوەی چارەسەری بۆ داخوازییەکانی جەماوەر، ژمارەی خێپشادەران لە هەڵکشان و زیادبوونداین و، هێزەکانی پۆلیس و ئەمن و ئاسایشی عێراق دەستیان کراوەیەو، تەقە لە خەڵك و خێپیشاندەران ئەکەن و، ژمارەی شەهیدوبریندداران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرزتر

ئەبێتەوە.
لە بەر نەچوونی حکومەتی عێراق بە دەم داخوازییەکانی خێپیشاندەران دوو پەرلەمانتاری ئەنجومەنی عێراق وەك نارەزایەتی دەربرین دەستیان لە کارکێشایەوە و، وتیان پەرلەمان جێگەی ئێمە نییەو، باشترواید بچینە ناو خەڵك و، ئەو دوو پەرلەمانتارە لە حزبی شیوعی عێراق بوون بە ناوەکانی : رائید فەهمی { سکرتێری حزبی شیوعی عێراق} و ، هەیفاء ئەلئەمین { پێشمەرگەی دێرین و شیوعی ناسراو} و، لە پاش ئەوان چەندان پەرلەمانتاری تر دەستیان لە کار کێشایەوە.
ئەوەی جێی ئاماژەیە گەندەڵکاران و تاقمی پشکپشکێنەو دەستوپەیوەندی وڵاتانی بەناو دراوسێی عێراق، داوای چاکسازی و، کێنترۆلکردنی دۆخی ئەمنی وڵات ئەکەن و، زوربەی خەڵك و خێپیشاندەران ئەزانن ئەو گەندەڵکارانە هوێ سەرکین، لە دزی و فرت وفێ بەرامبەر بە داخوازییەکانیان و، ئەمرێ خێیان شاردووەتەوەو، دەمدرێژی وچەنەبازی ئەکەن.
هادی ئەلعامری بەرپرسی تاقمی بدرو لیستی (الفتح) و، نوری ئەلمالکی سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عێراق و بەرپرسی لێستی (دەوڵەتی یاسا) داوایان لە عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیران کرد، کێنترۆڵی بارودۆخی عێراق بکات و، هێزەکانی ئاسایش (ئەمن) روبەروی "" ئاژاوەگێران"" ببنەوەو، لێرەوە دەرئەکەوێت ئەو دوو بەرپرسە خوازیاری خۆنرشتنن و خێپیشاندەران بە ئاژەوگێران ناو ئەبەن، کە پایتەخت و نێ پارێزگای عێراقی گرتووەتەوە و، شەو رێژ هاوار ئەکەن وداوای چاکسازی ئەکەن ، ئەمە لەلایەك و، لە لایەکی ترەوە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق داوای چاکسازی ئەکات و، ئەوێت عادل عەبدولمەهدی داواکاری خێپیشاندەران بێ دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی جێبەجی بکات و، هەروا وتی : عێراق لە پێناو بەرژەوەندی گەندەڵکاران مەسوتێنن و، ئەوەی لە پیرچووەتەوە زوربەی گەندەلییەکان ودزی و خراپەکاری پاشماوەی حکومەتەکەی خودی خێیەتی و، نابێت کەس حەیدەر عەبادی لە بیر بکات وەك شۆڤەنیستێك وخۆنرێژێك و، کردەوەو هەنگاوە قیزەوەنەکانی بەرامبەر بە گەلی کوردستان لە پاش پرسەی ریفراندێم و، ئەوە دەبابەکانی عەبادی بوون لە کەرکوك پێشمەرگەیان شڵاو هێزەکانی نارده سەر سنوورەکانی کوردستان لە گەڵ " عێراقی قیدراڵ "" و، فەرمانیپێدان بەرەوروی پێشمەرگە ببنەوە
بارودۆخی عێراق مەترسیدارەو، ئاسێیەکی رونی نییە و، کەس نازانێت بەرەو کوێ ئەروات و، کی سەرکردایەتی تووڕەیی و رقی خێپیشاندەران ئەکات و، لە کوێ زانیاری و رێنەمایی وەر ئەگرن و، کێ ئەم

بارودەخە ئەقڕاندنەوەو، بەرپرسانی شیعەکان (عەمامە بە سەرەکان) خۆیان مەلاسداوەو، جارو بار چەنەبازی ئەکەن و، زوربەی دانیشتوانی عێراق ئەزانن هەر ئەوانن فەرمان بە چەکاوخێرو پاسەوانەکانیان ئەدەن خێپیشاندەران ئەکەنە ئامانج و ئەیانکوژن و، شاراوە نییە ئەمریکاو ئێران کارگەریان هەیە بە سەر شیوازو رەفتارو ئاراستەی جموجوڵەکانی حکومەت.
حزبی شیوعی عێراق و لێسی سائرونی موقتەدا ئەلصەدرو کۆمەیك پەرلەمانتار داوا ئەکەن عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیران دەست لە کاربکێشێتەوە چونکە ناتوانێت داخوازییەکانی خێپیشاندەران جێبەجێ بکات ، و لە ئێستادا عێراق دوو ڕێگای لە بەردەمە : مانەوەی حکومەت یان گەڕینی نەخشەی سیاسی و، ئەم دوو ڕێگایەش بە پەلەو کتوپڕخواستی خێپیشاندەران ناهێنێتەدی و، ئەگەر سەرۆك وەزیران دەستلەکار نەکێشێتەوە ، ئەبێ کاتێکی دیاریکراوی بدرێتی بێ چەند مانگێك و، لە ژێر چاودێری بێت و، ئایا ئەتوانێت خواست وداواکارییەکانی خێپیشاندەران بهێنێتەدی و، بە پێچەوانەشەوە متمانەی لێبسڕێتەوە.
نەتەوە یەکگرتووەکان و بریتانیاو وڵاتانی تر هوشداری ئەدەنە حکومەت و، داوا ئەکەن بچن بە پیر داخوازی خێپیشاندەران و، گوێیان لێبگیرێت و، هەوێبدەن چیتر خوێن نەرژێت و، منیش ئەیم وریا بن حزبی بەعسی عەرەبی خوێنمژ نەگەرێتەوە.
خوێن شەقامەکانی بەغدای پایتەخت و پارێزگاکانی خواروی عێراقی سوور کردووەو، لیستەکانی پەرلەمان وکەسایەتییەکان داوا لە عادل عەبدولمەهدی ئەکەن دەستلەکار بکشێتەوە بەڵام ئەوەی سەیرە بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری لە حکومەتی عێراق و سەرۆك وەزیران عەبدولمەهدی ئەکات؟ هیچ جیاوازییەك لە نێوان عەبدولمەهدی و مالکی و عەبادی نییەو، هەر هەموویان لە ژێر چەتری ئێران و مەرجەعییەتن...
30/10/2019

شەیتانکی ئیسلامی فاشیست و

بازرگانێکی سیاسی … ئەحمەد رەجەب

ئەکشێتەوەو ناکشێتەوە لە دواییدا بە بریاری سەرکە شێتکەکەی ئەمریکا دۆناڵد ترامپ هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا کشایەوەو بە پێی یاساورێسای وڵاتێکی زلهێزو داگیرکەر وەك بڕێت خاوەنی عێراقە ئەو هێزانە بۆ ڕۆژئاوای عێراق ڕەوانە ئەکرێت و لە بنکە سەربازییە گەورەکەی ئەمریکا لە پارێزگاری ئەلئەنبار جێگیر ئەبن.
ئەردۆگانی تیرێریست لە یەکەم ڕۆژی هێرشە درندانەکەی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، کەوتە قسەکردن و، ئەو "" ئیسلامە ئیماندارە "" سەر بە بیری بۆکەنی ئیخوان ئەلموسلمین زۆر ناوو ناتۆرەی ناشیرین و نەشیاوی بەرامبەر بە کورد بەکارهێنا و، لە هەمووی زەقتر ئەوە بوو وتی کورد ئیسلام نییەو، زەردەشتییە و پێویستە لەناو ببرێن.
دۆناڵد ترامپ بازرگانێکی شێتکەیەو، بووەتە جێی باس و گاڵتەجاری لە زووربەی وڵاتان و، ڕەخنەی لێئەگرن .بە تایبەت لە ئەمریکاو، ئەم سەرکە شەری کوردو تورکیای بە شەری منداڵان ناوبردووەو، وادیارە لە منایدا لە سەر شەقام و کۆنەکان وەك کابرایەکی بەرەڵا ژیانی بە سەر بردووەو، بە یادی جاران حەزی لە شەرەگەرکەو، لە کوێ ڕەخنەی لێبگیرێت وەك سەگی هار ئەوەرێت و پەلامار ئەدات.
ڕژێمی تورکیای ڕەگەزپەرست لە مێژەوە تا ئەمڕۆ بە فەرمانی سوڵتانە ئیسلامییەکەی عوسمانلییەکان ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سوپای تورکیا ئوپراسیۆن لە دووای ئۆپراسیۆن و هێرش دژ بە کوردو کوردستانیانی باکورو باشورو ڕۆژئاوا بەڕێوە ئەبات و، تاوانی جینوسایدو قەلاچۆکردنی پێکهاتە ئێتنیکییەکان ئەنجام ئەدات و، شارو گوندو ماڵی هاوڵاتیان وێران و خاپور ئەکات و، لە لایەن جەندەرمەو سەربازانی تورك ماڵ و موڵك وسامانیان بە تاڵان ئەبرێت تەنانەت مریشك ومراوی وپەلەوەریش لە دەستیان قوتاریان نەبووە و، ئەو کوردانەی لەدەستی سوپای تورك رزگاریان بووە بوونەتە کۆچبەرو، ژیانێکی تاڵ بەسەر ئەبەن.
ڕەجەب تەیب ئەردوگان خاوەنی هێزی چەکداریی و پێرەوی سیاسەتی پاکتاوکردنی کورد وپێکهاتەکان ئەکات و، ئەیەوێت خەلافەتی(دەوڵەتی عوسمانی) زیندوو بکاتەوەو، تورکیا وەك وڵاتێکی داگیرکەر هەلی بۆ ڕەخساوە دژە بە داگیرکردنی خاکی وڵاتان بدات و، لە ڕابووردوودا قوبرسی داگیرکردو، وبارگرژی لە گەڵ یوناندا دروستکردو، بە هۆ

دروستبووني شەر لە سوريا، تورکيا بە يارمەتی تيرۆريست و چەتەکانی بەناو ئيسلام و شام و سوڕتان توانی بەشێك لە خاکی سورياو ڕۆژئاوای کوردستان وەك جرابلوس و ئەلباب و عەفرين و بەشێك لە مەنبج داگير بکات و، لە ئێستاشدا پەلی هاويشتووە بۆ لێبيا لە دووری هەزاران کيلۆمەتر (1675 کيلومەتر دووری سنووری نێوانی ئيستەنبول ــ تورکيا و تەرابلوس ــ ليبيا) يەو، لەوێ { هەسەدەو شەرڤانانی} لە نييەو، تورکيا بۆ يارمەتيدانی داعش و گروپە ئيسلاميية رووڕەشەکان رووزی لەو وڵاتە کردووە..
لە مڕشدا تورکيا لە سەر خاکی باشوری کوردستان خاوەنی ژمارەيەکی زۆرە لە بنکەو پێگەی سەربازی و، بەوەش نەوەستاوەو، خواکورکی داگيرکردووەو بەرەو قوناييی خاکی باشوری کوردستان ئەروات.
ئەردۆگان و مەلا بەدناو بۆفەرەکانی لە 98 لە مزگەوتەکانی تورکيا لە ڕۆژی هەينی ڕابردوودا بەم شيوەيە ئاماژە و پاساو بۆ کوشتن و لە ناو بردنی کورد ئەکەن .
(کورد نەتەوەيەکی بێ خودايە و کافرە ، کوردەکان زەردەشتين ، ئەم نەتەوەيە جياوازن لە شوێن کۆتوانی دين و بڕاکانی ئەمە بايە ئەبێ لە ناو ببرێن).
ئەردۆگانی تيرۆريست وفاشيست و خوێنڕژ بيرە ئيسلاميية بگەنەکەی، بيری ئيخوان ئەلموسلمينی چەپەڵ پاڵی پيوە ئەنێت يارمەتيدەری تونديەو تيرۆريستەکان بێت، بۆ لە ناوبردنی کوردو پاکتاو کردنی پێکهاتە ئاينی و ئيتنييەکان.
بە گوێرەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمريکا ڕێکەوتنەکەی جێگری سەرۆك دۆناڵد ترامپ مايك پێنس و ئەردۆگان، ڕێکەوتنێکی پڕ لە شەرمەزارييەو، زوربەی وڵاتان و گەلان بە چاوی سووك سەيری وڵاتەکەمان ئەکەن و، لە هەمان کاتدا ڕێکەوتنێکی فريودەرانەيەو ، ئيدارەی ترامپ زۆر لاواز دەرکەوتووەو، هەموو شتێکی رادەست تورکيا کردووە.
ئەوەی پێويستە بووترێت : ترامپ وەك بازرگانێکی سەرمايەداری خيانەتی لە کوردو پێکهاتەکانی تر کرد.
تورکيا بەبێ شەرگەيشتە ئامانجەکانی کە چەند ساڵە بيری لێئەکاتەوەو پلان و نەخشەی بۆ دارشتووەو، دەستيگرت بە سەر پانتايەکی گەورە لە خاکی کوردستان.
ئەردۆگانی تيرۆريست لەلايەن هێزی خيرخوازو پشکەوتنخواز ناوی وەك : ديکتاتۆر، تۆرۆريست، فاشيست وگومرا ناوی دەرکرد، (خۆ هەر وابووە) حەزی لە کوشتن و خوێنرشتنە.
زۆر لە وڵاتانی ئەوروپاو، حزبەکان لە چەپەوە بۆ راستڕەوەکان دژی ئەردۆگان و، دەستدرێژی تورکيان بۆ سەر خاکی وڵاتانی ترو، داوا

ئەکەن تورکیا لە پەیمانی ناتۆ دەربکرێت.
ئەردۆگان ئەیەوێت ببێت بە پێشەنگی ئیسلامیەکان و ئیخوانە سەرکیشەکان و، بە ناوی خواو ئەللاهو ئەکبەر مرۆڤی بێ تاوان و منا و پیری پەککەوتە ئەکوژێت.
خۆبەدەستەودان دراندنە و، راستە شەر بەرامبەر بە وڵاتکی گەورە لە بلکی ناتۆو، خاوەن سوپایەکی گەورەو تانك و توپ و فڕکەی جەنگی و چەکی مدمرنە، ئاسان نییە بەڵام مردنمان لە ژیانی ژێردەستەی دوژمن باشترە، کە وابوو پێویستە هێزی شەرڤانان بگەڕێن بە دوای چارەسەرو، قەت متمانە بە ئەمریکا نەکەن.
حکومەتی سوریا لاوازەو، ڕوسیا لە بەرژەوەندی ئەو حکومەتە کار ئەکات، بۆیە پێویستە ئەو کەسانەی دانوستان لە گەڵ سوریا و روسیا ئەکەن زۆر وریا و هوشیار بن.
ئەوەی گرنگە بۆ باشوری کوردستان
جگی خۆشحاڵییە زوربەی حزب و کەساییەتییەکان پشتگیری خۆیان لە ڕەی سەتەلایت و تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندن وبەیان دەرکردن بۆ ڕۆژئاوا دەربری و، هەروا تاقمك دووڕە پەڕۆز بوون و، لەرزو تاو ترس دایانیگرتبوو نقەیان لێوە نەهات.
لە کۆتاییدا پێویستە حکومەتی کوردستان بە پشتبەستن بە توانای هێزی پێشمەرگەی دڵڕو خەکی خۆراگری کوردستان هەننگاو بنێت بۆ دەرکردنی بنکە ومۆگاکانی تورکیا لە ناو خاکی باشوری کوردستان.
دوور نییە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بە کودەتای سەربازی یان بە ڕابوونی جەماوەر لەناو ببڕێت.

ئەحمەد ڕەجەب

21/10/2019

هێرشی تورکیا ودژست و پێوندکانیان … ئەحمەد ڕەجەب

لە گەل هێرشە درندانەکەی خەلیفەی ئیسلام ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی ئیخوان ئەلموسلمینی تیرۆریست بۆ سەر ڕۆژئاوا جارکی تر دوژمنانی

کوردو ئازادی و هەموو پێکهاتەکانی ناو کومەڵگا کەوتنەگەرو چەنەبازی وبوختان کردن بە مەبەستی شێواندن و شاردنەوەی راستییەکان و جوانکردنی دەموچاوی دڕندەی ئاغاکانیان.
دوژمنان زۆرن و نەیتەوەکانیان جیاجیایە بەڵام لێرەدا باس لە چوار (جۆر) یان ئەکەین و، ئەم چوارە بریتین لە: جێنس ستۆلتێنبێرگی نەرویجی ـــ Jens Stoltenberg ، تارق هاشمی ""عەرەب"" ، ئەرشەد سالحی "" تورك"" و عەلی قەداغی ""کورد"".
** سەرۆکی ئەمریکا هاری ترومان، لە 4 ی نیسانی ساڵی 1949 واژووی (پەیمانی ئەتلەسی ـــ ناتۆ) ی کردو، و هەر لە دروستبوونی ئەو پەیمانە تا ئێستا دژی ئازادی و پێشکەوتنی گەلان بووەو، ئاسایە لەمرۆدا، سکرەتێری گشتی ناتۆ ـــ جێنس ستۆلتینبێرگ پشتگیری لە هێرشی تورکان بۆ سەر ڕۆژئاوا بکات و، هەر بەو پشتگیرییەش رووی خۆ و هاوشێوەکانی زیاتر ڕەش ئەکات و، جێی ئاماژەیە زۆربەی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ دژ بە هێرشەکەی تورکانن.
**تارق ئەلهاشمی ""عەرەب"" : کێنە بەعسییەکی چەپەڵی درندەترین ڕژێمێ شۆڤینیستی عەرەبە و، سەرۆکی قاودراوی حزبی ئیسلامی عێراقی عروبەیە و، جێگری پێشووتری سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ بوو، بە هۆی تیوەگلانی لە گەندەڵی و دزی و کوشتن ، لە لایەن دەزگاکانی دادو دادپەروەری ناوی بە تاوانبار دەرچوو، بۆ ئەوەی دادگای نەکرێت هەڵبێت بۆ کوردستان و، بووە مامۆستای سەرۆکی پێشووی هەرێم و، ماوەیەك بە پارەی خەڵکی ڕەشوروت و هەژاران ژیانێکی خۆشی لە هەولێر بردەسەرو، لە گەڵ میوانێکی تر بە ناوی رافع العیساوی کە ئەویش بە هۆی گەندەڵی و دزییەوە هەڵاتبوو بۆ هەولێر، کونگرەیان بەست و، هێرشان کردە سەر پێشمەرگەو گەلی کوردستان ، لە کاتێکدا پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان هێزێکی سەرەکی بوون لە بەرنگار بوونەوەی داعش و لەناو بردنیان و، بە خۆنی خۆیان کوردستانیان پاراست، بەڵام جێی داخە لە هەولێرەوە ئەو جووتە بەعسییە هەڵاتووانە لە سەتەلایتەکان و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن ، پێشمەرگەیان بەداگیرکەری گوندە عەرەب نشینەکان ناو بردو، پاشان چۆنە تورکیاو، هاشمی لەوێ لە بن هەنگڵی ئەردۆگان جێگیر بوو، ئێستا ئەڵێت : هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا ڕەوایە و مرۆڤدۆستانەیە و. تورکیا داگیرکەر نییە بۆیە پشتیوانی لێئەکەم.
**ئەرشەد سالحی "" تورك"": ئەم کابرایە لە گەڵ برایەکی بەعسی بوون و، دژی خەڵکی کرکوك ڕەفتاریان ئەکردو، لە پێناوی سەدام حوسەین و ڕژێمە خۆناوییەکەی چالاك بوون و خۆیان بەخت ئەکردو، لە هەمان کاتدا براکەی دەستی لە گەڵ تاقمێکی سەرسەری و بەدڕەوشت تێکەاو کردبوو، حزبی بەعس پێیزانی و لە سێدارەیداو، ئەرشەد

مایەوەو، لە گەڵ روخانی رژێمی بەعس بوو بە سەرکی بارەی تورکمانی و پارلەمانتاری عێراق و، ئەویش وەك دوژمنکی سەرسەختی کوردو، هاوشێوەی ئایدن مەعروف ئەندامی پەرلەمانی کوردستان چۆن پشتگیری تورکیای کرد لە کاتی شەری عەفریندا ئەڵێت : ئێپڕاسیۆنی سوپای تورکیا لە دژی ڕژئاوای کوردستان جوڵێکی ئارەزوییە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتانی ناوچەکە و، لێرەدا حەی ئاماژەیە بە پێچەوانەی ئەرشەدو ئایدن تورکمانەکانی کەرکوك خاوەنی ئەند ئەستێرەیەکی شیوعی ناودارن وەك: شەهیدی ئازاو چاونەترس عەتا جەمیل ، ئیسماعیل تاهیرو خورشید عەزیز.

**عەلی قەرەداغی "" کورد"" : ئەمینداری گشتی یەکێتیی زانایانیی موسڵمانانێ و ، سەرکی ڕابیتەی ئیسلامییە لە کوردستان و، ئەم ئیسلامە وەك هاوشێوەو هاو پێشەکانی شەوو ڕۆژ شیوەن ئەکات بۆ لابردنی سەرۆك محەمەد مورسی میسری و مردنی و، بۆ حەماس وتوندرەوەکانی بەنگلادیش وفەلەستین و رووداوەکەی نیوزلاندەو موسلمانانی میانمار ــ روهینگا بەڵام بەهیچ شێوەیەك باسی جینوسایدی کورد لە سەر دەستی ئەردۆگان ناکات و، بەکو عەلی قەرەداغی وەك مەلایەکی تورك مامۆستاکەی هەردەم لەخزمەتی دەوڵەتی تورکیادا بەکار ئەهێنێت و لەئاست تاوانکانی تری ئەردۆگان و تورکیای ڕەگەزپەرست کۆرەو بەدەنگە و، بۆ ناسینی ئەم مسوڵمانە " کوردە"" ئەمانەی خوارەوە ئەخەمەروو:

لە بەرامبەر ئێپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیای فاشست لە شارو شارۆچکەو و گوندو دێهاتی باکووری کوردستان، بە بەشداری دەیان هەزار سەرباز، جەندەرمە، پۆلیس و جاش و، بە بەکارهێنانی هەموو جورە چەکێك: قورس، تۆپ، تانگ، هەلیکۆپتەرو فڕۆکەی جەنگی و، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای جەنگی مۆدێرن ، عەلی قەرەداغی چۆکاوخۆرو، گوڕایەڵی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی تیرۆریست وەك مەلایەکی تورکی دڕەش لاڵ و بێدەنگ بوو.

عەلی قەرەداغی بێشەرمانە وەك تورکێك لە گەڵ هونەرمەندی گەورەی تورکیا ئیبراهیم تاتلسیس خاوەن چل ئەلبۆمی گۆرانی و، مۆژوویەکی پر لە کەیف و خۆشی و سەفاو، ئالوودەی مەی خواردنەوەو، دەستی کچ و ئافرەتانی بەرەڵاو لەشفرۆش و، لە پێش هەموو هەبژاردنکدا بانگەشەو ریکەام بۆ ئەردۆگان و ئاکپارتی ئەکات و، بەوەش ناوەستێت و، بەیاننامە دەر ئەکات و، بەناو ئاینی ئیسلامەوە داوا لە موسڵمانان ئەکات و، ئەڵێت باشە دەنگ بە هاورەم ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بدەن و، خۆتان و دنیاو دینتان نزا بکەن و بپارێنەوەو، لە پاڵ ئەردۆگان و ئاکپارتی بوەستن.

عەلی قەرەداغی لە روانگەی کێشەکانی موسڵمانان هەوڵستی حکومەتی تورکیای بەرز نرخاندوو تی: لە بەر ئەوەی تورکیا پشتگیری لە کێشەکانی موسڵمانان لە فەلەستین و میانمارو سڵماڵ و یەمەن ئەکات، پێویستە کاری باشە بە باشە وەڵام بدرێتەوەو، بۆیە یەکێتییەکەمان، یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان لە ریزی پێشەوە بوون بۆ پشتگیری لە حکومەتی هەبژراوی تورکیاو، قەرەداغی جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە کێشەی فەلەستین چارەسەر بکرێت و، نابێت قەت فەلەستین لە بیر بکەین و، هەمیشە لە دڵماندایە و، پێویستە بەرامبەری دڵسۆز بین و، ئەوانەی بەرەنگاری ئەردۆگان ئەبنەوە لادەرو زاڵمن و، قەرەداغی نایشارێتەوەو بۆباکانەو بەبێ ترس ئەڵێت: سەرکردەیەکی باشتر لە ئەردۆغان لە ناوچەکەدا نییە..

عەلی قەرەداغی و ئوممەی ئیسلامی و زانایانی جیهانی ئیسلامی و هەموو ئیخوانەکان کردەوەکانی قەرەداغی بەرز ئەنرخێنن و ، هەر وەك ئەو بیرئەکەنەوەو، گشتیان یەك مۆدێلن و، چاویان هەموو شتێك ئەبڕێت، تەنها کوردەکانی باکووری کوردستان نابینێت کە بە ئاگری رەجەب تەیب ئەردۆگانی تیرۆریست و ئاکپارتی دژی رژێمی تورکیای شۆڤێنیست ئەسووتێن و، چاوەکانی عەلی قەرەداغی لە ئاستی باکووری کوردستان داخراون و، تەنها کوێر کەمەکوژی کوردان لە جزیرەو سۆبی و سورو و هەزاخ و نسێبین و وان و شرناخ و ئامەدو مێردین و جۆەمێرك و شەمزینان و هەکاری و گەڤەرو ناوچەکانی تر نابینێت.

زیاتر لە ساڵێکە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لە شارەکانی باکووری کوردستان وسەدان گوندو دێهات بەردەوامەو، ئۆو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەش بە بەشداری دەیان هەزار سەرباز، جەندرمە، پۆلیس، ئاسایش و جەردەوان (جاش) و، بە بەکارهێنانی سەرجەم جۆرەکانی چەکە قورسەکان و تەکنۆلۆژیای جەنگ و فڕۆکە جەنگییەکان و هەلیکۆپتەرە سەربازییەکان و تانك و تۆپەوە بڵاوئەچێت و، عەلی قەرەداغی و ئوممەی ئیسلامی بێدەنگن.

هەر زوو لە پاش تەقینەوەکانی ئیستەنبول عەلی قەرەداغی ئەمینداری گشتی یەکێتی زانایانی موسڵمان و سەرکی رابیتەی کورد، داوای لێهاوڵاتیانی کوردستان کرد بۆ مۆبلستی گشتوگوزار سەردانی وڵاتی تورکیا بکەن و تۆقینەوەکانی فڕۆکەخانەی ئەتاتورك نابنە هۆی سارد بوونەوەتان و، عەلی قەرەداغی ئەگەر چۆکاوخۆری رژێمی شۆڤێنیستی تورکیا نییە، بۆ ئەو داوایە ئەخاتەروو، لەباتی هاندانی خەڵك بۆ نوێژو عیبادەت، ئەم کابرایە هانی خەڵك ئەدات بۆ پێخاوات و فاحیشەو سیکس کە سەرتاپای کەمەگەی تورکیای داگیر کردووەو، کومەکەش بەو نەخۆشییانە ئەنابنێت و، بەزمی عەلی قەرەداغی زۆرەو، بە هەموو شێوەیەك داکۆکی لە تورکیای رەگەزپەرست و،

تیرۆریست رەجەب تەیب ئەردۆگان ئەکات و، ئەوەندە بۆ رۆژە ناوی لە لیستی تیرۆریستانە لە سعودیە و میسرو ئیماراتی عەرەبی.
16/10/2019

ناوچە ئارامەکەی تورکیا بۆ نەمانی کوردە … ئەحمەد رەجەب

ماوەیەکە تورکیا بە ناوی ناوچەی ئارام وەك وڵاتێکی داگیرکەر هەوڵئەدات خاکی وڵاتێکی تر داگیر بکات و بۆ ئەنجامدانی هەوڵەکانی چاوساغ و یارمەتیدەری سەرەکی داعش بوو لە رێی ئەوانەوە توانی هەرچی ئیسلامی توندرەو تیرۆریست و سوپای ئازادو پێخەواتی ناو کۆمەگە هەبوو لە ژێر سێبەری رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆمارو سەرکی حزبی بەناو "" دادو گەشەپێدان "" ئاکپارتی کۆبکاتەوە.
رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرکایەتی حزبی ئاکپارتی ئیخوان ئەلموسلیمینە ئەکات و، ئەو حزبە لە بنچینەوە حزبێکی تیرۆریستییە و، لە زوربەی وڵاتان ناوی لە لیستی رەشەو قەدەغەکراوە و، ئەوەش بووەتە ناسنامەی ئەردۆگان وەك کابرایەکی ملهورو بێفەرو تۆرۆریست و، هەموکات ئامادە بووەو ئێستاشی لە گەدا بیت بۆ لێدان و لە ناوبردنی کوردو، ووەك سەدام حوسەین و عەلی کیمیاوی و سەرانی ئێرانی ئیسلامی درندەیە..

بەرامبەر بە داواکانی ئەردۆگان " سەرکە شیتەکەکەی ئەمریکا دۆناڵد ترامپ بۆ جاری دووەم بریاری کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەیداو، بەو کارەش جارێکی تر خیانەتی کردو، گۆبی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکرد بۆ داگیرکردنی ئەوخاکەی لە ژێر کونترۆڵی هێزەکانی سوریای دیموکراتە { هەسەدە } و، ئەو کردوە دوژمنکارانەی ئەمریکا، بەگەو وانەیەکە پێویستە بەهەند وەربگرێت کە ئەمریکا قەت جێی متمانە نەبووەو نابێت و، لە کۆ بەرژەوەندی خۆ هەبێت کار بۆ وەدەستهێنانی ئەکات و پاشان لە پەیمان و رێکەوتنەکانی پاشگەز ئەبێتەوە.

رێکەوتنی ئەمریکاو تورکیا رێگا خۆش ئەکات جارێکی تر داعش یان

ڕێکخراوێکی تیرۆریستی تر لە داعش درندەتر سەر هەڵبدات و، لە هەمووحاڵەتێك کارکردنە لە پێناو نەمانی کوردو داگیرکردنی خاکەکەی و ، هەنگاوەکەی ترامپ تاوانێکی قیزەوەن و،کارێکی خیانەتکاران و ناپاکییەێ بەرامبەر بە کورد.
نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپاو فەرانساو ئێران و هاوپەیمانیانی خودی تورکیا داوا لە ئەردۆگان ئەکەن تورکیا هێرش نەکاتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان ، بەڵام ئەردۆگان بە پشتبەستن بە تیرۆریستەکانی داعش و تۆندرەوە ئیسلامییەکان وئیخوانە موسلمانەکان سورە لە سەر ئەوەی هێرش بکات و، جارێکی تر سوپاکەی بخاتە ناو زەڵکاوی شەر لە سوریاو، ناوچەکە توشی کارەساتی مرۆیی بکات و، وادیارە ئەردۆگان حەزی لە خوێنرشتنە و ،گوێ بێ کەس شل ناکات و، عەفرین و "" چڵە زەیتونەکەی "" لە بیرچووەتەوە.

لە عەفرین سەرەڕای ئەوەی تورکیای داگیرکەر بە چەکی قورس و مۆدێرن و هەلیکۆپتەرو فڕۆکەی جەنگی شارەکەی بۆردومان کردو، شەرڤانانی ئازاو قارەمان و خەڵکی کۆنەدەر (58) ڕۆژ بەرامبەر بە دوویەمین سوپای هەرەگەورەی ناتۆ، بە سەرماوسۆڵەی زستانەنەوە بەرگری مەردانەیان کردو، زەرەروزیانێکی گەورەیان لە سوپای تورکیای داگیرکەردا.

لە هەرێمی کوردستان پێشمەرگە ئازاکان پابەوانانە بەرنگاری دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بوونەوەو ، لە ڕۆژئاوای کوردستانیش شەرڤانانی ئازاو دڵێر توانیان هێزی داعش و، هەموو گروپە تیرۆریستییەکان تێکوپێك بشکێنن و، گشت ناوچەکانی ژێر دەستیان کونترۆڵ بکەن و، بێ گەیشتن بەو ئامانجەو، تێمارکردنی سەربەرزی و سەروەری بێ نەتەوەی کورد قوربانییەکی زۆریانداوە.
بە فەرمانی ئەردۆگانی دڕندو تیرۆریست سوپای تورکیا پەرە بە ئۆپراسیۆنەکانی بێ سەر خاکی کوردستان { هەرێم و ڕۆژئاوا} داوەو، ئەوەتا سەرەڕای بنکە سەربازییەکانی لە هەرێمی کوردستان بە ئاسانی و (کارئاسانی) لە خواکورك بەرەو سیدەکان تێز ئەکات و، هەروا لە ڕۆژئاوا بە داگیرکردنی جرابلوس و عەفرین و شۆنی تر تری نەخواردووەو، هێز ڕەوانەی ناوچە سنوریەکانی تورکیا لە گەڵ سوریا ئەکات و، مەبەستی گاڵتەیان لە دروستکردنی "" ناوچەی ئارام "" ڕوون و ئاشکەرایەو، لە باتی گەرانەوەو نیشتەجێبوونی هەزاران خێزانی خەڵکی سوریا، هەزاران خێزانی تری ناوچەکان هەدێن و، سەدان و هەزاران هاوڵاتی سڤیل و هەژارو جوتیار ئەکوژرێن و ئەبنە قوربانی.

لە کاتی نووسینی ئەم وتارە هێرشی تورکیا دەستیپێکردو، هێرشەکە لە

لایەن فەرانساو، ئەمانیاو، بریتانیا و یەکێتی ئەوروپا ریسواو ئیدانە کراو، سکرتێری گشتی پەیمانی ناتۆ داوای لێ تورکیا کرد هێرشکانی بوەستێنێت و ئارامی ناوچەکە نەشوێنێت و، هاوکات لەسەر داوای هێریکە لە بریتانیاو ئەمانیاو فەرەنسا و هەندەراو بەلجیکا کبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش بڕیار دەچێت بەڵام ئەوەی سەیرە ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریا (ئەنکەسە) لەباتی ئەوەی هانی ئەندامەکانی بدات چەك هەڵبگرن و رووبەرووی سوپای تورکیا ببنەوەو خاکی کوردستان بپارێزن داوای ئیدارەی نوێ ئەکات.
لە عەفرین {58} رۆژ تورکیا بە سوپایەکی گەورەو، بە چەکی تازەو مۆدێرن و تۆپ و فڕۆکەی جەنگی و، ئێستا تورکیا بە هەمان کەرەستە و چەك و تەقەمەنی هێرش ئەکات و، چاوەڕوان ئەبین شەڕقانان و گەنجانی کوردستان چۆن سەر بە تورکیای داگیرکەر شۆر ئەکەن.

9/10/2019

.

زیندانی سیاسی و زیرەکی حکومەت... ئەحمەد رەجەب

هەر لە دوای دروستبوونی وڵاتێك بە ناوی عێراق و تا ئەمڕۆ تێهەڵدان و راونان و گرتنی ئازادیخوازان و ئەندامانی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و گرتنی کەسوکاریان بووەتە پیشەی حکومەتە کۆنەپەرست ودیکتاتۆرییەکانی ئەو وڵاتە.
لە دوای هاتنی حزبی بەعسی عەرەبی راونان وگرتن و داپڵاسین بەرەو هەڵکشان چوو، دەرگای زیندانەکان واڵا بوون و، ڕۆژانە بە هۆی سیخوری و دەزگاکانی هەواڵگیری کەسانی ئازادیخوازو، ئەندامانی حزبە بەرهەستکارەکان ئەگیران و لەو زیندانانە ئەمانەوەو، ژمارەیەکی زۆرش لەو کەسانە لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدان شەهید بوون و، ژمارەیەکی دیکەش بێ سەرو شوێنن و، . و بەو کەسانەش لەناو کۆمەڵگەی خۆمان ئەوترێت زیندانیانی سیاسی.
سەرجەم گیراوەکان خۆیان بە زیندانی سیاسی ناساندووەو، سوودیان لە بارودۆخی نائاسایی وڵات وەرگرتووەو، لەوانەش کۆمەڵك دزو جەردەو

پیاوکوژو بەرتیل خۆرو فڕۆبازو گەندەڵ و بێ ئەخلاق و، لە پاش روخانی رژێمی خوێنڕژی بەعسییەکان توانیویانە بەگەنامە و بروانامەی زێندان لە ڕێی خزم و ناسیاوو بەرپرسان و تەزویرەوە وەدەستبێنن.
بە هۆی رژێمە سەرکوتکەرەکان خەڵکیکی زۆر بوونەتە زیندانی سیاسی و تا ئێستا ژمارەیەکیان هیچ سوودیکیان لە حکومەت بەرنەکەوتووەو، تاقمیکی تر هەیە هەفتەیەك یان دوو هەفتە لە سەر گەندەڵی گیراوەو، خۆ کردووە بە زیندانی سیاسی و، بەوەش نەوەستاوە و، بووەتە بەرپرسی زیندانیان و، لە پاڵ ئەوانەش ژمارەیەکی نیشتمانپەروەرو تیکۆشەر هەن موچەی مانگانەکەیان بە ڕکوپێکی وەرناگرن یان هەشتا ناویان تۆمارنەکراوە.
حکومەت زیرەکانە هەسوکەوت لە گەڵ زیندانیانی سیاسی ئەکات و، لەلایەك موچەی مانگانەی زیندانیان دوا ئەخات و لە کاتی خۆدا نایدات و، لەلایەکی ترەوە ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیانی سیاسی زیاتر لە سێ و چوار ساڵە کێدیان وەرگرتووە و، بە ناوی قەیران و بێ پارەیی موچەیان پێنادرێت و، بە تەواوەتی پشتگوێ خراون ..
پێویستە حکومەت بیر لە خەڵك بکاتەوە بەگشتی و، زیندانیانی سیاسی بە تایبەتی و، بەلای کەمەوە و، بێ دڵنیایی زیندانیان حکومەت دیاری (منحە) ی زیندانیان و دابیکردنی زەوی نیشتەجێبوونیان بداتێ و، ئێجا هەوڵبدات کێشەی موچەکانیان چارەسەر بکات و، ئەبێ حکومەت چیتر خەڵك فریو نەدات، گوایە پارە نییە و قەیران درێژەی هەیە و، ئەوتا حکومەتی عێراق مانگانە پارە ئەنێرێت ، بەڵام لە کوردستان خەڵکی سودمەند هەیە لە فرێشتنی راستەخۆ نەوت و، هەوڵ ئەدەن عێراق و هەرێمی کوردستان نەگەنە ڕێککەوتن بێ ئەوەی دۆلاری زیاتر کێ بکەنەوە.
کارێکی باشە حکومەت بیر لەو کەسانە بکاتەوە کە تووشی ئازارو ئەشگەنجەو قوربانیدان و ماڵوێرانی و، رووبەرووی بارودۆخێکی سەخت و دژوار بوون و، کاتی ئەوەش هاتووە هەندێك لە مافە رەواکانیان وەربگرن و، قەرەبووی ساڵانی کوێرەوەری و زیندانی کردنیان بکرێت و، پێویستە زیندانیانی سیاسی لە زیندانیانی تر کە لە سەر خراپەکاری و گەندەڵی و دزی و مرۆڤکوشتن گیراون جیابکرێنەوە و، .
کێشەی زیندانیانی سیاسی پرسێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی گرنگەو، پێویستە حکومەت بایەخی پێبدات و، پشت گوێی نەخات و، ئەم پرسە بە دوور بگرن لە سیاسەت و حزبایەتی و، حزبەکانی خاوەن دەسەڵات واز بێنن لە دانانی کەسانی نەشیاو لە پێستە باڵاکانی زیندانیانی سیاسی و، دوور بن لە سیاسەتی قورغکردن و داشکان بە لای تەنها حزبێك و کارکردن تەنها بوو ئەندام و لایەنگیرانیان و، ئەبێ حکومەت

رۆی هەبێت بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی زیندانیانی سیاسی.
بە هۆی تەمەنەوە ساڵانە بەشێك لە زیندانیانی سیاسی کێچ ئەکەن و پرسیار ئەوەیە:کەی حکومەت ئەو پرسە چارەسەر ئەکات.

1/10/2019
□

تا کەی بازرگانی بە "کەرکوك"ەوە دەکەن ؟ … ئەحمەد رەجەب

ماوەیەکە پرسی شاری کەرکوك مشتومری زۆری لە سەرەو هەردوو زلهێزەکەی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بازرگانی بە شاری کەرکوك ئەکەن و باش ئەزانن حکومەتە کێنەپەرست و دیکتاتۆرییەکانی عێراق دژی خواستی هاوڵاتیان بوون و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی تەعریبیان داوەو بۆ ئەو مەبەستە هەزاران ماڵی عەربیان هێنایە شارکە.
ئێستا سەر لە نوێ (تەعریب) لەکەرکوك دەستی پێکردووەو، عەرەبەکان بە رابەرایەتی حەیدەر ئەلعەبادی پرۆژەیەکیان بەدەستەوەیە بە ناو"" عێراقبوونی"" کەرکوك و، لە پاڵ ئەوەش بە فیتی تورکیاو، بە پشتبەستن بە وتەکەی وەزیری دەرەوی تورکیا مەولود ئۆغلو کە بەشەرمانە ڕایگەیاند، "" کەرکوك شارێکی تورکمانییە "" ، تورکمانەکان هەوڵی ئەوە ئەدەن کەرکوك بکرێت بە شارێکی تورکنشین و، بە ئاشکەرا ئایدن مەعروف پەرلەمانتاری "" بەرەی تورکمانی "" و ئەرشەد ساڵحی ""سەرۆکی بەرەی تورکمانی" ئەڵێن : بە مەسعود بارزانیمان وتووە: باشترواید هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکوك ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکی کەرکوکەوە بێت و، ئەگەر پارتی و بەشێك لەعەرەبی کەرکوك پشتگیری ئەو پێشنیارە بکەن (یەکێتی) ناتوانێت دژی بوستێتەوەو بەمەش زرینەیەك بەرانبەر یەکێتی پێك ئەهێنرێت، کە ئەتوانێت پارێزگاری کەرکوك لە بەرژەوەندی خۆی یەکلابکاتەوە.
ڕوون و ئاشکەرایە تورك و عەرەب ئەیانەوێت پارتی و یەکێتی بدەن

بەگژ یەکترداو، ببنە خاوەنی کەرکوك و، سوورش ئەزانن نێوان هەردوو حزب زۆر ئاڵوزەو، هەریەك بە پێی بیرو بۆچوون و ئەجیندەی خۆ رەفتار ئەکات ، لە لایەك یەکێتی ئەتۆمی پارێزگاری کەرکوك لەسەر رێککەوتنی پارتیو یەکێتی یەکلائەکرێتەوەو، لە لایەکی ترەوە پارتی رەتیشیکردوەتەوە کە پارتی و یەکێتی رێککەوتنیان هەبێت لەسەر هەوێدان بێ دانانی پارێزگارێک بۆ کەرکوک.
بەرپرسانی کوردستان لە پاش خیانەتەکەی 16 ی ئوکتۆبەری ساڵی 2017 و، لە پاش هەڵاتنی پارێزگار نجم الدین کەریم تا ئێستا پارتی و یەکێتی شەریان لە سەر ئەوەیە، کێ ئەبێتە پارێزگارو، هەردوولا لە ناو خۆیاندا تەبا نین و، لەم زۆرانبازیە پاشقول لە یەکتر ئەگرن و، دیارە دەستی دەرەکی ڕۆژی سەرەکی هەیەو، دابەشکراون بە سەر دوو بەرە: ئێران و تورکیا.
رۆژی تورکیا زاڵە بە سەر کوردستانەوە چونکە خاوەنی زیاتر لە 19 پیگەی سەربازییە لە سەر خاکی باشوری کوردستان و، هەر پیگەیەکی تورکیا خاوەنی باشترین و مۆدیرنترین کەرەستەی جەنگییە وەك تۆپ و هاڵکۆپتەرو و هەموو جۆرە چەکی قورس و سوك و، ئابووری تورکیا بە هۆی بردنی نەوتی کوردستانەوە بوژاوەتەوەو، هەموو کاری ئاسانی بۆ هەزەکانی ئەکرێت بە مەبەستی داگیرکردنی خاکی کوردستان و، بۆ ماڕوو لە ساڵانی پێشوو سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبی نەیتوانی خواکورك بگرێت و، لەمڕدا بە جادەی قیرتاو هێزی دەوڵەتی تورك لە لایەن حزبەکی کوردستانییەوە ئەهێنرێت و خاکی کوردستان داگیر ئەکات.
تورکیا داوای لەسەرکی پارتی کردوە پرۆژەیەك بدات بەلایەنکانی کەرکوکو، پارتی لەو کارەدا هەماهەنگی بکات بۆ ئاوەی بتوانرێت دۆخێکی نوێ لەکەرکوك بێتەکایەوەو، پارێزگاری کەرکوك بۆ (یەکێتی) نەبێت، بەکو بدرێت بە عەرەبێکی سوونەنەو، بۆ ئەو بەستە ئاماژە ئەدەن بەناوی "" خەمیس خەنجەر "" عەرەبێکی دەستبرو دزو کێنە بەعسییە.
خەڵکی کەرکوك گلەیی زۆریان هەیەو، داوا لە هەردوو حزب ئەکەن پارێزگارێك بۆ شارەکەیان دابنێن و، کۆتایی بە گەمەکەیان بهێنن و، چیتر بازرکانی نەکەن و، ڕێز بۆ هاوڵاتیان دابنێن بۆ ئەوەی نەبنە نەبنە جێگەی گاڵتەجاری و شەرمەزاری .
26/9/2019

لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی بۆ داگیرکردنی کوردستان … ئەحمەد رەجەب

گەلی کوردستان دووجار پرسەی ریفراندۆمی وەك مافێکی سەرەتایی بەرۆوەبردووە و ئەنجامەکانی جێی خۆشی و شادی بوون و، لە پاش ئەو پرسەیە
زوربەی هاوڵاتیان دڵخۆش بوون بۆوی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان موژدەیەکی
گرنگ و خۆش بە گەلی کوردستان ئەبەخشێ و
هەر هەموچاویان بریبووە دەمی بەرپرسە
گەورەکانی کوردستان و بە ئاوات بوون بەنگە و موژدەکە کە سەربەخۆییە جاڕ بدەن.

بیرکەی سەربەخۆیی لە
ساڵی 2012 لە لای بەرپرسانی کوردستان بە گەرمی تاوتوێ ئەکراو، بە نیاز بوون لە
نەورۆزی هەمان ساڵدا سەربەخۆیی کە ئاواتی
گەلی کوردستان و سەرجەم نەتەوەی کوردە رابگەیەنن و، وڵە
بەڵێنی بەرپرسە گەورەکانی کوردستان تەنها سەزو قسەی مفت بوون و، ئاواتەکە نەهاتەدی و، بەرپرسان بە کوردی
پەتی توشی دڵەراوکێ و ترس بوون و،
دیسانەوە هەڵە سوورەکانیان کاڵ بوونەوە و، داخوازیێ ڕواکانی گەلی کوردستان جارێکی تریش
پشتگوێ خران.

جێی نیگەرانییە ئەوانەی بە گەرمی باسی
ریفراندۆم و سەربەخۆ کوردستانیان کرد،
لەمڕدا ئەو باسیان لە بیرچووەتەوە و، دەستیانکردووە بە گەمەیەکی گاوودەزو، لە باتی سەربەخۆی

کوردستان گۆبی سەوزیان بۆ تورکیا هەڵکردووە بە ئاسانی کوردستان داگیر بکات و،
ئەوەتا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا لە پاش داگیرکردنی خواکورك بە خۆشحاڵی و بە ناوی خواو بیسمللا ئەڵێت : سوپای
تورکیا ئۆپەراسیۆنی (چنگ ٢) ی لە هەرێمی کوردستان دژی پارتی کرێکارانی کوردستان(پەکەکە) دەستپێکردووە.

پێشتر داواکراو وترا :باشتر وایە بڕپرسانی هەرێمی کوردستان پێش ڕاگەیاندنی ریفراندەم داوا لە حکومەتی تورکیا بکەن بنکە سەربازییەکانی و، هێزە چەکدارەکانی لە ناو خاکی هەرێمی
کوردستاندا هەگرێت و بڕەو تورکیا بیانباتەوە، چونکە مانەوەی ئەو بنکانە
مەترسیدارەو ئامادەکارییە بۆ شەڕکێی گەاوو دژوار لە دژی گەلی کوردستان و، لە
ئێستادا تورکیا بە ئاسانی جادەو ڕێگاوبان بەرەو قۆناێی خاکی کوردستان قیرتاو
ئەکات و، خۆ بە شەرە گەاوەکە ئامادە
ئەکات.

لە پاش ڕووداوەکەی هەولێرو کوژرانی کابرایەکی تورك ئەڵێن : سیخور بووە و،
ئاسایش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هاوەاتیيەك ئەگرێت
و، ئەیخاتە سەر ژمارەی
هاوەاتیانی زیندانی کراو، بە ئەوەی
ژمارەکە زۆرتر بێت.

بە کوشتنی سیخورێك ولە بەر خاتری تورکیای داگیرکەر ئاسایش
چالاکانە کار ئەکات و، لێرەدا پرسیار ئەوەیە: کوا بکوژانی سورانی مامە حەمە، بکوژانی سەردەشت عوسمان، بکوژانی کاوە گەرمیانی،
بکوژانی وداد حوسەێن و عەبدولسەتار شەریف و، ئەوانی تر کە تا هنوکە بە سەروشوێنن؟.
ئەی بۆ ئاسایش ئەو بکوژانە ناگرێت؟ دیارە خوێنی سیخورێك لە خوێنی شەهیدانی
قەڵەم و، خوێنی هاوەاتیانی کوردستان گرانترە.

.کوشتنی سیخورە تورکەکە لەم کاتەدا سیناریۆیەکی توکمەیە و، خەڵك تورکیا

تاوانبار ئەکات و، بە پاساوی ئەو کوشتنە لە لایەن دەسەڵاتی کوردستان کار
ئاسانی زیاتر بۆ تورکیا ئەکرێت.

لە 26/4/2012
نووسینیکدا بە ناونیشانی { کوردستان لە چنگی عروبەوە بۆ گەرووی ئەتاتورک} نووسیومە : بۆچی، بۆچی، بۆچی بۆ سەربۆخەیی کوردستان. نەء، نەخێر، نا
بۆ کوردستانی سەر بە تورکیا، بەڵام جێیداخە
ئێستاکە تورکیا سەربەستانە وبێباك خاکی زیاتر ئەخاتە ژێر رکێفی خۆ و، هیچ کەس لە دەسەڵاتدارانی کوردستان نقەیان لێوە نایەت و هەر هەموو بێدەنگن.

تورکیا (50) ساڵ نەوتی
کوردستان ببات و، کەس چاوی بە دینارێك نەکەوێت، دیارە ئەو خاوەن ماڵە و،
بکوژو بەبرە و، بۆیە هەرلێ ئێستاوێ و، لە پێناو پیرۆزی خاکی کوردستان ، ئێبۆ گۆڵی کوردستان
خێی ئامادە بکات بۆ شەر لە گەڵ رەجەب تەیب ئەردوگانی کەللەپوچ و رژێمی
تورکیای رەگەزپەرست.

29/7/2019

با تێبکۆشین لە پێناو دەرکردنی تورکیای داگیرکەر … ئەحمەد رەجەب

چەندان ساڵە هێزەکانی دەوڵەتی تورکیا خاکی باشوری کوردستانیان داگیرکردووەو بەوەش نەوەستاون و ڕۆژانە لە ڕێی تێپی جێراوجێرو هەڵکۆپتەرو فڕۆکەی جەنگییەوە بەخەستی ناوچەکانی کوردستان تێپباران ئەکەن و ئەوەش ئەبێتە هۆ ئاوارەکردنی خەڵکی سڤیلی

بەدەسەڵات و سوتاندنی ماڵ و سامان و ئاژەڵ و پوش و پاوان و دارستانەکانیان و تا ئێستا ژمارەیەکی زۆریش لە هاوڵاتیان شەهید کراون.
نە هەر لە باشور بەڵکو لە باکوری کوردستان دەوڵەتی تورکیای رەگەزپەرست بە فەرمانی سەرکەکەی رەجەب تەیب ئەردۆگان ناوچە کوردنشینەکانی وێران کردو، هاوڵاتیانی بەگشتی و سیاسی و ئەندامە کوردەکانی پەرلەمان بەتایبەتی دەستگیر کردو، تا هەنوکە لە زیندانداون و، کۆمەڵەی مافی مرۆڤ و، یەکێتی ئەوروپاو، نەتەوە یەکگرتووەکان و، حکومەتی عێراق نقەیان لێوە نایەت و، هەموویان بەدەنگن.

رژێمی تورکیای رەگەزپەرست لە ساڵی 2015 وە تا ئێستا بە فەرمانی سوڵتانە ئیسلامییەکەی عوسمانلییەکان رەجەب تەیب ئەردۆگان سوپای تورکیا ئوپراسیۆن لە دووای ئۆپراسیۆن دژ بە کوردو کوردستانیانی باکورو باشورو ڕۆژئاوا بەرێوە ئەبات و، تاوانی جینوسایدو قەلاچۆکردن ئەنجام ئەدات و، شارو گوندو ماڵی هاوڵاتیان وێران و خاپور ئەکەن و، لە لایەن جەندەرمەو سەربازانی تورك ماڵ و موڵك وسامانیان بە تاڵان بران و، ئەو کوردانەی لەدەستی سوپا رزگاریان بووە بوونەتە کۆچبەرو، ژیانێکی تاڵ بەسەر ئەبەن.

تورکیای رەگەزپەرست بەهەی داگیرکردنی چەندین ناوچەی باشووری کوردستان بووەتە خاوەن ماڵ و دەسەڵات و سەربەستانە هاتووچۆ ئۆکات و، سیخورەکانی لەناو خاکی کوردستان بەاوکردووەتەوە، تەنانەت ژمارەی ئەندامانی میتی تورکی لە کەرکوک زۆر زیادی کردووەو، تورکیا پەیتا پەیتا و بە ئاشکەرا ئەفسەرو سیخور ڕەوانە ئەکات بۆ پاراستنی تورکمانەکان و. لە سەرەتای ئەم مانگەدا (تەموز) بە هۆی هەواڵگیری سیخورەکانی میت شەرشگێرێکی سەرکردەی { پارتی کرێکارانی کوردستان ـ دیار غەریب} و دوو گریلای هاوڕێی شەهید بوون و، دیارە پەیوەندی تورکیاو هەرێمی کوردستان لە خزمەتی تاقمی ئەردۆگانی ئیخوان ئەلموسلمینی سەرلێشیواوو، حزبەکەی ئاگپارتییەو، بە پێی بەرپرسانی تورکیاو کوردستان پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، پەیوەندی غازو نەوت و دۆلارەو، بەختی تورکیا لە هەڵکشانە ، چونکە نەوت بە مفت هەرزان وەرئەگرێ.

سەرەرای شاڵاو هێرشی سوپا و جەندرمە بۆ شارو دێهاتی باکوری کوردستان و، تا ئێستا تورکیا لە شەرێکی ناوخۆیی سەخت و دوژواردایەو، بە ئاگرو ئاسن ڕەفتار لە گەڵ ماف و داواکاریيە ڕەواکانی کورد ئەکات و، دەستی لە ڕاونان و گرتن و زیندانیکردن و

کوشتنی رۆەکانی کورد هەنەگرتووە.
رۆجەب تەیب ئەردوگان خاوەنی هێزی چەکدارییە کە پەیرەوی سیاسەتی پاکتاوکردنی کورد ئەکات و، نایشارێتەوەو راشکاوانە ئەڵێت: پەخشحاڵم بێو هاوکارییە ئابورییە گەورەیە لە نێوان تورکیاو (ئیدارەی کوردی) هەیەو، (ئەردەگان و تاقمەکەی و هەموو دوژمنانی کورد قەت ناڵێن هەرەمی کوردستان) و، ئەڵێن ئیدارەی کوردی یان شمال العراق.

تورکیا لە سەر خاکی باشوری کوردستان خاوەنی ژمارەیەکی گەورەیە (بێ سنوورە) لە بنکەو پێگەی سەربازی و، بەوەش نەوەستاوەو، خواکورکی داگیرکردو، بە شێفل و گریدەرو کەرەستەی ڕێگاوبان شەوو ڕۆژ خەریکی داربڕین و شێواندنی زەویی و زاری هاوڵاتیانن و، بەردەوامن لە لێدانی ڕێگای نوێ وقیرتاوکردنی بەرەو قوڵایی لە ناو خاکی باشوری کوردستان.
ڕەجەب تەیب ئەردەگان ئەیەوێت خەلافەتی(دەوڵەتی عوسمانی) زیندوو بکاتەوەو، تورکیا وەك وڵاتێکی داگیرکەر هەلی بێ ڕەخساوە درۆژە بە داگیرکردنی خاکی وڵاتان بدات و، لە ڕابووردوودا قوبرسی داگیرکردو، وبارگرژی لە گەڵ یونانستکردو، بە هۆی دروستبوونی شەر لە سوریا، تورکیا بە یارمەتی تیرۆریست و چەتەکانی بەناو ئیسلام و شام و سوێتان توانی بەشێك لە خاکی سوریاو ڕۆژئاوای کوردستان وەك جرابلوس و ئەلباب و عەفرین و بەشێك لە مەنبج داگیر بکات و، لە ئێستاشدا بێ لە مەگەو بنکە سەربازییەکانی لە ناو خاکی کوردستان لە خواکورك و سیدەکان خاکی کوردستان داگیر ئەکات و، بەرەو قوڵایی ناوچەکانی کوردستان پێشرەوێ ئەکات.

جێی شەرمەزاریە بەرپرسانی کوردستان هەر لە سەرێك هەرێم و سەرێك حکومەت و ئەنجومەنی ئاسایش سەردانی تورکیا ئەکەن و، پێشوازی لە بەرپرسانی تورکیاو شاندو هەواڵگیرییەکانی بە گەرمی ئەکەن و، نەخشەکانی تورکیا بە فەرمانی ئەوان جێبەجێ ئەکرێن و، مەبەستی سەرەکی تورکیا کەنترۆڵ کردنی خاکی کوردستانە و، سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەت لە باتی ئەوەی تورکیاو هێرشەکانی ریسواو شەرمەزار بکات، پاساو ئەهێنێتەوەو، ڕووی تورکیا سپی ئەکات و ئەڵێت:
((ئەو کردەوانەی پەکەکە دەیکات نە لێژیك، نە ویژدان قبووڵی ناکات)) و، وادیارە ئەوەی تورکیا ئەیکات جێی قبووڵە و، پێشتر بەرپرسە باڵاکانی هەرێم و حکومەت چەندان جار ئەیانوت : ئەبێ میوانەکان، مەبەست (PKK) یە برێنە دەرەوە.

پێویستە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی نوێی حکومەت پێشڵکاریەکانی

تورکیا له ناو خاکی کوردستان ڕسوا بکەن و، بتوانن قەرەبوی ماڵ وێرانی هاوڵاتیان و شەهیدەکان بکەن و، داوا لە حکومەتی تورکیا بکەن بنکە سەربازییەکانی و، هێزە چەکدارەکانی لە ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا هەڵبگرێت و بەرەو تورکیا بیانباتەوە، چونکە مانەوەی ئەو بنکانە مەترسیدارەو ئامادەکاریە بۆ شەڕکی گەاوو دژوار لە دژی گەلی کوردستان و، هەرلە ئێستاوە ئەبێ گەلی کوردستان خۆی ئامادە بکات بۆ شەڕکی مان و نەمان لە گەڵ ڕژێمێکی خوێنڕژو ڕەگەزپەرست.

10/7/2019

کرێکارو ڕاوێژکار دوو نموونە لە کێمەگای بۆ یاسا … ئەحمەد ڕەجەب

کێمەگایەك ئەگەر یاساو دەستوری نەبوو ئەبێتە هەڵ پاشاگەردانی و هەر تاکێك بە تایبەت بەرپرسان بە گوێرەی توانا بۆ خۆیان و کەسەکارو خێزانەکانیان کار ئەکەن و هەوڵئەدەن بۆ ئەوەی زیاتریان دەستبکەوێت و زوربەیان لە بەرامبەر پارەو دەستکەوت لاواز ئەبن و ڕوو لە دزی و گەندەڵی ئەکەن.

مووچەی کرێکارێك بەبراورد لە گەڵ مووچەی پەرلەمانتارێك یان ڕاوێژکارێك وەك شەوو ڕۆژە ، کرێکارێك بە درێژایی تەمەنی ڕۆژانە هەشت کاتژمێر کار ئەکات بۆ ئەوەی بژێوی خۆی خێزانەکەی پەیدا بکات و، بۆ نموونە لە پاش 35 ساڵ خزمەت بە (400) هەزار دینار خانەنشین ئەکرێت بەڵام پەرلەمانتارێك یان ڕاوێژکارێك لە پاش ماوەیەکی کورتدا بە شەش تا هەشت ملیۆن دینار خانەنشین ئەکرێت و، هەندێکیان بەباشی ناچن بە سوراخی کارەکەیان.

با وازلە پەرلەمانتار بۆنین چونکە ئەو نوێنەری خەڵکەو، بۆ کیرفان کار ئەکات و، هەندێکیان بۆشەرمانە بە فەتواو مەتوا ئەو پارەیە (حەڵال) ئەکەن و، پەرلەمانتاری وا هەیە لە ژیانیدا ڕۆژێك

کارینەکردووە و، هەندێکیان دەم هەراش بوون و ئەیانوت: ئەمە دژی گەندەڵی و دزین و، کار بۆ خۆشی وپێشخستنی گەمەگا ئەکەن ، بەڵام کاتێك دەمیان چەور بوو، پارەیان بینی کرکەوتن ونقەیان نایەت.

باز بازین و تەراتێن لەناو حزبەکانی کوردستان درژەی هەیەو، بۆ ئەو مەبەستە پارەو دۆلار رۆی گەورە ئەبینێ و، حزبە گەورەکان دەستی باڵایان هەیە لە دامەزراندنی یاخیبووی حزبەکانی ترو، بە باشترین شێوە دایانئەمەزرێنن و، ئەگەر زانا بێت یان نەفام، بروانامەی هەبێت یانەبێت بە راوێژکار دەستبەکار ئەبێت و، لە پاش چەند مانگێك یان ساڵێك بە هەشت ملیۆن دینار خانەنشین ئەکرێت.

لەمڕدا راوێژگار زۆرەو، کەسانێك لە حزبێك بازیانداوە بۆ حزبێکی ترو، کراون بە راوێژکارو، کەسانی دیکە وازیان لە پەرلەمان هێناوەو بوونە بە راوێژکارو، تەنها لە پەرلەمانی کوردستان و، لە ماوەی 3 ساڵدا 45 کەس بە پلەی راوێژکار خانەنشین کراون.

لە کوردستان حزب خاوەنی دەسەڵاتە نەوەك حکومەت ، تەنانەت گەر حکومەتەکە هی خودی حزبەکە بێت و، ژمارەی راوێژکار ئەوەندە زۆرە هەموو تەمەنەکانی تەنیوە، راوێژکاری لاوی بۆ تواناو، راوێژکاری کەسای بە تەمەن، بەڵام هەردووکیان لە پاش مانگێك خانەنشین کراون بە بێ ئەوەی خاوەنی بروانامەی شایستە بن.
بەشێك لە پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان ناتوانن دۆرێك بنووسن و، هەروا، بەشێك لە راوێژکاران بروانامەی شایستەیان نییە و، لێرەداپێویستە ئاماژە بدەن بەوەی ئەگەر پەرلەمانتارو راوێژکار نەخوێندەوار بن، چۆنچۆنی ئەتوانن یاسا دابنێن و پەسەندی بکەن و، بمانەوێت یا نەمانەوێت یاساکان بەبێ شك بە کەموکوری کاریان پێوەئەکرێن.

شایانی باسە پارەی پەرلەمانتاران و راوێژکاران بەری رەنجی کرێکارو هەموو زەحمەتکێشانە، پارەی گەلە، پارەی قوتابیانی دەرچووی پەیمانگاو زانکوکانە کە بێکار لە ماڵەوە دانشتون ، دیارە ئەو پارە زۆرەی ئەدرێت بە پەرلەمانتارو راوێژکاران بەشی دامەزراندنی زوربەی دەرچووان ئەکات.
لە کۆتاییدا پەرلەمانتارو راوێژکاران کە (4 یان 8 مانگ یان ساڵێك) خزمەتیان هەیە بە 8 ملیۆن خانەنشین ئەکرێن و، چۆن تەماشای کرێکاران ئەکەن کە بە 400 هەزار دینار خانەنشین ئەکرێن؟ و، چی ئەتوانن بە کەمەگا بڵێن ؟.
هاوڵاتیان بە پرشەوە چاوەڕی یاساو دەستورن، بۆ ئەوەی جیاوازی

نەوان توژەکانی کەمەگا چارەسەر بکرێت و، چیتر حزب خاوەنی هەموو شتێن نەبێت.

22/6/2019

خواکورك هەنگاوێکی تره بەرەو داگیرکردنی کوردستان … ئەحمەد رەجەب

دوژمنانی گەلی کوردستان لە پێش هەموویانەوە رژێمی ڕگەزپەرست و شۆڤێنیستی تورکیا ڕژانە سنووری باشووری کوردستان ئەبەزێنن و بە تەپ و فڕکەی جەنگی تەپ بارانی چیاو دێ و ئاوایی و شارچکەو هەموو ناوچەکانی ئەکەن و، پاشان ئارەزوومەندانە و بەبێ ترس لە ناو خاکی کوردستان تەراتێن ئەکەن.
تورکیا لە ساڵی 1992 توانی بە هاوکاری ڕاستەوخۆیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنوری پاریزگای دهۆك وهەولێر چەندان بنکەی سەربازی و بارەگای سیخوری دابمەزرێنێت و، لە 19 خاڵی جیاجیای خاکی باشووری کوردستان خۆی قایم وجێگیر بکات و، وا نزیکەی مانگێکە لە خواکورك هێرشێکی بەرفراوانی بە پانی 50 کیلەمەتر و، بە قولایی 30 کیلەمەتر ئەنجامئەدات.

تورکیا بە هێ ئەو بنکانەو، بردنی نەوتی کوردستان بەبێ بەرامبەر، بووەتە خاوەن ماڵ و، بڕپرسکانی لای خۆمان بێ گەرمی پێشوازییان لێئەکەن و، هەستیان ئەپارێزن، نەوەك زویر ببن، بێ نموونە لە ڕژی سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی ڤالا فەرید سەرکی پەرلەمانی کوردستان برگەکانی بەرنامەی ڕ و ڕەسمەکەی خوێندەوەو، لە یەکێك لە برگەکان پەیوەست بوو بە سرودی ئەی ڕەقیب بەڵام لە بەر خاتری چاوش ئێغێ وەزیری دەرەوەی تورکیا پرگەی : ئەی ڕەقیب لابرا، نەوەك پەردەی گوڵی "" قەرداش"" بدرێ.

ئەوەی زانراوە دەوڵەتی تورکیا لەکاتی ئەنجامدانی ریفراندەمەکەی ساڵی 2017 کە مافێکی سەرەتایی و ئاسایی و یاسایی گەلی کوردستانە،

هەوڵستێکی دوژمنانەی بەرامبەر بە هەڕەمی کوردستان نواند، لە داخستنی دەروازە سنوریەکان و، قەدەغەکردنی هاتووچۆ لە نێوان هەرێم و تورکیاو، راگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان و، بەو کردەوەیەش شڤینییەتی رەجەب تەیب ئەردۆگانی ئیخوان ئەلموسلمین، لە گەڵ شڤینییەتی حەیدەر عەبادی حزبی دەعوەی ئیسلامی دژ بە گەلی کوردستان یەکیان گرتەوە.

لەم دواییەداو، لە ماوەیەکی کورتدا بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆماری عێراق دووجار سەردانی تورکیای کردو، لە گەڵ ئەردۆگان کۆبووەوەو، لە پاش گفتوگۆکانی رژێمی تورکیا بە ئۆپراسیۆنکی چەپەڵ ناوی (چنگ) ی لێناوە هێرشی کردە سەر خواکورك و، بێ وەبیرهێنانەوە لە ساڵی 2011 بەرهەم ساڵح سەرۆك وەزیران بوو لە کاتی هاتنی رەجەب تەیب ئەردۆگان رایگەیاند :

ئەوە سەردانکی مێژوویە ئەردۆگان دێتە فڕۆکەخانەی هەولێرو لەوێوە لە زەرۆك لە بواڕەکانی وەك (وزەو نەوت و گازە) وە چاوپێکەوتن ئەنجامدەدەین و خۆشم بە خۆشحاڵ دەزانم کە من بەشکم لەم قۆناغە، لێرەدا رووون و ئاشکرایە گفتوگۆکان لە سەر سەروەری وڵات نییە، بەڵکو لە سەر وزەو و نەوت و گازەو، ئەوەی جێی ئاماژەیە سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبی و چێکاوخوازەکانی بە تەپ و فڕەکەی جەنگی و کەرەسەی سەربازی مەدەرن، نەیانتوانی بێنە خواکورك بەڵام لەمڕۆدا ئەردۆگان و رژێمی تورکیا بە هۆی ئاسانکاری و پشتیوانی گەرم لە لایەن بەرپرسانی پارتی، سوپای تورکیا سەربەستانە خواکورك داگیر ئەکات بێ ئەوەی کوردستان بکەوێتە ژێر رکێف و دەسەلاتی دوژمنانی کوردستان.

لە پاش تێکشانکی سەخت و، قوربانییەکی زۆرو، بە یارمەتی هێزی دەرەکی کوردستان لە چنگی عروبە و بەعس و رژێمی دیکتاتۆری بەغدا رزگاری بوو، بەڵام لە سەرەتای شەڕ خۆبەزێنی دوو حزبە زلهێزەکەی کوردستان پارتی و یەکێتی و، دەستوەردانی دەرەکی، تورکیا توانی لە ناو خاکی کوردستان چەندان بنکەی سەربازی و بارەگای سیخوری دابمەزرێنێت و، جێپێی خوی قایم بکات و، هەموو خەیرو بەرەکەت و سامانی کوردستان بێ گەروی کەمالیستییەکان بروات.

هێرشی تورکیا بێ سەر خواکورك زۆر مەترسیدارە چونکە لە لایەك حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستان کز کەوتوون و بێدەنگن و، لە لایەکی ترەوە تورکیا کەنتڕۆڵی ناوچەکانی دەهۆك و هەولێری کردووەو، هەوڵ ئەدات بنکەو موگەکانی پکەوە ببەستێتەوەو، ئەو کات

بەرپرسانی تورکیا لە کوردستان ئەبن بە بادەست و، لە خاوەن ماڵ ئەبن بە ئاغاو میرو بەگ.
جێی ڕسوایی و شەرمەزاریە هەرمی کوردستان هیچ وەڵامکی نییەو ، بێدەنگەو، هیچ کوردستانییەکی خاوەن شەرەف و کەرامەت حەز بە ملکەچی ناکات و، کاتی ئەوە هاتووە بە دەنگی دڵرو زوڵم بڵێن: تورکیا بێ دەرەوە.

18/6/2019

تیرێریستان لێ خواکورك

کەرکــوك وداگیرکردنــی خــاکی کوردستان … ئەحمەد رەجەب

دوێنی 28/5/2019 شانۆگەرییەکەی پەرلەمانی کوردستان کۆتییپهات و نۆچیرڤان بارزانی بوو بە سەرکی هەرێم و ئەو چوار کاندیدەکەی تر هیچ دەنگیان نەهێناو ئەوەش جێی پێکەنینەو سەرسورمانەو لە هەمان کاتیشدا جێی نیگەرانییە و هەر بەوەش ئەزانرێت کارەکەی پەرلەمان گاڵتەجارییەکی بووێنەیە و، لە مێژووداو لە سەرانسەری دونیا قەت ڕووی نەداوە لە هەبژاردنی بەرلەمان چوار کاندید خۆیان بەپاڵێون بێ سەرکی هەریم یان سەرکی وڵات تەنها یەك دەنگ بەدەستنهێنن و، لێرەدا پێویستە پەرلەمانتاران بەبێ ترس دەنگ هەبرن و، وەڵامی خەڵك بدەنەوە..

باسی کەرکوك یان راستر شەری کەرکوك گەرمە و، ڕەفتارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دژخی شارەکە کە خوێ لە بنەرەتدا ئاڵێزە، ئاڵێزتر ئەکەن و، بە چاوی بڕێزی سەیری یەکتر ئەکەن و، هیچ نرخێك بێ گەل و نیشتمان دانانێن و، ئارەزوومەندانە قەیرانە کەهەکە کراوەکان قوڵتر ئەکەنەوە..
هەر دوێنی لە کاتکدا پەرلەمانی کوردستان خەرکی "" هەڵپژاردن"" بوو، چەندەرمەو سوپای تورکیای ڕەگەزپەرست، بە هەموو جۆرە چەککی مەدرن هێرشکی بەرفراوانی بێ سەر گوندەکانی کوردستان لە خواکورك و براددەست و ناوچەکانی تر دەستپێکردو، لە چەندان ناوچە چێگیربوون

و، هەرشەکەی عوسمانلییەکان بە پانتایی 50 کیلۆمەترو قوڵایی 35 کیلۆمەترە.

ماوەی هەشت مانگە پارتی و یەکێتی گاڵتە بە هەستی هاوڵاتیانی کوردستان بە گشتی وخەڵکی کەرکوك بەتایبەتی ئەکەن و، جاروبار قسەی زبرو ناشیرین ئاراستەی یەکتر ئەکەن و، هاوکات باسی یەکریزی و نەمانی قەیران و ئایندەیەکی گەش بۆ کوردستان ئەکەن و، تا ئێستا ناتوانن پارێزگارێك بۆ کەرکوك دیاری بکەن و، لەم دووایەدا گەمەکەیان گرژی و ئاڵۆزی تێکەوت و، یەکێتی دەنگی بە نێچیرڤان بارزانی نەداو، زەنگی مەترسیشی لێداو، یەکێتییەکان ئەڵێن ئەگەر پارتی بە شێوەی لوتبەرزی و بێمنەتی رەفتار بکات بەشداری حکومەتی کابینە نۆ مەسرور بارزانی ناکەن.

پارتی و یەکێتی بۆ دانانی پارێزگارێك بۆ کەرکوك رێککەوتنامەیان واژوو کردو بەڵام ئێستا پارتی رەتی ئەکاتەوە کە لە گەڵ یەکێتی رێککەوتنیان هەبێت و، لە سەر زاری ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی ئەڵێن: پارێزگاری کەرکوك ئەبێت کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری کوردی شاری کەرکوك بێت ، نە پارتی بێت و نە یەکێتی، تا کار بۆ هەموو کەرکوکیەکان بکات نەك لایەنێکی سیاسی دیاریکراو، راشیگەیاند، پێشتر لێنوان بەرپرسانی پارتیو یەکێتی گفتوگۆ لەبارەی پێستی پارێزگاری کەرکوك کراوو بڕیارە گفتوگۆکانیش بۆ رێککەوتنی کۆتایی بەردەوام بێت.

تورکیا نیوەی خاکی باشووری کوردستانی داگیر کردوەو، بە هەرشەکەی دوێنی شۆنی تریشی کەنترۆڵ کردو، تورکیا وەك خاوەن ماڵ رەفتار ئەکات و، لە کوردستان بۆ لە تورکە تورانییەکان، کەسی تریان هەیە بەتایبەت لە ناو بەرپرسە باڵاکان و، لە باتی ئەوەی پارتی ویەکێتی چارەسەری کێشەکانیان بکەن و، پارێزگارێك بۆ کەرکوك بدۆزنەوەو یەکبگرن داوا بکەن هێزو سوپاو جەندەرمەی تورکیا بچێتە دەرەوەو، خاکی کوردستان ئازاد بێت، بە پێچەوانەوە ئەچن بە گژی یەکترو، دەراوکی بۆ خەڵك دروست ئەکەن.

دۆخی شاری کەرکوك مەترسیدارەو، عەرەب و تورك یەکئەگرنەوە بۆ دژایتیکردنی کوردو، راکان چبوری پارێزگاری کەرکوك بە وکالەت ئەڵێت کەرکوك شارێکی عەرەبییەو، ناهەڵێین جوداخوازان بۆ خۆیان دایبرن و، ماوەیەك لەمەوپێش مەولود ئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی رێکخراوەکانی تورکانی کردو، بەشەرمانە ڕایگەیاند، کەرکوك شارێکی تورکمانییەو، بەرپرسانی کوردستان لە پاش کارەساتەکەی 16

ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 و، لە پاش هەڵاتنی پارێزگار نەجمەدین کەریم تا ئێستا شەریان لە سەر ئەوەیە کێ ئەبێتە پارێزگارو، لە ناو خۆیاندا تەبا نین و، پاشقول لە یەکتر ئەگرن و، باری خەڵگیان قورس کردووەو رۆژانە رووبەرووی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق ئەبنەوە. .

هەلی زێرو زێرین بۆ گەلی کوردستان لە کەرکوك و، سەرجەم ناوچە دابراوەکان رەخساو، بەرپرس و سەرانی کورد لە بەر دزی و گیرفان پرکردن و گەندەڵی و بەرژەوەندی تابەتی نەیانتوانی ئەو هەلە زێرینانە بقۆزنەوەو، خۆیان بەستەوە بە مادەی (140) و، دەستوری عێراقی و، ، هیچیان بۆ نەکراو لەمرۆشدا ئیفلیج و دۆش داماون و، لە جیاتی دەستکەوت ئەبۆ مۆشکوژ هەڵگرن و، مۆش قاو بدەن.

ئەگەر پارتی ویەکێتی دوور بکەونەوە لە بەرژەوندی حزبایەتی و پێست و پلەو پایەو، فشار بخەنە سەر حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی دەستوری عێراق و، داوا بکەن بەپێی مادەی (140) ی دەستوری ناوبراو، هەنگاو بنێن بۆ چارەسەری کێشەکان، ئەتوانن کەسێکی نیشمانپەروەر بۆ پارێزگاری کەرکوك دەستنیشان بکەن.

.29/5/2019

.

لوت بەرزی و بۆ مۆشکی جەنگی سییەمی جیهانی هەڵئەگرسێنی … ئەحمەد رەجەب

دەمکە بارگرژی و پەشێوی لە نێوان ئەمریکا و ئێران هەیەو هەردوولا لە رووی راگەیاندن بە گەرمی چوون بە گژی یەکترداو دریغیان نەکردووە لە ئاخافتنی بۆ بنەماو هەرەشەو گورەشە کردن و هەردوو وڵات بە لوت بەرزی و بۆ مۆشکی ئەیانەوێت ئاگر لە ناوچەکە هەڵگرسێنن.

بمانەوە و نەمانەوە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەبنە گۆڕەپانی شەڕو، هەردوو وڵات لە ناو خاکی عێراق و کوردستان خاوەنی پێگەو پایەو دەسەڵاتکی زۆرن لە ڕووی سیاسی و ئابوری و، لەم ڕۆژانەشدا سەربازو کەرەستەی جەنکی ئەگوێزنەوەو حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستان بەرامبەر بە ئەمریکاو ئێران هیچیان پێ ناکرێ.
عێراق و کوردستان ئەبنە گۆڕەپانی سەرەکی شەڕی ئەمریکاو ئێران و، پێویستە بەرپرسان: سەرۆك وەزیرانی عێراق و سەرۆك وەزیرانی کوردستان وریاو هوشیارو بێ لایەن بن و، پاڵپشتی هیچ لایەك نەکەن و، زۆرانی ئەم دوو وڵاتە ، زۆرانی دەسەڵات و بەرژەوەندییەو، لە هەڵگیرسانی شەر بە بەشك گەلانی ناوچەکە تووشی ماڵوێرانی و لەناوچوون ئەبن.
ئەمریکاو سەرۆك دۆناڵد ترامپی سەرکۆش و، بەرپرسە باڵاکانی پێنتاگۆن و ئاژانسی هەواڵگیری ناوەندی بریاریاندا بە ناردنی هێزی سەربازی زیاتر لە(120) هەزار سەربازو، ناردنی کەشتی فرۆکە هەڵگری B52) ی ستراتیژی و، کەشتییەکی گەورە (شارۆکی پزشکی مەدیرن ـ نەخۆشخانە) بە (1000) قەرەوێلە و دەرمانخانە ـ صیدلی ـ و، هەموو کەرەستەی تری پزشکی.
زۆر کەس پێیوایە ناردنی هێزی گەورە لە لایەن ئەمریکاوەو، کۆکردنەوەیان لە نزیك سنورەکانی ئێران دەخەکە ئاڵۆزتر ئەکات و، توندرەوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر تووشی دەمارگیری و هەڵچوون ئەبن و، دووریش نییە ئەو کردارەی ئەمریکا ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگ و، هاوکات ترامپ ئەیەت ئاگامان لە دەخەکەیەو، با بزانین ئێرانییەکان چۆن ڕەفتار ئەکەن و، ئەگەر کارێکی خراپ بکەن، ئەوکات ئەزانن چی بە سەریان ئەهێنین و، لەم بارەیەوە بەرپرسێکی ئەمریکا وتی : ئەوەی ئێمە کردوومانە تەنها بۆ بەرگرییە لە خۆمان و هێزەکانمان لە ناوچەکەداو، ئێران وڵاتکی سەرەکییە بۆ توندوتیژی و پاراستنی تیرۆریستان و، بۆیە ئەمانەوێت کاربەدەستان و بەرپرسە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران واز لە ڕەفتاری چەوت ونەشیاو بهێنن و، بە قسەمان بکەن و، ئەوەش لە بەرژەوەندی خۆیانەو، لە کۆتایی ئاخافتنی بەرپرسەکەی ئەمریکا وتی: ئەمانەوێت ڕژێمی ئێران بگۆرین.
ئێران پشت بەمانە ئەبەستی: سوپا و بەتایبەت سوپای پاسداران وبەسیج لە ئێران و، حوسییەکانی یەمەن و، حەشدی شەعبی لە عێراق و حزبوللا لە لوبنان و، حەماس لە فەلەستین و، ئەمانەش ئەبنە هۆی گرژی و ئاڵۆزی زیاترو، گۆڕەپانی شەڕەکە فراوانتر ئەکات و، ئەمریکاش هاوکاری هەیەو بریتین لە : عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی

عەرەبی و ئوردن و، ئیسرایل و، تا ئێستا وڵاتانی ئەورووپا بە تایبەت وڵاتانی ناتۆو یەکێتی ئەورووپا بۆدەنگن و هەوڵستیان دیار نییە.
هەرچەندە ئەمریکا خۆ بۆ شەر ئامادە کردووەو، هێزکی گەورەی هێناوە کە بریتییە لە کەشتی فڕکە هەڵگرو، فڕکەی (B 52) ی وڕانکەرو کەشتی نەخشخانە و کەرەستەی جەنگی تر، سور ئەزانی ئێران مەیلی لێدانی پێگەی ئەمریکای نییە بە شێوەیەکی راستەوخۆو، گەر ئەو کارە بکات واتە ئەیەوێت خۆی بکوژێت، بەڵام ئێران هەوڵ ئەدات ئیسرایل بێزار بکات و رایبکێشێت بۆ کاری توندوتیژی دژ بە دراوسێکانی و، هەروا ئەمریکاش نایەوێت شەر هەڵگیرسێنێت ، بەڵام کەش و هەوایەکی ترسناك دروست ئەکات و، شەرکی دەرونی بەرامبەر ئەبات بۆ ئەوەی رووداوەکان لە چوارچیوەی کەنترۆڵ دەربچێت و، رۆژانی داهاتوو نهێنی زیاتر دەرئەکەوێت و، دەمێکە ئەمریکا بە تەمای گۆرینی نەخشەی وڵاتانە و ، هەروا دابەشکردنیان و، چەندین وڵاتی تازە بێنێتەدی و، بە چاوەروان بین بزانین بەشی کورد چی ئەبێت !.
ئەمریکا بە هەڵگیرساندنی شەر تووشی گێچەڵی جراوجۆری سەخت ئەبێتەوەو، ترسی زۆری لە روسیاو چین و کۆریای باکور هەیە بێنە ناو ئەم شەرەو، بەو هەنگاوەش شەری جیهانی سییەم بەرپا ئەبێت و، دەیان ملیۆن سەربازو خەڵکی سڤیلی بێتاوان ئەکوژرێن.
نەفرەت لە لوتبەرزی وبەمەشکی و، نەفرەت لە جەنگ و، نەفرەت لە بیروباوەری وشك و دوگماو، نەفرەت لە ئیمپریالیزم.

16/5/2019

تکایە ئەو شانۆگەرییە راگرن ... ئەحمەد رەجەب

ئەمڕۆ 8/5/2019 پڕۆژە یاسای سەرکایەتی هێزەمی کوردستان لە پەرلەمان بە زۆرترین دەنگ پەسەند کراو ناوەکەشی گۆرا بۆ (دامەزراوەی سەرکایەتی هێزەمی کوردستان) و هەروا مادەکانی یەك و دوو سێ و چوارو پێنج بە دەستکاریییەوەو بە دەنگی 88 و 89 ی

پەرلەمانتاران پەسەند کران و مادەکانی تر : شەش و حەوت و هەشت بەبێ دەستکاری و بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کران.
دیارە سێ حزبەکە : پارتی و یەکێتی و گۆران لە پاش گفتوگۆو هاتوچۆیەکی حەوت مانگ و، شاند هات و شاند چوو، کۆکن لە سەر پێکهێنانی حکومەت و، ئەوەی سەیرەو وەك لە دەنگدانی پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان دەرکەوت، ئەم سێ حزبە کۆپی پێنج حزبەکەی حکومەتی بنکە فراوانەکەی پێشوون کە لە نیوەی ڕێی و لە کۆتاییدا زانیان بارودۆخەکە بەرەو نشوستی و هەدەر ئەروات و قەیرانەکان تەشەنە ئەکەن و بێ مووچەیی بەرکێی هاوواتیانی گرتووە، یەك لە دووای یەك بە خشکەیی کشانەوەو، تەنها پارتی و یەکێتی مانەوە.
لە ژماردنی دەنگەکانی پەرلەمانتاران و، پەسەندکردنی پڕۆژەی کاراکردنەوەی سەرکایەتی هەرێم و، هەروا پەسەندکردنی مادەکانی یەك تا هەشت بە 88 دەنگ کۆتایی هات و، ئەو 88 دەنگە هی پارتی و یەکێتی و گۆران و پێکهاتەکانی تر سەر بە پارتین.
پەرلەمانی کوردستان دەستپێشخەری ڕووەو دیموکراتییەت ئەکات و، هەنگاوی جوان ئەنێت و، ئەێت دەرگا واێایە بۆ خۆپاێاوتن بۆ سەرکی هەرێم و، شانگەرییەکە لێرەوە دەستپێئەکات و کتوپر تەواو ئەبێت چونکە لە پاش هەڵبژاردنەکەی 30 ئەیلول / سیپتەمبەری 2018 پارتی دوور لە دیموکراتییەت نێچیرقان بارزانی بۆ ئەو سەرکایەتییە دەستنیشان کردووە و، ئەمڕ کەس ئەو پێستەی ناوێت و، سور ئەزانێت 88 دەنگ یان زیاتر لە گەڵ نێچیرقانە.
پەرلەمان لە باتی داکۆکیکردن لە خواست و ئارەزووی هاوێاتیان، هەنگاوی سەنگ دەرپەراندن و موزایدە ئەنوێنێت و، بەو جۆرە ڕەفتارانە خۆ ئەکەنە چاوی خەڵك و، بۆیە پێویستە ئەو شانگەرییە ڕاگرن و، یاری بە عەقڵی هاوێاتیان نەکەن.
لە وێاتانی پێشکەوتوو فرت و فێڵ نییەو، هیچ پارتێك { گەورە یان بچوك} بێت، بێڵ نییە کاندید فەرز بکات و، بە پێی دەنگەکان کەسانی لێهاتوو شیاو لە ناو پەرلەمان بۆ پێستەکان هەڵئەبژێرن و، وەك لای خۆمان شاند هات و شاند چوو نییەو، پارتەکان بە پێ دەستور هەڵسوکەوت ئەکەن و، لای خۆمان دەستور نییەو ، هەرەمەکی و بە تێبزی خەڵك (بە توانا بێت یان بۆ توانا) دائەنێن و، گرنك ئەوەیە سەر بە حزب بێت.
لە کوردستان دەستور نییە و، ئەو بۆ دەستوریە لە خزمەتی سەرکی هەرێم ئەبێت و، دیارە نیچیرقان بارزانی وەك مەسعود بارزانی خاوەنی دەسەاتێکی زۆرەو، پەرلەمان بۆ نییە لێپرسینەوەی لە گەڵدا بکات و، ئەم هەموو دەسەاتانە ئەبنە هێڵ ئاژاوەو پەشۆی لە

نێوان سەرکی هەرێم و سەرکی حکومەت و، شاراوە نییە دوو بەرەکی لە نێوان نیچیرڤان و مەسرور هەیەو، بە سەر دوو باڵدا دابەش بوون.
سەرکی هەرێم دوو جێگری ئەبێت و، کەس نازانێت جێگری چین؟ و. لەو حاڵەتەدا (بێ نموونە) گەر سەرۆك بچێتە دەرەوەی هەرێم جێگرەکان ئارەزوومەندانە کاروبار رائەپەرێنن.
ساڵانی پێشوو هەموو لایەك داوای ئەکرد سیستەمەکە پەرلەمانی بێت بەڵام سەرکی پێشوو ئەیزانی دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران لە گەڵی نابێت، بۆیە بەوە قایل نەبوو، ئێستا ئەزانێت دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران هی خۆیانە رازین ""سیستەمەکە پەرلەمانی"" بێت، بەڵی دەرکەوت 88 یان 89 دەنگ بێ راسپاردەکانی پارتی مسگەرە !.
با چاوەروان بین و، بزانین چی ڕووئەدات!.

.8/5/2019

هاتنەکەی مەوڵود ئۆغلو گوماناوییە … ئەحمەد رەجەب

لەکاتێکدا فرۆکە جەنگییەکانی رژێمی تورکیا بۆردوومانی گوندەکانی کودستان ئەکات و ئاڵای تورکمان ئۆللی لە کەرکوك ئەشەکێتەوەو تورکمانەکانی بەرەی تورکی عێراق وەك بەعسییەکان بە هەرێمی کوردستان ئەڵێن هەریمی سەرووی عێراق (اقلیم شمال العراق) مەولود ئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا گەیشتە هەولێر.
لە لایەن بەرپرسانی کوردستان: مەسرور بارزانی راویژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی کوردستان و راسپاردەی پارتی بێ وەرگرتنی سەرکی حکومەت، نێچرڤان بارزانی سەرکی حکومەت و، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیران پێشوازییەکی گەرم لە ئۆغلو کراو لە هەموو لایەك فرشی سووریان بێ راخست.
هاوکات لە گەڵ ئەم سەردانەی ئۆغلو بێ هەولێر، وەزیری ناوخوی تورکیا سلێمان سۆیلو رایگەیاند قەندیل پارویەکی ئاسانە بێ سوپای وڵاتەکەی و، لێرەدا ڕوون و ئاشکرایە و، بە بێشك ئۆغلو ئەیەوێت بەم هاتنەی چەندین پرس بپێکێت و، قەندیل پرسی سەرەکییە و، نەوت و ، دۆزینەوەی بازار بێ ساغکردنەوەی کالاکانی و، بە تایبەت بە بێنەی

سزاکانی ئەمریکا بەهای لیرەی تورکی چروکە و، ئەوەی جێی نیگەرانییە بەرپرسانی کوردستان ئەڵێن ئیمە لە گەڵ ئۆغلو هاوراین.
مەولود ئۆغلو بەشەرمانە ڕایگەیاند، کەرکوك شارێکی تورکمانییەو، بەرپرسانی کوردستان لە پاش خیانەتەکەی 16 ی ئوکتۆبەری ساڵی 2017 و، لە پاش هەڵاتنی پارێزگار نجم الدین کەریم تا ئێستا شەریان لە سەر ئەوەیە کێ ئەبێتە پارێزگارو، لە ناو خۆیاندا تەبا نین و، پاشقول لە یەکتر ئەگرن.
تورکیا خاوەن زیاتر لە 19 پیگەی سەربازییە لە سەر خاکی باشوری کوردستان و، هەر پیگەیەکی تورکیا خاوەنی باشترین و مۆدیرنترین کەرەستەی جەنگییە وەك تۆپ و هاڵکۆپتەرو و جۆرەها تۆپ و، لێرەدا ئەبێ پرسیار بکەڵن : ئایا بەرپرسەکانی کوردستان داوایان کردووە تورکیا لە خاکی باشوری کوردستان بکشێتەوە و، چیتر وەاتەکەمان داگیر نەکات یان بەرپرسان لەبەرامبەر بەرپرسانی تورکیا ترسنۆکن و، زمانیان لاڵە.

بەهەی بەردومانی فڕۆکەجەنگییەکانی تورکیا هاوڵاتییان و گوندنشینانی ناوچەکان ترس و دڵەڕاوکێیان لێ نیشتووەو، لە رابردوودا ژمارەیەك هاوڵاتی بوونەتە قوربانی و، تا ئێستا حکومەتی کوردستان بڕەنگەو، ئەو دەستدرێژییەی جەندەرمەکانی ئەردوگان ریسوا ناکات و، بە پێچەوانەوە راگەیاندنەکانی دەسەڵات لە خزمەتی تورکیایە.
ئۆغلو سەردانی بارەگای حزبە تورکمانەکانی هەرێمی کردو، لە گەڵ بەرپرسانی ئەو حزبانە کە بووەو، جێی ئاماژەیە تورکمانەکان دژی خواستی گەلی کوردستانن و، لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم بە شێوەیەکی نەخشەکێشراو لە لایەن تورکیاوە هەڵسوکەوتیان ئەکردو، لە کاتی گرتنی شاری عفرین لە لایەن سوپای تورکیاوە ئایدن مەعروف پەرلەمانتاری تورکمان راشکاوانە لە ناو پەرلەمانی کوردستان پشتگیری لە داگیرکردنی شارەکە کردو، ئەوەش ئەو پەری بێرێزی بوو بەرامبەر بە پەرلەمانتارانی پەرلەمان.
کۆبوونەوەی مەسرور بارزانی ڕاویژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی کوردستان لە گەڵ مولود ئۆغلوو شاندی یاوەری بۆ گڕینەوەی ڕاو بۆچوون بووە، بە تایبەت پرسەکانی هەواڵگیری و، باشترواید ئەو گفتوگۆ ئاخافتنە بخرێتە ڕوو بۆ ئەوەی گومان نەمێنێت و، نابێت کورد پەلکێش بکرێت بۆ شەری پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و، قەندیل پارویەکی ئاسان نییەو خەیاڵیان خاوەو، کورد واتەنی: نەیخێن تاڵە.
تورکیا تووشی قەیرانی ئابووری بووەتەوەو، ئەیەوێت زیاتر جێپێی خۆی قایم بکات و، نابێت حکومەتی کوردستان ڕێگا بدات سوپای تورکیا

سنوری باشوری کوردستان ببەزێنێت و، نابێ رێگا بدرێت بە جەندرمەکانی رژێمی تورکیا بێ خواردنی خوان لە گەڵ بەرپرسانی کوردستان وەك سایی پێشوو لە مانگی رەمەزان، بە تایبەت وا رەمەزان نزیك بووەتەوە.

30/4/2019

لە سایادی نووسەرو رۆشنبیری تیکۆشەر دانا جەلال … ئەحمەد رەجەب

دانا جەلال ئەحمەد موفتی لە سایی 1957 و لە ناو خێزانێکی شیوعی ناسراو لە خانەقین چاوی بە ژیان هەڵهێناو پاشان بە هۆی ئەوەی باوکی فەرمانبەر بووە لە گەڵ خێزانەکەیان چوونەتە ناحیەی مقدادیە (شارەبان) و لەوی نیشتەجی بوون و هەر لەوێ دەستیکردووە بە خویندن و خیزانە تیکۆشەرەکەیان وەك هەزاران خێزانی شیوعی دووچاری گرتن و تەهەدان بووە بە تایبەت لە پاش ئەوەی باوکی چووە رێزی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراق.
دانا دەرچووی کۆلیجی ئیدارەو ئیقتیسادی زانکوی المستنصریە بوو.
ساڵێك پێش ئێستا ولە 24/4/2018 بەداخ وبەژارەیەکی دڵهەژێنەوە هەواڵی کۆچی نووسەرو رۆشنبیری تیکۆشەری کورد دانا جەلال ئەحمەد موفتی گەیشت و، ستەمە بە وشەو نووسینی چەند دێرێك باسی ئەو مروۆقە خۆنەویست وسادەو پاك و ئازاو چالاك وگوێ رایەڵ و خۆشەویستە بکرێت و،
ئەو هاورێی رێژانی سەخت و دژوار بوو، هەر ئەوان بوون بەخێزانەوە لە ریزی پێشەوەی خەبات و تێکۆشان لە پێناو گەل و نیشتمان و کوردایەتی و حزبی شیوعی و شیوعییەت خۆیان و ماڵ و سامانیان بەخت کردو، دانا جەلال کوردێك بوو بە عەرەبیئەینووسی و بەکوردی قسەی ئەکرد، ڕاستگۆ بوو لەگەڵ بیروباوەڕی خۆیدا، کەسێك بوو بێ خۆی نە ئەژیا بەکو بێ دەوروبەرو هاوڕێکانی.

بەڕێ خێزانە سەر بڵندەکەیان، باوکی جەلال ئەحمەدموفتی و مامیان

قادر ئەحمەد موفتی بوون بە چرا، بە مامۆستا بۆ هەموو شیوعییەکان و دۆستانیان و هاوڕاتیان و، بە شانازییەوە لە فڕۆگەکەی ئەوان دەیان و سەدان کەس فڕی شیوعییەت و تێکۆشان بوون و، ئەوان بەبێ وچان بە گوروتێنێکی گەرم و ئازایانەو دوور لە ماندوو بوون پەرەیان بە خەبات و تێکۆشاندا لە پێناو: نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار.
دانا جەلال نووسەرو ڕۆشنبیروو چالاکەوانی مەدنی و سیاستمەدار لە ڕێی نووسین و وتارەکانی داکۆکی لە هەژاران و چینی چەوساوە ئەکردو، هەروا وەك شیوعی و کەسایەتییەکی چەپ بەرگری لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان و نەتەوەی کورد ئەکرد.
بەڕێ هاوڕێ دانا : ئێوە دڵێکی فراوانتان هەبوو، کەسێکی لێبوردوو بوون و، ، پیاوێکی مەردو بە شەهامەت ولێهاتوو ڕاستگۆ بوون و، هەموو کات دژ بە کردەوەی ناپاك و ستەم وەستان و بەرگریتان لە هەژاران وبۆ مافەکان کردو، لە تافی لاوێتیدا لە گەڵ دڵێری برا گەورەتان تێکەڵ بە کاری سیاسی بوون و، دەستان کرد بە جموجۆڵ لە ناو ڕێکخستنەکانی لاوان و قوتابیانداو، پاشان چوونە ناو حزبی شیوعی عێراق و، سەربەرزانە لە دژی ڕژێمی خوێناوی دیکتاتۆر سەدام حسەین و حزبی بەعسی عەرەبی درێژەتان بە تێکۆشاندا.

.لە ڕۆژێکی سەرماو سۆڵەی زستان بەفر زەوی داپۆشیبوو بەسەر بەستەڵەکەدا خەم گەیاندە بارەگای هەرێمی کوردستان – حزبی شیوعی عێراق لە دۆڵەکەی سەروی نێکان و، کاتێك چوومە ژوورەوە هاورێیان پێشوازییان لێکردم و، لەوێ بێ یەکەمجار چاوم پێتان کەوت و، لە درێژەی ئاخافتن وباسکردن بەم دەرکەوت ئێوە لە خەزانی موفتی تێکەشەرن لە خانەقین و، هاتوون ببن بە پێشمەرگە وەك هاورێیان دڵێر جەلال (دێشاد) ی برا گەورەتان و سەلام عبدالقادر (ئاشتی) ئامۆزاتان کە لە کاتی هەرشکردن بۆ سەر مەڵگایەکی ڕژێمی حزبی بەعسی عەرەبی خوێنڕژ لە دەوروبەری گاپیەڵان لە دۆڵی جافایەتی شەهید بوو.
ئێوە مرۆڤێکی دڵسوزو سادەو دڵساف و خاوەن توانایەکی پەڕایین و سیفاتێکی جوان و سیماو ڕەوشەتێکی کەسایەتییەکی ڕێزدارو خانەویست بوون، دڵسۆز ونیشتمانپەرو دەستپاك و جێی متمانەو، خاوەن موراڵێکی بی وێنەو تیکۆشەرێکی بۆ هاوتاو ئازاو قارەمان و ڕەهایەکی بە ئەمەکی گەل بوون.

ئێوەی نووسەرو ڕۆشنبیرو سیاستمەدار نەك هەر دیارو ناسراو بوون، بەڵکو لەبارەی بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە لە ڕووی سیاسییەوە

تۆامان و خوێندنەوەی تایبەتیتان هەبوو لە سەر بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان و دۆزی کورد بە گشتی و، لە روژئاوابە تایبەتی، لە دوای بەرگری قارەمانانەی کۆبانی دژ بە چەتەکانی داعش و، رژێمی تورکیای داگیرکەر، خۆتان بەخت کردو پەرەتان بە تێکوشاندا و، تواناکانتان چر کردەوەو، زیاتر پەیوەست بوون بە روج ئاڤاو خەمەکانتان زێرتر بوون و، هەموو کات بیرتان لای قەندیل و دوژمنانی قەندیل بوو، دڵە گەورەکەتان و بیرو هۆشتان لە لای ئەفرین بوو.

ئێوە وەك پێشمەرگەیەکی دڵێرو چالاك لە ئەنجامدانی کاروبارو ئەرکی رۆژانە مرۆڤێکی جوامیرو هێمن و لە سەرخۆ بوون، لە لایەن دەست و پێشمەرگەو سەرجەم هاورییان و هاوڕاتیان جێی رێزو خۆشەویستی بوون، هەموو کات دەم بە پێکەنین و قسە خۆش و دڵپاك و راستگۆو، بە درۆزایی تەمەنی ژیانتان مەردو و خاوەن هەڵوێست و، بە سەر بەرزی و چاونەترسانە لە بەرەی پێشکەوتووخوازو ئازادیخوازان و گەل بوون.

هاورێ دانا لە دوا دیدارمان لە یەکێك لە کافتریاکانی شەقامی سالم لە سلێمانی باس و گفتوگۆمان لە سەر چەندین تەوەر کردو، راو بۆچوونمان وەك یەك وابوون، لەو تەوەرانە : بارودۆخی کوردستان لە هەرێمەوە بۆ رۆژئاوا، رۆژهەڵات وباکور، حکومەتی سەقەت، بۆ موچەیی و گوزەرانی خەڵك، بۆ ئاوێی وبۆ کارەباو، گەندەڵی ودیاردەی لەشفرۆشی و گرتن و کوشتنی چالاکەوانان و رۆژنامەنووسان و گرانی بازارو نەبوونی دەرمان ونرخەکانی و، هەرشی جەندرمەی تورکیاو یارمەتیدانی داگیر کەران لە لایەن بەرپرسانی حکومەت و چەند پارتێکی کوردستان و جاشە ئیسلامییەکان، لە سیدارەدانی کوردان و، کوشتن برین و ڕەی چەپەڵی ئەمریکاو، بەدرۆژی باسی شیوعییەت و قەندیلمان کرد.
لەدەستدانی مرۆڤێکی شیوعی وەك دانا جەلال ئەحمەد موفتی خەسارەتێکی گەورەیە. دانا لەخۆزانێکی شیوعی بوو، چەندین قوربانییان داوە، لە دوا دیدارم لەگەڵ کاکە دانا ئەوەی دووپات ئەکردەوە کە ئەیوت : من شیوعیم و ئاپۆچیم.

22/4/2019

.

ئایا سەرکی هەرێم پێویستە؟... ئەحمەد رەجەب

شەش مانگە هەڵبژاردن ئەنجامدراوەو تا ئێستا کابینەی نۆیی حکومەت چاوەروانە دەستبەکار بێت و رۆژانە سێ حزب: پارتی دیموکراتی کوردستان ، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆران سەرقاڵی دانوستان و کێبوونەوە لە دوای کێبوونەوە ئەبەستن و تا ئێستا جگە لە چاو قاوەخواردنەوەو پێکەنینی بەرپرسان کە لە تەلەفزیۆنەکان ئەبینرێن، هیچیان نەکردووەو، رێکنەکەوتوون و، لە هەمووی سەیرتر بە بێ یەکێتی و بە هەوڵ و کۆششی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك براوەی یەکەم و پشتگیری گۆران پەرلەمانی کوردستان کەوتەکارو سەرۆك پەرلەمان وجێگرو سکرتێری بۆ دیاریکرا.
لە رابردوودا لە نێوان پارتی و یەکێتی رێکەوتنی ستراتیژی هەبوو، ئارەزوومەندانە سامانی کوردستانیان دابەش ئەکردو راست بێت یان درۆ بە ناوی قەیران موچەی خەڵکیان بری و، لە ئێستادا هەوڵ وتەقالا بۆ بتەوکردنی پایەی بنەماڵە ئەدەن و، ئەو کات تەنها بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی بوو، ئەمرۆ خەڵکی تریش لە ناو یەکێتی هاتوونەتە سەر خەت و، داوای پێست پایە ئەکەن.
لە هەڵبژاردنەکان بۆ پەرلەمانی عێراق : پارتی بووە خاوەنی (25) کورسی و، بۆ پەرلەمانی کوردستان (45) کورسی و، هەموو ئەزانین دەنگی "" کەماتییەکان"" بە تایبەت تورکمانەکان بۆ پارتی مسۆگەرەو، بۆ ئەو مەبەستە و، لە بەر خاتری تورکیا کەمالیست پێستی سکرتێری پەرلەمانیان بە تورکمانەکان بەخشیوەو، ئەو سەرکەوتنە کە شەوو رۆژ پارتی باسی ئەکات وەك براوەی یەکەم، پارتی تووشی لە خۆ بایی و لووت بەرزی کردووەو، ئەیەوێت بە خواست و ئارەزوو، لە پێناو بەرژەوەندی (حزبایەتی) هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا کەنترۆڵ بکات.
خەڵکی زۆر دژ بەوەیە سەرکایەتی هەرێم کارا بکرێتەوە چونکە ئەبێتە هۆی بتەو کردن و مانەوەی بنەماڵەکان و، بازدان بەرەو دیکتاتۆریەتی خۆ و تۆژە دواکەوتووکانی کۆمەڵگاو، زیندوکردنەوەی تاکە حزبێك کە تا ئێستا نەیتوانیوە ئاوات و داخوازی گەڵ بڵێتەدی، بەڵام بمانەوێ یان نەمانەوێ، ئەو سەرکایەتییە بە هۆی دەنگی پارتی و یاوەرەکانی کارا ئەکرێتەوەو، دەستبەکار ئەبێت.
سەرکایەتی هەرێم لە هەڵبژاردنی : مەسعود بارزانییەوە تا دوو

کەرەت دژکردنەوەی سەرکایەتییەکەی بەپچەوانەی یاسا، کێشەی زۆری دروستکردو، گرنگترینیان داخستی پەرلەمانی کوردستان و، قاودانی وەزیرەکانی بزوتنەوەی گۆران بوو، هەروا لە بازگەی پردێ رێگریان لە سەرۆك پەرلەمانی کوردستان کردو، نەیانهێشت بچیتە هەولێری پایتەخت و، ئەو کردەوەیە بووە جێی شەرمەزاری و ریسوایی بێ دەسەڵات و بەرپرسانی حکومەت و، لەو رۆژانەدا دەرگای هەولێر بە رووی بەعسی و موستەشار جاش و تاوانباران وا بوو.
سەرکایەتی هەرێم و دیوان و فەرمانبەران و پاسەوانەکانیان بودجەیەکی گەورەی خەرج ئەکردو، گەورەترین کاروباریان پشوازیکردن بوو لە بەرپرسانی وڵاتانی تر کە بە بۆنەی شەری دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) وە هاتوچۆی کوردستانیان ئەکردو، بەڵام لە ئاستی پرسکی گەورە وەك کشانەوەی هێزەکانی زیرەڤانی و هەڵاتنی بەرپرسانی پارتی لە شەنگال و، کوشتنی هەزاران کەسی ئێزدی بێ تاوان و، گرتنی هەزارانی ترو، بردنی ژمارەیەکی گەورەی ترسناك لە کچ و ئافرەتانی ئێزدی و مەسیحییەکانی ناوچەکە و، وەك کۆلەو کەنیز بە دەستی چەتەکانی داعشی داگیرکەر هەراج ئەکران و ئەفروشران.
راستە بە پێی دەنگەکانی هەڵبژاردن، پارتی براوەی یەکەمە و، ئەتوانێت یەکێك لە ئەندامانی بێ پسپۆری سەرۆك هەرێم دەستنیشان بکات و، داوا لە حزبەکانی تریش بکات بێ دانانی نوێنەرو، بە هەڵپژاردن سەرۆك دابنێن، نە بە دامەزراندن (تعین) و، ئەو هەنگاوەش کەسایەتی سەرۆك بە هێز ئەکات هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر دژی کاراکردنەوەی پسپۆرەکەن و، سووریش دیارە نوێنەری پارتی ئەو پسپۆرە ئەباتەوە.
لە کوتاییدا راستییەك هەیەو، پیویستە خەڵك ئاگادار بێت و، داوا بکری سەرکایەتی هەرێم وحکومەت بخرێنەژێر پرسیارو لێکۆڵینەوە سەبارەت بە نەوت فرۆشتن و نەمانی خەیرو بەرەکەت و، ئەو سامانە زۆرە چی لێهات.
لە پاش شەش مانگ ئەبێ چارەسەرێك بێ دامەزراندنی حکومەت دابنرێت و زوربەی دەسەڵاتەکانی سەرکایەتی هەرێم بدرێت بە حکومەت و پەرلەمان وەك چۆن لە بەغدا پەیرەو ئەکرێت.
29/3/2019

.
.

کەی مافەکانی پێشمەرگەی دێرین ئەدرێت؟ … ئەحمەد رەجەب

لەم نووسینەدا باسی زەوی بۆ پێشمەرگەی دێرینەو بە هوۆ بازرگانی و گەندەڵییەوە پێشمەرگەی دێرین کراوە بە دوو بەش، بەشکیان بۆبەشن و زوییان نییەو ئەو بەشەکەی تریان شانسی هەیە لە جیاتی یەك پارچە زەوی، دوو پارچەی زەویان پێدراوە.
کاتێك رژێمەکانی گەڵ وازیان لە خۆشی ژیانی لاوێتی و، کارو بژێوی خێزانەکانیان هەڵگرت و، رووبانکردە شاخە سەرکەشەکانی کوردستان و، بوونە پێشمەرگەو چەکیان دژ بە رژیمە دیکتاتۆرییە خوێنمژەکان کردە شان، بە هیچ شێوەیەك بیری ئەوەیان نەکرد پاشەڕۆژ بە بۆنەی ئەم چەك هەڵگرتنە ببنە خاوەن موچەو زەوی و تەلارو باخ و تۆتۆمبێل.
پێشمەرگە: ناوێکی بەرزو پڕڕەوە، هەموو کات لەپێناو بیرو باوەڕو نیشتمان و گەلدا خۆی بەخت کردووەو، دژ بە رژێمە دیکتاتۆرییەکان و بیری شۆڤێنیستی و رەگەزپەرستی دەسەلاتە داگیرکەرەکانی نیشتمان جەنگاوەو، بەوەش سەربەرزی بۆ خاك و گەلەکەی تۆمارکردووەو، ڕۆژانە ناوی پێشمەرگە ئەبیستراێت و، زۆربەی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و ئەو کەسانەی لە پێناو ئازادی و ئاواتە پیرۆزەکانی گەلدا تێکۆشاون باسی پێشمەرگە و ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی ئەکەن و، بە چاوڕزو شانازییەوە ئەروانێنە ئەو مێژووە پر سەروەرییە، ئەمە لە لایەکەوەو، لە لایەکی ترەوە هەندێ لە بەرپرسانی دەسەلاتی کوردستان پێشمەرگەیان کردووەتە وێردی سەر زبانیان و، لە بەشەکانی راگەیاندن ئەوە دەرئەخەن کە (هەموو) داخوازییەکانی پێشمەرگەیان دابینکردووەو، هیچی تر نەماوە بۆیان بکەن و، بۆ چەواشەکردنی جەماوەری گەل و بۆ داپۆشینی تاوان و گەندەڵییەکانیان، ، دەستئەکەنە لاف وگەزافی درۆو دەلەسە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، تاکەی پێشمەرگە دێرینەکان بێدەنگ بن، تاکەی مافەکانیان زەوت بکرێن، تاکەی مافەکانیان بدرێن بە کەسانی تر، تاکەی بەرپرسانی کوردستان تەنها خۆیان بە پێشمەرگە بزانن و مافەکانی پێشمەرگە پێشێل بکەن و، بۆ خۆیان و کەسوکارو خزم و دەستوپەیوەندەکانیان هەموو شتێك دابین بکەن و، وەك بڵێت کوردستان تەنهاو تەنها ولاتی ئەوانەو، ئەبۆ هەموو (خەیرو بەرکەتی) هەر بۆ

ئەوان بێت، تا کەی گەندەڵی ریسوا نەکرێت، تاکەی رۆژی جاش بگیرێت و، پێشمەرگە فەرامۆش بکرێت، تاکەی رۆژ لە راپەرت نووسەکانی رژێمی بەعسی فاشی بگیرێت.

ئەمڕۆ لە سایەی ناوی پێشمەرگە چەندان تاقم و دەیان هەزار کەس بوونەتە خاوەن موچەی بەرزو، خاوەن ئەرزو کۆشك و تەلارو، دیارە تەنها پێشمەرگە مافی خۆیەتی بە ناوی پێشمەرگەی دێرینەوە خانەنشینی بکرێت و، زەوی وەربگرێت، بەڵام ئەمڕۆ لە سایەی میرەکانی کوردستان گاڵتە بە ناوی پیرۆزی پێشمەرگەوە ئەکەن و، پارەو ئەرزە ئەبارێن و ئەیبەخشن و ئەیدەن بە باوك و دایك و خوشك و برا و خزم و، دراوسێی و کاسەلێس و دەستوپەیوندەکانیان و،
لە کوردستان ژمارەیەك لە پیشمەرگە زەوی وەرگرتووە و، ژمارەکەی تر چاوەڕوانە بەڵام سەرۆك جاش و جەیش شەعبی و موختاری راپەرت نووس و خاوەن فایلەکان کە سیخوریان بۆ حزبی بەعس و رژێمەکەی بەغدا ئەکرد زەویان وەردەگرتووەو،
کار بەوەش نەوەستاوە هەندێك لەو سەرۆك جاش و موختار راپەرت نووسانە بوونەتە دەمراستی بەرپرسە گەورەکان و، سەرەرای ئەوەی کە لە بنچینەوە زەویان هەیە، زەوی تریشیان وەرگرتووە، دیارە کوردستان تاپۆی ئەو جۆرە کەسانەیەو، تا سەرۆك جاش و خاوەن فایەل ماوە پێشمەرگەی دێرین بۆ بەشە..
هێزو پارتە کوردستانییەکان و حزبی شیوعی پێشمەرگەیان هەبوو، هەریەك لەمانە لە سەنگەری گەلدا دژ بە داگیرکەرانی کوردستان خەباتیان ئەکردو، هیچ کات بەرامبەر بە دوژمنی دیکتاتوری فاشی سارد نەبووەو، پێشمەرگەکانی زۆر کارامەو گورجوگۆ بوون لە پەلاماردانداندان دژ بە دوژمنیان و، ئەگەر لە پێشمەرگەی لایەنەکانی تریان زۆرتر نەکردبێت، قەت کەمتریان نەکردووە.

خۆنی پێشمەرگە شیوعییەکان لە گەڵ خۆنی پیشمەرگەی لایەنەکانی تری سەر گۆرەپانی تەکۆشان لە چەندان شەرو داستاندا ئاوێتەو تێکلاوی یەکتر بوو ، بۆ نموونە لە داستانی سۆلەمیشدا خۆنی پێشمەرگەی حزبی سۆشیالیستی کوردستان تێکلاوی خۆنی پێشمەرگە نەمرەکانی حزبی شیوعی بوو، هەروا لەگەڵ پێشمەرگە دڵێرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گرتنی شارۆچکەی قەرەداغ و، پێشمەرگە ئازاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە داکۆکی کردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان لە دژی تازە شارو وئاوایی شێخ حەمیدو بناری گلدا دژ بە پرسەی چەپەڵی ئەنفال و، لە دەیان شەرو داستانی تردا.

لە سلیمانی بە هەوڵ و کۆششی هاوڕیانی حزبی شیوعی و برادەرانی

یەکێتی نیشتمانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان دامەزراو دیارە ئەو کارەش، کارێکی باش و پێزەتیقانەیە بۆ داکۆکی کردن لە مافی رەوای پێشمەرگە دێرینەکان و، هەوڵیان داوە پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان لە دەوری خۆیاندا کۆ بکەنەوەو، بەڵام خواستیان تا ئێستا نەهاتووەتە دی و، پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دووڕەپەڕزن و، نایانەوێ خۆیان بەو کۆمەڵەیە گرێ بدەن.
من وەك سەدان وهەزاران پێشمەرگە لە ولاتەکەم مافم خوراوەو، بستێك (زەوی) یەم پێنەدراوەو، زۆربەی ناسیاوەکانم باوەڕ ناکەن و، هەندێکیان سویند بەخواو بە پێغەمبەرو بە (موقەدەسات) و تەلاق ئەژن کە زەویم وەرگرتووەو ، بۆیە بڕەنگم..

من تا ئێستا (یەك بست زەوی) یم وەرنەگرتووەو، هیچ کات بڕەنگ نەبووم و، لە زۆر بواردا باسم لێکردووەو، هەمیشە وتوومە ناسیاوەکانم (هەقیان) ە باوەڕم پێ ناکەن و، ڕوو بە ڕوو پێم ئەڵێن : ئەگەر زەوی بە (تۆ) ی خاوەن تۆکڵشانێکی زۆر نەدرابێت، ئەی بە کێ دراوەو، بە کێی ئەدەن؟؟

ولامدانەوەی ئەو بەڕزانە ئاسان نییەو، بگرە زۆر سەختەو، ئەبێم : راستە زەوی بە بەشێك پێشمەرگە دراوەو، ئەوەش مافی خۆیانەو، جێی دڵخۆشی ئێمەی پێشمەرگەو ئەو کەسانەیە کە دەسزی گەل و نیشتمانن و، من لێرەدا ناچارم بە (راشکاوی) ئاماژە بەو کەسانە بدەم کە لە ریزی بەعسی دیکتاتۆری کاریان کردووە وەك سیخور، ڕاپۆرت نووس، جاش و موستەشارو کارمەندی پایە بەرزی دامودەزگاکانی ڕژێمی گۆر بە گۆرو، ئەمڕۆش هەر ئەوان لە ریزی پێشەوەن و، بوونەتە خاوەن ماف لە ئەرز وەرگرتن، مووچەی باش وپلەوپایەی بەرزو نایاب و ئەندامی پارلەمان و موستەشاری سەرۆکەکان و هتـــــــد..
من داوا لە وەزارەتی پێشمەرگە و، وەزارەتی دارایی ئەکەم مافی هەموو لایەك وەك یەك بپارێزن و، جیاوازی لەنێوان پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی وپارتی و یەکیتی و سۆسیالیست و زەحمەتکیشان نەکرێت و، بە یەك چاو سەیری هەمووان بکرێت و، هەوڵبدرێت یارمەتی تەنها بۆ حزبەکانی دەسەڵات نەبێت و، بچن بە هانای پێشمەرگە دێرینەکان کە ساڵانە ژمارەیەکیان کۆچ ئەکەن.

20/12/2018

بوش پاڵەوان و حاجییە یان تاوانباری جەنگە؟ ... ئەحمەد رەجەب

ڕۆژی شەممەی رابردوو جۆرج هێربێت واکەر بوش(جۆرج بوشی باوك) مردو چەند هاوڕاتی و نووسەرو ڕۆژنامەوان ناوی حاجی و پاڵەوان و رزگارکەریان پێ بەخشیوەو ئەوەش کارێکی ئاساو بۆچوونیی ئازادانەی خۆیانەو بەڵام باسکردنی هەندێ دەستەواژە بە توانج وپەلارو بە بێتێگەیشتتن جێ سەرنجە.

راستە لە ساڵی 1991 ئەمریکا لە بەر بەرژەوندی خۆ و، پاراستنی دۆستانی لە کەنداو، هێزی زیاتری هیناو گەیشتە ناوچەکە بۆ قاودانی سەدام حسەین لە کوێت و، ئەوەش بووە هۆ هەرەسهێنانی سوپای عێراق و، هاوڕاتیان لە باشورو ناوەراستی وڵات هەلیان بۆ ڕەخساو، دەستیان گرت بەسەرشارەکان و، راوانانی پۆلیس و ئە من و بەعسییەکان، بەڵام ئەمرێکا کە زانی سەرکەوتنی گەل لە بەرژەوەندیان نییە، شەریان راگرت و بە سەدامیان وت وەرن با ڕێکبکەوین و، سەدامیش لاوازو نابووت بوو نوێنەرەکانی ناردو، لە ژێر خیوەتی سەفوان لە عێراق بە هەموو داخوازییەکانی ئەمریکا رازی بوو، لە پاش ئەو ڕێکەوتنە پر شەرمەزاریە، هێزەکانی سەدامی دیکتاتۆر کەوتنە گرتن و کوشتنی خەڵکی راپەڕیوی عێراق و، ئەگەرنەوەئەوەندە کوژراو هەبوو سەگ و پشیلە لاشەکانیان ئەخوارد.

لە کوردستان و هەر لە هەمەمان ساڵدا {1991} گەلی قارەمانی کوردستان هەڵسان بە راپەرینە مەزنەکەی ئادار، راپەرینێکی سەراپاو گشتگیر بوو، ڕۆژانە ڕێەکەکانی گەل بە پاڵپشتی هێزە شۆرگێرەکان و هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکان رائەپەڕین وشارو شوێنی تازەیان ئازاد ئەکردو، راپەرین درێژەپێدەری تێکۆشان و بەرخودانی گەلی کوردستان بوو بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە ستەم و چەوسانەوەیەك و گەیشتن بە ئازادی و بەدیهێنانی مافەرەواکانی.
بەڵێ، ئەمریکا، وڵاتێکی ئیمپریالیزمەو، هەموو کات ئەیەوێت دەسەلاتی پەرەبسەنێت و، لە ڕێ هێزەوە بە تایبەت هێزی سوپا

دەستبگرێت بە سەر خاکی

وڵاتانی تەوەو، سیاسەتێکی بێ ئەخلاقانەیە چونکە وڵاتانی بەهێز هەوڵ ئەدەن وڵاتانی لاوازی بێ هێز بتاسێنن و، هەرچی سامانیان
هەیە ببەن و، لەم بارەیەوە { فلادمیر ئیلتچ لێنین} ئەڵێت : ئیمپریالیزم بڵندترین قوناغەکانی سەرمایەداریە.

بوش پاڵەوان نەبوو بەڵکو تاوانباری جەنگ بوو، با بە چەند دڕێك (مشتێك لە خەروارێك) ئەم پاڵەوانە بە هەوادارانی بناسێنین :
بوش لە ساڵی 1944 بێ مولازم لە سوپای ئەمریکاو، بە فڕۆکەی جەنگی لە جۆری (گرومان تی. بی. ئێف ئەفێنجێر) هێرشیکردە سەر دامودەزگاکانی جاپان و، هەزاران کەس بوونە قوربانی و، بوش سەرەرای ئەوەی فڕۆکەکەی تووشی لێدان بوو بەربووەوە، بە پەرەشووت خۆ رزگارکردو، هەروا لەو جێرە کارانەو خەڵك کوشتن بەردەوام بوو.
هێرشکردنە سەر وڵاتی پەنەما کە ژمارەی دانیشتوانی دوو ملیۆنە و، فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا دوو بۆمبیان خستەخوارەوە، قورسی هەر بۆمبێك (1000) رەتڵ بوو، گەرەکیی کڕۆکارانی هەژاری گرتەوە، بووە هۆ کوشتنی (4000) هەزار هاوڵاتی و، نزیکەی 50000 بەبێ خانوو مانەوە، سەربازەکانی ئەمریکا بەنزیینیان کردەسەر 30 تەرمی کوژراوەکان و، ئاگریان تێبەرداو سووتێنران و، پاشان بوونە خۆراکی سەگەیل.

ئۆرلاندێ بوش (هاوڵاتییەکی کوبی) بوو، لە کاتی شۆرشی کوبا لە ساڵی 1959 هەڵهات و، چووە ئەمریکاو، لە ساڵی 1968 وە دەستگیر کراو بە 10 ساڵ سزادراو، پاشان لە ساڵی 1972 ئازاد کراو چووە فەنزویلاو، دیسانەوە بە هۆ تەقاندنەوەی فڕۆکەیەکی کوبی بە { 73} سەرنشین و، لە ناویاندا تیمێکی وەرزشی کوبا Fencing گیراو سزادراو، لە دوای چەند ساڵێك بە هۆ مافەکانی مرۆڤەوە بەرەڵا کراو، گەرایەوە بێ ئەمریکاو.جاریکی تر گیراو، بە پێ فەرمانێکی ""پاڵەوان"" بوش ئازاد کرا.
سەرۆك بوش داوایکرد یارمەتی سەدام حوسەین و عێراق بدرێت بە پارەو چەك و، بێ ئەو مەبەستە فەرمانی دەرکردو، ئەوە بوو وەزارەتی دەرەوە 73 رۆکەوتنامەی چەکی لە گەڵ عێراق بەست، زوربەی چەکەکان مەترسیدار بوون (چەکی بیولوجی و کیمیاوی) و، هەر لەو رووەوە بەناو قەرزو، لە رێ(ئەتەلانتا بانك) چەندین ملیۆن دۆلاریان پێشکەش بە رژێمی سەدامی دیکتاتۆر کردو، ئاگری شەری عێراق – ئێرانیان زیاتر خۆش کردو، سەدام هەمان یارمەتییەکەی جورج بوش لە

ئەنفالی گەلی کوردستان بەکار هێناو، پێویستە هەموو کەس بزانێت ئەمریکا بە دوای بەرژەوەندی خۆ ئەگەڕێت.

تاوانەکانی جورج بوش زۆرن و، بێ لە کوشتن و یارمەتیدانی رژێمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکان، تاوانی تر هەیە وەك: گیچەڵی سیکسی، بازرگانی بە ماراجوناو مادە هوشبەرەکان و،زۆر شتی بێ ئەخلاقانە.

7/12/2018

زمان برین و تۆمەو شەرە کورسی … ئەحمەد رەجەب

باسی کورسی سەرۆك کۆمار زۆر گەرمەو جگە لە سەوز (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و، زەرد (پارتی دیموکراتی کوردستان) کەسانی تریش خۆیان کاندید کردووە و، یەکێك لەوانە، لە کۆمەڵی ئیسلامییە بە ناو سەلیم شوشکەیی و، ئەم کەسە لەلایەن ئاسایشی هەولێر داواکراوە، گوایە دەستی لە هێرشەکەی سەر پارێزگاری هەولێر هەیەو، بەرهەم سالەح دوای تۆران و پێکهێنانی لیستێك و، بەشداری هەڵپژاردنی عێراقی کردو، ئەنجامەکەی بە دەڵ نەبوو، لەم رۆژانەدا ئاشتکرایەو، وەك جێگری سکرتیر بەشداری کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی کردو، لە کۆبرکێ لە گەڵ دوو کەسی تر بۆ سەرۆك کۆماری عێراق زۆرترین دەنگی هێناو، ئەوەی سەیرە کەسیك یەك دەنگی هێناوە (دیارە دەنگی خۆیەتی) سووڕە لە سەر خۆکاندیدکردن.

نهێنییەك لای پارتی هەیەو، نایدرکێنێ و، حەز بە بەرهەم سالەح ناکەن و، پێیانخۆشە فوئاد مەعسوم یان مەلا بەختیار ئەو پێستە وەربگرن و، ئەڵێن ئەگەر بەرهەم سالەح بمێنێتەوە وەك کاندیدی یەکێتی ، پارتیش کەسێکی ئامادەکردووەو بۆ ئەو پێستە، بە ڕوون و ئاشکرا دەستی دەرەکی لەو کێشمەکێشە هەیە و، زۆرانەکە لە نێوان ئەمریکاو ئێرانەو، ئەم ڕەفتارانە کاردانەوەی خراپی بە دووایەیەو، ودیسانەوە بەبێ پرسی گەڵی کوردستان بەرپرسان قەیرانێکی تر دروست ئەکەن.

رۆژگار شتی سەیرو سەمەرەەی تیایە نەیاری دوێنی ئەبێتە خۆشەویستی ئەمرۆ، مۆژوو هەموو شتێك دەرئەخات، مەلا بەختیار بەرپرسی مەبەندی یەکی یەکێتی بوو، بەنیازی شەر راگرتن لە نێوانی یەکێتی و پارتی و حزبی سۆشیالیستی کوردستان بە هاوکاری هاوڕیانی حزبمان – حزبی شیوعی لە دێی قولەگیسکانی شارباژێر کۆبوونەوەیەکی هاوبەشکراو، بریاردرا شەر بوەستێت و، چیتر پێشمەرگە بە دەستی پێشمەرگە نەکوژرێت و، دوای چوار رۆژ یەکێتی گەمارۆیی بارەگاکانی هەردوو حزبیدا لە چاپەخەزێنە و، مەلا بەختیار بە دەنگی بەرز لە رێی بێسیمەوە (لاسلکی) لە دێی حاجی مامەند هاواری ئەکردو هانی پێشمەرگەکانی ئەداو ئەیوت هەچیان نەماوە ، ئەم خائینانە دەرپەرێنن و سنور بەدەریان بکەن.
دیکتاتۆرسەدام حوسەێن و حزبی بەعسی عەرەبی و رژێمە خوێنرێژەکەیان قاڵبوون لە بریتی زمان و گۆڵ ولووتی سەربازی هەڵاتوو لە بەرەکانی جەنگدا بەرامبەر بە ئێران و، ئەو سەربازانەی رایانکردبوو، خۆیان شاردبووە (فیرارەکان) و، بەرامبەر بەو کردەوە نامرۆڤانە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و تەنانەت وڵاتانی رۆژئاواو دیموکراسی نە هاتنە دەنگ و، ئەو کارە ریسوا بکەن.

بازاری هەبژاردن زۆر گەرمەوەو، لێرە ژنێك (کاندیدی) پارتی لە سەر ریبازی دیکتاتۆری رووڕەش سەدام حوسەێن باسی زمان برین و، لەو دوو سەرۆك ئیسلامی صلاح الدین بەهاء الدین و، یەکێك بەناو عەلمانی (عومەری سەید عەلی) باسی تێە سەندنەوە ئەکەن.
کاندیدەکەی پارتی لەگەڵ سەرکی لیستی پارتی (هەمن هەورامی) وەستا بوو کاتێ دێگەرمانە باسی زمان برینی کردو، سەرکی لیست نقەی لێوە نەهات و، دیارەبەوجۆرە رەفتارانە راهێنراون، لە سونگەی (هەڵپژاردن) کە لای ئەوان شەرەو، پێویستە لە داهاتوو کەرەستەی شەرکردن لە بوتەی ئاو بگوزرتەوە بێ تێاو و شمشێرو پلایس و کەتەرو دەرنەفیس.

صلاح الدین بەهاء الدین وەك ئیخوانەکانی هاوشێوەی لە حەماسی فەلەستینی و تاقمەکەی محەمەد مورسی میسری و دواکەوتووەکانی تالیبان و پاکستان و عومەر ئەلبەشیری سودان بیر ئەکاتەوەو، مەگەر خۆ نەبوو، لە نامەکەی بێ خەلیفەی دڕاو نووسی (خوا بتانپارێزێت)، ئەو ئەردوکانە کە باکوری کوردستانی تەختکردو، خەکی سڤیلی بێتاوانی کوشت و هەزاران ئاوارە بوون و، لە ئێستادا خاکی باشوری کوردستانی داگیرکردووەو، روون ئاشکرا ئەێت هاتنمان بێ ئەوەیە قەندیل بگرین (نەیخێ تاڵە)، بەڵام عومەری سەید عەلی

بە نیازەوەك سومبولەكەی رەفتار بكات كە لە شەری پشتاشان وتی شیوعییەكان كەمیان ماوە بیانگرن و پەروباییان بكەن و، مژوو وەامی ئەو جورە بچوونە هەانە ئەداتەوە، شیوعییەكان ماون و قەت بنبر ناكرن.

رژانی داهاتوو پرە لە رەفتاری نەشیاو پارتی و یەكێتی وەك خاوەنی كوردستان ئەیانەوێت هەرم بكەنە دەسكەلاو، شەری ئەم و ئەوی پێ بكەن و، كێشەو ناكۆكی لە ناو هەردوو حزب هەیەو، درەنك یان زوو كودەتا بەرپا ئەبێت و، بارودۆخەكە ئەتەقێتەوە.

چۆن هەڕپژاردنێك وكام پەرلەمان پێویستە؟... ئەحمەد رەجەب

هەڕبژاردن ئەكرێ یان ناكرێ و، بكرێ یان نەكرێ بەلای خەڵكەوە زۆر گرنگ نییەو، پەرلەمانی پێشوو، نموونەی پەرلەمانێكی ئیفلیجو بێ تواناو سەقەت بوو، مۆركی تاكە حزب لەكارو بریارەكانیدا باوادەست و زاڵ بوو، خەڵكی بۆزارو نیگەران كردبوو، لە ئەمڕشدا حزب و لایەنە سیاسییەكان پرش و بۆاون و تەبایی و یەكریزی نەماوەو لێرەو لەوێ لایەنێك راشكاوانە لە گەڵ هەڕبژاردن نییە بەڵام لایەنێكی تر بۆی لواوەو سوورەو لە سەر ئەنجامدانی و، بووەتە بریاردەرو بە هەموو جۆرێك خۆ سەپاندوەو لای ئەوان دواخستنی هەڕبژاردن پێشڵكردنی یاسا و ئیرادەی گەلی كوردستانە!.

هەڕپژاردن لە وڵاتانی پێشكەوتوو پرسەیەكە، هەموو كات جێی رزو شانازی هاوڵاتیانەو، بە شێوەیەكی دیموكراسی و لە كەش و هەوایەكی هیمن وئارام بەرێوە ئەچێت و، هاوڵاتیان ئازادانە نوێنەری خۆیان دەستنیشان ئەكەن و، دەنگییان پێ ئەدەن و، لە كاتی راگەیاندی ئەنجامەكانی، براوەو دۆراو، وەك یەك بە دڵێكی فراوانەوە وەری ئەگرن و، دۆراوەكان پیرزبایی لە براوەكان ئەكەن و، كەس باسی دزیی دەنگ ناكات.

لای خۆمان هەندی دەم بەتاێ باسی دیموكراسی ئەكات و، سەرەرای ئەوەش لایەنەكان بە گوومانەوە بەرەو سنووقی دەنگدان ئەڕۆن و، هەندێكیان(

حزبە بچوکەکان – ئەمە دەستەواژەی نەیارانە) ترسیان هەیە دەنگەکانیان بدزرێن وەك لە هەڵپژاردنی مانگی ئایاری ئەمساڵ بۆ پەرلەمانی عێراق رووبداو، "" حزبە گەورەکان"" خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ دزینی دەنگەکان و، لە بیرتان نەچێت جارێکیان " بەرپرسێك " کە خۆی بە دیموکراتی مەدرن بیست عەیار ناو ئەبات، چاوی سوور کردەوەو شەکری شکاندو وتی: گرنگ نییە ئەگەر تەنها یەك کورسیمان هەبێت، چونکە ئیمە هەزمان هەیە، ئەم قسەیە زۆر ترسناکە.

لە ناو قەیرانەکانی حکومەتی کوردستان (بنکە فراوانی پێنجی حزبی) و، لە سەرووی هەموویانەوە فرێشتنی نەوت بە خراپی و، بێ کاریی و، بێ موچەیی و، بێ ئاوی وکەمی کارەبای رۆژانەو، بار قورسی و خراپی ژیان و گوزەرانی خەڵك، کومسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بریاریداوە 30 ئەم مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت و، بە پێی ئاخافتنەکانیان هەموو ئامادەکارییەکیان بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامداوە.

دیارە هەر چەندێك بێت هەڵبژاردن ئەکرێت و، لایەنەکان (پێیان خۆش بێت یان تاببێت) بەشدار ئەبن و، نوێنەرانی پەرلەمان هەڵئەبژێرن و، لێرەدا پرسیار ئەوەیە گەلی کوردستان کام پەرلەمانی پێویستە؟ پەرلەمانیکی ئیفلیج و بێ توانا؟ یان پەرلەمانێك بتوانێت بریار بدات و، کاروباری هەرێم ڕێکبخات و، چاودێری حکومەت لە هەموو رووبەکەوە بکات و، هەر لە دەستپێکردنی کاری پەرلەمان پێویستە سنووردار بێ ئەو کەسانە (پەرلەمانتارانە) کە ڕۆژ لە سرودی { ئەی ڕەقیب} ناگرن و، هەوڵی شێواندنی ئەدەن دابنرێت ، چونکە شێواندنی ئەو سرودە نەتەوەییە تاوانە بەرامبەر بە کلتورو مێژووی خەبات وتێکۆشانی کوردو،{ ئەی ڕەقیب} بووەتە ڕەمزو سیمبولی خەبات و، لە مێژەوە بوو بە سرودی کوماری کوردستان لە مەهابادو، لێ دوای ڕاپەڕینی 1991و دروستبوونی پەرلەمانی کوردستان، سروودی { ئەی ڕەقیب} وەکو سروودێکی نیشتیمانی لێ هەرمی کوردستان ناسراوەو، لە داهاتووشدا پێویستە پەرلەمان سزای ئەو "پەرلەمانتارانە" بدات کە لە کاتی خوێندنی { ئەی ڕەقیب } دائەنیشن و هەڵناسن و، نابێت هیچ پاساوێك (قبوڵ) بکرێت و، باشترە بکرێنە دەرەو، بە چاوی سوك تەماشا بکرێن و، ئەوەی ریز لە سرودی نەتەوەکەی نەگرێت بە تایبەت پەرلەمانتار نابێت ریزی لێبگیرێت و، ئەمەش لەوانەیە پێشکەوتوو قەت رووندات.

لە پاش هەڵبژاردن نابێت حزب "" هەرچەندە قەوارەی گەورە بێت"" جێی حکومەت بگرێتەوەو، بریاردەر بێت و، ئارەزوومەندانە وەك

رووبدا بازگەی دێگەە یان پردێ بەرووی پەرلەمانتاران دابخات و، هەروا نابێت رێگریان لێ بکات بچنە هەولێر یان شارێکی ترو، کوردستان وڵاتی تەنها حزبێك نییە و، وڵاتی هەموو کوردانەو، ئەوەی لە پردێ رووبدا بەرامبەر بە سەرکی پەرلەمان رووبەکی رەشی ئەو ئازادییەیەێ کە دەسەڵاتداران بانگەشەی بێ ئەکەن و، لە جیهاندا کاری وانەکراوە سەرێك پەرلەمان (هەر کێ بێت) ڕێی لێبگرێت و، پایتەختی لێ قەدەغە بکرێت. جێی ئاماژەیە، ڕۆژی 12-10-2015 بەفەرمانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بازگەی (پردێ) ڕێگری لە د.یوسف محەمەد سەرکی پەرلەمانی کوردستان کرا بێ چوونە ناو شاری هەولێر، هەروەها لەماوەی رابردوودا چەندین پەرلەمانتاری گێانیش روبەووی سوکایەتیکردن بوونەتەوە لە بازگەی پردێ و دێگەە.

ئەبێ پەرلەمان بوێرانە لێکێینەوەو بەدواچوون دەربارەی تێهەدان و گرتن و کوشتنی هاوڵاتیان بە گشتی و نووسەرو ڕۆژنامەنووسان بە تایبەتی بکات و، ئەو کەیسانەیان (فایەلەکانیان) کە پێشتر شاراوە بوون بخرێنەوە ڕوو، کار بکرێت یاسا سەروەر بێت و، بکوژانی { سورانی مامە حەمەو سەردەشت عوسمان و کاوە گەرمیانی ونهاد حوسەێن } و بارزان ڕەشیدو، ئەوانیتر دادگایی بکرین و، بگەنە سزای ڕەواو، هەروا پەرلەمان داوا بکات ئەو بەرپرسانەی داێدەی بکوژان ئەدەن بدرێنە دادگا، دەسەڵاتداران ئەێن یاسا سەروەرەو، (لە پەنای سەروەری یاسا کاری خراپە ئەنجام ئەدەن).

ئەبێ پەرلەمان لێکێینەوە لە بارەی نەوت و سامانە سروشتییەکان بکات و، بگەڕێت بە دوای پارەوپولی فرۆشتنی نەوت لە ماوەی رابردوودا، داوا بکات ئەو کەسانەی دەستیان لە شاردنەوەو و بردنی سامانی هاوڵاتیانی کوردستان هەیە، بدرێن بە دادگاو، لە ڕێی دادگاوە هەوڵ بدرێت بێ گەرانەوەی ئەو پارەیە براوەتە دەرەی هەرێم کە دەیان ملیار دۆلارە..
ئەبێ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان هەوڵ بدەن بێ سەروەری هەرێم و، داکوکی کردن لە خاك و بەرژەوەندی گەلی کوردستان و، سوور بن لە سەر دەرکردنی پێگەو مێگاکانی تورکیا لە ناو خاکی کوردستان و، هەوڵبدەن بێ ئەوەی وڵاتانی "" دراوسێ "" چیتر سنووری کوردستان نەبەزێنن و، لە ئێستادا فرۆکە جەنگییەکانی تورکیاو توبخانەکانی، لە گەڵ توبخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەوسی خێیان خاك وگوندەکانی کوردستان ئەکوتن و تێپبارانیان ئەکەن و، زەرەروزیانێکی گەورە گیانی و ماڵی لیئەکەوێتەوە.

ئەبی پەرلەمان بەشیوەیەکی وریاو گونجاوو، لێهاتووانەو، بەبێ (موزایدە) باسی سەربەخۆیی وەك مافێکی رەوای گەلی کوردستان بخاتە ناو پرۆژەو پروگرامەکانی و، لە رێی دیالۆگ ودانوستان لە گەڵ حکومەتی عێراق بگەنە ئەنجامێکی سەرکەوتووانەو، نابێت قەت ناوچە دابراوەکان لە بیر بکرێن و، هەموو کورد چاوەروانی ئەوەیە، ئاواتە گەورەکەیان کە سەربەخۆییە بێتەدی.

ئەرك و کاروباری پەرلەمانتاران زۆرەو، پێویستە دڵسوزانە کار بکەن و جێی متمانە بن و، لێردا هەندێ لەو ئەرك و کارانە وەك سەرەقەڵەم ئەنووسم و، هیوادارم چارەسەریان بێ بدۆزنەوە : نەخشی گەورەی کەمەگە (بێکاری) یە، ژیان و بژێوی هاوڵاتیان، ئابوری کوردستان، دابەشکردنی زەوی و گرانی کرێ خانوو، نەخشخانەکان و گرانی جۆری دەرمان و، زۆری دەرمانخانەکان (صیدلیات) و، کارکردن بەبێ مۆڵەت، موچە، خانشینی کەم ئەندامان و پشمەرگەی دێرین، ئاوو کارەبا، خوێندن و ناورێکی کتێبەکان لە قۆناغی سەرەتاییەوە بەرەوسەر، باری قوتابیان و بەشە ناوخۆییەکان، دامەزراندن بە تایبەت دەرچوانی (خریج) پەیمانگاو زانکۆ، یەکگرتنەوەی هێزەکانی 70 و 80 و سوپای کوردستان، بنبرکردنی گەندەڵی، لێکۆینەوە لە سەر کۆمپانیاکان، نەوت، پاڵاوگا، چێمەنتۆ، راگەیاندن و زۆری تەلەفزیۆن و کەناڵی ئاسمانی و چۆنێتی دابیکردنی خەرجەکانیان. وردکاری تر لە سەر بارودۆخی کوردستان و دیارە هەر پەرلەمانتارێك زۆر شت لە بارەی کوردستانەوە ئەزانێت.

13/8/2018

وەرزشوانانی جیهان و بەرپرسە گەندەڵەکانی کوردستان … ئەحمەد رەجەب

زۆربەی بەرپرسە باڵاکانی کوردستان لە پاش ڕۆژانی پشمەرگایەتی و هەڵگیرسانی راپەرینە مەزنەکەی گەلی کوردستان لە شاخ گەرانەوە بێ ناو شارەکان و بە پێی پێگەی هەردوو حزبە زەبەلاحەکە پارتی و

یەکێتی کوردستانیان دابەش کردو هەر یەك جگە لە پێشمەرگەکانیان لە شاخ دەیان هەزار گەنجیان وەك پێشمەرگە ناونووس کرد بۆ پاراستنی خێیان و دەسکەوتەکانیان و پاشان چوون بەگژی یەکترو شەڕکی چەپەێیان دروستکردو سەدان کەس شەهیدو پەککەوتە وسەقەت بوون و سەدانی تریش تا ئێستا بۆ سەرو شوێنن.

ئێمە وەك پێشمەرگەی حزبی شیوعی دێستایەتیمان لە گەڵ هەموو حزبەکانی سەر گۆرەپانی تێکۆشان دژی دیکتاتۆر سەدام حوسەێن و حزبی بەعسی عەرەبی هەبوو، لە زۆر شوێندا بارەگاکانمان تێکێاوو، لە یەکتر نزیك بوون، بۆ نموونە لە بانی شار لە شاخی سەرکەشی سورێن و، لە چەمەك و سپارو گێلی سیاگوێزو قەرەداغ شوێنەکانی تر.

بە هۆی نزیك بوونی بارەگاکانمان و، بۆ کاروباری هاوبەش زوو زوو سەردانی یەکترمان ئەکردو، بە چاوی خێمان هەندێ بەرپر سمان ئەبینی ماتو مەلول دانیشتوون و، هەندیکیان بە هۆی بێکاری مێشیان قاو ئەداو، سەرەرای ئەوەی لە ئێران یارمەتی و ئازوقەیان وەرئەگرت ،بەڵام بە هیچ شێوەیەك خواردنی ڕۆژانەیان لە گەڵ خواردنی پێشمەرگەکانی حزبمان بەراورد نەئەکراو، زۆرجار داوای یارمەتیان لە حزبی شیوعی کردوەو، بۆ مۆژوو پارتی و یەکێتی بە بسۆەی (برگ عبور) بۆ شارەکانی ئێران یارمەتی ئێمەیان ئەداو، هاوریانمان هاتووچێیان ئەکردو، لە پاش پرسەی ئەنفالی بۆفەرەو قیزەوەن هاورێیانمان لە هەوێیرو دەشتی موسێ و دهۆك گەیشتنە بارەگای مەبەندی سلێمانی و کەرکوك لە دۆڵەکێگاو گوێزێ ڕۆژانە ئێتمبێلێك ئازووقە لە ئێرانەوە ئەگەیشتە بارەگاو، هاورێ شوان تەرخان کرابوو بۆ کرینی ئازووقەو ناردنی و، پارتی و یەکێتی جێی سوپاس بوون.

لەو سەرگوزشتەیەی سەرەودا دەرکەوت هیچ کەس لە بەپرسەکان خاوەنی (هیچ) نە بووە بەڵام ئەمرۆ بە هۆی خۆسەپاندن و دزی نەوت و، هێنانی دەرمانی ئێکسپایرو، جگەرەو تەنانەت دەرمانە پەهێشییەکان (مخدرات) ێ و، دەسەێات بوونەتە خاوەن کێگەو سامان و خاکی کوردستان و، ئەوانەی دوێنی نانیان نەبوو بیخێن، ئیستا خاوەنی کارگەو تەلارو باخن و، هەر بەرپرسێك بە ئارەزوی خۆێ باشترین زەوی کوردستانی داگێر ردووەو، نموونەش زۆرە شەقلاوەو خانزادو وڕێ هەولێرو عەلیاوەو بابە مەحمودو بنکورەو ، میرگەپان و سەرگەلوو بەرگەێوو، سەری رەش و قەڵاچۆلان و تەوێلەو بیارەو دەربەندزەلتەو هەرچی جێی نایاب و دلفرێن و بەرزایی هەیە.

باوەر ناکەم هیچ بەرپرسێك لەوانەی لە شاخ نان نەبوو بیخۆن دز نەبن، ئەگینا چۆنێتی تەلار دروست ئەکەن و گەراجی ئۆتۆمبێلەکەیان لە سەرووی تەلارەکە بێت و، لە حەوشەی ماڵەوە مەلوانکە (مسبح) هەبێت و، خاوەنی کێکەی نەوت وغازوو چیمەنتۆو مۆ و، هەروا خاوەنی سەدان ئیزگەو ویستگەی تەلەفزیۆن و کەناڵی ستەلایت و دەزگای راگەیاندن بن و، بە پارەی گەل خەرجی هەزاران رۆژنامەنووس و پشکەشکارو کامێرەمان و دەرهێنەرو کارەباو کەرەستەی هونەری و شتی تر دابین ئەکەن.

هەر بەرپرسێك ژمارەیەك پشمەرگە یان پۆلیسی هەیە بێ پاراستن (حمایە) و، بەرپرسە (نیمچەباڵاکان) هەریەك بەتالیۆنێك یان لێوایەك و بگرە زیاتر کەسی هەیە بێ پاراستن و، ئەوانەش خەرجێکی زۆریان هەیەو، خوا نەیبری موچەی مانگانەشیان بە کەموکورتی پێیان ئەدرێت و، بەرپرسە (باڵابەرزەکان – زۆربەرز) هەر یەك فەیلەقێکی پشمەرگەی هەیە و، پێویستە ئاگادار بن زۆر کەس لە پشمەرگەو پۆلیس و هاوڵاتی لە بەر بێ پارەیی خۆیان ئەکوژن.
براورد بەو کارەساتانەو دزێی و گەندەڵی لە زۆر بواردا، وەك گواستنەوەی سامانی کوردستان بێ تورکیای رەگەزپەرست و ئیتالیاو نەمساو سویسراو بریتانیاو ئەمریکاو وڵاتانی تر، کرینی زەوی و مۆ و دروستکردنی ئاپارتمان و تەلار، ناتوانن ئاو کارەبا بێ گەل دابین بکەن و موچەی کرێکارو فەرمانبەرو پشمەرگەو پۆلیس دابین بکەن.

لە لایەکی ترەوە وەرزشوانانی جیهان بە پێچەوانەی بەرپەرسەکانی کوردستان یارمەتی نەخۆش و ئاوارە ئەدەن و، خەستەخانە دروست ئەکەن و، بەشداری تەواویان لە کاروباری کۆمەڵایەتی هەیەو، بێ نموونە مێسی { باشترین یاریزانی جیهان} و یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی و، هەڵبژاردەی ئەرجەنتین دەزگایەکی خێرخوازی لە ئەرجەنتین کردەوە، بێ یارمەتیدان و فێرکردنی ئەو منداڵانەی تەندروستی و بارودۆخیان خراپەو، ناردنی منداڵانی پەککەوتە بێ ئیسپانیاو تیمارکردنیان و، کاتێك منداڵە سوریەکە لە سەر لێواری دەریا لە تورکیا دۆزرایەوە، مێسی یەکسەر (100) هەزار یۆرۆی بەخشیە منداڵانی سوریا کە بە هۆی جەنگەوە تووشی ناخۆشی و دەربەدری بوون و، هەروا یارمەتی پشکەش بە نەخۆشخانەیەکی بۆسنەی کردو، لە جزایر (3 سێ) خەستەخانەی گەرێك (عیادە متنقلە) دامەزراند بێ خزمەتکردنی هەژارو منداڵان. .

کریستانو رۆنالدو- باشترین یاریزانی جیهان – و یانەی یۆفانتۆس و هەڵپژاردەی پورتەگال و، جۆن سینای ئەمریکی – پاڵەوانی زۆرانبازی و – سیرینا ولیامز (یەکەمی جیهان لە تێنیسی سەر زەوی) و، نۆمار

دا سیلفا یاریزانی پاریس سانت جیرمانی فەرەنسی، بە پێی رێکخراوێکی ئەمریکی تایبەت بە کاروباری خێرخوازی (DoSomething) ئەو ئەستێرانە دەیان ملیۆن یەرویان بەخشیوە بە لیقەوماوانی نەخۆشی سەخت و دژوارو، بۆ نموونە رۆناڵدو بە تەنها (5) ملیۆن یەرێی دا بە لیقەوماوانی ئەو بومەلەرزەیە کە لە نیپاڵیداو، بووە هۆی لە ناوچوونی زیاتر لە دوو هەزار کەس و، هەروا بەشداری کرد لە کێکردنەوەی یارمەتی بۆ نیپاڵ و، ئەوەی دەستکەوت دایان بە دەزگای خێرخوازی – Save The Children. و، بەشدارکردنی وەرزشوانان لە زۆر بواری تردا دژی نەخۆشی شیرپەنجەو فایرۆسی (سی) و، میسی و سیرینا ویلیامز دەستیان کرد بە کێکردنەوەی یارمەتی لە پێناو باشکردنی ژیانی (58) ملیۆن مناڵ لە جیهانداو فیرکردنیان و، لە ساڵی 2010 وە میسی بوو بە باڵوێزی نیازپاکی یەنیسیف بۆ پشتگیری لە مافی مناڵان..

یاریزان وئەفسانەی تۆپی بەرازیلی پێلێ بریاریدا هەرچی لە یاری تۆپی پێ (فوتبال) دەستکەوتووە وەك : تیشێرت و پێاو میدال (مەدالیا) کە لە ساڵی 1958 لە جامی جیهانیدا دەستیکەوتووە لە بازار (مەزاد) بفرۆشێت و، چەند کێکرایەوە بدرێت بە نەخۆشخانەی منداڵانی سوریتیبا لە بەرازیل. و، زۆر لە یاریزانانی ناسراو پێاوەکانیان کە جێی شانازییانە بدەن بە کێمەەکانی خێرخوازی لەو وڵاتانەی مناڵی نەخۆش و هەژاریان هەیە و بۆ دەرامەتن و، جێی شانازییە یاریزانی لاوی هەبێژاردەی فەرنسا { کیلیان امپاپێ) بریاریدا هەرچی وەرئەگرێت لە هەپێژاردەی وڵاتەکەی بە مناڵانی نەخۆش ببەخشێت.

بەرپرسە باڵاکانی کوردستان دزی ئەکەن وبە سامانی وڵات فێللاو تەلارو خانوبەرە دروست ئەکەن و ناتوانن کارەبا دابین بکەن و، زۆرجار لە سەر (شاشەی تەلەفزیۆن وکەناڵە کوردییەکان) دڕیان کردووەو، یەکێکیان زۆر دڵگەرم بوو بە دەنگی بەرز لە ساڵی 2009 وتی : ئەگەر ساڵیکی تر کارەبا 24 کاتژمێر نەبوو، ئەوا پێستەکەم بەجێئەهێڵم و، وا ساڵ 2018 و کابرای درۆزن داوای پێستی بەرزتر ئەکات و، ئەوەندەی یاریزانانی جیهانیان لە دەست نایەت..
وەزیری خوێندنی باڵای هەرێم یەکێکە لە وەزیرانەی کە گوماندەکریت لە چەندین فایلی گەندەڵییەوە تیوە گلا بێت و پێستەکەی بۆ خۆی دەوڵەمەندکردن بەکار هینا بیت، ئێمە لێرەدا باسی زۆر شت ناکەین و تەنها ئاگاداری ئەکەینەوە خۆی چاك بکات و دەست لەو کارە خراپانەی هەلگریت ئەگینا فەیسبووك و راگەیاندنەکانی کوردستانی و دنیای لێ

پر ئەکەین و رووی راستەقینەی ئاشکرا ئەکەین
ئەم وەزیرە هەموو هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆراکانی کوردستانی ناچار کردوە بچن شەهادەی ئایەلس و دەورەی زمانی ئینگلیزی ببینن، لە کاتیکدا هەر تاقیکردنەوەیەك بۆ بەدەستهێنانی ئەو شەهادەیە نرخەکەی نزیکەی 300 دۆلارە، نرخی بەشداریکردن لە هەر خولیکیش نزیکەی 500 دۆلارە، بەمەش هەزاران ماستەر و دکتۆرای کوردستان ناچار ئەبن هەریەکەیان بڕی 300 دۆلار بدەن بە تاقیکردنەوە و 500 دۆلار بدەن بە خولی زمان، بەمەش ملیۆنەها دۆلار کە ئەبێتەوە ، پاشانیش سەنتەرکانی تاقیکردنەوەی ئەزانن ئەمە پێویستی زانکۆیە بۆیە هەرگیز ریگە نادەن ئەو خویندکارە بە یەکەم تاقیکردنەوە نمرەی پێویست بەدەست بهێنێت بۆیە ئەبیت چەند جارێك تاقیکردنەوە بکات و چەند جارێك 300 دۆلار پیشکەش بکات، گومان ئەکریت وەزیر خۆی لە پشت ئەم سیناریۆیەوە بێت پشتکیکی گەورەی ئەو داهاتە زەبەلاحە کە ملیۆنەها دۆلارە بۆ وەزیر بروات
شتی تریش زۆرە وەك تەداخولی وەزیر لە زانکۆ ئەهلییەکان، زۆری تر … ئیمە چاوەری ئەکەین بزانین وەزیر خۆی چاك ئەکات و بە بریارەکەی خۆیدا ئەچیتەوە یان نا، ئەگەر سوور بوو ئەوکات ئیمە کاری خۆمان ئەکەین و رووی ئەو وەزیرە و حزبەکەشی کە یەکیتیە بۆ دنیا ئاشکرا ئەکەین ،،، هیوادارین وەزیر بیسەلمینیت کە پیاویکی پاکە

ئەحمەد رەجەب
4/8/2018

لەگۆ وراوەکانی عەلی قەرەداغی و ئیخوانچییەکان … ئەحمەد رەجەب

لە کۆتایی ساڵی 2010 وەو لە پێناو ئازادی و کارو نان و بژێوی هەژاران و بۆ لە ناوچوونی رژێمە دیکتاتۆرییە خوێنرێژەکان و بنبرکردنی گەندەڵی لە چەند وڵاتێکی عەرەبی زەنجیرەیەك خۆپیشاندان بەرۆوەچوو، کار گەیشتە خۆ سوتاندن و ئەوە بوو لاوێکی هەژاری

زەحمەتکیش خەڵکی وڵاتی تونس کە لە سەر عەرەبانە سەوزەو میوەی ئەفرۆشت بە ناوی { محەمەد ئەلبو عەزیزی} خۆی سوتاندن و، شۆشی گەلی تونس دەستپێکردو بووە هۆی روخانی دەسەلاتەکەی دیکتاتۆر زین ئەلعابدین بن عەلی و دواتر ژمارەیەك لە وڵاتانی عەرەبی گرتەوەو، گۆلانی ڕۆژهەڵات هیوایان لەسەر ئەو خۆپشاندانانە هەڵچنیبوو بەڵام دەرکەوت نمونەی کاولکاری و کۆمەڵکوژیە.

شۆرشەکان لەو وڵاتانە بە بەهاری عەرەبی ناونران و، بێنە هۆی روخانی دەسەڵات لە چەند وڵاتێك لەوانە: تونس و میسرو لیبیاو یەمەن و، حزبە ئیسلامییەکان توانیان جەڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست و، ئەوە بوو هەڵبژاردنەکانی وڵاتی تونس ڕێگایان خۆشکرد بۆ حزبە ئیسلامییەکانی تری وڵاتانی عەرەبی و، لەوانە سەرکەوتنی حزبی ئیخوان ئەلموسلمین لە میسرو، هاتنی محەمەد مورسی و، شۆرشەکانی بەهاری عەرەبی بە پێی هەندی پسپۆری شارەزا لە ساڵی 2013 وە بوو بە شۆرشەکانی زستانێکی ساردوسر، چونکە ئیسلامییەکان پتر لە کەسانی تر دژی ئازادی و مافی مرۆڤن و، بە هەموو توانایانەوە سەرکوتکەرن وئارەزووی خوێنرشتنن و، بۆ نموونە کردەوەکانی محەمەد مورسی لە میسرو ئیسلامییەکان لە لیبیاو یەمەن وحزبە دژەکەی خەلیفەی ئیسلام "" ئاکپارتی "" لە تورکیادا ئەو بۆچوونە پشتراست ئەکەنەوە.

گەلی کورد لە لایەن دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە دووچاری ڕاونان و کوشتن وبڕین بووەتەوەو، بەردەوام ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژیی کراوەتەوەو، تورکیای فاشست لەو ڕووەوە پێشەنگەو، هەر چۆن لە ڕابردوودا هەستان بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بە هەمان شێوەو بەبێ بەزەیی بە بەرچاوی عەلی قەرەداغی و ئیخوانچییەکانی مسوڵمان کەوتە کۆمەڵکوژی کوردان.

مێژووی ئیسلام و ڕۆژانە دەسەڵاتی خەلیفەکان، مێژوویەکی ڕەش وخوێناویەو ، کوشتن و خوێنرشتن بوو بۆ باوو، بەربەرەکانی و شەڕ لە نێوان خەلیفەکان زەرجار ڕویداوەو، هەر یەک هەوڵیداوە ئاوی تر لە دەسەڵات دوور بخاتەوەو، خۆی شوێنەکەی بگرێتەوەو، ئامانجی کۆنەپەرستان و ئیخوان ئەلموسلمین لە کوشتن و تیرۆری ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان یەکئەگرێتەوەو، هیچ کاتێك ڕۆزگرتن لە ئازادی و مافی مرۆڤ لەلای ئیخوانی الموسلمین بوونی نەبووە.

عەلی قەرەداغی ئەمینداری یەکێتیی جیهانی زانایانی موسڵمان و سەرکی ڕابیتەی ئیسلامی کورد، زەرجار باسی کوردو کوردایەتی ئەکات

بەڵام ئەم موسڵمانە لە کاتی هێرشی تورکیای رەگەزپەرست بۆ سەر عفرین بەناوی ئۆپەراسیۆنی چڵەزەیتون لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی هەڵوێستی خۆی ئاشکراکردو ڕایگەیاندو وتی : تورکیا مافی خۆیەتی سنووردارکان و خاکی خۆی بپارێزێت و، لە ئەنجامی ئەو هێرشە چەپەڵە سەدان هاوڵاتی سڤیلی بێ تاوان شەهید بوون، لەگەڵ ئاوارەبوونی هەزاران هاوڵاتی عەفرین بەرەو دەرەوەی شارەکەیان.

عەلی قەرەداغی، لەمیانەی بەشداری کردنی لە کۆبونەوەیەکی گەورەی سەدان کەس لە چەشن و ڕەنگی خۆی بە ناو"" زانایانی ئایینی ئیسلامی"" لەئیستانبول، بۆ پشتیوانی کردن لەتورکیاو تیرۆریست ڕەجەب تەیب ئەردگان، ڕایگەیاندو وتی : پیلانێکی گەورە دژ بە ئومەتی ئیسلام لەئارادایە و، پیلانەکە گەورەیە و دژ بەتورکیایەو ، لە ڕووی ئابووریی و سیاسییەوە گەورەیە و بە ناحەقییش ئەکرێت.

لە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیای فاشست لە شارو شارۆچکەو و گوندو دێهاتی باکووری کوردستان، بە بەشداری دەیان هەزار سەرباز، جەندەرمە، پۆلیس و جاش و، بە بەکارهێنانی هەموو جورە چەکێك: قورس، تۆپ، تانگ، هەلیکۆپتەرو فڕۆکەی جەنگی و، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای جەنگی مۆدێرن ، عەلی قەرەداغی چڵکاوخۆرو، گوتراوبێژی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی تیرۆریست وەك مەلایەکی تورکی دڕەش لاڵ و بێدەنگ بوو.

عەلی قەرەداغی ئەڵێت سێ شت حەرامە : خوێن و ماڵ و ناموس و، سەبارەت بە خوێن تورکیای ڕەگەزپەرست وەك ڕژێمەکەی سەدام حوسەینی دیکتاتۆر دەستێکی باڵای هەیە لە خوێنڕشتن و، ماڵ کاولکردن و، دزینی سامانی خەڵکی سڤیلی دەرکراو لە زێدی باوباپیرانیان و، ئاغاکانی سەروکی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان ئەوەندە چروك و بێ ئەخلاق بوون لە دێهاتی عەفرین مریشك و قەلیان دزی و، دەربارەی ناموس لە هەفتەی ڕابردوو، لە نزیک شاری عفرین فەرماندەیەکی گرووپێ ئیسلامییەکانی دەستی تورکیا لە لیوای سوڵتان سلێمان دەستدرێژی سێکسی کردە سەر ئافرەتێکی کوردو، قەرەداغی ورتەی لێوە نەهات.

عەلی قەرەداغی و ئیخوانەکانی کورد بیرو هۆشیان لای تیرۆریستەکانی حەماس و لیبیاو بەنگلادیشەو، قەت ڕۆژێك لە ڕۆژان باسی ئەو ستەمەی سپێنراوە بە سەر کورد ناکەن و، لەو کاتەی بەنگلادیش توندرە تیرۆریستەکانی لە سەدارەدا،
ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان وتی: پێویستە

گەمارۆ بخرێتە سەر بەنگلادیش و لەگەیدا پەیوەندیەکان بپچڕێنرێت و، وەك یەکێتی جیهانی زانایان داوا لە هەموو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو ئەکەین کە گەمارۆ بخەنە سەر بەنگلادیش و پەیوەندیەکان لەگەیدا بپچڕێنن.
بەزمی عەلی قەرەداغی زۆرەو، بە هەموو شێوەیەك داکۆکی لە تورکیای رەگەزپەرست و، تیرۆریست رەجەب تەیب ئەردۆگان ئەکات و، خۆ و سەرکەکەی یوسف قەرزاوی ئەوەندە بۆ ڕۆژن ناویان لە لیستی تیرۆریستانە لە سعودیە و میسرو ئیماراتی عەرەبی.

بە کورتی عەلی قەرەداغی وەك مۆلایەکی تورك مامۆستا ئەکات و، پێستەکەی لەخزمەتی دەوڵەتی تورکیادا بەکارئەهێنێت و، لەئاست تاوانەکانی دژ بەکوردانی باکوری کوردستان بێدەنگە.

ماویەتی
31/8/2018

سەرۆك کۆمار پشکی سەوزە یان زەردە؟ … ئەحمەد رەجەب

لە ساڵانی پێشوو پێستی سەرۆك کۆماری عێراق بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان (لیستی سەوز) بوو لە جەلال تالەبانییەوە دەستی پێکردو ئەم پێستە هەرچەندە پێستیکی (سیادییە) ۆ پشکی کوردە بەڵام هەمو لایەك ئەزانن پێستەکە (تەشریفاتیە) واتە دەسەڵاتەکانی دیارو سنووردارەو مام جەلال وەك کەسایەتییەکی سیاسی و نووسەرو ڕۆژنامەنووس و یاساناس بوو بە یەکەمین کورد پێستی سەرۆك کۆماری عێراق لە مۆژوودا وەربگرێت و ڕۆکی کاریگەری هەبوو لە پابەندبوون بە دەستوورو تەبایی نێوان حزبەکانی کوردستان و عێراق و پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی وڵات.
سەرۆك جەلال تالەبانی کاریگەریی گەورەی هەبوو، هەمیشە زامنی پاراستنی رەوشی عیراق و کوردستان بووەو، بە هۆ نەخشێیەکەی بۆشاییەکی گەورەی دروستکردو، پاشان فۆئاد مەعسوم بوو بە سەرۆك کۆمارو، ئەوەی مام جەلال کردی قەت لە توانای ئەمدا نەبووەو نییە.

کاتێك مام جەلال لە ژیاندا بوو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان (لیستی زەرد) هاوپەیمانییەکی بەناو ستراتیژی بەست و، هاوڕاتیانی کوردستان ئێستاشی لە گەڵدا بیت نەیانزانی و نازانن ئەو هاوپەیمانییە ستراتیژییە چییەو ناوەرۆکەکەی باس لە چی ئەکات و، زۆر جار بەپرسانی هەردوولا لە سەر هاوپەیمانییەکە گلەیی و ڕەخنەیان بووەو، هەر لە زاری خۆیان وتوویانە ئێمە پێکەوە زۆر دەسکەوتمان هەبووەو ، سەرکەوتن و پێشکەوتنی زۆر لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق و ناوچەکەو جیهان هاتووەتەدی و، لەوەشدا دەرئەکەوێ بە پشتبەستن بەو هاوپەیمانییە زۆر لە خواست و نهێنی و سامانی گەلی کوردستان و، کێشە ناوخۆییەکانی هەردولا (سەوزو زەرد) پەردەپێش کراون.

لە پاش هەڵپژاردنی 12 ی ئایاری ئەم ساڵ تا هنوکە (سەوزو زەرد) باس لە پێستی سەرێك کەمار ئەکەن و، لە کۆبرکیدان بۆ بەدەستهێنانی پێستەکەو، بازاری هەردوولا زۆر گەرمەو، یەکێتی خوازیارە بۆ جاری چوارەم پێستەکە پشکی ئەوان بێت، بەڵام پارتی سووڕە لە سەر ئەوەی پێستەکە بدرێت بەوان و، گەمەکە لە نێوان دکتۆر محەمەد سابیرو فازێ میرانیە و، ئەوەی جێی سەرسورمانە دوو کەسایەتی کورد شیعەیەك (دکتۆر کەمال عەزیز قەیتولی – مامۆستای زانکویە لە دهۆك) و، سوننەیەك (عومەر بەرزنجی – پایەزی عێراق لە فاتیکان) ڕایانگەیاندوە خۆیان ئەپاڵێون بۆ وەرگرتنی پێستەکە.

جێی دڵخۆشییە کەسانێك خۆیان بپاڵێون بۆ وەرگرتنی پێستی سەرێك کەمار، بەڵام ئەوان باش ئەزانن ئەوە قەت ڕووندات لە وڵاتێك دوور بێت لە دیموکراتییەت و، پر بێت لە مڵمشیاو چەکدارو ئەمە لەلایەك و، لە لایەکی ترەوە حزب و، دەستوەردانی ئەمریکاو وڵاتانی دەرەکی. زۆر کەس بۆ ئەو پێستە هەوڵئەدات، بەڵام لە لایەن حزبەکانی (سەوزو زەرد) قڕغ کراوەو براوەتەوەو، لە هەردولاش دەسەڵاتی بنەماڵە خۆسپێنەرە، لەلایەن بنەماڵەی بارزانی فازێ میرانی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان و، لە لایەن بنەماڵەی تاڵەبانی دوکتور محەمەد سابیر زاوای ابراهیم ئەحمەد دەستنیشانکراون بۆ وەرگرتنی پێستەکە.

یەکێتی و پارتی (سەوزو زەرد) خاوەنی زۆرترین (کورسی پەرلەمانن) ، مافی خۆیانە پێستەکە وەربگرن و، بەڵای هاوڕاتیانەوە گرنگ نییە کێ ئەبێت بە سەرێك، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن ئەتوانن خزمەتی گەلی کوردستان و، پرسە نەتەوایەتییەکان بکەن و، پێستەکە بۆ خزم و کەسوکار بەکار نەهێنن و، نموونەش لەم ڕووەوە زۆرە لە دوکتۆر فۆئاد مەعسوم کە لە دوای مام جەلالەوە هاتووە دەستپێئەکەن.

فوئاد مەعسوم كە دەستنیشانكرا بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك كۆمار یەكسەر بە بۆ یەك و دوو (جوانی) كچی بە راوێژكار بە بری ((تەنها 13 ملیۆن)) دینار دامەزراند، لە كاتێكدا لەلایەن لێژنەی دەستپاكی پەرلەمانەوە داواكراوە لە سەر گەندەڵی لە كاتێك وەزیری گەیاندنی عێراق بووەو، ئێستاش دوو موچە وەرئەگرێت، موچەی خانەنشینی (وەزیر) و ، موچەی راوێژكاری سەرۆك كۆمار.

كۆمپانیای (BMJ Industries) ئیماراتی كۆ كۆمپانیایەكی گوریی تایبەت بۆ توتن و جگەرەیە و خاوەنی چەندین براندی بازرگانییە، فوئاد مەعسوم سەرۆك كۆماری عێراق تەمەتبار ئەكات بووی كۆ پێستەكەی بەكارهێناوە بۆ بژێوەندی كۆمپانیایەكی عێراقی كۆ برازایەكی فوئاد مەعسوم و هاوسەرەكەی خاوەندارێتی دەكەن و، كۆمپانیاكە ناوی (خیرات المنافع) ە بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوە كۆ خاوەنەكەی (حەیدەر سەباح فەیلی) یە هاوسەری (نەورەز محەمەد مەعسوم) ەو، شایانی ئاماژەیە كومپانیاكە سكاڵای لە رەفتاری سەرۆك كوماری عێراق و، ئەندامی مەكتەبی سیاسی یەكێتی داوە بە مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتمانی كوردستان.
پێویستە سەرۆك كۆمار دوور بێت لە خێپەرستی و، كار كردن لە پێناو خزم و دەستانی و، هەروا نابێت بنە ماڵەو حزبەكانی سەوزو زەرد وەك ئێستا باوە، خەیان بخزیننە ناو سەرجەم جومگەكانی ژیانی سیاسی و حكومی و پەروەردەیی و ئابووری و رۆشنبیری و كۆمەڵایەتیی ئەوەش كارەكی قیزەوەن وناشیرینە.

27/8/2018

كەی بەرپرسان هۆشەكانی توركیا رۆسوا ئەكەن؟... ئەحمەد رەجەب

ماوەی چەندین ساڵە فرۆكە جەنگییەكانی توركیا رۆژانە بەچری ناوچە جیاجیاكانی باشوری كوردستان بۆردوومان ئەكەن، لە قەندیل و وەرتێ و سیدەكان و باڵاكایەتی و بەرواری بالا تا ئەگاتە گوندەكانی سەر بە قەزای ئامێدی و زاخۆ و شەنگال و، توركیای رەگەزپەرست بە

بەردوومانی فرەکە جەنگییەکانی نەوەستاوەو، تەپخانەکانی سوپاکەی کە زەر شۆنی لە خاکی باشوری کوردستانی داگیرکردووەو بە ئارەزووی خۆی ناوچەکانی کوردستان بە هەرەمەکی بەردوومان ئەکات.
لە ئەنجامی بەردومانی فرەکە جەنگییەکان و تەپخانەکانی سوپای تورکیاوە ژمارەیەك هاوڵاتی بوونە قوربانی و، ئەوەش دەراوکێی و ترسەکی زۆری لە نێو هاوڵاتیانی سڤیلی بەتاوانی ناوچەکە دروستکردووەو، هەر بەو هۆیەشەوە دانیشتوانی گوندەکان لە ماڵەکانی خۆیان دوورکەوتوونەتەوەو ناوچەکانیان چۆڵکردووەو، زیانێکی زۆر بەر باخ و رەزو دارو پووش و ئاژەڵ و ماڵ و سامانیان کەوتووە.

لە درێژەی تاوانەکانی تورکیای رەگەزپەرست و، هاوکات لەگەڵ یادی چوارساڵەی کۆمەکوژی سەدان ئێزیدی نیشتەجێی گوندی کۆچۆ لە شەنگال لە 15ی ئابی 2014 لەلایەن داعشەوە. ئێوارەی چوارشەممە 15-8-2018 لە قەزای شەنگال و، چەند ناوچەیەك لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە بۆردومان کران و، لەو رووداوەدا، فەرماندەی گشتی یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال (یەبەشە) ی نزیك لە پەکەکە { مام زەکی شەنگالی} ئەندامی کوردیناسیێنی کومەگەی ئێزدی کرایە ئامانج و، لە گەڵ ژمارەیەك شەرڤانان شەهید بوون.

لە 3/8/2014 چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) هێرشیانکردە سەر قەزای شنگال و، لەماوەیەکی کەمداو بەبێ بەرگری و هەڵاتنی فەرماندەکانی پێشمەرگەو ئاسایش و بەرپرسانی سەربازی و حزبییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و، بە ئاسانی داعش توانی شارەکەو دەورەوبەری کۆنترۆڵ بکاتو جگە لە شەهیدکردنی سەدان کۆو پیاوی ئێزیدی بێ هەزاران ژنو کچو منداڵیان بەرەو بارەگاکانی داعش لە موسڵ و رەققەو شوێنەکانی تری سوریا برد.

هەر لەدوای داگیرکردنی شەنگال مەسعود بارزانی (لەو کاتانەدا سەرۆکی هەریم) بوو رایگەیاند ئەو کەس و بەرپرسانەی ئەرکی پاراستنی شەنگالیان لە ئەستۆ بوو (هەموویان ناسراون) ، لە سەر کارەکانیان لا ئەبرێن و لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ ئەکرێت و، پەیوەست بەو کارەساتە، ژمارەیەك لەفەرماندە سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگەو، بەرپرسانی حزبیو حکومی قەزای شەنگال، لەلایەن دەسەڵاتدارێتی هەرێمی کوردستانەوە ڕوبەڕوی لێپرسینەوە کرانەوە بەتۆمەتی کەمتەرخەمی سەرباری و، چەندینجار بەڕێنی سزادانی تۆمەتبارانی کەوتنی شەنگال درا، بەڵام دەرەنجامی ئەو دۆسیەیە تا ئێستا ئاشکرا نییە و، وا چوار ساڵ بەسەر کارەساتی شنگال تێپەڕە ئەبێت و تائێستاش کۆمتەرخەمکانی ئەو کارەساتە نەدراونەتە

دادگـــاو، خەـــك و چـــالاکە مەدنییەکـــان داوای دادگـــایکردنی کەمتەرخەمەکان ئەکەن.

هەر بە بیرخستنەوە لە بەربەیانی رۆژی 25/4/2017 لە لایەن 26 فرۆکەی جەنگی تورکیای رەگەزپەرست بە چری بۆردومانی شنگال و دەوروبەریان کراو، بەو هێیەوە پێنج پێشمەرگەو شەڤانێك شەهیدو یانزە پێشمەرگەو سێ شەڤانی تریش، بریندار بوون، هەروا بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیاوە بە سەر ناوەندی گشتیی یەپەگە لە چیای قەرەچۆغ لە دهۆك، ٢٠ شەڤان شەهید بوون و ١٨ شەڤانی تریش بریندار بوون و، ئەو کارەی تورکیای رەگەزپەرستی خوێنرێژ دەست درێژیێ بە سەر سەروەری خاکی هەرێمی کوردستان بە گشتی و دەڤەری شنگال بە تایبەتی و دەستتێوەردانە لە کاروباری ناوخۆکی ترو ئەمەش پێشێل کردنێکی ئاشکرای یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانێ و، بەیە پێویستە هەموو خەڵکی بە شەرەف و مرۆڤدۆستانی ئازادیخوازی دونیا ئەو دەستدرێژییە بە سەر خاکی هەرێمی کوردستان ریسواو شەرمەزار بکەن و، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تا ئێستا ناتوانێت ئەو دەستدرێژییە ریسوا بکات، سنورکی بە دابنێت و، چیتر ڕێگە بە تورکیا نەدرێت بە ئارەزووی خۆی لە ناو باشوری کوردستان تێراتێن بکات.
لە دووا هێرشی ئاسمانی تورکیا بە سەر شەنگال { زەکی شەنگالی} لە گەڵ هاورێکانی شەهید کران و، دیارە ئەو کردەوەیەش بە پێی نەخشەیەکی گەلاوی گووماناوی دارێژراو بووە، وەك نەخشە دارێژراوە قیزوونەکەی داگیرکردنی شەنگال لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی بەدرەفتار (داعش) و، گومان ئەکرێت هێزێکی نزیك لە پارتی دیموکراتی کوردستان یان حکومەتی عێراق هاوکاریی تورکیایان کردبێت لەو هێرشداو، حکومەتی عێراق هاتەدەنگ و، ئەو تاوانەی ریسواکردو، وەزارەتی دەرەوەی عیراق بەیاننامەیەکی لەسەر بۆردومانکردنی قەزای شەنگال لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بڵاوکردەوە و تیایدا داوای لە تورکیا کردوە هێزەکانی لە خاکی عیراق بکشێنێتەوە، چونکە بەپێی بەیاننامەکە: ئەو پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانێ.

ئەوەی جێی سەرنج و ڕەخنەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا بەدەنگەوە، هیچ کاردانەوەیەکی نییەو، ئەمەش ئەوە ئەگەێنێت بەرپرسە باڵاکانی باشووری کوردستان ناوەرن بەرنگاری تورکیا ببنەوە، چونکە نزیکەی نیوەی خاکەکەی لەلایەن تورکیای رەگەزپەرست داگیرکراوەو، وناتوانن بڵێن: تورکیا بە دەرەوەو، لەرەدا پرسیار ئەوەیە : تا کەی بەدەنگ ئەبن؟ جەماوەرو گەلی کوردستان داوا ئەکەن: بەدەنگی

بشکۆنن.

21/8/2018

بۆ عەلی قەرەداغی شیوەن بۆ لیرەی تورکی ئەکات؟ ... ئەحمەد رەجەب

بە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکاو باج دانان لە سەر شیش و ئەلەمنیۆم لە لایەن ئەمریکاوە بەهای لیرەی تورکی دابەزیوەو تورکیا دووچاری قەیران بووەتەوەو ترسێکی گەورەیش لای وەبەرهێنەرەکان دروستبووە سەبارەت بە دەستوەردانی رەجەب تەیب ئەردۆگان لە ئابووری وڵات.
رژێمی تورکیای فاشیست لە سایەی ئیخوان ئەلموسلمین و حزبی دادو گەشەپێدان و سەرکە شۆڤەنیستەکەی رەجەب تەیب ئەردۆگان بە هیچ شێوەیەك لە کوشتنی ڕۆەکانی کوردستان دەستیان نەپاراستووە و، بۆ لە ناوبردن و نەمانی دانیشتوانی ئەم خاکە بە ئاشکرا هاوکاری چەتە ڕووڕەشەکانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی تیرۆریست (داعش) یان کردو، بوونە هۆی قرکردنی گەلی کوردستان.

تورکیا سیاسەتی ئاگرو ئاسنی لە باکووری کوردستان بۆکارهێناو، شارۆ کوردییەکانی خاپور کردو، هاوڵاتیانی کوردی ناچار کرد خاک و ماڵ و سامانیان بجێبهێڵن و، سەرگەردان ببن و، دەیان و سەدان و هەزاران کوردی سڤیل بگرن و بکوژن و، لە پاش هەگرتنی پارزبەندی لە سەر ئەندامانی حزبی گەلانی دیموکراتی { هەدەپە} ژمارەیەکی زۆر خرانە بەندیخانەکان و، پاشان ئەستاشی لە گەلدا بێت شاڵاویان هێنا بۆ باشووری کوردستان و، ڕۆژانە بۆ فرۆکەی جەنگی و بۆ تۆپ کاولی ئۆکۆن و، ئەمەش هیچ بڕپرسێکی بوڕمان نییە کردەوەکانی تورکیای ڕەگەزپەرست ریسوا بکات و، دیارە بەرپرسە باڵاکانی باشووری کوردستان ناوەرن بەرنگاری تورکیا ببنەوە، چونکە خاکەکەی لەلایەن ئەوانەوە داگیرکراوەو، و لە بەر بازرگانی نەوت و غاز وگیرفان پرکردن ناتوانن بە تورکیا بڵێن : بۆ دەرەوە.

تورکیا به داگیرکردنی خاکی وڵاتان و، هاوکاری دەوڵەتی چەپەڵی ئیسلامی (داعش) و تاقمی دژی ئەلنوسرە بووەتە هۆی ئاوارە بوونی سەدان هەزار هاوڵاتی سڤیل بەتایبەت لە سوریاو، ئەمەش لە گەڵ سزاکانی ئەمریکاوە بووەتە هۆی هەژانی لیرەی تورکی و دابەزینی بەهاکەی.
ساڵانێکە لە سەر بارودۆخی سوریا بە گشتی و، ئازادکرنی مەنبج بە تایبەتی و، سیاسەتە چەوتەکانی ئەردۆگانی شۆڤەنیست پەیوندییەکانی نێوان تورکیاو ئەمریکا تێکچووەو گرژی تێکەوتووە، ئەوەش شتێکی چاوەروانکراو بوو، لە سەر رەفتاری ئەردۆگان و، ئەمریکاش سزای ئابووری خستووەتە سەر تورکیاو، بۆیە بەهای لیرەی تورکی بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە بەرامبەر بە دۆلاری ئەمریکی و ، کاریگەری خراپی لە سەر ئابووری تورکیا دروستکردووە.

عەلی قەرەداغی ئەمینداری گشتی یەکێتی زانایانی موسڵمانی جیهان و سەروکی رابیتەی ئیسلامی کورد، لەبارەی قەیرانی دارایی تورکیا و دابەزینی بەهای لیرەی تورکی ئەڵێت : تورکیا رووبەرووی جەنگێکی ئابوری بووەتەوەو، داوایکرد وڵاتانی ئابووریی خۆیان بۆ رووبەرووبوونەوەی فشارەکانی ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوا یەکبخەن.
عەلی قەرەداغی لە نووسینیکدا ئەڵێت : بە پشتیوانی خوای گەورە ئابووری تورکیا بەهێز ئەبێتەوە و کۆتای بەم جەنگە بگەنە دێت کە بە هۆی دابەزینی بەهای لیرەی تورکی هەندێ وڵاتی خۆشحاڵ کردووەو، ئەم عەڵە قەرەداغییە لە پاش تەقینەوەکانی ئیستەنبول (29 یونی / حوزەیرانی 2016) داوای لەهاوڵاتیانی کوردستان کرد بۆ مەبەستی گۆشتوگوزار سەردانی وڵاتی تورکیا بکەن (بۆ خۆشی و رابواردن و مەی خواردنەوەو گەمەکردن لە گەڵ لەشفرۆشان) و هەموو ئەمانە لە پێناوی بووژاندنەوەی ئابووری تورکیاو وتی: تەقینەوەکانی فڕۆکەخانەی ئەتاتورك پێویست ناکات ببنە هۆی سارد بوونەوەتان و، ئەگەر ئەم عەلی قەرەداغییە چەکاوخۆری رژێمی شۆڤەنیستی تورکیا نییە، بۆ ئەو داوایە ئەخاتەروو، لەباتی هاندانی خەڵك بۆ نۆژو عیبادەت، هانی خەڵك ئەدات بۆ پۆخاوات و سیکس و (فاحیشە) کە سەرتاپای کۆمەڵگەی تورکیای داگیر کردووەو، کومەڵکەش بەو نەخۆشییانە ئەناڕەنێت.

عەلی قەرەداغی و ئوممەی ئیسلامی و زانایانی جیهانی ئیسلامی و گشت ئیخوانەکان یەك مەدلەن و چاویان هەموو شتێك ئەبڕنێت، تەنها گەلی کوردستان نەبێت، کە بە ئاگری رەجەب تەیب ئەردۆگانی تیرۆریست و ئاکپارتی دژو رژێمی تورکیای شۆڤەنیست ئەسووتێن و، چاوەکانی عەلی قەرەداغی لە ئاستی کوردستان داخراون و، کۆمەکوژی کوردان لە

جزیرەو سۆبی و سورو نسێبین و وان و شرناخ و ئامەدو مێردین و جۆمەرك و شەمزینان و هەکاری و گەڤەرو سیدەکان و قەندیل و ئامادی و ناوچەکاتی تر نابینێت.
رژێمی تورکیای رەگەزپەرست توانیویەتی هەندێ کەناڵ وژمارەیەك رۆژنامەنووس و حزب و سەرکردەی حزب، ئەوانەی لە سەر بیرو بۆچوونی ئیخوان ئەلموسلمین و حزبی دادو گەشەپێدان گۆشکراون لە باشووری کوردستان بکرێت و، شەو رۆژ لە خزمەتی ئاغا تۆرانییەکانیان بن و، ئەم رژێمە داپڵۆسێنەرە بە هیچ شێوەیەك لە کوشتنی ڕۆەکانی کوردستان دەست ناپارێزێت و، بێ لە ناوبردن و نەمانی دانیشتوانی ئەم خاکە بە ئاشکرا هاوکاری چەتە ڕووڕەشەکانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی تیرۆریست (داعش) و، تاقمی ئەلنوسرەیە کردو لە ئێستاشدا ئەیکات.

لە هەفتەی رابردوو دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کە یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمان مەکتەبی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونی عەلی قەرەداغی و سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوێ ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان و بەرپرسان ئەکاتەوە، بەم کارەش پێگەیەکی تری سیخوریی میتی تورکی لە کوردستان دەست بەکار ئەبێت.

ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە هەوڵستی بتەو بگرێتەبەر لە ئاست پاراستنی هاووڵاتیانی کوردستان و ئاسایشیان و، هەر لەرەوە داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەکرێت دەسیەی دەستدرێژییەکانی تورکیاو بەردومانکردنی خەڵکی سڤیلی بێ تاوان و، خاپور کردنی دێهات و، سوتاندنی پوش و دارستان وباخەکانی وڵاتەکەمان بگەیەنێتە نەتەوە یەکگرتووەکان و، بە فەرمی سکاڵا بەرامبەر بە تورکیای فاشیست تۆمار بکات و، هاوکات داوا لە پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئەکرێت هەوڵستی راشکاوانە بەرامبەر بەم تاوانانە دەربڕن و ریسوای بکەن کە بەرامبەر بە گەل و نیشتمان ئەکەن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەی تورکیاوە هەوڵستی بەرامبەر بە عەلی قەرەداغی زەر لاوازەو، پێویستە هەویستی توند بگرێتبەر بەرامبەری ، چونکە خەی بکورد ئەزانێت و لەولاشەوە بێ هەویستکانی پشتگیری لەدەوڵەتی تورکیا ئەکات و لەئاست تاوانکانی دژ بێ گەلی کوردستان بێدەنگە.

15/8/2018

پێش 53 ساڵ لەم ڕۆژەدا گیرام ... ئەحمەد رجەب

ئەم ڕووداوە لە دەربەندیخان بە ڕووداوی تانکەکە ناسراوە.

لە تەکشاندا لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی گەل و دواڕۆژکی پرشنگدار بۆ گەلانی ترو مرۆڤایەتی پشکەوتوخواز ژمارەیەکی زۆر خۆیان بەخت ئەکەن و ئەبنە قوربانی و شیوعییەکان و چەپەکان لەو بوارەدا ڕۆڵی سەرەکییان نواندووەو پێشەنگ بوون.
لە درێژەی کاروانی تەکشانداو، لە گەرمەی ئیشوکاری ڕێکخراویی حزبداو، لەم ڕۆژەدا پێش {53} ساڵ لە لایەن ئیستخباراتی کەتیبەی (32) ی سوپای عێراق بە هاوکاری بەریوبەرایەتی ئاسایشی دەربەندیخان و، لە ماڵی کەسایەتی نیشتمانی و شیوعی ناسراو تەکشەر { حسەن حاجی کەریمی زراب، بابی شەهید (ڕەفیق) لە دەربەندیخان گیرام.
لەو ڕۆژانەدا بەرپرسی ڕێکخراوی دەربەندیخان بووم و، ڕۆژکیان هاوڕێی تەکشەر عەبدوڵای مەلا فەرەج قەرەداغی { مەلا عەلی} نامەیەکی بۆ ناردم لە گەڵ پسووڵەی گواستنەوەی محەمەد ناوك (ڕەیس عورەفا) لە کەتیبەی (32) لە دەربەندیخان.

پسووڵە تایبەتییەکەی محەمەدم وەرگرت و، بەشیوەیەکی زیرەکانە چاومان بەیەکتر کەوت و، دیار بوو محەمەد زۆتە و وریایە، بۆیە پێش ئەوەی بیخەینە ناو ڕێکخراوی تایبەتی سەربازەکانی تر لە کەتیبەی 32 و بەتالیۆنی دەربەندیخان، داوای زانیاری زیاترم لە مەلا عەلی کرد.
دەربەندیخان بە هۆ بەنداوەکەو شاخە بەرزکانی لە ڕووی سەربازییەوە شوێنکی ئیستراتیجی گرنگ بوو، کەتیبەی 32 بە فەرماندەیی موقەدەم کەمال ئەحمەد ئەلراوی و، بەتالیۆنی دەربەندیخان بە فەرمانەیی جەمیل ئەلشێخلی تیادا جێگیر بوو بوون و، سەبارەت بە هاتنی محەمەد گوماناوی بوو، دڵنیا نەبووم بخرێتە ناو ڕێکخراوی سەربازەکان و، هەر لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخەدا لە ڕۆژی 7/8/1965 گیرام.

ئەمە وەك حزبی شیوعی عێراق لە چەند شۆڕشکی کوردستان لە شەرشی ئازادیخوازانەی کورد بەشدار بووین و، لقی {10} ی تەکۆشەر لە قەرەداغ بوو، نزیکترین هێزی پێشمەرگەی حزب بوو لە ناوچەکەدا، هاوڕێ مەلا عەلی بەرپرسی یەکەمی ڕێکخراوەکانی حزب و، هاوکات سەرلقی لقی {10} بوو.
لقی {10} وەك هێزکی پێشمەرگە پێویستی بە زێر شتومەك و کەرەستە هەبوو، وەك دووربین و تەقەمەنی و تفاقی سەربازی و، بۆ ئەو مەبەستە قسەمان لە گەڵ ڕەیس عورفا محەمەد کردو، ئامادەیی پێشاندا بەرامبەر نرخکی کەم و، لە کۆبوونەوەی داهاتوو لە بروارى 7/8/1965 هەندی شتومەکی هێناو، بە هاوری حسەین ڕەوانەی جییەکی ترمان کردو، بە هاوری حسەینم وت لە مامرستا غەریب حەمە سەعید ئەندامی لێژنە لە دەربەندیخان هەندێ پارە لە بری ئەو شتومەکانە بێنێت.

لە گەڵ دەرچوونی هاوری حسەین لە ماڵەوەو، لە پاش ماوەیەکی کورت هێزکی سوپاو ئەفسەرێك و، تاقمکی ئاسایش و مفەوەز غالب و، موختاری شار شیخ محەمەد مەلا قادر بانیخێڵانی هەیانکوتا سەر ماڵی هاورێی تەکۆشەرو، یەکسەر ئەفسەرەکە زلەیەکی کێشا بە بەناگێی ڕەیس عورەفا محەمەدو کەوتە لێدانی و، فەرمانیدا بە سەربازەکانی بە مردووی بێبەنەوە بۆ کەتێبە و، لە منی پرسی نەخشەی چیتان ئەکێشا؟ منیش وەڵامم نەدایەوەو، زانیم ڕەیس عورەفا محەمە توانی خۆ بخزێنەتە ناو ڕێکخراوی حزبمان و، ئەفسەرەکە کێشای بە سەرمداو پرسیارەکەی دووبارە کردەوە و، منیش زێر بە هێمنی وتم: من بەرەو ماڵەوە بۆ کەمپی خوار ئەڕێشتم و ئەو کابرایە کە لە گەڵ سەربازەکانت بۆ بارەگای کەتیبە ناردتەوە وتی: ئەمەوێ لەم ماڵە {بێستانەکەی تەکۆشەر حسەین} تەمانەو بامیەو سەوزە بکرم ئەتوانی یارمەتیم بدەی لە وەرگێران چونکە کوردی نازانم.

ئەفسەرەکە وتی: کوا ئەو شتومەکانە کە ڕەیس عورەفا محەمەد بۆتانی هێنا؟ و، بە سەربازەکانی وت: ماڵەکە ببشکێنن و، سەربازو موختارو ئەمنەکان کەوتنە بشکنین و ماڵەکەیان ژێروبان کردو تووشی شێك هاتن و هیچیان نەدۆزییەوەو، ئەفسەرەکە تووشی شەژان بوو و، داوای کەرەستەکانی ئەکرد بۆ ئەوەی بیگێڕێتەوە بۆ کەتیبە و، لە باوەڕدا نەبوو شتەکان بەو خڕایە گواسترا بێتەوە بۆ شۆڕشکی ترو، لەوێ (زانیم نەخشەی شانگەرییەکی کرچوکاڵیان دارشتەوە بۆ گرتنم و نهێنییەکانی حزب بدرکێنم) کاتێك زانی وەڵامم نییە کەوتە لێدانم و بە تووڕەییەوە بە تاقمەکەی وت: لێدەن و بیبەن بۆ ناو

ئۆتۆمبێلەکەو، لە ماڵی حاجی حسەێن هاتینە دەرەوەو، بە شەق و زللەو بۆکس بە تەنافەکانی گەرماوەکەی حاجی تالیب کۆکسی دەست و قاچەکانم بەستراندەوەو، بە راکێشان تا لای زیلەکە کە لە بەردەم یەکەمین مزگەوتی ئەوسای دەربەندیخان وەستا بوو بردمیان و، فرێیاندامە ناو زیلکەو دەم وچاوو رووەمتم سووتاو، لە بەر ئەوەی لەشم و قاچ و دەستەکانم بەستراباوونەوە نەمتواتی لە گەرمای پلێتی زیلەکە رزگارم بێت و، بەو شێوەیە تا کەتبە مامەوە.

لە کتیبە بردمیانە ژورەکەی فەرماندە ولەوی موقدەم کمال الراوی وتی: ئەمناسی؟ وتم: گرنگ نییە بتناسم یان نەتناسم بەڵام ئەمەوێت بزانم بۆ منتان گرتووە؟ فەرماندە پێکەنی و وتی: ئەگەر یارمەتیمان بدەیت و لە گەڵماندا راستگۆ بێت یەکسەر بەرەڵات ئەکەێن و، نەوەستاو پرسیاری کردو وتی: ئەندامانی رێکخراوی حزبەکەتان لەم شارە کێن؟ مەبەستم رێکخراوی حزبی شیوعی عێراقە؟ و، ئەندامانی هێزی عەسکەری کێن؟ پەیوەندی بە کێوە ئەکەێت؟ ناو بەرپرسەکەت چییە؟ ئەرکی هێزەکەتان لە ناو بزوتنەوەی ""یاخیبووی کورد چییە""؟ جموجۆ و چالاکی لقی {10} چییە؟ و، هەندی پرسیاری تریش و، لە وەڵامدا وتم: من بە ڕێی خۆم ئەڕێشتم لە پر ڕەیس عورەفایەکم دی و، وتی ئەتوانی یارمەتیم بدەی لە کرینی تەماتەوەوسەوزە بەڵام تۆ لە بارەی ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی عێراق پرسیار ئەکەێت ، من هیچ زانیارییەکم نییەو نازانم لقی {10} چییە.
موقەدەم کمال الراوی وەك گای تێر لە شۆنەکەی خۆ هەساو بە نەرم ونیان وتی: من ئازادت ئەکەم ئەگەر بڵێت: ئەو (ماڵە جێی خراپەکاریە) و، منیش یەکسەر تەقیمەوە وقیراندم و وتم: کمال الراوی ئەزانێت کام ئافرەت خراپکارو سووکە؟ جارێکی تر وەك شێت و بە تووڕەییەوە وتی: کێیە؟

منیش وەك لاوێکی خۆن گەرم و راشکاوانە وتم: ژنی ئەو ئەفسەرانەی کە دێنە کوردستان بۆ کوشتنی گەلێکی بێوەی، لەوێدا عروبەچی کمال الراوی خۆ پێنەگیراو، بە دەمانچەکەی هات بە سەروگوێلاکم و خۆن بە ناوچاوانمەوە هاتە خوارەوەو، بانگی ڕەیس عورفا محەمەدی کردو وتی : بیبەن بیکوژن و، هەر لەوێ بە لولەی تانکێك هەلیانواسیم و، بە شۆ بە سەرپەرشتی محەمەد کەوتنە لێدانم و، پاشان دەستمیان بە ئۆتۆمبێلك و قاچەکانم بە ئۆتۆمبێلێکی تر بەستەوەو بۆ ترساندنم، کراسەکەیان لە بەرم داکەندو، لە پاش لێدانم و بۆ پشوودان جگەرەکانیان لە سەر پشتم و جاروبار سێنگم دائەنا (باشترین تەپەك) یان دزێیەوە، لە پاش چەند ڕۆژێك ێیدانی وەحشیانە بە

رەتێکی عەسکەری (قافڵە) لە دەربەندیخان گواستمیانەوە بۆ جەلەولاو پاشان بۆ
سەربازگەی سەعەد لە باقوبە و بەغدا و کەرکوك و سلێمانی.
زیندانی سلێمانی لە چاو بەغداو کەرکوك وەك (بەهەشت) وابوو، لە سلێمانی ئاگادار کرامەوە لەگەڵ مام هوسەینی هەرێنی و حاجی محەمەدی کەریمی زێراب ئەدرێن بە دادگای عەسکەری و ، ئێمکانە من سزای لە سیدارەدان بدرێم ئەگەر بەڵگەیان دەسکەوێت کە من لە گەڵ حزبەکانی دژ بە رژێم هاوکار بم، بە هۆی شەرکردن لە گەڵ یەکێك لە سەرسەرییەکان بەناو (عمر بەهاو) و خاینێکی رووڕەش بۆ کەرکوك گواستمیانەوەو، زیندانی کەرکوك (تەویلەکە) بە پێی راپۆرتی ڤێتەنەری (بیطرە) دەستنادات وێاخ تیادا بژێ کە چی (600) کەسی تیا بوو.
کمال الراوی دەرکەوت سیخوری ئیسرائیلە لە تاقمەکەی یوسف زەخا، لە بەرەکانی شەر لە سوریا بە جلی خەو (پیجامە) هێنایانەوە بۆ بەغدا و ولە پاش سزادانی گوللە باران کراو، لاشەکەیان لە مەیدانی ئازادی (باب الشەرجی) لە ناوەراستی بەغدا هەڵواسی.
نەمری بۆ تێکۆشەر حسەێن حاجی کەرەم زێراب. سەربەرزی بۆ تێکۆشەری بۆ هاوتا رابیعە خان داێکی شەهید رەفیق.
مردن بۆ دوژمنانی شیوعییەت.

ئەم بابەتە بە عەرەبی لە 7/8/2005 بۆاو کراوەتەوەو، لە سەر ئەم لینکە:
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=42778

7/8/2018

باسی کام ئازادی ئەکەن؟ … ئەحمەد رەجەب

لە پاش راپەرینە شکۆدارەکەی ساڵی 1991 لە باشووری کوردستان حزبەکانی سەر گۆرەپانی خەبات و تێکۆشان دژ بە رژێمی دیکتاتۆر سەدام حسەێن وحزبی بەعسی عەرەبی لە شاخەوە خۆیان گەیاندە شارو

شارچکەکانی کوردستان و هەر زوو خۆیان کرد بە پێشەواو سەرکردەی راپەرینەکە وئەوەی شایانی ئاماژەیە رۆڵی درەوشاوەی حزبی شیوعی و پێشمەرگەکانی لەو راپەرینەدا دیارەو بە خوێن لە گەڵ خەڵکی بە شەرەف لە هەڵگیرسانی راپەرینەکە لە دەقەری رانیە کە بووە دەروازەی راپەرین بەشدار بوون.
لە گەڵ سەرکەوتنی راپەرینەکە ""حزبە گەورەکان"" پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی کوردستان شەقیان لە بەرەی کوردستانیدا، ئەو بەرەیە کە لە پاش شکستەکانی رۆژانی ئەنفالی بەدناو مۆریانکردو، داوای پشتگیریان لە جەماوەری کوردستان کرد بەڵام رۆژگار دەرخستی راستگۆ نەبوون و هەریەك بە دوای بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی کەوت و، بەبێ گوێدان بە حزبەکانی تر خۆیان کرد بە خاوەنی کوردستان.

هەردوو " زلهێزەکە " کەوتوونەتە لاف و گەزافی ئازادی وەك قەوان شەوو رۆژ لێیئەدەنەوەو باسی ئەکەن و، لە ناو ئەم درۆو دەلەسەیە بە بیانووی بێ مێژەتی کەناڵی { ئازادیان} داخست بێ کپکردنی دەنگی دڵڕو زوڵمی شیوعی و چەپەکانی کوردستان، وەك چۆن بە ئارەزوو بەبێ (موڵەت) پێڵێ ئەستێرەیان لەناو بردو، بە هوێ ئەو تاوانانە لە ناو گۆمەڵگا سەرشۆڕو ریسوا بوون و تا ئێستا بکوژەکانیان بە شەقامەکاندا سەربەستانە تەراتێن ئەکەن.
دوو زلهێزەکەو حکومەتە شکستخواردووەکەیان باسی کام ئازادی ئەکەن؟ ئازادی کوشتنی سۆرانی مامە حەمە، ئازادی کوشتنی سەردەشت عوسمان، ئازادی کوشتنی کاوە گەرمیانی، ئازادی لەناوبردنی رۆژنامەنووسانی بوێرو ئەکتیڤ و بەتواناو خاوەن قەڵەمەکان، ئازادی تیرۆرکردنی هاورییانی چەپ و شیوعی بە پێی یاساکانی دارستان و، بەوەش خەڵك چەواشە ئەکەن و، ئەڵێن: یاسا سەروەرە!!!!؟؟؟.

داخستنی کەناڵی { ئازادی } پەیوەست نییە بە نەبوونی مێژەتەوە، بەڵکو پابەندە بە لوتبەرزی بەشێك لە بەرپرسانی دەسەڵاتی شکستخواردوو، هەڕشکردنە بێ سەر ئازادی دەربرین و،سەرکوتکردنی ئازادیخوازان و سەرجەم هاوڵاتیان بێ ئەوەی چیتر بەرگری لە مافە رەواکانیان نەکەن و، دەست بێ گەندەڵی و دزییەکانیان نەبەن و، جێی ئاماژەیە ئەم کەناڵە چەندین جار هەوێداوە مێژەت وەربگرێت و، لە ساڵی 1992 وە ئەم کەناڵە لە کوردستان کار ئەکات و، نازانم کەناڵەکانی خۆیان کە بە پارەی هاوڵاتیان کار ئەکەن مێژەتیان هەیە؟ و، کێ موڵەتی پێداون؟.

باسی کام ئازادی ئەکەن؟ باسی کەناڵی ئازادی ئەکەن یان ئەو ئازادییەی درا بەو فەرماندەو بەرپرسانەی پارتی دیموکراتی

کوردستان که له شەنگال هەڵاتن و، بوونە هۆی شەهیدکردنی هەزاران کورو پیاوی ئێزدی و، بردنی هەزاران کچ و ژنی کوردی ئێزدی بە کەنیزەك بۆ موسڵ و سوریاو فرۆشتنیان لە بازارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی – داعشی – بۆگن ودێز.

ئازادی بۆ تاوانبارانی هەڵاتوو بەرپرس و فەرماندە گەورەکانی پارتی لە شەنگال : سەربەست باپیری، موسا گەردی، شیخ عەلێ، سەعید کیستەیی وژمارەیەکی تری ئەفسەری پلە بەرز، کە سەرجەم ئەو بەرپرسە سەربازی و حزبییانەی پارتی لەلایەن مەسرور بارزانی سەرپەرشتی ئەکران، ئەگەر ئازادی بۆ ئەو تاوانیارانە نییە، کوا بەڵێنەکانی مەسعود بارزانی کاتێ رایگەیاند: (ئەو کەس و بەرپرسانەی ئەرکی پاراستنی شەنگالیان لە ئەستۆ بوو لە سەر کارەکانیان لادەبرێن و لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ دەکرێت لە سەر کەمتەرخەمیان) ، بارزانی وتی: (دەبوو ئەو بەرپرسانە خۆیان فیدا بکردایە، نەك شەنگالیان بەجێهیشتایە).

باسی کام ئازادی ئەکەن؟ ئازادی کەناڵی ئازادی یان ئازادی بکوژەکەی بارزان رەشید بە هۆی هەڵکردنی فوللایت، کام ئازادی؟ ئازادی بۆ ئەفسەرە پیاو کوژەکە کە بە بەر چاوی خەڵك لە ترافیکلایتێکی هەولێر بە دەمانچە تەقەی کردو، کۆتایی بە ژیانی گەنجێکی بێتاوان هێناو، چونکە بکوژەکە خزمی ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتییە خۆ رادەستی دادگا نەکردو ئەڵێن : یاسا سەروەرە!.

باسی کام ئازادی ئەکەن؟، ئازادی رۆکەوتنی 50 ساڵەی هەرێم و تورکیا، ئەو رۆکەوتنە نهێنییە جێی گومانە، نە تەنها خەڵکی کوردستان بەڵکو پەرلەمانی کوردستانیش ئاگایان لەناورۆکەکەی نییەو، ئەو کەسانەی ئازادییان (پێ بەخشراوە) ئەڵێن: ئامانجی سەرەکی لەو رۆکەوتنە بتەوکردنی بواری بازرگانییە لە نێوان هەرێم و تورکیا، ئەگەر باسی ئازادی ئەکەن با سەرێك وەزیران وئاشتی هەورامی ناورۆکی رۆکەوتنەکە بۆ رای گشتی بڵاوبکەنەوە.
پارتی باسی کام ئازادی ئەکات؟ ئازادی بدرێت بە تورکیا بۆ داگیرکردن و قرکردنی کوردستان، ئازادی بەزاندنی سنووری کوردستان و، زیادکردنی موگەکانی تورکیا، ئازادییەك دەستی رژێمی رەگەزپەرستی تورکیا واڵا بکات بۆ توپبارانکردنی دێهات و شاخ و سامانی کوردستان، فرۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەر ئارەزوومەندانە بومبارانی هەموو شوێنێك بکەن و، خەڵکی سڤیل وبۆ تاوانی هەرێم بکوژن و، خوێنی شەهیدان بەفیڕۆ بروات و، سەبارەت بەم پرسە

پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی خۆیدا بڕیاری دەرکرد کە بارەگا سەربازییەکانی سوپای تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان دابخرێن، بەڵام ئەو بڕیارە هەرگیز نەخرایە بواری جێبەجێکردنەوەو، تورکیا لە کوردستان بێباکانەو بە ئازادی پەرە بەکارە گڕاوەکانی ئەدات.

کام ئازادی؟ تورکیا بە ئاشکەرا رۆژ لە دوای رۆژ هێزو تەقەمەنی وتفاقی شەرو چەکی قورس و مێدیرن و تانك و هەلیکۆپتر رەوانەی کوردستان ئەکات و، راشکاوانە و بێ شەرمانە بەرپرسانی تورك ئەڵێن نیازمان لێدان و داگیرکردنی قەندیلەو، ئازادانە بەرپرسانی پارتی پێشوازییان لە سوپای تورکیا کردو، لە مانگی رەمەزان خوانیان بێ ئامادە کردو، پێکەوەێ نانیان خوارد.
بارتی باسی کام ئازادی ئەکات؟ هەر لە دەکەوە تا ئەگاتە پیرمام و سەری رەش و ناوچەکانی تر بە کەسانی هەواڵگیری مێت تەنراوەو، مەبەستی سەرەکییان مەڵەتی هەناسە بە دانیشتوانی کوردستان نەدەن. بژی ئازادی، نا بێ داخستنی کەناڵی ئازادی.

28/7/2018

ئەرتەشی ئازاد یان ئەرتەشی تیرۆریست ؟... ئەحمەد رەجەب

بێ ئەو سایتە بەناو کوردییە کە شەوو رۆژ باسی " ئەرتەشی ئازاد" ئەکات.
هەر لە پاش راپەرینی گەلانی سوریا دژ بە رژێمی سەرکوتکەری بەشار ئەلئەسەدو حزبی بەعسی عەرەبی ئیسلامە توندرەوەکان بە یارمەتی و پاڵپشتی وڵاتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بەتایبەت تورکیا کەوتنەکار بێ گرینی ئاراستەی راپەرینەکە بێ جێبەجێکردنی خواست و مەرامە گڕاوەکانیان و بێ ئەو مەبەستەش وتیان ئەم راپەرینە دژ بەو گاورانەیە کە جەنگیان دژ بە خواو موسڵمانان راگەیاندووە.
بە هەوێ و کۆشش و پارەی هەندی لە وڵاتانی کەنداوو یارمەتی و پشتگیری راستەوخۆی تورکیا ژمارەیەك لە خەڵکی هەڵاتووی سوریا ئەنجومەنێکیان لە ژێر ناوی "" ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا ""

دروستکرد، بۆ ئەوەی ببێت بە نوێنەری راستەقینەی ئۆپۆزسیۆنی سوریاو، هەر لەوێدا دەسبەجێ و، لە ژێر چاودێری و فیتی تورکیادا ئاماژەیان بەوەدا کە ئامانجی سەرەکی و گرنگی ئەوان لە ئێستادا لەناوبردنی حکومەتی بەشار ئەلئەسەدو کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی حزبی بەعسی عەرەبی و، سەبارەت بە کێشەی کورد هیچیان باس نەکردو، وتیان ئەبێ سەرەتا کاری سەرەکی شۆڕش تەواو ببێ و دواتر لەسەر هەموو کێشەکانی سوریا بڕیاری کۆتایی ئەدەڕن.

وەاتە کێنەپەرستەکانی ناوچکە توانیان "" ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا"" دامەزرێنن و، هیوایان ئەوە بوو وەك نوێنەری خەڵکی سوریا لە رووی سیاسییەوە کارو چالاکی ئەنجامبدات و، بۆ ئەو مەبەستەش لە رووی ئابووری و راگەیاندنەوە پشتگیری لێ ئەکەن و، بە پێی توانا بە چەك و تەقەمەنی وتفاقی شەرکردن یارمەتی ئەدەن بۆ رووبەرووبوونەوە لە گەڵ حزبی بەعسی عەرەبی.
ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا لە ژێر چاودێری هەوأگیری < میت > ی تورکیادا سوپایەکی بەناوی ""سوپای ئازاد"" دامەزراندو، ئەو سوپایە لە ئەفسەرو سەربازو خەڵکی هەاتوو لە چنگی بەشارو حزبی بەعس پێکهاتبوو، هەر زوو بە هۆی دەستێوەردانی تاقمە رووڕەشەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی تیرۆریست بارودۆخی "سوپاکە" تێکچوو، بووە گۆڕەپانێکی گوومانلێ و، تاقمی ئیخوان ئەلموسلمین وچەتەکانی قاعیدەو ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکان بە ئاڕەزووی خۆیان لەو گۆڕەپانەدا تەراتێنیان ئەکرد.

لە پاش ماوەیەکی کورتدا لە دامەزراندنی ئەنجومەن و سوپاکەو، بە هۆی کێشەو گیروگرفتی نێوانیان لە سەر بەرێوەبەرایەتی و سەرکردایەتی و دەسەڵات، سەرانی رژێمی تورکیا بۆ هیوا بوون لە کارو هەڵسوکەوتیان چونکە ئەنجومەنەکە نەیتوانی کەنترۆڵی چەتەکانی "سوپای ئازاد" بکات و، هەروا دروست بوونی کێشەو ناکۆکی لە نێوان ڕێکخراوی ئیخوان ئەلموسلمین- هاوکاری یەکەمی تورکیا و لایەنەکانی ترو، ئەم ناکۆکییان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەڕەسەندندا بوون و، سەرەڕای ئەوەش دەستێوەردانی هەمیشەیی وەاتانی تر وەك فەرانساو عەرەبستانی سعودی و قەتەر.
لە گەڵ سەرهەڵدانی تاقمی خوێنڕژی داعش "سوپای ئازاد" گوروتینێکی بەخێوەوە دی و، لە ژێر شوێندا یەگتریان گرتەوەو، شان بەشان دژ بە نەیارەکانیان شەریانکردو، بە پێی نەخشەکانی تورکیا ئەجوانەوەو. لێرەدا ئەبێ ئاماژە بەوە بدەڕن کە تورکیا بە هاوکاری بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان و، حزبە کوردستانییەکانی سوریا توانی

ژمارەیەك كەس كۆبكاتەوەو، بە ""پێشمەرگەی ڕۆژئاوا"" ناویان ببات و، هەروا توانی لەگەڵ تاقمی "سوپای ئازاد" ڕێكیان بخات.
بە وتەی بەرپرسانی تورکیا زیاتر لە بیست هەزار چەکداری "سوپای ئازاد" لە گەڵ سوپای تورکیای ڕەگەزپەرست لە شەری ئیفرین بەشدار بوون و، ناویان وەك دزو بکوژ دەرکرد، لە بەر دزینی مریشك و قەل و قازی دیهاتە ویرانکراوەکانی کوردستان و، کوشتنی خەڵکی سڤیلی بێ تاوان و، بەو کارە قیزوەنە شوناسنامەی ڕووڕەشی خۆیان خستەروو.

لەم دووایەدا ڕێکخۆتنێك کراوە لە نێوان دەزگای هەواڵگری تورکیا < میت > و سەرکردەکانی "سوپای ئازاد" و، بەرپرسارانی حزبکانی ناو نەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریا (ئەنەکەسە) و، یاوەرەکانیان لە باشووری کوردستان بۆ هێرشکردنە سەر شاخی قەندیل و، هەر لە ئێستادا ئەبێ هەموو کوردانی خاوەن شەرەف و هەڵوێست بێنەدەنگ و، ئەو جۆرە کارانە ڕەسواو شەرمەزار بکەن. نەفرەت لە ئەرتەشی ئازاد، ئەرتەشی تیرۆریست.

17/7/2018

لە ژیانمدا ناتوانم دووڕووداوی ئازاربەخش لە بیربکەم … ئەحمەد ڕەجەب

لە مێژەوە حزبی شیوعی عێراق هەر لە سەرەتای ڕۆژمی پاشایەتی بۆگەنی بەکرێگیراوی وڵاتانی کۆلۆنیالیزمی بریتانیاو ئەمریکادا دووچاری شاڵاوی هێرش بووەتەوەو، هەروا ڕووبەڕووی هێرشی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان عێراق بووەتەوەو، لە هەموویان بێفەرو چەپەڵتر دیکتاتۆرییەتی سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبی درندە.
پیشەی ئەو ڕژێمە درندە سەرکوتکەرو خوێنمژانە ڕاونان و گرتنی شیوعییەکان و نیشتمانپەروەران بووەو، پاشان کەوتوونەتە گیانیان بە لێدان و ئازاردانی وەحشیانەو لە سێدارەدانیان و، شیوعییەکان پشکی گەورەیان بەر ئەکەوت و، لەم ڕووەوە پێشەنگن و، لە سێدارەدانی یوسف فەهدی قارەمان سکرتێرو دامەزرینەری حزب و، هاوڕیانی ئازاو

نەترس حازم و صارم دەستپێئەکات و، شاوی دژی دوژمنان درێژەی هەبوو، ئەم قارەمانانە بەرکەوتن و لە سەدارەدران: سەلام عادل سکرتێری حزب وهاوڕیانی سەرکردە: جمال حەیدەری، جڕج تەلێ، محەمەد صالح عەبەلی، محەمەد حوسەێن ئەبوالعیس، حەسەن عوێنە، هەمزە سەلمان، نافع یونس، مەهدی حەمید، مونزر ئەبوالعیس، جەلال ئەلئەوقاتی، فازل عباس ئەلمەهداوی، ماجد محەمەد ئەمین، وەصفی تاهیر، تەها شێخ ئەحمەد، سەتار خزەیر، عەلی حوسەێن بەرزنجی، مارف بەرزنجی، رەووف حاجی قادر، عادل سەلیم، کازم ئەجاسم و، ئەم لیستە زۆر درێژەو بە یەك نووسین کۆتایی نایەت و، چونکە هەزاران شیوعی و نیشتمانپەروەری تر لە سەدارەدراون.
لە بزوتنەوەی پێشمەرگایەتیدا حزب دیسانەوە تووشی شەر هات و بەرەنگاری رژێمی فاشسیستی سەدام حوسەێن و حزبی بەعسی عەرەبی بووەوە، لە گەرەپانی شەرکردن دژ بەو دوژمنانەو، لە پێناو رزگاربوون لەو بکوژەێ خوێنمژانە ژمارەیەکی زۆر شەهید خوێنی ئاڵی خۆیان بە گەل و نیشتمان پێشکەشکردو، لەوانە قارەمانان: نزار ناجی یوسف، سیدو خلو الیزیدی، عمیدەعەزبی حالوب، مولازم حەسان" مولازم بروا، مولازم سامی، مولازم حامد. مام کاوەیس، بەکر تەلانی، ئەحمەد حەساری، رەووف حاجی محەمەد{ جەوهەر}. مونالیزا ئەمین، عەلی عەبدوالکەریم {عەبیر}، صلاح حەسەن { مامێستا خالد}، رەسمییە جەبر {ام لێنا}، خەلیل رەزا کەبابچی، علی حاجی، مام رەسولە سوور، ئەبو ڤیان، ئەحمەدبازێکا، مامێستا ئەنوەر، ئەبو فوئاد، عەلی عەرەب و، لێستی شەهیدانی حزب و پێشمەرگەکانی زۆر درێژەو قەت بە پەرەیەك یان دوو لاپەرە کۆتایی نایەت و، ئەبێت بە چەند کتێبێك ناوەکان تۆمار بکرێن.
پێشمەرگەکان ساڵانە لە رۆژی دامەزراندنی حزبدا لە مەفرەزەو بارەگاکاندا ئاهەنگیان ئەگێرا، بەڵام لە ساڵانی 1986 و 1988 بە هۆی رووبەروو بوونەوەی دوو رووداوی ئازار بەخش نەیانتوانی ئاهەنگ بگێرن.

رووداوی یەکەم:

بارەگای مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوك و بارەگای بەتالیۆنی 9 ی سلێمانی لە گوندەکانی چەمەك و سپیار بوون و، تەنها 500 – 600 مەتر لە یەکەوە دوور بوون، پێشمەرگەکان چەندان ژووری جوانیان دروستکرد بوو، لە مانگی شوبات و، لە رۆژی 15/2/1986 دا، سوپای ئێران بە هێزکی گەورەوە لە ئوپراسیۆنی وەلفەجر 9 هێرشیان کردە سەر سەنگەرو مەڵگاکانی سوپای عێراق و، زۆر بە ئاسانی توانیان

دەستبگرن بە سەر گوندە چۆلکراوەکانی شارباژێرو قەزای چوارتاو، هەندێ شوێنی دیکەی نزیك بە شاری سلێمانی.
بارودۆخی ناوچەکە گۆراو، هاوری و پێشمەرگەکانی حزب لە گەڕەسەربازی ئێرانی تووشی کێشمەکێش ئەبوونەوەو، لە هەر جوڵەیەکدا داوای پسوڵەی هاتووچۆیان ئەکردو، لە کاتی ئاخافتندا پێشمەرگەکان ئەیانوت ئەمە خاکی خۆمانەو پێویست بە پسوڵە ناکات و، لە وڵامدا ئەیانوت ئەم خاکە، خاکی ئێسلامەو، لێرەوە ڕێگا ئەگرینەبەر بەرەو شاری کەربەلا ئەڕۆن، (لە شاری کەربەلا ئارامگای حەزرەتی حوسەێن و حەزرەتی عەباسی لێیە)..
لە ڕۆژێکی ساردی شارباژێردا ژمارەیەك ئەفسەرو سەرباز خۆیان کرد بە بارەگای حزبداو، داویان کرد ناوچەکە چۆڵ بکەن و، وتیان ئێوە ئەزانن ئەم ناوچەیە بە هۆی جەنگی عێراق و ئێران بووەتە ناوچەیەکی سەربازی و، ئێمەش گفتوگۆمان لە گەڵ ئەفسەرەکان کردو، ئەوان کەلەرەق بوون و، لە سەر داوەکانیان سوور بوون و، لە کۆتاییدا وتیان ئێرە ئەکەینە خەستەخانەی گەرەپانی شەرو، لە پاش کۆبوونەوەی بەرپرسانی مەبەندو و بەتالیۆن بریاردرا ئەم بارەگانە چۆڵ بکەن و، بە دووای شوێنی نوێ بگەڕێن و، لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو لە ڕۆژی دامەزراندنی حزبدا لە {31} ی ئازاردا لە بارەگاکان چوینە دەرەوە..

ڕووداوی دووەم:

لە مانگی ئازاردا سوپای ڕژێمی دیکتاتۆری جانەوەر دەستیکرد بە پرۆسەی ئەنفالی دژو چەپەڵی بەدناوی ئەنفالی (2) وهۆرشیان کردە سەر ناوچەی بورجی قەرەداغ، شایانی باسە هاوڕیانمان پێش هێزی حزبەکانی دیکە بەرنگاری هۆرشی دوژمن بوونەوەو، لە یەکەم ڕۆژدا قارەمان { بارام حەمە ڕەزاو لە 24/3/1988و، لە ڕۆژی دووەمدا شوان محەمەد ئیبراهیم – شوانی حەمە قتوو لە 25/3/1988} شەهید کران و، هەر لەم ڕۆژەدا هیزەکانی دوژمنی ترسنۆك بە هۆی هاوشتنی تۆپ ناوچەکەی ئاگر باران کردو پەرەی بە هۆرشەکانیداو، لە قۆڵی دەربەندیخانەوە هێزکی گەورەی ناردو پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی 7 ی هەورامانی حزبی شیوعی لە گەڵ هاوڕیانی بارەگای مەبەندی سلێمانی و کەرکوك شڕانە لە گەڵ هێزەکانی یەکێتی نێشتمانی کوردستان لە قەڵاقایمز بەرەنگاری بوونەوەو، هاوکات هێزەکانی حزبمان: بەتالیۆنی 7 ی هەورامان لە دژی شیوی قازی و، بەتالیۆنی 9 ی سلێمانی لە دژی کەسنەزان و، بەتالیۆنی 15 ی قەرەداغ لە کۆشکی خواروو مەبەندی سلێمانی و کەرکوك لە دژی ئەستۆی سەرو کەوتنە

خۆ ئامادە کردن و، لە کۆبوونەویەکی کورتدا بە بەشداری کادیری عەسکەری و سیاسی لە 30/3/1988 بریاردرا: ناردنی هەموو خۆزانەکان بۆ ناو شارەکان و، بە زووترین کات بریارەکە جێبەجێ بکرێت چونکە دوژمن بە نیازە دەستبگرێت بە سەر ناوچەکەداو، هەروا بە رێکەوتن لە گەڵ یەکێتی نیشتمانی { دوو هێزی سەرەکی گەرەپانەکە} ناوچەکە چۆڵ بکەن، ئەوە بوو لە 31 ی ئازاری 1988 دا { رۆژی دامەزراندی حزب} بەرەو گەرمیان کەوتینی ری و، ناوچەکەمان چۆڵ کرد..
پیرۆز بێ رۆژی 31 ی ئازار و، سەرشۆری و مردن بۆ دوژمنان.

للإطلاع بالعربية:
http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=511303&r=0&cid=0&u=&i=0&q
http://www.bahzani.net/services/forum/showthread.php?117782-
https://www.al-nnas.com/ARTICLE/ARjb/30k.htm

تورکیا بە پشتیوانی بارزانی و سوننە بەعسییەکان ئەچێتە شەرەوە … ئەحمەد رەجەب

هەواڵەکانی ناوخۆو جیهانییەکان باس لە نزیکبوونەوەی شەری موسڵ ئەکەن و عێراق داوا ئەکات تورکیا بگەڕێتەوەو، ئەمریکا هەوڵئەدات هەردوو وڵات لە سەر شەری موسڵ ڕێکبکەون و ڕۆژ لە خاکی عێراق بگەڕێت ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە تورکیا سووڕە لە سەر مانەوەو بەشداریکردن و، پشت بە مەسعود بارزانی وسوننە بەعسییەکان بە ناوی "" حەشدی نیشتمانی"" ویارمەتی عەرەبستانی سعودی و قەتەرو وڵاتانی کەنداو ئەبەستێت.
ئەمریکا سووڕە لە سەر دەستپێکردنی شەری موسڵ و، هەوڵئەدات جۆرێك لە تەبایی لە نێوان عێراق و تورکیاو، حەشدی شەعبی شیعەکان و، عەرەبە سوننە بەعسییەکان بێتە کایەوەو، ئەمریکا ئەیەوێت پێش ئەوەی بارك ئۆباما ماڵئاوایی لە کۆشکی سپی بکات، سەرکەوتن لە شەری موسڵدا بەدەبەنێت و، ئەوەش ئەبێتە هۆیەکی گرنگ بۆ سەرکەوتنی هێلاری کلینتۆن پاڵوراوی دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنی

چاوەڕوانکراوەکەی کۆتایی ئەمسال.
تورکیا وەك میراتگری دەوڵەتی عوسمانی هەر لە دروستبوونییەوە بە هەموو شێوەیەکی درندانە کەوتە گرتن و گوشتنی گەلان و، بە نموونە کوشتنی بە کومەڵ (جینۆسایدی) ئەرمەنەکان و، سەرکوتکردنی کوردو شۆرشەکانی، شۆرشی شیخ سەعیدی پیران و، شۆرشی ئاگریداغ و تاوانی کۆمەڵکوژی دەرسیم و، لە سەر هەمان سیاستدا هیچ رژێمێك لە رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بە ئەندازەی رژێمی تورکیای کەمالی خوێنڕژ هەوڵی پاکتاوی نەژادی کوردی نەداوەو، تەنانەت لە بەعسییەکان زیاترو زیاتر.
تورکیا لە دوای راپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان و، دروستبوونی هەرێمی کوردستان بە هەموو جۆرێك دژایەتی سیاسی و ئابوری هەرێمیان کردو، لە پاش روخانی رژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبی رووبکردە سیاسەتی دەستێوەردانی کوردستان و، پێش هەموو شتێك یارمەتیدانی تورکەکان و، کەمە کەمە خۆی لە بەرپرسانی هەرێم نزیککردەوەو، دەستی کرد بە ناردنی کەمپانیای بوارەکانی خزمەتگوزاری و بیناسازی و ڕێگاوبان.
تورکیا لە گەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان نزیکبووەوەو، بەڵام دەستیکرد بە ئۆپراسیۆنکی قیزەوەن و، سەربازەکانی سوپای تورکیا لە شارەکانی باکووری کوردستان سەدان گوندو دێهاتیان وێرانکردو، ئەو ئۆپراسیۆنە سەربازییەش بە بڕیاری دەیان هەزار سەرباز، جەندرمە، پۆلیس، ئاسایش و جاشەوان (جاش) و، بە بەکارهێنانی سەرجەم جۆرەکانی چەکی قورسەکان و تەکنەلۆژیای جەنگ و فڕۆکە جەنگیبەکان و هەلیکۆپتەرە سەربازییەکان و تانک و راکێت و تۆپەوە بووەوەچوو.
رژێمی تورکیا سوودی لە شەری نگریسی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان (پدك) و یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ینك) وەرگرت و، بە یارمەتیدان و پشتگیری پدك هێزی سوپای تورکیا سنوری هەرێمیان بەزاندو، لە پاش وەستانی شەرو، ڕکەوتنی واشنتۆن لە نێوان پدك و ینك سوپای تورکیا نەکشایەوەو، بە پێچەوانەوە بڕاوەی بە هێزەکانی کردو، لە چەندین شوێن، لە ئامێدی و بامەرانی و شوێنی دیکە جێگیربوون و، بەوەش نەوەستاوە بە تۆپ و فڕۆکەی جەنگی خاکی کوردستان لە قەندیل و زاخۆ ئامێدی و شوێنی دیکە ئەکوتێ و، ئەگەر شەری موسڵ دەستپێبکات، تورکیا لەشکر کێشی بە قووڵایی هەرێمی کوردستان ئەکات و، بە نیازە بگاتە ئاواتەکەی بە داگیرکردنی کەرکوك.
عەربستانی سعودی بە ئاشکراو، لە سەر زاری عادل ئەلجبیر وەزیری دەرەوە پشتیوانی لە هێزەکەی تورکیا لە باشیك ئەکات، چونکە

سیاسەتی عەرەبستانی سعودی لە گەڵ سیاسەتی تورکیا یەکئەگرتەوەو، هەردوو پەرشن و، گوایە رێگە نادەن دیمۆگرافیای موسڵ تێکبدرێت و، بەرامبەر بە ئاخافتنەکەی عادل الجبیر، وەزارەتی دەرەوی عێراق وەڵامیدایەوە کە حەشدی شەعبی رێیان هەبووە لە شەر دژی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و، لە شەری موسڵیشدا رێیان ئەبێت و، راشیگەیاندووە: ئاخافتنەکەی وەزیری دەرەوەی عەرەبستانی سعودی بێ نرخە.

تورکیا هەوڵئەدات بەشدری لە شەری مەسەدا بکات و، عێراق نایەوێت تورکیا بەشداری بکات و، رەنگە سەرتای شەڕکێ لێ نێوان هێزکانی حەشدی شەعبی شیعەکان و، هێزەکانی حەشدی بەناو نیشتمانی سوننەکان دروستبێت و، بەدوایدا وەك مەدەل و دیکەرەکەی راپەرینی خەڵکی سوریا، هەندەك گروپی جیهادیی ئیخوان ئەلموسلمین و، وهابی و سەلەفی کە لایەن تورکیا و عەربستانی سعودی و قەتەرەوە ئامادەکراون دەست بەسەر هەندەك ناوچەدا بگرن و، هێزێ شیعەکانیش دەستوەستان نابن و هەندەك ناوچەی دیکە کنترۆڵ ئەکەن.
زەربەی خەڵکی موسڵ عەرەبی سوننەن و، ژمارەیەکی زۆریش کوردی تیایەو، لە مێژەوە زۆران لە نێوان کوردو حکومەتی ناوەندی هەیەو، تورکیا پەیوەندی بتەوی لە گەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هەیەو، ئەیەوێت لەو سونگەیەوە دزە بکات و، بەشداری بێت لە شەری موسڵداو،. بگومان بێ تورکیا موسڵ تام و چێژی تایبەتی هەیەو، خوونکی عوسمانلییەو، دەمکە هەوڵئەدات بێ گەیشتن بەو ئاواتە.
دوور نییە لە پرسەی شەری موسڵ، شەرکی چاوەروانەکراو لە نێوان هێزەکانی تورکیاو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروست بێت و، ئەوەش سەرەرای پەیوەندی پتەو لە نێوانی بەرپرسانی هەردوولا هەیەو، ئەم هەنگاوەش لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتان بە تایبەت ئێران و ئەمریکا ناگونجێت و، سیاسەتی واشنتۆن پشتگیریکردنە لە کوردان و، لە بەر ئەم هۆیە شەری موسڵ دوائەکەوێت و، زەر ستم و سەختە بزانرێت دەسکەوتی تورکیا لە رووی سەربازییەوە چییە و، لەم کاتانەدا هێزە چەکدارەکانی عێراق ئامادەیە شارەکە ئازاد بکات و، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دووپاتی ئەکاتەوە کە بەغدا سەرکردایەتی هەمەتی ئازادکردنی شارەکە ئەکات و، بێ بەشداریکردن لەم هەمەتەدا سەدان راوێژکار لە ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوا هاتوون و، وایان داناوە پرسەکە کاتکی درێژی بوێت.
تورکیاو عەرەبستانی سعودی و قەتەرو هەندێ لە وڵاتانی کەنداو بە پێبشتی عەرەبە سوننە بەعسییەکان هەوڵ ئەدەن بەشداری بکەن لە شەری موسڵدا بە بیانووی پاراستنی دیموگراڤیای شاری موسڵ و،بەلام

لە راستیدا تورکیاو عەرەبستانی سعودی دەستیان بۆ ڕکخراوە تیرۆریستییەکان درێژ کردووەو، ئالوودەی دەستوەردانن لە وڵاتانی دیکەو، لە ئێستادا بۆ نموونە عەرەبستانی سعودی دەستی لە کاروباری یەمەن و بەحرین و عێراق و سوریاو لیبیاوتونس و وڵاتانی ئەفریقیا هەیەو، تورکیا و وڵاتانی کەنداو پێیان ناخۆش بوو، کاتێك شیعەکان توانیان چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە تکریت و ئەنبارو فەللوجەو گەیارە ڕاوبنێن و، ئەو ناوچانە پاك بکرێنەوەو، کورزی گەورە لە گروپە ئیسلامییە توندرەوەکان و تیرۆریستان بسرەوێنن.
ئەمریکا داوای لە تورکیاو عێراق کرد دان بەخۆیان بگرن و، قسەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و وڵامەکانی حەیدر ئەلعەبادی وەلابخەن و، بە دوای چارەسەر بگەڕێن و، بە پێی وتەبێژی وزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەموو ئەو هێزانە لە عێراقدا ئەبێت لە گەڵ حکومەتی عێراق ڕکبکەون و، هەموو لایەك هەوڵبدات دژی دوژمنی سەرەکی هاوبەش بێت کە داعشەو، وپێویستە ڕێز لە سەروەری عێراق بگیرێت.
بە هۆی مەکرو نازی تورکیاوە شەری موسڵ زۆر ئاڵۆز ئەبێت و، هەرەشە لە بەرژەوەندی ژمارەیەك لە وڵاتانی ناوچەکە ئەکات و، دوور نییە پرسەی ئازادکردنی شارەکە کە لە ژێر دەستی داعشدایەو، لەم ڕۆژانەدا دەستپێ ئەکات ببێتە هۆی ناکۆکی عێراق و ئێران و تورکیاو، بە پێی پسپۆرە سەربازییەکان تورکیا نیازی پرسەیەکی وەك داگیرکردنی جەرابلوسی سوریا هەیەو،پەرە بەداگیرکردنی خاکی عێراق بدات و، ئەو کارەش ئاسۆی پەیوەندییەکانی نیوان عێراق و تورکیا ڕوونتر ئەکاتەوە.
تورکیا واسەیری موسڵ ئەکات بەشێك بێت لە خاکی تورکیاو، کاتی خۆی ویلایەتی موسڵ، یەکێك بووە لە ویلاتەکانی ئیمبراتۆرییەتی عوسمانی و، لە ساڵی 1921 عێراق پەیدا بوو، موسڵ خرایە سەر عێراق و، لە ساڵی 1926 دانرا بە سنووری کۆتایی و، لەو کاتەوە تا ئێستا تورکیا هەوڵئەدات موسڵی بۆ بگەڕێتەوە وەك بەشێك لە خاکەکەی و، ئێستا تورکیا جێپێی لە خاکی عێراق قایم کردووەو، یەکینەی سەربازی هەیەو، سوننە عەرەبەکان هاوراو هاوجووتن لە گەیانداو، هەوڵئەدەن ببنە بەربەست لە بەرامبەر حەشدی شەعبی شیعەکان بۆ ئەوەی دەست بەسەر شاری موسڵ نەگرن و، بەرپرسانی تورکیا شەژاون و، ئەترسن بەغدا بە تەواوەتی دەست بەسەر موسڵ بگرێت و، هیزە سوننییەکان قاو بدەن و، ئەگەری پکدادان لە نێوان ئێران و تورکیا لە موسڵ ڕووبدات و، هەریەك لەو دووانە هەوڵ ئەدەن ئەم ناوچە ئیستراتیجییە کە بە نەوت دەوڵەمەندە بخاتە ژێر ڕکیفی خۆی.
بە پێی لێدوانی پارێزگاری پێشووی نەینەوا (موسڵ) ترسنۆکی هەڵاتوو ئەسیل نوجەیفی شەری موسڵ بەبێ تورکیا نابێت و، ناتوانرێت

پشتگیری تورکیا له شەری ئازادکردنی موسڵدا پشتگۆ بخرێت و، پەوایە حەشدی شەعبی شیعەکان رێگیان لە شەری موسڵدا نابێت و، رێگی سەرکی ئەمانەن: سوپای عێراق، پێشمەرگە و حەشدی ""نیشتمانی"" و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و، لەرەشدا ئەم ترسنۆکە لە باتی پێشمەرگە ئەڵێت کوردەکان.
ئەگەری ئەوە هەیە لە شەری موسڵ سوڵتان رەجەب تەیب ئەردۆگان بە سەرشاری بگەڕێتەوە بۆ تورکیا یان جۆمە بە هێزەکانی نەکات و، چاوەروانی دەرئەنجامەکانی شەرەکە بکات و، دەنگی ئەوە هەیە داعش بەبێ شەر لە موسڵ بچێتە دەرەوەو، ئەڵێن ئەمریکاو عەرەبستانی سعودی ڕێککەوتوون ڕێگا بەرەو سوریا لە رووی چەتەکان بکرێتەوەو، شەرەکە بگوازنەوە بۆ سوریا.
کورد هیوای بە هێزی پێشمەرگەیە ڕێگر بێت لە بەردەم هەوڵ و تەماحی تورکیاو، بە هیچ شێوەیەك نەهێڵێت تورکیا بۆ ناوچە کوردستانییەکان بکشێت و، تا توانایان هەیە پاڵپشتی هێزەکانی سوپای عێراق بن بۆ لەناوبردنی داعش.
ئەگەر تورکیا بەرەو دواوە نەکشێتەوەو ڕێگا خۆش ئەکات ئێران بە ئاشکرا بێتە ناو شەرەکەو، ئەو کات لافاوی خوێن هەڵئەچێ و بەرز ئەبێتەوە خەڵکی زۆری تیائەچێ و، لەوەش خراپتر ئەگەر حەشدی شەعبی شیعەکان بکەونە شەر لەگەڵ سوننەکانی حەشدی "" نیشتمانی"" و، کەس نازانێت ئاراستەکان بەرەو کوێ ئەچەن و، لەم دوو حەشدە کامیان سەرکەوتن وەدەسئەهێنێ و، براوە ئەبێت.

15/10/2016

تورکیاو یاوەرەکانی لە شەری موسڵدا … ئەحمەد رەجەب

لەم ڕۆژانەدا مقۆ مقۆیەکی خەست و سەخت لە نێوان ئەمریکاو تورکیاو یاوەرەکانی و عێراق و پێشمەرگەو حەشدی شەعبی لە ئارادایەو، هەر یەك لەوانە پلان و ئەجێندای تایبەتی خۆی هەیەو بە دوای بەرژەوەندییەکانیان ئەگەڕێن و، ئەمریکا بە قورسایی خۆی و هەموو تواناکانیەوە ئەیەوێت بە زووترین کات دەستبکرێت بە شەری موسڵ و،

دەربارەی بوونی تورکیا لە ناو خاکی عێراق بڕیت مەکگۆك نوێنەری سەرۆك باراك ئۆباما رایگەیاند، کە هەموو ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان لەناو خاکی عێراق بەهاماهەنگی سوپای عێراق ئەنجامئەدرێت، بەڵام ئەو هێزی تورکیا بەهەی ئەوەی لەچوارچێوەی هاوپەیمانی نەودەوڵەتی نییە، هیچ هەماهەنگییەکیشی لەگەڵ لایەنی عێراقی نەکردووە..

هێنەرمەندی عێراقی بەناوبانگ عەزیز عەلی بە (مەنەلێجیست) ناسراوەو، لە مەنەلێجەکدا ئەڵێت (بژی و ببینە) و، دیارە شەری موسڵ زۆر ئاڕاستەو، هەندێ لە یاریکەرەکان سەرکەش و گومران و، ناوونا تۆرەی جۆراوجۆرو ناشیرین ئەخەنە پاڵ یەکترو، لە لایەکەوە تورکیای شۆڤێنیستی داگیرکەرو یاوەرکانی لە عەرەبی سوونەنەو بەعسییە هەڕاتووەکان و ئیخوان ئەلموسلمین و، لە لایەکی تریشەوە حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی شیعەکان و، ئەوانەی پشتگیریان لێئەکەن.

شەر دەستیپێنەکردووەو کێشەی نێوان تورکیاو عێراق کەمە کەمە گەورە ئەبێت و، بابەتی سەرەکی بوونی هێزی سوپای تورکیاو ڕەجەب تەیب ئەردۆگانە لە سەر خاکی عێراق و، تورکیا ئەڵێت بە ئاگاداری عێراق هاتوومەتە بەعشیقە بۆ مەشقپێکردن بە پۆلیس و سوپای عێراق و، بەرپرسانی عێراقیش ئەڵێن بیانووەکانی تورکیا دووڕە لە ڕاستی و، تورکیا وەك خاوەن ماڵ ڕەفتارە ئەکات و، خۆی کردووەتە لایەکی سەرەکی و، ئەیەوێت سوننە عەرەبەکان و بەعسییە هەڕاتووەکان کە لە هەولێر نیشتەجێن و، چەکاوخۆرەکانی ئەنجومەنەکەی ئیستەنبوڵ پەلکێش بکات و، بچن بە گژ سوپای عێراق و حەشدی شەعبی شیعەکان و، جێی ئاماژەیە عێراق تورکیا بە داگیرکەر ناو ئەبات و، مەبەستی سەرەکی تورکیا داگیرکردنی ناوچەکانی تریەو، بە هیچ شێوەیەك دژایەتی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) ناکەن.

تورکیا لە هاتنی حەشدی شەعبی ئەترسێ و، لە هەمان کاتیشدا بە پشتبەستن بە سوپاکەی و، چەکاوخۆرەکانی ئەنجومەنەکەی ئیستەنبوڵ و "" سوپای ئازاد"" و سوننەکان وبەعسییەکان هەڕەشەی ئەوە ئەکات کە تەروو وشك ئەسوتێنی بە ناوی پارێزگاری لە خەڵکی موسڵ و، هەموو هەوڵێك ئەدەن خەڵکی دەڕەوەی شارەکە نەرواتە ناو شارو، گۆڕان بەسەر دیمۆگرافیای شارەکەدا نەهێنن.

بڕپرسانی باڵای سەربازی ئەمریکاو عێراقو هاوڕێمی کوردستان کەبوونەوەو، ئەمریکییەکان لەگەڵ بڕپرسانی عێراقی هاوڕابون لەسەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەك ڕێگەنەدرێت سوپای تورکیا لە شوێنی موسڵدا بەشداری بکات لە پێناو ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی دروست نەبێت، چونکە بەرپرسانی حەشدی شەعبی خۆیان ئامادە کردووە بچن بە گژ هێزی

سەربازی تورکیاو یاوەرەکانی و، تورکیا وەك داگیرکەر لە قەەم ئەدەن.
عێراق لە بەربەرەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) تووشی کێشەی زۆر بووەتەوەو، وڵاتانی دەوروبەری لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیانداوەو، لە کاتی ئازادکردنی شاری فەللوجەدا شەڕکی گەورە کەوتە نێوان حەشدی شەعبی و عەرەبستانی سعودییەو، ئەوەتا هێشتا شەری موسڵ بەرپا نەبووەو، شەرە قسەلە نێوان حەشدی شەعبی تورکیاوە دروست بووەو، ئەو لە کاتێکدایە عێراق داوای لە تورکیا نەکردووە هێز رەوانەی عێراق بکرێت و، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای لە وڵاتانی دراوسێی عێراق کردووە کە ڕێز لە (سەروەری و خاکی عێراق) بگرن و، تەنها عێراق بۆی هەیە ڕێی تورکیا لە شەری موسڵدا دیاری بکات.
وڵاتانی ئەورووپاو ناتۆو ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەڵسوکەوتی تورکیا رازی نین و، ئەڵێن هەر یارمەتیدانێکی حکومەتی عێراق ئەبێ لە گەڵ پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بگونجێت و، ئەبی تورکیا لە پێش هەرکارێك لەو جۆرە، هەوڵبدات ڕەزامەندی حکومەتی عێراق وەدەستبێنێت و، بڕێت مەکگڵك نوێنەری بارك ئۆبامای سەرکی ئەمریکا لەهاوپەیمانی نوودوڵتی دژی داعش ڕایگەیاند، سوپای تورکیا بێبە هەماهەنگی هاوپەیمانان لەناوچەی بەعشیقەی موسڵ جێگیرکراون.
دوور نییە بەهۆی بار گرژی لە نێوان عێراق و تورکیا شەری موسڵ دووابکەوێت و، ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو پێچوونە پشتراست ئەکەنەوەو، ئەگەر هەردوولا تورکیاو عێراق لە سەر شەری موسڵ کۆك نەبن، ئەگەری ئەوە هەیە شەری موسڵ گرێی زۆری تێبکەوێت و، نزیگ بوونەوەی تورکیا لە گەڵ عەرەبستانی سعودییە بارگرژی و ئاڵۆزییەکەی نێوان عێراق و تورکیا زیاتر ئەکات و، هەوڵستی سعودیە و تورکیا دژ بە حەشدی شەعبی ڕوون و ئاشکرایەو، ئەگەر حەشدی شەعبی وەڵامی ئەو دوو وڵاتە بداتەوە ئاگری شەرکی مەزهەبی بەرز ئەبێتەوەو کەنترۆکردنی کوژاندەوەی ئاسان نییەو، کەس نازانێت ڕووداوەکان بەرەو کوێ مل ئەنێن.
عەممار حەکیم سەرکی هاوپەیمانی نیشتمانی شیعەکانی عێراق هێشڵ لە تورکیا ئەکات بۆی تا سەر دان بخەیاندا ناگرنو هەرش ئەکاتە سەر سوپای تورکیا لەعێراق و، بزوتنەوەی نوجەباء کە باڵکی گرنگە لە ناو حەشدی شەعبی بە هێزەکانی تورکیا ئەڵێت وڵامدانەوەمان بەمەلەرزە لە ژێر پێتان دروست ئەکەین و، هەر لە سەر هەمان ئاوازو ڕیتمی باڵی نوجوباء، کتیبەکانی حزب اللە و، عەسائبی ئەهل ئەلحەق خەیان ئامادە کردووە بۆ وەڵامدانەوەی دەستدرێژی تورکیا لە خاکی

عێراقدا.
عەممار حەکیم، سەرکی گەورەترین هاوپەیمانی عێراقە لەمیانی وتارێك رایگەیاند عێراق بۆئاسانی پارێزگای نەینەوا نادات بەدەستەوەو ئەوانیش لەبەرانبەر سوپای تورکیا بەدەنگ نابن و، هەروا راگەیاند، ئەوان ئەیانەوێت پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ تورکیا هەبێت، بۆیە داوای کرد بۆ هەڵوەستانیاندا کە بەرانبەر بە عێراق هەیانە بچنەوەو، تورکیاش سوورە لەسەر نەکشانەوەی ئۆو هێزانەی کە لەو ناوچەیە جێگیرکردووە.
بە پێی سەرچاوەی حکومەتی عێراق ئەم لێدوانانە دژ بە بە حکومەتی تورکیا لە پاش کۆبوونەوەی هاوپەیمانی نیشتمانی و سەرکردەکانی حەشدی شەعبی و بەرپرسانی باڵیۆزخانە ئێران لە بەغدا سەریانهەڵداو، دووا تریش بەیننامەو رلگەیاندنی هەرەشە ئامێز دژ بە تورکیاو داگیرکردنی خاکی عێراق بەرز بووەوەو، هەر لەو بارەیەوەو، بە پێی سەرچاوەکان باڵوێزخانەی ئێران پەیوەندییان بە نووسینگەی سەرۆك وەزیران حەیدەر ئەلعەبادی کرد. .
پێنج فراکسیۆنی پەرلەمانی کوردستان : هەرێک لە فراکسیۆنکانی گۆران و یەکگرتی و کۆمەڵی ئیسلامی وحزبی شیوعی و بزوتنەوەی ئیسلامی ڕایانگەیاند، پێویستە کوردستان نەیکەینە بەشێك لە ململانێی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان و، شایانی باسە ئەو پێنج فراکسیۆنەی پەرلەمانی کوردستان بەبێ فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی ڕاگەیەندراوە هاوبەشەکەیان بڕیاوکردەوە و، داوایانکرد سوپای تورکیا بێ زوویی لە هەرێمی کوردستان بکشێتەوە و بوونی ئەو هێزانشیان بە نادەستوری و نایاسایی لەقەڵەمداوە.

10/10/2016

تورکیاو یاوەرەکانی لە شەری موسڵدا ئەحمەد رەجەب

لەم ڕۆژانەدا مقێ مقێیەکی خەست و سەخت لە نێوان ئەمریکاو تورکیاو یاوەرەکانی و عێراق و پێشمەرگەو حەشدی شەعبی لە ئارادایەو، هەر یەك لەوانە پلان و ئەجیندای تایبەتی خۆی هەیەو بە دوای

بەرژەوەندییەکانیان ئەگەڕن و، ئەمریکا بە قورسایی خۆی و هەموو تواناکانیەوە ئەیەوێت بە زووترین کات دەستبکرێت بە شەری موسڵ و، دەربارەی بوونی تورکیا لە ناو خاکی عێراق بڕێت مەگگ ك نوێنەری سەرۆك باراك ئۆباما رایگەیاند، کە هەموو ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان لەناو خاکی عێراق بەهەماهەنگی سوپای عێراق ئەنجامئەدرێت، بەڵام ئەو هێزی تورکیا بەهۆی ئەوەی لەچوارچێوەی هاوپەیمانی نەودەوڵەتی نییە، هیچ هەماهەنگییەکیشی لەگڵ لایەنی عێراقی نەکردووە..

هێنەرمەندی عێراقی بەناوبانگ عەزیز عەلی بە (مەنەلجیست) ناسراوەو، لە مەنەلجەکدا ئەڵێت (بژی و ببینە) و، دیارە شەری موسڵ زۆر ئاڵۆزەو، هەندێ لە یاریکەرەکان سەرکەش و گومران و، ناوونا تۆرەی جەراوجێرو ناشیرین ئەخەنە پاڵ یەکترو، لە لایەکەوە تورکیای شڤەنیستی داگیرکەرو یاوەرکانی لە عەرەبی سوونەو بەعسییە هەڕاتووەکان و ئیخوان ئەلموسلمین و، لە لایەکی تریشەوە حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی شیعەکان و، ئەوانەی پشتگیریان لێئەکەن.

شەر دەستیپێنەکردووەو کێشەی نێوان تورکیاو عێراق کەمە کەمە گەورە ئەبێت و، بابەتی سەرەکی بوونی هێزی سوپای تورکیاو ڕەجەب تەیب ئەردۆگانە لە سەر خاکی عێراق و، تورکیا ئەڵێت بە ئاگاداری عێراق هاتوومەتە بەعشیقە بۆ مەشقپێکردن بە پۆلیس و سوپای عێراق و، بەرپرسانی عێراقیش ئەڵێن بیانووەکانی تورکیا دووڕە لە ڕاستی و، تورکیا وەك خاوەن ماڵ ڕەفتارە ئەکات و، خۆی کردووەتە لایەکی سەرەکی و، ئەیەوێت سوننە عەرەبەکان و بەعسیە هەڕاتووەکان کە لە هەولێر نیشتەجێن و، چێکاوخێرەکانی ئەنجومەنەکەی ئیستەنبوڵ پەلکێش بکات و، بچن بە گژ سوپای عێراق و حەشدی شەعبی شیعەکان و، جێی ئاماژەیە عێراق تورکیا بە داگیرکەر ناو ئەبات و، مەبەستی سەرەکی تورکیا داگیرکردنی ناوچەکانی تریشەو، بە هیچ شێوەیەك دژایەتی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) ناکەن.

تورکیا لە هاتنی حەشدی شەعبی ئەترسێ و، لە هەمان کاتیشدا بە پشتبەستن بە سوپاکەی و، چێکاوخێرەکانی ئەنجومەنەکەی ئیستەنبوڵ و "" سوپای ئازاد"" و سوننەکان وبەعسییەکان هەڕەشەی ئەوە ئەکات کە تەروو وشك ئەسوتێنی بە ناوی پارێزگاری لە خەکی موسڵ و، هەموو هەوڵێك ئەدەن خەکی دەرەوەی شارەکە نەرواتە ناو شارو، گۆڕان بەسەر دیمۆگرافیای شارەکەدا نەهێنن.

بڕپرسانی باڵای سەربازی ئەمریکاو عێراقو هێرشی کوردستان کە بوونەوەو، ئەمریکییەکان لەگڵ بڕپرسانی عێراقی هاوڕابون لەسەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەك ڕێگەنەدرێت سوپای تورکیا لە شێی

موسڵدا بەشداری بکات لە پێناو ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی دروست نەبێت، چونکە بەرپرسانی حەشدی شەعبی خۆیان ئامادە کردووە بچن بە گژ هێزی سەربازی تورکیاو یاوەرەکانی و، تورکیا وەك داگیرکەر لە قەڵەم ئەدەن.

عێراق لە بەربەرەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) تووشی کێشەی زۆر بووەتەوەو، وڵاتانی دەوروبەری لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیانداوەو، لە کاتی ئازادکردنی شاری فەللوجەدا شەڕکی گەورە کەوتە نێوان حەشدی شەعبی و عەرەبستانی سعودییەو، ئەوەتا هێشتا شەری موسڵ بەرپا نەبووەو، شەرە قسەلە نێوان حەشدی شەعبی تورکیاوە دروست بووەو، ئەو لە کاتێکدایە عێراق داوای لە تورکیا نەکردووە هێز ڕەوانەی عێراق بکرێت و، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای لە وڵاتانی دراوسێی عێراق کردووە کە ڕێز لە (سەروەری و خاکی عێراق) بگرن و، تەنها عێراق بۆی هەیە ڕێی تورکیا لە شەری موسڵدا دیاری بکات.

وڵاتانی ئەورووپاو ناتۆو ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەڵسوکەوتی تورکیا رازی نین و، ئەڵێن هەر یارمەتیدانێکی حکومەتی عێراق ئەبێ لە گەڵ پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بگونجێت و، ئەبی تورکیا لە پێش هەرکارێك لەو جۆرە، هەوڵبدات ڕەزامەندی حکومەتی عێراق وەدەستبێنێت و، بڕێت مکگڵك نوێنەری باراك ئۆبامای سەرکی ئەمریکا لەهاوپەیمانی نوودوڵتی دژی داعش ڕایگەیاند، سوپای تورکیا بەبێ هەماهەنگی هاوپەیمانان لەناوچەی بەعشیقەی موسڵ جێگیرکراون.

دوور نییە بەهۆی بار گرژی لە نێوان عێراق و تورکیا شەری موسڵ دووابکەوێت و، ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو پێچوونە پشتراست ئەکەنەوەو، ئەگەر هەردوولا تورکیاو عێراق لە سەر شەری موسڵ کۆك نەبن، ئەگەری ئەوە هەیە شەری موسڵ گرێی زۆری تێبکەوێت و، نزیگ بوونەوەی تورکیا لە گەڵ عەرەبستانی سعودییە بارگرژی و ئاڵۆزییەکەی نێوان عێراق و تورکیا زیاتر ئەکات و، هەوڵستی سعودیە و تورکیا دژ بە حەشدی شەعبی ڕوون و ئاشکرایەو، ئەگەر حەشدی شەعبی وەڵامی ئەو دوو وڵاتە بداتەوە ئاگری شەرکی مەزهەبی بەرز ئەبێتەوەو کەنترۆڵکردنی کوژاندەوەی ئاسان نییەو، کەس نازانێت ڕووداوەکان بەرەو کوێ مل ئەنێن.

عەممار حەکیم سەرکی هاوپەیمانی نیشتمانی شیعەکانی عێراق هێشۆ لە تورکیا ئەکات بۆی تا سەر دان بخۆیاندا ناگرنو هەرش ئەکەنە سەر سوپای تورکیا لەعێراق و، بزوتنەوەی نوجەباء کە باڵکی گرنگە لە ناو حەشدی شەعبی بە هێزەکانی تورکیا ئەڵێت وڵامدانەوەمان بەمەلەرزە لە ژێر پێتان دروست ئەکەین و، هەر لە سەر هەمان ئاوازو

ریتمی باڵی نوجوباء، کتیبەکانی حزب اللە و، عەسائبی ئەهل ئەلحەق خۆیان ئامادە کردووە بۆ وەڵامدانەوەی دەستدرێژی تورکیا لە خاکی عێراقدا.
عەممار حەکیم، سەرکی گەورەترین هاوپەیمانی عێراقە لەمیانی وتارێك رایگەیاند عێراق بۆئاسانی پارێزگای نینەوا نادات بدەستێوەو ئەوانیش لەبەرانبەر سوپای تورکیا بدەنگ نابن و، هەروا راگەیاند، ئەوان ئەیانەوێت پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ تورکیا هەبێت، بۆیە داوای کرد بۆ هەڵوەستانیاندا کە بەرانبەر بە عێراق هەیانە بچنەوەو، تورکیاش سوورە لەسەر نکشانەوەی ئۆو هێزانەی کە لۆو ناوچەیە جێگیرکردووە.
بە پێی سەرچاوەی حکومەتی عێراق ئەم لێدوانانە دژ بە بە حکومەتی تورکیا لە پاش کۆبوونەوەی هاوپەیمانی نیشتمانی و سەرکردەکانی حەشدی شەعبی و بەرپرسانی باڵیۆزخانە ئێران لە بەغدا سەریانهەداو، دووا تریش بەیننامەو رلگەیاندنی هەرەشە ئامێز دژ بە تورکیاو داگیرکردنی خاکی عێراق بەرز بووەوەو، هەر لەو بارەیەوەو، بە پێی سەرچاوەکان باڵوێزخانەی ئێران پەیوەندییان بە نووسینگەی سەرۆك وەزیران حەیدەر ئەلعەبادی کرد. .
پێنج فراکسیۆنی پەرلەمانی کوردستان : هەرێك لە فراکسیۆنکانی گۆران و یەکگرتی و کۆمەڵی ئیسلامی وحزبی شیوعی و بزوتنەوەی ئیسلامی ڕایانگەیاند، پێویستە کوردستان نەیکەینە بەشێك لە ململانێی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان و، شایانی باسە ئەو پێنج فراکسیۆنەی پەرلەمانی کوردستان بەبێ فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی ڕاگەیەندراوە هاوبەشەکەیان بڕیاوکردەوە و، داوایانکرد سوپای تورکیا بێ زوویی لە هەرێمی کوردستان بکشێتەوە و بوونی ئۆو هێزانشیان بە نادەستوری و نایاسایی لەقەڵەمداوە.

10/10/2016

.

تیرۆریستانی ئیخوان ئەلموسلمین و کوشتن … ئەحمەد رەجەب

مــژووی ئیسلام و رۆژانــی دەســەڵاتی خەلیفەکــان، مۆژوویەکــی رەش وخوێناویەو ، کوشتن و خوێنرشتن بوو بە باوو، بەربەرەکانی و شەر لە نێوان خەلیفەکان زۆرجار رویداوەو، هەر یەك هەوێیداوە ئەوی تر لە دەسەڵات دوور بخاتەوەو، خۆی شوێنەکەی بگرێتەوەو، لە پاش کوشتنی خەلیفەکانی راشدی عوسمان بن عەفان و عەلی بن تاڵب و، کوشتنی ئیمام حوسەێن، ئەمەوییەکان بوونە خاوەن دەسەڵات و، لە پاش ئەوانیش عەباسییەکان و، ئینجا خەلافەتی عوسمانی درێژەی هەبوو تا پەیمانی سیڤەرو، هەر بە مۆرکردنی ئەو پەیمانە خەڵافەتەکان لەناوچوون و نەمان.
لەو ماوەیەدا لە هەڕەی وەرگرتنی دەسەڵات هەزاران هەزار کەس لەناوچوون و، لە ساڵی 1928 بە خەونی زیندیکردنەوەی خەلافەت حەسەن ئەلبەنا تووانی رێکخراوی ئیخوان ئەلموسلمین دامەزرێنێت و، لە رۆژەوە مۆژوویەکی دۆزی قیزەونی تۆمار کردووەو، تا ئێستا بەردەوامن لە سەرپەراندن و کوشتنی خەڵکی بێتاوان بە تایبەت نووسەرو رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و هەندێ سیاسەتمەدار.
کۆنەپەرستان و ئیخوان ئەلموسلمین ئامانجیان لە کوشتن و تیرۆری ڕۆژنامەنووسان و رۆشنبیران و ئازادیخوازان یەکئەگرێتەوەو، لە کوردستان بۆ شۆڕیکی زۆر دەندانێ و لە ژێر ئاشکەنجەدا ژمارەیەك لەو رۆژنامەنووس و رۆشنبیرانە تیرۆر کران: سەران مامە حەمە، سەردەشت عوسمان، عەبدولسەتار شەریف، بەکر عەلی، کاوە گەرمیانی و ودات حوسەێن.
لە عێراقداو بەبەرچاوی بەرپرساندا درندەکانی حزبی دەعوەی ئیسلامی و، ئەفسەرەکانی نوری ئەلمالکی بە دەمانچەی بێدەنگ { کامل شیاع } یان شەهید کرد. کامل شیاع ئەندامی پێشکەوتووی حزبی شیوعی عێراق و، نووسەرو لێکۆلەرو رەخنگری ناسراوو، راوێژکاری وەزارەتی رۆشنبیری عێراق بوو، هەروا هادی ئەلمەهدی رۆژنامەنووس و شانۆکاری ناسراوو دەرهێنری بەناوبانگ.
ئیخوانەکان مۆژوویەکی رەشیان لە کوشتن و خوێنرشتن هەیەو، ئامانجیان گەیشتنە بە دەسەڵات بە هەر نرخێك بێت و، بازرگانی بە ئاینەوە ئەکەن و، بە ئارەزووی خۆیان و، بە پێی بەرژەوندییان یاری بە وشەکانی ئاین ئەکەن و، ئەیانەوێت هەرچی رەواڵەتی نویکردنەوەو شارستانییە وردوخاشی بکەن.

ئیخوانەکان دەستیان خۆناویە بە کوشتنی ژمارەیەك خەڵکی ناودارو سیاستمەدارو ڕۆشنبیرو، یوسف قەرزاوی سەرکی بەناو (زانایانی موسڵمان) لە کوشتنی ئەلنقراشی پاشا خۆشخاڵی دەرئەبری و، بکوژەکە بە ئیمام ناو ئەبات و، بە شانوباڵی هەڵئەدات و، بە ئیمامی لاوان ناوزەدی ئەکات و، لێرەدا ئەم "زانایە" یوسف ئەلقەرەزاوی سەرکی یەکێتی زانایانی جیهان لە بیر چوو ئاینی ئیسلام لە گەڵ کوشتنی کەس نییە.

لە زەنجیرەی تاوانەکانی ئیخوانەکان کوشتنی ئەم کەسایەتییانە بەدی ئەکرین: محەمەد ماهر پاشاسەرۆك وزیرانی میسرو، ئەحمەد خەزنەدار (دادوەر) و، ئیمام یەحیا بن حەمید (حاکمی یەمەن) و، ئەلنقراشی پاشا سەرۆك وەزیران و، ئەندازیار سەید فایزو، سەدان هەزارتریش و، کەس ناتوانێت بیانژمێرێت.

ئیخوانەکان بەو هەموو کوشتنە کێیان نەداو ئەم تاوانانەشیان خستە سەر تاوانەکانی تریان و دەستیان کرد بە کوشتنی: دکتۆر پشکەوتنخواز فەرەج فۆدە، ناجی ئەلعەلی کاریکاریست، سەمیر قەسیر ڕۆژنامەنووس و بیرمەند، شیوعی بەناوبانگ حوسەین مرووە نووسەرو بیرمەند تەمەنی 77 ساڵ و لە سەر جێگا کوژرا، یوسف ئەلسوباعی ڕۆمان نووس، تاهر جاعوت ڕۆژنامەنووس ونووسەری جەزایری پشکەوتوو هتد...

ئیخوانەکان لە ڕێی دوو گەنجی ئیسلامی سەرلێشێواوی توندرەو ویستیان بە چەقۆ ئەدیبی ناسراوو ڕۆماننووسی کەم وێنە و برندەی خەڵاتی نۆبل نەجیب مەحفوز بکوژن، بەڵام بە چەقۆ ملیان بە سەختی بریندار کردو، وتیان لە ڕۆمانی { کورگەلی گەرەکەمان } قسەی بە (زاتی ئیلاهی) وتووەو، لە هەفتەی رابردوو هەمان ئەم قەوانەو سیناریۆیە لە ئەردەن لە بەردەم کۆشکی داد لە ناوەندی عەمانی پایتەخت لە لایەن ئیخوانێکی ئیسلامییەوە نێکرایەوە، کاتێك سێ گوللەی بە دەمانچە نا بەسەر شیوعی و چەپی ناوداری کریستیانی { ناهز حەتر} نووسەرو ڕۆژنامەنووس کاریکاریستی بە توانا، گوایە قسەی بە (زاتی ئیلاهی) وتووەو، شایانی ئاماژەیە بکوژە ئیسلامییەکە لەلایەن ئاسایش و پۆلیسەوە دەستگیر کرا.

تیرۆرکردنی ئەو کەمەڵە کەسایەتییە ناودارانە بە هۆی هەڵوێستی سیاسی و بیرکردنەوەو نووسین لە سەردەمی ئەنتەرنێت و فیسبوکەوە ڕووداوێکی ریسواویی و شەرمەزاریە بۆ دەسەڵاتدارانی داپۆسنەرو، ئیسلامییەکانی هەڵگری بیری بۆگەنی سەلەفی، وەهابی، دەعوەتی، جیهادی، ئیخوان ئەلموسلمین، دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، قاعیدە و بەرەی ئەلنوسرە ""فتح الشام"".

تیرۆرکردنی سێران و سەردەشت و کاوە گەرمیانی و کامل شیاع و هادی

ئەلمەهدی و ناهز حتر پەیەکی رەشە بەناوچەوانی دەسەات و ئەنجامدەرانی کارە تیرریستییەکان و، رووداوکی ئابرووبەرانەیە بۆ ئیسلامییەکان و، ئەو کەمەگانە کە توندرەوو تیرریستان لەخۆ ئەگرن.

2/10/2016

عەرەبستانی سعودی و خەونی سەربەخۆیی کوردستان … ئەحمەد رەجەب

لەم رۆژانەدا دوژمنایەتی لە نێوان دوو وڵاتی ئیسلامی گەورەو دەوڵەمەندو کەنەپەرست و دوواکەوتوو (ئێران و عەربستانی سعودییە) بە هۆی مەزهەب و دەمارگیری نەتەوەیی شیعەو سوننە گەیشتووەتە لوتکەو سەر ئێسقان و هەردوولا لە رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆن و سەتەلایت و هەموو بەشەکانی راگەیاندن و ماس میدیا هەرش ئەکەنە سەر یەکترو ئەوەی سەیرە لاف و گەزافی مرۆڤدۆستی و دیموکراسی لێئەدەن.
هەر لەم رۆژانەدا هەندێ کەس لەوانەی ماڵپەری کوردییان بۆ ئامادە کراوەو پارەی نووسین وەرئەگرن، خۆشحاڵن بە عەرەبستانی سعودییەو ، دەستوەردانی لە خاکی کوردستان و، بە پشتبەستن بە هاشەوهوشەی باڵیۆزو قونسۆ و راگەیاندنەکانی ئەو وڵاتە، دەستیانداوەتە نووسین و، بانگەشەی سەربەخۆیی کوردستان ئەکەن.
پێگەی عەرەبستانی سعودیێ لە ناوچەکەو جیهانیشدا زۆر گرنگەو، وڵاتێکی دووا‌کەوتوو داخراوەو، بەڵام بە هۆی نەوت فرۆشتن بووەتە وڵاتێکی دەوڵەمەندو پێگەی بەناوبانگە لە خەرجکردن وبەخشینی دۆلارو لە ئێستادا بۆ وڵاتانی شۆڤەنیست وتاقمە توندرەوو تیرریستەکان بۆ نموونە تورکیاو حەماس و دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و ئەحرار ئەلشام و بەرەی نوسرە (فتح الشام) و ئەنجومەنەکەی ئیستەنبوڵ و پشتریش بۆ تاقمی قاعیدەی خوێنرژو ئوسامە بن لادن و تالیبانی ئەفغانستان و بزوتنەوە ئیسلامییە رەنگاورەنگەکان سەلەفی و وهابی و جیهادی و هتد….

دزین وفرۆشتنی نەوت و گەندەڵی بنەماڵەی ئال سعود کە خۆیان کردووە بە خاوەنی گشت خاك و سەرمایەو نەوت و دەسەڵات و، هەرچی پێستی شایستە هەیە وەك : سەرۆك وەزیران و، وەزیری دەرەوەو ناوخۆو وبەرگری و، ئاژانسی ئەمن و ئاسایش لەو پەری گەندەڵیدایەو، زوربەی گەندەڵییەکان لە بواری نەوتدا بەدی ئەکرێن کە یەك لە سەر چواری نەوتی دونیایەو لە ژێر رکێفی بنە ماڵەی شا سەلمانی خەڵفاو نەزانە.
ئەتوانین بڵێن ئەم بنەماڵە گەندەڵە سەرپەرشتی کێگە نەوتییەکان ئەکات و، بووەتە پاسەوانی بەرژەوەندی ئابووری ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاواو، گەڵی عەرەبستانی سعودی لە ژێر ڕووەوە فەرامۆش کراوەو، نەوتەکەیان لە خزمەتی بۆگانەیەو بووەتە بەڵا بەسەریانەوە.
هەندێ لە نووسەران دەخشن کاتێك ڕاوێژکاری شای پێشووی سعودیێ (ئەنوەر عیشقی) باس لێ مافی سەربەخۆیی کوردستان ئەکات و، وەك ڕوونییەکی فڕێبازو لە ژێرلێوەوە ئەڵێت: پشتیوانی لەسەربەخۆیی کوردستان ئەکەین و، هەر زوو خۆی بەدرێ ئەخاتەوەو ئەڵێت : ئێمە لەسیاسەتی دەرەوە باس لێ یەکپارچەیی خاکی عێراق ئەکەین و، لێرەدا پێویستە ئەو نووسەرانە هەوەستەیەك بکەن و بزانن کە وڵاتکی عەرەبی کێنەپەرست وەك عەرەبستانی سعودی قەت لە گەڵ مافێکی ڕەوای گەلەمان یەکناگرنەوە.
عەرەبستانی سعودی لە ژێر دروشمی ئیسلام و، ئاڵای ئەڵلاهو ئەکبەر بزوتنەوە توندرەوەکان بۆاو ئەکاتەوەو، ڕەخنە لە هەوەستی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەگشتی و، ئەمریکا بە تایبەتی ئەگرێت و، لەم بارەیەوە هەڵاری کلێنتۆن پاڵەواوی دیموکراتەکان بێ سەرکایەتی ئەمریکا لە وتارێکدا وتی: کاتی ئەوە هاتووە بەر لە سعودییەکان و قەتەرییەکان و کوێتییەکان و، کەسانی تر لە وڵاتەکانیان بگرێت بێ ئەوەی چیتر پارە نەدەن بە ڕێکخراوەکانی تووندوتیژی و، پشتگیری لە قوتابخانەو مزگەوتەکانی تووندوتیژی نەکەن، کە پاێ بە ژمارەیەکی گەورەی گەنجان ئەدات لە سەر ڕێی تووندوتیژی لە جیهاندا خۆیان بنوێنن.
لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو عەرەبستانی سعودییە کەوتە یارمەتیدانی تووندرەوەکان دژ بە بیروباوەڕی جەمال عەبدولناصر و ئایدلوژیای سۆسیالیوم و شیوعییەت و، سعودییەکان وتوویانەو ئێستاش ئەیڵێنەوە: ئیسلامێتی ڕۆگایەکی بەسوودە گەر بتەوێت لە بوارێکی فراواندا بەکاری بێنێت و، لێرەدا شایانی باسە سەرکی ئەمریکا باراك ئۆباما لە چاوپێکەوتنکی ڕۆژنامەوانیدا ڕاشکاوانە وتی: عەرەبستانی سعودی بە ئاشکرا تووندوتیژی لە جیهاندا بۆاو ئەکاتەوەو، ڕووی ئیسلام ناشیرین ئەکات.
عەرەبستانی سعودییە بەوە ناوەستێت تەنها خەرجی تووندرەو

تیرۆریستان دابین بکات، بەکو ئەم بیرە توندرەوە (وهابییە) لە رۆی مزگەوت و قوتابخانەکانی جیهان بۆاو ئەکاتەوەو. بۆیە لاپەرەی وڵاتی عەرەبستانی سعودییە لە بواری مافەکانی مرۆڤ پرە لە کارەسات و، بۆ وێنەیە لە جیهاندا وەك: سەرپەراندن و، بۆبەشکردنی ئافرەتان لە هەموو مافەکانی.
لە رووی جوگرافیاوە عەرەبستانی سعودییە نزیکە لە تەنگەی هورمزو تەنگەی باب ئەلمەندەب و کەنالی سوئیس و، ئەم شوێنە زۆر گرنگە بۆ ئەمریکا کە هەمیشە لە هەوڵی زامنکردنی رۆگای گواستنەوەی نەوتەو ، لە ساڵانی پێشوودا رۆگابرین لەوەی بیرو نفوزی شیوعییەت پەرەبسێنێت و، هاوکات عەرەبستانی سعودییە بوو بوو بە بنکەیەکی ئابووری ئەمریکاو، شان بە شانی ئێران کە بنکەی سەربازی ئەمریکا بوو.
ئەو قۆناغە، قۆناغی ئاێتونی ئەمریکا بوو، چونکە عەرەبستانی سعودییە لە گەڵ ئێران هاوپەیمان بوون بۆ بەربەرەکانی شیوعییەت و، لە پاش شۆرشەکەی میسرو هاتنی جەمال عەبدولناصرو، بۆاوبوونەوەی بیری نەتەوایەتی عەرەب، میسر بوو بە رکابەری بەهێزی عەرەبستانی سعودییە.
سامر ئێلسەهبان باێیزی عەرەبستانی سعودییە لە عێراق لە چاوپکەوتنکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی الشرق الاوسط پشتگیریی تیرۆریستێ سعوودییێ زیندانیکراوەکانی ناو عێراقی کردو، داوای لە حکومەتی عێراق ئەکات ئەو تیرۆریستێ سعوودییانەی لە بەندیخانەکانی عێراقدان بۆ شوێنکی دادپەروەرانە دادگایی بکرێن و، هێروهها لە بەشکی تری گفتوگۆکیدا داوا ئەکات مافی مرۆڤ بۆ ئەو تیرۆریستێ زیندانیکراوانێ پارێزراو بێ.
ڕۆکخراوی هومان رایتس رەخنە لە دەسەاتی پیاوان بۆ سەر ژنان ئەگرێت و، تا ئێستا ژنان مافیان پارێزراونییە و، هیچ ژنك بەبێ فەرمانی پیاوەکەی ناتوانێت گەشتك بۆ دەرەوەی وڵات بکات یان لە جێگایەك ئیش بدۆزێتەو کار بکات و، ئافرەتك لە تەمەنی 62 ساڵ ئەێت هەست بە شەرمەزاری ئەکەم چونکە بەبێ مێەتی کورەکەم ناتوانم بچمە دەرەوە، من ئەوم گەورە کرد بەڵام ئەو خاوەنی منە.
ڕۆبازی عەرەبستانی سعودییە بە پێی "" دەستەی گەورە زانایان "" لە سەر شەریعەتی ئیسلامەو، هەموو مافکی دەستبەرکردووەوەو، بنچینەکانی دادپەروەری و ئازادییەکانی چەسپاندووەو، لەم رووەوە ئەمیندارێ گشتی دەستەی زانایان شیخ فەهد سەعد ئەلماجد ئەێت: شانشینی عەرەبستانی سعودییە وڵاتی هەردوو (حەرەمی شەریفە) و لانکی پەیام و دەستپکی ئیسلامەو مافی مرۆڤ و کەرامەتی ئەپارێزێت.
بۆ وەڵامی ئەو "" گەورە زانایانە "" درۆزنانە ڕۆکخراوەکانی مافی

مرۆڤ و ئەوانەی بەرگری لە ئازادییەکان ئەکەن ئەڕژێن: عەرەبستانی سعودییە پێشەنگە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان و، ئەمە راستییەکی حاشاهەڵنگرەو، هەر لە مژەوە لە ساڵی 1927 وە لە سەر دەستی شا عەبدولعەزیز تا ئێستا پەیرەو ئەکرێت و، ئەم وڵاتە خێی لە قەرەی 30 ملیۆن کەس ئەدات و، ساڵانە 600 ملیار دۆلار ئەچێتە سەر گەنجینەی وڵات، بەڵام خەڵکێکی زۆر هەژارو برسی بەدی ئەکرێن.
هیچ کاتێك شا بە تەنگی هاوڵاتیان نایەت و، تەنها بۆ بنەماڵە کار ئەکات و، هەرچەندە باس لە کۆمەڵگەیەکی دوور لە گەندەڵی و دەمارگیری ئەکرێت، بەڵام عەرەبستانی سعودییە بووەتە وڵاتێکی دوواکەوتوو، باری ئاسایشی بەرەو خەراپە مل ئەنێت و، تاقمێك خۆیان کردووە بە زاناو موفتی و، ئەم موفتییانە بە ئارەزووی شاو بنەماڵەی شا فتوای – دەستبرین و، چاو هەڵکێێن و دەرکردن و، لێدانی جەستە (هەر مرۆڤێك تاوانبار بکرێت) بە کردەوەیەك جەستەی ئەخەنە بەر لێدانی قایش و سوندە (ئەوەش موفتی بریار ئەدات چەند جەدەی لێ بدرێت).
بە پێی ڕێکخراوی فریدەم Freedom House کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە دەربارەی دیموکراتییەت و ئازادی سیاسی عەرەبستانی سعودییەو تورکیا لە ریزی خراپترین وڵاتانی جیهانن، لە پێشێلکردن و سەرکوتکردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و، کەس ناتوانێت دەنگ بەرز بکاتەوە یەکسەر ڕاپێچی ئەکەن ولە پاش سوکایەتی و لێدان تووری ئەدەنە زیندانەوە.
چالاکەوان و ئافرەتانی ئەکتیڤ لە بەرگری لە مافی ژنان، ئاماژە بەوە ئەکەن رژێمی عەرەبستانی سعودییە دوواکەوتووەو، ئافرەت هیچ ئازادییەکی نییەو، ئەم وڵاتە یەکەمێن وڵاتە ئافرەت بێی نییە ئۆتۆمبێل واژو بکات.
لەناو بنەماڵەی شا سەلمان باڵ باڵنەو زورانێك لە نێوانیاندا بەرپاوە ئەچێت و، ئەمریکا چاودێری ئەو بارودۆخە ئەکات و، وایداناوە بەم زووانە شازادە محەمەد سەلمان ئەبێتە شای عەرەبستانی سعودی چونکە شا سەلمان و، جێگرەکەی شازادە محەمەد نایف نەخۆشن و توانایان نەماوەو، بۆیە ئەمریکا بانگهێشتی محەمەد سەلمانیان کردو سەردانی ئەمریکای کرد لە پێناو ناسینی لە نزیکەوەو، وردەکاری و زانیاری لە سەر ژیانی.
لە ئایندەیەکی نزیکدا زۆرانی ئێران و شیعەکان و، عەرەبستانی سعودییەو سوننەکان ئەبێنن و، هەردوولا ئەیانەوێت لە کوردستان نزیك ببنەوەو، کوردستان ڕاپێچی جەنگ بکەن، بۆیە پێویستە ئێمەو، ئەو نووسەرە بەرزانە بانگەشەی سەربەخۆیی کوردستان ئەکەن لە گەڵ گەلە قارەمانەکەمان و پشمەرگە ئازاو خۆراگرەکانی سەنگەر دژ بە

دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) داوا بکەین لە ئاگری ئێران و عەرەبستانی سعودییە دوور بکەوینەوەو، قەت دڵخۆش نەبێن وەاتێکی کێنەپەرست و دوواکەوتوو سەربەخێیی بێنێتەدی.

28/9/2016

کێ جەنگی سێیەمی جیهانی هەئەگرسێنێت ؟؟؟ … ئەحمەد رەجەب

لەم رۆژانەدا بە گەرمی دەنگی ئاڵوزی و شەرو ئاژاوە لە نێوان سوننەو شیعە بەاو بووەتەوەو هەندێ وەات خێی کردووەتە پارێزو بە پێی لێدوان و راگەیاندنەکانی بەرپرسە باڵاو گەورەکانی ئەو وەاتانەێ ئامادەن هەموو توانایان بخەنەگەر بێ یارمەتیدانی هەوادارانیان و بێ نموونە ئێران و عەرەبستانی سعودی.
سوننەکانی عێراق لە گەێ شیعەکان ئاویان بە یەك جێگەلە ناروات و، هەموو کات دان لە یەکتر جیر ئەکەنەوەو، بار گرژی دروست ئەکەن و، ئەمە لەلایەك و لە لایکی ترەوە عەرەبستانی سعودییە ژمارەیەك لە وەاتانی سوننەی کەنداوی بەناوی بەرەی هاوپەیمان کێکردووەتەوەو، لە دژی حوسییە شیعەکانی یەمەن شەر ئەکەن و، بە شێوەیەکی ئاشکرا ئێران یارمەتی حوسییەکان و شیعەکانی وەاتانی کەنداو ئەدات و، هەردوو وەات ئێران و عەرەبستانی سعودییە نەیانشاردووەتەوەو، لە راگەیاندن و میدیاکان بە قسەی زبرو ناشیرین و جنێدان سەرو گوێلاکی یەکتر ئەشکێنن.
تورکیا زیاتر لە ساڵێکە شەرێکی خوێناوی بە نەخشەو پلانێکی دارێژراوی توکمە دژ بە کوردانی باکووری کوردستان هەێگیرساندووەو، سەدان هەزار کەس لە سڤیلی بێ دەسەاتێ دووچاری گرتن و زیندانیکردن و کوشتن بوونەتەوەو، لە سەر خاکی باوپاپیرانیان دەرکراون و، ماێ و سامانیان تاڵانکراوەو، وباخ و بێستان و رەزو دارستانەکانیان سووتێنراوەو، وئاوایی و گوندو شارەکانیان وێران کراوەو، تورکیا سەرەرای ئەو تاوانانە ئالوودەی دەستێوەردانی وەاتانەو، لە سالی

1974 وەاتی قوبرسی کرد بە دوولەت و داگیری کردو، لە کاتی راپەرینی گەلانی سوریا کەوتە هەوڵدان بۆ دەستوەردان و، هەرچەندە عەرەبستانی سعودییەوە قەتەر پارەیان بۆ رەجەب تەیب ئەردۆگان هەڕشت و، خەرجی داعش و هەموو تیرۆریستان و تووندرەوەکان مسۆگەر کرد، بەڵام تورکیا بۆی نەرەخسا بچێتە ناو خاکی سوریا تا ڕۆژی 24/8/2016 ، ئەوە بوو لەو ڕۆژەدا شاری جەرابلوسی داگیرکردو، ئەیەوێت هەرشەکەی پەرەپێبدات و بگاتە شاروچکەی باب و، هەوڵی ئەوە ئەدات کانتۆنەکانی کۆبانێ و عەفرین یەکنگرنەوە.
تورکیا وەك پیشەی کۆنی عوسمانییەکان حەزیان لە داگیرکردنی خاکی وڵاتانەو، هەر لەو سونگەیەوە سەرەراری ئەوەی تورکیا بەشێکی لە خاکی باشووری کوردستانی داگیرکردووەو، لە کۆتایی ساڵی 2015 سوپاکەی خاکی عێراقیان بەزاندو گەیشتنە شارۆچکەی بەعشیقە.
ئەوانە لە سەرەوە باسکران (وردەواڵەن) و، زەمینە خۆشکەرن بۆ بار گرژی و ناکۆکی وچاوەروانکردنی تەقینەوەو، ئەبنە دەسپێکی شەرێکی چاوەروان کراوو، کەمەکەمە پەرەئەسێنێت و، پرشی وڵاتانی تر ئەگرێتەوەو، ئەبنە هۆی بەشداریکردنی زلهێزەکان و، بەو شێوەیە جەنگی سێیەمی جیهانی دروست ئەبێت و، ئەو کات زۆر لە وڵاتان لەناو ئەچن و ناویان نامێنێت.
شەر زۆرە لە جیهاندا بۆ نموونە: ئیسرائیل و فەلەستین و سەرکە عەرەبە درێژنەکان، شەری ناوخۆی لوبنان، لیبیا، شەری سودان و دارفورو خواری سودان، شەری مەغریب و بیابانی ڕۆژئاوا، شەری عەشایرەکان زۆروزەبەندە، بوکە حەرام، قاعیدە، وەهابی، سەلەفی، دەوڵەتی ئسلامی (داعش)، شەری هیندستان و پاکستان.
مەترسی گەورە لە دروستکردنی جەنگێکی جیهانی بەندە بە وڵاتە زلهێزەکان بەتایبەت ئەمریکاو روسیاو، ئێستا بارودۆخی نێودەوڵەتی زۆر مەترسیدارە، چونکە ئەمریکا ئارەزووی نییە واز لە قۆرخکردنی جیهان بێنێت و، بەپێچەوانەوە ئەیەوێت هێزی چەکداری بەکاربهێنێت بۆ پاراستنی بوونی خۆی و، روسیا بە دانانی کەرەستەی بەرگری ئاسمانی زۆر هەستیار لە سوریا، ڕێگەی لە دووبارەکردنەوەی سیناریۆکەی لیبیا گرت.
شایانی ئاماژەیە سوپای روسیا لە کاتێك ئەمریکا پێش چەند ساڵێك پروپاگەندەی بۆ دانانی دامەزراوەی باڵی ڕاکێتەکانی لە ئەورۆپای ڕۆژهەڵات بۆاوئەکردووە گەیشتە ئەوەی، باشترین ڕێگا بۆ نەمانی مەترسی لەو ڕاکێتانە لێدانی پێشوەختە بە ڕاکێتی ئەسکەندەرو، لە ئێستادا ڕاکێتی کالیبەرە، ئەمە ئەگەر سەرکردایەتی روسیا بگاتە ئەوەی جەنگ بە (بێشك) ڕووئەدات.
لەناوبردنی بنکەکانی باڵی ڕاکیتەکان بە چەکی ئاسایی مەدرن و،

بەبێ ئەتۆم بەرگری لەوە ئەکات کە جەنگی ئەتۆمی لە گەڵ ئەمریکا دروست نەبێت، بەڵام ئەبێتە هۆی پێکدادان و شەر لە گەڵ ئەو وڵاتانە بنکەی سەربازی لێیە.
سەرکردایەتی روسیا ئەمەڕ ئەخاتەروو، ئەو بنکە نزیکانە کە ئەتوانێت راکێتی ئەتۆمی بهاوێت، بە شێوەیەکی مەترسیدار لە سنورەکانی روسیا، هەرەشەیەکی گەورەی مەترسیدارە لە سەر دەوڵەتی روسیا، بۆیە لەم حاڵەتەدا سەرکردایەتی ئەتوانێت چەکی ئەتۆمی بەکار بهێنێت، ئەوەش بەپێ بروای بەرگری نێ، تەنانەت ئەگەر دوژمن چەکی ئەتۆمی دژ بە روسیا بەکار نەهێنێت.
بەرامبەر بەم کارو بۆچوونە وڵامی ئەمریکا پربوو لە هیستیریاو، وایان دانابوو لایەنی روسی بەپێی ئەم حاڵەتە نێیە بەرەو دوواوە ئەکشێتەوە، بەڵام مۆسکۆ ئەو کردارەی پێ باش بوو، رادەی گرەوی بەرز کردەوەو، ئەوەشی لە سەر ئەمریکا فەرز کرد کە بریار بدات: بەردەوامبوونی مەترسییەکان لە گەڵ ئیمکانی هەڵگیرسانی ئاگرێکی ئەتۆمی بەرفراوان یان بەکارهێنانی عەقڵ و گەرانەوە لە بەرامبەری جیهان.
ئەمریکا مەیلی شەری هەیەو زۆریش ئەترسێت و،پەنا بێ هەندێ کردەوە ئەبات وەك ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بە کۆ دەنگ لە گەڵ پرۆژەی یاسای ""پشتگیری باری هەمنی و دیموکراسی"" لە ئێکراینا بوون و، لەو پرۆژەیەدا لیستێکی چەکی کوشندە هەیە کە ئەتوانرێت رەوانەی ئێکراینا بکرێت و، ئەو سزایانە لە سەر روسیا بەردەوام بێت.
شایانی ئاماژەپێدانە چاودێرە روسەکان جەخت لەوە ئەکەنەوە ئەم پرۆژە ئەمریکییە بەپێچەوانەی (رێکەوتنی مینسك) ە، سەبارەت بە ئێکراینا‌و، ئەبێتە هۆی پەرەپێدانی شەری چەکداری لە نێوان دەسەڵاتەکانی کۆڤ و، دەسەڵاتی خۆجێی لە ناوچەی دونباس و، هێنانی چەکی کوشندە بێ ئەم وڵاتە هەرەشەیە لە سەر ئاسایشی روسیا.
روسیا و فەرەنساو ئەڵمانیا پێخۆشحاڵن بە ئاگربەستی رۆژهەڵاتی ئێکراینا سەرەڕای ئامادەیی ئەمریکا بۆ جەنگ ئەمە لەلایەك و، لەلایەکی تەرەوە هەمەتی راگەیاندن و لادان و بەکارهێنانی دەستەواژەی نابەجێ درۆژەی هەیە بۆ چەواشەکردنی رای گشتی لە پێناو دۆزینەوەی بیانوو بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لە ناوچەو هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی ئێکراینا.
لە پاش دوو ساڵ لە هەموو هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ بەکار هێنانی دیکۆمینتەکانی ئێکراینا وەك قورسایی لە سەر روسیا بسوود بوون، بەڵام بە هاتنی جۆ بایدن جۆگری سەرۆکی ئەمریکا دەمی کردەوەو، دەسەڵاتدارانی کۆڤی کردە ئامانج و، بە ئاشکرا وریایانی کردەوەو،

ئاخافتنەکانی بەچاو سوورکردنەوە جێی شەرمەزاری و بێگەن بوون و، هاوکات هاندان بوون دژ بە روسیا.
هەر لە میانەی جەنگی سێیەمی جیهانی و، بەپێی ئاژانسی هەواڵی ناوەندی بێنگ یانگ { کوریای باکوور} هەرەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە سیێل (کوریای باشوور) و بنکەیەکی سەربازی ئەمریکا لە ئۆقیانۆسی ئارام ئەکات و، ئاژانسەکە لە بەیاننامەیەکدا ئاماژە بۆ کردەوە خراپکارەکانی ئەمریکاو کوریای باشوور ئەکات و، وایان لەو دوورگەیە کردووەو، لە حاڵەتێکدایە ناتوانرێت کەنترۆل بکرێت و، هەرەشەیە بۆ هەڵگیرسانی جەنگی ئەتۆمی و، ئاماژەش بەوە کراوە وەك سزایەك سەرە ئەتۆمییەکانی سوپای میللی کوریای باکور سیێل ئەکاتە خۆەمێش و، بەپێی سەرچاوەیەکی سوپای کوریای باکوور (بنکە سەربازییەکەی ئەمریکا) لە دورگەی گوام لە ئەقیانۆسی ئارام لە سەر زەوی نامێنێت، ئەگەر فڕۆکە ئیستراتیجییەکانی ئەمریکا لە سەر دورگەی کوریا هاتوچۆ بکەن و، لەو باریەوە وەزیری دەرەوەی کوریای باشوور یون بیونگ سۆ کوریای باکووری تاوانبار کرد بەوەی گاڵتە بە دەسەاتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەکات و، سەرانی کوریای باکوور گۆڵ لە کەس ناگرن و ، بەردەوامن لە سەر تاقیکردنەوەی راکیتە ئەتۆمییەکانی و، ئەبێت چاو بە ئەندامێتییەکەی لەو رێکخراوە بگیرێت و.هەر لەو بارەیەوە گۆڤاری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا (Foreign Affairs) لە وتارێکداپرسیاری ئەوە ئەکات ئەبێ چی بکرێت بۆ ئەوەی جەنکی ئەتۆمی لە گەڵ کوریای باکوور دوور بخرێتەوەو، کەم کەس مەزەنەی ئەوەیان کردووە لە ساڵی 2016 ئەم تاقیکردنەوەیانە بکرێن و، ئەمە جاری یەکەمەو، وێنەی نییە.
روسیا لە گەڵ ئەوە نییە چەکی ئەتۆمی کوریای باکوور بەپێ مەرج دامێنرێت و، مۆسکۆ پشتگیری ئەوە ئەکات گفتوگۆ لە گەل کوریای باکوور بەبێ مەرج بکرێت و، ئەوەی ئەمریکا داوای ئەکات جێی رەزامەندی مۆسکۆو کوریای باکوور نییەو، روسیا هەموو کات لە گەڵ چارەسەری ئاشتیانەیە، بەڵام ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە جۆهانێکی سەربەخۆ دامەزرێنێت و، کەس بەوە قایل نییەو، پێویستە ئەمریکا لە لوت بەرزی واز بێنێت و، تەنها ئەو نییە وڵاتان سەری بۆ دانوێنن.
قسەکەرێك بە ناوی وەزارەتی دەرەوەی کوریای باکوور وتی: ئەمە دژ بە بەیاننامەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتین و، بە هاندانی ئەمریکا نووسراوەتەوەو، ئەمە یاداشتیکمان پێشکەش کرد، بەڵام ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وەری نەگرت و، ئەوەش سیاسەتی دوو فاقەی ئەنجومەنەکەیە.
پێش ئەم کەین و بەینەیە هینری کیسنگەر (Henry Kissinger) سیاسەتمەدارو وەزیری کۆنی ئەمریکا لە شیکردنەوەیەك بۆ کەناڵی:

لێکۆڵینەوەی جیهانی- ناوەندی لێکۆڵینەوە – سەبارەت بە گلوبال (عەولەمە) وتی:
Global Research – Centre for Research on Globalization
دەنگی دەهۆڵی شەڕ دژ ئەوەی دەنگەکە نابیستێ کەڕە و، هەموو دەنگوباسەکان بۆنی شەری لێوە دێت و، جەنگی سێیەمی جیهانی ئەگەر هەڵسا مرۆڤایەتی تووشی شکستی گەورە ئەبێتەوەو، خەڵکێکی زۆر ئەبنە قوربانی.

26/9/2016